بیرەوەری

# لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم

## بیرەوەریی شاعیرێکی جەنگاوەری مارکسیست

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ناوی کتێب: لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم
ناوی نووسەر: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
جۆری کتێب: بیرەوەری
تایپ و پیت هەڵچنین: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
دزاینی ناوەوە: سلێمان قاسمیانی (کاکە)
دزاینی بەرگ : هونەرمەند سەردار عەبدوڵا
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە:

پێشکەشە بە ئێوە، کە دەتانەوێت ئەم بیرەوەرییانە بخوێننەوە!

## پێڕست


١-ئەم بیرەوەرییانەم بۆ نووسییەوە ٧
٢- گەڕانەوە بۆ پێش بوون ١١
٣- قوتابخانە و ئەزموونی خوێندن ٣٥
٤- کارکردن لە بەرایی تەمەنەوە ٦٧
٥- دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ نووسین ٩٥
٦- چوونە نێو جیهانی سیاسەتەوە و پەیوەستبوونم بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە ١١١
٧- چۆن سەنگەری مارکسم هەڵبژارد؟ ١٥٥
٨- حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چۆن پێکهات؟ ٢٠٣
٩- ڕاپەڕین و هەڵمژینی هەناسەی ئازادی ٢٤٣
١٠- هێرشی سەربازی بەعس و کۆڕەو ٢٦٥
١١- لەکاری نهێنییەوە بەرەو کاری جەماوەریی و ئاشکرا ٣٠٧
١٢- تاراوگە و ڕۆیشتن بەرەو چارەنووسی نادیار ٣٦٧
١٣- گیرسانەوە لە وڵاتی کەنەدا ٣٨١

# بۆ ئەم بیرەوەرییانەم نووسییەوە؟

نووسینی ئەم بیرەوەرییانە نە لەبەر ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا بەلێشاو نووسەران و سیاسەتمەداران بیرەوەرییەکانیان دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە، نە لەبەر ئەوەشە تەمەنم وا بەرەو هەڵکشان دەچێت کە ئێستا پەنجا و شەشساڵم، لەترسی مەرگ کەوتبێتمە پەلەپرووزە، بەڵکو ئامانجم دەرخستنی ئەزموونی ژیانی ئەدەبیی و هەڵسوڕانی حیزبیی و جەماوەریمە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە نیشاندانی قوناغێکی مێژوویی دیاریکراوە لە مێژووی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستان و هەروەها تیشک خستە سەر زەمینەی لەدایکبوون و گەشە و نمای کۆمەڵایەتی سیاسیی و ئابووری منی شاعیر و نووسەر کە ڕەنگە بایەخی تایبەتی هەبێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن نەک تەنها لە کەسێتی من، بەڵکو لە کار و کارلێکردنی من و تێگەیشتن لە جیهانی شیعریی و ئەدەبیی من، هەروەها لە بزووتنەوەی چینایەتی سیاسی لە کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا. ئێمە شاهیدی ئەوەین کە چۆن سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا کەوتنە نووسینەوەی مێژووی خۆیان بێئەوەی لاپەڕەیەکی ئەو مێژووە جێی شانازییان بێت، بینیمان کە چۆن ئەو مێژووە پڕە لە سووکایەتی بە ئینسانی کورد، پڕە لە پشتکردن لە ئینسانی زەحمەتکێشی کورد لەساتە هەرە هەستیارەکاندا. سەرباری هەر شاردنەوە و پەردەپۆشکردنێکیان، کەچی لەسەر دەستی چەند سیاسەتمەدار و نووسەرێک، زۆربەی ئەو کەلێن و پەنهانانە تیشکیان خراوەتە سەر و باسەکانیان دران بەگوێی کۆمەڵگەدا. لەهەمان کاتیشدا ئێمەی کۆمۆنیستیش خاوەن مێژوویەکی جیاواز لەو مێژووەی کوردایەتین، کە جگە لە شانازییەکەی، دەشمانهەوێت لەو گۆشە و کەلێن و پەنهانانە

بدوێن کەبوونەتە ئاوێنەیەک و ڕووخساری خۆمانییان تیا دەبینین و خاڵە درەوشاوە و لاوازەکان و ئاریشەکانی خەباتی ئێمە لە پەیوەند بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دژ بە بۆرژوازی تیایانادا جێگیرە. لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی کوردستان، کاتێک ئەم بیرەوەرییانە دەنووسم و بڵاودەکەمەوە، ئەو ئومێدەش لەدڵی خۆمدا دەچێنم کە ئەدیبانی تر و نووسەرانی تری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی کوردستان هەنگاوی لەم بابەتە هەڵبگرن و هەموو بە نیشاندانی ئەزموونمان بتوانین لایەک لەو مێژووە دەربخەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کارەکتەرێکی چالاکی ناو لاپەڕەکانی ئەو مێژووە پڕ کێشمەکێشە بووین. هەرچەندە سروشتی ئەم کتێبە بیرەوەرییە نەک هەڵسەنگاندن یان توێژینەوەی مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەپێی توانا و دەرفەت هەوڵمداوە ڕەخنەکانی خۆشم بخەمە بەرچاو و ئەگەر بکرێت هەڵسەنگاندنی کورتیش بۆ کێشەکان بکەم. من زیاتر لە نۆ مانگ خەریکی نووسینی ئەم یادەوەرییانە بووم و لەو ماوەیەدا بە گەلێ کووچە و کۆڵانی نێو تەمەنم گوزەرم کردووە و لام لە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبیم کردۆتەوە. ئەشزانم ئەمە هەموو شتێک نییە و لانی کەم هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی ماون و ڕاگوزەرانە بەسەرم کردوونەتەوە، گەرچی ڕۆژگارێک ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی سیاسی مندا گێڕاوە، بەڵام بەهۆی هەندێ ئیلتزاماتی کۆمەڵایەتییەوە، بەپێویستم نەزانیون لەسەریان بوەستم. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەم کتێبە (لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەروانم..بیرەوەریی شاعیرێکی جەنگاوەری مارکسیست)، واتا ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئەدەبیی من و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە کوردستان، کە خوێنەر و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان زانیاری پێویستییان لەبارەوە نییە. هەوڵیشم داوە کۆمەڵێک وێنە لە کتێبەکەدا دابنێم، کە پێم وایە بایەخی سیاسیی و ئەدەبیی خۆیان هەیە. ئەمە جگە لە کۆمەڵێ پەراوێز بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری خوێنەر.

دواجار شێوازی نووسینەوەی ئەم کتێبە سەرەتا بە جۆرێک بوو کە هەندێکجار ڕۆژانە و هەندێکجاری تریش دوو سێ ڕۆژ جارێک ڕاستەوخۆ لە ئەژماری تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەمنووسی و بڵاوم دەکردەوە. بەڵام دواتر پیایدا چوومەوە بەم شێوەیەم لێکرد کە ئێستا لەبەردەستتاندایە. لێرەشدا بەپێویستی ئەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە بە کۆمێنت و ڕاو و بۆچوون و سەرنجەکانیان، کۆمەکییان کردووم و وەڵامی پرسیارەکانیان داومەوە، بەتایبەتیش هاوڕێیان دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و گۆران عەبدوڵا و سەردار بابان. هەروەها سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاوڕێی کاریکاتێریست سەردار عەبدوڵا کە هەڵسا بە دزاینی بەرگی ئەم کتێبە. لەکۆتایشدا زۆر سوپاسی هاوڕێی شاعیر و نووسەرم سلێمانی قاسمیانی (کاکە) دەکەم، کە بەوردی بە کتێبەکەدا چۆوە و بە گەلێ سەرنجی ورد و بە سوود، کتێبەکەی پاراوتر کرد، ئەمە جگە لە مۆنتاژ و دزاینی کتێبەکە. ئەم سەپۆرت و کۆمەکییانەی هاوڕێیان بەگشتی و هاوڕێ سلێمان قاسمیانی بە تایبەتی نەبوونایە، ئەم کتێبە بەم کواڵێتییە نەدەگەیشتە دەست ئێوەی هێژا. بەو ئومێدەی ئەم کتێبەم ئامانجی خۆی بپێکێت.

ئیتر سەرکەوتنی ئێوە و خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ سۆشیالیزم، بە ئاوات دەخوازم.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
کەنەدا ٢٠٢٠

# گەڕانەوە بۆ پێش بوون

گوێگرتن لە بەسەرهات و حیکایەتەکانی باوکێک کە سەرتاپای تەمەنی بریتی بووبێت لە کارکردن و ڕەنجکێشان لەپێناو ماڵ و منداڵ و پێگەیاندنیان، تام و چێژی خۆی هەیە. باوکم هەرکات ئێواران بەدەم چا خواردنەوەوە، ئارەزووی قسەوباسی هەبووایە و منیش دەمزانی چ کاتێک گونجاوە، ئەو کاتانە پرسیارم لێدەکرد و زانیاریم لێ دەردەکێشا. گەرچی ساڵی ١٩٨٠ سەردانێکی ئەو گوندەم کرد بوو و سەرم دابوو لە ماڵی نەنکم و مامەکانم و باوکیشم باس دەکرد کە گوندی (چەغەمیرە یان تل المیرە) یەکێکە لەو دەیەها گوندانەی کە کەوتۆتە ناوچەی کەندیناوەی سەر بە ناحیەی دیبەگەی شاری هەولێر. زنجیرە چیای قەرەچوغیش دەشتی قەراج و کەندیناوە لێک جیا دەکاتەوە. داهاتی خەڵکی ئەو گوندە و تەنانەت گوندەکانی دەوروبەریشی لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە. زەویوزاری ئەو گوندە و هەموو کەندیناوەش بەپیت و بەفەڕە. سەرباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش خەڵکی ناوچەکە بەگشتی لە کات و وەرزی گونجاودا ڕاویش دەکەن، چونکە ئەو ناوچەیە پڕە لە مامز و پۆڕ و قەتێ و کەو. ئەو گوندە لەوەتەی هەبووە ئاغاکان بە موڵکی خۆیان زانیوە و دەسەڵاتیان تیایدا بە زەبر بووە و ئەو ناوچەیەش بە گشتی شوێنێک بووە و ململانێی نێوان ئاغا و جووتیارەکانی تیا ڕەنگی داوەتەوە. زۆر بەر لەیاسای چارەسەری کشتوکاڵ و تەنانەت بەر لە هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم، ئاغاکان پشت ئەستوور بە سیستەمی پاشایەتی، زۆر زاڵمانە غەدریان لە جووتیارەکان کردووە و چەوسانەوەیەکی بێپەردە بوونی هەبووە. لەو گوندەش کانەبی ئاغا جگە لە سەندنی سەرانە و بەشە بەرهەم، تا بڵێی ئاغایەکی زۆردار و چەوسێنەر بووە.

له ساڵی ١٩٥٣ باوکم تەمەنی سی و نۆ ساڵ بوو، واتە لەسەروبەندی ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر،[١] ڕۆژێکیان زۆری بۆ دێت و خۆی وتەنی دەگاتە بینی، دوای پرس وڕا لەگەڵ خانەوادەکەی، دەستی ژن و منداڵەکانی دەگرێ و ئەو بڕیارە چارەنووسسازە دەدات، کە دەبوو بیدات.
وەک دەیگێڕایەوە دوای ئەوەی چەندینجار دەمەقاڵێ لەگەڵ پیاوانی کانەبی ئاغای زۆردار دەبێ، گوند بەجێدێڵێ و دەڕوات بۆ گوندێکی نزیک ناحیەی دوبز بەناوی (مەلحەوالی). پاشان دەیەوێت ئیشێک بکات و ماڵ و منداڵەکەی بژێنێت، دوای ماوەیەک لەکاری کشتوکاڵی، ئینجا دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت لە کۆمپانیای نەوتی باکوور دامەزرێت. بەم دامەزراندنە باوکم پشت لە هەموو ژیانێکی جووتیارانە دەکات. ئەم کارە تازەیەی باوکم کاریگەری هەبوو لەو بەسەر گۆڕینی شێوازی ژیانی باوکم و خێزانەکەی. ئاڵوگۆڕەکە هەر لە شێواز و چۆنییەتی جۆری کارکردن بوو و بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی جیهانبینی باوکم بگۆڕێت و بیرکردنەوەی تا ئاستی کرێکارێکی هوشیار فراوان بکاتەوە. واتە ئاڵوگۆڕەکە چەندایەتی بوو نەک چۆنایەتی. هۆکارەکەشی پابەندبوونی باوکم بوو بە مەسەلەی نەتەوایەتی و ئایین. باوکم دژ بە ستەم و چەوسانەوە بوو. لایەنگری ئازادی بوو، بەڵام ئەو ئازادی تەنها لە ڕووە سیاسییەکەیەوە دەبینی و وەک ئازادی کورد لێی دەڕوانی، ئەگینا لە چوارچێوەی خێزانەکەی خۆیدا ئازادی بەجۆرێکی تر بینیوە و ئەو ئازادییەی کە دەبوو بۆ خێزان و کچەکانی فەراهەم بکردایە نەیکرد. دیارە باوکیشم خۆشی ئازاد نەبوو و بە دەیان ڕایەڵەی ئایین و کوردایەتی و نەریتی کۆمەڵایەتی و ستەمی چینایەتی بەسترابۆوە. هەرچۆنێک بێت لەکارە تازەکەی لە کۆمپانیای نەوت بە لەحیمچێتی دەست پێدەکات و تا ئەو

---

[١] ئەو ڕاپەڕینەی جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣ دژ بە ئاغاکان ڕوویدا و گەرچی بە یارمەتی سوپای پاشایەتی سەرکوتکرا، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە مێژوویەکی درەوشاوەی لە خەباتی جووتیارانی دەشتی هەولێر و کوردستان نەخشاند.

ڕۆژەی خانەنشین دەبێت هەر لەحیمچی بوو. دەیەهاجار بۆی باس کردووم کە چۆن ئەو بۆڕییە گەورانەی نەوتی لەحیم کردووە. باوکم بۆ ئەوەی بچێتە سەر ئیشەکەی، ڕوون نییە سەرەتا چۆن لە مەلحەوالییەوە چۆتە سەرکار و گەڕاوەتەوە، بەڵام کاتێک لەناو شارۆچکەی دوبز نیشتەجێ دەبین، ئیتر دەبوایە هەوڵێکی جیددی بدایە و ئەو کێشەیەی خۆی چارەسەر بکردایە. بۆیە بەناچاری تێدەکۆشێت فێری پاسکیل ببێ و پاسکیل سواریی بکات. بۆ ئەو مەبەستەش پاسکیلێکی هەمبەر دەکڕێ و ڕۆژانە هاتووچۆی پێ دەکات. ئیتر وردە وردە باوکم ژیانی دەگۆڕێ. پاشانیش دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ ماڵی بار دەکات بۆ ناو شاری کەرکووک و ژوورێک بۆ ماڵ ومنداڵەکەی لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا بەکرێ دەگرێ و ژیانێکی هەژارانە بەسەر دەبات. زۆرجار سەبارەت بە مانگرتنی کرێکارانی گاورباغی پرسیارم لێکردووە باوکم دەیگوت (کرێکارەکانی هاوڕێم زۆر باسی مانگرتنی گاورباغییان بۆ کردووم، کە پێشتر نە نەقابە بەمجۆرە بوو نە هەقدەستمان باش بوو بە زەمانەتمان هەبوو. بەڵام بەهۆی ئەو مانگرتنەوە ئەو دەستکەوتانە بەدەست هاتوون). لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ تا شوباتی ساڵی ١٩٦٣ گەرچی ئەو فەترەیە نەفەسکێشێک بوو بۆ هەموو خەڵکی عێراق و کوردستان، ئیتر هەر لەو ماوەیە باوکیشم بەو بڕە پارەیەی پاشەکەوتی کردبوو پارچە زەوییەک لە گەڕەکی ڕەحیماوا دەکڕێت کە ئەوسا جگە لە سێ چوار ماڵ زیاتر نەبووە. دایکم دەیگێڕاوە کەچۆن دراوسێکان پێیان گوتوون ئەوە چۆن ئەچن بۆ ئەو چۆڵاییە خانوو لەوێ دروست ئەکەن، ئەی ناترسن شەوێک گورگ بتان خوات؟ هەروەها دەیگێڕاوە کە چۆن ڕۆژانە بەپێیان لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵاوە هاتوون بۆ گەڕەکی ڕەحیماوا قووڕیان دەگرتەوە و خشتیان بڕیوە بۆ دروستکردنی خانووەکەیان.

دواجار لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجاکان یان سەرەتای شەستەکان دەبێ، ماڵی باوکم بار دەکەنە خانووە تازەکەیان کە لە گڵ (قووڕ) دروستیان کردبوو و تیایدا نیشتەجێ دەبن. خانوویەک لە دوو ژووری بە تەنیشت یەکترەوە و هەیوانێک

پێکهاتبوو لەگەڵ حەمام و ئاودەستێک لای خوارەوە. خانووەکە کەوتبۆوە کۆڵانێک لە سەرووی مزگەوتەکەی ناو بازاڕی گەڕەکی ڕەحیماوە[٢] بەڵام بەلای قۆڵی قەبرستانەکەوە. بەردەمماڵمان گۆڕەپانێکی فراوانی لێبوو کە ئێستا هەمووی کراوەتە خانوو. لەو گۆڕەپانە جۆگەیەکی پیا تێدەپەڕی کە هەردوو بەری زەل بوو. ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانەش زبڵخانێکی لێبوو کە هەرچی پاشماوە و پیسیی و خاشاک بوو فڕێیان دەدایە ئەو شوێنە و ماوە نا ماوەش ئاگرێکیان تێبەردەدا. ئەو خانووە بۆ ئێمە کونجی قەناعەت بوو. باوکم دڵخۆش بوو بەوەی کە ئیتر کرێ نادات و دایکیشم بە دڵ و بە گیان خەریکی ماڵ و خانوو بوو. هەموو ڕۆژێک جگە لە ڕۆژانی هەینی، دایکم سبەینان زوو لەگەڵ نانی بەیانی سفرتاسێکی پڕ لە خواردن ئامادە دەکرد و باوکیشم لە پشتەوەی پاسکیلەکەی توووندی دەکرد و دەڕۆیی بۆ کار تا ئێوارە نەدەهاتەوە. هەرچەندە لەناو کۆمپانیای نەوت کانتین هەبوو کە شوێنی نانخواردنی کرێکارەکان بوو، بەڵام باوکم زۆر کەم نەبێ لە کانتین نانی نەدەخوارد، ئیتر نازانم هۆکارەکەی پەیوەستبوونی باوکم بوو بە دەستاوی خواردنەکانی دایکم، یان گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی ئەو بڕە پارەیە بوو کە لە بری خواردنەکە لە مووچەی کرێکارەکانیان دەبڕی. شەریکەی نەوت وەک مافێکی بەدەست هاتووی کرێکاران ساڵانە دەستێک بەدلەیان دەدا بە کرێکارەکان. ئەمە سەرباری دەستکێش و پێڵاو و ..تاد. باوکم لەدەرەوەی کار بەردەوام کورتەک و شەرواڵ و جامانی لەسەر بوو. بەڵام کە دەچوو بۆ کار بەدلەکەی لەسەر قەمیسێکی سپی و ئینجا چاکەتێکی لەبەر دەکرد و جامانەکەی خۆی لێ دەبەست. ئەم چوونە سەر کارەی ڕۆژانە جگە لە هەینی بە پاسکیل ئەنجام دەدا. کرێکارەکان بەیانیان سەعات هەشت

---

[٢] ناوی ڕەحیماوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێشکەری کوێخا ڕەحیم زەنگەنە کە لە دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەمین کەس بووە ئەو شوێنەی ئاوەدان کردۆتەوە و لەو جێگایە خانووی دروست کردووە.

هەموو دەگەیشتنە ویستگەی شەمەندەفەرەکەی عەرەفە و لەوێشەوە بە شەمەندەفەر دەچوون بۆ ناو شەریکە و سەر کارەکانیان. باوکم کە قسەی هاوڕێ کرێکارەکانی دەگێڕایەوە، باسی شەمەندەفەری بیر نەدەچوو کەچۆن پێش مانگرتنەکەی گاورباغی شەمەندەفەری هاتووچۆیان بۆ سەر کار نەبووە و لە ئەنجامی مانگرتنی گاورباغی و وەک دەستکەوتێکی ئەو خەباتە ئەو شەمەندەفەرەیان بۆ دابین کراوە. کۆمپانیا ناسنامەی بۆ کرێکارەکان دەردەکرد. ڕەنگی شین و سوور بوو و هەردووک بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی بوون. سەری سالانیش لە کاتی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا (جەژنی کرسمس)، هەر کرێکارەی چەند کچی عازەبی هەبووایە، ئەوەندە ملوانکەیان لەناو سندوقێکی پڕ لە نوقڵ و چوکلێت دەبەخشییە کرێکارەکە بەڵام ئەمەیان تیروپشک بوو و هەرجارەی بۆ چەند کرێکارێک دەردەچوو. سندوقەکە ئەوەندە جوان و مەحکەم بوو دایکم دڵی نەدەهات فڕێی بدات و تەرخانی کردبوو بۆ ئەوراق و دۆکیمێنت و تاپۆی خانوو و ناسنامە و جنسییە و شتی لەو بابەتانەی تێ ئاخنیبوو. تا بۆرە سندوق بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ماڵەکەمان تالان کرا. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوور - کەرکووک سێ جۆر ڕێکخستن لەناو کرێکارەکان هەبووە. یەکێکیان ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو و ئەویتریان پارتی دیموکراتی کوردستان و سێهەمیشیان حیزبی بەعس بوو. باوکم سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. کودەتای سەربازیی ساڵی ١٩٥٨ بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم کە شەقامی عێراق و میدیای عێراقی پێیدەڵێن شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ دۆخێکی هێنایە ئاراوە کە پێشتر عێراق دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری وای بەخۆوە نەبینیبوو. ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٣ لەڕووی سیاسییەوە سەرباری بوونی ئاڕاستەیەکی توندڕەوی سیاسیی نەتەوەیی لە عێراق، بەڵام کەشێکی کراوە و لەبار هاتە ئاراوە کە هەم حیزبە سیاسییەکان و هەم عێراقییەکان بە کوردیشەوە هەناسەیەکیان هاتەوە بەر. باوکم ئەو ماوەیە وەزعی

ماددی بەرەو باش بوون دەچوو. لە کۆتاییەکانی ئەو فەترەیە دایکم دوو گیان دەبێ بە منەوە. کاتێکیش کودەتای سەربازی شوبات لە ساڵی ١٩٦٣ ئەنجامدرا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەست، حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار خێرا کەوتەخۆ و لە خێڵ و عەشیرەت و ئەفراد و لایەنگرانی بیری نەتەوایەتی هێزێکی ڕەشی کۆنەپەرستی بە سەرکردایەتی مونزر ئەلوەنداوی پێکهێنا بەناوی (حەرەس قەومی) [٣] کە ئەرکی سەرەکیان تەسفیەکردنی شیوعییەکان (کۆمۆنیستەکان) بوو لە عێراق و ئینجا بۆ دوای هاوین بەرەو کوردستان ملیان نا و هاتن بۆ کەرکووک. ئەم هێزە ڕەشە دڕندەیە وەک دەیان گێرایەوە حکومەت پێی گوتبوون (سەر بۆ من و ماڵ بۆ ئێوە!). ئیتر کە حەرەس قەومی بەرەو کوردستان هاتن هەر گوند و شارێکیان بهاتایە پێش، قەتوعامیان دەکردن و ماڵەکانیان تاڵان دەکرد. کاتێکیش ئەو هێزە ڕەشە دەگەنە دەروازەی شاری کەرکووک، خەڵکی کەرکووک بەتایبەتی کوردەکان ماڵوحاڵیان جێهێشت و هەڵاتن. بەوپێیەی ماڵی ئێمە لە گەڕەکی حاشیەنشینی ڕەحیماوە بوو، هەڵاتن بەرەو ناوچەی شوان. دایکم لەسەروبەندی منداڵبوونی خۆی بوو.
ماڵەوەمان بە ڕیزە گردەکان (کەلەکە)ی پشت ڕەحیماوە ئاودیو دەبن بەرەو گوندی سۆنەگۆڵی و ئینجا گوندی چیمەن و لەوێشەوە ڕووەو گوندەکانی ساتی و هەیبە. پێش گەیشتنیان بە گوندی ساتی لە هەڵەتەکانی ناوشوان دایکم ژانی منداڵبوون دەیگرێ. ئیتر بەناچاری دوور لە نەخۆشخانە و دکتۆر و دەرمان دایکم منداڵەکەی دەبێ. واتە من لەناو ئەو هەڵەتەی ناوچەی شوانی کەرکووک لە نزیک گوندی ساتی لەدایک بووم. گەرچی لە (هوية الآحوال المدنية)

---

[٣] حەرەس قەومی هێزێکی میلیشیایی حیزبی بەعس بوو دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دامەزرا و دواتریش بە یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩٦٣ وەک هێزێکی یاسایی ناسێنرا و ئامانجیش لەم هێزە ڕەشە کۆنەپەرستە جێخستنی حیزبی بەعس بوو لە دەسەڵات و سەرکوتی نەیارەکانی بوو بەتایبەتی کۆمۆنیستەکان. لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ سوپای عێراق بارەگای سەرەکی ئەم هێزەی کۆنترۆڵ کرد و کۆتایی بە جموجۆڵەکانیان هات.

تەسکەرەکەم لەدایکبووی ١٩٦٤م، بەڵام وەک باوکم باسی دەکرد و دواتریش خۆم مێژووەکانم خوێندەوە، لە پایزی ١٩٦٣ لە دایکبوومە. ئیتر بەناچاری دوور لە نەخۆشخانە و دکتۆر و دەرمان دایکم منداڵەکەی واتا منی دەبێت و لەناو ئەو کوشت و کوشتارە و بۆردومان و هەڵاتنەدا لەدایک دەبم.

هەرچۆنێک بێت دایکم ئەو ژنە زەحمەتکێشەی کە تازە منداڵی بووە و لەژێر ترسی حەرەس قەومی و بۆردومانی تۆپ و تەیارە بەو هەڵەتە کەتووە، هێز و برستی تیا نامێنێ و تواناى ڕێکردن لەدەست دەدات. چەند جارێک داوا لە باوکم دەکات فریای بکەوێت. ئەو کات براکەم تەمەنی ١٠ ساڵان بوو و خوشکەکانیشم لەنێوان دوو ساڵان تا دە دوانزە ساڵان بوون کە کەسیان نەیان دەتوانی یارمەتی دایکم بدەن. باوکیشم تا هێزی تیا بووە وەک دەیان گێڕایەوە جاجم و بەتانی و لباد و جلوبەرگ و هەندێ پێویستی تری لە کۆڵ و سەر شان بووە و نەیتوانیوە هیچ بکات. دایکم، بێهێزییەکەی بە جۆرێک دەبێت کە چیتر ناتوانێت کۆرپەکەی هەڵبگرێ لەبەر خوێن لەبەربوونێکی زۆر، ناچار بەو شەوە و لەو هەڵەتە تەنها لەپێناو ڕزگارکردنی ڕوحی خۆی، منداڵە ساواکەی لەسەر زەوییەکە دائەنێت و بە گریان و لە خۆ دانەوە هاوار لە باوکم دەکات کە فریای کوڕە ساواکەیان بکەوێت. ئیتر باوکیشم سەرباری ئەو کۆڵە قوورسەی دەگەڕێتەوە دواوە و کۆرپەڵەکەی هەڵدەگرێت و بەهەر سەغلەتی و زەحمەتییەک بێت ئەو شەوە دەگەنە گوندی ساتی و لە ماڵی دۆستێکیان دەمێننەوە. ساتی گوندێکە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک و جوگرافیای ناوچەکە هەموو هەڵەت و گرد و بەرزایی و نشێوییە. تا بڵێی قەشەنگە و لە بەهاران دڵ دەکاتەوە. بەهەرحاڵ ئەو شەوەی ماڵی باوکم لەژێر سێبەری مەرگدا دەگەنە دێی ساتی، باوکم ناوی منی تازە لەدایکبوو دەنێت شاخەوان، بەو پێیەی کە لەناو ئەو شاخ و هەڵەتە لەدایک بوومە، بۆ ڕۆژی دوایی مەلای مزگەوتی دێی ساتی کە مێوانداری باوکم دەکات، لێی دەپرسێت کە ئەو منداڵە تازە لەدایکبووە ناوی چی لێنراوە، باوکیشم حیکایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. مەلا پێشنیارێک بۆ باوکم دەکات

کە ناوەکەم بگۆڕێت و لە شاخەوانەوە بیکات بە عەبدوڵا بەڵکو لە داهاتوودا کوڕێکی ساڵح و باشی لێ دەربچێت. باوکیشم دڵی مەلا ڕادەگرێت و ناوەکەم لە شاخەوانەوە دەگۆڕێت بۆ عەبدوڵا و ئیتر چارەنووسی من لەو ساتەوە بە عەبدوڵاوە دەست پێدەکات.

لەم سەروبەندی ناوگۆڕینەدا هێزە ڕەشەکەی حەرەس قەومی لە هێرشەکانی خۆی ڕاناوەستێ و بەرەو ناوچەی شوان دێن. باوکم لەوێشەوە دەستی ماڵومنداڵەکانی دەگرێت و بەرەو ناوچەی قەڵاسێوکە و ئینجا بەرەو گوندەکانی گەورەدێ و زێوە دەڕۆن. ورد دیار نییە چەند مانگیان پێدەچێت تا دۆخەکە تۆزێک هێور دەبێتەوە و جارێکی تر ماڵی باوکم دەگەڕێنەوە بۆ کەرکووک و لە خانووە بەتاڵ و دەست پیاهێنراوەکەی خۆیان لە ڕەحیماوە نیشتەجێ دەبنەوە و دیسانەوە لە سفرەوە دەست پێدەکەنەوە.

ساڵی ١٩٦٤ ململانێکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی بە ڕابەری ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و باڵی مەلایی بە ڕابەری مستەفا بارزانی چڕو قووڵ دەبێتەوە و وەک دەشزانین ئەو ململانێ و جیابوونەوەیە چ زیانێکی لە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان داوە. باوکم بەر لەو جیابوونەوەی جەلالی و مەلایی، لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد. باوکم خوێندەواری نەبوو زۆرجار ئاخی هەڵدەکێشا و سەرزەنشتی باوکی خۆی دەکرد (واتە باپیرم) کە ڕێگەی نەداوە بچێتە لای مەلای گوند و فێری خوێندەواری و قورئان خوێندنەوە ببێت. لەو سەردەمەدا بەتایبەتی ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٦٦ کاتێک جەلالی و مەلایی لێکجیا دەبنەوە و بە توندترین شێوە دەکەونە گیانی یەکتر و دووژمنایەتی یەکتر دەکەن تا کار دەگاتە ئەوەی تەسفیەی جەستەیی لایەنگران و ئەندامانی یەکتر بکەن. بەوپێیەی حیزبی شیوعی عێراقی لەو نێوەدا نزیکایەتی لەگەڵ پارتی هەبووە، بەشێکی زۆری لایەنگران و ئەندامانی ئەم حیزبە لەلایەن جەلالییەکانەوە بوون بە قوربانی. لەناو ڕێکخستنەکانی پارتیدا باوکم کەسێکی جێ متمانەی پارتی بووە و وەک خاڵی پشتبەستن چاوی لێکراوە. تەنانەت پارتی

به ڕێکخستنەکانی خۆی گەیاندبوو کە هەر ئەندامێکیان تووشی ناڕەحەتی هات بچێتە لای حاجی سلێمان و ئەو تەگبیری دەکات و کۆمەکی دەکات. کاتێک ئەندامانی ڕیکخستنەکانی پارتی فشاری جەلالییەکانیان لەسەر دەبێ و پەنا بۆ باوکم دێنن، باوکم بە شەو ئەو پارتییە لێقەوماوانە ڕێنوێنی دەکات و ئینجا هەر بە پێیان لەگەڵیان دەچێتە ناو گوندەکانی شوان و تەسلیمی ڕێکخستنەکانی پارتیان دەکات و ڕزگاریان دەکات. هەروەها هەر لەو ساڵە باوکم دەمانچەیەکی هەبووە بۆ پاراستنی خۆی. شەوێکیان باوکم دوای چەورکردنی دەمانچەکەی بە ئاگاداری دایکم دەمانچەکە لەناو سندوقە بۆراقەکە دارینەکەی ماڵەوە دەشارێتەوە و برا گەورەکەم کە ئەوکات تەمەنی یانزە یان دوانزە ساڵان بووە دەبینێت باوکم دەمانچەکەی لە کوێ شاردەوە، بۆ بەیانی کاتێک باوکم دەچێت بۆ کۆمپانیای نەوت بۆ کارکردن، برا گەورەکەم دەچێت دەمانچەکە لەناو سندوقەکە دەردەهێنێت و دەیباتە گەڕەک و فیشەکێکی پێ دەتەقێنێت. ئەوکاتیش کۆڵان و گەڕەکەکەشمان پڕ لە جەلالی بوو و تەنانەت مەقەری جەلالییەکان نزیک بە چەند سەد مەترێک لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو. ئیتر ئەوە بۆ جەلالییەکان وەک دۆزینەوەی هەنگوین وا بوو لە کونە دار و دەرکەوت باوکم چەکی لە ماڵەوە هەیە و دەشیانزانی لایەنگری مەلاییە و ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی باوکم خۆی بۆ کارەساتێکی تراژیدی مەترسیدار ئامادە بکات.

وەزعییەتێک کە دایکم پیا تێپەڕی و منی بوو، دور لە دکتۆر و دەرمان و خورادنی باش و بەسوود، ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە تووشی وشکبوونی مەمکەکانی بوو. واتا مەمکەکانی شیریان تێدا نەبووە. ئەو چەند مانگەی لە ئاوارەیی ناو شوان و قەڵاسێوکە و تا گەورەدێ هەر بە شیری مەڕ و ماڵات بەخێویان کردم. کاتێکیش وەزعەکە هێور دەبێتەوە و دەگەڕێنەوە شار، باوکم بەردەوام شیری قووتووم بۆ دەکڕێ. ئەو شووشەشیرەی کە لەو سەردەمە هەبووە شووشە بووە نەک پلاستیک. بۆیە دایکم دەیگێڕایەوە "*هەرچی جارێک شیرم بۆت دەگرتەوە، جێگایەکم بۆ ڕادەخستی و لەسەر پشت دەکەوتیە شیر خواردن تا*

*دوا چۆرِت لێدەبرِیّ و ئینجا تا هێزت تیا بوو شووشەشیرەکەت فرِیّ دەدا و دەشکا. بەناچاری دەچووین شووشەیەکی ترمان بۆت دەکرِیّ و ئەم حیکایەتە هەر بەردەوام بووە تا لەشیرتمان برِییەوە."* واتا وەک دایکم ئاماژەی پێدەدا رِەنگە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ بووبێت کە لە شیر برِێنراومەتەوە.

سالَی ١٩٦٥ رِۆژێکیان قاپێک پرِ لە گوڵەبەرِۆژە لەو ناوە دەبێت و دەستی منی منداڵ دەیگاتیّ و چنگێک بە چنگە بچووکەکەی ئەوسام دەکەمە دەمم و ئیتر بۆ نەگبەتی دەنکە گوڵەبەرِۆژەیەک رِیّ هەڵە دەکات و لە قوورِگم گیر دەبێت. لرخەلرخێکی زۆرم پێدەکەویّ. چەند دکتۆری کەرکووکم پیّ دەکەن هیچیان بۆ ناکریّ و سەرەنجام دەمبەن بۆ شاری بەغداد و لەویّ ئەو دەنکە گوڵەبەرِۆژەیەم لە قوورگ دەردەهێنن و ددانێکی تازە دەرهاتووم دەبێتە قوربانی ئەو دەنکە گوڵەبەرِۆژەیە و دواجار رِزگارم دەبیّ و دەگەرِێمەوە دۆخی سروشتی و ئاسایی خۆم. دوای ئەوەش باوکیشم گەرِابۆوە سەرکار و خەریکی چالاکی سیاسیی بوو لە رِێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو سەردەمە باوکم تا سەعات چواری عەسر لە کۆمپانیای نەوت کاری دەکرد. ئێوارانیش کە دەگەرِایەوە بەتایبەتی هاوینان چەند لباد و دۆشەکێکی لەناو حەوشە رِادەخست و مەقەڵەی پرِ خەڵووزی دەم دەدا و قاوەی دەنایە سەر و جزوەکان و فینجانەکانی ئامادە بوون بۆ میوانەکانی. باوکم ئێواران برادەرەکانی کۆمپانیای نەوت و گەرِەک دەهاتنە لای و تا درەنگانێک بەدەم قاوە خواردنەوەوە باسی سیاسەت و وەزعی خۆیان دەکرد. کاتێک دایک و باوکم لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رِابردوو ئەم حیکایەتەیان بۆ دەگێرِامەوە، لەوەوە تێگەیشتم کە باوکم سەرباری نەخوێندەوارییەکەی، بەڵام کەسێکی بە ئۆتۆریتە بووە و خاوەن شەخسییەتێکی کۆمەڵایەتی بووە. بۆ خۆشم شاهیدم کە باوکم تا مردیش رِێزێکی زۆری لێدەگیرا لەلایەن خزم و کەسوکار و خەڵک و دانیشتوانی رِەحیماوە و کەرکووک و زۆر جێگای تریش. بوونی ئەم شەخسییەتە کۆمەڵایەتییە لەناو کرێکارانی کۆمپانیای نەوت، جێی سەرنج بوو. بۆیە کادیرە چالاکەکانی حیزبی

شیوعی زۆر هەوڵیان لەگەڵ باوکم دەدا کە ببێت بە شیوعی، بەڵام باوکم لەسەر باوەڕەکەی خۆی مایەوە و نەبوو بە شیوعی. بەڵام ئەندامی نەقابەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بوو کە زۆربەی ڕابەرەکانی بریتیبوون لە هەڵسوڕاوە شیوعییەکانی ناو کۆمپانیا.

لە دەیەی شەستەکان و بەتایبەتیش لەدوای ساڵی ١٩٦٣ وە وەزعی سیاسی کوردستان و عێراق ناسەقامگیرییەکی زۆر بەخۆوە دەبینێت. ململانێی نێوان باڵی کوردایەتی (مەلایی و جەلالی) و باڵی حیزبی شیوعی عێراقی گەیشتبۆوە لووتکە. دواتریش بزووتنەوەی کوردایەتیش درزێکی مێژوویی تێدەکەوێت کە کاریگەرییەکەی تا ئەمڕۆش درێژ بۆتەوە. بەهۆی ئەو درزەوە لەبزووتنەوەی کوردایەتی خەڵکانێکی زۆر بوونە قوربانی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی ناسیونالیزمی کورد و تیا چوون. لەو دەیەیە درزەکەی کوردایەتی دەبێتە شەقێکی گەورە و باڵی مەکتەبی سیاسی جیا دەبنەوە[٤] و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق ڕێکەوتنامەیەک مۆر دەکەن و بە ئاشکرا بارەگا لە بەکرەجۆ و کەرکووک و زۆر شوێنی تر دەکەنەوە. مەکتەبی سیاسی بەهەموو شێوەیەک دەکەونە دژایەتی پارتییەکانی باڵی مەلا مستەفا و تەنگیان پێهەڵدەچنن.

ئەو ڕۆژەی براکەم بە دەمانچەکەی باوکم تەقەکە دەکات. باوکیشم هەو ئەو ڕۆژە لە ئیش گەڕاوەتەوە و دایکم مەسەلەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، دەچێت دەمانچەکەی لە شوێنێکی باش لای کەسێکی نزیکی خۆی تەقەت دەکات و هیچ بەسەر خۆیدا ناهێنێت، بەڵام پێشبینی ڕوودانی شتێکی ناخۆشیش دەکات. شاردنەوەی دەمانچەکەش وەک دوایی بۆی گێڕامەوە بۆ ئەوە بووە تا هیچ بەڵگەیەک نەدا بەدەستەوە بۆ ئەوەی تووشی کارەساتێکی ناخۆش بێت. ئەوە

---

[٤] جیابوونەوەی تەواوەتی باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی باڵەکە لە کەلار لە ساڵی ١٩٦٧ هاتە جێبەجێکردن.

بوو وەکچۆن پێشبینی کرد ئاوا دەرچوو. لە نیوەشەوێکدا دایان بەسەر ماڵماندا، لەسەربان و دەرگای سەرەکی و ماڵە جیرانەکانەوە سێ پیکابی پڕ جەلالی هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەمان و بە قۆنداغە تفەنگ و لەقە دەرکاگان دەشکێنن و دەدەن بەسەر باوکمدا و وەک دایکم دەیوت ئەوماڵەیان سەروبن کرد چەکیان نەدۆزییەوە. سەرەنجام بڕیار دەدەن باوکم ببەن لەگەڵ خۆیاندا. براکەم (ئەو کەسەی تەقەکەی کردبوو) دەست دەکات بەگریان و دەڵێ منیش لەگەڵ باوکم دێم. ئەوانیش باوکم و براکەم سواری سەیارە دەکەن و دەیانبەن بۆ ناو قەبرسانەکەی گەڕەکی ڕەحیماوە. لەپەنا کێلێکدا دەیانەوی باوکم گوللەباران بکەن، براکەم دەست دەکات بەگریان و هەرا و پاڕانەوە و دەڵێ توخوا باوکم مەکوژن، توخوا باوکم مەکوژن. گریانەکەی ئەو برایەم پێدەچێت وەک باوکم گێڕایەوە کاریگەری لەسەر هەستی بەرپرسەکەیان دانا و سەرەنجام وتبووی تۆی مەلایی هەقی کوشتنت هەیە بەس لەبەر خاتری ئەم منداڵە ناتکوژین و ئازادتان دەکەین. ئەوە بوو هەر ئەو شەوە هەردووکیان ئازاد دەکەن و دێنەوە ماڵ. ئیتر باوکم دەزانێت ناتوانێت چیتر لەم گەڕەک و شارە بژێت، بە ناچاری بڕیاری بارکردن دەدات.

ماڵمان لە ساڵی ١٩٦٦ جارێکی تر بار دەکاتەوە بۆ شارۆچکەی دوبز و لە نزیک جادەی سەرەکی دوبز - کەرکووک لە گەڕەکێکی هەژارنشین نیشتەجێ دەبین لە خانوویەک کە لە قایە و گەچ دروستکرابوو. ورد بیرم نییە خانووەکە چەند ژوور بوو، چونکە هیچ شتێکی وام نایەتەوە یاد کە ئەو کات من تەمەنم سێ چوار ساڵان بوو. باوکم ڕۆژانە دەوامی شەریکەی خۆی دەکرد. ئەو سەردەمە باوکم پاسکیلێکی سێ تایەی بۆ کڕیبووم کە ڕەنگی شین بوو و جێی نەفەرێکی زیادەی هەبوو لە پشتەوە سواری بکەم. ماڵێکی دراوسێشمان هەبوو کوڕێکیان هەبوو لەتەمەنی من کە ناوی سلێمان بوو. ئەویش پاسکیلێکی سێ تایەی هەبوو و ڕەنگی سەوز بوو.

ڕۆژانە من و سلێمان بە پاسکیلەکانمان لەبەردەم ماڵەوەمان یاریمان دەکرد. مەودایەکی زۆری دەویست وەختێ لەبەردەم ماڵی خۆمانەوە بە پاسکیلەکەم بە خێرایی وزە و توانای منداڵێکی سێ ساڵان دەچوومە بەردەم ماڵی سلێمان و پێچێکم دەدایەوە و دەگەڕامەوە بەر دەرگای خۆمان. من دڵنیام ئەو مەودایە لە سێ چوار مەتر زیاتر نەدەبوو بەڵام بە چاوی ئەو زەمەنە زۆر دوور و درێژ بوو. لەهەمووی سەیرتر سلێمانی هاوڕێم قۆڕ بوو و گوونی زل بوو. ڕۆژێکیان چووم لە دایکم پرسی دایە بۆچی سلێمان گوونی زلە و گوونی من زل نییە؟

- ڕۆڵە سلێمان قۆڕە.

- دایە قۆڕ چییە؟

- کوڕم ئەوە نەخۆشە بۆیە وایە. ئیتر دایکم ئاوا وەڵامی دامەوە و منیش بێدەنگ بووم.

لەسەری کۆڵانەکەمان ژنێک دوکانی هەبوو کە نوقڵ و چوکلێت و بسکیت و ساردەمەنی دەفرۆشت. بوتڵی بیبسی و تورابی بە پانزە فلس بوو. ڕۆژێکیان وڕکم گرت و داوام لە دایکم کرد پێبسیم بۆ بکڕێت، ئەویش هەر دەیوت کوڕم واز بێنە، پارەمان نییە، با باوکت بێتەوە بۆت دەکڕێ. نەخێر من گیر نەدەبووم ناچار دایکم دەستی گرتم و بردمییە لای دوکانەکە و جوان لە بیرمە بە ژنەکەی گوت ئەزانم پێبسی بە پانزە فلسە بەس من تەنها دەفلسم پێیە و ئەم کوڕەش حەوانەوەی نییە و داوای پێبسیم لێدەکات و ئێوارە باوکی لە ئیش دێتەوە و پێنج فلسەکەی ترت دەدەمێ. ژنە دوکاندارەکە وتی نا ئێمە دراوسێین و با بۆ ئێوە بە دەفلس بێت. منیش دڵخۆش دڵخۆش پێبسیم نا بەسەرەوە و تا تێر بووم خواردمەوە بێئەوەی بزانم خودی ئەو گفتوگۆیەی دایکم و ژنە دوکاندارەکە چ گوزارشتێکی تراژیدیا بوو لە ژیان و گوزەرانی ئێمە. ئێستا لە کاتێکدا کە ئەم یادەوەرییە دەنووسم دڵم پڕ لە خەم و گریانە بۆ ئەو دایک و باوکە کرێکار و زەحمەتکێشە کە بە چ دەردەسەرییەک ئێمەیان پێگەیاند. براکەشم دە ساڵێک لە من گەورەتر بوو، باوکم پاسکیلێکی دوو تایەی بۆ کڕیبوو و ئەویش لەو تەمەنە

مێردمنداڵییەی خۆی منی سواری پاسکیلەکەی خۆی دەکرد و بە خێرایی (دەیهاژووژت) لێی دەخوڕێ. منیش وەک دوایی لەناو ماڵەوەمان ببووە بنێشتە خۆشە دەمگوت کاکە فوولی کە فوول. دواتریش کە ماڵمان دووبارە هاتەوە کەرکووک و گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا براکەم هەر بەو پاسکیلەی لە فلکەی ئیخوانەوە بەرەو کۆشکلی و ئینجا بەلێژاییەکەی حەمام عەلی بەگ و بە بەردەم باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین تا کۆتایی باخچەکە بەخێرایی لێدەخوڕی و منیشی لەسەر لاشەکەی پێشەوە سوار دەکرد.

لە ناحیەی دوبز یەک شتی ترم بیرە ئەویش باوکم نازانم بە چ بۆنەیەوە بوو قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی خەت خەتی ڕەش و سەوزی بۆم کڕی. من ئەزانم باوکم بایەخێکی زۆری پێدەدام ئەویش وابزانم لەبەر دوو هۆ بوو.

یەک: کوڕ بووم.

دووەم: پاشەبەرە بووم و ژمارە سیانزە و دوا منداڵی ئەو بووم.

لەسەرەتای دەیەی هەشتاکان کاتێک گەورە ببووم و سەرم بۆ سیاسەتکردن دەخورا و پەیوەست بووبووم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و چالاکانە و بەنهێنی کارم دەکرد لە کەرکووک، زۆرجار دەمویست دایک و باوکم بگێڕمەوە دەیەی شەستەکان و بزانم ئەوکات هەڵوێستیان چۆن بووە و چۆن بیریان کردۆتەوە و بڕیارەکانیان لە چ کانییەک ئاوی خواردۆتەوە. لە دایکم دەپرسی:

- دایە کە منداڵ بووم، ساوا بووم تۆ چ لایلایە و گۆرانییەکت بۆ چڕیوم تا ژیر ببمەوە؟ دایکیشم بە پێکەنینێکەوە

- کوڕە وازم لێبێنە بەس بە یەک شت ژیر دەبوویتەوە و دەستت دەکرد بە پێکەنین وەختێ دەمگوت (قورەیشی بەبەم قورەیشی).

- ئێ دایە ئەوە مانای چییە؟

- خۆشم نازانم ئەوە لەکوێوە فێر بووبووم، بەڵام ببووە دەرمانی پێکەنینی تۆی ساوا. ئێستاش نەمزانی ئەوە مانای چییە و دایکیشم نەیدەزانی لەکوێوە فێری بووە یان گوێبیستی بووە.

ڕۆژێکیان هەر لەدەیەی هەشتاکان باوکم خەریکی تێکردن یان سازکردنی جگەرەی عەرەبی بوو بۆ خۆی، چونکە باوکم دەچوو لە هەولێر توتنی بۆنداری خۆشی دەکڕی و خۆی وشکی دەکردەوە و وردی دەکرد و بە پشتێنەکەی پشتی کە توول بوو یان هەندێجار بە فۆتەکەی دایکم کە توول بوو دەیتەکاند و تۆزەکەی لێ جیا دەکردەوە و ئینجا جگەرەکانی لێ ئامادە دەکرد. لەباوکم پرسی باوکە ئەو شەوەی جەلالییەکان دایانە سەرمان و تۆ و کاکمیان برد بۆ ناو قەبرسانەکە تا بتان کوژن، ئاخۆ دەبێ چەند ترسابن و ئایا ئەوکات بیرت لەوە نەدەکردەوە کە تازە ژیانت تەواو بووە؟

- بەڵێ جەلالییەکان هەموو شتێکیان لەدەست دەهات، بەس ئەو شەوە ناڵێم نەترسام بەس زۆر نەترسام.

- پرسیم چۆن؟

- جەلالییەکان مەبەستیان کوشتنی کەسێک بووایە بەوجۆرە نەدەهاتنە سەری. سێ پیکاب جەلالی بوون، جگە لە دوو سێیەکیان کەسیان بە جەمەدانییەکەیان دەمامکی خۆیان نەدابوو، بۆیە بە ئاسانی دەناسرانەوە. هەر هاتبوون بۆ چاوترسێنی من و دەمانچەکە بەرن. من دەمزانی دێن بۆم و ئەو دەمانچەیەم لێ دەستێنن، بۆیە زووتر خەمی دەمانچەکەم خوارد و لای دۆستێکم شاردمەوە. ئەوانیش کە دەمانچەکەیان دەست نەکەوت بۆ ئەوەی فەشەلەکەیان بشارنەوە وا خۆیان نیشاندا کە هاتوون دەیانەوێ من بەرن بمکوژن. هەرچەند ئەو شەوە دایکت گریا و لەخۆی دا، بەڵام دایکیشت دەموچاوی هەندێکیانی ناسیبووەوە. بۆیە ئەگەر کارێکی وایان بکردایە بەئاسانی دەزانرا کێ ئەو کارەی کردووە. پاشان کە هێشتیان کوڕەکەم واتا کاکت لەگەڵم بێ ئەوەندەی تر دڵنیا بووم کە هیچم لێ ناکەن، چونکە گەر مەبەستی کوشتنیان هەبووایە ئەو منداڵەیان نەدەهێشت بێت لەگەڵم، بۆیە کە لەپاڵ کێلەکان دایان ناین بەحیساب بمانکوژن، من خۆشم تێک نەدا و مکوڕ بووم لەسەر ئەوەی چەکم نییە و هیچ خراپەیەکم نە بۆ ئەوان و نە بۆ کەس نەبووە و نییە. بۆیە ئازادیان کردین.

پرسیم ئەی ئەو کەسانە چییان لێهات؟ کێ بوون؟ وەڵامیدایەوە:
- هەر هەموویان واتا ئەو سێ پیکابە جەلالییە و هەندێکی تریش ڕۆژێک بە کاروان دەڕۆن بەرەو بەکرەجۆ لەساڵی ١٩٦٧ لە کەمینێکی مەلاییەکاندا نەفەریان قورتاری نابێ و هەموویان تیاچوون.
لەمەوە بۆم دەرکەوت کە باوکم کەسێکی پارتی بووە بەڵام وریا و تاڕادەیەک وردبین بووە لە لێکدانەوەکانی کە ئەم وردبین و وریاییەی بۆ من جێگای شانازین. ڕۆژێکی تر لە باوکم پرسی باوە بۆچی نەبوویت بە شیوعی؟ گوتی: - کوڕم شیوعییەکان زۆر هەوڵیاندا لەگەڵما ببم بە شیوعی بەڵام من پیاوێکی حاجی و ئیماندارم و دوایيش بڕوام بە ڕێبازی پارتی هەبووە و کوردایەتیم بۆ گرنگ بووە و نەبووم بە شیوعی هەرچەندە شیوعییەکان دەمزانی بە جیددی دیفاعیان لە کرێکار و مافی کرێکار دەکرد.
ئیتر زۆرجاریتر سەرم دەنایە سەر باوکم و دەمپرسی:
- باوە گیان مام جەلال جاش نەبووە وەک تۆ تێگەیشتووی، ئەو شۆڕشگێڕ بووە و بەرگری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە.
دیارە ئەوکات من کۆمەڵە بووم وام بیر دەکردەوە. باوکم سەرێکی با دەدا و دەیگوت:
- نەخێر جاش بووە و مامجەلال هەرگیز ناتوانێت بەرگری لە کوردستان بکات بەڵکو ئامادەیە بۆ دەستکەوتی خۆی و مەسڵەحەتی خۆی هەموو کوردستان بفرۆشێت.
ئەمگوت باوە وا نییە تۆ سەیری هێزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بکە، دەیگوت ئێوە هێشتا عەقڵتان کامڵ نەبووە. ئەخیرە باخ کوڕم ئەخیرە باخ.[٥] ئاخ ئێستا خۆزگە باوکم بمایە و بمگوتایە بابە بەڕاستی تۆ دروست بووی و جوان ئەو سەرکردانەت دەناسی.

---

[٥] ئەخیرە باخ ئیدیۆمێکی تورکمانییە، واتا کۆتاییەکەی ببینە یان دوایی دەبینی چ ڕوودەدات.

پێمدەگوت بابە راستت کرد ئەم سەرکردانەی کە وامان دەزانی شۆڕش دەکەن، ببینە چ دز و گەندەڵ و مافیا و چ بازرگان و بزنسمانێکیان لێدرەچووە. ببینە ئەم چەتانە چۆن بوونەتە فیرعەون و ژیانی خەڵکی هەژاری وەکو ئێمەومانانیان کردۆتە دۆزەخ. ببینە چۆن شاهانە دەژین و خەڵکیش گورچیلە و تەنانەت گونی خۆیان دەفرۆشن تا بتوانن درێژە بە ژیانی ژێردەستەییان بدەن.
بەهەرحاڵ لە خانووە کۆنەکەمان لە ڕەحیماوە جگە لە بازاڕەکەی کە ژمارەیەک دوکان و چایخانەی تێدا بوو، لە گەڕەکەکەشمان باشتر بڵێم لە کۆڵانەکەمان حاجی فەتاح دوکاندار هەبوو کە پیاوێکی بێوەی و باش و ناسرابوو. حاجی فەتاح نوقڵ و شەکرۆکە و نەعناع و کونجی و لەوزینە و چوکلێت و شەکر و چا و خوێ و لیمۆدزی و زۆر وردەواڵەی تری دەفرۆشت. وەک خەو دێتە بیرم بە فلس شەکرۆکە (نوقوڵ)م لە حاجی فەتاح کڕیوە. لەو کۆڵانەی گەڕەکی ڕەحیماوە بە منداڵی تەنها لەگەڵ نیزامی مام کاکەمەند زۆرترین یاریم کردووە و تاکە یادگارییەکم هەبێت هەر لەگەڵ ئەو بووە. پێموابێ کاک نیزام ئێستاش ماوە و لەناو بازاڕەکەی ڕەحیماوە خەریکی کەسابەتە.
ساڵی ١٩٦٧ تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ جارێکی تر لە شارۆچکەی دوبز جێگیربووین. هەر دوای کودەتا سەربازییەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن ڕۆژێکیان خوشکێکم کە ماوەیەک بوو چووبووە ژیانی هاوسەرگیرییەوە لەناوچەی شوان، بە سەردانی هات بۆ شارۆچکەی دوبز و بەباوکمی گوت:
- باوە لەو دێهاتانەی ناوچەی شوان قسەیەک بڵاوبۆتەوە گوایە ئەو ئەحمەد حەسن بەکرەی کودەتای کردووە، کوردە و خەڵکی گوندی دووشیوانە. باوکیشم هەندێک پێکەنیبوو. دوای ئەو کودەتایە بە ماوەیەکی کەم، ماڵمان هاتەوە گەڕەکی ڕەحیماوا و لە خانوویەکی قایە و گەچ نیشتەجێ بووین کە نزیک بوو لە بازاڕەکە بەرامبەر ماڵ حاجی سمایل عارەب بووین. باوکیشم خانووە کۆنەکەی ڕەحیماوەی فرۆشت و هەندێ پارەی تری خستە سەری و پارچە زەوییەکی

(١٥٠) مەتریی پێ کڕی لە یەکەمین کۆڵان لەپشت کارگەی بەفری تەرزی سەر ڕێگای هەولێر - کەرکووک. ئیتر وەستا عومەر و کرێکارەکان ڕۆژانە ئیشیان لە خانووەکە دەکرد و من و دایکم و خوشکەکەم کە دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو لەوناوە بەردمان دەگواستەوە و خۆمان خەریک دەکرد تا ئێوارە باوکم لە کۆمپانیا دەهاتەوە. باوکم پاسکیلەکەی دائەنا و خۆی ئەگۆڕی و دەستی بە بەرد کێشانەوە دەکرد تا دونیا تاریک دائەهات. من هەموو ڕۆژێک کاتێک باوکم لە کۆمپانیا دەهاتەوە ڕامدەکرد دەمگوت باوە ئیشم کردووە پارەم دەوێ. ئەویش فلسێکی دەدامێ. ساڵی ١٩٦٩ دوای ماندوبوونێکی زۆر بە کەر و عارەبانەکەی مام فەرەج بارمان کرد و چووینە ناو خانووی تازەی قایە و گەچی خۆمان، کە دوو ژوور و هەیوانێک لای سەرەوە و ژووریێکیش لای خوارەوەی هەبوو. باوکم باخچەیەکی بچکۆلانەی جوانی لەناو حەوشەکە دروست کردبوو کە دار توو و هەنار و پرتەقاڵ و هەنجیر و هەندێ گوڵیشی ڕواندبوو. جەلالیزم ئەودەم لە لووتکەی خۆیدا بوو. ململانێی حیزبە سیاسییەکان توند بوو. لەو سەردەمە چەندینجار خەڵک لەناو بازاڕەکەی ڕەحیماوە تیرۆر دەکران. کاتێ گەورە بووم ئەوسا زانیم ئەو تیرۆرانە قوربانی دەستی ململانێی حیزبە سیاسییەکانن. لەپشت گەراجی مەسڵەحەکە، واتا پشت کۆمپانیای (مصلحة نقل رکاب) چۆڵ بوو تەنها کوخێک هەبوو ماڵێکی پەرپووت و کۆنی لە قوڕ دروستکراو بوو ماڵی کاک عەلی قومارچی بوو. کە کاک عەلی یەکێک بوو لە شەخسییەتە جوانەکانی ئەوسای ڕەحیماوە و کەرکووک.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو سەردەمە کۆمەڵێ شیعاراتی سیاسیی دژ بە جەلالییەکان خستبووە نێو جەماوەر، وەک (مشتێ کا و مشتێ جۆ، بۆ جاشەکان بەکرەجۆ)، (کێ بوو خۆی کرد بە ڕەئیس، بابی لوقمان و ئیدریس)، (ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ، مەلا نەبێ نامانەوێ). یانیش لاوانەوەی لەچەشنی: کۆترە

باریکەی دەنووک زێڕینە، ئەچی بۆ بارزان مەلا ببینە. ئەگەر نایناسی کلێتە شینە).[٦]

خانووە تازەکەمان ڕووی لە نەخۆشخانەکەی ڕەحیماوە بوو. بەردەمماڵمان چۆڵ بوو، بەڵام لای دەستە چەپەوە شەریکە ئەفریقییەکە و کارگەی کۆکا کۆلا بوو. لای دەستەڕاستیش کارگەی بەفری تەرزی بوو، تەنیشتیشی غەسل و تەشحیم بوو. تا قوتابخانەی زێوەر چۆڵ بوو. لەسەری کۆڵانەکەمان بەلای بازاڕەکەی ڕەحیماوە دوکانێکی لێبوو کاک زێدان و کاک رەمەزان کە دوو برا بوون کەسابەتیان تیا دەکرد کە ئێستا هەردووکیان لە وڵاتی سویدن . ئینجا بەرەو جادەی هەولێر گەراجێک و دوکانی کارەبایی و دوکانی مەولود حەلاق و مەعمەل سیمەکە و نانەواخانەکەی کاک ناسیح بوو لە بازاڕەکە بەرەو سەرەوەش دوکانی حاجی مەحموود هەبوو کە وردەواڵە و ماستی دەفرۆشت. ئینجا حەسەن پاسکیلچی هەبوو کە ئێستا لە لە خەتی نێوان هەولێر کەرکووک کاسبی دەکات، ئینجا دوو سێ دوکانی تر هەبوون کاڵەک و شامیان دەفرۆشت. سەری کۆڵانی سێیەم دوکانی ئامەنیرە بوو، سەرەوەتر دوکانی مەلا مەحمود بوو کە لێفەشیان لێدەدووری. ئینجا دوکانی مام غەفوور کە وردەواڵە و نەعل و پێڵاوی لاستیکی دەفرۆشت و و دوکانی مەلاحەسەن بوو باوکی ئیبراهیم و حەمید کە باوکم مەعمیلی مەلا حەسەن بوو و مانگانە شتومەکی زۆرمان بەقەرز دەهێنا و سەری مانگ کاتێک لە شەریکە مەعاشی وەردەگرت قەرزەکانی دەدایەوە. ئینجا موغازەکەی کاک ساڵح بوو کە دەکاتە باپیری لانە خێزانی ئامانج بابان کەلەم ماوەیەی رابردوو لەناو شاری سلێمانی زۆر زاڵمانە تیرۆر کران. ئیتر چەند دوکانی تر هەبوون تا دەگەیشتە دوکانەکەی عەزەخانم. لەو بەریشەوە

---

[٦] هەموو ئەم دروشمانە کە خرابوونە دەم مناڵانی کوردستان، لە ڕاستیدا تەبلیغێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ سیاسەتەکانی و هەڵوێستەکانی بارزانی و بەهێزکردنی کاریزمانی مەلا مستەفا بارزانی باوک بوو لای خەڵکی بەشمەینەتی کورد کە کرابووە فریادڕەس و ڕزگارکەری خەڵکی کوردستان لە ستەمی نەتەوایەتی

لە دوکانەکەی مەلائەحمەد سەعاتچییەوە دەهاتە خوارەوە تا دەگەیشتە دوکانی حەمەسەعید قەساب و ئینجا دوکانەکەی مەلاڕەحیم پاشان مزگەوتەکەی ڕەحیماوە بوو و ئینجا دوکانی مەلا ساڵحەکان و دوکانی عەلی نەجار و ماڵی مام زۆراب باوکی جیهاد دڵپاک و ئەنوەر زۆراب ئینجا دوکانی مام دێوانە هەبوو. دواتریش دوکانی مام محێدین دوکانی حاجی عەلی و کاک ئیبراهیمی کوتاڵفرۆش و حەمەعەلی هەبوون. هەروەها لەناو بازاڕەکەش چەندین عەرەبانە لە شوتی فرۆش و کاڵەک فرۆش و کالیار فرۆش و سەوزەفرۆش هەبوون کە دوکاندار نەبوون و لەسەر عەرەبانەکەیان کەسابەتییان دەکرد. لەو سەردەمەش کوتاڵفرۆش بە عەرەبانەی سێ تایە بە گەڕەکاندا دەسوڕانەوە وەک مام مستەفا و مەلا جومعە و حاجی باپیر .ئێمە مەعمیلی حاجی باپیر بووین کە دەکاتە باوکی حاجی حوسێن خاوەن مسەوەری ٧ی نیسان کە ئێستا دوکانەکەی لەسەر جادەی گشتی هەولێر کەرکووکە. هەروەها مام شوکور قەسابیش بوو کە گۆشتی حەیوانی لەناو سەبەتەی دار بە تەرازوویەکەوە دەگێڕا و دەفرۆشت. کاک عومەرە چەتەش هەبوو کە خەنە و مەرگەمووش و دەرمانی کێچ و مۆریانی دەفرۆشت. عەلی بەگیش هەبوو کە نەعل و پێڵاوی لاستیکی دەفرۆشت.

باوکم بۆ ماوەیەک منی لای مەلا فەتاح کە دوکانی لێفە دوورینی هەبوو لەناو بازاڕەکەی ڕەحیماوە دانا تا فێری جزوعەمە و تەبارەک بم. جزوعەمەم خوێند بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ تەبارەکم تەواو نەکرد. بازاڕەکە لەو دەمە تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەبوو. ساڵی پار ٢٠١٩ کە چوومەوە بۆ کەرکووک و زیاتر لە بیست جار بەناو بازاڕەکەی ڕەحیماوە هاتوچۆم کرد. ئەو تام و خۆشییەی جارانم تیا بەدی نەکرد. کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠سادەییەکی زۆر جوان ببووە ئایدێندتی ڕەحیماوە و کەرکووک. ئیتر من لەو ژینگەیە و لەناو ئەو سادەییە و لەو ئەتمۆسفیرە کۆمەڵایەتی و سیاسییە خەریک بوو وردە وردە چاوم دەپشکوت و دەوروبەری خۆم دەبینی و بە چاوی منداڵیی و عەقڵی منداڵیی ئەوکاتم دونیام دەبینی. ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩ لە خانووە نوێیەکەمان جێگیر

بووین. خانووی قایەوگەچ و سپیکراوی ڕۆژهەڵاتیی. کارەبای تێدا بوو. گڵۆپی شەمعە و شێلمانەکانی بنمیچەکەی ڕەنگ کرابوون بە ڕەنگی سەوز. دوو سەربانی جیای هەبوو. بە کورتی هەر حەزت ئەکرد لەناوی بیت. هەر کە ساڵ سوڕایەوە، کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بڕیاریدا خانوو بۆ کرێکار و کارمەندەکانی دروست بکات. باوکیشم خانووی بۆ دەرچوو. بەڵام لەبەر ئەوەی تازە خانووی کردبوو و هەروەها قەرزار بوو، بۆیە ئەو خانووەی کۆمپانیای نەوتی ڕەت کردەوە. ئەمە بەبڕوای من و زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەمان هەڵەیەکی گەورە بوو کە باوکم کردی. خانووەکان لەوبەری جادەی کەرکووک – هەولێر دروست کران و هەمووی یەک شێواز و مۆدێرن بوون. پێکهاتبوون لە دوو سێ ژوور و ژووری میوان و موشتەمەلات و بەیتوونە و باخچەی پشتەوە و تاد. ئەم ڕەتکردنەوەیە سەرەتا ئێمەی مناڵ بەهەندمان وەرنەگرت، بەڵام کاتێ گەورە بووم ئینجا زانیم چ هەڵەیەکی گەورە بووە. ئەگەر باوکم ئەو خانووەی کۆمپانیای نەوتی وەربگرتایە، ڕەنگە ڕێڕەوی ژیانی ئێمە و تەنانەت چارەنووسیشمان بەرەو ئاقارێکی تر بچوویایە. هەر ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٦٩ی زایینی خرامە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی سەرکەوتنی سەرەتایی کوڕان لە گەڕەکی ڕەحیماوە و لای مامۆستا عەبدوڵا سەڕاج بوومە قوتابی یەکەمین و پیتی کوردی فێر بووم. قوتابخانە بۆ من وەکو زیندان وا بوو و سەرەتا هیچ حەزم لێی نەبوو. بەڵام ناچار بووم و ملمدا بچم بۆ قوتابخانە. تاکە شتێک کە دڵم پێی دەکرایەوە (ئەلف و بێی کوردی)کەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بوو کە پڕ بوو لە وێنەی جوان. لەولاوەش جاروبار مامۆستا عەبدوڵا سەڕاج کورتەشیعرێکی بەئاوازەوە پێ لەبەر دەکردین. یەکێ لەو کورتەشیعرانە ئەمە بوو:

دنگ دنگ عودم بۆ لێدە
بەرگی خەفەت فڕێ دە

تـوو تـوو تـوو
ترای ترای ترای
غرلەی لەی لەی لەم[٧]

لە قوتابخانە ساڵانە نیو دیناریان لێ دەستاندین بۆ کتێب و دەفتەر و پێداویستییەکانی تری قوتابخانە. لە قوتابخانەی سەرکەوتن جگە لە مامۆستا عەبدوڵا سەڕاج، مامۆستا عەزیز (ئەم مامۆستایە دەیانگوت شیوعییە و بەردەوام دەمانچەی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت)، مامۆستایان فاتیح و عەبدولخالیق وانەی کوردی و مامۆستایان عەبدولکەریم و عەبدولڕەحمانی کوڕی، ئایین و مامۆستا غەفوور مامۆستای وەرزش و مامۆستایان ئیشۆ و بەترۆس مەسیحی بوون و زمانی کوردی و عەرەبی و مامۆستا ڕەمزیش وانەی ئینگلیزی و مامۆستا مستەفا کوردیان دەگوتەوە. جگە لە کۆمەڵی مامۆستای تر یادیان بەخێر کە ئێستا ناوەکانیانم بیر نەماوە، کە هەر هەموویان دوور لەهەر جیاوازییەکی ئایینی، خەریکبوون بیروباوەڕی کوردایەتییان تیا دەچاندین. تەواوی سروود بۆ قوتابیانمان لەو ساڵانە بە ئاوازەوە لەبەر کرد و دەمانگوتەوە.
قوتابخانەکە نزیک جادەی کەرکووک هەولێر بوو لەپشت ڕیزە ماڵێکی مۆدێرن بنیاد نرابوو. کە ئەو ڕیزە ماڵە خانووی جابییەکانی کۆمپانیای (مصلحة نقل رکاب کرکوک) بوو.[٨] قوتابخانەکە لە تابووک یان کەرپووچ دروست کرابوو، شێوەی قۆقزی یان بازنەیی هەبوو. گۆڕەپانەکەی لە ناوەڕاستەوە بوو و پۆلەکانیش بەدەوری گۆڕەپانەکەوە بوون. دوو دەوامی تێدا دەکرا. سبەینان

[٧] ئەم دێڕانە نازانم هی مامۆستا عەبدوڵا سەڕاجی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە یان هی کەسێکی ترە؟ گەرچی پەیوەندیم کرد بە مامۆستا عەبدوڵا سەڕاجەوەو لێمپرسی لەوەڵامدا وتی شیعرەکە هی شاعیرێکی دەڤەری سلێمانییە و ناویم بیر نەماوە.
[٨] جابی بەو کرێکارە دەگوترا کە لەناو پاسی مەسڵەحەی حکومی کاری دەکرد و پارەی کۆدەکردەوە و بلیتی دەدا بە سەرنشینان.

قوتابخانەی سەرکەوتنی سەرەتایی کوڕان بوو و دوانیوەڕۆش قوتابخانەی ئاسۆسی سەرەتایی تێکەڵاو بوو. من حەزم لە قوتابخانە نەبوو بەڵام بە زۆر دەیانناردم. لە هەمووشی ناخۆشتر دەرزی لێدان هەبوو کە ساڵانە یەک دوو جار دەرزیان لە قوتابییەکان دەدا. ئەو دەرزییەش ئەگەر هەڵە نەبم ڤاکسینی گرانەتا و ئەوشتانە بوو. کە دەرزییەکەیان لە قۆڵت دەدا، ئیتر بۆ ڕۆژی دوایی نەتدەتوانی قۆڵت بجووڵێنیت. زۆر دەیەشا. بۆیە ئەگەر بمانزانیایە دەرزیمان لێ ئەدەن یان غائیب دەبووین یانیش خۆمان دەدزییەوە و لەسەر دیوارەکەوە ڕامان دەکرد. لەبەردەم قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە نۆکاو دەفرۆشرا. ئای کە تامێکی خۆشی بوو. سەمونێکی خڕی فڕنی بەردین بە چەقۆیەک نیوەی لە تەنیشتەوە ڕا کەرت دەکرد و دەیکردەوە و پڕی نۆک دەکرد و ئینجا کەوچکێک نۆکاوی پیا دەکرد. ئێستاش تامەکەی لەژێر دانمدایە و هەرگیز ئەو تامە خۆشەم نەبینیوەتەوە. مام سەید فەتحوڵاش کە کارگوزاری قوتابخانەکە بوو و بەرپرسی جەرەس لێدان بوو. لوقم و کونجیشی لەناو مەقەبایەک دەفرۆشت. با تام و لەزەتی خواردنی ئەو لوقم و کونجییەش هەر لە دڵی خۆمدا بێت .زۆرجاریش لەگەڵ قوتابی تر پێکەوە دەچووین لەبەردەم مام سەید ڕادەوەستاین و ئەویش جارجار سەیری کاتژمێرەکەی باخەڵی دەکرد و لەناکاو دەیوت برۆ لێبدە. ئێمەش ڕامان دەکرد و زەنگی چوونە ژوورەوەمان لێدەدا.

# قوتابخانە و ئەزموونی خوێندن

ساڵی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ پۆلی یەکەمی سەرەتاییم بەهەر جۆرێک بوو تەواو کرد و لە کۆتایی ساڵ دەرچووم. هێشتا من لەسەر هیچ تەختەیەکی قوتابخانە دانەنیشتبووم کە براکەم وازی لە قوتابخانە هێنا و کە ئەوکات لە پۆلی یەکی ناوەندی بوو. باوکم ئەوەندەی بۆی گرنگ بوو کوڕە گەورەکەی ببینێ بووەتە پیاو، ئەوەندە بۆی گرنگ نەبوو کە لە خوێندن بەردەوام بێت و خوێندن تەواو بکات. بۆیە ئازادی تەواوی دابوو بە براکەم کە دەخوێنێت ئەوە باشە و ئەگەریش ناخوێنێت ئەوە کێشە نییە. بەڵام خوشکەکە بچووکەکەمی بە دەردی خوشکەکانی ترم بردبوو و لە مەدرەسەی دەرهێنابوو بە بیانووی ئەوەی کە یارمەتی دایکی بدات. دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو بیانووەی باوکم هەر بیانوو بووە و ئەگینا زیاتر لایەنە جێندەرییەکەی لەبەرچاو بووە و پێی باش نەبووە کچ بخوێنێت. باوکم لەمەڕ خوێندنی کچەکانی زۆر کۆنەپەرستانە بەرخوردی کردووە.

یەکەم: لە قوتابخانە دەری کردوون.

دووەم: هەر زوو بەشووی داون و بەدڵی خۆشیان نەبووە.

سێ: لە شوودانی کچەکانیدا هەمیشە گەورە بە بچووکی کردووە و لە بری بە شوودانی هەر کچێکی، هەستاوە داوای کچێکی کردووە و لە کوڕەکانی مارە کردووە.

من هەموو ئەو شتانەم نەدەزانی تا گەورە بووم. کە گەورەش بووم کار لەکار ترازا بوو. هەر کە دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسی، بینیم سێ کچم لێ مارە کراوە لەبری شووکردنی سێ خوشکم. ئیتر بیهێننە پێشچاوی خۆتان کوڕێکی منداڵ سێ کچی منداڵی لێ مارە کراوە بە نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە.

بەهەرحاڵ لە پۆلی یەک لەزەتێکی زۆرم کرد لە کتێبەکەی ئیبراهیم باڵدار و ئێستاشی لەگەڵ بێت شیعری پەپوولەم هەر لەبەر ماوە. من بەو بچووکییە نەمدەزانی شیعر چییە، بەڵام بە سروشتی خۆم حەزێکم لەناخدا هەبوو و قابیلیەتی لەبەرکردنی شیعرم هەبوو. لە یانزەی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە بەیاننامەی ئۆتۆنۆمی خوێنرایەوە، پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی یەکیان گرتەوە و ئەوەی لە نێوانیاندا کوژرا، خوێنیان بەفیڕۆ چوو. پارتی ئاهەنگێکی گەورەی ساز کرد لە گوندی حەسار لەناوچەی شوان. ئێمە یەکێک بووین لەو هەزاران خێزانەی کە بەماڵ و منداڵەوە چووین بۆ ئەو ئاهەنگە و وەک خەو لە بیرمە کە دایکم یاپراخی لێنابوو. ئەم کاک مەسعود بارزانییە ئەوسا زۆر گەنج بوو بە هەلیکۆپتەرێک هات و نیشتەوە. دوای ماوەیەک کە هەلیکۆپتەرەکە هەڵسا، ئێمەی مناڵیش کەوتینە دوای و لەناو تەپوتۆزی هەڵسانەکەیدا ون بووین. ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژ بوو لە ژیانی زۆربەی خەڵکی کورد و بەتایبەتیش باوکم کە وای دەزانی گەیشتۆتە ئاواتەکانی. کەس باسی ئەوەی نەکرد بۆچی پارتی بۆ ئەو ئاهەنگە مێژووییە گوندی حەساری هەڵبژارد، بەڵام کە گەورە بووم و مێژووم خوێندەوە ئینجا زانیم کە هۆیەکەی لەبەر ئەوە بوو کە گوندی حەسار بە گشتی شیوعی بوون و پارتی ویستی بە کۆکردنەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان عەرزی عەزەلاتی سیاسی خۆی لەبەرامبەر حیزبی شیوعی نیشان بدات و لەهەمان کاتیشدا ویستی بە حیزبی بەعس بڵێت کە کەرکووک بۆم حەیاتییە و ئەم جەماوەرە گەورەیە ئامادەن بۆ ئەو ئامانجە. هەر وەها لقی سێی پارتی لە کەرکووک کرایەوە کە کەوتبووە سەرەتای شەقامی جمهوریی نزیک (یانەی سۆلاف)ی وەرزشی کە دوایی بەعس ناوەکەی گۆڕی بە (نادی الذهب الاسود الریاضي). لەو ساڵانە واتە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ حیزبی شیوعی عێراق کەوتە نێوان دوو بەرداشی پارتی و بەعس کە بە زیانێکی سیاسیی و گیانیی زۆر لێی هاتە دەرەوە. ساڵی ١٩٧٠ یان ساڵی ١٩٧١ بوو، ئێمەی قوتابیانی قوتابخانەی سەرکەوتنیان بردە سەر جادەی گشتی هەولێر - کەرکووک وتیان سەرۆک

کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر ڕەت دەبێ و دەچێت بۆ هەولێر. ئیتر دروشمی (کێ بوو خۆی کرد بە شەکر، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) یان پێدەوتینەوە. کاتێ لە قوتابخانە بووم و جاربەجارێ گلەیی و گازاندەم دەکرد و دەمگوت قوتابخانە خۆش نییە و حەزم لێ نییە، باوکم چونکە تەجرەبەی برا گەورەکەمی هەبوو، ئەو هەڵبژاردەیەی نەخستە بەردەم من. گوتی دەبێ هەر بخوێنێ. لە قوتابخانە قوتابییەکی مامناوەندی بووم، نە زیرەک بووم و نە تەمبەڵ. مامۆستاکان سبەینان ڕیزیان پێ دەبەستین و ئیستیفافیان پێ دەوت. لەو ئیستیفافە کە ماوەکەی پانزە دەقیقەیەک دەبوو پشکنینیان بۆ خاوێنی و نینۆک دەیکرد و هەورەها ئەگەر بەڕێوەبەر قسەیەکی هەبوایە پێشکەشی دەیکرد و هەندێجاریش داوا لە قوتابیان دەکرا کە هەرکەس شیعری لەبەرە، با بێت بیخوێنێتەوە. من دەیەها جار دەستم هەڵبڕیوە و لە ئیستیفاف شیعرم خوێندۆتەوە. ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ دەتوانم بڵێم لە تەواوی کوردستانی عێراق وتنەوەی سروود بە قوتابیانی سەرەتایی وەک وانەیەکی لێهاتبوو و قوتابیان زۆربەی سروودەکانیان لەبەر بوو. من سەرجەم سروودەکانم لەبەر بوو و هەمووشی بە ئاوازەوە فێردەکراین. کاتێک بووم بە پۆلی دووی سەرەتایی مامۆستا پەترۆس مەسیحی مامۆستامان بوو. ئێستاش ورد لەبیرمە ساڵی ١٩٧٠ تەواو بوو چووینە ناو ساڵی ١٩٧١. بۆ یەکەمجار لە گۆشەیەکی تەختەڕەشەکە نووسی ١٩٧١. ئینجا باسی ساڵی زاینی بۆ کردین. مامۆستا پەترۆس وانەی کوردی پێ دەوتینەوە. لە پۆلی سێ مامۆستا عەزیز وانەی کوردی پێ دەوتینەوە. ئەو مامۆستایە شیوعی بوو و بەردەوام دەمانچەی پێبوو. پۆلی چوار تا شەشیش مامۆستایان مستەفا و عەبدولخالیق بوون کە وانەی کوردیان دەوتەوە. لە پۆلەکانی دوو و سێ و چوار شتێکی وام بیر نایەت کە شایانی باس کردن بێت. تەنها گەشتێکی قوتابیانم بیر دێت کە لە پۆلی دووی سەرەتایی بووین و چووین بۆ قەرەبلاغ لە ناوچەی شوان. لەو گەشتە وێنەمان گرتبوو و مامۆستاکە گوتی هەر وێنەیەک بە ٣٠ فلسە. کێ ئەیەوێت بۆی ئەشۆمەوە. ژمارەیەک قوتابی داوایان کرد و بۆیان

شۆڕدرایەوە، بەڵام من چونکە دەستمان کورت بوو و هەژار بووم نەمتوانی ببمە خاوەن ئەو وێنەیە. ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ وەزعی سیاسیی کوردستان و عێراق جۆرە ئارامییەکی سیاسیی بەخۆوە بینی. باوکم هەموو مانگێک لەگەڵ هاوڕێکانی کۆدەبوونەوە و خەریکی سیاسەتی خۆیان بوون. باوکم پلەی ئەندامێتی هەبوو لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەوەش ساڵی ١٩٨١ بۆم دەرکەوت، ڕۆژێکی هاوین کاتێک لەسەربان خەریکی خوێندنی وانەکانی قوتابخانە بووم، لە سووچێکی گەچی نێوان قایەکانی ستارەی سەربانەوە لچکە نایلۆنێکم بینی هاتبووە دەر، سەرنجی ڕاکێشام. منیش وردە وردە گەچەکەم هەڵکۆڵی و نایلۆنەکە هاتە دەرەوە. بینیم لەناو نایلۆنەکە پارچە کاغەزێکی تێدایە. کە کردمەوە و خوێندمەوە بینیم پسووڵەی ئەندامێتی باوکمە و ناو و نازناو و بەروار و زۆر شتی تێدا بوو. ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی دانیشتبووین و بە باوکم گوت باوە (ئینجا نازناوەکەیم گوت کە بەداخەوە ئێستا بیرم نەماوە) کێیە؟ گوتی نازانم. ئیتر منیش حیکایەتەکەم بۆ گێرایەوە، ئینجا گوتی کوڕە بیدڕێنە و دایکم فەوتاندی. کۆبوونەوەی باوکم و هاوڕێکانی لە ژوورە گەورەکە بوو و چەندینجاریش دەمبینین بە چنچکانەوە دادەنیشتن و قسەوباسیان دەکرد. نازانم ساڵی ١٩٧١ بوو یان ساڵی ١٩٧٢ بوو ڕۆژێکیان باوکم خوشکەزایەکی بە مێوانی واتە کوڕی میمکم هاتبوو بۆ سەردانیمان. لەگەڵ باوکم دوای نیوەڕۆ بوو پیاسەیان دەکرد بەلێواری جادەی سەرەکی کەرکووک – هەولێر. منیش لەگەڵیان بووم. من بە منداڵی زۆر چەقاوەسوو بووم، هەر ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەم دەکرد، لە پەڕینەوەیەکمدا بینیم زیلێکی سەربازی پاشەوپاش دەکشایەوە، ترسام و ویستم بپەڕمەوە بۆ لای باوکم و میمکزاکەم، لەناوەڕاستی جادەکە، کاتێکیم زانی سەیارەیەک گەیشتە سەرم. هەر ئەوەندەم خۆش بوو خۆم بینی لەسەر سک وا چەناگەم بەسەر جادە قیرەکەوە دەخشێ. مارسیدیسێکی سپی خسوسی لێیدام، سەیارەکە ژن و پیاوێکی تیا بوو و دیار بوون لە هەولێرەوە دەگەڕانەوە بۆ بەغدا. ژن و پیاوەکە تاسان و حەپەسان

کاتێ منیان بینی هەموو گیانم خوێنە. باوکم بە سایەقەکەی گوت کاکە تۆ بە ئەنقەست لە کوڕی منت نەداوە. قەزاو قەدەر بوو. بڕۆ گەردنت ئازاد بێ. کابرا وەک باوکم دوایی گێڕایەوە لەخۆشیانا خەریک بووو باڵ بگریێت، تێیتەقاند و ڕۆیشت. هەر ئەو ساتە خەبەر گەیێنرایە ماڵەوەمان کە سەیارە لێمی داوە، ئیتر دایک و خوشکەکانم کەوتنە قژ ڕنینەوە و لەخۆدان. ئەوە بوو باوکم منی بە باوەش بردە ماڵەوە و منیش لە ترسانا هەر دەگریام. گوێم لێبوو باوکم گوتی حەزت لە چییە بۆت بکڕم؟ یەکسەر گوتم تۆپێکی سێ پەنجاییم بۆ بکڕە چاک ئەبمەوە. باوکم هەر ئەو ساتە چووە بازاڕەکەی ڕەحیماوە و تۆپێکی بۆ کڕیم و منیش هەر ئەو عەسرە لەناو حەوشە کەوتمە یاریکردن.
یەکێک لە بەدبەختییەکانی خێزانی هەژار ئەوەیە کە منداڵەکانی بزێو و هار و چەقاوەسوون. ئاشکراشە بۆیە وایە چونکە ئەو منداڵانە هیچ هۆکارێکی سەرگەرمکردنیان نییە و دیارە پەروەردەش ڕۆڵی خۆی هەیە. جێژنان (ڕۆژانی جەژن) کە ئەچووم بۆ سەیرانەکەی ڕەحیماوە، هەر ئەوەندە پارەم پێبوو کە بەشی سواربوونی جۆلانەیەک و پاسکیل بەکرێ گرتنێک دەبوو. ئاخر بە دە فلس و پانزە فلس چلۆن بتوانم ڕۆژێک تەواو بگوزەرێنم. بۆیە هەر دوای سەعاتی یەکەم فلسم پێ نەدەما و ناچار دەچوومەوە بۆ ماڵ و داوای پارەم لە دایکم دەکرد. نەک هەر ڕۆژانی جەژن، بگرە ڕۆژانی ئاساییش من هەرگرفتی پارە لە گیرفان نەبوونم هەر هەبووە و هەفتەی چەندجار یەخەی دایکم گرتووە و ئەویش پارەی نەبووە بمداتێ. منیش بێئاگا لەو دۆخە ئابوورییەی کە هەمان بوو دەرگاکەی ماڵم دەدایە بەر بەرد تا هیلاک دەبووم. بۆ ئێوارەش کە باوکم دەهاتەوە شکاتێکی باشیان لێم دەکرد و زۆربەی جارەکانیش خۆم دەدزییەوە و لێدانم نەدەخوارد. زۆرجاریش بە گوللان یان هەڵماتێن یان کەلایانێ ئەو پێنج فلسە یان دە فلسەم کە دەدرایێ، دەدۆڕاند و قەوانی داوای پارە و دەرگا کووتینەکەم دەستی پێدەکردەوە. ئەو یارییانەی لەو سەردەمە دەکرا بریتیبوون لە یاری چقوور و فلیمێن و رەسمێن و مزراحێن و چاوشارکێ و کێل و بەردان

و هەلوكێن و گولان و قەرە قەرە و پامسۆ و توپێن و ..تاد. بەڵام سێبەری پەروەردەیەکی ناتەندروست هەمیشە بەسەر کردارەکانمانەوە بوو. ئێمەی منداڵ نەماندەزانی و گەورەکانیش بەپێی پێویست فێریان نەکردین کە ئەو خووە خراپانە واز لێبێنین و بەرەو ڕێگایەکی ترمان ئاراستە بکەن. دیارە دایک و باوکیش هەر ئەوەندەیان لێدەزانی و خۆشیان قوربانی سیستەمەکە و دۆخەکە بوون. خوویەکی تریش فێر بووبووین ئەوەبوو کە هەندێ ماڵ جەرەسیان هەبوو دەچووین جەرەسێکمان لێدەدا و ڕامان دەکرد و خۆمان دەشاردەوە. ڕۆژ نەبوو دەیانجار بە عەموودی کارەبای کۆڵانەکەمان هەڵنەگژێم. چەندین جاریش بە دارلاستیک گڵۆپەکانم شکاندووە. دەیانجار بە دارلاستیک لە چۆلەکەم داوە و یەکسەر ملیم هەڵکێشاوە و ئینجا داوام لە دایکم یان خوشکێکم کردووە بۆم ببرژێنێت. لە هەمووی ناخۆشتر ڕەنگە سەدان بۆق و بەچکە بۆقم کوشتبێ کە بەداخەوە گەلێ پەشیمان لەم کارە بێمانایانە. بەهەرحاڵ لەسەر ئەم بزێوییەم لێدانم خواردووە چ لەسەر دەستی باوک یان دایک یان برا گەورە. جارێکیان لەگەڵ شەهید پاڵە (یادی بەخێر) لەناو ژوورە زیادەکەی ماڵی ئەوان کە دوو سێ کوولەکە زەردەی گەورەیان لە ژوورە هەبوو. شەقمان لە تۆپ هەڵئەدا. بۆ نەگبەتیم من شەقێکم لە تۆپەکە دا. تۆپ دای لە کوولەکەکە و گەڕایەوە بۆ پەنجەرەکە و شووشەی پەنجەرەکە شکا. دایکی شەهید پاڵە شکاتی لێم کرد و ئەو نیوەڕۆیە لێدانێکی مزرم بەدەستی دایکم خوارد. دەیەها جاریش لەگەڵ منالی کۆڵان دەچووینە کارگەی بسکیتەکەی کەریم برای حاجی موتعیب لەوبەر جادەی گشتی کەرکووک - هەولێر لە تەنیشت کارگەی کاشییەکەی حاجی موتعیب برایەوە بوو، فرسەتمان وەردەگرت و مەقەبایەک بسکیتمان دەڕفاند و دوایی دەمانخوارد. جارێکیان دایکم و باوکم لەبەر دەرگا دانیشتبوون و منیش لە تەنیشتیانەوە وەستابووم. ژنێکی ناسیاو هات و سەلامی لە دایک و باوکم کرد، منیش گوتم (چۆنی باشی ئەحواڵەکەت... مشکێک چووە ناو شەڕواڵەکەت) و ئینجا هەڵاتم و دوور کەوتمەوە. ژنەکەش گوتی (نەوەڵا مشکێک چووەتە ناو

شەڕواڵەکەی دایکت). باوکم هەستا بۆم تا بمگرێت و لێمبدات، بەس من خێراتر تێم قووچاند و فریای خۆم کەوتم و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە نەموێرا بێمەوە بۆ ماڵ. ئیتر دایکم و باوکم خەجاڵەت بوون و گەلێ داوای لێبووردنیان لێکردبوو. کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ کە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، کۆنە چەقۆیەک کە دەسکەکەی شکابوو و ماڵەوە فڕێیان دابوو، هەڵم گرتبووەوە و بە لاستیک دەسکم بۆ کردبوو و چاڵی گوولانم پێی دروست دەکرد. ڕۆژێکیان کات گەیشتە سەعات یانزە و مناڵەکانی هاورێم بانگکرانەوە بۆ ماڵەوە تا خۆیان ئامادە بکەن و بچن بۆ قوتابخانە، دایکم بانگی منی کرد تا بچمەوە نان بخۆم و بچم بۆ قوتابخانە، منیش بە دایکم گوت دایە حەزم لە قوتابخانە نییە و نامەوێت بچم بۆ قوتابخانە. دایکم لێم تووڕە بوو و گوتی شتی وا نییە دەبێت  بچیت و دەنا ئێوارە بە باوکت ئەڵێم دارکارییەکی باشت بکات. منیش لەترسی دارکارییەکە ملم دا و چووم بۆ قوتابخانە. زۆرجار بیر دەکەمەوە و دەڵێم ئەگەر ئەو ڕۆژە دایکم بە جیددی هەڕەشەی لێم نەکردایە و ترسی باوکم نەبووایە، ڕەنگە وازم لە قوتابخانە بهێنایە و ئێستا کورێکی تر یان کەسێکی ترم لێ دەرچووبایە زۆر جیاواز لەم مەشخەڵەی کە هەیە.

لە خێزانەکەمان من دوا منداڵ بووم. واتا پاشەبەرە بووم و لەهەمان کاتیشدا کوڕ بووم، زیاتر جێگای بایەخی باوکم و دایکم بووم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی پەروەردەکردنەکەیان بە جۆرێک بوو دەیان ویست کوڕەکەیان ڕێک وەک مەستەرە بێت. ئەوەش مەحاڵ بوو. من ئینێرژییەکی زۆرم هەبوو و بەردەوام دەجولامەوە. نەگبەتیشم لەوەدا بوو هەرچۆنێک دەجوولامەوە یان پەرداخێکم ئەشکاند، یان سوراحییەک ئاوم دەڕژاند، یان چایەکم قلّپ دەکردەوە. بەرخوردی خێزانەکەمان بریتبوو لە پەروەردەیەکی سەقەت و ناتەندروست. باوک لە سبەینێوە تا ئێوارە لە کرێکاریی بوو و دایکیش نەخوێندەوار و خاوەن بڕێک مناڵ هەر ئەوەندە فریا دەکەوت. بۆیە پەروەردەکە بە زۆری بریتی بوو لە (مەکە! دابنیشە! ئاقڵ بە! تا دەگاتە پیاکێشان و لێدان). بیرمە مێوانمان هاتووە

مەرجیان لەگەڵ کردووم پێنج دەقە دابنیشم و نەجووڵێم، پێنج دیناری ئەو سەردەمەم بدەنێ و دۆڕاوم. بێجامەکانم هەمیشە هەر ئەوەندەیان خۆش بوو تا تازە بوون، هەفتەی دووەم سەرچۆکەکانم دڕابوون. جارێکیان دایکم بێجامەیەکی دایەلینی[9] خەت خەتی بۆم کڕی. دوای هەفتەیەک سەرچۆکێکی دڕا. خوشکە گەورەکەشم دوای هەندێ پرتە و بۆڵە بۆی دووریمەوە. بۆ بەیانی دیسان هەڵوەشایەوە و دیسان دوورییانەوە و بۆ ڕۆژی پاشتر هەر بە هەمان شێوە. دیارە وەزعی ئابووری خێزانەکەمان و هەژارییەکەمان ئەو دۆخە تراژیدیایەی دروست کردبوو بەڵام نەخوێندەواری و نەزانینی شێوازی پەروەردەی دروستیش هۆکارێکی تر بوو. بە تەبیعەت حەزم لە تۆپێن بوو کەچی من سزا دەدرام لەسەری. مەلەوانیم دەکرد لێدانم دەخوارد لەسەری. کاتێ هاتمە کەنەدا لە ساڵی ١٩٩٥ و بینیم چۆن خێزانەکانی ئێرە ڕاهێنەری تایبەت دەگرن بۆ منداڵەکانیان و پارەیەکی باش سەرف دەکەن تا فێری تۆپێن و مەلەوان و مۆسیقا و وێنەکێشان و سەما بن، گریانم بۆ منداڵیی خۆم دەهات. ئاخر سەیارەمان بە تێل دروست دەکرد، بە کۆنە ڕینگێکی پاسکیل یاریم دەکرد، بە هەفتە بە پارچە ئاسنێک لە بەردمان دەدا تا خڕمان دەکرد و دەمانکردە گووللەبەرد، لە قەفەسی مریشک تیر و کەوانمان دروست دەکرد و سەری تیرەکەمان بە سیفۆنی بیبسی توونند دەکرد، دارلاستیکێکم کردبوو و هەندێکجار وەک ملوانکە دەمکردە مل. قاڵماسینگم هەبوو بۆ شەڕە گەڕەک کە زۆرجار یان لەگەڵ گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا یان گەڕەکی ئازادی شەڕمان دەکرد. پیکاب نەمابوو خۆمی پێوە هەڵنەواسم. جارێکیان خۆم بە پیکابێکەوە گرت و هێند بە خێرایی ڕۆیی نەموێرا خۆم فڕێ بدەم ناچار نزیک سەیتەرەکەی کەرکووک هەولێر هێواشی کردەوە و خۆم فڕێدا. دەیانجار شەڕم کردووە و لێم دراوە و لە خەڵکم داوە. دەیانجار

---

[9] دایەلین جۆرە قوماشێک بوو کە زۆربەی پێکهاتەکەی نایلۆن بوو. لە قوماشی لۆکە زیاتر بەرگەی دەگرت و بەشووشتنیش نە کاڵ دەبۆوە و نە هەڵدەکشا.

قۆڵی خۆمان فش کردۆتەوە چووینەتە سەر یاری منداڵانی تر و گوتومانە ( یان ئۆینەرەم یان زیفلەرەم)[10]. بە کورتی ئەوەی منداڵێکی گەڕەکێکی هەژانشین دەبێ لێی بەهرەمەند بێ، منیش هەمبوو. لەم کەشوهەوایە سروشتییە منداڵێکی وەک من ئەگەر خۆی کۆمەک خۆی نەکات، یان کۆمەک نەکرێ ڕەنگە لە داهاتوو کەسێکی سوودمەندی لێ دەرنەچێت. یانیش پڕ بە پێستی هەژاریی و نەداریی خانەوادەکەی بە هەڵوێست و شۆڕشگێر دەردەچێت.
لەو ماوەیە واتە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ جگە لەوەی هەڕەشەی جیددیم لێکرا کە نابێت واز لە خوێندن بێنم، بەڵام دەمبینی باوکم بەو تەمەنەی خۆیەوە زەحمەت دەکێشێ و هەموو ڕۆژێک دەچێت بۆ شەریکە و ئیش دەکات و پارەکەی ئەوەندە کەمە بەشی هیچ ناکات. ئەموت بۆ باوکم گەنج نییە؟ بۆ باوکم دەوڵەمەند نییە؟ بۆ خانووی گەورە و جوانمان نییە؟ ئەی بۆ ئۆتۆمبێلمان نییە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانە بوون لە مێشکی منی منداڵدا دەهاتن و دەچوون. کاتێک ئەو پرسیارانەم لە باوکم دەکرد وەڵامەکەی ئەوەبوو (کوڕم ئەوە بەش و ڕزقی خوایە و خوا ئەوەندەی داوە پێمان و دەبێ شوکور بین و نابێت کفر بکەین). منیش بەو وەڵامە بێدەنگ دەبووم و لە دڵیشەوە هەر خۆم دەخواردەوە و دەموت بەس گەورە بم دەبێ یارمەتی باوکم بدەم و هەموو شتێکی بۆ بکەم. لە ساڵی ١٩٧٤ پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی سەرکەوتن مامۆستا غەفوور کە مامۆستای وەرزش بوو لە قوتابیانی قۆناغە جیاوازەکان ژمارەیەک قوتابی هەڵبژارد بۆ (ئەلعاب سویدی)[11]. منیش یەکێک بووم لەو قوتابیانەی بەشداری ئەو ئەلعاب سویدییە بووم. مەشق و ڕاهێنانی زۆرمان کرد و بەشداری فیستیڤاڵی ساڵمان کرد لە گۆڕەپانی ئیدارەی خۆجێیی کەرکووک. هەر بەشداربوویەک جووتێ کاڵای سپی و شۆرتێک و فانیلەیەک و کڵاوێک و جووتێ

[10] ئیدیۆمێکی تورکمانییە و مانای ئەوەیە یان یاری ئەکەم یان تێکی ئەدەم.
[11] ئەلعاب سویدی یان یارییە سویدییەکان بریتییە لە مەشقی ماسوولکەکانی لەش تا زۆرترین بالانس و لەش ڕێکی بەدەست بێت.

گۆرەوی سپییان داینێ. هەرچەند براوە نەبووین، بەڵام ئەزموونێکی خۆش بوو. یەکەمجارم بوو بە جیددی بەشداری فیستیڤاڵ بکەم و قوتابیانی قوتابخانە جیاوازەکان ببینم کە هەموو بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە هاتبوون بۆ ئەو فیستیڤاڵە. ئەم فیستیڤاڵە کاریگەری هەبوو لەسەرم و بڕێک هۆشی کردمەوە. بەر لەوەش پێمخۆشە ئاماژە بە ڕووداوێک بکەم کە دوایی ئەم ڕووداوە دەبێتە کلیلی ڕزگاری من و براکەشم.

لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو حکومەتی بەعس لەڕێگەی شارەوانی کەرکووکەوە بڕیاریدا گەڕەکانی شار قیرتاو بکەن. گەڕەکی ڕەحیماوەش بەر ئەم بڕیارە کەوت و لەبەر ئەوەی کۆڵانی ئێمە یەکەمین کۆڵان بوو لەسەر بازاڕەکەوە هەر زوو دەستیان بە ئیش کرد. ڕۆژانە بلدۆزەرێک دەهات و کەشافێکی شارەوانی (سەید یونس)ی لەگەڵ بوو. سایەق بلدۆزەرەکە سەر بە نەتەوەی عەرەب بوو و کەشافەکەش مام سەید یونس، کورد بوو. ڕۆژێکیان لە کۆڵانەکەی ئێمە بلدۆزەرەکە ئیشی دەکرد و دەمەونیوەڕۆ بوو باوکم لە ئیش نەبوو. میوانمان هەبوو. باوکم میوانەکەی بەڕێکرد بۆ سەرجادەی گشتی کەرکووک - هەولێر، لەگەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بینی سایەق بلدۆزەرەکە و کەشافەکە شوتییەکیان کڕیوە و وا لەپەنای دیواری شەریکەی ئەفریقییەکە لەبەر ئەو هەتاوە و لەناو ئەو خۆڵ و تۆزە دانیشتوون و شامی (شووتی یان شفتی) ئەخۆن. باوکیشم وەک ئینسانییەت خوڵقی کردن بێنە ماڵەوە و دابنیشن و بە ئیستراحەت نان بخۆن. ئەوانیش زۆر مەمنوون بوون و گوتیان نا سوپاس، پێویست ناکات حیساب بکە هاتووین. ئینجا باوکم هەستا تاسێک ماستاوی سارد لەگەڵ سینییەک سەوزە و هەندێ خواردنی نایە سەری و بە براکەم ناردی بۆیان. ئیتر سایەق بلدۆزەرەکە و کەشافەکە نان و سەوزە و ماستاوەکەیان خوارد و سینییەکە و تاسەی ماستاوەکە و پەرداخەکانیان هێنایەوە و گەلێ مەمنوون بوون. ئیتر تا ئەو ماوەیە کە لە کۆڵانی ئێمە ئیشیان کرد، ڕۆژانە سایەق بلدۆزەرەکە سڵاوی لە باوک و دایکم دەکرد و دەیگوت دایە و باوە

چۆنن؟ وەزعتان چۆنە؟ تا ئاخیر ڕۆژ کە تەواو بوون سایەق بلدۆزەرەکە هات و خواحافیزی لە باوکم و دایکم کرد و دیسانەوە گەلێ سوپاسگوزار بوو گوتی من عەشایەرم و خەڵکی تکریتم و ناوم فازڵە و ئەو ژمارە تەلەفۆنەتان با لا بێت ئەگەر هەر ئیشێکتان هەبوو لە حکومەت پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنە بکەن کە ناوی موفیدە و کوڕ خاڵۆمە و برای خێزانەکەمە و لەڕێگەی ئەوەوە من ئەدۆزنەوە و  ئیتر خەمتان نەبێ. باوکیشم ژمارەکەی وەرگرت و ناونیشانی ماڵی موفیدی وەرگرت و گوتی کوڕم من خۆم بە پیاو ئەزانم و پێم جوان نەبوو ئێوە لەبەر ئەو هەتاوە و لەناو ئەو خۆڵە دابیشن و نان بخۆن، من هیچم نەکردووە تەنها نانێکی سادەم پێدان. سایەق بلدۆزەرەکە گوتی ئەو نانە سادەیە بۆ من زۆرە و بایەخی بەرخێک زیاتری هەیە لام. تکایە باوە هەر ئیشێکت هەبوو من کوڕی تۆم بەس ئاگادارم بکەرەوە لە خزمەتت دەبم. ئیتر کابرا ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت. وەختێ ڕۆیشت باوکم گوتی تەماشا ئەم کابرا عەرەبە ئەو نانە سادەیەی بە هەند وەرگرت و پێدەچێت نەجیبزادە بێت. ئیتر کابرا ڕۆیشت و ونبوو.

ماوەیەکی پێچوو باوکم ئەو سایەقەی هەر لە بیریش نەما. ئیتر غەمی ژیان بەجۆرێک بوو و ڕووداوەکان زۆر خێرا نەبوون. چونکە ماوەی نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ شتێکی وا پێش نەهات شایانی باس بێت. تا ئازاری ١٩٧٤ کە ڕێکەوتنی نێوان پارتی و حکومەت بۆ ئۆتۆنۆمی کۆتایی هات و حیزبی بەعسیش ئەو چوار ساڵە هەناسەیەکی هاتبووەوە بەر و خۆی و دەسەڵاتی و سوپاکەی ڕێکخست بوو و خۆیان ئامادە کردبوو بۆ شەڕ. ئەوە بوو بە فیعلیش شەڕ لە نێوان حکومەتی بەعس لەلایەک و هێزی چەکداری کورد لەلایەکی تر دەستی پێکردەوە. ئەو ماوەیە کە کاکم سەرباز بوو و لە شیوەسوور ماوەی دوو مانگ نەهاتەوە و دڵمان هەر لای بوو. دواجار ڕۆژێک هاتەوە و لە دوورەوە دایکم و خوشکەکانم بەرەو پیری چوون و من نەچووم چونکە جلوبەرگی ئەلعاب سویدیم لەبەر بوو. پرسیان بۆ بەرەو پیری براکەم نەچووم؟ وەڵامی من ئەوە بوو: ئاخر کاڵاکانم

پیس ئەبوون. ئەوانیش ئەم قسەیەیان لێکردم بە نوکتە. لە ئازار و نیسانی ١٩٧٤ شەریکەی نەوتی کەرکووک باوکمیان بە زۆر خانەنشین کرد. ئەم خانەنشین کردنە زۆرەملێیە زۆر مایەی دڵخۆشی باوکم نەبوو. لەبەر ئەوەی یەکەم بڕی پارەی خانەنشینەکەی زۆر زۆر کەم بوو. دووەمیش ئەمە پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب بوو لە شاری کەرکووک، کە زۆربەی کرێکارە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی ٥٥ ساڵییەوە بوو خانەنشین کران و ئەوانەشی لەژێر ئەو تەمەنەوە بوون، گواسترانەوە بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و چەمچەماڵ. خەمی خانەنشینی باوکم لەلایەک و هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی چەکداریی کوردستان لەلایەکی تر، ئەتمۆسفیرێکی نیگەرانی و ترسی هێنابووە ئاراوە. لە یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٤، کە شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی چەکداری کوردستان دەستی پێکردەوە، خەڵکێکی زۆر ئەوەی دەستی تفەنگی دەگرت چوونە دەرەوە و پەیوەست بوون بە بزووتنەوەی چەکداری کوردستان کە ناویان نابوو شۆڕش. لە ئەو سەردەمە براکەم سەرباز بوو لە سوپای عێراق. بۆ ماوەی دوو مانگێک لە ناوچەی شوان بوو. ڕۆژێکیان لەگەڵ سێ سەربازی تردا کە هەموو کورد بوون ڕێک دەکەون کە شەوێکیان سەیارەکانیان بسووتێنن و چەکەکانیان بەرن و بچنە ناو پێشمەرگە. بەر لەسەعاتی سفر یەکێکیان پەشیمان دەبێتەوە و سێ کەسەکەی تر واتە براکەم و دوانیتر دەگیرێن و دەبردرێن بۆ موخابەراتی عەسکەری لە کەرکووک. ئەم هەواڵە ناخۆشە کەشی ماڵی ئێمەی گۆڕی بە پرسە و دایک و باوکم ئۆقرەیان لێبڕا. نەیان دەزانی چی بکەن وسەر بۆ کوێ هەڵگرن. جێگەیەک نەبوو ڕووی تێبکەن و کەسێک نەبوو هانای بۆ بەرن. نزیک دوو هەفتە دەبوو کە براکەم گیرابوو، باوکم دوای هەوڵێکی زۆر پێیگوترا کە کوڕەکەی لە موخابەراتی عەسکەری گیراوە و تێکدەرە و چاوەڕێی دادگای سەربازییە. ئیتر ئەوەی خۆشی و پێکەنین بوو لە ماڵی ئێمە نەمابوو. ڕۆژێکیان دانیشتبووین باوکم هەر بیری دەکردەوە چی بکات، هاتەوە بیری کە ئەو

شوفێری بلدۆزەرە عەرەبە گوتی هەر ئیشێکت هەبوو ئاگادارم بکەرەوە و لە خزمەتدا دەبم، ئیتر باوکم بڕیاریدا بچێت بەدوای ئەو کەسە بەڵکو بتوانێ یارمەتییەکمان بدات و لانی کەم لەسێدارە نەدرێت. بە ژمارە تەلەفۆنەکە قسەی لەگەڵ موفیدی کوڕە خاڵی کرد و موفید گوتی سبەی وەرە بۆ لام و من ئەتبەم بۆ لای فازل. بۆ سبەینێکەی باوکم و عەریف سمایلی ئامۆزام کە سەرباز بوو و منیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد و چووین بۆ لای موفید و لەوێشەوە شوفێری بلدۆزەرەکەیان دۆزییەوە. دوای ئەوەی باوکم حیکایەتەکەی بۆ باس کرد، بە باوکمی گوت خەمت نەبێ باوە من هەوڵ ئەدەم بەری بدەم. ئیتر باوکم ڕووی گەشایەوە. هەر لەوێ نامەیەکی نووسی و دایە دەست عەریف سمایلی ئامۆزام و گوتی بڕۆ بۆ فەیلەق و بیدەرە دەست ئامر فەیلەق. ئیتر عەریف سمایل نامەی برد و ڕۆیی و کاتێک هاتەوە بۆی گێڕاینەوە و گوتی سەرەتا ترسام چۆن منی عەریفێک بگەمە لای ئامر فەیلەق و ئەی ئەگەر تووشی گێچەڵێکیان کردم، چی بکەم؟ بەهەرحاڵ چووم و گوتم هاتووم چاوم بە ئامر بکەوێت و نامەی تایبەتم پێیە بۆی. گوتی دوای سەعاتێک ئامر وتی بانگی بکەن. عەریف گوتی: چوومە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد

- ها کوڕم چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟
- قوربان نامەیەکم پێیە بۆ بەڕێزتان.

کە نامەکەم داپێی و خوێندییەوە، پەیوەندی کرد بە موخابەراتی عەسکەری و ئینجا پێیگوتم بەسەر سەر و سەرچاو ئەم کوڕەتان گەرچی پەروەندەکەی زۆر مەترسیدارە بەڵام ئەم هەفتەیە بەری ئەدەین. کاتێک عەریف سمایل ئەو خەبەرە خۆشەی پێداین ئاهێکمان هاتەوە بەر. بە فیعلیش هەفتەیەکی نەبرد براکەمیان هەر بە قات و پێجامەوە لە زیندانی موخابەراتی عەسکەری بەردا. باوکم بۆ ڕۆژی دوایی چووە لای ئەو فازڵە و سوپاسی کرد و پێیگوت ئەو نامەیە چیبوو وا کوڕەکەمیان یەکسەر بەردا؟ ئەویش وتبووی باوە ئامر فەیلەق ئامۆزامە و بەرپرسی موخابەراتی سەربازی کەرکووکیش خزممە. ئەوان جگە لە خزمایەتی

هاوڕێشمن. هەرچی بڵێم ڕەتکردنەوەی نییە. تۆ کاتی خۆی ڕێزت لێناوم و من تا مردن لەبیرم ناچێت. ئەوە بوو دوو سێ ڕۆژ ماڵمان ئەتگوت ئاهەنگی تێدایە و لە خۆشیا نەماندەزانی چیبکەین. بەڵام ئەم خۆشییە لە هەفتەیەک زیاتری نەخایاند و کاکم لەبری چوونەوە بۆ وەحدەی عەسکەری چوو پەیوەست بوو بە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

دوای ئەم پەیوەستبوونەی براکەم، ئیتر ماڵی ئێمە دۆخێکی نائارامی تێکەوت. ماوەیەک خۆمان مات کرد گوایە حکومەت نازانێ. ئەوە بوو زمانیان لێداین و حکومەتی بەعس بە پەیوەستبوونەکەی براکەمی زانی و کار لەکار ترازا. سەرەتا باوکم کە ئەمە بۆ جاری سێیەم بوو ماڵوحاڵی لێ تێک بچێت (جاری یەکەم سەردەمی حەرەس قەومییەکە بوو لە ساڵی ١٩٦٣. دووەمجار سەردەمی هێرشەکەی جەلالییەکان بوو بۆسەر ماڵمان لە ساڵی ١٩٦٧ و ئەوەش ساڵی ١٩٧٤). باوکم خێرا دایکم و خوشکەکانمی برد بۆ هەولێر و ئینجا هاتەوە ئەو ماڵەی هەمان بوو هەر پارچەیەک و بوزگوڕێکمان کەوتە شوێنێک. دوو خوشکم یادیان بەخێر کە ئەوکات ماڵیان لە ڕەحیماوە بوون، زۆر چاپووک و ئازا بوون لە یارمەتیدان بۆ گواستنەوەی ئەو ماڵەوە بۆ شوێنە جیاجیاکان. باوکم یەک دوو دۆشەک و هەندێ وردە شتی خستە سەیارەیەکەوە و بردی بۆ هەولێر. خانووەکەمان دەستی بەسەردا گیرا و سێ ماڵە جاشی عەلی بەیانیی هاتنە ناوی. لە شاری هەولێر بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە چووینە گەڕەکی سەیداوە و لە ماڵی کاک سێودینی ناسیاومان بووین. دواتر ئامۆزایەکی باوکم (حاجی پیرداود) خانوویەکی قووڕی هەبوو لە گەڕەکی بەلاشاوە کە گەڕەکێکی حاشیەی شاری هەولێر و نزیک بوو لە گوندی باداوە و لەو خانووە قوڕە جێگیر بووین. تا بڵێی هەژار و دەستکورت بووین.

باوکم هەوڵیدا لە قوتابخانەکە بمگوازێتەوە. ئەوە بوو چووینە قوتابخانەی بڵێسەی سەرەتایی کوڕان لە سێتاقان نزیک گەڕەکی گڵکەند سەر جادەی شەست مەتری. لەو مەدرەسەیە دوو دەوامی تریشی تیا بوو کە قوتابخانەی بێتوش و

کامەران بوون. باوکم بە بەڕێوەبەرەکەی تێگەیاند بەمزوانە بڕوانامەکەی لە کەرکووکەوە دێنین بۆت. لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دانرام. ماڵمان و قوتابخانە دوور بوون و هەموو ڕۆژێک بە پێیان دەچووم بۆ قوتابخانە. هەرچی جارێکیش بەستەکەی گڵکەند بهاتایە و ئاوی زۆر بووایە ڕێگەکەم دوورتر دەکەوتەوە و دەبوایە بچوومایە سەر شەست مەتری و ئینجا پێچم بکردایەتەوە بەرەو قوتابخانە. دونیا زستان بوو و هەموو جێیەک قوڕ و لیتە بوو. چەتریشم نەبوو. ڕۆژێکیان ژنێک پێی گوتم کوڕیژکۆکە. منیش چوومەوە ماڵ و گوتم دایە بوریژکۆکە چییە؟ ئەویش پێکەنی و وەڵامی دامەوە کوڕم کوڕیژکۆکە نەک بوریژکۆکە. ئەو نۆ مانگەی هەولێر تەواو شێوازی قسەکردنم گۆڕا و بوو بە شێوازی قسەکردنی هەولێریی. ماڵێکی ناسیاومان هەبوو مامۆستا عەبدوڵایان پێدەگوت کە ئەوکات لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو. جاروبار دەهاتە ماڵمان و قسە و باسمان دەکرد و باسی مەکتەبمان دەکرد. ماڵێکی تریش هەبوو لەخوار ماڵی ئێمەوە بوون دوو کوڕیان هەبوو زۆر لە من گەورەتر بوون، بیرمە گۆڤاری پەروەردە و زانستم لای ئەوان بینی دەیانخوێندەوە. ئەویش باسی ئەدەب و شیعری دەکرد. ئەو ڕیزە جووت عاموودانەی کە ئێستا لەناو جەرگەی شاری هەولێرن، ئەوکات زۆر لە ماڵەکانی بەلاشاوەوە دوور بوون تەنانەت کە دەچووم بۆ ئەو دەشتە بۆ خوێندن دایکم دەیگوت لەو جووت عامودانە واوەتر نەڕۆی. زۆرجاریش دەچوومە قەبرسانەکەی باداوە و نووسینەکانی سەر کێلەکانم دەخوێندەوە. لە مەدرەسەش بەردەوام بەڕێوەبەرەکە فشاری لەسەرم دادەنا و دەیپرسی کوا بڕوانامەکەت؟ تا ڕۆژێکیان بەیانی زوو پێش چوونە پۆلەوە لە ئیستیفاف لەناو هەموو قوتابییەکان بانگی کردم و پرسی:

- کوا بڕوانامەکەت، بۆ نەتهێناوە؟
- مامۆستا هێشتا نەیان ناردووە.
- نا تۆ درۆ دەکەی بڕۆ تا بڕوانامەکەت نەهێنیت نەیەیتەوە.

منیش بە گریان چوومەوە ماڵ و مەسەلەکەم بۆ باوکم گێرایەوە. باوکیشم بەردەوام بە عەریف سمایلی ئامۆزای دەگوت بچێت بۆ قوتابخانەی سەرکەوتن تا بڕوانامەکەم بۆ وەربگرێت و ئەو ساڵەم نەفەوتێ. بەڕێوەبەرەکەی قوتابخانەی سەرکەوتن بیانووی گرتبوو دەیگوت دەبێ قوتابییەکە خۆی بێت ئینجا بڕوانامەکەی دەدەمێ. تا ڕۆژێکیان عەریف سمایل لە مودیرەکە تووڕە دەبێ و دەڵێ (مامۆستا زروفێکی تایبەت وای لێکردووین موحتاجی تۆ بین ئەگینا زروف بە نەوعێک بسووڕێ دەبێ سەدی وەکو تۆ مەجبووری بەردەرگای باوکی ئەو قوتابییە بن کە بهێڵێ لەم قوتابخانەیە دەوام بکەن) ئەم قسەیەی عەریف سمایل، مودیری تاساندبوو و یەکسەر بڕوانامەکەی دابوو پێی. ئەوەبوو بڕوانامەکەم هات و بردم بۆ قوتابخانە و دامە دەست بەڕێوەبەر. بەر لەوەش مامۆستایەکی ناسیاومان هەبوو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمی دەناسی و باوکم حیکایەتەکەی بۆ گێرابۆوە، ئەویش گلەیی لە بەڕێوەبەر کردبوو. ئینجا بەڕێوەبەر باسی کردبو کە نەیزانیوە برای پێشمەرگەیە و ئێمەش دەنگمان نەکردووە ئەگینا چۆن کاری وای دەکرد. بەهەرحاڵ من کەوتمە دەوامی ئاسایی خۆم. شانمان دایە بەر ئەو ژیانە قورسە.

پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە هەولێر بووم، جگە لەوەی ترسمان هەبوو، ئاوارە بووین، هەژار بووین، بەڵام باوکم باوەڕی بە مەسەلەی نەتەوایەتی زۆر بەهێز بوو و هەموو ئێوارانیش کە بەدیار شڕە ڕادیۆیەکەوە دادەنیشتین و گوێمان لە ئێزگەی شۆڕش دەگرت، دەمبینی باوکم لەگەڵ شەڕ و چالاکییەکان ڕووی دەگەشایەوە. باوکم خاوەن هەڵوێست بوو و ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر بیروباوەڕەکەی بکات. لە ڕادیۆی شۆڕش کە بە (ئێزگەکەی سەرەوە) ناسرابوو، گوێمان لە هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و چالاکییە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە دەگرت و هەروەها گوێبیستی بەرنامەکەی (خوشکە گەزیزە) و سروودەکانی هونەرمەندان خالید دلێر و فوئاد ئەحمد و

زۆر هونەرمەندی تر دەبووین کە خەڵک و پێشمەرگەیان جۆش دەدا. ئەو ساڵە لە هەولێر سێ ئاڵوگۆڕی گەورەم بەسەردا هات.
یەک: شێوەی قسەکردنم گۆڕا و بەشێوازی هەولێرییانە قسەم دەکرد و ئەو وشانەم بەکار دەبرد کە لەباژێڕی هەولێر بەکاردەبران.
دوو: جلوبەرگەکەم گۆڕدرا و بوو بە جلی کوردی.
سێ: هەستم بۆ کوردایەتی زیادی کرد و باوکم فێری کردم کوردایەتی هەقە و حکومەتی عێراق دوژمنمانە.
ڕۆژێکیان کۆبوونەی باوکان بوو لە قوتابخانەی بلێسەی سەرەتایی. باوکم ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو. من هەڵبژێردرابووم لەو کۆبوونەوەیە شیعر بخوێنمەوە. بیرم نەماوە چ شیعرێکم خوێندەوە بەس ئەوەندە دەزانم شیعرەکە سیاسی بوو. ئەوە بوو دوای ئەوەی شیعرەکەم خوێندەوە ئامادەبووان کە ژمارەیەکی زۆری باوکان و مامۆستاکان بوون، چەپڵەیەکی زۆریان بۆم لێدا. باوکم لە خۆشیانا خەریک بوو باڵ بگرێ و مقومۆ کەوتبووە ناو باوکان کە ئەو کوڕە کوڕی کێیە؟ باوکیشم بە شانازییەوە گوتبووی ئەوە کوڕی منە. کە باوکم ئەوەی بۆ گێڕامەوە زانیم کە باوکم بۆ یەکەمجارە لە ژیانیدا شانازیم پێوە بکات. بەو عەقڵە بچووکەی ئەوسام تێگەیشتم کە شیعر و ئەدەب و سیاسەت خۆشەویستت دەکات و دەتکاتە جێی شانازی.
لەو ساڵانە چاوم تووشی تەراخوما ببوو. مامۆستاکان هەموو ڕۆژێک مەرهەمیان دەهێنا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە دابینکرابوو، دەیانکردە چاوی من و چەند قوتابییەکی تر. جگە لەمەش لەو ساڵانە گەلێجار شیر و خواردنیان بەسەر قوتابییەکاندا دابەش دەکرد و ساڵانەش کراسێکیان دەکردە دیاری بۆ قوتابییە هەژارەکان، یانیش جاروبار قەڵەمێکی ڕەنگ بۆ نیگارکێشان یان کتێبک دەبووە خەڵاتی قوتابییە زیرەکەکان. بەهەرحاڵ زۆری نەخایاند هەرەس هات و ئەو خرۆشانە چەکدارییە گەورەیەی کوردستان

هەرەسی هێنا.[12] ڕێککەوتنامەی جەزائیر پشتی ئەو بزووتنەوەیەی شکاند و ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە لەیەکەم سەعاتەوە ئاڵای سپییان بەرز کردەوە و تەسلیم بوون. ئەمە ئیتر شۆکێکی گەورە بوو بۆ خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە. ئەوەبوو حیکایەتی خۆکوشتنی دەیان پێشمەرگەی دڵسۆزمان بیست، حیکایەتی شاردنەوەی چەک و تەقەمەنیمان بیست بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ داهاتوو. تەنانەت حیکایەتی ئەوەمان بیست کە پێشمەرگەکان لوولەی برنەوەکانیان پڕ لە قووم دەکرد و دەیان تەقاند و لوولەکەش دەتەقی و چەکەکە کەڵکی بەکارهێنانی نەدەما، تەنها بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق سوودمەند نەبێ لەو چەکانە. ئەو سەردەمە پێشمەرگەکان کە خۆیان تەسلیم دەکردەوە پێیانیان دەگوت گەڕاوەکان (عائدون).[13] کاتێ چەکەکانیان تەسلیم بە حکومەتی عێراق دەکرد، برێ پارەیان لەبری چەکەکانیان وەردەگرت. ئای چ ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو بەتایبەتیش بۆ ئێمە کە خانوومان دەستی بەسەردا گیرا وماڵمان لێ تێکچووبوو. براکەشم وەکو ئەو هەزاران پێشمەرگەیە تەسلیم بۆوە. ئیتر ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەی بلێسە بانگی کردم و گوتی کاکت هاتەوە؟ گوتم بەڵێ. دەستێکی بەسەرمدا هێنا و ئاخێکی هەڵکێشا و هیچی نەوت.

هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ هەر هەرەسێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو هەرەسێکی سیاسیی گەورە و ڕوحیی بوو بۆ کورد و نائومێدی باڵی کێشا بەسەر ژیانی ئێمەی کورد. ئەو ماڵە جاشانەی کە لەناو خانووەکەمان بوون و داگیریان کردبوو، ڕۆژێکیان جوابێکیان بۆ باوکم ناردبوو و نووسیبویان ئێمە بە ئەمری حکومەت هاتووینەتە ناو خانووەکەی تۆ و دەستمان بەسەردا نەگرتووە و

---

[12] هەرەس یان ئاشبەتاڵ بڕیاری ڕابەرایەتی بزووتنەوەی چەکداری ناسیونالیزمی کورد بوو (١٩٦١ – ١٩٧٥) کە بە بڕیاری ئەو سەرکردایەتییە خەون و هیوای هەزاران کوردی بەشمەینەت لەگۆڕ نرا.

[13] عائدون بەو کەسانە دەوترا کە لە بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردایەتی دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ گەڕانەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە.

ئامادەین مانگانە کرێی خانووەکەت بۆ بنێرین. ئێمە بەڕێزتان ئەناسین و تکایە چەندێ کرێت دەوێ مانگانە دەینێرین و ناهێڵین حکومەت بزانێ و هەرکاتێکیش هاتیتەوە خانووەکەت بۆ چۆڵ ئەکەین. ئەوەبوو مانگانە وەک کرێچی کرێکەیان ئەنارد. یەک دوو مانگ دوای کارەساتی ئاشبەتاڵ، تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم بوو. کاکم تەسلیم ببووەوە و خۆمان ئامادەکرد بچینەوە بۆ کەرکووک.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی ئەوەی کە دێینەوە ناو خانووی خۆمان لە کەرکووک، دوو ماڵ لە جاشەکان یەکسەر خانووەکەیان چۆڵ کرد و دانەیەکیشیان داوای یەک دوو مانگی کرد تا خانوویەک پەیدا دەکات و دەڕوا. سەرەنجام هاتینەوە ناوخانووەکەی خۆمان. کە هاتمەوە کەرکووک برادەرەکانی گەڕەکم لە دەورم کۆبوونەوە و سەیریان بە قسەکردنم دەهات، چونکە بەشێوەزاری هەولێریی قسەم دەکرد. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و هاتمەوە دۆخەکەی جارانم. حیزبی بەعسیش ترس و تۆقینی کردبۆوە سێبەری ژیانی خەڵکی کوردستان و کەرکووک. ئەو هاوینە سیاسەتەکانی بەعس بەجۆرێک بوو کە دەیویست ببێتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی کۆمەڵگە. جگە لە مونەزەمەی حیزبی بەعس، چەندین سەنتەر و مونەزەماتی تری دروست کرد و سیاسەتی (طلائع) و (فتوة)یان داهێنا و منالانی هەموو عێراق و کوردستانیان پێوە دەگلاند. لەو کاتەش منداڵانێک هەبوون هەر بۆ خۆشی دەچوون و هەشبوون هەر بۆ جلەکە (بەرگەکە) دەچوون تا وەریبگرن و هەشبوون نەچوون و ئەو سیاسەتەیان ڕەت دەکردەوە. خۆشبەختانە کە جێگای شانازیمە من یەکێک بووم لەو منداڵانەی ئەو سیاسەتە چەپەڵەم ڕەت کردەوە و ئێستا و ئەوسا نەبووم بە طلائع و نەبووم بە فتوة و نەبووم بە بەعسی. هەمیشە هەڵوێستم بەرز بوو و دژایەتی سیاسەتەکانی بەعسم دەکرد. بۆ گەورەکانیش (عائیدون و غەیرە عائیدون) حکومەتی بەعس جگە لە مونەزەمەی گەڕەکەکان، سوودی لە گۆرەپانی قوتابخانەکانیش دەبینی و بەزۆر خەڵکیان بانگهێشت دەکرد بۆ کۆبوونەوە و بوون بە بەعسی و ئەگەر نەچوونایە بە تێکدەریان لە قەڵەم دەدان. باوکم دوژمنی بەعس بوو و لە ژیانیدا

نەچووە ژێر باری سیاسەتەکانی بەعس. براکەم کاتێک تەسلیم بوو ماوەی چەند مانگێک بەزۆر بردیان بۆ ئەو کۆبوونەوانە. پاشان براکەم و خەڵکی گەڕەک و کۆڵان ڕۆژێک دەیانوت نەخۆشین و جارێکی تر دەیانگوت ئەچینە ئیش و جارێکی تر دەیانگوت عائیلەمان نەخۆشە و بەمجۆرە خۆیان دەدزییەوە و تا دوایی ئیتر بەعس بۆی نەچووە سەر و نەیتوانی لە گەڕەکە کوردییەکان ئەو کارە بکات. لەو سەردەمەدا هەرسێ ڕۆژنامە ڕۆژنامەکەی بەعس (الثورة، الجمهورية، العراق) شەو و ڕۆژ سیاسەتی بەعسیان تەبلیغ دەکرد. ئەمە جگە لە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ. ئیتر خەڵک تا دەهات بێتاقەت و بێ خولْقتر دەبوون لەهەمبەر ئەو سیاسەتە دژی ئینسانیانەی بەعس. بەعس ئەو ساڵە عائیدونەکان ئەو پێشمەرگانەی خۆیان تەسلیم کردبۆوە، لە سەربازی بەخشینی واتا تەسریحی کردن. هاوکات لەگەڵ ئەو دۆخە سیاسییە، باری ئابووری عێراقیش لەو ساڵانە بەرەو بووژانەوە دەچوو. ئەو ساڵە واتا ساڵی ١٩٧٥ باوکم (جنسية العراقية)ی بۆم دەرکرد. کاتێک لەناو فەرمانگەی ڕەگەزنامە بووین چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد بڕوانامەی ڕەگەزنامەی عێراقیم وەربگرینەوە، ئەو خەڵکانەی لەگەڵ باوکیان هاتبوون لە ڕیزەکە وەستابوون، بەڵام باوکم لەبەر تەمەنی لەسەر چنجکان دانیشتبوو و پشتی دابووەوە دیوارەکە. بۆم دەرکەوت کە باوکم لەبەر بێهێزی دانیشتووە و لە دڵەوە خەمم دەخوارد و دەمگوت بەس زوو گەورە بم دەبێ یارمەتی باوکم بدەم و نەهێڵم بەهیچ شێوەیەک عەزیەت بخوات.

لەپشت گۆڕستانەکەی ڕەحیماوە گۆمێک هەبوو کە شوێنی کۆنە مەعدەن بوو و بەردیان لێ دەرهێنابوو و دوایی بە ئاوی باران پڕ ئاو بووبوو پێیان دەگوت (گۆمە خنکاوەکە- چونکە ساڵانە منداڵێک لەو گۆمە دەخنکا)، جاروبار لەگەڵ مناڵانی گەڕەک دەچووین لەوێ مەلەمان دەکرد. من مەلەم لێ قەدەغە کرابوو. بۆیە هەرچی جارێک گومانیان لێم بکردایە، براکەم دەستی دەگرتم و بە نینۆکی بان دەستمی دەکڕاند و لەوە دەردەکەوت کە مەلەم کردووە یان نا. لەحاڵەتی ئاشکرابوونیشم یان هەڕەشەم لێدەکرا کە ئیتر ئەو کارە نەکەم یانیش لێدانم

دەخوارد. منیش لەسەرەتای فێربوونی مەلە بووم و حەزم کرد هەموو ڕۆژێ بچم بۆ ئەوەی جگە لە خۆشییەکەی، فێری مەلەش بم. لە قوتابخانەی سەرەتایی لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی شەشەم سروود نەمابوو لەبەرم نەبووبێ، شیعر نەمابوو لەبەرم نەکردبێ. ئەمە حەزێک بوو لەناخمدا هەبوو. کوڕێکی تری گەڕەکی ڕەحیماوە هەبوو ئەویش ناوی عەبدوڵا سڵێمان بوو بەس ناوی باپیرەمان جیا بوو. هەردووکیشمان لەیەک قۆناغ بووین وماڵیشمان نزیک یەک بوو. بەڵام من بەهۆی ئەوەی بەشی پێشەوەی قژم سپی بوو زۆرجار پێیان دەگوتم عەبدوڵا سەرسپی. جارێکیان کارتی سەری ساڵمان وەرگرت لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووین، مامۆستا ناوی خوێندەوە،

- عەبدوڵا سڵێمان
- بەڵی.

کارتەکەی داپێم. دەرچووبووم و نمرەکانیشم زۆر بەرز بوون، خۆم سەرم سوڕما کە ئەو نمرە بەرزانەم هەیە. بەبێ ئەوەی سەیری ناوی باپیرەم بکەم کارتەم گرتە دەست و بەرەو ماڵ قووچاندم. لە نیوەی ڕێ کاک عەبدوڵا سڵێمانەکەی تر کە ئێستا مامۆستایە و لە شاری کەرکووک دەژێت، بەڕاکردن بەدوامەوە بوو بانگی دەکردم. منیش وەستام و هات و گوتی کارتەکانمان گۆڕاوە، دەبێ بیگۆڕینەوە. ئەوە بوو کارتەکانمان گۆڕییەوە و کارتی ڕاستەقینەی خۆمم وەرگرت کە دەرچووبووم، بەڵام نمرەکانم بەرز نەبوون تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بەکالۆری بوون و دەبوایە بە جیددی خۆمان بۆ کۆتا تاقیکردنەوە ئامادە بکردایە. لە پۆلی شەش مامۆستا ڕەمزی ئینگلیزی و مامۆستا ئیشۆ علوم و زمانی عەرەبی پێ دەوتینەوە. مامۆستا ئیشۆ فێری نووسینی ئینشای عەرەبی دەکردین. داوای لە قوتابییەکان کرد کتێبی (الانشاء الکامل) بکڕین. ئەوە بوو چووم بۆ کتێبفرۆشی (الشروق) لەسەر شەقامی ئەتلەس و لەوێ ئەو کتێبە وا بزانم بە ٣٥ فلسم کڕی، بەڵام بەداخەوە ناوی نووسەرەکەم بیر نەماوە. ئەوە یەکەمین کتێب بوو لە ژیانمدا کە کڕیم. جارێکیان داوای لێکردین

ئینشایەک بنووسین لەسەر ڕاستگۆیی. منیش نەمدەزانی ئینشا بنووسم و داوام لە کاکم کرد ئینشایەکم بۆ بنووسێت و ئەویش ئینشایەکی بۆم نووسی بە ناوی (الصدق فضیلة و الکذب رذیلة) و زۆر جێگای سەرسامی مامۆستا بوو و پرسی خۆت نووسیوتە؟ منیش گوتم بەڵێ. (زۆر بەداخەوە ئەوسا ئەو بەڵێیەم زۆر بەلاوە ئاسایی بوو لە کاتێکدا دەبوایە بمگوتایە ببوورە مامۆستا خۆم نەمنووسیوە، بەڵام کێ لەو تەمەنە و لەو سەردەمە و بەو پەروەردەیە ئەم مەسەلەیەی بۆ گرنگە).
لەو ساڵانەش زۆرجار شەڕە بەرد و قاڵماسنگ لەنێوان گەڕەکاندا ڕوویداوە.[١٤] ڕەحیماوە و تەپە زوو زوو شەڕیان دەکرد و ئیتر منالانی تەپە یان ڕەحیماوە ئەگەر منالێکی گەڕەکەکەی تریان بگرتایە بە تەنیا یان تێروپڕیان لێئەدا، یانیش ئەزیەتیان ئەکرد. ئەو ساڵە پۆلی شەشی سەرەتایی بەکەلۆری بوو و ئێمە ناومان لە قوتابخانەی خەبات هاتبۆوە لە گەڕەکی تەپە. بە هەفتەیەک پێش تاقیکردنەوە دەبوایە بچین تا ناوی خۆمان بدۆزینەوە، ئەوە بوو ئێمە شەش منال بووین و چووین بۆ قوتابخانەی خەبات تا ناوی خۆمان بدۆزینەوە. ناوەکانمان دۆزییەوە و لە گەڕانەوە بەپێیان لای قەبرسانەکەی گەڕەکی تەپە تووشمان بوو بە تووشی دە تا پانزە منالی لە تەمەن خۆمان کە هەر هەموویان خەڵکی تەپە بوون. ئیتر ڕۆژیان بوو ئێمەیان ڕاگرت و زانیان خەڵکی ڕەحیماوەین و پرسیان کێ سەرۆکتانە؟ برادەرێکمان هاتە وەڵام و گوتی هەموومان موالید ١٩٦٤ ین و کەس سەرۆکمان نییە. ئێمە هاتووین بۆ قوتابخانەی خەبات تا ناوی خۆمان بدۆزینەوە و تاقیکردنەوەی بەکەلۆریمان هەیە. ئیتر ئەم تاقیکردنەوەی بەکەلۆرییە بووە خێر و لێمان نەدرا و عەزیەت نەدراین و بە ساغی گەیشتینەوە ڕەحیماوە. لە قوتابخانە جگە لە کتێب و دەفتەر و قەڵەم، ئەتڵەسیان دەداینێ

---

[١٤] قاڵماسنگ یان بەردەقان لە بەن دروست دەکرا و ناوەڕاستەکەی پان بوو و ئیتر ئەمسەر و ئەوسەری بە بەن دەهۆنرایەوە و سەرێکیان خڕ دەکرا تا بخرێتە پەنجە بچکۆلە و ئیتر بەردیان دەخستە نێوییەوە و دەیان هاویشت.

(اطلس العراق) کە پڕ لە زانیاری بوو. هەروەها تاخم هەندەسەیان دەداینێ کە قووتوویەکی زۆر جوان بوو لەهەمووی خۆشتریش ئەو مساحە لاستیکە بوو کە بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو وەک دەڵێن بۆنی دارگوێز بوو. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گەورەبوونم، ئازادییەکانم لەبری زیادبوون، بەرتەسک دەبوونەوە. هەرچەندە باوکم و دایکم ئازاریان نەدەدام، بەڵام براکەم شوێنی ئەوانیشی گرتەوە و لەو ساڵانەدا ڕۆژ نەبوو ئازارم نەدا. هەرچەند ئەم ئازاردانە کاریگەری سایکۆلۆجی لەسەرم دانا و زۆریش شکاتم لێدەکرد لای باوکم بەڵام سوودی نەبوو. نە دەبووایە نزیک پاسکیلەکەی ببمەوە، ئێوارانیش لە کرێکاریی بیناسازی دەگەڕایەوە دەبوایە لەگەڵ خوشکەکەم قاچ و پشتی بشێلین.
جارێکیان لەناو حەوشەیماڵەوە لێیدام و ئاوی پێدا کردم و جلەکانم هەموو تەڕ بوون. ئەم ئازاردانە کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتم. براکەشم خۆی قوربانی بوو. کاتێک من گەورە بووم، ئینجا براکەم لەکردەوەکانی دەرهەق بە من پەشیمان بۆوە.
لە ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد و چوومە قوتابخانەی دواناوەندی زێوەری کوڕان. تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی و چوونە قۆناغی ناوەندی هەستێکی خۆشت لا دروست دەکات بەوەی کە لە قۆناغی منداڵییەوە چوویتەتە قۆناغی گەورەبوونەوە. ئەویش بەوەی کە قۆناغەکانی دوای خۆت دەبینی لە سەرەتایین ئەوکات ئەو هەستەت لا دروست دەبێ. لە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەی دواناوەندی زێوەری کوڕان مامۆستا تەحسین جێگری بەڕێوەبەر بوو، بەڕێوەبەرەکەش مامۆستا ئەحمەد خەڵەف سایر بوو. مامۆستا ئیحسان وانەی کوردی پێ دەگوتینەوە و مامۆستا شێرزادیش کە ئێستا لە نەمسا دەژێت، وانەی زانیاری و دواتریش وانەی فیزیای پێدەوتین. کارگوزاری قوتابخانەکەش کۆچکردوو (محەمەد میکانیک) بوو، کە ڕۆژانە بە پاسکیل هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد. مامۆستا ئیحسان بەداخەوە گەرچی دوایی خۆکوژی کرد و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا دەستەواژەی (شایانی نییە)م لەوەوە

بیست و فێر بووم. مامۆستا شێرزادی فیزیا زۆر جیددی بوو و شەقازڵەی باشی دەوەشاند و بەوە بە ناوبانگ بوو. لە پۆلی یەک من لە پشتی پشتەوە دادەنیشتم، ڕۆژێکیان مامۆستا شێرزاد داوای لێکردین و وتی (یەک خولەک بێدەنگ بن وا ئەچم لە تاقیگە شووشەیەکتان بۆ دێنم و تا پێتان نیشان بدەم چۆن گەنم لەسەر لۆکە دەڕوێت). ئەو چووە دەرەوە. من یەکسەر لە شوێنەکەی خۆمەوە بە چەپڵە بەرەو لای تەختەڕەشەکە چووم و نەگەیشتمە نیوەی ڕێ مامۆستا شێرزاد خۆی کردەوە بە پۆلا. یەکسەر بەگێکم دانا. گوتی وەرە وەرە. منیش بەرەو لای مامۆستا شێرزاد چووم دەستی چەپم نایە سەر ڕوومەتی چەپم. مامۆستا شێرزاد زانی هەم لە فێڵەکەی گەیشتووم و هەم ترسام، لێمخۆش بوو و شەقازڵەکەی لێنەدام. ڕۆژێکیان هەر مامۆستا شێرزاد زۆر بە سادەیی باسی هێزی ڕاکێشانی بۆ کردین. گوتی پیاوێک هەبوو خاوەن توانایەکی لەڕادەبەدەر بوو. هەرچییەکی بویستایە دەیتوانی جێبەجێی بکات. تەنانەت ئەگەر بیویستایە خۆر هەڵنەیەت دەیتوانی وا بکات. ڕۆژێکیان ئەم کابرایە ئاهەنگێک ساز دەکات و خەڵکێکی زۆر بانگهێشتی ئاهەنگەکەی دەکات. ئیتر شەو درەنگ دەبێ و ئاهەنگەکەی زۆر پێخۆش دەبێ و حەز دەکات زەمەن بوەستێنێ. فەرمان بە زەوی دەکات بوەستێت و نەسوڕێتەوە. هەر کە زەوی وەستا ئیتر هەر مێز و ئەسکەمیل و خزمەتچییەکان و مێوانەکان بوون فڕین بە ئاسماندا. قوتابییەکان دوای وانەکە دەیان گوت مامۆستا شێرزاد باسی خوای بۆ کردین. هەر لە قوتابخانەی دوا ناوەندی زێوەری کوڕان مامۆستا جومعە ئینگلیزی و مامۆستا غائیب وەرزش و هونەر و مامۆستا ڕۆستەم عەرەبی و ئاینی و مامۆستا عادل کەریم ئینگلیزی دەوتەوە.

ساڵێکیان (نشرة جدارية) کرا و من بە بابەتێک کەلە جەریدەیەکەوە دەرمهێنابوو بەشدار بووم و زۆر کەیفم پێهات. ئەو ساڵانە یەکێتیی قوتابیان (اتحاد الطلبة) بەعسی ڕۆڵی دائیرەی ئەمنیان لە قوتابخانەکان دەگێڕا. هەر نامەیەک بهاتایە بۆ هەر قوتابییەک، نامەکان دەچووە ژووری (اتحاد الطلبة) و ئینجا دەدرا بە

قوتابییەکە. هەندێ قوتابی هەبوون لەو سەردەمە هەمیشە ترسنۆک و بەرژەوەندخواز بوون یەکسەر سوودیان لەو (اتحاد الطلبة)یە وەردەگرت و دەبوونە ئیتحادیی و بەعسی و فشەفشیان بەسەر قوتابییەکانی تر لێئەدا و تەنانەت هەندێکیشیان جلی (قطعتین)یان لەبەر دەکرد. لەو سەردەمە ئاگایی سیاسیی ئێمەی قوتابی لە ئاستێکی نزمدا بوو و زۆر شت هەبوو حاڵی نەدەبووین و هەر ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوانەمان هەبوو کە باوکمان هەیبوون و فێرمانیان دەکرد. واتە ئێمەی منداڵ هێدی هێدی لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی دایک و باوکمان دەڕۆیشتین. لەبەرئەوەی زۆربەی هەرەزۆری خێزانەکان دژی بەعس بوون، ئێمەی قوتابیش ئۆتۆماتیکی دژی بەعس بووین. من بەش بەحاڵی خۆم وەک باوکم کوردپەروەر بووم و ئەمزانی مەلامستەفا شۆڕشی کردووە و سەرۆکی کوردە و پشتیوانی لە مەلا مستەفا، پشتیوانی لە کوردە و هەڵوێستێکی کوردپەروەرانەیە. لەهەمان کاتیشدا حیزبی بەعس هەر سیاسەتێکی پیادە بکردایە لێی ناڕازیبووین چونکە باوکمان لێی ناڕازیبوو. جگە لەمانەش ڕادیۆکانی دەنگی ئەمریکا و مۆنتیکارلۆ و ئیسرائیل و ڕوسیا بەلامانەوە گرنگ بوو کە چۆن باسی کورد دەکەن و تا چ ئەندازەیەک دیفاع لە کورد دەکەن. ئێمەی منداڵ ئەو هەویرە بووین کە خێزان بە ئارەزووی خۆی دەیشێلاین و دونیابینی خێزانەکانمان بەتەواوەتی لەسەرمان پێچەوانە ببووەوە. سەرباری ئەمانەش حکومەتی بەعس کۆمەڵێ (مرکز الشباب) ی لە گەڕەکاندا کردەوە. کە ئەو مەرکەز شەبابانەش جۆرە هۆکارێک بوون بۆ یارمەتیدانی بەعس بۆ چاودێری جموجوڵی خەڵک و بەتایبەتی لاوان. چونکە بەڕێوەبەرەکانیان بەعسی بوون. لە گەڕەکی ڕەحیماوە (مرکز الشباب حي الاندلس) کرایەوە کە لەدوای پرۆسەوە بوو بە یانەی خاک. ئەو مەرکەز شەبابە هەندێ پێداویستی وەرزشی تیا بوو بەڵام لەهەمووی گرنگتر زۆر فێنک بوو کە ئێمە بۆ خوێندن تیایدا سوودمان لێدەبینی.

لەو ساڵانە بەتایبەتی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ کاکم لەگەڵ میمکزایەکم مامۆستا عەبدوڵا هەرجارەی کتێبیان دەهێنا و دەیان خوێندەوە. یەکێک لەو کتێبانە کتێبی (ئەمیر

ئەرسەلان) بوو. ئەو کتێبە بە شیعر داستانەکەی نووسرابووەوە و ئێواران براکەم بۆی دەخوێندینەوە. براکەم ئەو کتێبە وابزانم دوا کتێبی بوو کە خوێندییەوە و ئیتر بەلای کتێبدا نەچوو. ئەم دوورکەوتنەوەیەی براکەم لە کتێب کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و ئاکار و ڕەفتاری دانا. ئەگەر براکەم بە کتێبەوە بنووسایە ڕەنگە چارەنووسیشی شتێکی تری لێدەربچووایە. من هیچ شتێکم لەمبارەیەوە نەدەزانی و تا بۆم بکرایە هەوڵم دەدا لە قوتابخانە و هاوڕێکانم دوانەکەوم و دەربچم و ئاواتی باوکم بێنمە دی کە دەیویست کوڕە بچووکەکەی ببێتە مامۆستا و ئەویش شانازی پێوە بکات.
من باپیری خۆم واتە باوکی باوکمم نەدیوە تەنانەت وێنەیشم نەبینیوە. لەهەشتاکان زۆرجار پرسیارم دەکرد ئاخۆ هیچ وێنەیەکی باپیرەم هەیە تا ببینم، دەیان وت یەک وێنەی هەیە لەسەر نفووسەکەی ئەویش لەماڵی نەنکم بوو و ئاسان نەبوو دەستم پێی بگات. بەڵام باوکی دایکمم بینیبوو و جار جار لە گوندی (باغەجنێر)ەوە دەهات بۆ کەرکووک و سەری لێ دەداین. من دایکم خەڵکی باغەجنێر بوو کە گوندێکە نزیک تەقتەق و سەر بە شارۆچکەی کۆیەیە. باوکی دایکم (سۆفی ڕەشید، یادی بەخێر) تا بڵێی هێمن و بێدەنگ بوو، لەسەرخۆ بوو، بە هێواشی دەدوا. دواجار کە سەردانی کردین نەساغ بوو و هاتبوو دکتۆر ببینێت و چارەسەر وەربگرێت. باپیرم قاتێکی کورتەک و شەڕواڵی شینی لەبەر بوو. باڵای زۆر بەرز نەبوو بەڵام پڕ قسە و حیکایەت بوو. لەو سەردانەی دوایی کە دەکاتە سەرەتای حەفتاکان، ڕۆژێکیان من خەریکی تۆپێن بووم، بانگی کردم کە دەستی بگرم و ببەم بۆ ماڵی خاڵم. ماڵی ئێمە و ماڵی خاڵم زۆر دوور نەبوون لەیەکتر، تەنها دوو کۆڵانمان بەین بوو. من زۆرم پێناخۆش بوو کە لە یارییەکە بووم، بەناچاری دەستیم گرت و بردمە ماڵی خاڵم. ئێستا دەڵێم چا نەبوو ئەو کارەم کرد دەنا بۆ هەتاهەتا پەشیمان دەبوومەوە. هەر لە سەرەتای دەیەی حەفتاکان واتە هەر ئەو ساڵەی باپیرم سۆفی ڕەشید سەردانی کردین، بۆ پایزەکەی کۆچی دوایی کرد و هەموو چووینە گوندی باغەجنێر. دوای سێ

ڕۆژ پرسەکەی ئیتر ئەو گوندەم نەبینییەوە تا ساڵی ١٩٨٦. هەر لە گوندی باغەجنێر میمکزایەکی دایکم هەبوو ناوی کوێخا سابیر بوو. کوێخا سابیر تاکە برادەری باوکم بوو لەو گوندە. هەموو ساڵێک دەهات و دوو سێ ڕۆژ لامان دەمایەوە و بەدەم دامەکردنەوە خۆشترین کاتیان لەگەڵ باوکمدا بەسەر دەبرد. منیش لەتەنیشتیان دادەنیشتم و سەیرم دەکردن کە چۆن لە یەکتریان دەبردەوە و دوای هەر تەواوبوونی دەسێک دامەکە پێدەکەنین. یەکێک لە قسە خۆشەکانیان لەکاتی دامەکردن ئەوە بوو دەیانوت (کوڕی ئەو پیاوە نەمرێ کچی ئەو پیاوە عیلاجی خۆی دەکات) هەرچەند بە مێشک و خەیاڵی منداڵی خۆم زۆر لەو ڕستەیە حاڵی نەدەبووم، بەڵام دوایی زانیم کە مەبەستیان ئەوەیە بۆ بوون بە ئاغا دەبێ ڕێ و شوێنی چاک بگیرێتە بەر تا بردنەوە مسۆگەر بکەن. لەگەڵ ئەوەی باپیرم واتە باوکی باوکمم نەدیوە، بەڵام دوو مامم هەبوو کە بەتەمەن زۆر لە باوکم منداڵ تر بوون و گەنج بوون. جەوی ماڵەوەشمان بڕێک قەرەباڵغ بوو. خوشکێکم مێردەکەی لە پێشمەرگایەتی شەهید دەبێ و بە منداڵێکەوە لەماڵی باوکم دەبێت. خوشکێکی تریشم مێردەکەی زیندانی دەبێ لە ئەبوغرێب و ئەویش بە دوو منداڵەوە هەر لەماڵی ئێمە بوون. براکەشم ژنی هێنابوو. واتە خێزانێکی قەرەباڵغ بووین. لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکان حاجی سەعیدێک هەبوو کە برادەری باوکم بوو. زوو زوو سەردانی دەکردین. باوکم کەوتبووە گومان لەو سەردانانەی حاجی سەعید. بەڵام پێی شەرم بوو هیچ بڵێ و هەر هەستی ڕادەگرت. جارێکیان خوشکە بێوەژنەکەم بە باوکمی گوت باوە حاجی سەعید هەست ئەکەم چاوی زۆر حیزە و بە نەوعێک سەیرم دەکات. مامم گوتی من پلانێک دادەنێم. ئەگەر ئەمجارە هات من لای پێڵاوەکانەوە دائەنیشم. بە خوشکێکمی گوت داوای ئاو دەکەم و تۆش بڵێ وەڵا بۆت ناهێنم و من خۆم گێف دەکەمەوە و هەڕەشە دەکەم و تۆش ڕاکە و بڕۆ تەنیشت کاکم (واتە باوکی من) خۆت بشارەوە و هەقتان نەبێت. ڕێک وایان کرد حاجی سەعید هات و مامم داوای ئاوی کرد و خوشکم گوتی بۆت ناهێنم خۆت هەستە بچۆ ئاو بۆ خۆت

بێنە. مامیشم کەوتە هەڕەشە و تاکە پێڵاوێکی گرتە خوشکم بەڵام تاکەپێڵاو ڕێک چوو بەر قەپۆزی حاجی سەعید کەوت. باوکم کەوتە قسەکردن بە مامم و مامیشم کەوتە پۆزش هێناوە و داوای لێبوردن کردن. حاجی سەعید دوای چەند خولەکێک گوتی حاجی سلێمان من هەڵئەسم دەڕۆم تا منداڵەکان لێیان نەداوم. هەرچەند باوکم داوای لێکرد نەڕوا و دابنیشێ و منداڵەکان ئەکاتە قوربانی، سوودی نەبوو. حاجی سەعید ڕۆیشت و ئیتر ببرای ببڕ نەمان بینییەوە.
لە حەفتاکان بەڕاستی یەک دینار زۆر بوو. خاڵۆم (قادر) کەماڵیان نزیک ماڵی خۆمان بوو، واتە ماڵیان لە تەنیشت قوتابخانەی زێوەری کوڕان بوو جەژنان دەهات بۆ ماڵمان و هەمیشە جەژنانەی دەدایێ. خاڵۆم هەموو جەژنێک دینارێکی شینی دەدایە خوشکەکەم و دینارێکیشی دەدایە من. هەمووجار لەگەڵ خوشکەکەم باسمان دەکرد دەمانگوت حەز ئەکەین هەموو ڕۆژێ خاڵە قادر بێت بۆ ماڵمان و زۆر خۆشمان دەویست. ئێستاش نازانم خۆشەویستییەکەمان بەهۆی جەژنانەکەوە بوو کە یەک دینار بوو یان لە قسە خۆشەکانییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ نەنکیشم هەرچی جارێک بهاتایە بۆ ماڵمان جووتێ قەتێی بۆ دەهێنام. منیش ئەو قەتێیانەم لەژێر سندووقە دارەکە دادەنا دانم بۆ ڕوو دەکردن و ئاوم بۆ دائەنان و ئەوەندە دەیانم گرت و دەرم دەهێنان و دەمبردنە ژێر ئەو سندووقەوە، نیوە ڕوحم دەکردن. دوای ماوەیەکیش کە لێیان بێزار دەبووم داوام دەکرد بۆم سەربڕن و گۆشتەکەیم بۆ ببرژێنن.
گەڕەکی ڕەحیماوە لە ناوەراستی دەیەی حەفتاکان و تا سەرەتای دەیەی هەشتاکانیش لە زۆربەی کۆڵانەکاندا پارچە زەوی چۆڵ هەبوون کە نەکرابوونە خانوو. ئێمەی منداڵ لەو پارچە زەوییانە تۆپێن و گولانێ و مزراحین و کۆمەڵێ یاری ترمان دەکرد. تەنیشت دراوسێی دەستە ڕاستمان کە ماڵی حاجی ئەحمەدە ڕەش بوو کە دەکاتە باپیری شەهید پاڵە، پارچە زەوییەکی چۆڵ بوو. زۆربەی ڕۆژان لەوێ یاری تۆپێنمان دەکرد. شوکوری مام عەلی کە ماڵیان لە کۆڵانی پشتەوە بوو و لە هەموو کوڕەکانی گەڕەک زیاتر نازی دەکێشرا لەلایەن دایک

و باوکییەوە، تۆپێکی کڕیبوو بە پانزە پەنجایی. ماڵی شەهید پاڵەش سەر لێواری دیوارەکانیان بە تەلی دڕکاوی تەنیبوو لەبەر دز و پیاوخراپ. نەگبەتی من لەکاتی تۆپێندا شەقم لە تۆپ دا و تۆپ دای لە تەلەکە و تەقی. زۆرم بە شوکور گوت کە دەنگ نەکات و من ڕۆژی پانزە فلسی دەدەمێ تا پارەکە پڕ دەکەمەوە، سوودی نەبوو. ئەوە بوو بە دایکی گوت و دایکیشی بە تۆپە دڕاوەکەوە هاتە لای دایکم و شکاتی لێم کرد. دوای ئەوە بە سەلامەتی بێئەوەی فلسێک بدەم ئەو کێشەیەم لەکۆڵ بۆوە. زۆرجار لەگەڵ جێماوی تۆفیق ڕەمەزان و شەریفی مام کەریم شازەمان و هادی عومەر شوانی دەچووین ئاومان دەکردە کونەکانی نزیک قەبرسانەکە و قومقمۆکی لێدەهاتە دەرەوە و بە بەرد دەمان کوشتن. هەر ئەو سەردەمە بوو ڕیکەکانی (تاوەرەکانی) کەرکووک بنیاد نران کە بەتەنیشت گەڕەکی ڕەحیماوەوە تێدەپەڕین و بەناو عەرەفە و شەریکەوە تا دەرەوەی کەرکووک. ئەو ڕیکانە بۆ کارەبای پاڵەپەستێۆ بەرز (ضغط عالي) بوون. بەڵام لەکاتی دروستکردنیاندا کە هێشتا کارەبایان پێوە نەبەسترابوو، دەچووین یاریمان لەسەر دەکردن، گەرچی هەندێ لە مناڵەکان دەچوونە سەری سەرەوەی ڕیکەکان بەڵام من تا نیوەی زیاتر نەمدەوێرا بڕۆم و سەرم دەسووڕا. شایانی باسە ئەو ڕیکانە کرێکارانی هیندیی پێی هەڵدەستان و جارێکیان کرێکارێکی هیندی لەو بەرزاییەوە لەسەری سەرەوەی ڕیکەکە کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەستدا. لەودیو ڕیکەکانەوە چۆڵایی بوو بەرەو شەریکەی نەوت کە جگە لە چەند ڕەبایەیەک هیچی تری لێنەبوو. نێوان ڕەبایەکان و ڕیکەکان چۆمێکی لێبوو کە هاوینان وشک بوو و دوو بۆری ئاو و بۆڕییەک نەوتی پیا تێدەپەڕی و لەسەر ئەو بۆڕیانەش یاریمان دەکرد و خۆمان فڕێ دەدایە خوارەوە. ئەو بۆڕیانە زۆر نزیک بوون لە گوندی شۆڕاوی کۆن. بەهاران ئەو دەشتە پڕی بوو لە تۆڵەکە و کنگر و کاردی و پیشۆک و هەپلۆک. زۆرجار بێڵەقانمان دەبرد و ئەو گیایە بەهارییانەمان دەهێنایەوە. بە دەیەهاجاریش ژنانی گەڕەکی ڕەحیماوام

بینیوە کە چوونە بۆ ئەو دەشتە و چیلکەیان هێناوەتەوە بۆ ناو تەندوور بۆ نان برژاندن. یانیش چوونە بەدوای مانگا و گامێش و تەپاڵەیان هێناوەتەوە.
ئەوکات بازگەی کەرکووک هەولێر نزیک جادەی قەبرسانەکەی ڕەحیماوە بوو لای خانووەیەکی یەک ژوورە کە هی دائیرەی کارەبا بوو و پێیان ئەگوت (قسم الخامس) بەشی پێنج. هاتوچۆش لەو سەردەمە بە گشتی بە تێمس وپۆڵەندی بوو.[١٥] زۆر کەم تەکسی فیات هەبوو و دوایی لاداش پەیدا بوو بەڵام خەڵک ئەگەر زۆر دەوڵەمەند نەبوونایە سەیارەیان نەبوو. تێمسەکانی خەتی ڕەحیماوەش لەسەر جادەی هەولێر - کەرکووک نزیک قوتابخانەی ناوەندی زێوەر دەوەستان و لەوێوە نەفەریان هەڵدەگرت و بە جادەی گشتی هەولێر - کەرکووک دەڕۆیشتن بەرەو فلکەی ئیخوان و لەوێوە بۆ بەردەم دوکانی تراکتۆرەکە کە ناوی (ساحبات عنتر) بوو کە کاک محەمەد سەعید خاوەنی بوو کە دەکاتە باوکی عەدنانی هاوپۆلمان. ئێنجا تێمسەکان بە بەردەم بەنزینخانەکەی تەنیشت ساحبات عەنتەر ڕەت دەبوون و بەسەر پردە بچووکەکە و بەردەم کۆشکی قازی شۆڕ دەبوونەوە بەلای حەمام عەلی و حەدیقەی ئوم ئەلڕەبیعەین و ئینجا بەلای دوکانی مەلا وەلی و فلکەکەی لایماڵی پارێزگاری کەرکووک و دەسوڕانەوە بەرەو لقی سێی جارانی پارتی و نادی الذهب الاسود و پاشان بەدەستە ڕاست پێچیان دەکردەوە بەرەو شەقامی جمهوری و ئەحمەد ئاغا و ئینجا بەرەو شەقامی ئەتڵەس و مەرکەز عام و دوایی بەلای کتێبخانەی گشتی کەرکووک و کۆڕنیش و دواتر دووبارە دەگەڕانەوە بەرەو گەڕەکی ڕەحیماوە. جگە لەمانەش پاسی مەسڵەحەش هەبوون کە حکومی بوو و کە گەراجەکەیان هەر لە ڕەحیماوە بوو لەسەر جادەی گشتی کەرکووک - هەولێر نزیک بازاڕەکەی ڕەحیماوە. دوو پاس هەبوون، ژمارە یەک و ژمارە دوو، کە خەڵکی ڕەحیماوەیان دەگواستەوە بۆ ناو شار و بەپێچەوانەوە. ئەو پاسانە جابییان

[١٥] تێمس جۆرە ئۆتۆمبێلێک بوو لەچەشنی ڤان، هەشت نۆ نەفەری دەگرت و بۆ گواستنەوەی نەفەر لەنێوان گەڕەکان بەکار دەهێنرا.پۆڵەنیش وەک تێمس وابوو تۆزێک لووتەکەی درێژتر بوو.

هەبوو نرخی سواربوونیش دە فلس بوو. بە منداڵی جووتێ نەعلی لاستیکم بوو پێشەکانی کە کەوانەیی بوون لای نووکی پەنجەکانم ئەوەندە بە پێچەوانەوە دەمنووشتاندنەوە، هەر هەفتەی یەکەم لێ دەبوونەوە. تا منداڵ بووین نەعلەکانمان لێ دادەکەند و بەپێی پەتی یاری تۆپێنمان دەکرد. بۆیە سەیر نەبوو کە هەم منداڵگەلێکی تۆزاوی بووین و هەمیش بەردەوام پێ و دەست و سەروگوێلاکمان بریندار و جێی کەوتنی پێوە بوو.

# کارکردن لە بەرایی تەمەنەوە

لە ساڵی ١٩٧٧ پۆلی یەکەمی ناوەندیم لە قوتابخانەی دواناوەندی زێوەری کوڕان تەواو کرد و بووم بە پۆلی دوو. لە ساڵی ١٩٧٨ لە پۆلی دوو هەندێ ئاڵوگۆڕ لە مەنهەجی خوێندمان ڕوویدا. بۆ نموونە بۆ یەکەمجار فیزیا و کیمیا و ئەندازە و جەبرمان خوێند. بۆ یەکەمینجار لەو سالانە مامۆستایەکی گەنج و ڕوح شیرین (مامۆستا ئەحمەد) هاتە پۆلەوە و وانەی زمان و ئەدەبی کوردی پێ دەوتینەوە. مامۆستا ئەحمەد زۆری خۆش دەویستم. (یادی بەخێر مامۆستا ئەحمەد ئێستا لە ژیاندا ماوە و لە شاری کەرکووک دەژێت) بیرم دێ لەو ساڵە قوتابییەکی پۆلەکەمان (سەبوور عەبدولستار) کە قوتابییەکی زیرەکیش بوو شیعرێکی نووسیبوو و دایە دەست مامۆستا ئەحمەد تا بزانێت چۆنە. لەوێدا ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد کە سەبوور چۆن دەتوانێ شیعر بنووسێ و چۆن فێربووە؟ چی خوێندۆتەوە؟ ئیتر ئەو پرسیارانە منی تازەلاویان هاندەدا بیر لە شتگەلێک بکەمەوە کە پێشتر لەناو خێزانی ئێمەدا بیری لێ نەکرابۆوە. ئەویش کتێب بوو. سالانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ هەژموونی حیزبی بەعس و ترس و تۆقاندنێک کە بڵاوی کردبۆوە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی خەڵکی گرتبووەوە. جگە لە مونەزەمەکان و فرقە حیزبییەکان و ئەمن و ئیستخبارات و ..تاد، کۆمەڵێ نەفس نزم و خۆفرۆش و چڵکاوخۆریش پەیدا ببوون و ئیش و کاریان بریتی بوو لە ڕاپۆت نووسین لەسەر خەڵک. لەو دەمە شاری کەرکووک بەگشتی و گەڕەکە کوردییەکان بەتایبەتی شوێنی نانەوەی گەرای ئەم ڤایرۆسانە بوون. لەلایەکەوە هەردوو چڵکاوخۆر و خۆفرۆش قالە فەرەج و تەحسین شاوێس ببوونە چاوساغی حکومەتی بەعس لەو دیهاتانەی دەوروبەری کەرکووک و لەلایەکی

تریشەوە کۆمەڵێ کوردی خۆفرۆش و نەفس نزم ببوونە ئەمن و ژیانیان لە خەڵک هەراسان کردبوو. وەک حەمەلیفە و کەریمەچەتە و عەلی چایەچی و بەکرەسوور کە ئەمەی دواییان چایخانەیەکی لەسەر سووچی بازاڕی دووەمی ڕەحیماوە و جادەی هەولێر دانابوو. ئەم خۆفرۆش و نەفس نزمانە ئیش و کاریان ئەوە بوو بەناو کۆڵان و گەڕەکاندا دەسووڕانەوە و لەهەر جێیەک بیان بینیایە دوو کەس یان زیاتر دانیشتوون، دەچوون لەتەکیان هەڵدەتروکان بۆ ئەوەی قسەیەکیان دەست بکەوێ و بیکەنە ڕاپۆرت. خەڵکی گەڕەکە کوردییەکانی کەرکووک بەگشتی و ڕەحیماوە بەتایبەتی ئەو کەسانەیان دەناسی و هەرکات پەیدا بوونایە یەکسەر بابەتی قسەکەیان دەگۆڕی و دەیان کردە فشقیات. ئەم کەشە خەفەقانە سیاسییە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر خەڵکەکە و باوکیشم بەو جەوە دڵتەنگ و بێزار دەبوو. کاتێک لەماڵەوە بەتەنها بووینایە تێر قسەی بە حیزبی بەعس و حکومەت دەوت. ئەم قسانە بە بەعس و حکومەت ڕێک لە مێشکی منی تازەلاو جێگیر دەبوو و منیش هەمان ڕوحییەتم لا دروست دەبوو. لەملاشەوە بڕی پارەی خانەنشینی باوکم هێندە کەم بوو بەشی خێزانێکی حەوت نەفەری نەدەکرد، بۆیە دیسانەوە باوکم دەبینی کە بەردەوام گلەیی لەو دۆخە ئابوورییە سەختە دەکرد.

ئەم هەژارییە بەناچار منێکی تەمەن دوانزە یان سیانزەساڵان لەبری گەڕان بە پارکی خۆش و گەشت و سەیران و جلی جوان و خواردنی باش و ژیانێکی شایستەی ئینسانیی، هەموو هۆشم چووە سەر ئەوەی لە سێ مانگی هاوینی ساڵی ١٩٧٧ تکا لە دایکم بکەم کە (٣٠) فلسم بداتێ تا کیلۆیەک پاقلەی پێبکڕم و بۆمی بکوڵێنێت و بیفرۆشم. سەرەتا دایکم ملی نەدا و دڵی نەدەهات ئەم کوڕە منداڵەی ئەو کارە بکات، بەڵام دوای تکایەکی زۆر قەبوولی کرد و سی فلسی داپێم. چوومە بازاڕەکەی ڕەحیماوە و کیلۆیەک پاقلەم کڕی و هێنامەوە ماڵەوە و دامە دەست دایکم. پێموت بۆ بەیانی بیکوڵێنێ و زوو هەڵم بستێنێ تا بچم بیفرۆشم. ئەمە یەکەمین کار بوو لە ژیانم کە دەستم داپێی. بۆ سبەینێکەی دایکم

بانگی کردم و مەنجەڵە پاقلە ئامادە بوو و کەوچکێک و هەندێ پەڕەکاغەزم برد و چوومە دەرێ. چوومە ئەوبەر جادە ناو خانووەکانی شەریکە و مامۆستایان و هەمووی دوو سەعاتی نەبرد تەواوم کرد و هاتمەوە. بەڵام لەبری سی فلس دوو سی فلیسیم پێ گرتبۆوە. سی فلسەکەی دایکم دایەوە و بە قازانجەکەم کیلۆیێ تر پاقلەم کڕی و بەهەمان دەستوور بۆ ڕۆژی دایی فرۆشتمەوە و بوومە خاوەن شەست فلسی خۆم. تەواوی ئەو هاوینە من بە پاقلە و نۆک فرۆشتن خەریک بووم و پارەکەشم تا دەهات زیاتر دەبوو و لە دینار و دوو دیناریش تێپەڕی. بێئەندازە دڵخۆش بووم بەوەی کە هەم پارە دروست دەکەم و دەتوانم یارمەتی خێزانەکەم بدەم و هەمیش خۆم ئەگەر حەزم لەشتێک بێت دەتوانم بۆ خۆمی بکڕم.

نیوەی دووەمی دەیەی حەفتاکان کەرکووک دانیشتوانی زۆر لە ئێستا کەمتر و ڕێژەی سەوزایی زۆرتر بوو. یەکێک لە دیارترین پارکەکان کە هەیبوو باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین بوو. پڕ لە دار و فریز بوو. گەرچی کۆڵانەکان وەکو ئێستا پڕ نەبووبوونەوە و زێدەڕۆیی نەبوو لە خانووبەرە، لەگەڵ ئەوەشدا نەریتی ئەو سەردەمە وابوو کە هەر خانوویەک باخچەیەکی بچکۆلانەی هەبوو. وەکچۆن شار بە کۆمەڵێ سیما و مەعالمی تایبەت دەناسرێتەوە، کەرکووکیش بە قەڵاکەی و شێوازی ئەندازەیی خانووەکانی جوولەکەکان و پیریادی و گۆڕستانەکانی و نەوتەکەی و قشلە و چەمی خاسە و پردەکانی و چایخانەکانی و جادەکانی و سینەماکانی و کتێبخانە گشتییەکەی و ناوەندەکانی خوێندن و فێربوون و هێڵی شەمەندەفەرەکەی و بە کتێفرۆشەکانی و بە هونەرمەندان و نووسەران و پیاوە ئاینییەکانی و شێتەکانی و سەیدەڵی فەخری و کەباب دەروێش و پاچەکانی موسەڵا و ئەحمەد ئاغا و شیرنەمەنی حەسەن نەجم و تاد دەناسرێتەوە. لەو دەیەیە بەحوکمی دواکەوتوویی خەڵکانێکەوە هێشتا جادووکەران مابوون. (نوریە) خاتوونێک بوو لە گەڕەکی تورکمان نشینی تسعین کە خەونی لێکدەدایەوە و نوشتەی دەکرد و ناولەپی دەخوێندەوە. شێخ ساڵح هەبوو کە

تەکیەی هەبوو لە تەپەی مەلا عەبدوڵا. شێخ لەتیف هەبوو لە گەڕەکی ڕەحیماوە کە دواتر زانیم ئەم شێخە (لوتفی) شاعیرە. هەروەها (حاجی عەلی) بوو جەراح بوو و چی دەست و قاچ و پشتی شکاو و لەجێچوو هەبوو چاکی دەکردەوە یان وەک دەیانوت: (دەیگرتەوە و دەیهێنایەوە جێی خۆی). لە ڕەحیماوەش هەر سێ چوار ماڵ لەخوار ئێمەوە بەلای بازاڕەکەی ڕەحیماوەوە، خانوویەک لەسەر پارچە زەوییەکی ٣٠٠ مەتری دروستکرا و ماڵی شێخ عوبێد هاتنە ناوی. شێخ عوبێد کابرایەکی تورکمان ئەو خانووەی بۆ دروست کرد کە گوایە شێرپەنجەی هەبووە و شێخ دوعای بۆ خوێندووە و چاک بۆتەوە. شێخ تەکیەیەکی گەورەی هەبوو و پیاوانی گەڕەک و کۆڵان ئێواران دەچوونە لای شێخ عوبێد و قاوەیان دەخواردەوە و شێخیش قسەی بۆ دەکردن. گەنجەکانی ئەو سەردەمەش زۆریان دەهاتنە لای شێخ و زکریان دەکرد و دەفیان دەژەنی و سرووتە ئاینییەکانیان دەخوێند. شێخ عوبێد هیچ سەرچاوەیەکی بژیوی نەبوو جگە لە پارەی دوعا و نوشتەو خێرو سەدەقە و یارمەتی خەڵکیی نەبێت.
لەنیوەی دووەمی دەیەی حەفتاکان سەرباری جەوی خەفەقانی سیاسی، بەڵام بوژانەوەیەکی تا ڕادەیەک باش لەڕووی ئابوورییەوە هەبوو کە هەلی کاری زۆر هاتە ئاراوە و کۆمەڵێ وڵات و کۆمپانیا وەک ئیتالیا و ڕوسیا و یوگۆسلاڤیا و هاتنە عێراق و کەرکووک کەوتنە ئیشکردن. تەنانەت بەهای دیناری عێراقیی لەچاو دۆلاری ئەمریکیی بەرز بوو. ئەوکات نرخی یەک دیناری عێراقیی بەرامبەر بە سێ دۆلاری ئەمریکیی بوو. هەر ئەو سەردەمەش بوو حکومەتی بەعس ڕێی گەشت و سەفەری کردبۆوە و هەرکەس بیویستایە و پارەی هەبوایە دەیتوانی سەفەری تورکیا و ڕۆمانیا و ئیتاڵیا و یوگۆسلاڤیا و .. تاد بکات. ماڵی ئێمە نە لە ماڵە پارەدارەکان بوو و نە لە ماڵە زۆر کراوەکانیش بوو، زیاتر ماڵێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی بەڵام تا ڕادەیەک داخراو بوو و هەروەها دوور بوو لە کتێب و ڕۆشنبیریی. ئەم ساڵانە تەمەنم سیانزە و چواردە ساڵان بوو. تەواوی هاوینانم بە شەکەرات و گوڵەبەرۆژە و هەندێکجار هەنار فرۆشتن بەسەر دەبرد. لە ١٩٧٨

گۆڕانێکی گەورە ڕوویدا. هەستم کرد لە قۆناغی منداڵییەوە دەرچووم بۆ قۆناغی گەورەیی. ڕیشم هات و دەموچاوم زیبکەی (حبة الشباب) دەرکرد و بازووەکانیشم تا دەکات ئەستوورتر و خۆیشم زیاتر دەڕسکام و بەهێزتر دەبووم. ئەو ساڵە دەتوانم بڵێم لەسەر هێڵی نێوان منداڵی و هەرزەکاریدا بووم. بەڵام پەیوەندییەکی پتەوم لەگەڵ منالانی خوشکەکانم هەبوو. ماڵی خوشکێکم هەر لەناو بازاڕی دووەمی ڕەحیماوە بوون و یەک دوو کۆڵان لەولاتریش ماڵی میمکم بوو. منیش وەکو خاڵی بچووکی خوشکەزاکانم کە لەڕووی تەمەنیشەوە ساڵانێکی زۆرمان بەین نەبوو. ئیتر ئەمە یان من دەچووم بۆ ماڵیان و یانیش ئەوان دەهاتن بۆ ماڵمان. نزیکترین کەس لە خوشکەزاکانم کە لە تووندترین ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیدا بووین، قاسم و گەلاوێژ و قادر و سەمیرەی خوشکەزام بوون. قادر زۆر خووی پێمانەوە گرتبوو. هەموو ڕۆژێک لەگەڵ سەمیرەی خوشکی دەهاتن و تا ئێوارە لەماڵی ئێمە بوون. جار هەبووە خوشکم هاتووە بەدوایان و جاریش هەبووە دایکم بەزۆر ناردوویانەتەوە. ئەم کەشە قەرەباڵغەی ماڵ هەرچەند تەندروست نەبوو بەڵام کێشەیەکی واشی دروست نەکردبوو. لەناو ئەم کەشەوە من خەریک بووم زیاتر ماسوولکەکانم بەهێزتر دەبوون، بەڵام سێبەری هەژاری باڵی کێشابوو بەسەر بیرکردنەوەم.
ڕۆژێکیان لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەی ئامادەیی زێوری کوڕان من و عەبدولوەهاب ئەحمەد یابە و نەوزاد مەجید پیاسەمان دەکرد. هەم باوکی نەوزاد و هەم باوکی عەبدولوەهاب بەڵێندەر بوون. نەوزاد گوتی باوکم سەد هەزار دیناری لە بانقە. بوونی سەد هەزار دینار لە بانق پارەیەکی خەیاڵیی بوو بۆ ئەو سەردەمە. نە من و نە عەبدولوەهاب هیچمان نەوت. بەڵام من لە دڵەوە بۆ وەزعی باوکم و خێزانەکەمان جەرگم ژانی دەکرد. لە خۆمم دەپرسی بۆ ئەوان هەیانە و بۆ ئێمە نیمانە؟ بەڵام ئەوکات ئاستی بیرکردنەوە و هۆشیاریم لەو ئاستەدا نەبوو بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە چینایەتییانە بدەمەوە. باوکیشم وەڵامی

پرسیارەکانی لا نەبوو چونکە هەمیشە دەیوت خودا وای دابەش کردووە و دەبێ شوکوری نیعمەت بکەین.

- دەمپرسی کام نیعمەت؟ کوا قەسرمان؟ کوا سەیارەمان. کوا سەدان هەزار دینارمان؟

- کوڕم تۆ زۆر ناشوکوری ئەکەیت.

منیش ناچار لەبەر بێتوانایی ئەوسام بێدەنگ دەبووم، بەڵام ناخیشم کردبوو بە کانگای پرسیار و دەگەڕام بەدوای وەڵامدا. ئەو ساڵە واتا ١٩٧٨ پۆلی دووەمی ناوەندیم تەواو کرد و دەرچووم بۆ پۆلی سێ. پۆلی سێیەمیش دیسانەوە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بەکەلۆری بوو. باوکم زۆر بۆی گرنگ بوو من پۆلی سێ تەواو بکەم و بچمە خانەی مامۆستایان و ببمە مامۆستا. منیش دەمویست باوکم دڵخۆش بکەم و بیگەیێنمە ئاواتەکانی لانی کەم لەڕووی ئەو چارەنووسەی کە ئەو بۆمی دانابوو. هەر لە گەڕەکی ڕەحیماوە محەمەد تەرزی لە تەنیشت کارگەی بەفرەکەی، کارگەیەی مەعجوونی پەنجەرەی کردەوە. لەو کارگەیە گەچ دەهاڕدرا و بێئەوەی هیچ هۆکارێکی خۆپارێزی هەبێت یان کەمامە و چاویلکە هەبێت، باوکم و من و چەند کرێکاری تر ئەو کارە قورسە ناتەندروستەمان دەکرد لەپێناو باشترکردنی وەزعی ژیانمان. من لەبەر باوکم لەوێ کارم دەکرد تا یارمەتی بدەم و نەهێڵم زەحمەت زۆر بکێشێت. ئەو هاوینە بیرمە جەژن هات و من جلی تازەم کڕیبوو و کرێکارانی میسریش ئەو سەردەمە بەلێشاو بەرەو عێراق دەهاتن و حکومەتی عێراق وەکو هێزی کاری هەرزان سوودی لێ دەبینین. جا لەناو باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین شانۆیەکیان دروست کردبوو و چەند (تەردەست) ساحیرێک هاتبوون و تەردەستییان نمایش دەکرد. منیش یەکەم ڕۆژی جەژن چووم بۆ تەماشاکردنی ئەو تەڕدەستییە. پارەم دا و چوومە ژوورەوە. کابرایەکی ساحیر و ژنێک بوون. کابراکە ژنەکەی لەسەر دوو ئەسکەمیل لەسەر پشت درێژ کرد و دواتر ئەسکەمیلەکانی یەک یەک لەژێر ژنەکە دەرهێنا و ئیتر ژنەکە لەو حەوایە و لەو بۆشاییە لەسەر پشت بوو. منیش

زۆرجار بیستبووم کە ئەگەر سیحر کرا بڵێی (بسم الله الرحمن الرحیم) تەڕەستییەکە بەتاڵ دەبێتەوە. بۆیە بەردەوام لەسەر یەک (بسم الله الرحمن الرحیم)م دەوتەوە و کەچی تەڕەستییەکە هیچ بەتاڵ نەبۆوە. و ژنەکە هەر لەو بۆشاییە بوو. ئیتر بۆم دەرکەوت کە ئەو قسەیە ڕاست نییە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی دوو مانگێک لەگەڵ براکەم ئیشم کرد.[١٦] ئەو ساڵە واتا ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ کاک تەهای میم ئایشێی خزمی خۆمان پۆلەندییەکی کڕی. پۆلەندی یان (ترِحێو)یشی پێ دەگوترا، سەیارەیەکی بچووک بوو دە نەفەرێکی هەڵدەگرت و زیاتر لە خەتی ناو شار بەکار دەهات. پۆڵەندییەکە ڕەنگی شین بوو و مۆدێل ١٩٧٧ بوو. تازە و نوێ بوو. لە سەردەرگاکانی پێشەوە لە هەردوو لاوە لۆگۆی شارەوانی کەرکووکی ( هیئة نقل رکاب کرکوک حي الآندلس – شارع ٧ نیسان) پێوە بوو. دوو مانگی ڕەبەق بووم بە سەکن.[١٧] ئەو سەردەمە سیاسەتی تەعریبی بەعس بەچڕیّ پیادە دەکرا و ناوە ئۆریجناڵەکان و کوردییەکان دەگۆڕدران بە ناوی عەرەبی. ناوی شاری کەرکووک بوو بە (التآمیم) و ڕەحیماوە بوو بە (حي الآندلس) و شەقامی ئەتڵەس بوو بە شارع (٧ی نیسان) و دواناوەندی زێوەر بوو بە (ثانویة الاندلس للبنین ) و قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان بوو بە (اعدادیة عبدالملک بن مروان) و قوتابخانەی ڕەحیماوەی سەرەتایی بوو بە (مدرسة عبدالرحمن بن عوف) و ئامادەیی خانزاد بوو بە (ثانویة الخنساء) و تاد. هەموو سەفەرێک بە پۆڵەندییەکە کە دەڕۆیشتین و دەهاتینەوە پارە کاغەزەکان کە ڕوبع و نیودینار و هەندێجار دینار بوو دەمدایە براکەم و وردەکانیشم لەناو کیسەیەک دەنا و بەدەستمەوە بوو. ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەکنیم دەکرد و برێک پارەیان دەدامێ و خۆشم چونکە

---

[١٦] عەلی سلێمان، برا گەورەم لەکاتی پیاچوونەوەی ئەم کتێبەمدا زۆر بەداخەوە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ بە نەخۆشی کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

[١٧] سەکن، بەو کەسە دەوترا کە لەگەڵ ئۆتۆمبێلی نەفەرهەڵگر کاری دەکرد و بانگی نەفەری دەکرد و پارەی کۆدەکردەوە بۆ سایەق.

وردەکانم لا بوو بە ئارەزووی خۆم هەنار و شەربەت و لەفەی نۆکم پێ دەخوارد. ئەم ئیشەشم وەک هەر ئیشێکی تر نەک هەر پێ شەرم نەبوو، بەڵکو دەمگوت بۆ خۆمانە و قەینا لەگەڵ برای خۆم ئیش ئەکەم. براکەم هەندێجار لێم تووڕە دەبوو لەسەر ناڕەحەتییەکانم و منیش گوێم پێ نەدەدا. بەو پۆلەندییە جاروبار سەفەرمان پێدەکرد و جارێکیان براکەم منی لەگەڵ خۆیدا برد و چووین بۆ ئۆردوگای مێرگەسوور کە لەو ساڵە دروست دەکرا و کوڕە خاڵ و کوڕە میمکەکانم لەوێ وەستا بوون و کاریان دەکرد و سەرمان لێیاندا و شەوێ لایان ماینەوە و بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە کەرکووک. لەوسەردانە بۆ یەکەمجارم بوو لە کۆڕێک دابنیشم هەموو بیرەیان دەخواردەوە جگە لە من کە منداڵ بووم و بیبسیان بۆم بانگ کرد. لەوێ فێر بووم لەدەرەوەی خێزان ژیان هەیە و مرۆڤ ئازاد ترە و خۆشی و چێژی زۆرتر هەیە. ئەو سەفەرە یەکەم سەفەر و دوا سەفەر بوو لە ژیانم لەگەڵ براکەم و ئیتر ببڕای ببڕ سەفەرمان بەیەکەوە نەکردەوە. ئەم ئیشەمان درێژەی نەکێشا و براکەم سەیارەکەی فرۆشت و لە کۆمپانیایەکی یوگۆسلاڤی کەوتە کار و منیش سەکنییەکەم نەما.

زۆری نەبرد قوتابخانە کرایەوە و بووم بە قوتابی لە پۆلی سێیەمی ناوەندی. لەو ساڵە دەفتەرێکی سەد لاپەڕەییم کڕی و شیعری شاعیرەکانم تیا دەنووسییەوە. بیرمە شیعری هێمن و هەردی و گۆران و ئەخۆل و ئەسیری و زێوەر و کامەران موکری و دیلان و زۆری ترم کۆکردبۆوە و لەبەریشم کردبوون. ئەو سەردەمە عەشقێکی زۆرم هەبوو بۆ شیعر. ساڵی ١٩٧٩ دەستم کردە کڕینی گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و پاشکۆی عێراق و ڕۆژنامەکانی هاوکاری و (العراق) و گۆڤارەکانی (الطليعة الادبية) و (العربي) کوەیتی و (الثقافة الجديدة) و تاد. جگە لەو کتێبانەی ئەو سەردەمە کە لە بەغدا چاپ دەکران و بڵاو دەکرانەوە، هەندێ کتێبی تریش هەبوون قاچاخ بوون و دەست نەدەکەوتن و تەنها ژێربەژێر لای ئەم و ئەو پەیدا دەبوون وەک (تاریک و ڕوون)ی هێمن و (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و

(کوردستان و کورد)ی عەبدولڕەحمان قاسملو و ( الحركة الثورية الكوردية) ی جەلال تاڵەبانی و هەندێ کتێبی تریش کە سەیدیان لە ئێران چاپی کردبوون. لێرەوە ئیتر من و کتێب ئاوێتەی یەکتر بووین و تا ئێستا و تەنانەت تا مردنیش لێک جیا نابینەوە. هەتا بچووک بووم و تەمەنم نەگەیشتبووە چواردە ساڵ، باوکم گشت جارێ دەیگوت کوڕم پرچت درێژ بووە با بتبەم بۆ سەرتاش تا پرچت بتاشم و جوان بیت، ئەها نابینی وەکو دەروێشت لێهاتووە. منیش ئەو دەردەم چەشتبوو و پێشتر بینیبووم کە باوکم سەری سفر دەکردم، زۆرم پێناخۆش بوو و دەسەڵاتیشم نەبوو. باوکم هەمیشە دەیبردم بۆ لای (مەولود حەلاق) یادی بەخێر کە هەر ئامۆزای خۆی بوو و دوکانی سەرتاشینەکەی لەناو بازاڕەکەی ڕەحیماوە بوو. کاتێ لای مام مەولوود سرەی سەرتاشینم دەهات، باوکم دەیگوت مەولوود بە دڵی عەبدوڵا سەری چاک بکە و بە دزی منیشەوە ئیشارەی بۆ مام مەولوود دەکرد کە سەرم سفر بکات. منیش شێخم نەدەما و هیچم بۆ نەدەکرا. کاتێکیش هەراش بووم لە تەوقی سەرم وردە وردە تەنکیی تێکەوت و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنم ئەو تەوقە گەورە و گەورەتر بۆوە. تا وای لێهات خۆم بە ویستی خۆم لەپێناو لابردنی بەشێک لە دزێوی قژهەڵوەرینەکەم بۆ هەمیشە سەرم سفر بکەم. ئێستا ئەگەر هەفتەی جارێک موسی لێنەدەم دڵم ئیستراحەت ناکات.

ساڵی ١٩٧٧ ئەوساڵە بوو بە هیممەتی کاک سابیر کارەوانی ئامۆزای باوکم کە لە مەخموورەوە هاتبوو بۆ سەردانیمان، قەناعەتی بە باوکم کرد تەلەفیزیۆنێکی فلیپسی بچووکی ڕەش و سپی بۆ کڕین و نەجاتمان بوو لەوەی ئەوەندە لەسەر دیوارەوە سەیری تەلەفیزیۆنی ماڵە جیران بکەین و بەدیار تەمسیلییەکانی (حاجی مەکی عەبدوڵا – عەلییە فەنی) ئاوی پێمان دابێت. هەو ئەو ساڵە ١٩٧٧ کاتێ من خەریکی دەستگێڕی بووم و شەکەرات و شتم دەفرۆشت، دایکم زۆر یارمەتی دەدام و هەر ئەو شتەکانی بۆم ئامادە دەکرد. کاتێکیش ویستم واز لەو شتفرۆشتنە بهێنم، دایکم پێشنیاری کرد ئەو ژوورەی لای خوارەوە هەمان بوو

باوکم بیکات بە دوکان و شتی تیا بفرۆشین، باوکم پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد و کردمان بە دوکانێکی بچووک و وردەواڵە و ساردەمەنی و ئایسکرێم و کرێمستی و ئیتر زۆر شتی تیا دانرا و دایکم بوو بە دوکاندار و لەسەری دانیشت و ئەو دوکاندارییەی دایکم درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٩١ بۆ جاری چوارەم کە بە تەواوەتی لەگەڵ ماڵەکەمان، دوکانەکەشمان تالان کرا. ساڵی ١٩٧٩ پڕ لە گۆڕانکاریی بوو بۆ من. ساڵی ئاشنابوونم بوو بە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ساڵی گۆڕینی ستایڵی ئیشکردنم بوو لە بری سەکنیی و شتفرۆشتن، لە کارگەی بەفری تەرزی کە هەر لە نزیک ماڵی خۆمان بوو دامەزرام و هاوینان کاری تاقەتپڕوکێنم دەکرد. ئێواران لەسەعات چواری عەسرەوە دەستم بە بەفر دابەشکردن دەکرد تا هەشتی بەیانی کە دەیکرد شانزە سەعات کارکردن مانگی بە ١٥٠ دینار. هەرچەندە ئەو سەد و پەنجا دینارە پارەیەکی زۆر باش بوو، بەڵام زۆریش ماندوو دەبووم و گوێشم لێنەبوو. لەو کارگەیە تەقریبەن دە بۆ پانزە کەس ئیشیان دەکرد بە دوو شفتی جیا. شفتی شەو و شفتی ڕۆژ. بەفرمان دەبرد بۆ دوکانی بەفرفرۆشەکان لە ئەحمەد ئاغا و موسەڵڵا و پیریادی و ئازادی و چەند شوێنێکی تر. هەروەها ساڵی گۆڕانی زەوقی گەنجێتیشم بوو. ئەویش ڕۆژێک هاوڕێیەکی کرێکارم لە کارگەی بەفرەکە پرسی ڕادیۆ و تەسجیلت هەیە؟

- نا نیمە.

- ئای خۆ تۆ گەنجیت و چۆن ئەبێ ڕادیۆ و تەسجیلت نەبێت!

منیش ئەمەم چوو بە مێشکا و ئەوەبوو ڕادیۆ و تەسجیلێکی ناشناڵی نوێم کڕی. ئەو کرێکارانەی ئەو کارگەیە زۆربەیان زگورتی بوون و یەک دوانێکیان نەبێ خاوەن ماڵ و منداڵ بوون و هەندێکیشیان لە لادێکانی دەوروبەری کەرکووکەوە هاتبوون و فوول نەخوێندەوار بوون. زۆرجار لەبەردەم کارگەکە دەوەستان و سەیری کچانیان دەکرد و تانە و تەشەریان لەکچان دەدا. ئیتر منیش لەناویان بووم و دەمزانی دۆخەکە چۆنە و چۆن باسی کچانی کۆڵانەکەمان دەکەن و دڵنیاشبووم لەوەی کاتێ من لەوێدا ئامادە نەبم باسی خوشکی منیش دەکەن.

ئەم مەوزەعەم لەدڵا بوو و بەردەوام هەڕەشەم لە خوشکەکەم دەکرد کە نەچێتە دەرەوە و پێش دەرگا. ئەویش دەیگوت تۆ هەقت چییە؟ منیش بەگژیا دەچووم و دەمگوت نامەوێت بتبینم لەبەر دەرگا. ئیتر خوشکی بەستەزمان کە تا بچووک بووین بەردەوام پێکەوە یاریمان دەکرد، ئێستا کە گەورە بووینە من خەریکم ڕێی نادەم بە ویستی خۆی بەجلی ئاڵووالاوە بێتە بەر دەرگا. هەرچەندە خوشکەکەم لای دایک و باوکم شکاتی لێمکرد، بەڵام دیسانەوە شکاتەکەی نەیخوارد. من بۆ ئەوەی کەس ناومان نەهێنێ ئەو کارەم کرد کەچی هەموو مەینەتییەکە بەسەر خوشکی بەستەزمانم شکایەوە. هەرچەند کە گەورە بووم و حاڵی بووم گەلێ داوای لێبووردنم لە خوشکەکەم کرد و زۆر هەوڵمدا قەرەبووی بۆ بکەمەوە بەڵام قەت نەمتوانی قەرەبووی ئەو ڕۆژانە بکەمەوە.
ڕۆژێکیان چوومە کتیبفرۆشییەکەی ئەمین عەسری کە ناوی مەکتەبەی عەسری بوو و دوو کتێبم کڕی یەکێکیان وابزانم یان مەلای مەشهوور بوو یان حکایەتی دز و قازی بوو کە لێیَ نووسرابوو (حقوقی ئەم کتێبە مەحفوزە بۆ محەمەد ئەمین عەسری خۆی، هەرکەسێ تەبعی بکا قانوونەن مەسئول ئەبێ) و ئەویتریان (چۆن فێری زمانی عەرەبی دەبێت بە زووترین کات) کە سابیر گردعازەبانی نووسەرەکەی بوو و لەسەر بەرگی پشتەوەی کتێبەکە نووسرابوو (ئەم کتێبە باشترین ڕابەر و ڕێبازە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە زووترین کات). ساڵی ١٩٧٩ دەبوایە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەربچم و بچمە خانەی مامۆستایان ببم بە مامۆستا. دوو مەسەلەی گرنگ لەو سەردەمە ڕۆڵی خۆیان لەسەر بیرکردنەوە و دنیابینیم دەگێرا، یەکێکیان مردنی مەلا مستەفا بوو لە ئەمریکا. ئەم مەرگە جێی خەفەتێکی گەورە بوو بۆ باوکم و بۆ بنەماڵەکەمان. بە تەبیعەتی حاڵ کاریگەری لەسەر منیش جێهێشت. منیش لە زمانی باوکمەوە دەمگوت بەداخەوە کورد سەرکردەیەکی سیاسی گەورەی لەدەستدا. باوکم دەیگوت کاتی خۆی شێخ مەحموود لەسەرەمەرگدا گوتوویەتی (تازە هەقی کورد سووتا مەگەر مستۆ بیسەنێتەوە). دەمانوت ئەوە مستۆش مرد تازە کورد فەوتا. ئەم ئاخانەی

باوکم ببوونە ئاغی من و تا ئەو ساتەش وامدەزانی باوکم زۆر لە دنیا گەیشتووە و ئەو ڕاستە و باوکم کێی پێڕاست بێت ئەو تەواوە. مەسەلەی دووەمیان کاریگەری ئایین بوو لەسەر باوکم و خێزانەکەمان و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر ژیانی من. منیش وەک هەر مێردمنداڵێکی تر بڕوام بە ئایین و خوادا هەبوو و مانگی ڕەمەزانیش پارشێوان لەگەڵ دایک و باوکم هەڵدەستام و دایکم لەپەنای ناوساجییەوە دوو سێ ناوساجی درێژکۆڵەی بۆ دروست دەکردم کە پێمان دەوت (کلکەبزن). چێژم لەو زوو لەخەوهەستانە دەبینی و بەڵام بە ڕۆژوو نەدەبووم و چێشتەنگاوانیش هەڵدەستام و دەستم دەکرد بە نان و چا خواردن. ئەم دوو ئاراستەیە خەریک بوو کەسێتی منیان دروست دەکرد.

ڕۆژێکیان نازانم لەسەر چی بوو لەگەڵ باوکم بوو بە دەمەقاڵێمان. هاوارم کرد ئەگەر ڕێم نەدەن ئەو کارە بکەم دەڕۆم دەبم بە پێشمەرگە. باوکم گوتی هەی هەی هەر ئەمەمان کەمبوو، ئەبیت بە پێشمەرگەی کێ؟ ئەچم ئەبم بە پێشمەرگەی پارتی. باوکم بێدەنگ بوو و ئینجا هەستی کرد من وەک جاران منداڵ نیم و دەبێ بە جۆرێکی تر مامەڵەم لەتەکدا بکات. براکەشم چەندینجار ڕووشکێنی دەکردم و عەزیەتی دەدام. ڕۆژێکیان لەماڵەوە دانیشتبووین بوو بە موناقەشەمان. من قسەیەکم کرد و ئەویش بە گاڵتەجارییەوە گاڵەتی پێکردم. منیش تووڕە بووم و بە گەرووی پڕ گریانەوە پەلاماری ئەو کەرتە تابووکەم (کەرپووچ) دا کە خستبوومانە بەر دەرگاکە تا دانەخرێت، کەرپووچەکەم لێڕاست کردەوە بەڵام نەمهاویشت. ئەویش لەو بەگژاچوونەوە مامەڵەی لەتەکمدا گۆڕا. ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو پێیان بڵێم من مناڵەکەی دوێنێ نیم و خۆشم وردە وردە هەستم ئەکرد ماڵەوە حیسابی پیاوم بۆ ئەکەن نەک منداڵ. لەهەمووشی بێماناتر بە دزییەوە ئەچوومە دەرەوە جگەرەی موفرەدم (تاک) ئەکڕی و فێری جگەرەکێشانیش بووم بێئەوەی بهێڵم ماڵەوە پێم بزانن. یەکەمجاریش بە جگەرەیەکی بەغدا دەستم پێکرد. کاک هادی عومەر شوانی شاعیر کە هاوتەمەنی یەکتر بووین و چووین

تەماشای یاری تۆپی پێ بکەین، لە لێوار گۆڕەپانەکە جگەرە دەفرۆشرا. لەوێ دووجگەرەمان کڕی و ئیتر هادی نیشانی دەدام چۆن دووکەڵەکە هەڵبمژم. لەوساوە واتا لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە دەستم بە جگەرەکێشان کرد. چەندجارێکیش جگەرەی ئەریدۆم کێشاوە کە تامێکی فرەخۆشی هەبوو. لە دەرەوەش لەگەڵ هاوڕێم شەهید پاڵە (کە بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٧ دا شەهید بوو) باسی کتێب و زۆر شتمان دەکرد. ئەو لەمن گەورەتر بوو بە دوو ساڵێک، شتی زیاتری دەزانی و گەلێ شت لەو هاوڕێیەوە فێر بووم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە خوێندن بەردەوام بووم و داخلی بەکالۆری بووم و لە تاقیکردنەوەکان دەرچووم. باوکم گوتی ئێستا با بچین بۆ هەولێر بۆ لای دۆستێکمان کە مامۆستای ئامادەیی بوو تا ڕێ و شوێنمان بۆ دابنێ تا بچییە خانەی مامۆستایان. چووین بۆ هەولێر و ئەو دۆستەمان بینی کە ئامۆزازای خۆمان بوو، قسەی لەگەڵم کرد و نیازی منی زانی کە مامۆستایی بۆیە قەبووڵ ئەکەم تا باوکم دڵخۆش بێت، بە باوکمی گوت مامە لێیگەڕێ با بچێتە ئامادەیی و خۆی حەزی لەچی بوو با ئەوە بکات و لەوەدا سەردەکەوێ. باوکیشم قەناعەتی کرد و هاتینەوە کەرکووک و چوومە پۆلی چوارەمی گشتی لە دواناوەندی زێوەی کوڕان.

لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتاکان و بە تایبەتیش لە دوای پۆلی پێنجەمی سەرەتایی فێرە پاسکیلی گەورە بووم. مەبەست لە پاسکیلی گەورە تایە ٢٨ ە چونکە تایە ٢٦ و ٢٤یش هەبوو. سەرەتا لەناو لاشە خۆم فێر کرد چونکە لەبان سەرجەکەوە قاچم نەدەگەیشتە پەیدەرەکان. لەناو لاشە دوای قوتابخانە ئەوەندە پاسکیلەکەی کاکم لێدەخووڕی لنگی ڕاستی بێجامە شاڵستۆنەکەم بەردەوام بە گریسەوە بوو و ڕەشی دەکردەوە. تۆزێ تر گەورە بووم ئیتر لەسەر سەرج پاسکیل سواریم دەکرد و نووکی پێیەکانم دەیدا لە پەیدەرەکە. وای لێهات لە سەر پاشکۆکەی پشتەوە دادەنیشتم و لیم دەخووڕی و هەندێکجاریش هەردوو قاچم دەخستە سەر سووکانەکە و لەلێژاییەکان خل دەبوومەوە. سروشتی بازاڕی ڕەحیماوە وا بوو لە بەرزاییەکانی پشت ماڵانی ڕەحیماوەی کۆنەوە

دەستی پێدەکرد قیرتاو بوو تا دەگەیشتە جادەی کەرکووک – هەولێر. ڕۆژێکیان لە بەرزاییەکانەوە بە بازاڕەکەدا بە خێرایی پەیدەرم لێدەدا و ئیتر پاسکیلەکە خێرا بوو و منیش هەردوو قاچم خستە سەر سووکانەکە و بەهەردوو دەستیشم سووکانەکەم گرتبوو. ئەو ڕۆژە بۆ نەگبەتی تێمسێک لەناوەراست بازاڕەکە ڕێک لەبەردەمم وەستا. ئەوکات تێمسەکان لای مزگەوتەکەی ڕەحیماوە دەوەستان. منیش بۆ ئەوەی لە تێمسەکە نەدەم ، بەناچار بەرەو لای شۆستەکە لارم کردەوە و لەوکاتەیا سێ زەلام بەدەم پیاسەکردنەوە سەرگەرمی گفتوگۆ بوون، من بەخۆم و پاسکیلەکەم ڕێک ملم پێیانەوە نا و تایەی پێشەوەی پاسکیلەکەم چوونە نێوان هەردوو لاقی یەکێکیان و ئەویش بۆ ئەوەی کاریگەری لێدانەکە بە هێزی دەستی کۆنتڕۆل بکات، سووکانی پاسکیلەکەمی گرت. منیش تا هێزم تیا بوو بە هەردوو دەستم ئیستۆپم گرت. کابرا زۆر تووڕە بوو و پرسی کوڕی کێی؟ گوتم بەخوا مامەکە نەمزانی کوڕی حاجی سلێمانم. ئیتر هەر ئەوەندەی گوت (دەک عەمر درێژ نەبیت خۆ پەنجەمت شکان. بڕۆ دەی بڕۆ. ). بۆ ئێوارەکەی باوکم لە شەریکە هاتەوە و وەک عادەتی ڕۆژانەی چوو بۆ ناو بازاڕەکە، لەوسەر کە هاتەوە بینیمی وا خەریک پاسکیل سواریم لێم تووڕە بوو و گوتی تۆ عار ناهێنیت، ئەمڕۆ چ کەتنێکت کردووە و پەنجەی فلان کەست خراپ زامدار کردووە. گوتم بەخوا نەمزانی. جارێکی تر لەناو بازاڕەکە سەیری دوکانەکانم دەکرد، لەدیار دوکانێکی پێڵاوفرۆشتن ڕاوەستام و تەماشای پێڵاوێکی جوانم دەکرد. کابرای دوکاندار گوتی ها چیت ئەوێ؟ بەردەم دوکانەکەم بەردە. منیش لاساییم کردەوە و دەمی خۆم خوار کردەوە و وەک ئەو گوتم (ها چیت ئەوێ بەردەم دوکانەکەم بەردە) و لێمدا ڕۆیشتم. من نەمزانی کابرای دوکاندار دەمناسێ و دەزانێ کوڕی کێم. بۆ بەیانییەکەی بینیم باوکم تووڕەیە و ئاگر دەکاتەوە و دەستی برا گەورەکەمی گرت و بردی بۆ بازاڕەکە. دوای نەختێک بینیم باوکم و براکەم ئاسایی وا دێنەوە بۆ ماڵ. باوکم خۆی تێکنەدا بۆ ئەوەی لێم نزیک بێتەوە و پەلامارم بدا و لێمبدا، من حاڵی بووم و تێمتەقاند و دوور

کەوتمەوە. ئیتر کە بەردەست باوکم نەکەوتم گوتی (خۆ هەر دێیتەوە نیوەشەویش بێت دارکاریت ئەکەم تۆ بۆ گاڵتەت بەو دوکانداره کردووە. لەدوورەوە گوتم وەڵلا گاڵتەم پێنەکردووە بەس خۆی لای دوکانەکەی دەری کردم. ئینجا باوکم گوتی ئێ باشە خۆ دێیتەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە درەنگ هەر لە دەرەوە بووم.

لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم تەنیشت قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان چۆڵایی بوو و جەژنان ماتۆڕیان بەکرێ دەدا و لەلایەکی تریشەوە لگاویان دەکرد. من چەند جار لگاوم کرد و پارەم دەدۆڕاند. چەند جاریش سواری ماتۆڕ بووم و ورده ورده فێر بووم. ڕۆژێکی جەژن سواری ماتۆڕ بووم و ویستم بەخێرایی بابدەمەوە. کەبام دایەوە کەوتم و خوار چۆکم بە ئەگزۆزی ماتۆڕەکە جوان سووتا. بەشەلەشەل چوومەوە ماڵ و دایکم وتی ئەوە بۆ وات لێهاتووە. گوتم هیچ نییە کەوتم. دوایی کە زانی بەزمەکە چییە. ئیتر ناچار بەدزی باوکمەوە بۆی چەور دەکردم و بە پارچە پەڕۆیەک بۆی بەستامەوە تا چاک بوومەوە. ئەم فێربوونەی ماتۆڕ سوودم لێبینی کاتێک براکەم ماتۆڕێکی (ئێم زێدی ١٥٠)ی کڕی زۆرجار سویچەکەی لەماڵەوە دادەنا و منیش دەچووم سویچەکەم دەبرد و ماتۆڕەکەم لێدەخوڕی. تا ڕۆژێکیان پرسی

- ماتۆڕ ئەزانی لێبخوڕیت؟

- بەڵێ.

- باشە بەیانی با ماتۆڕەکە بەرینە لای فیتەری ئەحمەد ئاغا و تۆ لای فیتەرەکە بمێنەوە و دوای ئەوەی چاکی کردەوە ماتۆرەکە بهێنەوە بۆ ماڵ. منیش لە خۆشیانا سەعاتم لێ نەدەڕۆیی. بۆ بەیانییەکەی لە پشتەوەی سوار بووم و چووین بۆ لای فیتەر و من تا سەعات یەک لەوێ مامەوە و دوایی بە تەنیا ماتۆڕەکەم هێنایەوە ڕەحیماوە. لە ڕێگا کە بەنزینم بۆ ئەشێلا وام ئەزانی ئەو دونیایە کەسی تری تیا نییە من نەبێت. حەزم دەکرد نەگەمەوە ڕەحیماوە. ئەو ڕۆژە تا عەسر پیرەماتۆڕم لێخوڕی و دڵم داکەوت.

ستایلی میعماری و ئەندازەیی خانووەکانی ڕەحیماوە بە گشتی ڕۆژهەڵاتیی بوون، مەگەر بە دەگمەن نەبێ غەربیی دروست دەکران. زۆر جیاوازتر بوون لەو خانووانەی کە جوولەکەکان یان مەسیحییەکان لە دەیەکانی چلەکان و پەنجاکان و شەشتەکان دروستیان کردبوون. خانووەکەمان کە ساڵی ١٩٦٩ دروست کرا، جگە لەوەی ڕۆژهەڵاتیانە بوو سەقفەکەشی گومەت بوو کە بە شێلمان و قایە و گەچ سەری گیرابوو. دواییش بۆ سەربانەکەی خۆڵیان ڕادەخست و پاشانیش سواخ دەدرا. ئەم ستایلە گەرچی لەڕووی تێچوونەوە هەرزان بوو بەڵام زستانان کە باران دەباری قوڕ و لیتەی لەگەڵ خۆی دەهێنایە حەوشەکە و ئیتر دایک یان خوشکەکانم دەبووایە خاوێنیان بکردایەتەوە. باگردێنێکیشمان لەسەر بان هەبوو و پایزان ئەو باگردێنەمان بەسەر بانەکەدا دەهێنا و دەبرد تا باش بپەستریتەوە و بنمیچەکە دڵۆپە نەکات.[١٨] من زۆر لەسەر بان دەمخوێند و ئاواتم ئەوە بوو کە سەر بانەکەمان چیمەنتۆ یانیش شتایگەر بوایە. ئەم ئاواتەمان چەند ساڵ دواتر هاتە دی. ئەوە بوو باوکم دوو سێ عەرەبانە قووم و چەگلی کڕی و سەربانەکەمانی چیمەنتۆ کرد. ئیتر دایکم و خوشکەکەشم حەسانەوە. هاوینی ساڵی ١٩٧٨ فێری مەلەوانی بووم و بەردەوام لە حەوزە گەورەکەی کارگەی بەفرەکەی تەرزی مەلەوانیم دەکرد. جارێکیان من و نەجاتی مام فەرەج پێکەوە لەو حەوزە مەلەمان دەکرد و لەپڕ نەجات هاواری کرد و خەریک بوو بخنکێت. منیش دەستێکم بە بۆڕی بان حەوزەکەوە گرت و قاچم درێژ کرد بۆی، ئەویش قاچی گرتم و ڕامکێشایە لاوە و تا دەستی لە بۆڕییەکە گیر بوو. ئیتر نەجات تا چەند ساڵ دواتر هەر دەیگوت تۆ لە خنکان ڕزگارت کردم. گەرچی بە شێوەیەکی زانستی فێری مەلەوانی نەبووم، بەڵام لانی کەم بایی ئەوە فێر بووم کە لە هیچ ئاوێک نەترسم و نەخنکێم.

[١٨] باگردێن، شێوە لوولەییەکی لە چیمەنتۆ دروستکراو بوو و کونێکی لە ناوەندەوە هەبوو و شیشیک لەناو ئەو کونە دائەبرا و ئەمسەر و ئەوسەری شیشەکە بە تێلێکەوە قایم دەکران و ڕادەکێشرا بەسەر بانان تا سەربانەکە بپەستێتەوە و خانووەکە زستانان دڵۆپە نەکات.

لە ساڵی ١٩٧٨ - ١٩٧٩ شێوازێکی پەیوەندیکردنی هونەرمەندان بە خەڵکەوە پەیدا بوو کەجێی سەرنج بوو. ئەو سەردەمە تەنها نامە هەبوو بۆ پەیوەندی کردن. ئیتر خەڵکانێکی زۆر نامەیان بۆ هونەرمەندەکان دەنووسی و هونەرمەندەکەش کلێشەی نامەیەکی تایپ کردبوو و جێ ناوەکەی بە بەتاڵی هێشتبووەوە تا ناوی کەسی پەیوەندیکەر بنووسێت ئینجا و لەخوارەوە ناوی خۆی نووسیبوو و واژووی کردبوو و وێنەیەکی خۆشی لەسەر کلێشەکە بوو. من لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی شەشەمی ئامادەییشم تەواو کرد کارتەکانی کۆتایی ساڵم مابوون و دواتر ڕۆژێکیان هەموویانم فەوتاند. لەگەڵ سووڕانەوەی ساڵ ئەو خوشکەم کە مێردەکەی لە زیندانی ئەبوغرێب بوو، پیاوەکەی بەربوو و ئەویش لەگەڵ هەردوو مناڵەکەی چووەوە ماڵی خۆی و خوشکە بێوەژنەکەشم بەڕێی خۆیدا ڕۆشت و هاوسەرگیریی کردەوە و ماڵمان تا دەهات وردە وردە قەرەباڵغییەکەی جارانی نەدەما تا وای لێهات بەس ئێمە و ماڵی براکەم لە خانووەکەماینەوە. ئیتر کەشی ماڵەوەمان بەرەو ئەوە دەڕۆیی کە بەناچاری بیرێک لە من بکەنەوە و شوێنێکی ئارامم دەویست بۆ خوێندن و هەروەها لەڕووی تەمەنەوە گەورە بووبووم. بۆ ئەم مەبەستەش باوکم بڕیاریدا شوێنی باخچەکەی ناو حەوشەمان بکاتە ژوورێکی بچووک بۆ من.

ئەوە بوو ژوورەکە بە هەرەوەزیی دروستمان کرد و قەرەوێڵەکەم و کتێبەکانم و سۆپایەکی عەلادین و کومبارێکیان لەناو ڕاخست و ژوورەکەیان بۆم ڕازاندەوە و منیش ئیتر ئێواران دوای نان خواردن دەچووم بۆ ژوورەکەی خۆم و خەریکی خوێندن دەبووم. هەرچەندە ژوورەکەم کەشێکی ئاسایی هەبوو بەڵام بۆ من نیشتمانێکی زۆر خۆش بوو و بە تەواوەتی لەو ژوورەدا هەستم بە ئازادی دەکرد و هەر کاتێک بمویستایە دەمخوێند و دەمخوێندەوە و گوێم لە مۆسیقا و گۆرانییە کوردییەکان وەک عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و مەزهەری خالقی و حەیرانەکانی خارە حەسەن سیساوەیی و قادر کابان و قادر مەردان و خەلیل موراد وەندی و ئوم کەلسوم و عەبدولحەلیم حافز کە بە (عەندەلیبی گۆرانی

عەرەبی ناسرابوو) و سەمیرە سەعید و نادیە مستەفا و...تاد دەگرت و بە ئارەزووی خۆم وێنەم لە سەر دیوارەکانی هەڵدەواسی. خوشکەکەشم زۆرجار لەو سەردەمە قاوە یان نیسکافی دروست دەکرد و کوپێکی بۆ دەهێنام. ئای کە ڕۆژگارێکی خۆش بوو و هیچ هێزێک ناتوانێت ئەو ڕۆژە جوانانەم لە یادەوەریدا بسڕێتەوە.

دوای فەترەیەک لەو ژوورە و بۆ یەکەمجار هاوڕێیەکی ئازیز و شیرین و جوانم ناسی کە لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش کە ئەم یادەوەرییانە دەنووسم هەر هاوڕێی یەکترین. ئەو هاوڕێیەشم ناوی ئەدەبە و تا دێتیش پەیوەندی نێوان من و ئەدەب پتەوتر و بەهێزتر دەبێت.



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و مەهدی عومەر شوانی و ئەوەی پشتەوە جاسم ڕەشید برای شەهید پاڵەیە سالّی ١٩٨٠ لەناو کارگەی بەفری تەرزی چرکێنراوە.

هاوینی ساڵی ١٩٧٩ کە لە کارگەی بەفری تەرزی ئیشم دەکرد و شەوان بەفرمان بۆ ناو شاری کەرکووک دابەش دەکرد، زۆربەی شەوەکان بە جادەی کۆڕنیشدا ڕەت دەبووین. حکومەتی بەعس ئەو ساڵە جادەی کۆڕنیشی تازە نۆژەن کردبۆوە و کردبووی بە دوو سایدی جوان و گڵۆپی بۆ دانابوو و خوێنکارانی پۆلی شەشەمی بەکالۆریش شەوان لەژێر ئەو گڵۆپانەدا تا بەیانی کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و دەیانخوێند. خوێندن لە شاری کەرکووک لە قوتابخانە کوردییەکان تا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ - ١٩٧٩بەزمانی کوردی بوو. تا پۆلی سێی ناوەندیشم تەواو کرد هەر بە زمانی کوردی دەمانخوێند، بەڵام کە چوومە پۆلی چوارەمی گشتی لە ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ زمانی مەنهەجی خوێندن گۆڕدرا و بوو بە زمانی عەرەبی. زۆربەی زۆرمان کێشەیەکمان لەو گۆڕینە نەبوو بەڵام کەسانێک هەبوون ئامادە نەبوون بە زمانی عەرەبی بخوێنن و ئەوەشیان زیاتر وەک هەڵوێستیکی کوردایەتی دەفرۆشتەوە. ئەو کەسانە ناچار بوون خۆیان بگوازنەوە بۆ چەمچەماڵ و لەویَ درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن. ئێمە هەر لە قوتابخانەی (ثانویة الاندلس للبنین) کە هەر قوتابخانەی زێوەری جاران بوو، ماینەوە. ئەو ساڵە گەشتی قوتابخانەمان هەبوو بۆ (غابات) دارستانەکەی ئاسکی کەڵەک. گەشتەکە لەلایەن قوتابخانەوە ڕێکخرابوو. بەشداری ئەو گەشتەم کرد و تامی خۆی هەبوو. بەداخەوە هیچ وێنەیەکی نە ئەو گەشتە و نە هیچ گەشتێکی ترم نییە چونکە لە ژیانمدا کامیرەم نەبووە تا هاتمە کەنەدا و بوومە خاوەن کامیرا. هەر هەمان ساڵیش گەشتێکی تر لەلایەن چەند مامۆستا و قوتابییەکەوە ڕێکخرا بۆ هاوینەهەواری دوکان ئەگەر هەڵە نەبم، قوتابییەکان خەریکی ئامادەسازی بوون. من لە یەکێک لە قوتابییەکانم پرسی (مامۆستا عەبدوڵا کە ئێستا مامۆستایە لە کەرکووک) کە یەکێک بوو لەوانەی سەرپەرشتی گەشتەکەی دەکرد (ئەو سەفەرەیە چەنێ پارەی ئەوێ؟) قوتابییەکە وەڵامی دایەوە (ئەوە بۆ تۆ نابێت، گرانە). منیش هیچم نەگوت چونکە ڕاستی دەکرد. ئەم قسەیەم لە دڵدا ما و تا

مردنیش لە بیرم ناچێتەوە کە چۆن هەژاری و دەستەنگی ڕێگر بوون لە بەدیهاتنی زۆرێک لە حەز و ئارەزووەکانم.
ئەو ساڵە شانم دایە بەر خوێندن و لە دوو وانە مەعفوو بووم و نمرەکانیشم بەرز بوون، چونکە لەگەڵ دوو قوتابی زۆر زیرەکدا (وریا حەمەڕەزا و نازم ڕەشید) هەڵسوکەوتم دەکرد. لە وەرزشیشدا لە منداڵییەوە تۆپێنم دەکرد بەڵام هەرگیز یاریزانێکی باش نەبووم. لە پۆلی چوار لە دەورەی تێنس بەشداریم کرد و نوێنەری پۆلەکەم بووم و هەر زوو لەدەورەکە دۆڕام و کرامە دەرەوە. هەر لە ساڵی ١٩٨٠ فێری سایەقی بووم. سەرەتا لە کارگەی بەفر سەیارە و لۆرییم دەهێنا و دەبرد، دوایش هاوڕێیانم کاک جێماو کە باوکی جێبێکی لاندرۆڤەری هەبوو و هەروەها هاوڕێم مەهدی شوانی کە کۆستەرێکیان بوو زۆر ئێواران بە سەیارەکەی ئەوان دەچووینە دەرەوە و دەیاندایە دەستم و دەمهاژووشت. ساڵی ١٩٨٠ کرێکارانی میسری بەلێشاو هاتبوون بۆ عێراق و وەک هێزی کاری هەرزان بەکار دەهێنران. بیرمە یەکجار ڕەفتارێکم بەرامبەر بە کرێکارێکی میسری کرد کە لەگەڵ خۆماندا ئیشی دەکرد (فێری جنێوم کرد) و هەر ئەو ساتە لەلایەن کرێکارێکی کارگەکەوە کە تەمەنی نزیک تەمەنی باوکمان دەبوو ڕەخنەم لێگیرا. ئیتر ببڕار ببڕ ئەو ڕەفتارە ناشیرینەم دووبارە نەکردەوە و ئەو ڕەخنەیەش بوو بە وانەیەک بۆم و فێر بووم وەکو ئینسان مامەڵە لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا بکەم. لە پۆلی چوارەمی گشتی جگە لەگۆڕینی زمانی مەنهەجی خوێندن، سیاسەتی بە بەعسیکردن هەر بەردەوام بوو. حیزبی بەعس تەواوی قوتابخانەکانی کۆنترۆڵ کردبوو. بەیانیان بەڕێوەبەری قوتابخانە ئیستیفافی پێدەکردین، جگە لە وتارە بێماناکانی، دەیوت (ئیستەریح..ئیستاعید) و ئێمەش دەبوایە وەکو سەرباز پێمان بە زەویدا بکووتایە. بەڵام سەیر لەوەدا بوو بەڕێوەبەر هەرچەند هەوڵی دەدا بەدوای (ئیستەریح و ئیستاعیدەکەی ئەو) شتێک بکەین، ئێمە قوتابیان جوولەمان لە خۆمان دەبڕی و هیچمان نەدەکرد. هەرچەند تووڕە بوو بەڵام سوودی نەبوو. داوای لە مامۆستا ئەحمەدی زمانی کوردی

کرد. مامۆستا ئەحمەد گوتی ئێ بۆ وا ئەکەن؟ ئیستەریح پێکانمان کردەوە و گوتی ئیستاعید هەموو وەک یەک یەکەی سەرباز پێمان دا بە زەوییەکەدا. ئەمە پەیامێکی سیاسی گرنگ بوو لەو تەمەنە و لەو سەردەمە وەک ڕەتکردنەوەیەکی هۆشیارانەی سیاسەتەکانی بەعس دامان بەگوێی نوێنەرانی بەعس لە قوتابخانەکەمان.

ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠، پۆلی چوارەمی گشتیم بە ئاسانی بڕی و دەرچووم بۆ پۆلی پێنجەم. دیسان لێرەوە دەبوایە بڕیارێکی چارەنووساز بدەم سەبارەت بە ئایندەی خوێندم. ئەویش یان دەبووایە بچمە بەشی ئەدەبی یان بەشی زانستی. خۆم زۆرم حەز لە بەشی ئەدەبی دەکرد و ئاواتم ئەوە بوو بچمە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی کوردی، بەڵام هەستم ئەکرد لە وانە ئەدەبییەکان زۆر باش نیم و ترسی ئەوەم هەبوو نمرەی پێویست نەهێنم و نەگەم بە خەونەکەم. هەرچی بەشی زانستی بوو و گەرچی ئارەزووم لێی نەبوو بەڵام زیرەک بووم لە وانەکان. بۆیە دەمزانی لە بەشی زانستی خوێندن هەر تەواو دەکەم. بۆیە بڕیارم دا بچمە بەشی زانستی. قوتابخانەی ئامادەیی زێوەریش ئەو ساڵە پۆلی پێنجی زانستی نەبوو بۆیە دەبووایە هەموومان بگوازرێینەوە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی (عەبدولمەلیک بن مەروان). ئەو ساڵە من ئازادییەکی زیاترم هەبوو لە ماڵەوە و سەفەری شارەکانم دەکرد و شەوان دەمامەوە. لەملاشەوە کتێبی زۆرم دەکڕی و هەرچی کتێبێک تازە دەربچوویایە، دانەیەکم دەکڕی و دەمخوێندەوە. ئیتر گرنگ نەبوو چ بابەتێکە ئەدەبییە، ڕەخنەییە، شانۆیە، دەربارەی هونەری گۆرانییە، دەربارەی زمانە، تاد. من کتێبەکانم لە بەرگەوە بۆ بەرگ دەخوێندەوە. گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش هەر بە هەمان شێوە وەک تینوویەکی تامەزرۆ بۆ ئاو بینیم پێیانەوە دەنا و لێیان تێر نەدەبووم. ئەو هاوینە زۆر بە ئاسایی خەریکی کاری کرێکاریی خۆم بووم لە کارگەی بەفری تەرزی. تەنها شتێک کە ئەو ساڵە زۆر سەرقاڵی کردبووین شۆڕشی خەڵکی ئێران بوو کە ڕژێمی پاشایەتی مەحەمەد ڕەزا شایان ڕاماڵی و شارەکانی کوردستان بۆ

ماوەیەک ئازاد بوون. لەڕێگەی ڕادیۆوە زۆرجار گوێبیستی ڕووداوەکان و هەروەها شیعر و پەخشان دەبووین. زۆر حەزم لە گوێگرتنی شیعرەکان دەگرت و لەگەڵ باوکم پێکەوە بەدیار ڕادیۆکەوە دادەنیشتین و دەمانویست بزانین دەنگوباس چییە و شۆڕش بە کوێ گەیشتووە؟.
ساڵ سووڕایەوە و سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٨٠ ڕووداوێکی زۆر گەورە لەمێژووی ناوچەکە ڕوویدا. ئەویش بەرپابوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بوو. ئەم جەنگە هەر لەیەکەم ڕۆژییەوە نەهامەتی وماڵوێرانییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا بۆ هەردوو خەڵکی عێراق و ئێران هێنا. سەرەتای دەستپێکی جەنگەکە ترسێکی زۆری نایە دڵی خەڵکی عێراق و فڕۆکە فانتۆمەکانی ئێران لە سەرەتادا زۆر بەخەستی بۆردومانیان دەکرد و دوایی وردە وردە هێزی ئاسمانی ئێرانی پاشەکشەی کرد. ئەو ڕۆژانە خەڵکی شارەکان بە تایبەتی کەرکووک زۆربەی ئەوانەی خزم و کەسوکاریان هەبوو لە لادێکان چوون بۆ گوندەکان و لەوێ دەژیان، چونکە تەرکیزی بۆردومانەکانی ئێران لەسەر شارەکان و شوێنە سەربازی و پیشەسازییەکان بوو. حکومەتی عێراقیش ژمارەیەک موالیدی بانگ کردەوە بۆ سەربازی و ئیتر ژیانمان لە نێو بەرداشی جەنگێکی کۆنەپەرستانە لە ناوچەکە ورد و خاش بوو. ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی عێراق لەڕێگەی فرقەی حیزبی بەعسی شارەکانەوە بڕیارێکی دەرکرد کە هەموو ماڵێک دەبێ گڵۆپێکی لەبەر دەرگا هەبێت و شەوان دەبێت ئەو گڵۆپە پێبێت. کە جەنگ دەستی پێکرد داگیرساندنی ئەو گڵۆپە لە ساڵی یەکەمی جەنگەکە قەدەغە کرا. لەلایەکی تریشەوە تا دەهات دەنگۆی پێشمەرگە و چالاکییەکانیان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لەناو خەڵکی کوردستاندا بڵاو دەبۆوە و جارێکی تر ئومێدێکی تر لە ناو دڵی خەڵکدا چەکەرەی کرد. لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ قوتابخانەی دواناوەندی زێوەری کوڕان ئاهەنگێکی ساز کرد نازانم بە چ بۆنەیەکەوە بوو، بەڵام ئاهەنگەکە لەناو حەوشەی قوتابخانەکە سازکرا (حەوشەی تەنیشت). لەو ئاهەنگە ئەوەندەی بیرم بێت عەبدولحەمید شەفیق

گۆرانی (عەشق و ئازادی) حەمە جەزای گوت و کاک ڕەقیبیش گۆرانی نایێ نایێی سەلاحەدین ی گوتەوە. بۆ هاوینی ساڵی ١٩٧٩، ئامادەیی عەبدولمەلیک بن مەروان ئاهەنگێکی ڕێکخست بە بۆنەی ماڵئاوایی قوتابیانی پۆلی شەش، لەو ئاهەنگە کە لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەکە سازکرا، ئاهەنگێکی فرە قەشەنگ بوو و قوتابخانەی ناوەندی یانزەی ئازاری کچان هاتن و بە دوو گۆرانی هونەرمەندی عەرەبی عێراقی صباح اللامي ( بين العصر و المغرب و اجيتك) ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە. من و چەند برادەری تر لە ڕەحیماوەوە چووبووین بۆ سەیری ئاهەنگەکە و دونیایەک دڵمان بەو کچانەی یانزەی ئازار کرایەوە و چێژمان لێوەرگرت. دوای تەواوکردنی پۆلی چوارەم لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو بریارەمدا کە دژ بە ویست و ئارەزووەکانم بوو، بڕیارمدا بچمە بەشی زانستی نەک ئەدەبیی. هۆکارەکەشی جەنگی عێراق – ئێران بوو. چونکە دوودڵ بووم لە سەرکەوتنم لە بەشی ئەدەبیی گەرچی حەزیشم لێبوو. ناچار ملمدا و ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨١ لە قوتابخانەی عەبدولمەلیک بن مەروان لە پۆلێ پێنجەمی زانستی دەستم بە خوێندن کرد.

چوونی ئێمەی قوتابیانی زێوەر بۆ عەبدولمەلیک جۆرە ئاڵوگۆڕێک بوو لە ژیان و شێوازی خوێندنمان. یەکەم: دەبووایە بە ئوتۆمبێل بچووینایە بۆ قوتابخانە چونکە قوتابخانەکە دوور بوو لە گەڕەکی ڕەحیماوەوە. دووەم: تێکەڵ خەڵکانێکی تر بووین و خوێندکاری گەڕەکەکانی تری تەپەی مەلا عەبدوڵا و ئازادی و عەرەفە و ئەڵماسمان ناسی. سێیەم: ئیتر ئەمە جۆرە ئازادییەکی تری بۆ خولقاندبووین بەبیانووی دووری مەدرەسەوە درەنگ دەچووینەوە ماڵ و بێئەوەی کەس بڵێ بۆ تاخیر بووی. لە پۆلی پێنجەم کە خوێندنمان بە زمانی عەرەبی بوو، وانەیەکمان هەبوو ناوی زمانی کوردی بوو (اللغة الكردية للمبتدئين). ئەو کتێبە بۆ دەستپێکەکان و خوێندکارە عەرەب و تورکمانەکان بوو. تا بڵێی کتێبێکی ساکار و سادە بوو. مامۆستایەکمان هەبوو ناوی ستار بوو ئەو وانەیەی پێ دەوتینەوە و خەڵکی ناحیەی دوبز بوو بەڵام باوەڕی بە کۆمۆنیزم

هەبوو. ئەو مامۆستایە خۆی لە بنچینەدا مامۆستای بیرکاری و جەبر و هەندەسە بوو بەڵام ئیدارەی قوتابخانە بۆ ماوەیەک کوردی و ئاینیان خستبووە سەرشان، جا نازانم ڕێکەوت بوو مامۆستا کەم بوو یان سزایان دابوو. بەهەرحاڵ ڕۆژێکیان قوتابی سەرکەوت محەمەدی هەستاندە سەر تەختەکە ڕەشەکە و ئیملای پێکرد. قوتابییەکە باوکی مەقاول (بەڵێندەر) بوو.

مامۆستا لەسەر تەختەکە نووسی: باوکت ئیشی چی دەکات؟

وەڵامی خوێندکارەکە ئەوە بوو: باوکم بەڵێندەرە.

مامۆستا ستار تووڕە بوو گوتی فلّتە فلّت باوکم بەڵیندەرە. بنووسە باوکم کرێکارە.

من لەو سەردەمە هەستی نەتەوایەتیم تۆخ بوو. بیرمە لە ڕۆژی مامۆستایان قوتابخانەکە ئاهەنگێکی ساز کرد لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەکە. کە شانۆیەکی کراوە بوو ڕوو بە حەوشەی قوتابخانەکە. دوای ئەوەی بەڕێوەبەر مامۆستا کەماڵ ڕەشید ئەحمەد قسەی کرد و باسی ڕۆژی مامۆستای کرد و یەک دوو مامۆستاش وتاریان پێشکەش کرد بە کوردی و عەرەبی، پاشان (بڵندگۆ)یان ئازاد کرد بۆ هەر قوتابییەک کە دەیەوێ شتێک بڵێت. ئەوە بوو یەک دوو قوتابی جگە لە پیرۆزبایی هەر یەکە کورتە شیعری سیاسییان خوێندەوە و ئینجا من چووم مایکەکەم وەرگرت و ئەم چوارینەیە (هێمن)ی شاعیرم وت:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم
دەمکوژێ ئەمما بە گژ جەلادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە ناتوێمەوە.

بووە چەپڵە و هاوا و فیکە لێدان و دوای منیش یەک دوو قوتابی تر شیعری سیاسییان خوێندەوە و ئەوەندەی نەمابوو دۆخەکە لەدەست دەربچێ خێرا

کۆتاییان بە ئاهەنگەکە هێنا. ئەوەی جێی سەرنجی من بوو ئەو مامۆستایانەی کە بەجۆرێک دەیان ڕوانییە ئێمەی قوتابیانی زیۆەر کە چەقاوەسوو و بێ پەروەردەین، بەڵام دەرکەوت ئێمە نەک بێ پەروەردە نین، بەڵکو گەلێک وریا و سیاسی و بەهەستین. من ئەمەم بە ڕەفتاری مامۆستاکانەوە بینی کە چۆن دوای ئەو ئاهەنگە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمەدا گۆڕا و بەچاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانین.

لەپایزی ساڵی ١٩٨٠ ئەو کات قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم بەشی زانستی لە قوتابخانەی کوردستان کە لەمێژ نەبوو ناوەکەی گۆڕا بوو بە (عبدالملک بن مروان)، کوڕێکی قژ خاوی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین و چوستوچالاک لە پۆلەکەمان بوو کە هەموو ڕۆژێک لە گەڕەکی (ئازادی)یەوە دەهات. دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەو کوڕە بووین بە هاوڕێ. ئەو کوڕەش ناوی حەمەزەکی بوو. حەمەزەکی خەڵکی گەڕەکی زەحمەتکێشنشینی ئازادی بوو. ڕۆژانە بە پێیان (یان کەرکووکی وتەنی بە پا) لە چەمی خاسە دەپەڕییەوە و دەهات بۆ قوتابخانە بۆ بەری گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا. زستانانیش لەبەر باران و هاتنی بەستەکەی خاسە، بە ماشێنی پۆلەندی دەهات. سەرەتا پەیوەندییەکەمان لەسەر بنچینەی خوێندن و قوتابخانە بوو، بەڵام هەر زوو ئەو پەیوەندییە گۆڕا بە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی گەرموگوڕی پڕ لە موناقەشە و ئەدەبیات و سیاسەت. ئەو سەردەمە من تازە دەستم کردبووە نووسین و کورتەچیرۆکم دەنووسی. هەرچی حەمەزەکی بوو هیچی نەدەنووسی و تەنها دەیخوێندەوە. باسەکانمان بریتی بوون لە گفتوگۆکردن دەربارەی ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و (تاریک و ڕوون)ی هێمن و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی لە عێراق بڵاو دەبوونەوە وەکو بەیان و نووسەری کورد و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و ڕەنجی کرێکار و هەفتەنامەی هاوکاری و پاشکۆی عێراق. ئەو ڕۆژانە کەرکووک لێوانلێو بوو لە یاخیبوون و بەرەنگاری. ڕۆحی شۆڕشگێرانەی لاوان و خوێندکاران دژ

بە سیاسەتەکانی بەعس بەهێز بوو. لەماوەی ئەو ساڵەدا من و حەمە پەیوەندییەکەمان گەرموگوڕی زیاتری بەخۆوە بینی. لەلایەکەوە ماڵی حەمەزەکی نزیکە دراوسێی ماڵی کوڕە مامێکی من بوو، کە پەیوەندی حەمەزەکی و کوڕە مامەکەم قاسم ئەمین بەهێز بوو. ئەم پەیوەندییە ئەوەندەی تر من و حەمەزەکی لە یەکتر نزیکتر کردەوە. ئیتر کار گەیشت بەوەی زوو زوو یەکترمان دەدیت و سەرمان لە یەکتر دەدا. ئەو دەهات بۆ گەڕەکی کرێکارنشینی ڕەحیماوە و منیش دەچووم بۆ گەڕەکی ئازادی. لەڕووی سیاسییەوە هەردووکمان سۆزمان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەبوو و بەوپەڕی متمانەشەوە ئەو هەستەمان لەلای یەکتر دەردەبڕی. ساڵی خوێندنی١٩٨٠-١٩٨١ بەمجۆرە گوزەرا، هاوینەکەشی من خەریکی کرێکاریی بووم لە کارگەی بەفر و ئەویش خەریکی کرێکاریی بوو. ئەو هاوینە چەند جارێک یەکترمان بینی و چەند جارێکیش لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکەی سەرچنار لە پشت کۆشکەکەی قازییەوە تا بناری گردەکانی یاروەلی دەڕۆیشتین و دەهاتین و قسە و باسمان لەسەر گەلێ بابەتی جۆراوجۆر دەکرد. بەڵام ئەوەی من و حەمەزەکی زیاتر بەیەکەوە شەتەک دەدا ئەوە بوو کە هەردووکمان کوڕی بنەماڵەیەکی کرێکار و دەستەنگ بووین و یەک خواست و ئاوات و ئامانجمان هەبوو. هەردووکمان ئاواتەخواز بووین هەژاری بنەبڕ ببێ و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێ. لەو ساڵە بە جیددی لایەنگری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووین و بەرگریمان لەو ڕێکخراوە دەکرد. پێمان وابوو کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕیکخراوێکی مارکسی - لینینییە و خەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکاری کوردستان دەکات لەدەست دەرد و نەگبەتی و دەستەنگی و مەینەتییەکانی. لەلایەکی تریشەوە پەیوەندییەکەمان هەر بە تەنها لەنێو من و حەمە قەتیس نەما، بەڵکو چەند هاوڕێیەکی تریش لە دەورمان بوون کە ئەوانیش بریتی بوون لە قاسم ئەمین ئیبراهیم و یوسف مەحموود ناسراو بە (یوسفەسوور) و غالب محەمەد نەجم و شۆڕش عەبدوڵا. ئێمە هەرچەندە وەک گروپ نەبووین و تاک تاک پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، بەڵام

هەرهەمووومان یەکترمان دەناسی و ئاگامان لەیەکتر هەبوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئێمە هەر هەموومان لە هەمان بازنەدا دەسوڕاینەوە و هەموومان هەمان تێگەیشتن و بیروباوەڕمان هەبوو بۆ دۆخی ئەوسای کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە. لەو ساڵە من سێ کورتەچیرۆکم نووسی کە ناوەکانیانم بیر نییە و دواتر پێم شەرم بوو چیرۆکەکانم پێشانی کەسی بدەم و پێموابوو هیچ نین. بۆیە دوای خوێندنەوەیان بۆ خوشکەکەم، بە ماوەیەک هەموویانم دڕاند و فەوتاند. ئەمە یەکەم وەجبە بوو لە فەوتاندنی بەرهەمەکانم، بەڵام دوا وەجبە نەبوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەم دەخۆم کە بۆچی ئەو چیرۆکانەم دڕاند و فەوتاند. من بە چیرۆک دەستم پێکرد و بۆ چووم نووسام بە شیعرەوە؟ بەهەرحاڵ با ئەم خەمەش هەر لە دڵی خۆمدا بێت.

# دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ نووسین

لە پۆلی پێنجەمی زانستی بەمانای وشەکە قوتابییەکی مامناوەندی بووم. بەڵام لە بواری خوێندنەوەی دەرەوەی قوتابخانە کە پێمان دەوت (موتاڵەعەی خاریجی) تا بڵێی ئازا بووم و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ خوێندنەوە هەبوو. ئەو سەردەمە شیعرم زۆر دەخوێندەوە. هەرچەند تەماشای شیعرم دەکرد زۆر ئاسان دەهاتە بەرچاوم. وامدەزانی دەتوانم پرۆسەی نووسینی شیعر بێ هیچ زەحمەتییەک بە ئەنجام بگەیێنم. پێموابوو نووسینی چیرۆک قورسترە و زەحمەتتر دێتە دەست. ڕەنگە دروستیش بووبێتم، بەڵام هەرگیز لەوەدا دروست نەبووم کە نووسینی شیعرم بەو سادەیە دەبینی. دەفتەرێکی سەد لاپەڕەییم کڕی و کەوتمە نووسینی شیعر. جارێکیان لەگەڵ دکتۆر جاسمی دراوسێ و هاوڕێم پێکەوە سێ دێڕ شیعرمان نووسی کە بەمجۆرە بوو:

ئایا ئەزانی گوڵمان سیسی بووە
وشەی سەربەستی لێمان زیزی بووە
چواربەش کراوین لە کوردستانا
دەورمان گیراوە چیبکەین خودا
چرای ئازادی دەگەشێتەوە
ئەستێرەی هیوا دەدرەوشێتەوە.

ئەم سێ دێرەمان ساڵی ١٩٨١ نووسی و زۆری نەبرد کە بەپێکەنینەوە باسی ئەم سێ دێرەمان دکرد و دەمان گوت وەی لەو شیعرەی کە نووسیومانە. من هەر خەریک بووم لە ئەزموونەی شیعر نووسینەدا قاڵ ببمەوە و تا بتوانم فێر

ببم و بە کوردییەکەی ببمە شاعیر و لەوێشەوە شیعر بڵاو بکەمەوە و ناوی خۆم ببینم لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ئیتر هەموو خەڵک بزانن کە من شاعیرم و شیعر دەنووسم. ئەم حەزەش شتێکی سروشتی بوو کە زۆر گەنج ئەو حەزەی هەبوو و هەروەها زۆر شاعیریش بەو قۆناغەدا تێپەڕیوون. من ئەو گوزارشتەی کە دەیگوت (زۆر بخوێنەوە و کەم بنووسە)م بیستبوو و دەزانی، بەڵام سەربار‌ی زۆر خوێندنەوەم، زۆریشم دەنووسی. ئیتر کار گەیشت بەوەی هەندێجار سەرسامی شیعری خۆم دەبووم و هەستمدەکرد جوان وەزن و قافیەم بەکار هێناوە. تا دەهات زیاتر فێری مەسەلەکانی کێش و سەروا دەبووم، بەڵام هەوڵم ئەدا شیعری تازە یان شیعری ئازاد و سەربەست بنووسم. بیرمە ساڵی ١٩٨٢ بە جوانی فێری بڕگەکانی وشەی کوردی بووم و بەجوانی ئەمتوانی کێشی پەنجە بە ژمارە جیاوازەکانەوە بەکار بهێنم. بەڵام نەمئەزانی نووسینی شیعر دەبێ تازەگەرییەکەی تەنها لەئاستی شێواز و تەکنیک قەتیس نەمێنێت و بگرە دەبێ لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە تازە بێت و شاعیر دەبێ خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە بدات کە دەسەڵاتی هونەری بەسەریاندا دەشکێت. بۆیە لەو ساڵە نووسینی دوو دەفتەرەشیعر لە ساڵێکدا و بەو لێکدانەوەیەی ئەوسام هەر زۆر ئاسان بوو. بەڵام جیاوازیم لەنێوان نووسینی شیعر و چیرۆکدا ئەوە بوو کە چیرۆکەکانم پێشانی کەسم نەدەدا و دوایش دڕاندمن و شیعرەکانم بەپێچەوانەوە پیشانی دۆست و برادەر دەدا تا سەرنج و تێبینییەکانیان بزانم و حەزم دەکرد بزانم دەربارەی توانای ئەدەبییم دەڵێن چی. ئەو سەردەمەش بیروباوەڕی کوردایەتیم هەبوو، هەوڵم دەدا ئەو بیروباوەڕەم لەناو شیعرەکاندا ڕەنگ بداتەوە. ئیتر منیش وشەگەلی وەک (چەک، تفەنگ، ئازادی، سەربەستی، خۆشەویستی، خاک، نیشتمان، کورد، کوردستان، خەبات. ڕزگاری، خوێن، نەبەزین..تاد)م لە شیعرەکانم بەکار دەهێنا. جارێکیان نووسیبووم:

**ڕۆڵەی کوردی بەجەرگم**
**با خوێن ببێ بە بەرگم**

**بۆ ڕزگاری ئەم کوردە**
**ناترسم لەم نەبەردە**

گەرچی ورد دوای ئەم هەموو ساڵە ئەم دوو دێڕەم وەک خۆی بیر نەماوە بەڵام نزیک لەمجۆرە بوو. بەمشێوەیە هەموو هەوڵی من ئەوە بوو ببمە شاعیرێکی کوردپەروەر و شیعرەکانم شۆڕشگێرانە بن و دژ بە ستەم و چەوسانەوە بن. چونکە پێمواببوو کوردایەتی لووتکەی شۆڕشگێڕێتییە. ساڵی ١٩٨١ - ١٩٨٢ بووم بە پۆلی شەشەمی زانستی. تێدەکۆشام بچمە زانکۆ نەک لەبەر ئەوەی ئارەزوویەکی زانستیم هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی زانکۆ چوار ساڵە و لانی کەم من بۆ چوار ساڵ لە سەربازی دوور دەکەوتمەوە. ئەوکات جەنگی عێراق و ئێران پێی نابووە قۆناغی دووەم ساڵییەوە و خەڵک زۆر ناڕازی بوو و مەسەلەی هەڵهاتنیش لە سەربازی دەستی پێکردبوو. هەواڵ و دەنگوباسی هێزی پێشمەرگەش تا دەهات زیاتر لەناو شارەکاندا و بەتایبەتی کەرکووک پەرەی دەسەند. حیزبی بەعس فەزایەکی تۆقێنەری خوڵقاندبوو و بەڕاست و بەچەپ خەڵکی دەگرت. ئەشکەنجە و ئازارەکانی گرتن لە وەسفکردن نایەن. **هەیئەی** کەرکووک[١٩] چەند بە ناوبانگ بوو، دوو ئەوەندەش تۆقێنەر بوو. ئەو ساڵە لەگەڵ هاوڕێم پاڵە گەلێ گەنکەشەی سیاسی و ئەدەبیمان دەکرد و چەندینجار کتێبمان دەگۆڕییەوە. هاوڕێ پاڵە ساڵی ١٩٨٢ دوای ئەوەی لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە شانەکەیان کەشف دەبێ، ئەمیش دەچێت دەبێت بە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە کەرتی پێنجی قەڵاسێوکەی تیپی بیست و یەکی کەرکووک. پاڵە کەسێک بوو جەنگاوەری ڕێگای ڕزگاری بوو، بڕوای بە مارکسیزم هەبوو، پێی وابوو دەبێت چینی کرێکار شۆڕش بکات و سۆشیالیزم دامەزرێنێ. هەتا تەنانەت ڕۆژێکیان لە گوندی (شەوگێڕ) سەرم لە هاوڕێ پاڵە

[١٩] هەیئەی کەرکووک یەکێک لە پیسترین شوێنی ئەشکەنجە و زیندانیکردنی سیاسیی و موخالیفینی حیزبی بەعس بوو کە هەزاران کەسی تێکۆشەر لەو هەیئەیە گیانیان لەدەستدا.

دا و شەو لای مامەوە، کتێبی (مختارات مارکس انجلس - دار التقدم - موسکو) ی لا بوو و دەیخوێندەوە. پاڵە خۆی بە کۆمۆنیست دەزانی و ئەوەتا لە چوارینەیەکدا دەڵێ:

بەرەو کۆڕی هەڵمەت هێنان هەڵمەت دێنین
پێشمەرگەین و لە کوردستان گوڵ ئەچێنین
لە مادەوە چاوەڕوانین ئاشتی ویستین
نەوەی تازە و گوڵی تازەی کۆمۆنیستین. [٢٠]

کاریگەرترین کتێبێک کە من و پاڵەی سەرسام کرد ڕۆمانی (خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی ڕۆماننووسی سعودی عەبدولڕەحمان مونیف بوو. بەداخەوە پاڵەی هاوڕێم ساڵی ١٩٨٧ لە بادینان شەهید دەبێت. پاڵە توخمێکی کرێکاریی بوو، بڕوای بە مارکسیزم هەبوو و پێشی وابوو کۆمەڵە بەرگری لە مارکسییەت دەکات. تا ساڵی ١٩٨٦ دوای ئەوەی ماوەیەک بوو من وازم لە کۆمەڵە هێنابوو نامەیەکی بۆ ناردم و بۆی نووسیبووم بە نیازە بچێت بۆ ئێران و ببێت بە پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئێستا زۆرجار کە بیر لەو هاوڕێیەم دەکەمەوە، دەڵێم خۆزگە بچووایە بۆ ئێران و ببووایە بە پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەوکات دڵنیام پاڵە دەبوو بە کەسێکی قاڵبوو و کۆمۆنیستێکی بەرچاو ڕۆشن و ڕەنگە چارەنووسێکی تری هەبووایە و بەم دەردەی ئێستا نەچووبایە. سەربانی ماڵی ئێمە و سەربانی ماڵی پاڵەی هاوڕێم بەیەکەوە بوو، بۆیە ڕۆژ نەبوو گەنکەشە نەکەین و باسی کتێب و سیاسەت نەکەین. پاڵە زۆر سەرسام بوو بە گیڤارا و هەمیشە ڕوحییەتێکی گیڤارایی تیا بوو. سەرباری

[٢٠] گیانبەختکردوو پاڵە ئەم چوارینەیەی لە سەرەتای نامەیەکدا نووسیوە و من لە کاک هیوا هاشمی برازای وەرمگرتووە.

ئازایەتی و چاونەترسییەکەی، زۆریش خاکیی بوو بە ئەندازەیەک وەک خۆی دەیان جار دەیوت دەمەوێ ببم بە خاک و خۆڵی بەرپێی هەژاران.

ساڵی ١٩٨٢ هەستم بە دوو شت کرد کە لە زەینمدا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهات:

یەک: تا دەهات شیعرەکانم سیاسیتر و بەماناتر دەبوون.

دوو: تا دەهات لایەنگیریم بۆ هەژاران و کرێکاران و ڕەنجدەران زیاتر دەبوو.

ئەم دوو گۆڕانەش هەردووکیان پۆزەتیڤ بوون. بۆیە هەستم دەکرد ئەو ڕێگەیەی گرتوومە بەرەو شوێنێکم دەبات کە لێی پەشیمان نابمەوە. ساڵی ١٩٨٢ تامەزرۆی کاری سیاسی بووم و چەندجار لەگەڵ هاوڕێیانێک بەتایبەتی ئازادی حاجی تۆفیق باسی ئەوەمان دەکرد پەیوەست بین بە حیزبی سۆشیالیستی کوردستان کە ئەوکات عەریف عەلی و هێزەکەی لەناوچەی شێخ بزێنی بوون و چەندین بڵاوکراوە و گۆڤاریان بۆ ناردین و بە ڕەسمی داوایان لێکردین کە پەیوەست بین پێیانەوە، من دوودڵ بووم و لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە پێداگیریم کرد لەسەر ئەوەی کە من تەنها پەیوەست دەبم بە کۆمەڵەوە. ئەم پێداگرییەی من بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانەش واز لە وەڵامەکەی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بێنن و دوایی لەگەڵ مندا پەیوەست بین بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. هەرچەندە لەو سەردەمە من هەرگیز بیرم بۆ حیزبی کۆمۆنیست نەدەچوو، بەڵکو منیش وام دەبینی کە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان مەنزڵگای من دەبن بەتایبەتی دوای تەواوکردنی خوێندن. هەر لەو سەردەمەش خۆم بە پێشمەرگە دەزانی و زۆرجاریش هەر بۆ سوعبەت ژیاننامەی خۆمان دەنووسییەوە و دەخوێندەوە ڕێک وەک ئەوەی کە لە بەرنامەی (کاروانی شەهیدان)ی ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراقی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەخوێنرایەوە. بۆ نموونە دەمانوت (شەهیدی نەمر عەبدوڵا سلێمان ناسراو بە دەرباز،[٢١] شەهید دەرباز ساڵی ١٩٦٤ لە خێزانێکی هەژاری شاری کەرکووک لە دایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لە

[٢١] دەرباز ناوی نهێنی من بوو لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

کەرکووک تەواو کردووە. شەهید دەرباز ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەکدا چالاک بووە. ساڵی ١٩٨٥ بووە بە پێشمەرگە لە تیپی بیست و یەکی کەرکووک و بەشداری گەلێ چالاکی و نەبەردی قارەمانانەی کردووە. بەداخەوە لە ڕۆژی ئەوەندەی ئەوەندە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لە گوندی فلان گەیشتە کاروانی گیانبەختکردووان). ئیتر پێدەکەنین و دەمانوت بزانن هاوڕێیان ئێستا پێدەکەنین بەڵام ڕەنگە ڕۆژێک بێت ببێتە ڕاستی و یەکێکمان گیان بەخت دەکەین.

هەر لەو ساڵە ئیتر شتێک لە ناخما چەکەرەی کرد و ئەو بۆچوونەم لا دروست بوو کە من شاعیرم. بۆیە هەوڵم ئەدا شیعرەکانم زۆرترین هاوڕێ ببینن و تەنانەت سڵم لەوەش نەدەکردەوە کە پیشانی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی ناسراویان بدەم. هەستام لەناو شیعرەکانم گوڵبژێرێکم کردن و دەفتەرە شیعرێکم ئامادە کرد و دام بە هاوڕێی هێژام کاک ڕەقیب ڕەفیق. کاک ڕەقیب زۆر ورد و زیرەک و هۆشیار بوو. زەینێکی ڕەخنەگرانەی جوانی هەبوو، ئەو لەو سەردەمە شارەزاییەکی باشی لە ئەدەب و فەلسەفە و فیکر هەبوو. زۆرجار موناقەشەمان دەکرد و باسی گەلێ بابەتی هەمەجۆرمان دەکرد. ڕووم لێنا کە تەماشایەکی شیعرەکانم بکات و باری سەرنجی خۆی دەربڕێ. ئەویش ڕازی بوو. دەفتەرە شیعرەکەم داپێی و پێشبینی ئەوەم دەکرد وەک هاوڕێکانم بڵێ زۆر باشە، شیعری باش و جوان دەنووسیت، بەڵام کاتێک دەفتەرەکەم لێوەرگرتەوە، لە کۆتایی دەفتەرەکە تێبینییەکانی نووسیبوو بەمجۆرە: (مەنووسە مەنووسە مەنووسە و زیاتر بخوێنەوە و خۆت زیاتر قاڵ بکەرەوە و تاد.) بەڕاستی ئەم تێبینییەی هاوڕێ ڕەقیب نائومێدی کردم. من چاوەڕێی چیم لێکرد و ئەو چی بۆ نووسیم. بەڵام هەر زوو بەوە دڵی خۆم دایەوە کە ئەوە ڕای خۆیەتی و مەرج نییە دروست بێت. ئیتر قاڵبوونەوەی چی؟ ئەوەتا چیم دەست بکەوێت دەیخوێنمەوە. کاک ڕەقیب کە دەفتەرەکەی دایەوە پێم وەک خووی پێشترمان گەلێ موناقەشەی ترمان کرد و ئەو زۆر بەڕێزەوە باسی شیعر و داهێنانی کرد

و لەتیف هەڵمەتی بە نموونە هێنایەوە کە چۆن لە (گەردەلوولی سپی)دا و بەتایبەتی لە شیعری ( بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی بۆ شارەزوور هەر دەگەڕێتەوە) چ داهێنانێکی کردووە و شیعری کوردی دەبێت لەو ئاستە بێت و بەوجۆرە بنووسرێت. من زۆر سوودم لە قسەکانی وەرگرت و بەڵام نایشارمەوە زۆر بە تێبینییەکەی (کە ئێستا پێموایە جوانترین تێبینی بوو)، دڵخۆش نەبووم. نەک هەر ئەوەش بگرە ورەم بەرنەدا و ئەمجارە خۆم ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چیرۆکنووسی ناسراو عەبدوڵا سەراج. هەر دوای ماویەک دوو دەفتەری سەد لاپەڕەیی شیعرم لە باشترین شیعرەکانی ئەوسام (دیارە بە ڕای خۆم) کۆکردەوە و ڕۆژێک چووم لە دەرگای ماڵی مامۆستام دا. (مامۆستا گیان ئەم دوو دەفتەرە شیعرەم نووسیوە و حەز ئەکەم ڕا و سەرنجی خۆتم بۆ بنووسیت). ئەویش وەک خووی هاوڕێیانەی خۆی دەفتەرەکانی لێوەرگرتم و گوتی هەفتەی داهاتوو وەرەوە دەفتەرەکانت بەرەوە. منیش زۆرم پێخۆش بوو. پێمخۆش بوو چونکە دەمزانی ئیتر شیعرەکانم هەر لەناو دەفتەرە سەد لاپەڕەییەکان قەتیس نامێنن و ئەوەتا ئاستی شیعریم بەجۆرێکە دەتوانم لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران قسەیان لەبارەوە بکەم. هەرچۆنێک بێت ڕۆژم دەژمارد و دوای هەفتەیەک چوومەوە دیسانەوە لە دەرگای ماڵی مامۆستا سەراجمدا. زۆر بە جوانی دەفتەرەکانی دایەوە دەستم و فەرمووی ئەوەش تێبینییەکانمە. منیش زۆر سوپاسیم کرد و ڕۆیشتم. مامۆستا سەراج لە تێبینییەکاندا نووسیبووی (شیعرەکانم خوێندەوە، هەندێ دیمەن و کۆپلەی شیعری جوانم بەرچاو کەوت، ئەگەر بکۆشیت لە داهاتوودا دەتوانی شتی جوان بنووسیت..تاد). هەر لەو دەفتەرە شیعرە لە شیعرێکدا بەناوی شەهید لە دێڕێکدا وشەی (ژاکان)م بەکار هێنابوو، مامۆستا عەبدوڵا سەڕاج نووسیبووی ژاکان هەڵەیە و ژاکین دروستە.

## شەهید

ئەی ئەوانەی گوڵی سوورتان
لەسەر سینگتان کردە نیشان
ڕۆیشتون و لەپێناوی ساتێ ژیان
ژیانێکی دوور لە ئازار
بۆ گشت هەژار
ژیانێکی پڕ لە خەندە و سۆز و عەشق
تاکو بەهار
بەهاری گشت هەژارێ بێ
گوڵی شادی خەنجە بکا و
دوور لە ژاکین و سیس بوون و هەڵوەرین بێ.

١٩٨٢ کەرکووک [٢٢]

منیش ئەو وشەیەم چاککردەوە و دوای یەک دوو ساڵ ئەو شیعرە و چەند کورتەشیعرێکی ترم وەک پۆستەرەشیعر نارد بۆ گۆڤاری کاروان و ئەم دانەیەیان لە پۆستەی خوێنەراندا بڵاو بۆوە. من ئێستا کاتێ کە ئەم یادەوەرییانە دەنووسم و سەرنجی ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم کورتە شیعرە دەدەم دەتوانم وەک باشترین بەڵگەی ئینتمای چینایەتیم لەو سەردەمە بۆ هەژاران و خەڵکی بەشمەینەت نیشانی مێژووی خۆم بدەم و شانازی پێوە بکەم. ساڵی ١٩٨٢بۆ من ساڵێکی پڕ لە وزە بوو.لەلایەکەوە دەمخوێند بۆ بەکەلۆری و لەلایەکەوە دەمخوێندەوە و خۆم پەروەردە دەکرد. بەم موعتاد ببووم بە گۆڤاری بەیان و

[٢٢] ئەم کۆپلەیە لە گۆڤاری کاروان ژمارە شانزەی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ لە پۆستەی خوێنەران بڵاو بۆوە

ڕۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی عێراق. هەفتانە چاوەڕوانی هاوکاریم دەکرد.شیعرەکانیشم تا دەهات روونتر و سیاسیتر دەبوون و ئاراستەی سیاسیم تا دەهات ڕۆشنتر دەبوو. بەڵام گەرچی ئەندامی کۆمەڵە بووم، بەڵام زیاتر قەومیانە بیرم دەکردەوە.شیعر گەلێکی زۆرم هەبوو لەسەر پێشمەرگە و خەبات و هەژاری و نەداری و کسپە و ئاخی ڕەش و ڕووت و ..تاد. جارێکیان لە ساڵی ١٩٨٣ شیعرێکم نووسیبوو بە ناوی پێشمەرگەی کوردستان. شیعرەکە ئاوا دەست پێدەکرد:

**پێشمەرگەی کوردستان**

چەک لە شانم چەک لە شانم
دژی هە موو دووژمنانم
گیان فیدام و خەبات ئەکەم
گیان لە سەر دەست لە مەیدانم

وەکو شێرێکی هەڵمەت بەر
وەکو کوردێکی دەربەدەر
کۆشکی زوحاک دەڕوخێنم
کۆشش دەکەم هەتاکو سەر

منیش دڵم پڕ ئازارە
تادڕک هەبێ لەم گوڵزارە
دێم و دڕک دەسووتێنم
تا پاک ئەبێت ئەم هەوارە

ئەم ڕێگایەی من پیرۆزە
کە ڕێگای پیاوی دڵسۆزە
یان سەر کەوتن یا خود مردن
موتوربەی کاوە و نەورۆزە

١٩٨٣ کەرکووک

ئەو سەردەمەش ڕۆژنامەی هاوکاری و تەنانەت گۆڤاری بەیان و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تریش بایەخیان بە جەنگی عێراق و ئێران دەدا و هەر دەقێک بۆنی جەنگ و خەباتی لێ بهاتایە بڵاو نەدەکرایەوە. بەڵام گەر پەیوەست بکرایە بە خەباتی کوردستانی ئێرانەوە یەکسەر بڵاو دەکرایەوە. من ئەم شیعرەی سەرەوەم ڕێک وەکخۆی بەڵام تەنها ناو و نیشانەکەیم گۆڕێ لە پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ دەنگێ لە مەهابادی خوێناوییەوە، ناردم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری و هەروەها شیعرێکی تریشم هەبوو بەناوی یاداشتی شۆڕشگێڕێک ئەویشم هەر بەشێوەی چوارینە نووسیبووم و تەنها لەژێر تایتلەکەوە ئەمەم بۆ زیاد کرد(پێشکەشە بە گوندە سووتاوەکانی کوردستانی ئێران)، نارد بۆ گۆڤاری بەیان. لەملاشەوە شیعرم دەنارد بۆ گۆڤاری کاروان کە تازە دەستی بە دەرچوون کردبوو لە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر. ڕۆژێکیان ڕۆژنامەی هاوکاری کە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەریدەکرد و موسلیح جەلالی بەڕێوەبەری بوو. بانگەوازێکی بڵاوکردبۆوە کە گوایە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوی کوردی لقی هەولێر کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیرانی لاو ڕێک دەخات، هەر کەسێک ئارەزوومەندە دەتوانی بەشداری بکات. منیش بە خۆم و حەوت یان هەشت شیعرەوە چووم بۆ هەولێر. ئەوکات ئۆفیسەکەیان لە لای ئۆرزدی باک بوو بەرامبەر بە نووسینگەی مەحکەمەی هەولێر. کە چووم عەبدولوەهاب تاڵەبانی و شێرزاد عەبدولڕەحمان لەوێ بوون. تاڵەبانی شیعرەکانی لێوەرگرتم و هەر لەوێ خوێندییەوە و هەر یەکسەریش بڕیاریدا کە بۆ کۆرەکە دەست دەدەن و شیعری باشن. من دامنابوو یەکسەر ڕەفزی بکەنەوە و بڵێن ئەم شیعرانە بڤەن و قەدەغەن و شۆڕشگێرانەن، بەڵام هیچیان نەوت. دوایی زانیم بۆ هیچیان نەوت. ئەوان دەیانویست چالاکییەک بکەن و چالاکییەکەش لە ڕێگەی کۆمەڵێ نووسەری لاوی بێئەزموونەوە کە چی دەخوێننەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بە حکومەت بڵێن چالاکیمان هەیە بۆ جەنگی قادسیە و ئەوەتا لاوان بە ئەدەب ڕۆڵی خۆیان

دەگێڕن. بەهەرحاڵ کۆڕەکە لە هۆڵی ڕۆشنبیری و لاوان سازدرا و کاتی کۆڕەکەش عەسر بوو. من هەرگیز لەوەوپێش لە کۆڕدا شیعرم نەخوێندبۆوە. بۆ نەگبەتیش یەکەم شاعیر بانگی منیان کرد. کە هەستام و بەرەو لای مەسرەحەکە چووم سەرم دەسوڕا. بەڵام خۆم گرت و بە کۆنترۆڵی تەواوەوە هەر هەموو شیعرە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی خۆم خوێندەوە و ماڵی ئامادەبووانیش ئاوا بێت بێ چەپڵەیان نەکردم. بۆ هەفتەی پاشتریش لە ڕۆژنامەی عێراق ڕیپۆرتاژێک بەزمانی عەرەبی سەبارەت بە کۆرەکە بڵاوکرایەوە لەژێر تایتڵی(شعراء الشباب يغنون للنصر) و لەگەڵ وێنەی شاعیرەکان لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیاندا. کە ڕیپۆرتاژەکەم خوێندەوە، تاسام و ئەوسا زانیم چ گۆڵێک لە ئێمەی بێئەزموون و نەشارەزا کراوە. شیعرەکانی کۆڕەکە نەک هەر ئەوانەی من، بەڵکو هی شاعیرەکانی تریش تا بڵێی جوان و بەمانا بوون، بەڵام بەو ڕیپۆرتاژە زۆر زۆر بێتاقەت بووم و ئیتر ببڕوای ببڕ نە چوومەوە بەلای ئەو دەزگایە و نە بەشدارییەکی هیچ چالاکییەکی ئەو دەزگایەم کرد.ئەو شیعرەشی کە ناوی پێشمەرگەی کوردستان بوو و ناوکەیم گۆڕیبوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٦٩٢ ی ساڵی ١٩٨٣ بڵاو بۆوە. هەر هەمان هەفتەش شیعرێکم لە گۆڤاری کاروان بڵاو بۆوە. دیارە دوای ماوەیەکیش ئەو شیعرەی ناردبووم بۆ گۆڤاری بەیان ئەویش بڵاو بۆوە،بەڵام لەوێش لە خۆیانەوە دێرێکیان لە ئاخری شیعرەکە زیاد کردبوو کە نە وەزنەکەی تەواو بوو و وە نە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەشدا دەهاتەوە. دێرە زیارکراوەکەش ئەمە بوو( تەخت و تاجی خومەینێتیت بۆ ئەڕوخێنمەوە)ئیتر لێرەوە من ئەو دەزگایە و بڵاوکراوەکانی و تەنانەت ئەو نووسەرانەشی کە لەوێ کاریان دەکرد بە نەفرەت کرد و وەکو جاش قەڵەمێک لێم دەڕوانین کە خۆیان ونووسینەکانیان لەپێناو پارە و ئیمتیازات بۆ ڕژێمی فاشی بەعس هەراج دەکەن.

هاوینی ساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٢ لەنێو گەنجەکانی کەرکووک باس لە هەندێ شت دەکرا کە بەڵگەی گەنج بوون و سەربەخۆبوونی دەسەلماند. یەکێک لەو شتانە خواردنەوەی بیرە بوو و ئیتر خواردنەوەی بیرە وەکو شتێکی ئاسایی تەماشا دەکرا. ئەگەر نەتخواردبایەتەوە، ئەوا گەنجێکی سەیر و نامۆ بووی. من لەگەڵ کاک نازم ڕەشید برای شەهید پاڵە زۆر باسی خواردنەوەم کرد و قەناعەتم پێکرد بچین بۆ قەرەهەنجیر بخۆینەوە. ئەوە بوو نیوەڕوانێک ملمان نا و بە نەفەرات چووین بۆ قەرەهەنجیر و لە گازینۆیەک لەسەر جادە گشتییەکە دابەزین و چووین داوای بیرەمان کرد و بۆ مەزەکەش هەنارمان بانگ کرد. بیرمە یەکێ قاپێ هەنار و بوتڵێ بیرەمان خواردەوە و هاتینەوە کەرکووک. دووجار ئەو کارەمان کرد و ڕۆژێکی تریش چووین بۆ باڕێکی کەرکووک و کاک نازم مەتارەیەکی ئاوخواردنەوەی باپیرەی هەبوو هێنابووی و پڕمان کرد لە بیرە و بردمانەوە بۆ ماڵ و شەو لەسەربان بە بیانووی خوێندنەوە مەتارەکەمان بردە سەربان گوایە ئاوی تێدایە و تا درەنگانێک بیرەمان خواردەوە. ئیتر لەوێوە فێرە بیرە خواردنەوە بووم و تا ئێستاش هەر بەردەوامم و چێژی لێ دەبینم. لەملاشەوە جگەرەی بەغدام دەکێشا کە کیسە نەبوو و پاکەتەکەی مەقەبا بوو کە حکومەتی عێراق بۆ هەناردەکردن بەرهەمی دەهێنا و جگەرەیەکی ئێجگار خۆش بوو. ئەو جۆرە پاکەتە ئەگەر هەڵە نەبم تایبەت بۆ وڵاتانی کەنداو و ئوردن دروست دەکرا. ساڵی ١٩٨٢ ڕەنگە تاکە ساڵێک بێت لە ژیانم کە زۆرترین سەفەری شاری هەولێرم کردبێت. زۆر دەچووم بۆ هەولێر و سەرم لە خزم و برادەر دەدا و هەرچی جارێکیش بچوومایە سەرم لە کتێبخانەکەی حەیدەری دەدا و لەگەڵ کاک مومتاز حەیدەری گەلێ باس و خواسمان لەسەر ئەدەب و شیعر دەکرد. کاک مومتاز پیاوێکی روح سووک بوو و بێگوێدانە جیاوازی تەمەنمان وەک هاوڕێیەک ڕەفتاری لەتەکمدا دەکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی متمانە بەخۆبوونم زیاتر بێت. لەهەمان کاتیشدا بۆ پەیداکردنی کتێبی کۆن سەرێکم لە سەر شۆستەی بن قەڵای هەولێر دەدا و لەگەڵ هەر سەفەرێکم

باوەشێک کتێبم دەهێنایەوە. لە کەرکووکیش ڕۆژانە سەرێکم دەدا لە کتێبخانەی ئاسۆ کە ناوەکەی ئەویش گۆڕابوو بە ( الطليعة) و کاک جەبار بەڕێوەی دەبرد، و هەروەها سەرم لە کتێبخانەی گەڵ (الشعب) دەدا. مانگانەش چاوەڕوانی گۆڤاری بەیان و هەفتانەش چاوەڕوانی هەفتەنامەی (هاوکاری)م دەکرد. زۆربەی ڕۆژەکانی ئەو هاوینە لە کتێبخانەی گشتی کەرکووک بووم و ئەو ماوەیە تەواوی گۆڤارەکانی برایەتی و ئازادیم وەرگرت و خوێندەوە. بەڕێوەبەری کتێبخانەکە کاک تەحسین تاڵەبانی بوو و زۆر یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە کورد بوون و بەجیدی دەیان خوێندەوە و ئەو کتێب و گۆڤارە قەدەغەکراوانەی دەداینێ کە بە بڕیاری بەعس نە دەبوو کەس بیان خوێنێتەوە. ئەو ساڵە کۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان زیانێکی گەورەی بەرکەوت و ژمارەیەک ئەندامی گیران. ناو و ناوبانگی کۆمەڵەش تا دەهات لەنێو توێژی قوتابیاندا خۆشەویستتر دەبوو. ئەو زیانە گەرچی مایەی خەمێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام بووە وزە و تینێک بۆ گەنجانی کورد کە زیاتر پەیوەست بن بەو ڕێکخراوەوە کە خۆی بە ناوکی حیزبی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان دەناساند. کاک جەباری ئاسۆش کەسێکی بناسیایەو بیزانیایە جیدییە و دەخوێنێتەوە و موشتاقی فێربوونە، هەر کتێبێ گرنگی بۆ بهاتایە دەیچرپاندە گوێی کە فڵان کتێبم هەیە دەتەوێت؟ یانیش قاتی سەرەوەی کتێبخانەکەی پڕ بوو لە کتێبی سیاسی و فەلسەفی و مارکسیی. کاک جەبار ئەو کتێبانەی تایبەت دەداینێ کە بەڕاستی خزمەتێکی گەورەی خوێنەرانی ئەو سەردەمەی کرد وکتێبخانەی ئاسۆ یان (الطليعة) ببووە مەڵبەندێک بۆ کۆبوونەوە و دیداری ئەدەبی و فیکری و سیاسی ئەدیبان و هونەرمەندانی کەرکووک. شەقامی جمهوریش شوێنی ژوانی ئێمەی عاشقانی ئەدەب و نووسەران و هونەرمەندان بوو. لەو شەقامە و لەو کتێبخانەیە چ دوور بەدووری و چ بە نیزیکی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و ئازاد ئەسوەد و زاهیر ڕۆژبەیانی و سەلام محەمەد و عەبدوڵا سەراج و لەتیف هەڵمەت و فەهمی کاکەیی و مارف و عارف عومەر گوڵ و فەلاح عومەر و ئاشتی مەهدی و تاریق

کاریزی و زەمان کاکەیی و محەمەد ساڵەیی و ئازاد هۆشمەند و عەبدولستار شوانی و محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە و عەدنان ئەلسائغ و ئیبراهیم زیدان (کە دوو شاعیری عەرەب بوون) و ڕەحیم سەرەڕۆ و ..تاد ناسی. ئەم کرانەوە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر بیرکردنەوە و جیهانبینی ئەوسام. ئەم کرانەوەیە و خوێندنەوەی دەیەها کتێبی ناوازە وەک پەنجەرەیەک وا بوون کە ئیتر خۆم لە جوغزێکی بەرتەسکەوە خزاندە نێو جیهانێکی فراوانی هەمەڕەنگەوە کە ئاستی مەعریفە و سەلیقەی خوێندنەوە و چێژی ئەدەبیمیان بردە ئاستێکی تر. لە پۆلی شەشەمی زانستی ساڵی یەکەم بڕیارمدا خۆم بهێڵمەوە. ئەوەش دوو سوودی هەبوو. یەکەم ساڵێک زیاتر لە سەربازی دوور دەکەوتمەوە و دووەمیش بناغەیەکم دادەنا و بۆ ساڵی دووەم هەوڵی زیاترم دەدا تا بچمە زانکۆ. کە ئەنجامەکانی ساڵی یەکەمی پۆلی شەشەم گەڕایەوە ئەوانەی بەشی ئەدەبیی بوون و خۆیان هێشتەوە هەر هەموویان بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەعس مافی خوێندنیان لێ زەوت کراو ڕاپێچ کران بۆ سەربازی و داهاتوویان فەوتا و خەونەکانیان پووکایەوە و نائومێد بوون. بەڵام ئەو بڕیارە دژی ئینسانییە بەشی زانستی نەگرتەوە. ئەوکاتەی هاوڕێکانم کە لە بەشی ئەدەبیی بوون و بوون بە سەرباز و مانگی جارێک یان دوو مانگ جارێک بە ئیجازە دەهاتنەوە، ئەوسا دەمگوت چا نەبوو چوومە بەشی زانستی دەنا ئێستا دەبووایە سەرباز بوومایە. لە بەشی زانستی ساڵی یەکەم کۆتا تاقیکردنەوە، تێکڕای نمرەکانم ٥٦ بوو و وانەیەکم هێشتەوە و خۆم دانا بۆ ساڵی دووەەم. ئەو ساڵە هاوینەکەی ئیشم کرد و بۆ ساڵی دووەم تێهەڵچوومەوە. دووەم ساڵم لە پۆلی شەشەمی زانستی باشتر و زیاتر ئامادەتر بووم. لە هەمان کاتیشدا لە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان هەر بەردەوام بووم. هەر لەو ساڵە ١٩٨٢ بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا بووم بە خاوەنی مۆڵەتی شوفێری خسوسی. ئامانجیشم لە دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری خسوسی ئەوە بوو کە ئەو سەردەمە سەیارە تەسجیل دەکرا و دەوڵەمەندەکان تەسجیلیان کردبوو و زۆرجار

دەگەڕان کەسێک مۆڵەتی هەبووایە ئۆتۆمبێلی تریان پێ تۆمار دەکرد لە بەرامبەر بڕێک پارە. بەڵام بەخت یاوەرم نەبوو و کەس نەبوو ئۆتۆمبێلی تۆمار بکات. بەهەرحاڵ لە کۆتا ساڵی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری، بە دوو مانگێک هەر لە خۆمەوە بووم بە نوێژکەر و ئەچووم لە مزگەوتەکەی تەنیشت ماڵی خۆمان نوێژم دەکرد. ئێواران تەراویحم دەکرد و خۆشم نازانم چۆن و بە چ هۆکارێک دەستم کرد بە نوێژکردن. خزمەکانم هەموو دەیانگوت هەر دوو مانگە و دوای تاقیکردنەوە وازی لێ دێنێت. منیش پێم سەیر بوو وایان دەگوت و لای خۆمەوە بە جیددی گرتبووم. ئەو دوو مانگە نە بیرەم خواردەوە و نە هیچ. بەس جگەرەم دەکێشا و بە دزییەوە پاکەتم دەکڕی و لەناو کتێبەکانم دەمشاردنەوە. ڕۆژێکیان ماڵەوە ناو کەنتۆرەکە ڕێکدەخەن و پاک دەکەنەوە و پاکەتە جگەرەکە دەبێننەوە و بە باوکمی نیشان دەدەن. ئەویش هیچی نەوت و کردییە ئارەزووی خۆم. ئەوە بوو بە فەرمی ئیتر لە ماڵەوە جگەرەم دەکێشا و ئێواران لە ژوورەوە بەرامبەر باوکم دادەنیشتم و دووکەڵمان بەبادا دەکرد. ئەو گوێی لە ڕادیۆ دەگرت و بەدوای هەواڵی خۆشەوە بوو کە تا مردیش ئەو هەواڵە خۆشەی نەبیست، منیش یان خەریکی خوێندن یانیش خەریکی خوێندنەوە دەبووم. بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆم دوای تاقیکردنەوەکان نوێژم تەرک کرد و ببڕای ببڕ بەلایدا نەچوومەوە.

سالی ١٩٨٢ - ١٩٨٣ شانم دایە بەر خوێندن و سەرەنجام لە کۆتا تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری ساڵی دووەم توانیم مەعەدەلی ٧٩.٥ بهێنم. زۆر دڵم خۆش بوو و کە دەمزانی و وام پێشبینی دەکرد کە دەچمە زانکۆ. ئەو سەردەم قبول مەرکەزی بوو. کاتێک ناوەکان هاتەوە، من و چەند برادەری تر (ساڵح حەسەن، کەریم تەها، نەوزاد غەریب، ..تاد)سواری کۆستەرێک بووین بۆ هەولێر. لەڕێگا تا گەیشتینە ناو هەولێر ئێمە هەر نوکتە و گۆرانی و قسەی خۆشمان کرد. چونکە هەموومان خۆمان دانابوو بۆ زانکۆ. بەڵام کاتێک گەیشتینە ناو هەولێر و ناوەکانمان بینی تووشی سەرسوڕمان و حەپەسان بووین کە بەوەی

تا نمرەی ٨٢ش لە پەیمانگای تەکنەلۆجی وەرگیرابوو. ئەوەبوو ئێمە هەرهەموو لە پەیمانگا وەرگیراین. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە عودەی کوڕە گەورەی سەدام حوسێن ئەو ساڵە پۆلی شەش بوو و نمرەی ٩٩.٩٩ لە سەدای هێنابوو و پشتی نمرەکانی ئێمەی شکاند و چارەنووسی هەموومانی شێواند و خەونی زانکۆمان لەبار چوو. بە نائومێدییەوە بەرەو کەرکووک گەڕاینەوە و هەر یەکەمان لەوە ئەچووین بارە خوێمان کەوتبێتە ئاوەوە. نە زەوقمان ما و نە کەیف و گۆرانیمان ما. ئیتر چارمان نەبوو لەبەر سەربازی ملمان دا بەو چارەنووسە تاڵە و بووین بە قوتابی لە پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک و بەشی بنیادنان و دامەزراندن (قسم البناء و الآنشاءات). هەرچەندە پەیمانگا شوێنی دڵخوازی من نەبوو بەڵام دوایی بیرم کردەوە (ئێ خۆ هیچ شتێک بە دڵخوازی من نییە. گوێی نادەمێ و دەڕۆم بە فشقیات ئەیبەمە سەر و هەر لەبەر سەربازییەکە شانی ئەدەمە بەر.) کە لە پەیمانگا وەرگیرام ئیتر ئەوە بوو بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا جلی یەکپۆش (زەی موەحەد) لەبەر بکەم و لەگەڵ کچاندا لە یەک قوتابخانە بخوێنم. لە هەمووشی خۆشتر قوتابیانی شارە جیاجیاکانم ناسی. بەڕاستی پەیمانگا ئاسۆیەکی تری خستە بەردەمم و ڕوانینی منی دەرهەق بە چەندین مەسەلە گۆڕی. پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک کەوتبووە ئەوپەڕی باشووری شاری کەرکووک لەسەر ڕێگای گشتی کەرکووک – بەغدا لەشان ئێزگەی تەلەفیزیۆنی کەرکووک. ساختمانی پەیمانگا لە دزاینی یابان بوو و زۆر دڵرفێن و قەشەنگ بوو. پەیمانگا لەچەندین بەش پێکهاتبوو وەک بەشی مەدەنی و کارەبا و میکانیک و ئینجا بەشی هونەرییەکەشی پێکهاتبوو لە (الادارة و المحاسبة). بەشی مەدەنیش لە دوو بەش پێکهاتبوو (بنیادنان و دامەزراندن و رەسم هەندەسی). ئەو سێ ساڵەم لە پەیمانگا گەرچی زۆر خێرا و پڕ کێشە بوو بەڵام بە خۆشترین ساڵەکانی خوێندن و ژیانمی دائەنێم.

# چوونە ناو جیهانی سیاسەت و
# پەیوەستبوون بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە

سالْی ١٩٨٣ تەقریبەن ڕێک ساڵێک بەر لەدانووسانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبی بەعس، بە فەرمی پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە. پەیوەندییەکەشم لەڕێگەی هاوڕێم شەهید پاڵەوە بوو. کاتێک من پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەوە چەند مانگێک بوو کارەساتی قەتلوعامی پشتئاشان و قەرناقە ڕوویدا بوو، کە هێرشی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە یەکی ئایاری ١٩٨٣ دا بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ بناری قەندیل دەستی پێکردبوو و ئەوە بوو زیاتر لە ٦٨٨ ئەندامی حیزبی شیوعی کوژران و دیلێکی زۆریش گوللەباران کران.[٢٣] بەڵی من بێ خوێندنەوە بۆ ئەو ڕووداوە یان باشتر بڵێم توانای تیئوریم لەو ئاستەدا نەبوو بتوانم ئەو ڕووداوانە هەڵبسەنگێنم و ئینجا بڕیاری دروست بدەم. جارێکیان شەهید پاڵەی هاوڕێم ئیجازە بوو لە گوندی شەوگێڕ. دوای کۆمەڵێ موناقەشە و گفتوگۆی سیاسییانە، ڕەزامەندیم نیشاندا پەیوەندییەکەم لەڕێگەی ئەوەوە بێت. پاشتریش تاوتوێی ئەوەمان کرد کاتێ دەگەڕێمەوە بۆ شاری کەرکووک کێ بە چاک دەزانم تا داوای پەیوەندی پێوە بکەم و ڕایبکێشمەوە نێو ئەو شانەیەی دروستمان کردووە. دوای تاوتوێکردن گەڕامەوە شار و ئەوەی بڕیارمان لەسەر

---

[٢٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی قەتلوعامی شیوعییەکان، بڕوانە وتاری پشتئاشان و تاوانکارییەکی لەبیرنەکراو لە بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە ژمارە ٤ ی ١٥ی ئایاری ٢٠١٧

دابوو جێبەجێم کرد و من و دوو هاوڕێی تر، ئەوانیش هاوڕێیان تالیبی کوێخا حەمید و ئازادی حاجی تۆفیق بوون، شانەی (شەهید ئارام)مان پێکهێنا. من سەرجەم چالاکییەکانم لەناو کۆمەڵەدا لەژێر ناوی (دەرباز) بوو. سەرەتا من ئازادم ڕاکێشایە ناو کۆمەڵەوە و ئینجا ئازاد تۆفیق، تالیبی کوێخا حەمیدی هێنا و دواتریش نەسرینیش بەئازادەوە پەیوەست بوو. من لەملاوە شانەیەکی تریشم هەبوو کە پێکهاتبوون لە نازم ڕەشید ئەحمەد و جێماو تۆفیق ڕەمەزان. ناوی شانەکەشم شانەی ٨٥ی شەهید فوئاد بوو. ئازاد و تالیبیش پەیوەندی تریان هەبوو کە کۆی هەموو خەتەکەمان نزیک بە ١٠ کەس دەبووین. یەکەمین کۆبونەوەمان کرد و ڕاپۆرتەکانم کۆکردەوە و بردم بۆ گۆپتەپە و لەوێ ڕاپۆرتەکانم دا بە شەهید پاڵە وەک ڕێکخەر و جەلال جەوهەر[٢٤] کە ئەوکات جەلال ئەندام کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ بوو. جەلال جەوهەر سەرپەرشتی دەکردین و لێپرسراوی ڕاستەوخۆمان بوو تا دوای ماوەیەک گواسترایەنەوە بۆ لای (کاروان دوبزی)[٢٥] کادیر و تا دوای مفاوەزاتیش هەر کۆبوونەوەمان لەگەڵ کاروان دوبزی کادیر دەکرد. لەو شانەیەوە چەندین شانەی تر دروست بوو و لق و پۆپی لێبووەوە. پارەمان کۆ دەکردەوە، دەرمانمان پەیدا دەکرد و دەمان گەیاندە گوندەکان، جل و پێڵاویشمان کڕی و ناردمان بۆ پێشمەرگە. ڕۆژێک کاروان دوبزی کادیر لە گوندی گەڵۆزی لەماڵی کوێخا حەمید گوتی ئەوەی ئێوە ئەیکەن، هیچ ئەندام فەخریکی کۆمەڵە نایکات. ڕاپۆرتمان لەسەر هەموو شتێ دەنووسی. دەمانزانی چەند کەس لەو کەرکووکە کۆمەڵە نییە و سەر بە لایەنەکانی ترە. هەموو ئەوانەشمان دەناسی کە سەرباز بوون یان هەویەی خەفیفەیان لە گیرفان بوو. ئەوکات نەک جاشایەتی نەک هەر عەیبەیەکی گەورە

---

[٢٤] جەلال جەوهەر خەڵکی ناحیەی دوبز بوو و ئەوکات ئەندام کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ بوو و ئێستا ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕانە.

[٢٥] کاک فاتیح عەبدوڵا عەلی(کاروان دوبزی )کادیری (ی ن ک)، ئێستا چەند ساڵە لە وڵاتی فینلەندە دەژێت.

بوو، بەڵکو زۆر سووکیش تەماشا دەکرا. ئەو سەردەمە وەرزنامەکانی کۆمەڵە و گۆڤارەکانی شاخ و ناملیکەکانی مام جەلال و نەشیروان مستەفا و سالار عەزیز و حاجی مەمۆ و ئیبراهیم جەلال و نووسراوەکانی کەرتی ڕێکخستنەکانی چەمچەماڵ و دوکانمان دەبینی. جگە لەچەند نووسراوەی تر لەسەر عێراقچێتی و کوردستانچێتی. بەهەرحاڵ جیهانبینی ئەو کاتەم، تێکەڵییەک بوو لە مارکسی و ماوی و نەتەوەیی. جارێکیان هەر لەماڵی تالیبی کوێخا حەمید بووین و کۆبوونەوەمان لەگەڵ کاروانی کادیردا دەکرد. دوای چەندین سەعات گفتوگۆ، هەستاین و لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە، دایکی کاک تالیبی کوێخا حەمید یادی بەخێر بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی (ها کوردستانتان ڕزگار کرد؟). ئێمەش پێکەنین. پێکەنینی ئەوسامان پێکەنینێک بوو وەک سوعبەت قەبووڵمان کرد، بەڵام ئێستا کەبیر لەو قسەیە دەکەمەوە، دەزانم ئەو خانمە زەحمەتکێشە چەند ڕاست بوو و چەند دروستتر لە ئێمە دنیای دەبینی و دەیوست بەهەر ئاماژەیەک بێت ئاگادارمان بکاتەوە کە ئەوەی ئێمە دەیکەین جگە لە ڕەنج بەخەسارچوون هیچیتر نییە. لە یەکەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی قازان کە دوانزە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە دەستی لەشکری بەعس و جاشە بەکرێگیراوەکانی (قالە فەرەج) شەهید دەکرێن، تیپی بیست و یەکی کەرکووک لە گوندی کڵاوقووت لە ساڵی ١٩٨٣ دا مەراسیمێکی ساز کرد. ئەو مەراسیمە من و کاک مەهدی شوانی لە کەرکووکەوە چووین. لەو مەراسیمە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوو، سەر شانۆکە جوان ڕازابۆوە بە وێنەی ئەستێرەی سووری کۆمەڵە و داس و چەکوش و وێنەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین. لە هەمووشی خۆشتر سرووود و نووسراوەکانی حیزبی کۆمۆیستی ئێران هێشتا قەدەغە نەکرابوون و لەوێدا لەڕێی بڵندگۆوە سروودەکانی کۆمەڵەی ئێران لێدەدران. من کە چووم شیعرێکم لەگەڵ خۆم برد کە تازە نووسیبووم بە ناوی (ماڵئاوایی). لەوێدا لەگەڵ ڕێکخەرانی ئاهەنگەکە قسەمان کرد کە شیعرەکە بخوێنرێتەوە و بەڕاستیش پەسندیان کرد. ئیتر داوام لە کاک مەهدی شوانی کرد شیعرەکەم بخوێنێتەوە.

ئەمەشم لەبەر دوو هۆ بوو. یەک: کاک مەهدی زۆر حەزی دەکرد بیخوێنێتەوە. دوو: لەبەر ئەوەی نەوەک چاوی بەعس لەسەرم بێت، بۆ خۆپارێزی ئاگاداری خۆم بم خراپ نابێت. بۆیە منیش هەوڵم دەدا ئیلقای شیعرەکە فێری کاک مەهدی بکەم. کاتێ شێوازی خوێندنەوەی شیعرەکەم بۆ کاک مەهدی شوانی شی دەکردەوە، کادیرەکە داوای لێکردم خۆم بیخوێنمەوە. گوتم نا ئەو باشتر ئەیخوێنێتەوە. دواتر لەسەر سووربوونی کادیرەکە کە عەریف حەفلەش بوو، بڕیارمدا خۆم شیعرەکە لەو ئاهەنگە بخوێنمەوە.

## ماڵئاوایی

دایە ئەڕۆم نایەمەوە
تاکو سەری مات و کزم
لەشەوێکی سامناک و تووش هەڵنەبڕم و
مۆمی عەشقی گەل و خاکم
ڕێگای خەبات ڕۆشن نەکات
تا خەرمانی تێکۆشانم نەیەتە بەر نایەمەوە
دایە ئەڕۆم نایەمەوە
گەر پرسیان کوا کوڕەکەت
بڵێ ڕۆیی و نایەتەوە
قەڵایەکە و ناتوێتەوە
سەربەرزی لە شەهیدبوونی کورت دایە
دایە نەکەی خەفەت بخۆی
نەکەی فرمێسک هەڵڕێژی

بێئومێدی لەناو دڵی پاک و بێگەردتدا بنێژی

بەڵکە هەردەم پێبکەنە
قسە خۆش بە
هەردەم لەسەر خۆ و هێمن بە
دایە ئەمانەت پێئەڵێم
ئەم وتانەت پێ ئەسپێرم
ئیتر ئەڕۆم نایەمەوە.

١٩٨٣ کەرکووک [٢٦]

شیعرەکە جێی ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو. خۆشم زۆر دڵخۆش بووم. دوای ماوەیەکیش ڕۆژێکیان چووم بۆ دێی دارەمان بۆ دیدەنی هاوڕێم کاک کاروان کەرکووکی کە پێشمەرگەی تیپی بیست و یەکی کەرکووک بوو و بە مۆڵەت هاتبۆوە و بۆ سەردانی کەسوکاری، لای کاک کاروان کاسێتێکی ئەو (مەراسیمە)م دەست کەوت و گوێم لە شیعرەکەی خۆم بوو، ئەوەندەی تر لە دڵەوە شانازی زیاترم بە خۆمەوە دەکرد کە شیعرەکانم لەناو شۆڕش (بە عەقڵی ئەوکات) و لەناو هێزی پێشمەرگە دەخوێنرێنەوە. هەر دوو سێ مانگ دواتر لەگەڵ هاوڕێیەکی شانۆکارم کاک ئیحسان بڕیارمان دا شانۆگەرییەک بنووسین و ئامادە بکەین بۆ بۆنەیەک کە لە گوندی کەلۆڕ سازکرا و ئێستا بیرم نییە کە ئەو بۆنەیە چی بوو. من دەقێکی شانۆییم نووسی بە ناوی (شەهید). دەقەکەم دایە کاک ئیحسان. ئیحسان خوێندییەوە و گوتی نا ئەم دەقە نابێت. من شتی ترم لە خەیاڵە، بەڵام دوایی بینیم هەر لەو دەقەی من (کتومت دەقەکە بێ دەستکاری) کارێکی هونەری لێ بەرهەم هێنا. بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی نمایشەکە گوتیان نووسین و دەرهێنانی ئیحسان. منیش هەم پێم خۆش بوو

[٢٦] ئەم شیعرە زۆر درێژتر بوو لەوەی لێرە نووسراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە شیعرەکە فەوتاوە وخۆیشم هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە.

چونکە لەچاوی بەعسەوە من وەک نووسەری ئەو دەقە ناناسرێم و هەمیش پێمناخۆش بوو چونکە هەقی نووسینی ئەو دەقەم پێنەبڕا. پێش دەستپێکردنی بۆنەکەی گوندی کەڵوڕ، کادیرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانم بینی کە ژمارەیەک منداڵی گوندی کەڵوڕی ڕیز کردبوو و سروودی فێر دەکردن. سەربەندی سروودەکە ئەمە بوو:

هەرنەپێش هەرنەپێش دەور دەوری ئێمەیە
چینی پرۆلیتار پێشڕەوی ئێمەیە

منداڵەکانیش دەیان وت:

هەڕنەپێش هەڕنەپێش دەور دەوری ئێمەیە
سینی پرۆلیتار پێشرەوی ئێمەیە

ئیتر کادیرەکە خەریک بو پێیانەوە و منیش یەک دوو دەقیقەیەک لە دیاریان وەستام و پاشان جێمهێشتن. تێڕوانینی ئەوکاتم وا بوو کە ئەدەب و شیعر دەبێ لە سەنگەری خەڵکی هەژاری کوردستان بێ و دژی زوڵم و زۆر بجەنگێ. خۆشبەختانە ئێستاش هەر ئەو تێڕوانینەم هەیە بەڵام بە جیهانبینییەکی تەواو جیاوازەوە.
ساڵی ١٩٨٤ ماڵی کوڕە ئامۆزایەکم لە گەڕەکی ئازادی بوون لە کەرکووک. قاسم ئەمین ئیبراهیمی ئامۆزام و حەمەزەکی کەریم قادر و غالب محەمەد نەجم و یوسف مەحموود (یوسفەسوور) نزیکایەتیان لەگەڵ یەکتر هەبوو و هەموو کوڕی گەڕەکێک بوون. من و حەمەزەکی لە ئامادەییەوە بووینە هاوڕێ و دواتریش هەریەک لەو برادەرانەی ترم ناسی. ئیتر ئێمە جاروبار یەکترمان دەبینی و باسی سیاسەت و کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی و مفاوەزات و شتی

لەو بابەتانەمان دەکرد و هەمووشمان تەقریبەن یەک بیر و هەڵویستمان هەبوو. ئەو سەردەمە نووسراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تا دەهات زیاتر لەناو خەڵک و بەتایبەتی لەناو توێژی خوێندەوارانی چەپدا دەستاودەستیان دەکرد. ئێمەش گۆڤاری (پێشڕەو) کە ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوو دەستمان دەکەوت و دەمانخوێندەوە و لەڕاستیشدا کاریگەری هەبوو بەسەرمانەوە. بیرمە زۆرجار باس هەر باسی پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوو، باسی زیرەکییان، ئازایەتییان، بوونی ژنان لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێرانیش کە ڕادیۆی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوو ڕۆژانە گوێمان لێدەگرت و من زۆر بایەخم بە بەرنامەی ئەدەبی دەدا لەگەڵ دەرسەکانی مارکسیزم. بەڵام هەموو ئەمانەش هێشتا نەیانتوانیبوو لێکدانەوە و جیهانبینی نەتەوەییم لا لەق بکەن و یان لە زەینم بیسڕنەوە. ساڵی ١٩٨٤ جگە لەوەی چەند شیعرێکم لە گۆڤاری کاروان بڵاو بۆوە، بەڵام هێشتا لەژێر هەژموون و سێبەری ناسیونالیزم هەناسەم دەدا و شیعرەکانیشم هەر لەو کانییەوە ئاویان دەخواردەوە. ئەوساڵە لەڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە بیستم کە (پڕۆژەی سەد کتێبی کوردی) دەستی بەکار کردووە و کتێب چاپ دەکات. ئەو پڕۆژەیە کاک جەماڵ خەزنەدار سەرپەرشتی دەکرد. منیش لەناو شیعرەکانم باشترین و جوانترین و سیاسیترین شیعرم لە دەفتەرێکدا کۆکردەوە و ملی ڕێگام گرت و چووم بۆ بەغدا. شەو لە بەشی ناوخۆیی زانکۆی موستەنسەرییە لای سلێمان نوری هاوڕێم مامەوە کە ئەوکات بەشی داخلییان لە گەڕەکی (حەی جەمیلە )بوو. بۆ بەیانییەکەی کتێبەکەم بردە لای کاک جەماڵ خەزنەدار و ئەویش زۆر بەجوانی پێشوازی لێکردم و داوای لێکردم بیبەم بۆ سانسۆر و وتی (هەرکات ڕەقابەت کرد، من بەچاوان بۆتی چاپ دەکەم). ناوونیشانی فەرمانگەی ڕەقابەم وەرگرت و چووم. کتێبەکەم بەناوی (هاوارێک بۆ ڕاپەڕین) بوو. ماوەیەکیان بۆم دانا (دوو هەفتە) بۆ ئەوەی بچمەوە کتێبەکە وەربگرمەوە. کاتێ چوومەوە دائیرەی ڕەقابە دەفتەرەکەیان دایەوە دەستم کە



عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) و ئاشتی مەهدی و عەبدولستار شوانی و ڕەحیم
سەرەڕۆ گازینۆی شموع کەرکووک ساڵی ١٩٨٣

بەرگێکی سەوزی جوانی هەبوو. لە دوا لاپەڕە بە پاندانی سوور نووسیبوویان( یمنع منعا باتا نشر هذه الاشعار) ئیمزایەک کرابوو.

- ئیتر هەر بە زمانی عەرەبی پرسیم بۆ ڕەفزتان کردۆتەوە.

- نازانم بۆچی ڕەفز کراوەتەوە.

- پرسیم کێ خوێندویەتەوە؟

- نازانم.

- سەلاح شوان بوو، وا نییە؟

- نا نا ئەو نەبووە و کەسیش نازانێ کێ بووە.

ڕاستییەکەی منیش هۆشێکم هاتەوە خۆم و گوتم ئەوە چی ئەکەم لەناو دائیرەی ڕەقابە موناقەشەی چی ئەکەم، بە خۆم گوت کوڕە بڕۆ تا نەشیان گرتوویت. ئەوە بوو خۆم و دەفتەرە شیعر بە نائومێدییەوە گەڕاینەوە کەرکووک. ئەو ساڵە چالاکی هونەری لەشاری کەرکووک بەتایبەتی هونەری شێوەکاری و

پەیکەرسازی زۆر بەرچاو بوو. هونەرمەندان فەلاح عومەر شوانی و محەمەد ساڵەیی و ئاشتی مەهدی گەرمیانی و نەرمین ئەحمەد ئەسوەد و عەلی دەروێش هەر یەک پێشانگای تایبەتیان کردەوە و بەرهەمەکانیان لە قاعەی فنوون کە



عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)، سەلاح حەسەن پاڵەوان، مەهاباد قەرەداغی پەیمانگای تەکنیکی کەرکووک ١٩٨٥. لە ئەرشیفی سەلاح حەسەن پاڵەوان وەرگیراوە.

دوایی بوو بە چایخانەی سەمیرەئەمیس نیشان دەدا. ئێواران هەر لە دوای دەوامی خوێندنەوە دەچووینە ئەو قاعەیە و لەوێ کۆدەبووینەوە و جگە لە موناقەشاتی هونەری، گەلێ گفتوگۆی سیاسیشمان دەکرد. ئەوبرادەرانە واتە من و فەلاح شوانی و ئاشتی مەهدی و محەمەد ساڵەیی و زەمان کاکەیی و عەبدولستار شوانی و ئاسۆ و تاریق کاریزی و کەمتریش نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و ڕەحیم سەرەڕۆ) ئەتمۆسفیرێکی هونەری سیاسییمان دروست کردبوو کە وەک کۆمەڵی هونەرمەند و نووسەر و شاعیر بووبووینە خەمخۆری

بزووتنەوەی ئەدەبیی و هونەریی لە کەرکووک . زۆربەی ئێوارانیش لە (گازینۆ شموع) لە شەقامی جمهوری لە قاتی سەرەوەی (دار الالحان) دادەنیشتین و قاوەمان دەخواردەوە. شایانی باسە ئەو گازینۆیە لەو سەردەمە واتە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تاکە گازینۆیەک بوو لەسەر ئاستی کەرکووک و کوردستان کچ و کوڕ و یان کەپڵ بچن بەوپەڕی ئازادییەوە دابنیشن و کاتێکی خۆش و ڕۆمانسیی بەیەکەوە بەسەر ببەن.

لە پەیمانگاش ڕایەڵەیەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیم دروست کرد. مەهاباد قەرەداغی کە شیعرەکانیم خوێندبۆوە، لە نزیکەوە ناسیم. مەهاباد کچێکی بەهەڵوێست بوو خەڵکی شاری کفری بوو و شیعری بەردەوام بڵاو دەکردەوە. ئاریان فەرەجم ناسی کە خەڵکی شاری سلێمانی کە کورتەچیرۆکی دەنووسی، کاک ئاریان چەندینجار لە بەشی ناوخۆیی پەیمانگا شەوان لای دەمامەوە و بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن مەستی دەکردین. سەلاح حەسەن پاڵەوانم ناسی کە خەڵکی شاری کەرکووک بوو. کاک سەلاحیش خەریکی نووسین بوو. عەلی کەریمم ناسی ئەویش هەر کەرکووکی بوو و بەرهەمی ئەدەبی دەنووسی بەڵام بڵاوی نەدەکردنەوە. ئەم ڕایەڵە ئەدەبییە کۆمەڵایەتییە کەم تا زۆر کاریگەری هەبوو بەسەر بیرکردنەوە و جیهانبینی من، بەڵام چونکە هەموو نەتەوەییانە بیرمان دەکردەوە گفتوگۆیەکی جیددی نەهاتە گۆڕێ. لەم نێوەدا تەنها ئاریان فەرەج چەپانە بیری دەکردەوە و لایەنگری حیزبی شیوعی بوو. ئەو هانی دەدام شیعرەکانی عەبدولوەهاب بەیاتی بخوێنمەوە.

لەساڵی ١٩٨٤ بە دەستپێشخەری خاتوو مەهاباد قەرەداغی هەوڵدرا گۆڤارێک دەربکرێت بە ناوی (هاواری گەرمیان). بیرمە لەو گۆڤارە، لە ژمارە یەک، بە شیعرێک بەشداریم کرد. بەڵام ئەوە بوو ئەو گۆڤارەش لەلایەن دائیرەی ڕەقابەی بەعسەوە شانسی نەیهێنا و ڕەفز کرایەوە. پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک ساڵانە میهرەجانی هەبوو کە دوو سێ ڕۆژی دەخایاند و لەو میهرەجانە جگە لە نیشاندانی تابلۆی هونەری، کاری دەستکرد و نووسینی تەنزئامێز و

گاڵتەوگەپیش نیشان دەدران. لەناو پێشانگا هونەرییەکە کوڕێکی عەرەب کەهەر قوتابی پەیمانگا بوو و خەڵکی باشوور بوو تابلۆیەکی فرەجوانی دروست کردبوو. تابلۆکە سنووری نێوان دوو وڵاتی نیشان دابوو کە بە تەلبەند سنوورەکە دیاری کرابوو و تەلبەندەکە لە چەند جێگایەوە پچڕابوو بەهۆی تەقینەوە و بۆردومانی جەنگ، چەند کەلوپەلێکیش لەو ناوە کەوتبوون وەک تفەنگ و کڵاوی سەربازیی و مەتارەی ئاو و قەوان. دەستێک بە گەورەیی لەناو زەوییەکەوە هاتبووە دەرەوە و لەناو لەپی دەستەکە نووسرابوو (کفى) واتە بەسە. ئەو تابلۆیە ببووە جێی سەرنج و تێبینی ژمارەیەکی زۆر قوتابی. ئێمەی کورد ئەو تابلۆیەمان پێ جوان بوو کە مانای کۆتایی جەنگ و نەفرەت لە جەنگ بوو. تەنانەت من ئەوکات و ئێستاش پێموایە ئەو تابلۆیە تابلۆیەکی هونەری شۆڕشگێرانە بوو. لە بەشی کارەبا چەند شیعرێکی کارەباییان نووسیبوو کە دانەیەکیانم هەر لەبیر ماوە ئاوا نووسیبوویان:

یا فتاتي یا فتاتي
انت تآسیسات حیاتي
انت ای سی انت دی سی
انت کهرباء رئیسي

لە پەیمانگا گەلێ لەو هاوڕێ نووسەرانە دەهاتن سەردانیان دەکردم وەک کاک ئازاد هۆشمەند کە قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بوو و کاک بەرزان عوبید بابەشێخ کە قوتابی پەیمانگای تەندروستی بوو و جەماڵ کۆشش کە قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بوو و فەلاح عومەر شوانی و ئاشتی گەرمیانی و کاوە کەرکووکی کە هەر سێکیان قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوون و تاد. ئەمە جگە لە دەیەها پەیوەندی تر کە سیاسی بوون و لە پەیمانگا و زانکۆکانەوە سەرم لێیان دەدا یان سەریان لێم دەدا. لە پەیمانگاش کورێکی بڕێک شەرمن بووم بەڵام زۆریش نا. بە دڵیش حەزم دەکرد دەنگێکم هەبێ. بەڵام من

و کەپڵیان نەوتبوو. من بایەخم بە خۆم نەدەدا جگە لە پاک و خاوێنی، هەر یەکپۆشەکەم لەبەر بوو و ڕیشێکم هەبوو و خەریکی سیاسەت و ئەدەب بووم و دامنابوو خوێندن تەواو بکەم و ببم بە پێشمەرگە. ئیتر پێموابوو هیچ پێویست ناکات کەسێکی تر بەخۆمەوە تووشی نەگبەتی بکەم. لەملاشەوە کچێک هەبوو کەرکووکی بوو لە بەشی کارەبا تا بڵێی جوان بوو، تەسریحەی قژی و باڵای و سیما بێگەردەکەی و چوست وچالاکییەکەی سەرنجی ڕاکێشابووم و هەر لە دڵی خۆم ئەمهێنا و ئەمبرد. ئەمگوت کوڕە ئێرە پەیمانگایە و دەرفەتە و لەدەست خۆتی مەدە و هەوڵبدە پەیوەندییەکی سۆزداری دروست بکە. لەملاشەوە بیرم لە ئەدەب و سیاسەت و وەزعی ئابووری ماڵەوەمان دەکردەوە پەشیمان دەبوومەوە. تا ڕۆژێک پێم بە جەرگی خۆم نا و ڕازی دڵی خۆم بۆ ئەو کچە کردەوە.

چەند ڕۆژ پێش ئەوەی موسارەحەی ئەو کچە بکەم، گەلێ لێکم دایەوەو بابەتەکەم هێنا و برد. مێشکم جام بووبوو نەمدەتوانی بیر بکەمەوە. خەریک بوو توانای ئەوە لەدەست بدەم لایەنە باش و خراپەکانی ئەو کارە هەڵسەنگێنم. هەستام شەوی پێش موسارەحەکە، بابەتەکەم لەگەڵ ئازاد تۆفیقی هاوڕێم باس کرد. ئازادیش سەرێکی هێنا و برد و دوا قسەی ئەوە بوو کە من لەجیاتی تۆ بم موسارەحەی دەکەم. خۆ ئەگەر ڕەفز وەربگریت هیچ زەرەر ناکەیت و ئەگەر گرتیشی ئەوا دووشەشە. کوڕی ئاسمان خۆ من ڕاوچی نیم تا بیگرم، من دەمەوێت پەیوەندی خۆشەویستی دابنێم. بەهەرحاڵ ئەو شەوە ساغ بوومەوە لەسەر ئەوەی کە بەیانی موسارەحەی بکەم. بۆ بەیانییەکەی چووم بۆ پەیمانگا و ئەو ڕۆژە چەندێ چاوم بۆی گێڕا نەمدیت. چوومە قسم کارەبا و لای پۆلەکەیان و ئەوی لێنەبوو. نیوەڕۆکەی چوومە نادی (نادی بە چێشتخانە گشتییەکەی پەیمانگا دەگوترا) و لەوێش نەمبینی. ئیتر لە خۆمەوە سەغڵەت بووبووم. دوای نانی نیوەڕۆ مەحازەرەیەکم مابوو، نەڕۆیشتمە پۆل و سواری پاس بووم بەرەو ڕەحیماوە. کە لەسەر کۆڵانەکە دابەزیم و جگەرەیەکم پێکرد و

له دڵەوە ئەمهێنا و ئەمبرد (ها کوڕی باش نەتبینی و سەغلەت دیاری. ئەمەش مانای وایە عاشقیت). عەسرەکەی ئازاد تۆفیقم بینی کە شەوی پێشتر قسەوباسمان کردبوو و لە دوورەوە پرسی (شێریت یان ڕێوی؟). گوتم شێرم لەبەرگی ڕێویدا. پێکەنی و گوتی چیبوو؟ گوتم نەهاتبوو بۆ دەوام. بۆ ڕۆژی دوایی چوومەوە دەوام بینیم لەگەڵ کچێکی هاوڕێیدا قۆڵیان کردۆتە قۆڵی یەک و پیاسە ئەکەن. تەنوورەیەکی ڕەساسی و چاکەتێکی نیللی و قەمیسێکی شینی کاڵیش لەژێر چاکەتە نیللییەکەیەوە پۆشیبوو. لە سەرەخۆ لێیان نزیک بوومەوە و بەیانی باشم لێکردن.

هەردووکیان پێکەوە: بەیانیت باش

ڕووم لێکرد و پرسیم بەیارمەتیت دەتوانم یەک دوو قسەت لەگەڵ بکەم؟

- بەڵێ فەرموو

لەوکاتەیا کچە هاوڕێکەی لە ئێمە دوور کەوتەوە.

- ڕاستییەکەی باش لێت ورد بوومەتەوە و ئەزانم کەسێکی باشیت، پێمخۆشە یەکتر بناسین و پەیوەندیمان هەبێ.

من چەند بەڕێزەوە پرسیارم لێکرد، ئەویش بەڕێزەوە وەڵامی دامەوە هاتووم بۆ خوێندن نەک پەیوەندی دروستکردن. زۆر داوای لێبووردن ئەکەم.

منیش سوپاسیم کرد و بەجێمهێشت. لەگەڵ ڕۆیشتنمدا هەستم ئەکرد لەژێر خەرابات و بێئومێدیدا هەنگاو دەنێم و باڵندەی هەموو خەونەکانم فڕین و دڵم بە ساردی خۆیەوە خەریکی لێدان بوو. ئەمە بۆ من ئەزموونێک بوو فێر بووم کە هەر کچێکت بینی مانای ئەوە نییە حەزی لێبکەیت. ئەو کچە خەونێک بوو، شیعرێک بوو هات و لێم دوورکەوتەوە. لەوڕۆژە بەدواوە حەزم نەدەکرد بیبینم. خۆزگەم دەخواست ئەو کارەم نەکردایە و لەلایەکەوە خۆم کە تەمەنم بیست ساڵ بوو وەک هەرزەکارێک هاتە پێشچاو و لەلایەکی تریشەوە وەک قوربانییەک. لە هەموو ئەو دوو ساڵە ئاواتەخواز بووم نەیبینم و ئەویش نەک لەبەر ئەوەی ڕقم لێی دەبێتەوە، بەڵکو هەستم بە خەجاڵەتی دەکرد. هەموو

جارێک برێک سەرزەنشتی خۆم دەکرد بەوەی بابەتەکەم ڕەنگە جوان بۆی باس نەکردبێ، یان پەلەم کرد لەو کارە، یان هەر دەبوایە ئەو کارەم هەر نەکردایە. ئیتر بۆ نەگبەتی دەمگوت باشە من بۆ چووم نووسام بەو کچە ڕێکوپێکەوە؟ بەهەرحاڵ نایشارمەوە کە پەیمانگام تەواو کرد گوتم ئۆخەی ئیتر نایبینمەوە و ئەو ئیحراجییەم نامێنێت، نەمزانی ڕۆژێک دێت من و ئەو کچە ڕوو بەڕوو لە ژوورێکدا بەرامبەر یەک دادەنیشین و بە بزەی بەرائەتانەوە و ئینجا بە دزەنیگاوە داوای لێبووردن لەیەک دەکەین. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات سێ چوار ساڵ دوای ئەو سبەینێیە، دیسانەوە سبەینانێک دەیبینمەوە و بێئەوەی بتوانم هیچ بڵێم حیکایەتی عەشقێکی بۆ دەخوێنمەوە.

هەرچەندە ساڵی ١٩٨٤، کە لە ڕووی عەشقەوە نائومێد بووم، بەڵام لەڕووی سیاسەتەوە ئومێدم وەک ئەستێرەیەک لەئاسمانی تەمەنی بیست ساڵیمدا دەدرەوشایەوە. لەسەروبەندی کۆتایی ساڵی خوێندنی پۆلی شەشەمم و هاتنی هاوین. کێشە سیاسیی و چەکدارییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و لایەنەکانی بەرەی جود دەستی پێکرد.ئەو سەردەم تاکە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو (دیارە بە ڕای ئەوسامان) ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراق بوو. کە ڕادیۆی یەکێتیی بوو.ئەو شەڕە بە ملهوڕی یەکێتیی دەستی پێکرد و کەوتنە شەڕ لەگەڵ حسک و پارتی و شیوعی. سیاسەتی یەکێتیی ئەوکات سیاسەتێکی پاکتاوکردنی نەیارە چەکدارەکانی بوو. یەکێتیی پێشتریش ئەزموونی چەککردن و دەرکردن و ڕاونانی چەپەکانی هەبوو. خۆیشی چەند ساڵ بوو ئەزموونی چەکداریی دەستەبەر کردبوو. ئەمە سەرباری لایەنگری زۆر لە ئاستی کوردستان، دەستی پێکرد. ڕادیۆکە کە ئیدعای ئەوەی دەکرد کە هەوڵی ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەدات و دیموکراتی بۆ عێراق دێنیتە سەرکار. هەموو ڕۆژێک وەک هێڵی گشتی سیاسەتی یەکێتیی دووبارەی دەکردەوە .

(ئێرە دەنگی شۆڕشی عێراقە. دەنگی شۆڕشی عێراق، دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشمەرگانەیە کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان رابەرایەتیان دەکات، بۆ

ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی ئیتلافی و دیموکراتی بۆ عێراق کە بتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان مسۆگەر بکات.) ئەم سیاسەتە گشتییەی (ی ن ک) کە ڕۆژانە بە دەنگی فەرهاد سەنگاوییەوە دەمان بیست، لە واقیعی ژیانی حیزبی و چەکداریدا پێچەوانەکەی پیادە دەکرا. شەڕی نێوان بەرەی جود و ی ن ک دەستی پێکرد و کۆمەڵێ پێشمەرگە و کوڕی خەڵکی هەژار کوژران و تیاچوون. ئەو هاوینە یەکێتیی تەنگی بە هەموویان هەڵچنی و لە تەنگ هەڵچنینا هەر پێشرەوی زیاتری دەکرد.بەڵام بەئازارترین پەڵەی شەرمەزاری بەنێوچەوانی یەکێتییەوە شەڕەکانی پشتئاشان و قەرناقا بوو کە ژمارەیەک زۆری دیلی بێ چەکی حیزبی شیوعیان تیرۆر کرد و تا ئێستاش مێژوو ئەو قسەیەی نەوشیروان مستەفای تۆمار کردووە کە دەیوت پەرێزتان خاوێن بێ. واتە دیلەکان بکوژن.من ئەو سەردەمە بیرکردنەوەکانم لەگەڵ سیاسەتی یەکێتییدا تەریب بوو. ئەو شەڕەم بە هەق دەزانی و ئاواتەخواز بووم یەکێتیی بەسەر بەرەی جودا زاڵ ببێت. ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە ڕادیۆی یەکێتیی هاواری ئەکرد (حسک و حشع و قیادە...ڕەنجی کوردیان بە بادا). یان دەیانوت (مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە و ببینە حشعی میراتگرت) یانیش (جووجەڵە ڕەسولییەکان) و دەیان ناو و ناتۆرەی بێمانای دی و تاد. هێندەی نەبرد دوای شەڕەکانی پشتئاشان، مفاوەزاتی یەکێتیی و بەعس دەستی پێکرد. ئەو کات وتیان مفاوەزات لە بەهێزبوونەوە دەستی پێکرد. دوای سێ مانگێک ڕایەکە گۆڕا و وتیان هێزی پێشمەرگە ماندووە و پێویستی بە پشووە. کە مفاوەزات دەستی پێکرد من قوتابی پۆلی یەکی پەیمانگا بووم. لیژنەی تەنسیق لە کەرکووک کرایەوە و پێشمەرگە تاک تاک و هەندێجاریش بە مەفرەزە داهاتنە ناو شار. یەکێتیی لە سورداش ئاهەنگی نەورۆزی گێرا و خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری کوردستان بەشداری تێدا کرد.من لە سورداش شەهید پاڵەم بینی و خەریکی کاری سکیوریتی ئاهەنگەکە بوو و ئێستاش بیرمە نزیکەی دوو سەعاتێک کلاشینکۆفەکەیم لە شان بوو و

پێکەوە تێر تێر پیاسەمان کرد و لەهەمان کاتیشدا کاری سکیوریتیشمان دەکرد. لە ئاهەنگەکە وێنەی زۆرم گرت و دوایی کاتێ گیرام لە ئەمنی کەرکووک ماڵەوەمان ئەو وێنانەی کە بە چەکەوە گرتبووم هەموویان دڕاندبوو. تێگەیشتنی ئەوکاتم بۆ سیاسەت و پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن زۆر ناکامڵ بوو. مەسائیلەکانم زۆر بۆ ڕوون نەبوون، ئەوە نەبێ کە دەمزانی خوێندن تەواو دەکەم و دەبمە پێشمەرگەی یەکێتیی. جارێکیان لە سەرەتای مفاوزات بوو سەردانی شاری هەولێرم کرد و سەرمدا لە کتێبخانەی حەیدەری. لەوێ لەگەڵ کاک مومتازدا بووم کە دوو ئەفەندی قات لەبەر هاتنە ژوورەوە، کاک مومتاز منی پێ ناساندن. ئەو دووانەش (سەعدوڵا پەرۆش و جەوهەر کرمانج)ی شاعیر بوون. لەو نزیکەی سەعاتەدا باسی ئەدەب و یەکێتیی و مفاوەزاتمان کرد و بیرمە چوار پێنج شیعری خۆمم پێبوو کە هەر هەموویان پێشمەرگانە و شۆڕشگێرانە نووسرابوون و دامە دەستی کاک جەوهەر و کاک سەعدوڵا و خوێندیانەوە و بەڵێنیان دا بیگەیێننە گۆڤاری نووسەری کوردستان بۆ بڵاوکردنەوە. ئێستا و ئەوساشی لەگەڵدا بێ نەمزانی ئەو شیعرانە چییان بەسەر هات، بڵاو بوونەوە یان نا؟!

تازە دانووسانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراق دەستی پێکردبوو. ئێوارەیەکیان دوو پاسی مونشەئەی گەورەی زیندانی سیاسییان هێنا و لە کۆڵانی ئێمە کە یەکەمین کۆڵان بوو لەسەر بازاڕەکەی ڕەحیماوە وەستان و زیندانییەکانیان دابەشکرد بەسەر ماڵەکاندا. کاک شوانی تەنسیق کە بەرپرسی هەمئاهەنگی کارەکانی دانووسانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەت بوو لە کەرکووک و بەرزترین ئاستی لێپێرسراوەتی بوو لەو لیژنەیە، دوو زیندانی سیاسییان هێنا و داوایان کرد کە ئەمشەو لەماڵی ئێمە بمێنیتەوە و سبەێنێ دەیانبەین بۆ هەولێر. باوکیشم گوتی بەچاوان بەخێر بێن و ماڵی خۆیەتی. زیندانییەکان یەکێکیان قات بێجامەیەکی لەبەر بوو و قەمسەڵەیەکی لەسەر قات

و بێجامەکە کردبووە بەر. زۆر خاوێن نەبوو. ڕیشی تاشیبوو بەس تۆزێک هاتبووەوە. دوای بەخێرهاتن لێمان پرسی:

- نانت خواردووە؟

- نا بەڵام برسیم نییە.

باوکم وەک دەستووری باوکایەتی هەمیشەیی خۆی فەرمانی کرد هەر ئێستا خواردن لێبنێن. ماڵەوە کەوتنە خواردن دروستکردن و داوامان لە زیندانییەکە کرد خۆی بشوا. گوتی نا خۆم ناشۆم. باوکم شەرواڵێکی تازە و قەمیسێکی پێدا



وێنەی من و ئازاد تۆفیق،  ساڵی ١٩٨٢ گەڕەکی ڕەحیماوە، کەرکووک

و جووتێ کڵاشی تازەی منیش هەبوو کە تازە کڕیبووم بۆ ئاهەنگ و بۆنە سیاسییەکان، چونکە پێم زل و گەورە بوو بۆ کابرای زیندانیش فیت بوو. دوای نانخواردن بەدەم چا خواردنەوە دەرکەوت ئەو زیندانیانە هەردووکیان یەکی بە

پانزە ساڵ حوکم دراون و لە ئەبوغریب زیندانی بوونە و بەر لێبووردنی تایبەت کەوتوون. خەڵکی هەولێرن بۆ سبەینێکەی زیندانییەکان لەگەڵ کاک شوانی تەنسیقدا دوای سوپاسکردن، سوار پاسی مونشەئە بوون و چوون بۆ هەولێر. ئیتر جارێکی تر کابرای زیندانیمان نەبینییەوە و نەمانزانی چی بەسەر هاتەوە. جەوی سیاسی پەیمانگاش هەرچەندە دەمانزانی مونەزەمەی مەعهەد و ئیتحاد تەڵەبەی بەعس و ئەمنەکان هەر چاوێکیان کردۆتە دە چاو بۆ چاودێری کردنمان، بەڵام ئێمەی لاو گوێمان پێ نەدەدان و بەئارەزووی خۆمان ڕەفتارمان دەکرد. ئێوارەیەکیان لە دەوامی پەیمانگا تەواو بووم و قەدەرێکیش لە شەقامی جمهوری بووم و ئینجا چوومەوە بۆ ماڵ، هەر لەسەر کۆڵانەکە کاک نازمی برای شەهید پاڵەی هاوڕێم بینی. گوتی پاڵە بە دزییەوە هاتۆتەوە و لە ماڵەوەیە. شەو دەیەوێ لە ماڵی کاک ئازاد بتبینێ. گوتم باش. دوای نانخواردن، لەشوێنی دیاریکراو لەماڵی کاک ئازاد تۆفیق لەگەڵ پاڵە یەکترمان بینییەوە. پاڵە نەخۆش بوو هاتبۆوە بۆ بینینی پزیشک و وەرگرتنی چارەسەر. ئەوشەوە تا درەنگانێ قسەوباسمان کرد. تەوەرەی بنەڕەتی قسەکانمان مفاوەزات و چارەنووسی داهاتوومان بوو. پاڵە بەروح و بە فیکر و بە جەستە کرێکار و مارکسیی بوو. کاک ئازاد تۆفیق لێی پرسی: هاوڕێ پاڵە، ئەگەر بگەین بە سەرکەوتن و ئازادی، تۆ چی ئەکەیت؟ پاڵە وەڵامی دایەوە، دێمەوە کەرکووک و چەک دادەنێم و لە ئەحمەدئاغا (کە شوێنی یان مەیدانی کرێکارانە) دەست بە کرێکاریی ئەکەمەوە. پاڵە بۆ بەیانییەکەی مەفرەزەیەک هات و بردیانەوە دەرەوە بەرەو سنووری تیپی بیست و یەکی کەرکووک. ئەمە دوا دیداری نێوان من و پاڵە بوو لە کەرکووک. ئەمە دوا شەو بوو پێکەوە پڕ بە دڵمان پێبکەنین. دواجار بوو کە بەوجۆرە لەگەڵ پاڵەدا شان بدەینەوە سەر سەرینی (بالیف)ی کوردی و سوعبەت بکەین و باسی ڕۆژە ڕابردووەکان بکەین. باسی گەنجێتی و سیاسەت و کۆمەڵە و داهاتووی کوردستان بکەین. پاڵەی خۆنەویست بەهەموو ماناکانی قوربانی، قوربانی بوو، بەمانای وشەکە دڵسۆز و بەوەفا بوو بۆ خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی

کوردستان. پاڵە بەر لەوەی بە تەواوەتی بنەما چینایەتییەکانی خەباتی بۆ ڕوون بێتەوە، بەر لەوەی بە قووڵی لە مارکسیزم تێبگات، بەر لەوەی بتوانێت خۆی لە گەرد و تۆزی بیروباوەڕی ناسیونالیزم داتەکێنێت، گیانی بەخت دەکات. ئەوە بوو زۆر بەداخەوە هاوڕێ پاڵە چەند ساڵ دواتر لە بادینان گیانی بەخت کرد. کاتێک هەواڵی مردنی پاڵەم بیست، تاسام و بۆ ماوەیەک هەر لە زەین و بیرمدا مایەوە و بیرم لێ دەکردەوە.

ساڵی ١٩٨٤ وردە وردە هەواڵی ڕەخنەی جیددیم دەبیست لە سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. کاک نەریمان کە خوێندکارێکی خەڵکی سلێمانی بوو لە پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک و برازای سالار عەزیزی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و دواتر ئاڵای شۆڕش بوو، دوو هەفتە جارێک سەردانی شاری سلێمانی دەکرد و بە کۆڵێ هەواڵی تازەی ئاڵای شۆڕش دەگەڕایەوە و باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لایەک لە سەرکردایەتی و کادیرانی کۆمەڵە چەشنی مەلا بەختیار و خولەی جگەر و مامۆستا پشکۆ نەجمەدین و سالار عەزیز و شێخ عەلی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان جیابوونەتەوە و ڕێکخراوێکی تازەیان بەناوی ئاڵای شۆڕش پێکهێناوە و دژایەتی دەکرێن.[٢٧]زۆر موشتاقی ئەو بزووتنەوەیە بووم و چونکە خۆم ڕەخنەم هەبوو لە یەکێتیی ئیتر ئەوەی بۆنی ڕەخنەی لێوە بهاتایە دەمویست بیناسم و بزانم چییە. لەولاشەوە بەهادین نوری

---

[٢٧] ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە هەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥ پێکهات. مەلا بەختیار، سالار عەزیز، مامۆستا پشکۆ، شێخ عەلی، مامۆستا جەعفەر، ئاسۆ عەلی ڕابەرایەتیان دەکرد. لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا سیان لە قیادەییەکانی وەک مەلا بەختیار، شێخ عەلی وپشکۆ نەجمەدین، لەلایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە دەستگیردەکرێن. لەساڵی ١٩٨٩ دا کەقیادییەکانی ئازادکران، بەشێکی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکیان گرت.لەساڵی ١٩٩٢دا لەکۆنفرانسێکدا لەسلێمانی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (کۆمەڵەی سۆسیالیستی کوردستان) و دواتر چووەتە ناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە.هەر لەساڵی ١٩٩٣دا ژمارەیەکیان بەسەرۆکایەتیی مەلا بەختیار چوونەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

که له زیندانەکانی حیزبی شیوعی عێراق هەڵاتبوو نامیلکەیەکی به زمانی عەرەبی دەرکرد دژ به سیاسەتەکانی حشع و له کۆتایی پێشەکییەکەی لەدوا دێردا سەبارەت به خەباتی له نێو حشعدا نووسیبووی (كرست زهرة شبابي و كل حياتي و سآظل جندياً وفيا ماحييت.)[٢٨] ئیتر من بەردەوام وەک کەسێک چاوئێشەی هەبێ که چۆن بەدوای دەرماندا دەگەڕێ، ئاوا بەدوای هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی تازەدا دەگەڕام و دەمویست شتێک بدۆزمەوە که تینوێتی سیاسیم بشکێنێ. کتێبم زۆر دەکڕی. کتێبخانەکەیماڵەوەم بریتی بوو له سێ قات که وەک جامخانە بوو و شووشەی هەبوو و خوارەوەشی دوو دۆڵابی بچووکی هەبوو. قاتی سەرەوەی ماڵەوە قۆڕی و پیاڵە و شووشەواتیان تیا دانابوو و قاتی ژێرەوەی بۆ کتێب تەرخان کردبوو. هەروەها ژوورەکەشم سێ تاقی هەبوو و هەر تاقێکیش لەناوەڕاستەوە کرابووە دوو بەشەوە واتا دوو قات بوو. هەر سێ تاقەکەش پڕ کتێب بوون و تەنانەت پەنجەرەی ژوورەکەشم پڕ له کتێب کردبوو. دایکم بەدەم سکاڵاوە:

– وەختە کتێب بمانخوا. کوڕم ئەو پارە جوانە بەو کتێبانە خەسار مەکە.

– دایە کتێب شتت فێر دەکات، عەقڵت دەکاتەوە. باوکیشم لەسەرەخۆ هەڵیدەدایێ (عەقڵ دەکاتەوە ئەگەر هەتبێت) من دەمزانی ترسی دایک و باوکم له کڕینی کتێب ئەوە نەبوو که پارە سەرف دەکەم، بەڵکو لەوە دەترسان خەریکی سیاسەت بم و بگیرێم و تیابچم. بەڵام ئیتر کێ لەو تەمەنە گوێ به دایک و باوک و ئەو ئامۆژگارییانە دەدات. هەر ئەو کارەم کرد که بڕوام پێبوو. له کەرکووک و هەموو شارەکانی تری عێراق کتێبخانەیەک هەبوو ناوی (دار الوطنية) بوو. ئەو کتێبخانەیە حکومی بوو و زۆرجاریش کتێبی باشی بۆ دەهات و دایدەنا. کتێبەکانی هەموو عەرەبی بوون. جارێکیان لەگەڵ شۆڕشی مامۆستا عەبدوڵای

---

٢٨ زۆرم هەوڵدا زانیاری پێویست سەبارەت بەو نامیلکەیەی بەهادین نووری دەست بخەم، بەڵام بەداخەوە هیچم دەست نەکەوت.

هاوڕێمدا باسی پارە و کتێبمان دەکرد. شۆڕش بێباکانە چرپاندییە بن گوێما من زۆربەی کتێبەکانم پارەی پێنادەم.

– چۆن؟

– لە دار الوطنیة ئەیخەمە ژێر بلوزەکەم دیار نییە و دێمە دەرەوە. وەرە چ کتێبێکت ئەوێ پێمبڵێ من بۆتی دێنمە دەرەوە. چووینە دار الوطنیة و کتێبی (النظریة المعرفة)م (ئەگەر ناوەکەم دروست لەیاد مابێ) دەستنیشان کرد بۆی و ئەویش خستییە بەر قایشی پانتۆڵەکەی و قەمیسەلەکەی دادایەوە و هێنایە دەرەوە. دوای ئەوە خۆشم دوو سێ جار بەوجۆرە کتێبم لە دار الوطنیة هێنایە دەرەوە. لەڕووی سیاسیشەوە چالاکی سیاسیم تا دەهات گەرم و گوڕتر دەبوو و شانەکانی ڕێکخستنەکانمان بەرفراوانتر دەبوون و زۆربەی هەرە زۆری جارەکانیش من دەچووم ڕاپۆرتەکانم دەبرد بۆ کەرتی ڕێکخستن. ئەو سەفەرانەم بۆ ناوچەکانی قەڵاسێوکە بەتایبەتی دێیەکانی گۆپتەپە و عەسکەر دەکرد کە جگە لە خۆشییەکانی، گەلێ کێشەشم بۆ دروست بوو کە شانسم هەبوو و تیا نەچووم. گەرچی دانووسان بوو و خاڵەکانی پشکنین کارئاسانیان دەکرد و زۆر جیددی نەبوون، بەڵام هەندێجاریش وەک ئاگر وابوون. بەهەرحاڵ جارێکیان چووم بۆ گۆپتەپە و لەوێ هەم شەهید پاڵەم بینی و هەمیش جەلال جەوهەر. ڕاپۆرتەکانم دا پێیان و ئەوانیش کۆمەڵێ پۆستەر و یەک دووناملیکەیان داپێم. دوای نیوەڕۆ بەو گەڵابانەی هاتوچۆی (کانیبی)یان دەکرد و لەدەم زێوە لە غەسالەکان قووم و چەگلیان دەهێنا، دەستم لێیان ڕاگرت و لەگەڵیان سوواربووم بەرەو چەمچەماڵ. پێشەوە گیرابوو و سێ چوار نەفەری لێبوو و گوتی ئەمانە لە ئاغجەلەر دائەبەزن و دوایی وەرە پێشەوە. سەرکەوە بۆ خۆت لە پشتەوە دابنیشە. منیش سوار بووم و گیرفانی شەڕواڵەکەم پڕ بوو لە ناملیکە و پۆستەر. وام بەچاک زانی ناملیکە و پۆستەکان بخەمە ژێر قومەکە تا لە (خاڵی پشکنینەکان) سەیتەرەکان ڕەت دەبم و دەگەمە چەمچەماڵ. ئیتر گەڵابە هیواش هیواش بەو هەوراز و بەرزی و نزمییانە دا دەگەڕا تا گەیشتینە ئاغجەلەر و

ئەوانەی پێشەوە دابەزین و من چوومە پێشەوە. هەر من و سایەقەکە بووین و سایەقەکە حەزی لە حیکایەت بوو و منیش گەلێ هیلاک بووم و خەوم لێکەوت. کاتێ بینیم شوفێری گەڵابەکە وا بانگم دەکات و دەڵێ کاکە هەستە ئێرە چەمچەماڵە. کە چاوم کردەوە لەناو جادەی چەمچەماڵ بووم. بە سایەقەم گوت کاکە شتێکم لەوبانەیە ئەچم دایئەگرم، کاتێ سەرکەوتمە سەرەوە بینیم بایەکە قومی سەر کاغەزەکانی لابردووە وناملیکە و پۆستەرەکان هیچیان نەمابوون. ناچار چوومەوە بۆ کەرکووک بێئەوەی هیچ شتێکیان بۆ بەرمەوە. جارێکی تریش لەگوندی بیرەسپانەوە دوای کۆبوونەوە هەندێ ئەوراق و یەک دوو ناملیکەم خستە ناو گۆرەوییەکەم و هاتمە سەرجادە و کۆستەرێک هات و دەستم لێڕاگرت و وەستا و بەرەو کەرکووک هاتینەوە. لەسەیتەرەکەی کەرکووک هەمووومانیان دابەزاند و تەفتیش زۆر بە جیددی دەکرا. سەربازێک یەک یەک نەفەرەکانی دەپشکنی و دەبوایە هەردوو دەستت وەک باڵ بکەیتەوە و ئەویش دەستی لە قەبرغە و پشت و سک و ئینجا هەردوو قاچتا دەهێنا. نەمئەزانی چیبکەم. هەر خۆم دایە دواوە و هەر خۆم دایە دواوە تا بوومە ئاخیر کەس. منیش هەردوو دەستم وەکو باڵ کردەوە و خۆم ئامادەکرد بۆ تەفتیش، شانسی من سەربازەکە ماندوو بووبوو و یەکسەر بێ تەفتیش گوتی (یا الله اصعد) و منیش خێرا سەرکەوتم و بە (شکرا) یێک و چوومەوە ناو کۆستەرەکە. ئۆخەیەکم هاتەوە و گوتم ئەمجارەش نەجاتم بوو. خۆ زۆری نەمابوو تیا بچم. ئەمجارەیان ناملیکە و شتەکانم بە سەلامەتی گەیاندە شار.

ساڵی ١٩٨٣ شیعرێکم لە گۆڤاری کاروان ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٨٣ لە بەرهەمی لاواندا بڵاوبۆوە. ئەوکاتیش گۆڤاری کاروان لەبری هەر بەرهەمێکی بڵاوبۆوە برە پارەیەکی دەدا بە نووسەر وەکو پاداشت. بۆ ئەو شیعرە وابزانم ئەگەر هەڵە نەبم بیست دینارم وەرگرت. چووم بۆ بارەگای گۆڤاری کاروان لە هەولێر و لەوێ چەکێکیان نووسی و بردم بۆ بەشی ژمێریاری و پارەکەیان داپێم. منیش

بەو پارەیە قاتێک جلی کوردیم لای کاک حەسەن خەیات دایە دوورین.[29] کاک حەسەن خەیات دوکانەکەی لەبازاڕی دوووەمی ڕەحیماوە بوو. ئەو پاداشتە هەستێکی خۆش بوو لەبەرئەوەی هەم بەرهەمەکەم بڵاوبۆوە و هەمیش بڕێک پارەم هەقی ماندوو بوون وەرگرت. ئەمە یەکەمین پاداشتی نووسینم بوو کە وەرمگرت. ئەو ساڵە دەفتەرێکی قەبارە گەورەی دووسەد لاپەڕەییم کڕی و هەر بابەتێک یان شیعرێکم بڵاو دەکردەوە لە ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە دەمبڕی و بە زەمق بە لاپەڕەی ئەو دەفتەرەوەم دەنووساند تا وەک یادگاری و وەک ئەرشیفی شەخسیم نەفەوتێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ساڵی ١٩٨٥ ئەو دەفتەرەم فەوتا و نەما. ئەو ساڵانە کاک قادری خوشکەزام هان دەدا بخوێنیتەوە و بنووسێت. ئەوە بوو وردە وردە دەستی کردە نووسین و بەرهەمی بۆ منداڵان دەنووسی و دەینارد بۆ ڕۆژنامەکان، گەرچی هیچ بابەتێکی بڵاو نەبوونەوە، بەڵام هەوڵی خۆیدا. خاڵێکی تر کەجێی فۆکسی سیاسیی من بوو ئەوە بوو دەمویست ئەوەی خۆم نەمتوانی پێیبگەم، قادر بیگاتێ. قادر پۆلی سێی ناوەندی تەواو کرد هەموو هەوڵێکم بۆدا بچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و هەموو پێداویستییەکانمان ئامادە بوو تەنها بەعسی نەبوو وەرنەگیرا. بەعسیبوون خاڵی سوور بوو لای من و وەکو دووژمنێک تەماشام دەکرد. لەو ساڵانە خەڵکانێک هەبوو لە بری چوونە خزمەتی سەربازی و بەشداریکردن لە جەنگی عێراق و ئێران ببوونە جاش و ناسنامەی جاش - خەفیفەیان لە گیرفان بوو. ئەمانە دەوامیان نەدەکرد و مەعاشەکەیان سەرۆک جاشەکە بۆ خۆی دەیخوارد. من ئەوانەشم پێ ئینتهازی و دژە شۆڕش بوو (دژە شۆڕش بە تێگەیشتنی ئەوسام)، بەڵام ئەوان بۆ پاراستنی خۆیان ئەو کارەیان کرد و شەرمیان نەکرد و ئێستاش کاتێ کە ئەم یادەوەرییە دەنووسم و ساڵی ٢٠٢٠، ئەو کەسانە ماون و جێوشوێنی سیاسی خۆیان هەیە و لایەنگر و بگرە دڵسۆزی

[29] حەسەن خەیات، بەرگدوورێکی دەسترەنگین و شارەزا بوو، کە ئێستاش خەریکی ئەو پیشەیەیە و هەر لە کەرکووک دەژێت.

دەرەجە یەکی هەر ئەو حیزبەن کە ئەوکات من پێشمەرگەی بووم و ئەوان جاش و دژی بوون.

ساڵی ١٩٨٤ کاسێتێکی دڵشاد مەریوانیم دەستکەوت، کە پێموابێ سمینارێک بوو لەسەر جێوڕێی ژن لە ئاینی ئیسلام. ئەو کاسێتە یەکەمین ڕەخنەی جیددی بوو کە بیبیستم لەدژی ئاینی ئیسلام. ئەو کاسێتە سوودێکی زۆری پێبەخشیم و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کردم. هەروەها زنجیرە کتێبێکم دەستکەوت و خوێندەوە وەک (زێدەبایی) کاردۆ گەلاڵی و (کادیر)ی هۆشی منە و (وتەکانی ماوتسی تۆنگ (و ژیانی گیڤارا و لینینی مەزن و مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست و ..تاد). ئەو کتێبانە و کتێبی (چەپکێ لە نووسینەکانی شەهید ئارام)یش ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە بەرجەستەبوونەوەی تێگەیشتنم سەبارەت بە ژیان و خەبات. کاسێتەکەی دڵشاد مەریوانی و ساڵی دواتریش کتێبەکەی عەبدولخالیق مەعروف (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ١٩٨٥) توانیان تروسکەی ڕەخنەیەکم لە بیردا بچێنن سەبارەت بە ئایین و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئاین لە کۆمەڵگەدا. هەستم ئەکرد گەیشتوومەتە جێیەک کە خوێندنەوە وەک پێویستییەکی ژیان ببینم و مامەڵەی لەتەکدا بکەم. لەبواری ئەدەبیشدا هەر خەریک بووم. باوکم سەرباری نەخوێندەوارییەکەی کەچی شیعرێکی (عەلی بەردەشانی) لەبەر بوو. من دانیشتم نووسیمەوە و دوایی دیوانی عەلی بەردەشانیم دەستکەوت و گەڕام بۆ شیعرەکە لەدیوانەکەدا نەبوو. بۆیە ناردم بۆ ڕۆژنامەی عێراق و بڵاو نەبۆوە. دیارە هەقی خۆیان بوو کە بڵاویان نەکردەوە چونکە هیچ بنەمایەکی زانستی لەدارشتنەوەی شیعرەکە و سەرچاوەکە بوونی نەبوو. گوێگر و بینەری زۆربەی بەرنامە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان بوون. لە تەلەفیزیۆنی کەرکووک بەرنامەی (ڕۆشنبیری کوردی) هەبوو کە کاک سەعید زەنگەنە پێشکەشی دەکرد و جارێکیان پرسیارێکم بۆ نارد و لێمپرسی (ئایا ئەدەبی کوردی لە چ ئاستێکی ئەدەبی جیهانیی دایە؟)، لە وەڵامدا گوتی (ئەم پرسیارە زۆر قورسە و وەڵامدانەوەی هەروا ئاسان نییە).

ساڵی یەکەمی پەیمانگا (١٩٨٣ - ١٩٨٤) لەپۆلی یەکەمی پەیمانگا بووم، بەعس ئەو ساڵە بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان جەیشی شەعبی یان (مەشقی سەربازی) بکەن. قوتابیانی تورکمان و عەرەب و هەندێ خوێندکاری کوردیش ملیان دا و ئەوانی تر کەس ملی بەو سیاسەتە نەدا. ئەوەبوو لە زانکۆکان دەوام ڕاگیرا و خوێندکارەکان فەسڵ کران و گەڕانەوە ماڵەوە. بەڵام پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک جیاواز بوو. سەرەتا بەر لەوەش مانگرتنێکی قوتابیانی ئامادەیی (الثورة) لە کەرکووک ڕوویدا و ئەوە بوو خوێندکارێکی شۆڕشگێڕیش لە گەڕەکی شۆڕیجە بەناوی (نەجات سلێمان ڕەحمان) شەهید کرا. لە پەیمانگاش ٥٨ قوتابی لە بەشە جیاجیاکان فەسڵ کران کە من یەکێک بووم لە قوتابییە دەرکراوەکان (فەسڵکراوەکان). بەو بۆنەیەوە تەبلیغاتێکی زۆرمان کرد و بڕیارماندا مانگرتن بکەین لەناو پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک. ئەوەبوو لە ١٢ی مایسی ١٩٨٤ مانگرتنەکە کرا. پەیوەندیمان کرد بە زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی موسڵ و لەولاشەوە چەند قوتابییەک خۆیان کردبووە دەم سپی یەکێتیی خوێندکاران و چوون بۆ سەرکردایەتی و چاویان کەوتبوو بە مام جەلال. کێشەکەیان بۆ باس کردبوو و مام جەلال لەبری پشتیوانی قوتابیان گوتبووی (ئینجا بۆ جەیشی شەعبی ناکەن)، ئەم هەڵوێستە نائومێدییەکی زۆری خستە دڵی خوێندکاران، بەڵام ئێمە گوێمان نەدا بە قسەکەی مام جەلال و لە مانگرتنی خۆمان بەردەوام بووین. هەرچەندە مفاوەزات هەر مابوو و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان گەلێ لاوازبوو و کەس حیسابی بۆ نەدەکردن، هەرچەندەش خۆشم هێشتا پەیوەندیم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە مابوو، بەڵام تەواوی ئەو سیاسەتە ئینتیهازیەتەی یەکێتییم ڕەت کردەوە و سەرسەختانە تەبلیغم بۆ مانگرتن دەکرد. ڕۆژی مانگرتنەکە ناو پەیمانگای تەکنەلۆجی پڕ بوو لە ئەمن و ئیستخبارات و ڕەفیق حیزبی. چواردەوی پەیمانگاش بە هێز تەنرابوو. پارێزگاری ئەوکاتی کەرکووک (زهیر

القادري) بوو لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکووک و بەرپرسی حیزبی فرقەی کەرکووک و بەرپرسی حیزبی پەیمانگا زۆر هەوڵیاندا بە هەڕەشە و گوڕەشە ساردمان بکەنەوە. بەڵام ئێمە سوور بووین لەسەر مانگرتن و جێبەجێکردنی داخوازییەکانمان. ئێمە لەبەردەم بەشی کارەبا لەناو باخچەکە دانیشتبووین و هەورێکی چڕیش بەئاسمانەوە بوو. دوای ئەوەی هەڕەشە و چاوترسێنەکانی بەعس نەیخوارد، پارێزگار پرسی داواکارییەکانتان چییە. هەرچەندە من لە ڕیزی پێشەوەی قوتابیان بووم و یەکێکیش بووم لە نوێنەران، بەڵام نوێنەرێکی ترمان داخوازییەکانی دایە دەست پارێزگار کە بریتبوون لە:

یەک: گەڕانەوەی خوێندکارە فەسڵکراوەکان.

دوو: دووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوەکان و وانەکانی ئەو ماوەیەی لەدەستمان چووە.

لەگەرمەی موناقەشەی ئێمە و پارێزگار، باران دەستی بە بارین کرد. پارێزگار داوای لێکردن با بچینە قاعەیەک (هۆڵێک) و لەوێ قسە بکەین، ڕەتمان کردەوە لەشوێنی خۆمان بجووڵێین. ناچار پارێزگاری کەرکووک لەوێ و لەژێر ئەو بارانەدا بڕیاریدا داخوازییەکانتان هەمووی جێبەجێ دەکەین. ئێمەش لە خۆشیاندا هەر لەژێر ئەو لێزمەی بارانە دەستمان کردە شایی و پارێزگاریش تێر هەڵپەڕی لەگەڵمان. ئەم سەرکەوتنەی ئێمە لە پەیمانگای کەرکووک بەسەر بەعسدا جۆش و خرۆشی زۆری پێبەخشین و ئەو وانەیەی لێوە فێربووین کە بە یەکگرتن دەتوانین داخوازییەکانمان بەدەست بهێنین. دوای سەرکەوتنمان لە مانگرتنەکەی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک، چووینەوە دەوام و تاقیکردەوەکانیان بۆ دووبارە کردینەوە و تامی سەرکەوتن لە کەللەی داین. کاتی خۆی لە زۆربەی شارەکانی عێراق کۆمپانیای (ئۆرزدی باک) هەبوو، کە باشترین کواڵیتی شتومەکی دەفرۆشت و دەتوانم بڵێم مۆدێرترین کۆمپانیا بوو، لەپاڵ ئەوەدا لە ساڵی ١٩٨٢ حکومەتی عێراق کۆمپانیان حکومی سوق مەرکەزی لە زۆربەی شارەکانی عێراق کردەوە. سوق مەرکەزی کەرکووک لە تەنیشت قوتابخانەی

ئامادەیی (عبدالملک بن مروان) بوو. کاتێ بۆ یەکەمجار کرایەوە، چەند ڕۆژ دەوامی قوتابخانەی شێواند. بەهەرحاڵ لە سوق مەرکەزیش باشترین و چاکترین کەلوپەلت بە نرخێکی گونجاو و هەرزان دەست دەکەوت. لە سوق مەرکەزی هەرچیت بویستایە دەستت دەکەوت. ماڵی ئامۆزایەکی باوکم کەلە هەولێر دەژیان، ڕۆژێک هاتن بۆ سەردانیمان (میوانداری). نیوەڕۆ بوو چوومەوە ماڵ بینیم ماڵمان پڕ لە میوانە. منیش بەخێرهاتنیانم کرد و دەبینم سێ چوار کچی جوان و قشتیان هەیە. دوای نانی نیوەڕۆ داوایان لێمکرد ئەگەر ئاساییە لەگەڵیان بچم بۆ بازاڕ و حەز دەکەن ناو بازاڕ ببینن و بەیانیش بیانبەم بۆ سوق مەرکەزی. منیش گوتم بە چاوان لە خزمەتدام. لە دڵیشەوە خواخوای شتێکی وام بوو ودڵخۆش بووم. عەسرەکەی بە تەکسییەک چووینە بازاڕو تێر گەڕاین و بۆ ئێوارە هاتینەوە و من هەر دیقەتم لەسەر یەکێکیان بوو. کە لەڕووی تەمەنیشەوە دوو ساڵ لە من بچووکتر بوو و لە هەمووشیان کراوەتر بوو.ئەو بێئەوەی ئاگای لێبێ، من مرخم لێ خۆش کردبوو. بەڵام چونکە تەجرەبەی کچەکەی پەیمانگام هەبوو نەمویست ئەو ئەزموونە دووبارە بکەمەوە و بەڵکو ویستم بە ڕێگایەکی تردا بڕۆم. لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە کە ئێمە و ئەوانیان نەوتووە. ئەوان لە جەوێکی تر و لە دۆخێکی ئابووری ترن و جیاوازن لە ئێمە. بەهەرحاڵ بۆ بەیانییەکەی چووین بۆ سوق مەرکەزی. من لەسەر جادەی کۆڕنیش بە تەنها مامەوە و ئەوان چوون بۆ ناو سوق مەرکەزی. من خەریکی جگەرەکێشان بووم، بینیم ئەو کچەی کە بیرم لێدەکردەوە لەوبەرەوە گەڕایەوە و هات بۆ لام.

- ها چی بوو بۆ نەڕۆیشتی؟

- تۆزێک سەرم ژان ئەکا و هاتمەوە بۆ لات. ئەم قسەیە وەک ئەوە وابوو کارەبام لێبدەن.

- ئێ باشە ئێستا سەرت چۆنە؟

- باشترم و لێرە چاوەڕێیان ئەکەین تا تەواو دەبن.

منیش هەرچی هێزی ڕۆشنبیری و ئەدەبیم هەبوو خستمەگەڕ تا سەرنجی ڕابکێشم. لە ئەدەبەوە دەستم پێکرد و لەوێشەوە زیرەکانە بۆ ناو مەسەلەی ئافرەت و ڕێزگرتن لە ژنان و یەکسانی ژن و پیاو چووم. دیار بوو قسەکانم کاریگەری بەسەریدا هەبوو. گوتی (خۆزگە براکەم وەکو تۆ بیری بکردایەتەوە). ئەم قسەیە ئەوەندەی تر منی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەو.

دوای ماوەیەک پرسیم، ئێستا چۆنیت؟
ئێستا زۆر باشم.

ئەم ئێستا زۆر باشمەی ئەو خانمەم وا لێکدایەوە کە بەهۆی من و قسەکانی منەوە بوو وا باشترە. بەکورتی و بە کوردی من هەر ڕەفتار و قسەیەکی ئەوم وا لێک دەدایەوە کە مەیلی بۆم هەیە و ئێ ئەمەشم بە هەڵە دەزانی کە من وەڵامی ئەو مەیلە نەدەمەوە. هاتینەوە ماڵ و نانی نیوەڕۆیان خوارد و دوای نیوەڕۆ خواحافیزیان لێمان کرد و چوونەوە بۆ شاری هەولێر. بە من بوایە نەمهێشتایە بڕۆنەوە و یان لانی کەم ئەوم گل بدایاتەوە. بە دەستم بوایە هەر ئەو ڕۆژە هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکرد. بەڵام ستایلی ژیانی ئەوان و ئێمە جیاواز بوو. ئەوان لەو دەوڵەمەندانە نەبوون، بەڵام ئێمە هەژار بووین. من ئەمەم بە ئاسانی دەبینی کە چ کۆسپێکە لەسەر ڕێم. دوای ڕۆشتنەوەیان من ئۆقرەم لێبرا. بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا هەستم کرد عەشق چییە و عاشقم. تەجرەبەی یەکەمم هەر هەندێ بیرکردنەوە بوو و تەواو، بەڵام ئەمەیان چونکە دوور بووین لە یەک و بە ئاسانی دەستم پێی نەدەگەیشت و ئەو قسانەشی کە کردی، بوون بە گرێک و لە دڵمدا بڵێسەیان دەدا. ئۆتۆماتیکی قەمیسێکی ڕەشم کردە بەر و هەموو شەوێک بەدیار گۆرانییەکانی (ئوم کەلسوم بعید عنک و انساک)ەوە و بەدەم جگەرە کێشانەوە بیرم لێ دەکردەوە و خەیاڵی قسەکانیم دەکردەوە و لێکم دەدایەوە و دەگەیشتمەوە ئەو ئەنجامەی کە ئەویش دڵی بۆم لێدەدا، ئەگەر نا بۆ چی ئەو قسانەی دەکرد. ئەو هەفتەیە بۆ نەگبەتی قاسمی ئامۆزام کە لە پەیمانگای

تەندروستی کەرکووک دەیخوێند و بەردەوام لەماڵەوە سەری لێدەدام، ئەویش ونبووبوو. نەک هەر ئەوە، بگرە ماڵەوەشمان هەستیان بە ئاڵوگۆر لە ژیانمدا کردبوو و گوێم لێبوو باوکم ئێوارانێک بە دایکمی گوت (ئەگەر بزانم عەبدوڵا دڵی بەو کچەوەیە، هەر ئێستا ئەڕۆم بۆی مارە ئەکەم و بۆی دێنم). ئای باوکە گیان چ قسەیەکی خۆش و لە هەمان کاتیشدا پڕ ئازار بوو. من سوپاسی باوکم کرد و گوتم بۆ خۆمی بەجێبێڵن دوایی خۆم ئاگادارتان ئەکەمەوە. من لێرەوە بڕیارە چارەنووسسازەکەم بۆ خۆم هێشتەوە و باوکمم لەو قەناعەتە هێشتەوە کە هێشتا دەمی کچەکەم تاقی نەکردۆتەوە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەم، هەر کات کچە ڕازی بوو، ئەوکات تۆش قۆڵی لێهەڵماڵە. خۆشم لەملاوە هەر خەریکی لێکدانەوە بووم. قاسمی ئامۆزام کە هەمیشە و هەتا ئێستاش هەر بە (مای کەزن) بانگم دەکا، پەیدا بوو. چووینە شەقامی جمهوری و لەوێشەوە بە پێیان گەڕاینەوە ڕەحیماوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە قسەمان کرد. خۆم و قاسم هەردووک هەر ئەو ڕایەمان هەبوو کە ئەو کچە ئاگادار بکەمەوە و ڕازی دڵم بزانێ. بۆ ئەوەی منیش مشوورێکی خۆم بخۆم. من جیاوازی دۆخی ئابووری نێوان ئەوان و خۆمانم وەک مانگی چواردە بە ئاسمانەوە دەبینی و دەناسی. بەڵام دڵی خۆشم بە دەیان داستان و فیلم و حیکایەتی ناو کۆمەڵگە خۆش کردبوو کە قەیچێکە با دوو کەسیش لەیەک ئاست و دۆخی ئابووریدا نەبن، دەکرێ بتوانن پێکەوە بژین و بەختەوەریش بن. هەستم ئەکرد باوکم چاوەڕوانە و دەیەوێ گڵۆپی سەوزی بۆ پێکەم و ئەویش خزمەکان کۆبکاتەوە و خۆی وتەنی ناوی خوای لێبێنێ. نە ئاگام لە خوێندن مابوو، نە ئاگام لە سیاسەت مابوو. دوو کۆبوونەوە هات و ڕۆیشت و بەشداریم کرد، بەڵام من ڕاپۆرتەکانم نەبرد بۆ دەرەوە و هاوڕێیەکی تر ئەو ڕاپۆرت و بڵاوکراوانەی گەیاندە جێی خۆی. ئیتر گەیشتمە ئەو بڕوایەی کار بەمجۆرە ناڕوات. دەبێ شتێک بکەم. بیرم لەوە کردەوە بەهەر ڕێگەیەک بووە ئەو کچە ببینم. یانیش ئەگەر نەمتوانی بە قسە بیدوێنم با ڕازی دڵم لە نامەیەکدا ئامادە بکەم و بیدەمە دەستی. نامەکەم بە

زمانی عەرەبی بوو و بە دەستەواژەی (الی اجمل وردة في العالم) دەستم پێکرد. یەکسەر دوای ئەو دەستەواژەیە کۆپڵەیەک لە شیعرێکی (عەبدولرەزاق بیمار)ی شاعیرم بە عەرەبی نووسیبوو کە بەمجۆرە بوو:

بقدر ما تسطيع الكلمات
لک التحيات
بقدر ما تستو السطور
من حلو الكلمات
اجعلهن عقودا و قصائدا
هدية لک الاف التحيات
ايتها الحورية
ايتها الفتاة
يا رمز الحياة[٣٠]

ئینجا لە نامەکە کە دوو پەڕە بوو ئەمدیو و ئەودیو واتا چوار لاپەڕە بە وردی ئەوەی ویستم تیایدا نووسیم. هۆکاری نووسینی نامەکەشم بە زمانی عەرەبی ئەوە بوو کە ئەو کچە خوێندنی قوتابخانەی عەرەبی بوو و لەو زمانەدا زاڵ بوو. منیش ویستم بێ کێشە ئەوەی لە دڵمایە پێی بڵێم. نامەکەم نووسی و حازرم کرد و چاوەڕوانی پێنجشەمەم دەکرد سوار سەیارە بم و بڕۆم بۆ ئەو شارەی ئەوی لێیە. قاسمی ئامۆزاشم ئەویش کێچ چووبووە کەوڵییەوە و لەبەر من جەوی تێکچووبوو. ڕۆژانە دەهات بۆ ماڵمان و دەیگوت (ها مای کەزن چیت کرد؟). منیش نامەکەم بۆ خوێندەوە و زۆری پێباش بوو. قاسم زۆر گەشبین بوو و ئەیوت سەد دەر سەد ڕازی دەبێ و خزمی خۆمانە و لەتۆ پیاوتر و

[٣٠] ئەم شیعرەی عەبدولڕەزاق بیمار درێژە و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاوکرابۆوە.

ڕۆشنبیرتری دەست ناکەوێ. بەهەرحاڵ ئەو سەردەمەش تەلەفیزیۆنی کەرکووک زوو زوو گۆرانییەکەی کۆچکردوو (عوسمان عەلی) لێدەدا (جورئەت) کە شیعری شاعیری پێشکەوتووخواز دڵشاد مەریوانی بوو تیایدا هاتبوو:

یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە
تا نامەیەکی داوەتێ
پەڕوباڵی دەرکردووە.[٣١]

منیش ئەموت تۆ بڵێی جورئەتی ئەوە بکەم و نامەکەی بدەمێ؟ هەرچۆنێک بێت پێنجشەممە هات و بێئەوەی ماڵەوە بزانن بۆ ئەو کارە دەچم، نامەکەم نایە تەنکەی باخەڵم و ڕۆیشم و لەدوای خۆم لە ژوورەکەم خەم و شیعر و گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم و هەندێ یادەوەریم جێهێشت. کە ڕۆیشتم و بەدرێژایی سەفەرەکەم لەڕێگا هەر بیرم دەکردەوە کە چی بکەم و چۆن بیبینم و چۆن نامەکەی بدەمێ. ماڵەوەیان قەرەباڵغ بوو و زەحمەت بوو بتوانم دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێ دوو بە دوو بیدوێنم. سەرم هێنا و سەرم برد لەو بیرۆکەیەم باشتر بە مێشکدا نەهات بچمە ماڵی خوشکم و لەگەڵ ماڵی خوشکم بچین سەردانیان بکەین و لەوێ خوشکەکەم نامەکە بداتە دەستی. هەرچەندە بۆشم خۆش نەبوو ئەو تەکلیفە لە خوشکم بکەم، بەڵام هیچ چارەیەکی ترم نەبوو. خوشکیشم پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و باشی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەوە بوو چوومە ماڵی خوشکم و مێردەکەی کە هەر ئامۆزای خۆمە لەکار هاتەوە و بڕیارماندا بچین بۆ سەردانی ماڵی ئەو خزمە واتە یار. ئەوە بوو سواری سەیارەی ئامۆزاکەم بووین و ڕۆیشتین. کاتێ گەیشتینە ئەوێ زۆر بەگەرمی

[٣١] کۆبەرهەم دڵشاد مەریوانی لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩ لاپەرە ٤٣٦.

پێشوازییان لێکردین. بەڵام نە یار و نە باوکی لەماڵ نەبوون. یار لەگەڵ باوکی چووبوون بۆ دۆزینەوەی ناو بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەمی پۆلی شەشەم. ئێمە لەناو باخچە بچکۆلەکەیان لەسەر جۆلانەکە دانیشتبووین و دوای کەمتر لە سەعاتێک هاتنەوە. هەر لە دوورەوە کە دەرگایان کردەوە وەک ئەوە وابوو شنەی نەسیمێکی فێنک بە دڵ و دەروونمدا بێت. چاوەکانم هەر لە خۆڕا ڕووناک بوونەوە. کاتێک تەوقەی بەخێرهاتنی لەگەڵمدا کرد، بە من بوایە دەستیم بەرنەدایە و لە تەنیشت خۆم دامبنیشاندایە. بەڵام چی ئەکەی لەگەڵ نەریت و دابی کۆمەڵایەتی. زیاتر لە سێ سەعاتێک دانیشتین و لەگەڵ باوکیدا گەلێ دەمەتەقێ و قسەی خۆشمان کرد و ئیتر کاتی ئەوە هات هەستین و بڕۆین. زۆریان هەوڵدا نانی ئێوارە بخۆین، بەڵام خوشکم گوتی (نا سوپاس عەبدوڵا لە کەرکووکەوە هاتووە بۆ لام و خۆم نانی ئێوارەی بۆ دروست نەکەم دڵم ئیستراحەت ناکەت). ئیتر سوار بووین و گەڕاینەوە بەرەو ماڵی خوشکم. مێردی خوشکم (ئامۆزاکەم) هەستی کرد خەریکی شتێکین و خۆی نەبردە ئەو بارەوە کە ئاگادارە. کە گەیشتینەوە ماڵەوە بە خوشکم گوت (ها چیبوو؟) گوتی نامەکەم داپێی و گوتوویەتی بیری لێ ئەکەمەوە و دوایی وەڵامی ئەدەمەوە. منیش گوتم ئۆخەی ئەوا نامەکەم گەیشت پێی و ئێستا دەزانێت کە من عاشقی ئەوم. ئەو ئێوارەیە بێخەم نانم خوارد و شەو لە ماڵی خوشکم بووم و بۆ سبەینێکەی چوومەوە بۆ کەرکووک. ئیتر من و چاوەڕوانی ئاوێتەی یەک بووین. جگەرە و شیعر و ئوم کەلسوم ببوونە بەشێک لە پێکهاتەکانی ڕۆتینیاتی ژیانی ئەوسام. ڕەنگە زیاتر لەبیست شیعری دڵداریم نووسی. دانەیەکیان بە ناوی (چاوەڕوانی)یەوە بوو.

چاوەڕوانی

تۆ دەزانی چاوەڕوانی کارگەی خەم و ناسۆرییە
ئیتر بۆچی ناملاوێنی و

کۆرپەی حەزم لە لانکی خۆشەویستیت راناژەنی
بۆ بە لایلایەی دڵەکەت
مەلۆتکەی عەشق وەنەوز نەدا و چاو لێک نەنێ
ئێ بۆ هیوام لەناو قەفەسی دووریتا دەخنکێنێ
چرۆی عەشقم لە بەهاری دڵداریدا لە ڕەگەوە دەردەهێنێ
خۆ تا ئێستا هەموو شەوێک تاکو بەیان بەخەیاڵی تۆوە بووم
ئەی ئێستاکە بەخەیاڵی کێوە بنووم
ئێ لە پاش تۆ کێی تر بکەم بە خۆشەویست
من بە تەنها تۆم خۆش ویست و تۆم خۆش ئەویست.[٣٢]

بەوجۆرە من هەست و ڕازی دڵی خۆم دەردەبڕی و لە چاوەڕوانییەکی کوشندە دا بووم. لەهەمان کاتیشدا لە پەیمانگا چونکە ساڵی پێشتر لەسەر جەیشی شەعبی نەکردن دەر کراوبووم، ئەمساڵیش فشاری زۆریان بۆ هێنایین کە دەبێت جەیشی شەعبی بکەین. ئێمەش ڕەتمان کردەوە. دواتر بینیمان لە سەدا نەوەد زیاتری قوتابیان دوو هەفتە هەر لەناو پەیمانگا مەشقیان کرد. ئێمە ژمارەیەکی کەم مابووین و ناچار کەوتینە ڕاوێژ لەنێوان خۆماندا و وتمان ئەگەر نەیکەین ژمارەمان کەمە هەموو دەردەکرێین و دەبین بە سەرباز و دەنێردرێن بۆ شەڕی عێراق و ئێران. ئەگەریش ئەو دوو هەفتەیە هەر بە بەرگی مەدەنی و هەر لەناو پەیمانگا مەشق بکەین، ئەوا هەم ئەمساڵمان بۆ دەگەڕێتەوە و هەمیش ساڵێکی تریش لەو شەڕە نەگریسە دوور دەکەوینەوە و خوێندنەکەش تەواو دەکەین. ئەوە بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەو مەشقەمان کرد و ئیتر ترسی جەیشی شەعبیمان لە کۆڵ بووەوە. دوو سێ هەفتە تێپەڕی و ئۆقرەم لێبرابوو. ناچار نامەی دووەمم نووسی کە بۆچی وەڵامی نییە و هۆیەکەی چییە وا وەڵامەکەم دواکەوت؟ ئەگەر عیلاقەت هەیە لای من زۆر ئاساییە و ئەگەر ڕازی نیت بەس

[٣٢] ئەم شیعرەم زۆر لەمەی نووسیومە درێژتر بوو، ئەویش فەوتاوە و بەداخەوە هەر ئەوەندەم بیر ماوە.

پێمبڵێ و دوور ئەکەومەوە. بەهەرحاڵ ئەم گڕی ئەشقە بڵێسەی دەسەند و تا ئەو ساتەی وەڵامی نامەکەم هاتەوە. وەختێ خوشکم هات بۆ ماڵمان و گوتی وەڵامی نامەکەتم پێیە خەریک بوو لە خۆشیانا بیرم چێت بەخێرهاتنی بکەم. زۆر بە پەلە و بە پەرۆشییەوە نامەکەم کردەوە. دەستپێکی نامەکە بەمجۆرە بوو (تحية عطرة ابعثها اليک وانا حائر ماذا اقول لک) کە ئەم دێرەم ئاوا بینی دڵم خەتورەی دا و ترسێک کەوتە دڵمەوە. ئینجا لاپەڕەیەک وەسفی باشی و ئیجابی من بوو تا لە ناوەڕاستی لاپەڕەی دووەم لە دێرێکدا نووسیبووی (اعتبرک اخا لي). ئەمە ئەو خەنجەرە بوو لە دڵی دام. نامەکەم تەواو کرد و خستمە گیرفانمەوە. دەستم دایە کتێبێک و بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەخوێنم چوومە سەربان و جگەرەیەکم داگیرساند و نامەکەم دەرهێنایەوە و جارێکی تر خوێندمەوە. خوێندمەوە و هەر خوێندمەوە. گەرچی لە میانی نامەکەوە تک تک خوێنی دڵی خۆم دەبینی کە چۆن دەچۆڕێتە خوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵم بە دەستوخەتەکە و تەنانەت هەستم بە بوونی بۆنی قسەکانی دەکرد. بەڵام تازە چی. چی لە دڵم بکەم؟ چی لە شیعر بکەم؟ چی لە خوێندن بکەم؟ چی لە سیاسەت بکەم؟ ئەو ئێوارەیە دوو پارووە نانم پێ نەخورا. هەر مەغریب هات و چوومە دەرەوە. تا درەنگانێکی شەو نەهاتمەوە. حەزم ئەکرد بەو شەوە بە پێیان مل بنێم و بڕۆم تا ئەو شارەی ئەوی لێیە و پێی بڵێم خاتوون هەڵەت کرد. من دڵم بۆ ناردی و تۆش چەند وشەیەکی خوێناوی. بەڵام تازە ئەویش بوو بە ڕابردوو، بوو بە یادەوەری، بوو بە مێژوویەک کە هەمیشە خۆمی تیا ئەبینمەوە.

بوو بەو پەنجەرەیەی کە عەشقی لێوە دەبینم، وشەکانیشی بوون بە پۆلە هەورێک و بەردەوام لێزمەی بارانی خۆشنوودییان دەباراندە سەر دەموچاوی ماندوو و شەکەتم. بەهەرحاڵ دواجار وردە وردە هاتمەوە سەرخۆم و کە جگە لە ڕێزێکی زۆر بۆ ئەو نامەیە و ئەو وەڵامە هیچیترم نەبووە و نییە. لە دڵەوە گەرچی پێشم ناخۆش بوو، بەڵام هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست و لەناخەوە ماڵئاواییم لەم عیشقە کۆستکەوتووە کرد و ئیتر ببڕای ببڕ ئاوڕم لێنەدایەوە. ئەو

ساڵە بە جەستە گەنج و تۆکمە و بەهێز بووم، بەڵام لە دڵدا لاواز و بریندار بووم. نایشارمەوە کە نە ئارەزووم لە پەیمانگا و نە هیچ شتێک کە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەبێ، نەممابوو. خوشکەکەم دیار بوو ئاگاداری ناوەڕۆکی نامەکە بوو. ئەویش زۆر مات دیار بوو. نەمزانی ئەو شەوە نەک هەرمن بگرە هەموو ماڵەوەمان نیگەران بوون. نیگەرانی عەشقەکەم نەبوون، ئەوەندەی نیگەرانی ئەوە بوون کە شتێکم بەسەر نەیەت. هەرچەند هەوڵم دەدا پێبکەنم و وا نیشان بدەم ئاساییم و گاڵتەم بەم جۆرە شتانە دێ و زۆر لەوە بەهێزترم بە وەڵامی کچێک لاواز دەربکەوم، بەڵام لە ناوەوە وا نەبووم و تەواو ڕووخابووم. هەرچی ئومێدم لەو ماوەیە هەڵچنیبوو، هەر هەمووی وەک بەفری ژێر هەتاوی هاوینان توایەوە. ئێستا دەبوایە بگەڕێمەوە سەر ئەرزی واقیع. لەگەڵ پیرە دایک و پیرە باب و خوشکە گەنجەکەم ڕوو بە چارەنووسێک برۆم کە خواستی ئێمە هیچمان نەبوو. چوومەوە پەیمانگا و دەستم بە دەوام کرد و کۆبوونەوە سیاسییەکانم درێژە پێدا و کەوتمەوە خوێندنەوە و نووسینی شیعر.

ئەوە بوو جارێکیتر تێکەڵی ژیان بوومەوە و لەو خەیاڵاتە هاتمە دەرەوە کەهەر تەنها لە خەیاڵی خۆمدا دەمهێنان و دەمبردن. هەندێکجار وام دەبینی من عاشقێکی دۆڕاوم و هەندێکجاریتریش خۆم وا دەهاتە بەرچاو کە دۆڕاو نیم، بەڵکو ئەمەش ئەزموونێکە لە ئەزموونەکانی ژیان. بەڵام توانیم هەڵبسمەوە. من دەبێ لەم ئەزموونەشەوە فێر بم تا خاراوتر بم و قاڵتر بم و لە ئەزموونەکانی تری داهاتوومدا سوودی لێببینم. بەڵی کەوتم و ژێر کەوتم، هەمیشە ئەو قسەیەی ڕۆماننووسی ئەمریکیی ئێرنێست هەمەنگوایم لەیاد بوو کە گوتبووی (سەرکەوتن لەوەیا نییە کە ژێر نەکەویت، بەڵکو لەوەدایە کە ژێر کەوتیت بتوانیت هەستیتەوە.) من هەستامەوە و پاش ماوەیەکی کەم بەگوڕێکی تر و بەرەو پێشەوە تەکانمدا و ئەو عەشقە و ئەو کچە و ئەم نامەیەم وەک سێ گوڵ لە گۆشەیەکی ئینجانەی یادەوەری خۆمدا هەڵگرت و هەتا بمێنم بۆنیان پێوە دەکەم.

ساڵی ١٩٨٥ ساڵێک بوو پڕ لە ڕووداو گۆرانگاریی. بەش بەحاڵی من لێوانلێو بوو لە گۆڕان و بەرەپێشچوون. لەمێژووی ژیانی مندا هیچ ساڵێکم بە ئەندازەی ساڵی ١٩٨٥ کاریگەری نەبووە بەسەر مێژووی ژیانم و تەنانەت بووە ساڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی بۆم. هەرچۆنێک بێت من لە تاقیکردنەوەی عەشقێکی شکستخواردوودا هاتمە دەرەوە و جارێکی تر ژیانم ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە. وەک جاران ئێواران لە شەقامی کۆماری لەگەڵ هاوڕێیاندا گفتوگۆی ئەدەبیی و سیاسییمان دەکرد. لەو ساڵە دانووسانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی بەعس بە بنبەست گەیشت و جارێکی تر شەڕ و پێکدادان لەنێوانیاندا دروست بوو. لە هەمووی ناخۆشتر کوژرانی مامەڕیشە بوو بەدەستی تەحسین شاوەیسی جاش. ئەو ڕۆژەی هەواڵەکەمان بیست، من و ئەشرەفی حاجی ڕەفیقی هاوڕێ و دراوسێم رادیۆ سانیۆکەمان منمان برد و چووین بۆ ناو قەبرسانەکەی ڕەحیماوە و گوێمان لە هەواڵەکانی دەنگی گەلی کوردستان گرت و کاتێ هەواڵی کوژرانی مامەڕیشە و هاوڕێکانی خوێندەوە، کاک ئەشرەف دایە نێوچەوانی خۆی و ئیتر هەردووکمان ئاخمان هەڵکیشا بۆ لەدەستدانی مامەڕیشە. لەملاشەوە دۆخەکە تا دەهات خراپتر دەبوو. جەنگی ئێران و عێراق پێی نابووە ناو پێجەمین ساڵییەوە و بەعس شێت و هار بووبوو و تەواوی کوردستان بەگشتی و ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووکی بەتایبەتی ملیتاریزە کردبوو. ئەمنەکانی بەعس وەک کەمتیار کەوتبوونە ناو گەڕەکە کوردییەکان و گێچەڵیان بە گەنجەکان دەکرد. ئێوارەکیان لە قەراغ جادەی گشتی کەرکووک - هەولێر شەڕوالێک و قەمیسێکم لەبەر بوو جووتێ کڵاشی چەکانەو تەزبیحێکی قەزوانی سەد و یەک دەنکیم بەدەستەوە بوو و تەنکە ڕیشێکم هێشتبووەوە، لە پڕێکدا لاندکرۆزێک سێ ئەمنی تیا بوو لەبەردەمم ڕاوەستان و بانگمیان کرد و گوتیان (هویتک). منیش ناسنامەی پەیمانگام پێبوو و نیشانم دان، هەویەکەیان نەدامەوە و ئەوەی پشتەوە دابەزی و فەرمانی پێکردم:
- (اصعد).

- بۆ؟ خۆ فیرار نیم و ئەوە هەویەکەمە.
- بە تووڕەییەوە (اگلک اصعد). منیش بەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەوە ناچار بووم سوار بم و سەیارەکە کەوتە ڕێ بەرەو سەیتەرەکەی هەولێر. ئەوەی پێشەوە دانیشتبوو وتی:
- ئەم ڕیشە چییە؟ بۆ نەتتاشیووە؟
- بێتاقەتم و نەخۆش بووم بۆیە.
- درۆ ئەکەن. ئێوە هەمووتان درۆ ئەکەن و بە هەرکەس ئەڵێم ئەڵێ نەخۆش بوومە. ئێوە هەمووتان تێکدەرن. گوو بە شەرەفی جەلال تاڵەبانی. گوو بەشەرفی مەسعود بارزانی. تۆ ئەتەوێ بەم ڕیشە کوردستان ئازاد بکەی؟
- نەخێر قوربان من قوتابی پەیمانگام و هەفتەیەکە نەخۆش بووم بۆیە ڕیشم هەیە.
لای سەیتەرەکە لاندکرۆزەکە سووڕایەوە و بەرەو ناوشار گەڕایەوە. پاش گەلێ ئیهانەو سووکایەتی گوتیان دابەزە و بڕۆ. ئەوجارە نەجاتم بوو لە دەستیان. ماوەیەک لەگەڵ هەندێ هاوڕێ وەک سلێمان نوری، لوقمان فەیزوڵا حەمەڕەش، فەرهاد مەحمود عەزیز، شوکور حەمەعەلی، ئەشرەفی حاجی ڕەفیق ، کامل قادر باسکیلچی، خدر عەلی مەحموود ئەچووین بۆ چایخانەکەی ئەبو عاسی بەرامبەر سینەما سەلاحەدین ئەزنیف و دۆمینەمان دەکرد. دوای دۆمینەش دۆڕاوەکان پارەی چاکانیان دەدا و ئینجا دەچووین لای کاک عەباسی لەفەفرۆش لەفەمان دەخوارد و لەوێوەش بە پێیان بەرەو ڕەحیماوە دەچووینەوە. لەملاشەوە من بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانی ترم (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و محەمەد ساڵەیی و تاریق کاریزی و فەلاح عومەر و زەمان کاکەیی، ئاشتی گەرمیانی و ستار شوانی و تاد) مەسەلە ئەدەبیی و هونەرییەکان و تەنانەت سیاسییەکانمان باس دەکرد. (گازینۆی شموع) زۆر لەبار بوو بۆ ئەو گفتوگۆیانە. چەندجار ئیبراهیم زیدان دەهاتە ئەو چایخانەیە و شیعری خوێندووەتەوە و شیعرمان بۆی خوێندۆتەوە. ئیبراهیم زیدان و عەدنان ئەلسائغ سەرباز بوون لە کەرکووک و زوو زوو

دادەبەزین بۆ شارع جمهوری و لە گازینۆی شموع دادەنیشتین. (عەبدولستار ڕەجەب شوانی) بەردەوام لەدانیشتنەکانماندا ئامادەیی هەبوو. ئەو بەردەوام بەرگری لە باوەڕەکەی خۆی دەکرد. شیعری دەنووسی و تا بڵێی روح سووک و بەڕێز بوو. بەداخەوە لەم دواییانە زانیم کە جوانەمەرگ بووە.
ساڵی ١٩٨٥ دوو شیعری ترم لە گۆڤاری کاروان بڵاو کردەوە. لەڕووی سیاسیشەوە تا دەهات بێئومێد تر دەبووم لە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). ئەو کادیرەی کۆبوونەوەمان لەگەڵ دەکرد ئاستی سیاسی و هۆشیاری لە ئاستی کادیریدا نەبوو. ئەمە ئەوەندەی تر منی دەخستە گومان کاتێک دەمبینی ئەو کادیرە نەک وەڵامی پرسیارەکانی منی لا نییە، بەڵکو لە گفتوگۆکانیشدا هیچ پاشخانێکی مەعریفی وای نەبوو. لەوسەروبەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم تا دەهات فراوانتر دەبۆوە. لەم نێوەدا سەرەتای ناسینی من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش بەمجۆرە بوو. من پێشتر ئەو هاوڕێیەم دەناسی و دەمزانی کۆمەڵەیە و لە دوورەوە ئاگام لێ بوو. پاشان ئەو کوڕە ونبوو. کاتێک جارێکی تر دەرکەوتەوە بینیم بریندارە و گوللە بەر سەری کەوتووە و وەکو جاران قسەی بۆ ناکرێ. من بە (حەمرین) دەمناسی و حەمرینیش هەر ناوی نهێنی ئەو بوو. بەڵام ئەمجارە لەو ماوەیەی ونبووبوو چوو بوو ببووە پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. حەمرین کە لەڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە (حەسەن عێراقی) ناسرابوو و دوای ئەوەی لە شەڕێکدا لەگەڵ حیزبی دیموکرات بریندار دەبێت، هاتەوە کەرکووک و دوو سێجارم بینی. ئەو کوڕە قژ پژن و قسەخۆش و دەم بەپێکەنین بوو کە دواتر بە ناوی (جەماڵ کۆشش)ەوە ناسرا. لە پەیمانگاش ئەو ساڵە گەشتێکمان کرد بۆ هاوینەهەواری دوکان و خۆشم لەگەڵ هاوڕێیانی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدین و لەڕێگەی هاوڕێم خدر عەلییەوە گەشتێکی زاخۆمان کرد کە فرە خۆش بوو. نەوزاد غەریبیش لە پەیمانگا لەگەڵمان بوو و ماڵیشیان نزیک ماڵی حەمرین بوو. هەر بۆیە هەردووکمان زوو زوو حەمرینمان دەبینی. لەڕێگەی ئەویشەوە نووسراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی

ئێرانمان پێدەگەیشت. هاوڕێ یوسف مەحموود کە بە (یوسفە سوور)یش ناسراوە، ئەویش بەردەوام نووسراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لا دەست دەکەوت. کاک ( غالیب محەمەد نەجم)یش کە پێشتر لەگەڵ کاک یوسف و کاک قاسمی ئامۆزام و حەمەزەکی دەمناسی لە پەیمانگا لە پۆلێکدا پێکەوە بووین. ساڵی دووەممان بوو هەر لە پۆلی یەک بووین. ڕۆژێک دائیرەی ئەمن هاتن و غالبیان لەناو پۆل دەستگیر کرد. هەر ئەو دەقەیە من چووم بەدوایدا و لە پۆلەکە چوومە دەرەوە و تا بزانم چی لە غالب دەکەن، بەڵام هەیهوو دوو سێ سەیارە



جەماوەری ئامادەبووی کۆڕی شیعری لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەرکووک ساڵی ١٩٨٥

ئەمن هاتبوون. ئەوان غالبیان برد، منیش دەمودەست سواری تەکسییەک بووم بۆ گەڕەکی ئازادی و چووم بۆ ماڵی غالیب و ئاگادارم کردنەوە کە غالیب گیراوە و تکام لە دایک و خوشک و براکەی کرد کە چ کتێب و کاغەز و شتی غالیب

هەیە بیشارنەوە. ئیتر من ڕۆیشتمەوە ڕەحیماوە و دڵم هەر لای غالیب بوو. ماڵەوەشیان ئازایانە چی کتێب و نامیلکە و نووسراو هەبوو هەمووی کۆدەکەنەوە و دەیشارنەوە. بۆ ئێوارە ئەمن دەیدەن بەسەر ماڵی کاک غالیب و چەند ماڵەکە دەپشکنن هیچ نادۆزنەوە. ڕاستییەکەی ئەم کارەی کە کردم زۆر بە گرنگم نەزانی بەڵام کاتێک غالیب حکوم درا و لە ئەبوغرێب چووم بۆ لای و بۆی باس کردم، ئەوسا زانیم ئەو کارەی من کردم ژیانی ئەوی نەجات داوە و بەو کارەی من حکومەت هیچ بەڵگەیەکی دەست نەکەوتووە دژ بە کاک غالیب. لەڕێگەی من و کاک قاسمی ئامۆزامەوە تۆڕێکی پەیوەندیمان لەنێوان پەیمانگای کەرکووک و پەیمانگای تەندروستی کەرکووک دروست کردبوو. ئیتر هەستم ئەکرد دەورم جەنجاڵە و تا دەهات پەیوەندییەکانم فراوانتر دەبۆوە و خەڵکانێکی زۆرم لە گەڕەکەکانی شۆڕیجە و ئازادی و تەپەی مەلا عەبدوڵا و ئیسکان و ڕەحیماوە دەناسی. ئەمەش لەڕووی ئەمنییەوە باش نەبوو. لە پەیمانگاش چالاکیم زۆر زۆر بوو.

خەڵکانێکی زۆر دەهاتن بۆ پەیمانگا بۆ لام و پەیمانگاشمان کردبۆوە شوێنی کتێب گۆڕینەوە. لەگەڵ هاوپۆلەکانیشم دەیەهاجار یان دەهاتنە ماڵی ئێمە و یان دەچووینە ماڵی ئەوان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر. جارێکیان لە شاری سلێمانی لە ماڵی برادەرێک بووین و لەبەر ئەوەی من لەهەموویان زیاتر حەزی موناقەشەی سیاسیم هەبوو، برای هاوڕێیەکیان هێنا و خۆی بە ئاسۆ ناساند پێم و ئەو چەپانە بیری دەکردەوە و منیش ناسیونالیستانە ڕەدیم دەدایەوە و بیرمە ئەو شەوە تا نیوەشەو گەنکەشەمان کرد. نازانم ئەو کاک ئاسۆیە کێیە و چی بەسەرهات؟ ئایا هەر بە چەپی مایەوە یان چارەنووسێکی تری هاتە بەردەم. بەهەرحاڵ ئەگەر ئێستا بیبینمەوە دەزانم چۆن موناقەشەی لەگەڵدا دەکەم و بۆ ئەو شەوەش کە زۆرم ماندوو کرد، داوای بەخشینی لێدەکەم. ئەو ساڵە لە تەواوی چالاکییە هونەرییەکانی کەرکووک بەشدار بووم کە سەرجەمیان بریتی بوون لە کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری. هیچ چالاکییەکی ئەدەبیی فکریی تر

وجودی نەبوو. نە بڵاوکراوەکانی بەعس و نە کتێبەکان، تینوێتی خەڵکیان نەدەشکاند. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ڕادیۆکەی هەفتانە بەرنامەیەکی وا بزانم ناوەکەی (هونەر و شۆڕش) بوو، جاربەجار شیعرێک یان چیرۆکێکی دەخوێندەوە. بیرمە لە یەکێک لە بەرنامەکانی، شیعری (شاخی سەرسەختان)ی مارف عومەر گوڵی خوێندەوە. کە لە گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە دوانزە



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، کۆڕی شیعری لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەرکووک ٢٥ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٥

خولی دووەم بڵاو ببۆوە. لەملاشەوە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و مارف عومەر گوڵ و زاهیر ڕۆژبەیانی و فەوزیە ڕەشید بڵاوکراوەی (نێرگز)یان دەست پێکرد. پێموابێت چوار پێنج چەپکیان لێ بڵاو کردەوە و دواتر وەستا. بۆ یەکێک لە ژمارەکانی نێرگز نووسینێکم نووسیبوو لەسەر ئەدەبی بەرگری کوردیی و بڵاو نەبۆوە. نازانم هۆیەکەی چیبوو، نووسینەکە لاوازەکە بوو یان نێرگز لە بڵاوکردنەوە وەستا. بەعسیش سیاسەتی سەرکوتی گەیاندبۆوە لووتکە. ڕۆژ

نەبوو چەند کەس نەگیرێت و شەو نەبوو ئەمنی کەرکووک نەدەنە سەر ماڵێکدا و نەیان پێچنەوە بۆ بەڕیوەبەرایەتی ئەمن.
لەو سەروبەندە بیرۆکەی گێرانی کۆڕێکی شیعریی هاتە بەر باس و قسەکردن. من و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و محەمەد ساڵەیی و ئازاد هۆشمەند و زەمان کاکەیی و تاریق کاریزی و فەلاح شوان ستار شوانی بە جیددی ئەو بابەتەمان شرۆڤە کرد و هاتینە سەر ئەوەی کە کۆڕەکە بگرین. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری کەرکووک هەبوو کە ناوی (مرشد الزبیدی) بوو. ئۆفیسی مورشد لەسەر کتێبخانەی (دارالوطنیة)وە بوو لە باڵەخانەی (خان الخلیلی) لە کۆتایی شەقامی جهوری نزیک ئەحمەد ئاغا. عەسرانێک ئێمە چووین بۆ سەردانی ئۆفیسەکەی موڕشد. مورشد لەوێبوو و پێشوازی کردین و گوێی بۆ هەڵخستین. کاتێک داواکەمان خستە بەردەمی پێی باش بوو، بەڵام گوتی دەبێت کۆڕەکە بە زمانی عەرەبی بێت. ئێمەش و من لە هەموویان زیاتر دەم گەرمتر بووم ڕەتم کردەوە کە بە زمانی عەرەبی شیعر بخوێنینەوە. ئەو باسی لەوە دەکرد کە شاری کەرکووک نەتەوەی جیاجیای تیایە و هەموویان عەرەبی دەزانن و تێدەگەن لە شیعرەکان، بەڵام ئەگەر بە کوردی بێت تەنها کوردەکان تێدەگەن و تەواو. ئێمەش هەستی نەتەوەییەکە زاڵ بوو بەسەرماندا و پێمان لەسەر ئەوە دادەگرت کە بە زمانی کوردی بێت. ئەو نموونەی دەهێنایەوە و منیش نموونەم بۆ دەهێنایەوە کە کەس دەستی عەرەب و تورکمانی کەرکووکی نەگرتووە با کۆڕ بە زمانی خۆیان بکەن. ئێمەش کۆڕ بۆ خەڵکی کورد و جەماوەری خۆمان دەکەین. دواجار من و مورشد زوبەیدی لێکگیر بووین و گوتم یان بە زمانی کوردی کۆڕەکە دەکەین یانیش نایکەین.
ئەویش گوتی نابێت و دەبێت بە عەرەبی بێت. منیش تووڕە بووم و هەستامە
سەر پێ و گوتم بە عەرەبی نایکەین و تەواو. ئەویش گوتی بە زمانی عەرەبی نەبێت، کۆڕەکە ناکەین. گوتم نایکەین، با نەیکەین و چوومە دەرەوە و ناچار جەماعەتیش بەدوامەوە هاتنە دەرەوە. کە چووینە خوارەوە جەماعەت کەوتنە

سەرزەنشت کردنم و گوتیان تۆ زۆر توند بووی. نەدەبووایە تێکی بدەی. ئەمانتوانی قەناعەتی پێبکەین. گوتم وا نییە بە ئاشکرا گوتی نابێت بە کوردی بیکەن. کابرایەکی وا چییە قەدەغەی ئێمە بکات بە کوردی چالاکی بکەین. گوتیان عەبدولا ئەمجارە ئەچینەوە بۆ لای بەڵام دڵت هیچ نەکا و نیگەران مەبە و تۆ مەیێ. منیش ڕازی بووم. من و ستار شوانیماینەوە و ئەوان چوونەوە بۆ لای مورشد ئەلزوبەیدی و گوتبوویان ببوورە ئەوە عەبدولا عەرەبییەکەی باش نەبوو ڕەنگە نەیتوانیبێت جوان تەعبیر لە فکرەکەی بکات. مورشد پێیانی گوتبوو ئەوە باسی چی دەکەن، عەبدولا عەرەبییەکەی زۆر باش بوو. بەس ئەو لە گۆشەنیگایەکی ترەوە قسەی ئەکرد. سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون لە کۆڕەکە شاعیرەکان بەزمانی کوردی شیعرەکانیان بخوێننەوە و پاشان تەرجەمەی عەرەبی ئەو شیعرانەش بخوێنرێتەوە. ئەوە بوو تاریق کارێزی و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد شیعرەکانیان کردە عەرەبی و لە کۆڕەکەش ئازاد هۆشمەند و محەمەد ساڵەییش بە عەرەبی شیعرەکانیان دەخوێندەوە. لەو شاعیرانەی بەشدار بوون تەنها من و هادی عومەر شوانی و عەبدولستار شوانی و مامۆستا عوبێدم بیر ماوە. کۆڕەکە لە ٢٥ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٥ لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی (مەرکەزی) کەرکووک ساز کرا و جەماوەرێکی زۆری تینووی ئەدەب بەشدار بوون تیایدا. من بە سێ شیعر بەشداریم کرد کە دانەیەکیان بەناوی (دڵۆپێک لە دەریای خۆشەویستی) بوو. شیعرەکانی ئەو کۆڕە هەر هەموویان شیعری بە هەڵوێست و سیاسی بوون. تاریق کارێزی کورتە ڕیپۆرتاژیکی لەسەر کۆرەکە نووسی و لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردەوە. ڕادیۆی دەنگی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش وتارێکی لەسەر کۆڕەکەمان نووسی و بە نووسەرانی بەزیو و ناشۆڕشگێڕ لە قەڵەمی دابووین. چ گەمژە بوو نووسەری ئەو وتارەی ئەوکاتی ڕادیۆی یەکێتیی بێ تێگەیشتن لە دۆخەکە و بێ ناسینی ناسنامەی شاعیرەکان کە هەر هەموویان کۆمەڵە بوون جگە لە عەبدولستار شوانی نەبێت کە مەیلی بەرەو لای حیزبی سۆشیالیستی کوردستان

هەبوو، کوێرانە تفەنگی بە تاریکییەوە نابوو. ئەوە بوو بۆ ئێوارە کاک محەمەد ساڵەییم بینی لە شەقامی جمهوری و باسی نووسینەکەی ڕادیۆی یەکێتییم کرد بۆی. گوتی ستایشیان کردن یان سەرزەنشت. گوتم سەرزەنشت. گوتی کەوابێت قازانجمانە. باش بوو ستایشیان نەکردین.

# چۆن سەنگەری مارکسم هەڵبژارد؟

کۆڕە شیعرییەکەی کەرکووکمان لەساڵی ١٩٨٥ زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا. خەڵکێکی زۆر تینوو بۆ ئەدەب و ئازادی هاتبوون بۆ کۆڕەکە. تەنانەت هۆڵەکە پڕ بوو و خەڵکی بەپێوەش وەستابوون. ئەمە زۆر جێگای دڵخۆشی بوو بۆ ئێمە. دوای تەواوبوونی کۆڕەکە، یەکێک لە ئامادەبووان کە هەر هاوڕێیەکی خۆم بوو مایەوە و تا کۆتایی وێرای ئەوەی پیرۆزبایی لێکردم، حەزیش کرد و داوای لێکردم کە پیاسەیەکی لەگەڵ بکەم و باسی ئەدەب و شیعر بکەین. منیش ڕازی بووم و ئەوبرادەرەش (جەماڵ کۆشش) بوو، کە ئەوکات هێشتا ئەو ناوەی هەڵنەگرتبوو. هاوڕێ جەماڵ لە ئەنجامی بریندار‌بوونی لە شەڕێک دژ بە حیزبی دیموکراتی ئێران لەڕیزەکانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە، دووچاری کێشەی بەزەحمەت قسەکردن هاتبوو. من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش بە پێیان لە کتێبخانەی گشتی کەرکووکەوە بەرەو ڕەحیماوە چووینەوە و لە ڕێگا بەدەم پیاسەکردنەوە جەماڵ ڕەخنەی لە ناوەڕۆکی کۆڕەکە و شیعرەکان گرت و باسی ئەدەبی کرێکاریی کرد. بەڕاستی هەم ڕەخنەکانیم پێ جوان بوو و هەمیش ئەو ئەدەبەم بەو جۆرە و بەو ناوە پێ پەسند بوو. جەماڵ کۆشش بەوپەڕی سادەییەوە باسی لەوە کرد (کۆمەڵگە دوو چینە و هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەرژەوەندی خۆی هەیەو ئەدەب و هونەری تایبەت بە خۆی هەیە). هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە (ئێمە هەژارین و سەر بە چینی کرێکاریین و دەبێت ئەدەبەکەشمان سەر بە خەبات و واقیعی ژیانی کرێکاران بێت). ڕاستییەکەی ئەم قسانە ئەو شتە بوون کە من بەدوایاندا عەوداڵ بووم و تامەزرۆی ئەو قسانە بووم. لەوێوە و لەو ڕۆژەوە من و جەماڵ کۆشش

بووین بە دوو هاوڕێی نزیک و جیدی یەکتر و تا ئێستاش هاوڕێیەتیمان هەر بەردەوامە. لەو ڕۆژە بەدواوە بەردەوام نووسراومان دەگۆڕییەوە و هەر دەق و بەرهەمێکم کە دەنووسی بۆم دەخوێندەوە و پێکەوە گەنکەشەی هەمەلایەنەی دەقەکەمان دەکرد، بەتایبەتی لەڕووی ناوەڕۆک و پابەندبوون (ئیلتزام)ی چینایەتی دەقەکە بۆ خەباتی کرێکاران. بەهەرحاڵ لەو پیاسەیەوە بیرکردنەوەی من و ناوەڕۆکی شیعرەکانم گۆڕانیان بەسەردا هات. هەوڵم ئەدا شیعری کرێکاریی بنووسم. نووسینەکانی پێشووی خۆم بە بەرهەمی بۆرژوازی دەزانی و تەنانەت نووسین و بەرهەمی نووسەرانی کوردیشم بە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی دەزانی. کارەسات ئەوە بوو یان باشتر بڵێم هەڵەی ئێمە ئەوە بوو کە هێڵێکی ڕاست و چەپمان بەسەر ئەدەبی کوردیدا هێنا. من لێرەوە سنووری خۆم لەگەڵ ئەدەبی کوردی دانا و بەو تێگەیشتنەی ئەوسام وام بە باش زانی ئیتر هیچ بەرهەمێک لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بڵاو نەکەمەوە، مەگەر لە بڵاوکراوە یان گۆڤارێکی کرێکاریی یان کۆمۆنیستیی بێت. ئەم ئاڵوگۆڕە کاریگەری بەسەر چارەنووسی مندا هەبوو. ئەمجارە لەدوای تەواوکردنی خوێندنم لە پەیمانگا بڕیارم دا ببمە پێشمەرگە بەڵام پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەک یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. لەو سەروبەندەدا نامەیەکی تایبەتیم بۆ کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ نووسی و لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وازم هێنا. لە نامەکەمدا باسی ئەوەم کرد کە من وا تێگەیشتبووم کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەرگری لە کرێکاران و هەژارانی کوردستان دەکات، بەڵام بۆم دەرکەوتووە کە ئەو ڕێکخراوە و سیاسەتەکەی دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و هەژارانە، بۆیە واز دێنم. کاتێک نامەی وازهێنانەکەم بە هاوڕێ تالیبی کوێخا حەمید نارد بۆ (کاروان دوبزی)ی کادیری تیپی بیست و یەکی کەرکووک، کاروان نامەیەکی بۆ ناردمەوە و داوای کرد واز نەهێنم و دەتوانێت لەسەر کتێبەکەی لینین (مافی میللەتان بۆ دیاریکردنی چارەنووس) موناقەشەم لەگەڵدا بکات و بیسەلمێنێت کە کۆمەڵە

مارکسییە و بەرگری لە کرێکارانی کوردستان دەکات. من وەڵامەکەیم پێ جیددی نەبوو و جوابم بە کاک تالیبدا ناردەوە بۆم نووسی (ئەو کتێبەی بەڕێزتان باسی دەکەن، من ماوەیەکە خوێندوومەتەوە). ئیتر لەو خاڵەوە من کاروانم فەرامۆشم کرد و لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وازم هێنا. ئێستا لە کاتێکدا کە ٣٥ ساڵ تێدەپەڕی بەسەر وازهێنانم لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، خۆم بە شادومان دەبینم کە هەر زوو ڕاستییەکانم بۆ دەرکەوت و توانیم نەبمە قوربانی دەستی ئەو ڕێکخراوە بۆرژوا ناسیونالیستییە. ئیتر لەم گۆشەنیگایەوە، گۆشەنیگای کۆمۆنیستیی، دەمڕوانییە دونیا و کۆمەڵگە و ژیان و ئینسان. بەمجۆرەش تا دەهات لێکدانەوەم بۆ ئەدەب و هونەر و ڕێبازە هونەرییەکان و نووسەران و کتێب، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات. ئەوکاتیش چونکە زۆرم دەخوێندەوە هەمیشە حەزم دەکرد سەرنجی خۆم لەسەر ئەو بابەتانە بنووسم کە دەمخوێندنەوە. جارێکیان تێڕوانینی خۆم لەسەر ڕێبازەکانی بوونگەرایی و عەبەسیەت و فیوچەریزم و دادایزم نووسیبوو و دوایی بۆ هاوڕێیەکی پەیمانگام دەخوێندەوە. هاوڕێکەم زۆری پێباش و خۆش بوو. جارێکیان لەسەر جیهەتگیری ئەدەب کورتە وتارێکم نووسی و ناردم بۆ ڕۆژنامەی عێراق لاپەڕەی کوردییەکەی، ئیتر لە پۆستەی خوێنەراندا نووسیبوویان (بۆ خاوەنی ئەم نووسینە ناوی نووسینەکەی من هێنرابوو) ئەم جۆرە تێڕوانینە باویان نەماوە وسەردەمیان بەسەرچووە. بۆیە بڵاوی ناکەینەوە. وەکو خووی جارانم ئەمجارەش دەفتەرێکی سەد لاپەڕەییم دانابوو بۆ نووسینەوەی شیعر و سروودە کرێکارییەکان. دیوانە شیعرییەکانی (موسلیح شێخوئیسلامی - ڕێبوار)ی شاعیر (سڵاوی ئازای و دەنگ هەڵبڕە) و هەروەها زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری پێشڕەو (ئۆرگانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)م دەستکەوتن و خوێندەوە. ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێرانیش پەیتا پەیتا شیعرەکانی سلێمانی قاسمیانی (کاکە) و موسلیح شیخولئیسلامی (ڕێبوار)ی شاعیر و ئەحمەدی بازگر و فاتیح شێخ (چاوە) بەدەنگە خۆشەکەی حەمەی

کەمالی دەخوێندەوە. ساڵی دووەمی پۆلی یەکەمی پەیمانگام تەواو کرد. ئەو هاوینەش کە پشوو بوو. دیسانەوە لە کارگەی بەفرەکە کەوتمەوە ئیش کردن. بەیانیان زوو دەستمان بەکارکردن دەکرد و سەعات سێی بەیانی دەچووین بۆ کارگە. بەیانیانێکیان لەگەڵ کاک نازم ڕەشیدی هاوڕێ و دراوسێ کە پێکەوە کارمان دەکرد، دەچووین بۆ کارگە، دیسانەوە لانکرۆزەرێکی ئەمن بانگیان کردین و داوای هەویەی لێکردین. هەویەمان پێدان و دیسانەوە منیان گرت و نازمیان ئیزندا. ئەو بەیانییە نزیکەی نیو سەعاتی بەسەر جادەی گشتی هەولێر کەرکووک دەچووە لای فلکەی ئیخوان و دەهاتەوە نزیک قوتابخانەی زێوەر و ئیتر بەو جۆرە گەلێ ئیهانەیان کردم و ئینجا ڕێیان دام بچمە سەر ئیشەکەم. کارگەی بەفری مستەفا وەکو کارگەکەی بەفری تەرزی نەبوو. کارگەکەی مستەفا سەر بە نەقابە بوو و جاروبار نوێنەرانی نەقابە دەهاتن و پرسیاریان لە کرێکارەکان دەکرد و دەیان پرسی بە چەند ئیش دەکەن؟ پێمان وترابوو کە بڵێین ڕۆژی بە چەند ئیش ئەکەین و خاوەن کار زۆر باشە. من درکانم کە ئەگەر بێن ئەڵێم پارەکەمان کەمە و خواردنمان نادەنێ و پەنجەوانەکانیش (دەستکێشەکانیش) خۆمان ئەیکڕین. کاتێ زانیان من شتیکی تر ئەڵێم، نەیانهێشت نوێنەری نەقابە ببینیم. لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشم تا دەهات خەڵکم زیاتر دەناسی و لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی ئەو کاتەی کەرکووک پەیوەندیم هەبوو. لەو سەردەمەش دوو بابەت جێی قسەوباس بوون یەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دوو پرۆسەی مەعریفە. لەو هاوینە گۆڤاری (پێشەنگ، کانونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان)م دیت و خوێندمەوە. ئیتر ئەوکات ساڵی ١٩٨٥ من خۆم بە نووسەرێکی کرێکاریی یان مارکسیی یان سۆشیالیستیی دادەنا و بۆ هەمیشە مەسەلەی خاک و نەتەوە و کوردایەتی لە جیهانبینی مندا کاڵبوونەوە و نەمان. دوای وازهێنانم لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئیتر سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نەبووم. جگە لە هەوادارێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هیچیتر نەبووم. بزووتنەوەی چەپی نوێی عێراقیش لەناو کۆمەڵەوە، ڕێکخراوی

کار و ئینجا یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران وەک ڕێکخراوێکی چەپی پانوپۆڕ و خاوەن ساختمانی ڕێکخراوەیی هاتبۆوە دەرەوە. ئەوکات واتە ساڵی ١٩٨٥ هیچ زانیارییەکی وام لەسەر ئەو ڕێکخراوە نەدەزانی. کتێبەکانی ئەو کات کە دەمخوێندنەوە بریتیبوون لە (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست) وەرگێرانی جەلال دەباغ و ( المادية الديالكتيكية والمادية التاريخية) کۆمەڵێ نووسەری سۆڤیەت نووسیبوویان، هەر کتێبێ لەسەر فکر و فەلسەفە بێت وەک کتێبەکانی جۆرج لۆکاش و تەنانەت (الموسوعة الفلسفية)م دەخوێندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا دەهات مەیلێک لەلام بەرجەستە تر دەبۆوە. واتە خۆ دوورخستنەوە لە مارکسیزمی دەستی دوو و دەستی سێ و چوونەوە بۆ سەر مارکس و ئەنجلس و لینین خۆیان. ئەو هاوینە ئیشم کردبوو و پارەم هەبوو و توانیم هەر سێ بەرگەکەی (سەرمایە)ی کارل مارکس لە کتێبخانەی (دارالوطنية)ی کەرکووک بکڕم کە ئەوکات نازانم چۆن ئەو کتێبخانەیە حکومییە کتێبی مارکسیی دانابوو بۆ فرۆشتن. ئیتر هەر چاوێکم کردبۆوە دە چاو لە کوێ کتێبێکی مارکس یان ئەنجلس یان لینین هەبوو یان دەمکڕین، یانیش وەرم دەگرتن و دەمخوێندنەوە. بەڵام میتۆدی خوێندنەوەکەم هەڕەمەکیی بوو. بێ بەرنامە بوو. بەس دەمخوێندەوە بێئەوەی بزانم بەشوێن چییەوەم. چونکە ئاسۆی فکریی - سیاسیم بەرتەسک بوو و نەمدەزانی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێم. بەڵام هەستم ئەکرد لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە خەریکم خۆم پێدەگەێنم. (کە تا ئێستاش هەر خەریکی خۆ پێگەیاندنم). لە ژیانی عەمەلی و کۆمەڵایەتیشمدا بەرخوردم بەرامبەر بە ژن و بەتایبەتی بەرامبەر بە خوشکەکەم وا گۆرابوو کە خوشکەکەم زۆر دڵی پێخۆش بوو. زۆر جار قسەم بۆی دەکرد و باسی مەینەتەکانی ژیانی ژنانم بۆ دەکرد. گەلێجار کتێبم دەداپێی دەیخوێندەوە. خوشکم بە دەیەها ڕۆمان و شیعری خوێندەوە. چەندجار کچی هاوڕێم دەهاتن سەریان لێمدەدا و خوشکم لەگەڵیان دادەنیشت و وەک هاوڕێ بەرخوردی لەگەڵیان دەکرد. خوشکم زۆر ئەو هەڵسوکەوتەی پێخۆش بوو. ئەو سەردەمە جۆرەها هاوڕێی سیاسیی و ئەدەبیی

و هاوڕێی پەیمانگا سەریان لێدەدام. ئیتر بووبوومە سەنگەری بەرگری لە ژنان. زۆرجار دایکم لەسەربان بە تەنوور خەریکی نانکردن بوو، دەچووم کێچەڵم پێدەکرد و دەمپرسی:

- دایە کاتی خۆی تۆ و باوکم بە دڵداری هاوسەرگیریتان کرد؟

- دڵداری چی وەڵڵا باوکت هاتە داوام و باپیریشت ڕازی بوو و تەواو.

- ئیتر ئەمکردە سوعبەت و دەموت یانی چاوداگرتنێک، دەست بەر دەست کەوتنێک؟

- کوڕە وا لە گەرمای بەردەم ئەم تەنوورە دەمرم بۆ نارۆی وازم لێبێنیت.

ئینجا سوعبەتەکانیشم لەگەڵ دایکم بەدەم خرماندنی نانی تیری تەنوورەوە تاموچێژێکی خۆشی هەبوو. تازە هەتا مردن تامی ئەو نانە تیرییە ناکەمەوە. بەهەرحاڵ ماڵی خوشکێکم هەر لە گەڕەکی ڕەحیماوە بوون. کچی خوشکێکم هەبوو ئەوساڵە تەمەنی چواردە یان پانزە ساڵان دەبوو. منیش زوو زوو قسەم بۆ دەکرد و ڕۆژێکیان بە خوشکەکەم گوت لەگەڵ سەمیرە ئەچینە دەرەوە و ئەیبەم بۆ بازاڕ و پیاسەیەک دەکەین با تۆزێک دڵی بکرێتەوە و لەوەتەی پشووی هاوینە نەچۆتە دەرەوە. ئەوەبوو من و سەمیرە چووین بۆ بازاڕ، لە شەقامی جمهوری دابەزین و بە پێیان تا لای ئەحمەد ئاغا چووین و دوایش لەوێوە بە پێیان گەڕاینەوە و ئینجا بەکۆڕنیشا بەرەو ڕەحیماوە هاتینەوە. زاواکەم ئامۆزایەکی هەبوو ناوی ڕەفیق بوو کە بە (ڕەفیقە کوێر) ناسرابوو و تێمسی هەبوو لە خەتی ڕەحیماوە ئیشی دەکرد. لەسەرەتای جادەی کۆڕنیش من و کچ ئامۆزاکەی دەبینێ بە جووتە وا هێواش هێواش پیاسە دەکەین و قسە دەکەین. ئەو من ناناسێت و ئیتر کەللەیی دەبێت. بەس خێرا نەفەرەکان دائەگرێت و بە سەیارەکەی دێت چاودێریمان ئەکات. ئێمەش لەسەرەخۆ پیاسەی خۆمان ئەکرد و من باسی ئازادی ژنان و یەکسانی ژن و پیاو و بایەخی خوێندنەوەم بۆی دەکرد. کاک ڕەفیقیش هەر بەبەتاڵی بە تەنیشتمانا تێئەپەڕێ و دەڕواتە لای فلکەی ئیخوان و دەگەڕێتەوە و چاودێریمان دەکا و ئێمەش ئاگامان لە هیچ نییە. ئیتر

دوایی وەک خۆی بۆ خوشکم گێڕابوویەوە لە دڵی خۆیدا وتبووی ئایا بچم یەخەی ئەو کوڕە بگرم؟ خۆی وەڵامی خۆی دابۆوە، نا با خۆم بگرم بزانم چی ئەکەن. سەرەنجام پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ناو ڕەحیماوە و ماڵەوە ئەو چووبووە ماڵی خوشکم و پرسیبووی:

- دایکی سەمیرە، سەمیرە لە کوێیە؟

- لەگەڵ عەبدوڵای برام چوونە بۆ بازاڕ. ڕەفیق بۆ پرسیاری سەمیرە ئەکەی؟

- ئۆخەی دڵم ئیستراحەتی کرد. حیکایەتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەوانیش تێر پێی پێئەکەنن.

ئەو سەردەمە مەسەلەی خۆپارێزیی ئەمنی هەڵسوڕاوان تا بڵێی لەبارێکی خراپ نەبوو. ئیلتزاماتی ئەمنی دەتوانم بڵێم زۆر کەم بوو. برادەر هەبووە کتێبێکی قەدەغەی بەڕووتی بەدەستەوە بووەو هاتووە لە دەرگای ماڵی داوە! ئیتر کێ بینیویەتی و کێ چاوی پێوە بووە ئەوە کەس نازانێت. هاوڕێ هەبووە هاتووە بۆ ناو پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک و کتێبی قاچاخی بۆ هێناوم و لەناو نادی پەیمانگا کە سەدان قوتابی بەعسی و عەرەب و تورکمان و کورد و مەسیحی تیایە قەمسەڵەکەی هەڵداوەتەوە و کتێبەکەی لەبەر قایشەکەی قەبرغەی بۆ دەرهێناوم و داویەتییە دەستم! بردنی نووسراو بە سەیتەرەکان بێ هیچ ڕەچاوکردنێک کە خۆی هەر زۆر نادروست بوو. جارێکیان دوو نامیلەکەم بە دەستەوە بوو دەمخوێندنەوە. یەکێکیان دەرباری ئابووری سیاسی بوو کە کەرتی ڕێکخستنی دوکان نووسیبووی و دانەیەکی تریان ئەگەر هەڵە نەبم گۆڤاری پێشرەو بوو، دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک بڵاوکراوەکانم کردە نێوان ئەو مەقەبایانەی ژێر دۆشەکەکەم کە لەسەربان لەسەر قەرەوێڵەیەکەم دەنووستم. ئەو شەوە نەشمدەزانی ئەدەن بەسەرماندا. کاتێکم زانی نیوەشەو چوار پێنج کەس بە چەکەوە هاتنە سەرم و هەڵیان ساندم و داوای ناسنامەیان لێکردم. منیش گوتم ناسنامەکەم لە خوارەوەیە. لێفە کەیان لادا و دۆشەکەکەیان هەڵدایەوە و هیچی لێنەبوو. چوونە سەر بانی دوو سێ ماڵی تر. من لەوە

دەترسام مەقاباکان هەڵدەنەوە و نووسراوەکان ببینن، بەڵام پێئەچوو ئەوان تایبەت بەدوای کەسێکدا هاتبن.
لە خوارەوە هەویەکەم دا پێیان و دایانەوە دەستم و ڕۆیشتن. حیزبی بەعسی شۆفینی جەوێکی ترس و خەفەقانی دروست کردبوو و ڕۆژ نەبوو خەڵکانێک نەگیرێن. هەفتە نەبوو دوو یان سێ یان زیاتر لە گەڕەکە کوردییەکان دەستگیر نەکرێن. هەفتە نەبوو نەدەنە سەر ماڵان و خەڵک ڕاپێچی زیندانەکان و ئەمنی کەرکووک نەکەن، بەتایبەتیش دوای مفاوەزاتی بەعس و یەکێتیی کە ڕێکخستنێکی زۆر بێدەربەستانە کەشف ببووبوون و بەعس چاوی تێبڕیبوون و بووبوونە نێچیری دەزگا ئەمنییە سەرکوتگەرەکەی. لە پەیمانگاش پۆلی یەکەم بە هەردوو ساڵەکەی یەک دانە کچمان لە پۆل نەبوو. ئێمە هەموو ئەو قوتابیانەی کە ناوەکانمان بە پیتی(ع) دەستی پێکردبوو خرابووینە پۆلێکەوە. پۆلەکانی تر کچیان تێدا بوو بەڵام هەردوو ساڵی پۆلی یەکەمم بێ کچ بردە سەر و لەبەشی مەدەنی بە پۆلەکەی ئێمەیان دەوت (پۆلی سەربازخانە یان مەعەسکەر)، چونکە وەک سەربازخانە وابوو هەر سمێڵ بابڕ بوو دەهاتوو دەچوو. بەڵام لە پۆلی دووی پەیمانگا، دوو سێ کچێک کەوتنە پۆلەکەمانەوە. ئۆخەی نەمردین لەگەڵ کچ کەوتینە پۆلێکەوە. لە پەیمانگا تیپێکی تۆپی پێمان دروست کردبوو. هەرچەندە تیپێکی فەرمی نەبوو بەڵام توانیمان یاری دۆستانە لەگەڵ تۆپزاوە و لەیلان و ئازادی و ترکەڵان و تیپی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک بکەین. پەیمانگاش پرسگەی هەبوو کە هەر عەمادە و ئەمن بەڕێوەیان ئەبرد. کەسێک میوانی بهاتایە لە پرسگەوە بە موکەبیرە بانگیان دەکرد و دەچووی میوانەکەت وەردەگرت. لە دوو هەفتەدا شەش قوتابی پەیمانگای تەندروستی کەرکووک گیران کە من یەکێکیانم دەناسی و ئەوانی ترم نەدەناسی. ڕۆژێکیان نەچووم بۆ پەیمانگا. بۆ سبەینێکەی برادەران وتیان دوێنێ لە پرسگە بانگیان کردووی و میوانت هەبووە. منیش هەرچەند بیرم کردەوە نەمزانی بۆ بانگ کراوم خۆ هیچ مەوعیدێکم نەبووە و کەسیش بۆ ئاگاداری من نەدەهات بۆ لام. بەهەرحاڵ بە هەندم وەرنەگرت.

نەمەئەزانی چیبووە و چی ڕوویداوە. تا سبەینانێکیان لەناو پۆل هێشتا دەوام دەستی پێنەکردبوو دوو کەس هاتتنە سەر سەرم، تۆ (عەبدوڵا سلێمان)یت؟

- بەڵێ.

- وەرە لەگەڵمان ئیشمان پێتە.

- تاقیکردنەوەم هەیە دوای تاقیکردنەوەکەم دێم.

یەکیان توند قۆڵی گرتم و هەر لەناو پۆل کەلەبچەیان خستە دەستمەوە و بە بەرچاوی هەموو قوتابیانی پۆلەکە و قوتابیانی بەشی مەدەنی منیان دایە پێش خۆیان و بردمیان و خستمیانە ناو سەیارەیەکی قەمەرەی تۆیۆتای ڕەنگ خۆڵەمێشیی کە لە دەرەوەی بەشی مەدەنی وەستابوو و ئەمنێکی لەدیار وەستابوو، کە سایەقەکە بوو و چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد. هەر کە سواری قەمەرەکەیان کردم هەردوو چاویان بەستامەوە. ئیتر نەمزانی بە کوێدا ڕۆیشتین. ئەو ساتە دڵم خەریک بوو بتەقێ. من ئەوە چەندین ساڵە سیاسەت دەکەم لەو لەحزەیە دەترسام بگیرێم. تازە زۆر درەنگە و ناتوانم هیچ بکەم. لەڕێگا لێیان پرسیم ناوی سیانیت چییە؟ و ناوی سیانی خۆمم پێوتن. گوتم من نازانم بۆ گیراوم؟ من یاریچیم و خەریکی تۆپێنم بۆ دەمگرن؟ هیچیان نەگوت. پاش ماوەیەک سەیارەکە هەستم کرد لە دەروازەیەکەوە دەچێتە ژوورەوە و پاسەوانی هەیە. دوای چوونە ژوورەوە سەیارەکە وەستا. دابەزین و منیان داگرت و هەر بە دەستی کەلەپچەوە و چاوی بەستراوەوە منیان بردە ژوورەوە و تا گەیشتنە ژوورێک لە دەرگایان دا و ئیتر منیان بردە ژوورەوە. گوتیان ڕاوەستە. چەند چرکەیەک دواتر چاومیان کردەوە. بینیم لە ژوورێکی گەورەدام و مێزێک و دوو ڕیز قەنەفە و تەپڵەکی تیایە و پیاوێکی ڕەش ئەسمەری قەڵەو لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوو. لێی پرسیم

- ناوی سیانیت چییە؟

- عەبدوڵا سلێمان محەمەد ئەمین.

- (شۆڕش) ئەناسیت؟

که ئەم ناوەم گوێ لێبوو ئینجا زانیم چیبووە. دوو هەفتەپێشتر پێنج قوتابی پەیمانگای تەندروستی کەرکووک گیرابوون و یەکێکیان شۆڕش عەبدوڵای هاوڕێم بوو. بیرم کردەوە کە ئەگەر بڵێم نایناسم دوایی هەر دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئەیناسم. بشڵێم ئەیناسم ڕەنگە زۆر شتی بۆم هۆنیبێتەوە.

- کوڕی گەڕەکە و لەوێوە ئەیناسم.
- باش.

فەرمانی کرد شۆڕشی بۆ بێنن. دوو خولەک دوای ئەوە شۆڕشیان هێنا بۆ ناو ژووری بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکووک. بەڕێوەبەر لە شۆڕشی پرسی:

- شۆڕش ئەمە کێیە؟
- سەیدی ئەمە عەبدوڵا سلێمانە.
- چۆن ئەیناسی؟
- گەورەم عەبدوڵا لێپرسراوی حیزبیمانە و کۆبوونەوەمان پێئەکات و ناوی نهێنی (ئارارات)ە. کە وای گوت چۆکم شکا و دڵم کەوت. مودیر ئەمن لەوێ حەیزەرانێکی پێبوو و بە حەیزەرانەکە کەوتە گیان شۆڕش و تا حەیزەرانەکە نەشکا وازی لێنەهێنا. ئەم لێدانەی شۆڕش لە بنچینەدا بۆ چاوشکانی من بوو. ئەوان بە گرتنی من هەستیان کرد سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێناوە و شانەیەکی گەورەی حیزبی شیوعییان گرتووە. شۆڕشیان بردەوە بۆ ناو زیندان و منیان بردە ژوورێکی تر لە ناو بیناکەی فەرمانگەی ئەمن و دامیان نا. دوو ئەمنی گەنج تەمەنیان لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵ دەبوو. یەکێکیان بەهێمنییەوە لێی پرسیم:
- عەبدوڵا نامناسیتەوە؟
- تۆ ناناسم.
- چۆن نامناسیتەوە؟ ئەی ئەوە نەبوو کۆبوونەوەی حیزبیمان ئەکرد لە باخچەکەی ئیسکان.

- من لە ژیانمدا کۆبوونەوەم نەکردووە و تەنزیمی هیچ حیزبێک نەبوومە و نیم و تۆشم هەرگیز نەبینیوە. لەوساتەیا شتێکی سەیرم هاتەوە بیر. ساڵی حەفتاکان کاتێک براکەم گیرابوو لە زیندانی فرقەی عەسکەری بوو و ئەو سایەق شۆفلەکە فریای کەوت و بەریدا. گوتم با ئەم زارە هەڵدەم بزانم ئەگەر گرتی ئەوا باشە و ئەگەریش نەیگرت خۆ هیچ زەرەر ناکەم. ئەمنەکەی تر دەمانچەکەی دەرهێنا و لوولەکەی خستە سەر سەرم

- ئەی تۆ کۆبوونەوەت پێ نەکردم؟

- نەخێر من کۆبوونەوەم بە کەس نەکردووە و پەیوەندیم بە کەسەوە نییە و من جەماعەتی (فاضل شعبان التكريتي)م.

- چی چی؟

- من جەماعەتی (فاضل شعبان التكريتي)م؟

- درۆ ئەکەی.

- نا درۆ ناکەم.

- سەدا سەد درۆ ئەکەی ئەگەر تۆ جەماعەتی فاضل بیت، بۆ من ناتناسم؟

- فاضڵ شعبان التكريتي برای ژنەکەی ناوی موفیدە و کوڕە گەورەکەی ناوی عەباسە.

- وایە. من عەباسم.

- تۆ منداڵ بووی من و باوکم زۆرجار هاتووینەتەماڵتان.

- ئێستا تەلەفۆن بۆ باوکم ئەکەم ئەگەر ڕاست بکەی بەرت ئەدەم و ئەگەر درۆ بکەی سوێند بە ئەڵڵا حاڵت حەلوەلا ئەبێت.

- تەلەفۆن بکە.

هەر لەوێ دەستی برد بۆ تەلەفۆنی سەر مێزەکە و ڕەقەمێکی لێدا کە ژمارەی ماڵی خۆیان بوو و هەندێک چاوەڕوانی کرد و وەڵام نەبوو. ئینجا وتی ناوەکەت ئەنووسم و ئێوارە بە باوکم ئەڵێم.

- باشه سەلامی لێبکە. لەوکاتەیا مفەوەز ئەمنێک و وەردیانێک هاتن و منیان لە ژوورەکە بردە دەرەوە. لای دەرگای ژوورەکە کاتێک دەچوومە دەرەوە گوتم عەباس لە بیرت نەچێت بە باوکت بڵێ هەر کە ئەو دوو وشەیەم لەزار هاتە دەر، لەلایەن وەردیانەکەوە کە هەر ئەمن بوو کەوتە لێدانم. ئیتر بەدەم لێدانەوە بردمیان بەرەو ژوورەکانی ئینفرادی دائیرەی ئەمنی کەرکووک. وەردیانەکە زوو وازی لێهێنام چونکە دەبوایە بە دەستێکی کڵاشینکۆفەکەی بگرێ و بە دەستەکەی تریشی بە کلیلەکانی دەرگاکە بکاتەوە. ئەوە بوو منیان بردە ژوورەوە و لەبەردەم پەنجەرەی ژوورێک ناسنامە و پاکەت و شقارتە و هەندێک پارەشم پێبوو لەگەڵ قایشی پانتۆڵەکەم، هەر هەموویان لێ سەندم. بەڵام سەد فلسییەک لەناو گیرفانی پانتۆڵەکەم لای پێشەوە جێما و نەیانزانی. هەر ئەو سەد فلسەم پێبوو. لەوێوە بردمیان بۆ ناو ڕاڕەوێک کە شەش ژووری بچووکی ئینفرادی لێبوو و منیان بە دەرگای یەکێک لە ژوورە ئینفرادییەکان بە کەلەپچە بەستیایەوە. دڵ و دەروونم پڕ لە ترس بوو. لە ژوورە ئینفرادییەکان هەر ژوورە کەسێکی تیا بوو و لە ڕاڕەوەکەش بە هەر دەرگایەکەوە کەسێکیان بەستابۆوە. من بە دەرگای سێیەمەوە بەسترامەوە. لە سەرەتای ڕاڕەوەکە کوڕێکی لێبوو ناوی عادل بوو، کورد بوو و خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو. کوڕێکی گەنمڕەنگی لاواز و قژ لوول بوو. لێی پرسیم لەسەر چی گیراوی؟

- بەبەلاش گیراوم. بە ئیشتباه گیراوم.

- خۆ لەگەڵ شۆڕش وان نیت؟

- بەڵێ.

- ئەوەتا شۆڕش لەم ژوورەیە.

عادل وتی هەوڵبدە خۆڕاگر بە و ئیعتراف مەکە. ئەگەر بە نیازی ئیعترافی ئەوا زوو ئیعتراف بکە و بێ لێدان. ئەگەریش بەنیازی ئیعتراف نیت خۆت ڕابگرە. لێدانەکە هیچ نییە سەرەتا ناخۆشە و ئەتبەنە خوارەوە و هەڵت ئەواسن و کارەبات لێئەدەن و چەند جارێ تا ئەبووریێتەوە، کە بوورایتەوە سەتڵێ ئاوت

پیا دەکەن و ئەتهێننەوە سەرەوە و ئیتر دوای ماوەیەک ڕادێی و ئاسایی ئەبێت بەلاتەوە. گوتم هیچم لە هیچدا نییە و ئەگەر دەمارەکانی لەشم دەربێنن ئیعتراف ناکەم. گوتی زۆر باشە. ئیتر من کەوتمە پرسیارکردن و ئەویش تا توانی زانیاری پێدام. قووتوویەکی بەتاڵ لای دیوارەکەوە بوو. پرسیم ئەو قووتووە چی ئەکات لێرە؟ گوتی ئەوە بۆ میزکردن. میزەکەی تێبکە و لە کونی بلۆکەکەوە فڕێی بدە ئەودیو. بەس کەس نەتبینێ. ئیتر عادل باسی کرد ئێوارە نیسکمان ئەدەنێ. تێر بخۆ چونکە تەعزیب بە برسێتی لاوازت ئەکات، بەڵام ئەگەر تێر بیت بەرگریت زیاتر دەبێت. منیش لەو دونیایە ڕقم لە خواردنی نیسک دەبۆوە و هەرگیز حەزم لێنەبووە. بەس چیبکەم و چارم نییە. بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژە لە پێش نیوەڕۆوە تا عەسر و پێش مەغریب ڕەنگە زیاد لە دە جار میزم کرد. میز کردنەکەم لە ترسا بوو. نەمئەزانی چیم لێئەکەن و چۆن ئەشکەنجەم ئەدەن. دڵم خەریک بوو ئەتەقی، لەلایەکەوە بیرم لای دایک و باوکم و خوشک و برا بوو. لەلایەکی ترەوە بیرم لە هاوڕێکانم دەکردەوە و دەموت ئێستا ئەوانیش هەریەک کەوتوونەتە شوێنێک و ڕەنگە کەسیان نەوێرن لەماڵی خۆیان بخەون، لەهەمووی بەترسترر بیرم لای ژمارەیەک کتێب و نامیلکەی قاچاخ بوو کەلەناو کتێبخانەکەم بوون لە ماڵ. بیرم دەکردەوە کە ئەگەر ئەمشەو بچنە ماڵ و ئەو کتێبانە بدۆزنەوە بەتایبەتی (سەرمایە)ی مارکس ئیتر بیانوویەکی باش دەبێت بەدەستیانەوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانەم بەسەردا بسەپێنن. من نەمزانی دوای گیرانەکەم چیبووە. نەمزانی هەر ئەو ساتەی لە پەیمانگا دەگیرێم، هەواڵەکە وەک بروسکە بەناو پەیمانگادا بڵاو دەبێتەوە و خاتوو (مەهاباد قەرەداغی) کەئەوسا قوتابی پەیمانگا بوو یەکسەر واز لەدەوام دێنێ و دەچێتە ماڵی ئێمە و لەگەڵ خوشکم و دایکم هەر کتێبێک کە بۆنی سیاسەتی لێوە بێت، دەردەهێنێ و دایکم دەیکاتە ناو گونییەکەوە و دەیداتە کۆڵی و دەیبات بۆ ماڵی خوشکێکم لە سەرەوەی گەڕەکی ڕەحیماوە و دەیشارنەوە. خوشکم دەیگێڕایەوە کە چۆن مەهاباد بەدەم فرمێسک هەڵڕشتنەوە کتێبەکانی جودا دەکردەوە و دەگریا. مەهاباد ئەو خاتوونە لەو ساتە باش فریام

کەوتبوو. من ئەم هەڵوێستەی خاتوو مەهاباد هەرگیز لەبیر ناکەم و لەیادەوەریمدا دەمێنێتەوە تا ئەبەد. هەرچۆنێک بێت دەمویست خۆم لەگەڵ زیندان ڕابێنم و ڕا نەدەهاتم. عەسر خواردنی نیسکیان هێنا و کەرتێ سەموون و تەماتەیەک. هەموویم خوارد و لەسەر ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی عادل خۆم ئامادە کرد بۆ ئەشکەنجە. عادل بە چرپەوە پێیگوتم نەختێکی تر دێن دەتبەن، بتبینم چ مەردێکیت و چۆن بەرگە دەگریت. منیش سەرم بۆ لەقاند و گوتم براتم، خەمت نەبێ. لە دڵیشەوە زیاتر دەترسام. ئەی ئەگەر بەرگەم نەگرت ئەوسا چی. دوای نانخواردن لەلایەکەوە دەمویست کات ڕابوەستێ و قەت خۆم نەبینم بە هەڵواسراوی. لەلایکی تریشەوە دەمگوت با بێت و قیرۆسیا چی ئەبێت با ببێت، با ئەو ترسە لەعنەتییە لەدڵ و دەروونم دەربچێت. لەگەڵ هەموو ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەم، وەخت بوو شێت بم بۆ جگەرەیەک. بێدەنگ پشتم دابۆوە دیوارەکە و لە زرڕەی زنجیر و دەنگی کلیل ڕاچڵەکیم و ڕوخسارم دیار بوو ترسی پێوەیە. عادل چرپاندی ئەوە چایمان بۆ دێنن. هەرواش بوو چاییان هێنا و کردیانە ناو ئەو قووتوویەی میزمان تێئەکرد. ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لە ژیانم چای میزاویم هەڵقوڕاند. ئەو ئێوارەیە دوای چایەکەش ترس بەری نەدەدام، چاوەڕوان بووم. عادلیش هیواش هێواش دەیگوت نەختێکی تر دێن ئەتبەن. من بیرم کردەوە و وای بۆ چووم کە تازە هەر تیاچوومە بۆ هەوڵێک نەدەم بۆ خۆم. ڕووم لە عادل کرد:

– تۆ بەدەرگاکەی شۆڕشەوە بەستراویتەتەوە، لەژێر دەرگاکەوە بەشۆڕش بڵێ با پەشیمان بێتەوە. خۆی دەزانی من هیچ گوناه و خەتایەکم نییە. لەبەلاش ناوی داوم. عادلیش ڕێک قسەکانی منی گەیاندە شۆڕش. شۆڕش وەڵامی داوە:

– تازە ناویم داوە و بەکەڵک نایەت.

– پێی بڵێ نا وا نییە. هەموو ئینسانێک توانا و بەرگری وەکو یەک نییە. پێی بڵێ شۆڕش ئینسانێکی باش و ڕێکوپێکە و کەوتۆتە هەڵەیەکەوە و هەموو ئینسانێکیش هەڵە دەکات، گرنگ ئەوەیە هەڵەی تر نەکەینەوە. عادل ئەمانەی

هەموو گەیاندە شۆڕش. دیار بوو شۆڕش نەرم بوو. پێی بڵێ با کارێک بکات لای بەڕێوەبەری ئەمن پەشیمانی خۆی دەربڕێ و بڵێ عەبدوڵا بێ خەتایە و هیچی لە هیچدا نییەو بە بەلاش ناوم داوە، ئەوسا من بەر ئەبم و هەڵەکانیش کەم ئەبنەوە. شۆڕش قەناعەتی کرد و بەڵێنیدا وا بکات. ئەم قسەکردن و ڕا و تەگبیرە ڕەنگە سەعاتێکی بردبێت. لەپڕ دەنگی کلیل و دەرگا کردنەوە هات. موفەوەز مەحموود کە موفەوەزێکی خڕکەلانەی قەڵەوی پێست ئەسمەری تۆخ بوو و دوایی زانیم خەڵکی حەویجە بوو، دەرگای سەرەکی ژوورەکانی ئینفرادییەکەی کردەوە و لەگەڵ وەردیانێکدا هاتن. شۆڕش یەکسەر هاواری کرد سەیدی سەیدی.

– موفەوەز مەحمودیش هەر لە کونی دەرگاکەوە (ها چیتە ئەم هاوار هاوارەت لە چییە؟).

– سەیدی (ئەم کوڕە ناوی عەبدوڵا سلێمانە و من ناوم داوە و هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە و بێ گوناهە و لە بەلاش ناوم داوە). موفەوەز مەحموودیش دوای جنێوێکی زۆر (ئەی کە پەیوەندی پێتەوە نییە بۆ ناوت دا؟)

– سەیدی هەر لە خۆڕا لەکاتی ئەشکەنجەدا ناوی ئەوم بە خەیاڵدا هات.

مەفەوەز مەحمووود دیسانەوە ڕیزێک جنێوی پێدا و بە توورەییەوە چووە دەرەوە.

من ئەم هەڵوێستەی شۆڕشم بەرز نرخاند و دەستخۆشیم لێکرد و ئێستاش بەرز دەینرخێنم. ئیتر لێرەوە زانیم شۆڕش ئەوەیە کە دەبێ دەستی پێوە بگریت و ئاگات لێ نەمێنێ کارەسات ئەقەومێنێ. ئیتر ئەو شەوە تا درەنگانێ من چاوەڕوان بووم بێن بمبەن و ئەشکەنجەم بدەن و لەهەمان کاتیشدا لەڕێگەی عادیلەوە هەر خەریکی قسەکردن بووم لەگەڵ شۆڕش. لەوێ زانیم کە هەریەک لە (خاتوو ئەمەل عوسمان و خاتوو سوعاد و کاک سەباح سەلیم و کاک یوسف ڕۆستەم) هەموویان لەگەڵ شۆڕش عەبدوڵا و من یەک بابەتین و هەموویان گوایە شانەی منن و من سەرپەرشتی هەر هەموویان دەکەم و سەر بە ڕێکخستەکانی حیزبی

شیوعی عێراقین. واتە من لە پەیمانگای تەکنەلۆجییەوە سەرپەرشتی پێنج کەس دەکەم لە پەیمانگای تەندروستی کەرکووک. من دوایی زانیم ئەو برادەرانەش بەتایبەتی خاتوو ئەمەل عوسمان دوایی بۆی گێڕامەوە کە (زۆر ئەشکەنجە درابوون لەسەر ئەوەی عەبدوڵا سلێمان کێیە؟ و پەیوەندی ئەوان بە عەبدوڵاوە چییە و لە کوێیە؟). ئەمەل دەیگێڕایەوە: (ئێمە تۆمان نەدەناسی و دەمانگوت خوایە دەبێ ئەو عەبدوڵایە کێ بێت وا ئێمەی لەسەر ئەشکەنجە ئەدەن؟) و بە کورتی شۆڕش (کە بەداخەوە ئینسانێکی تا بڵێی ڕێکوپێک و پاک بوو، بەڵام بووە قوربانی هەڵەکانی خۆی) قوڕەکەی خەست گرتبۆوە و نە خۆی و نە ئێمە بە ئاسانی نەمان دەتوانی تیای دەرچین. ئەوشەوە نازانم چۆن چاوم چووە خەو، ئەویش لەبەر ئەوەی:

یەک: لە ترسا.

دوو: لەبەر وەزعی بەستانەوەم بە دەرگاکە.

سێ: لەژێر پێیەکانم لەسەر زەوییەکە بەتانییەک و سەرینێک  کە بۆنی ناخۆش و چلکن و پڕ لە کێچ و ئەسپێ بوون.

بۆ بەیانییەکەی زوو لەگەڵ دەنگە دەنگی ئەمنەکان و وەردیانەکان ڕاپەڕیم و هاتن و دەرگاکانیان کردەوە و تا دوو دوو بمان بەن بۆ سەرئاو و ئامادەمان بکەن بۆ ئەرکەکانی خۆیان. من ئەمانەم نەدەزانی ئەوە نەبێت کە خۆم ئامادە دەکرد بۆ ئەشکەنجە و لێدان. بۆ بەیانییەکەی دوو دوو دەستیان پێکەوە کەلەپچە دەکردین و دەیان بردین بۆ سەرئاو، ماوەی پێنج دەقیقە دەبوایە هەموو شتێکت تەواو بکردایە. ئەو بەیانییە منیان لەگەڵ کوڕێکی عەرەبی باریکەلەی ڕەشتاڵە کە ڕیشێکی تەنکی هەبوو، کەلەپچە کرد. کاتێک لەسەرئاو کەلەپچەکانیان لەدەستمان کردەوە، بینیم ئەو کوڕە بەهۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە پشتی دەستی ڕووشابوو و مەچەکی برینێکی قووڵ و گەورەی پێوە بوو و تەنانەت لایەکی ئێسکی مەچەکی دیار بوو. کەچاوم بەو برینە و ئێسکە کەوت پێی تێکچووم بەس خۆم گرت. بە چرپەوە پرسیم ناوت چییە؟

– عەبدولکەریم. دەرچووی پەیمانگای سلک و لاسلکیم و لەسەر حیزبی دەعوە گیراوم.
وەردیانەکە قیڕاندی: بێدەنگ بن.
ئیتر هەر زوو خۆمان کۆکردەوە و ئەوە یەکەمجار و دواجار بوو عەبدولکەریمم بینی و نەمزانی دوای ئەوە چی بەسەر هات. ڕۆژی دووەم تا بەیانییەکەی هیچ شتێک ڕووینەدا و کەس نەهات لیّم بپرسێتەوە یان بمبەن بۆ لێدان. نیوەڕۆکەی نانمان خوارد و دەوری دوای نیوەڕۆ دوو کوڕی مێردمنداڵیان هێنا بۆ ئینفرادییەکان. هەردووکیان خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماوە بوون و دەمناسین. فەلاح کە یەکێکیان بوو کردیانە ئەو ژوورەی منی پێوە بەسترابوومەوە و حەکیمیانیش کردە ژوورەکەی تەنیشت. فەلاح و حەکیم مام و برازا و کوڕ و برای محەمەد کەبابچی بوون لە ڕەحیماوە و لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چالاک بوون و کەشف بووبوون. بۆ ئێوارەکەی زۆرم حەکیم هاندا ورەی بەرز بێ و ئیعتراف نەکات و عادل چی لەگەڵ من کرد، منیش ئاوا بەرخوردم لەگەڵ حەکیم کرد. حەکیم بەڵێنیدا کە هەرگیز ئیعتراف نەکات، فەلاحیش لەبەر ئەوەی تەمەنی لە شانزە ساڵ کەمتر بوو، لێیان نەدەدا. ئەو دوو کوڕە زۆر دڵیان بە من دەکرایەوە. فەلاح هەر دەگریا و هاواری دەکرد بیری دایکم دەکەم. ئێوارە هاتن حەکیمیان برد و بردیانە سەردابەکە و کەوتنە ئەشکەنجەدانی. هاواری حەکیم لەتاو ئەشکەنجە، ئەو باڵەخانەیەی پڕ کردبوو. دوای کەمتر لە ١٠ خولەک حەکیمیان هێنایەوە ژوورەکەی خۆی. کە وەردیانەکە ڕۆیشت لێمپرسی:
– ها چیت کرد؟
– دانم بە هەموو شتێکدا نا.
– بۆ؟
– بەرگەم نەگرت و کارەبایان لە زەکەرم دا و نەمتوانی بەرگە بگرم. هەرچی فەلاحیش بوو لەژێر دەرگاکەوە لەگەڵیدا کەوتمە قسەکردن. پێمگوت ئەگەر

مفەوەزەکە هات بگری و بڵێ بیری دایکم ئەکەم. ئەگەر پرسی چیت ئەوێ داوای جگەرە بکە و دایگرسێنە. ڕازی بوو. ئێوارە مفەوەز مەحموود هات و فەلاح دەستی کرد بە گریان.

- پرسی بۆ ئەگریت؟

- بیری دایکم ئەکەم سەیدی.

ئەویش دیار بوو سکی پێ سووتا، مەگرێ ڕۆڵە مەگری.

ئینجا فەلاح داوای جگەرەی لە موفەوەز مەحموود کرد ئەویش جگەرەی سۆمەری ڕەشی دەکێشا و جگەرەیەکی بۆ داگیرساند و دای بە فەلاح. فەلاحیش جگەرەکەی وەرگرت و لەبەرچاوی مژێکی لێداو ئینجا مفەوەز مەحموود و وەردیانەکە چوونە دەرەوە و فەلاح لەژێر دەرگاکەوە جگەرەکەی داپێم و ئۆخەی جگەرەیەکی سۆمەرم کێشا. جگەرەکەم تەواو کرد و زۆری نەبرد ڕەنگە سەعاتێک یان سەعات و نیوێک دیم مولازم نوری هات. ئەم مولازمە پیاوێکی باریکەلەی موو ڕەشی عەرەب بوو و خەڵکی مەخموور بوو. هات و لەناو هەموو زیندانەکاندا عادلی هەڵبژارد و کەوتە لێدانی. ئیتر تا دەستی بە گریان نەکرد وازی لێ نەهێنا. عادل هەر زوو دەستی کرد بە گریان و وازی لێهێنا. دوای ڕۆیشتنیان عادل بۆی باس کردم کە ئەم مولازمە هەفتەی دوو جار یان سێجار کە تێر ئەخواتەوە و مەست ئەبێ و دێت بە ئارەزووی خۆی یەکێک هەڵدەبژێرێ و لێیدەدا تا دەست بەگریان نەکات وازی لێ ناهێنێت، منیش فێڵەکەم ئەزانی بۆیە زوو دەستم بە گریان کرد تا وازم لێبێنێت. دڵی عادلم دایەوە و کەوتینە قسە لەسەر شەقامی جمهوری و سینەما سەلاحەدین و ئەتڵەس و حەمرا و عەلەمێن و هیوامان دەخواست بەس ئەمجارە نەمرین و ئازاد بین و یەک پیاسەی شەقامی جمهوری بکەین. پەروەندەکەی عادل زۆر قورس بوو، لەسەر کوشتنی پیاوانی ڕژێم گیرابوو و دەیانویست ئیعتراف بکات و بیدەنە دادگای بەناو شۆڕشی بەعس (محکمة الثورة) و لەسێدارەی بدەن. عادلیش خۆڕاگر بوو و پێی گوتبوون هیچ پەیوەندیم بەو کوشتنانەوە نەبووە و نییە و ئاگام لە هیچ نییە و لە بەلاش

ناویان داوم. بۆیە هەرگیز ئیعتراف لەسەر خۆم ناکەم و لێرە لەژێر ئەشکەنجە بمرم باشترە نەک لە ئەبوغرێب لەسێدارە بدرێم. بەڕاستی عادل نموونەی پیاوی قارەمان و خۆراگر و بە ورە بوو.
بەوپێیەی من چاخۆر نەبووم و هەوڵم ئەدا چایەکانم سبەینان لەناو قووتووە میزەکە وەربگرم و هەڵبگرم و دوایی بیدەمە عادل و عادلیش ئەو پەنیرە سێگۆشەییە هۆڵەندییەی کە سبەینان دەیاندا پێمان دەیدا بە من. ئەو سبەینێیە دوای نانخواردن وەردیانەکە و مولازمێکی ئەمن هاتن و ناوی منیان خوێندەوە و بانگمیان کرد. ڕێک دڵم داخورپا و لەگەڵ ئەوەی گوتم (بەڵێ) وەردیانەکە هات و کەلەپچەکەی لە دەرگاکەی کردمەوە و ئینجا کەلەپچەکەی خستە هەردوو دەستم و بە تووڕەییەوە گوتی یەڵڵا بڕۆ. کە یەک دوو هەنگاوم نا عادل بە تیلەی چاوەوە تەماشایەکی کردم. لەو تیلەیەوە تێگەیشتم کە پەیامەکەی ئەوە بوو بتبینم کە چ خۆڕاگرێکی. منیش سەیرێکیم کرد و هیچم نەوت و کەوتمە پێشیان. دەرگاکانیان کردەوە و بردمیان بەرەو لای دەستە چەپ. نەک بەرەو سەردابەکە. یەک دوو جار پێچاوپێچیان پێکردم و لەبەردەم ژوورێکدا ڕایان وەستانم. وەردیانەکە سۆندەیەکی بەدەستەوە بوو هەرچۆنێک بجووڵامایەتەوە بە سۆندەکە لێی دەدام. ناچار قیت و جووڵەم لەخۆم بڕی بۆ ئەوەی هیچ بیانوویەک نەدەمە دەست تا بەو سۆندەیەی دەستی لێم بدات. ڕەنگە چارەکێک تا بیست دەقیقە منیان لەوێ ڕاگرت. دوایی مفەوەز نوری بانگی کردم و چەند پرسیارێکی لێکردم.

- ناوی سیانیت؟
- عەبدوڵا سلێمان محەمەدئەمین.
- پەیوەندیت بە حیزبی شیوعی عێراقەوە؟
- من هەرگیز و ئەبەد پەیوەندیم بە هیچ حیزبێکەوە نەبووە.
- ئەی بۆ بەعسی نیت؟
- تەنها کاتم نییە و خەریک وەرزش و خوێندنم.

- ئەی شۆڕش؟
- سەیدی شۆڕش هەر لە خۆیەوە ناوی منی داوە. ئەوەتا پەشیمان بۆتەوە و ئەڵێ عەبدوڵا هیچ خەتا و گوناهێکی نییە. چیم لەزار دەهاتە دەرەوە مولازم نوری ئەینووسی. تەقریبەن هەموو وەختەکە سێ چارەکم پێچوو. بردمیانەوە بۆ ئینفرادییەکە و لە شوێنەکەی خۆم و بەهەمان دەرگا بەستمیانەوە. ئیتر عادل کەوتە پرسیارکردن و منیش هەموو حیکایەتەکەم بۆ گێرایەوە. عادل ورد گوێی بۆ گرتم و هەروەها چونکە ئەزموونی هەبوو دەیزانی ئەوە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییە. عادل لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی مادام وتەکانتی هەموو وەک خۆی نووسی، ئیتر ترست نەبێت. ئەو ڕۆژە بۆ نیوەڕۆکەی نانیان داینێ و دەمەو عەسر یەک یەک دەیان بردین بۆ سەرئاو. وەردیانەکە دەرگای ژوورەکەی شۆڕشی کردەوە و کەلەپچەکانی لە دەستی کردەوە و لەوکاتەیا وەردیانێکی تر بانگی کرد و شۆڕش بە تەنها لە ڕاڕەوەکە لەبەردەمم وەستابوو. شۆڕش بە پێکەنینەوە دەنگی خۆی گڕ کردەوە و وەکو حەمەی کەمالی بێژەری ڕادیۆی کۆمەڵە دەستی پێکرد (با چینە چەوسێنەرەکان بەرامبەر بە شۆڕشی کۆمۆنیستی سەرتاپایان بێتە لەرزین. کرێکاران لەم شۆڕشەدا بێجگە لە زنجیرەکانیان هیچ لەدەست نادەن.)
- شۆڕە وسبە ئەوە چی ئەڵێی.
- سوورە یوسفە سوور دەبێ ئێستا چی بکات؟
- کوڕی خوا ناوی یوسف نەهێنی. نەکەی ناوی بێنی و لەوکاتەیا وەردیانەکە هاتەوە و قۆڵی شۆڕشی گرت و بردی بۆ سەرئاو. ئیتر من زۆر نیگەران بووم و دەترسام ناوی هاوڕێ یوسف مەحموود (یوسفە سوور) بهێنێ و ئەویش تێوە بگلێنی. بەڵام باش بوو ئەو کارەی نەکرد. لەملاشەوە خەمی خۆم بوو، خەمی ماڵەوەمانم بوو بەتایبەتی دایکم. دەمزانی ئێستا وەختە شێت بێت. بەس نەمئەزانی لەو ڕۆژەوەی من گیراوم، نان نەچووە بە گەروویا. نەمئەزانی لەو ڕۆژەوە ئەو دایکەم نزا ئەکات و لە خوا ئەپاڕێتەوە کە سەلامەت بم.

دەیانگێڕایەوە دایکم ئەوەندەی زمانی بە چیمەنتۆی حەوشەکەماندا هێنابوو زمانی هەمووی بریندار بوو بوو و خوێنی لێدەهات و هانای دەبرد بۆ خوا و هەر کەسێک لە دەرودراوسێ و خزم کە دەهاتن، دایکم ڕووی تێدەکردن و هاواری دەکرد ئەها جەرگم چۆن هەڵئەقرچێ. ئیتر ئەو دیمەنەی دایکم و نزاکانی و گریانەکانی دەبوونە مایەی گریانی هەموو ئەوانەی لەوێ بوون. باوکم عادەتی کردبوو هەموو ڕۆژێک ڕیشی دەتاشی. ئەوماوەیە کە چوار پێنج ڕۆژ بوو ڕیشی نەتاشی بوو. بە خوشکم ئەڵێ کە تاخم تراشەکەی بۆ بێنێ تا ڕیشی بتاشێ. دواتر خوشکم گێرایەوە دایە کردیە هەرایەک ئەوسەری دیار نەبێت، هاواری ئەکرد حاجی ئەوە عەبدوڵا هەڵواسراوە و بە کێبڵ و سوندە لێی ئەدەن و تۆش ڕیش ئەتاشی؟ عەبدوڵا شەو و ڕۆژ کارەبای لێئەدەن و تۆش ڕیش ئەتاشی؟ عەبدوڵا پێنج ڕۆژە نان بە قوورگیدا نەچۆتە خوارەوە و تۆش ڕیش ئەتاشی؟ عەبدوڵا دایکی بمرێت پێنج ڕۆژە زەلیل کەوتۆتە بن دەستی ئەو کافرانە و ناتوانێ بەرگری لەخۆی بکات و دەست بکاتەوە و تۆش ڕیش ئەتاشی؟ ئیتر دایە بەدەم گریانەوە ئەو قسانەی کرد، باوەشی خستە گریان و باوە ئیتر پلانی ڕیش تاشینەکەی هەڵوەشاندەوە. چوارەم ڕۆژم لە بەرێوەبەرایەتی ئەمن سبەینێکەی نەهاتن و کەسیان نەبرد بۆ سەرئاو. زیندانییەکان بەتایبەتی بەشی ئینفرادی تەواو سەغلەت بووین. کێشەی میزمان چارەسەر کردبوو و لەڕێگەی قووتووە چایەکانەوە، بەڵام سکمان خەریک بوو دەتەقی. وەردیانەکە هات و داوامان کرد بچینە سەرئاو. مفەوەزێک هات و هەندێ بە سەغلەتییەکەمان پێکەنی و چووە دەرەوە. دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا هاتن و سەرئاویان پێکردن. عادل گێرایەوە ئەوە یەکەمجار نییە و ئەمە جۆرێکە لە ئەشکەنجە و پێشتریش ئەو ئەشکەنجەیە هەر هەبووە.

لەسەروبەندی شەشەمین ڕۆژی زیندانیم، ماڵەوەمان دانیشتبوون تا بڵێی غەمبار و دڵتەنگ، نەیان دەزانی ڕوو لە کێ و لە کوێ بکەن، لەپڕ کاتێکیان زانیبوو

(فاضل شعبان التكريتی) كە لە ماڵی ئێمە هەر بە (فازڵە عەرەب) ناو دەهێنرا، هەر لای دەرگای حەوشەكەوە دەستی هەڵبڕی

– (باوە چۆنی..دایە چۆنی؟) و باوكیشم لە دڵی خۆیا دەڵێ ئەمە خوا لە كوێوە ناردی؟

– فازڵ یاخوا بەخێر بێی. وەرە دابنیشە.

فازڵ ئەڵێ باوە ئەزانم عەبدوڵا گیراوە. ئەی بۆ تەلەفۆنت بۆم نەكرد تا لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە. كە فازل وا دەڵێ، باوكم ئاهێكی بە دڵدا دێت:

– فازل بەتەمابووم خۆم بێم بۆ لات.

– نا باوە، خۆت زەحمەت مەكێشە. بەس خەمت نەبێ عەبدوڵا لە ئەمنە و هیچ خەمت نەبێ.

– ئاخر فازڵ چۆن خەمم نەبێت ئەوە شەش ڕۆژە گیراوە و نازانین چی لێهاتووە؟

– نا. هیچ خەمت نەبێ. عەبدوڵا لێدانی لەسەر نییە. هەر كات تەحیقیق تەواو بێ بڕیار ئەدەن و دێتەوە ماڵ.

– یانی چی، بەر دەبێت؟

– بەڵێ هەفتەیەكی تر عەبدوڵا بەر ئەبێ.

– ئەی ئەگەر بەرنەبوو.

فازڵ دەستی لە سمێڵی دا ئەڵێ: باوە ئەگەر عەبدوڵا هەفتەیەكی تر بەرنەبوو من ئەم سمێڵە ئەتاشم.

دوای ئەم قسە و بەڵێنە، ئیتر خۆشی و فێنكاییەكمان بە دڵدا هات. ئینجا بەدەم چامان خواردەوە و بە منداڵەكانم گوت خواردن ئامادە بكەن. بەڵام فازڵ گوتی نەء باوە سوپاس من ئەڕۆم ئیشم هەیە. خەمت نەبێ عەباسی كوڕم لەوێ ئاگای لێیەتی. بەڕێوەبەری ئەمن ئامۆزامە و دوو میمكزاشم هەر لەگەڵ عەباس لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنن. بێخەم بە، ئاگایان لێ ئەبێ. فازڵ نابێت بڕۆی تا نان نەخۆی. نا باوە با عەبدوڵا بەر بێ و بێتەوە، ئینجا دێم نان لەگەڵ عەبدوڵا ئەخۆم. باشە بەسەرچاو. فازڵ ئەڕوا و ئەوانیش ئەكەونە سەرزەنشتی خۆیان كە بۆچی

ئەم کابرا عەرەبەیان لەبیر نەبوو؟ وتبوویان خوا دەلیلی داماوە. ئیتر لەو ساتەوە کەش و دۆخی ماڵەوەمان گۆڕا. ئومێدیان پەیدا کردەوە. فازڵ دووبارە ژمارە تەلەفۆنی دابووە باوکم. ئیتر لەو ڕۆژەوە براکەم بەردەوام ڕۆژانە پەیوەندی بە فازڵەوە دەکات و هەوڵ دەدات بەدواداچوونم بۆ بکات لە زیندان. لە زیندان نەمدەزانی چی ڕوویداوە و عەباس ئەو ڕۆژەی دەگیرێم بۆ ئێوارە دەڕواتەوە ماڵ و بە باوکی دەڵێ:

– باوە ئەمڕۆ کوڕێکی کوردیان هێنا بۆ دائیرە و ئەیوت تۆ دەناسێ.

– ناوی چییە؟ کورد زۆر من ئەناسێ.

– ناوی عەبدوڵایە.

– ئەی ناوی سیانیی چییە؟

– نازانم.

فازڵ بە عەباس دەڵێ بەیانی ناوی سیانییم بۆ بێنە. بەڵام مادام من دەناسێ کە لەخۆیەوە شتی وا ناڵێ و دەبێ ئاگات لێ بێ تا دەردەکەوێ کە کێیە. عەباسیش یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە ناوی سیانیی من دەدات بە باوکی. ئینجا فازڵ دەزانی من کێم و لەوێوە بڕیار دەدات خۆی بچێت بۆ ماڵمان و بۆ لای باوکم. هۆی سەرەکی کە چاوەڕوانی لێدان بووم و لێیان نەدام ڕاستییەکەی ئەم عەباسە بوو، نەک پەشیمانییەکەی شۆڕش. یەک دوو ڕۆژی تری پێچوو، دیسانەوە هاتن و منیان برد بۆ دەرەوە. ئەمجارە من و شۆڕش و سەباح و یوسف و سوعاد و ئەمەل بردیانین بۆ حەوشەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و ئیتر دانە دانە ئەو تابلۆ مەقەبایەیان دەکردە ملمان کە لە سەری نووسرابوو (من تنظیمات الحزب الشیوعي العمیل) و وێنەیان دەگرتین، وێنەیەک ڕوو بە کامیرا و وێنەیەکی تر لە تەنیشتەوە. لەوێدا بۆ یەکەمجار ئەو کەسانەم بینی کە شۆڕش ناوی دابوون و یەک دانەیانم نەدەناسی. ئەوە بوو دوای وێنەکان لە حەوشەکە ڕیزیان کردین و بە کەلەبچەکراوی ڕوو بەدیوارەکە وەستێنراین. نێوانی هەر یەکێکمان مەترێک زیاتر بوو و بۆ هەر دانەیەکمان ئەمنێک بە سۆندەیەکەوە لە پشتمانەوە وستابوو

بۆ لێدان. ئەو ئەمنەی کە لەپشت منەوە وەستابوو، عەباس بوو. وەک دوایی خۆی گوتی من هاتم بە ئەنقەست لەپشت تۆوە وەستام تا کەسێکی تر نەیێتە پشتتەوە و لێت بدات. ئیتر شۆڕشیان بردە ژوورەوە و پاش ماوەیەک دانە دانە ئێمەیان دەبردە ژوورەوە. کاتێک سەرەی من هات و چوومە ژوورەوە، بینیم شۆڕش لەسەر کورسییەک لە تەنیشت مولازم نوری دانیشتووە و قاچی ناوەتە سەر قاچ و چایەکی لەبەردەم دانراوە و جگەرەی سۆمەر دەکێشێ. کە شۆڕشم بەو شێوەیە بینی، زانیم ڕووخاوە و دانی بەهەموو شتێکدا ناوە. کەوتنە پرسیار کردن لێم کە چۆن شۆڕش ئەناسم؟

- کوڕی گەڕەکەکەمانە و ئەیناسم.
- ئایا شۆڕش هاتووە پێت بڵێت با سیاسەت بکەین؟
- ئاوا نا بەڵام جارێک ویستی باس لە سیاسەت بکات منیش گوتم تۆ منداڵی هێشتا چیت داوە لە سیاسەت.
- ها شۆڕش، عەبدوڵا ڕاست ئەکات و ئاوای پێت گوت؟
- بەڵی قوربان راست ئەکات پێمی گوت تۆ منداڵی چیت داوە لە سیاسەت.

دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرا و جارێکی تر بردراینەوە بۆ ڕاڕەوەکەی بەشی ئینفرادی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووک. ئەو ڕاڕەوەی کە پڕە لە ترس و خەم. دوو سێ ڕۆژ دوای ئەو لێپێچینەوەیەمان، بەیانیانێک هەموو گروپەکەمان بەر بوون و ئازاد کران، تەنها (شۆڕش) نەبێت کە پەروەندەکەی ئامادەکرا بۆ دادگای شۆڕشی بەعس لە بەغداد. هەرچەندە دڵخۆش بووم بە ئازادکردنی ئەو برادەرانە، بەڵام بە مانەوەم لە بەندیخانە دڵتەنگ بووم. هەر دەمهێنا و دەمبرد و حاڵی نەدبووم بۆ ئەوان بەربوون و من بەرنەبووم؟ ئێوارە مولازم مەحموود و وەردیانێک هاتن و پرسیم لێی کە من بە گومان گیراوم و هیچ خەتایکەم نییە و جەماعەتەکەمان هەموو بەربوون و بۆ هەر من بەرنەبووم؟ مولازم مەحموودیش بە وەردیانەکەی گوت دەستی بکەرەوە و ئینجا داوای لێمکرد یاتاغەکەم هەڵگرم و دوایان بکەوم. منیش برێک دڵخۆش بووم وامزانی بەر ئەبم، بەڵام منیان بردە

سەردابەکە و فڕێمیان دایە یەکێک لە ژووره ئینفرادییەکانی سەردابەکە. ژوورەکە لەوانەیە دوو بە دوو مەتر دەبوو. پیس و پۆخڵ و هیچ شتێکی تیا نەبوو جگە لە کۆنە بەتانییەکی بێئەندازە چڵکن و قووتوویەک بۆ چا و میزکردن. دەرگایان لەسەر داخستم. نەمتوانی هیچ بڵێم. دڵم خەریک بووو ئەتەقی. گوتم بزانە چیم بە خۆم کرد. لەسەرەوە بووم جێگام باش بوو کەچی لێرە لە دۆزەخ ناخۆشترە. بێدەنگییەکی لەڕادەبەدەر بەسەر ژوورەکە و ڕاڕەوەکەدا زاڵ بوو. دەنگی هیچ نەدەبیسترا. سەیرێکی دیوارەکانم کرد و بینیم گەلێ یادگاری لەسەر نووسراوە. یەکێ لەو یادگارییانە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و منی بەدیار خۆیەوە خستە خەیاڵێکی قووڵەوە، یادگاری کاک (غالیب محەمەد نەجم) ی هاوڕێم بوو کە دوو ساڵ لەوەوبەر لە پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک هاتن و لەناو پۆل بردیان و دوایی لە ئەبوغرێب توونده کرا. غالیب ڕۆژ و مانگەکەی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو و لەژێرەوەش ناوی خۆی نووسیبوو. لەوکاتەدا هاتەوە بیرم کە ١٠٠ فلسییەک لە گیرفانمدایە. دەستم برد و دەرم هێنا و لە شوێنێک هەر لە ژێر یادگارییەکەی کاک غالیب یادگارییەکی خۆمم نووسی و بەروارم لێدا و لەژێرەوەش ناوی سیانی خۆم نووسی. ئیتر خەیاڵم چووەوە سەرەتای هەشتاکان و ناسینی غالیب و دواتر گەنکەشە سیاسییەکانمان و تا ئەم یادگارییەی ناو ئەم ژووره نەفرەتلێکراوە. ماوەیەک ئاوا بە بێدەنگی تێپەڕی. لەپڕ گوێم لە دەنگی تەپەتەپێک بوو بە دیوارەکەیان ئەکێشا. زانیم ئەوە گیراوی ترە و دەیەوێت لەڕێگەی ئەم بەدیوار کێشانەوە گفتوگۆ بکات. منیش چەندجارێک کێشام بە دیوارەکەیا. وەڵامی دایەوە، دڵم زۆر کرایەوە بەوەی کە کەسێک لەودیو دیوارەکانی زیندانەوە دەیەوێت پێم ڕابگەێنی کە زیندووە و ئومێدی بە ژیان هەیە. ئەم پیاکێشانانە چەند جارێ دووبارە بوونەوە و دواتر چووینەوە ناو جیهانە بێدەنگییە سامناکەکە. ئەو شەوەم زۆر بە زەحمەت لێ ڕۆیی. بەیانییەکەی کاتێکم زانی هاتن و بردمیان بۆ دەرەوە و لەوێشەوە بۆ ناو هۆڵەکان. کە چوومە ناو هۆڵەکان. سەیرم کرد پڕن لە زیندانیی، ژوورێک شەش

به شەش مەتر بەڵام زیاتر لە پەنجا زیندانی تیا بوو. بە دوو بەش دەنووستین، نیوەمان بە شەو و نیوەشمان بە ڕۆژ. یەکەم ڕۆژم زۆر زەحمەت بوو، بەڵام توانیم هەر زوو کۆمەڵێ برادەرم پەیدا بکەم و کە سیانیان خەڵکی گەڕەکی شۆڕیجە بوون زۆر یارمەتیان دام و لەلای خۆیان جێگایان بۆم کردەوە و بوومە خاوەن شوێنی خۆم. لە هۆڵەکان ئەو کەسانەی لێبوو کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ کرابۆوە و چاوەڕێی چوون بۆ دادگای شۆڕش بوون و هەندێکیشیان وەکو من بە شێوەیەکی کاتیی لەوێدا دانرابوون تا بەرئەبوون. زیندانییەکان جگە لە کێچ و ئەسپێ، زۆربەیان تووشی نەخۆشی پێست هاتبوون. ئەو نەخۆشییەش بەئاسانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرایەوە. ئەو شەوەم بە زەحمە بردە سەر. بۆ بەیانییەکەی بۆماوەی پێنج خولەک بردیانین بۆ خۆشتن. دوای نانی نیوەرۆ کاتی سەردانیکردن بوو. کاتێکم زانی ناوی من خوێنرایەوە گوتیان وەرە و چووم و منیان بردە هۆڵێک و بینیم کۆمەڵە زیندانییەک وەکو من دانیشتوون و چاوەڕێی کەسوکاریان دەکەن. لەناکاو بینیم دایکم و کاکم هاتنە ژوورەوە. دایکم بە گریانەوە پەلاماری دام و دەستی لەپشتم دەخشاند و هەر بە قوربانم دەبوو. دایک دەیوست بەو دەست لەپشت خشاندنە بزانیت ئەشکەنجە دراوم یان نا. ئیتر سەیرم کرد نان ومریشک و برنج و تەکەیەک جگەرە و بەتانییەکیان بۆم هێنابوو. نزیکەی نیو سەعات لام مانەوە و گوتیان لێبووردنیش دەرچووە و بەر دەکەویت. هەروەها واستەشمان کردووە و خەمت نەبێت. دایکم و کاکم چوونە دەرەوە و ئینجا وەردیانەکان منیان بردەوە بۆ هۆڵەکان بۆ شوێنی خۆم. دوای بەسەربردنی چوار ڕۆژ لە هۆڵەکان، بەیانیانێک لەپڕ وەردیانێک هات و ناوی منی خوێندەوە. چاودێری هۆڵەکە بە دەنگی بەرز ناوەکەمی وتەوە و منیش لەشوێنی خۆم ڕاستبوومەوە و وتی شتەکانت بێنە. چەند پاکەتێک جگەرەم هەبوو لەگەڵ بەتانییەکەم دام بە زیندانییەکان و جلەکانم کە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەساسی بوو لەبەر کرد یەکێک لە زیندانییەکان کە خەڵکی شۆڕیجە بوو ناوی دەرمانێکی لا بوو داوای لێکردم کە ناوی دەرمانەکە (ناو و لۆگۆی

سەر مەقەبای دەرمانەکە بوو) دامێ، منیش خستمە ناو گیرفانی کراسەکەمەوە. وتی بیدەرە ماڵمان لە فلان شوێنە تا بۆم بێنن. وتم بێخەمبە. ئیتر منیش کەوتمە شوێن وەردیانەکە و بردمیان بۆ بەردەم ئەو ژوورەی کە یەکەمجار قایشی پانتۆڵەکەم و هەویەو جگەرە و پارەکەیان لێ وەرگرتم. تەنها قایش و هەویەکەیان دامەوە و ئینجا بردمیان بۆ لای مودیر ئەمن کە لە سێبەری هەیوانەکەی ڕاڕەوەکە لەسەر ئەسکەمیلێک دانیشتبوو. گوتی (ئێمە دەزانین تۆ کوڕی باشیت و خەریکی تۆپێنیت. تۆپێن و وەرزشی خۆت بکە و هەقت بە سیاسەتەوە نەبێت. ئێمە ئێستا تۆ بەرئەدەین. ئەچیتەوە ماڵ، خەڵک دێ بۆ لات و پرسیارت لێئەکەن. بە هیچ شێوەیەک نابێت هیچ زانیارییەک بدرکێنێ وەک ئەوەی کێ تەحقیقی لەگەڵ کردووی و کێ لێیداوی و کێت بینیوە و کێ پرسیاری لێکردووی. ئێمە پیاوی خۆمان هەیە و دێت بۆ لات بەناوی سەردان و یەک وشە بدرکێنیت دەتهێنینەوە ئێرە و ئیتر لەژیانتا ڕووناکی نابینیتەوە. وتم باشە. وتی دەی برۆ ئەمەش نامەیەکە ببەبە بۆ ڕاگری پەیمانگا و بیان دەرێ تا تاقیکردنەوەکانت بۆ دووبارە بکەنەوە و خوێندنەکەت نەفەوتێ. منیش نامەکەم خستە گیرفانی کراسە سپییەکەم. ئیتر بەڕێوەبەر بانگی کردم و وتی ئەو نامەیە بیرت نەچێت ببەبە بۆ پەیمانگا، منیش دەستم برد نامەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و نیشانم دا کە بیرم ناچێت. لەکاتی دەرهێنانی نامەکە، مەقەبا بچکۆلەکەی ناوی دەرمانەکەی لەسەر بوو لەگەڵ نامەکە هاتە دەرەوە و ڕێک لەبەردەمم کەوتە سەر زەوییەکە. من نەموێرا هەڵی بگرمەوە نەوەک تووشی گیروگرفتێک ببم، چونکە خوا خوام بوو بەس ئازاد بکرێم. وەردیانەکە بردمیە کۆتایی ڕاڕوەکە و لەوێشەوە ڕاڕەوێکی کورتی تر هەبوو و ئینجا دەرگایەک هەبوو دەرگاکەیان کردەوە وخۆم بینی لە حەوشەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووک و لەوێشەوە هەر لەگەڵ وەردیانەکە بەرەو دەرگای سەرەکی دائیرەی ئەمن ڕۆیشتین. دەرگاکەیەکی بچووک لەناو پرسگەوە و بۆ دەرەوە هەبوو و لەو دەرگایەوە چوومە دەرەوە. ئیتر کۆلانێک بوو هەر سەد مەترێک دەبوو و جادە گشتییەکەم

لێوە دیار بوو. لەلایەکەوە لە خۆشیانا نەمدەزانی چیبکەم و لەلایەکی تریشەوە ئەو سەد مەترەم لێ ببوو بە سەد کیلۆمەتر. چەند هەنگاوم دەنا نەدەگەیشتمە سەر کۆڵانەکە. لەسەر کۆڵانەکە تەکسییەک هات دەستم لێڕاگرت و ڕاوەستا.

- برا ئەچم بۆ ڕەحیماوە.

شوفێری تەکسییەکە کورد بوو. سەیرێکی کردم و کە چڵکن و جلەکەم جۆرێک بوو

- تۆ ئەڵێی...

منیش یەکسەر بۆم تەواو کرد، بەڵێ من زیندانی بووم و ئێستا بەربووم.

شوفێرەکە دیار بوو هەستی شۆڕشگێرانەی هەبوو پیرۆزبایی لێ کردم و هەندێ پرسیاری کرد و منیش ڕاستی نەموێرا هیچ زانیارییەکی لا بدرکێنم نەوەک ئەو شوفێری تەکسییە سەر بە دائیرەی ئەمن بێ. بەس پێم ڕاگەیاند پارەم پێ نییە و لە ماڵ پارەکەت ئەدەمێ. گوتی نا لەحیساب منە و پارەم ناوێ. هەر کە گەیشتمە بەردەم ماڵ دەمەو نیوەڕۆ بوو دراوسێکان بەتایبەتی باجی فەخری دایکی سامی شوانی کردیە هەرا و داوای مزگێنی لە دایکم کرد و ئیتر ژنانی دراوسێ و گەڕەک کەوتنە هەڵهەڵە و لە ماوەی کەمتر لە چارەکێک ئەو گەڕەکەم بەسەردا ڕژا. ئەمە لووتکەی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ستەمدیدەی گەڕەک بوو بەرامبەر کەسێک کە لەسەر سیاسەت دژ بە حکومەت گیراوە. ماڵەوەمان خێرا ئاویان گەرم کرد و چووم خۆم شووشت. باوکم خێرا براکەمی نارد و مەڕێکیان هێنا و سەریان بڕی و ئیتر دۆخی ماڵی ئێمە لە ماتەمییەوە گۆڕدرا بە خۆشی و پێکەنین. بۆ لای عەسرەکەی خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ لام و خەڵکی ڕەحیماوە جگە لە دەرو دراوسێ و کۆڵان و دەوروبەر، ئەوانەش دەهاتن کە کوڕیان یان کەسی نزیکیان گیرابوو بەو ئومێدەی من هەواڵێکم لا بێت و زانیارییەکیان دەست بکەوێت. پیاوێک هات دیار بوو برادەری باوکم بوو لەناو ئەو هەموو خەڵکەی دانیشتبوون، پرسیاری کوڕەکەی خۆی لێم کرد. منیش هەڕەشەکەی بەڕێوەبەرم هاتەوە یاد و گوتم بەداخەوە نایناسم و ئەو کەسەم

نەبینیوە. ئیتر کابرا دوای چا خواردنەوە هەستا و خواحافیزی کرد. هەر کە خەریکی پیاو لەپێکردن بوو. چرپاندمە گوێی باوکمدا (باوە کوڕەکەی ئەناسم و لە دائیرەی ئەمنە و دانی بە هەموو شتێکدا ناوە و با هەوڵی بۆ بدەن.) باوکیشم گوتی حاجی فڵان ڕاوەستە دێم بەڕێت ئەکەم. باوکم چووە دەرەوە و بە تەنیا پەیامەکەی پێڕاگەیاندبوو. دوای مەغریبیش بینیم عەباس و باوکی (سایەق شۆفەڵەکەی کە کاتی خۆی براکەمەی لە زیندانی قەیلەقی یەک دەرباز کرد و ئەمجارەش فریای من کەوت) دەرکەوتن. هاتن و دانیشتن و نزیکەی سەعاتێک لام مانەوە و ئینجا ڕۆیشتن. چەند ڕۆژێکم بەو جۆرە بردە سەر و برادەرانی پەیمانگا و قوتابیانی پەیمانگای تەکنەلۆجی بە کەرکووکی و سلێمانی و هەولێری و قەڵادزێی و کەلاری و کفری و چەمچەماڵی کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن بۆ لام و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی.

هەفتەیەک دوای ئازاد بوونم لە زیندانی ئەمنی کەرکووک، چوومەوە پەیمانگا. لە پەیمانگا جگە لە قوتابییەکی زۆر کە خۆشحاڵییان دەربڕی بە ئازادبوونم، چەند مامۆستایەکیش چرپاندییانە گوێم و تەنانەت مامۆستایەکمان هەبوو وانەی کۆنکریتی پێ دەگوتین وناوی (جابر) بوو و خەڵکی موسڵ بوو. ئەم مامۆستایە ڕێزێکی زۆری لێنام و تاقیکردنەوەی کۆنکریتی بۆ دووبارە کردمەوە و کاتێک خەریکی تاقیکردنەوە بووم هاتە لام و وتی گرنگ نییە وەڵامی پرسیارەکان بزانیت یان نا.. نەوەد و پێنج لە سەدا باشە بۆت دابنێم. ئەوەبوو ٩٥ ی بۆ دانام. بەوجۆرە سەرجەم تاقیکردنەوەکانم تەواو بوو و سەرەنجام دەرچووم و پۆلی دووی پەیمانگام تەواو کرد. بەڵام دەبووایە بۆ ئەوەی دبلۆمەکەم وەربگرم دەبێت سێ مانگ تەتبیق عەمەلی بکەم، ناوی من بۆ یاریگاکەی شۆڕجە هاتەوە و ئەندازیارەکە کورد بوو، داوامان لێکرد دەوام نەکەین، ئەویش ڕەزامەندی دا لەسەر داواکەمان و گوتی من ئەنووسم کە دەوامتان کردووە و هەرواشی کرد. لەمانگی تەممووزیش دەبوایە بچینە موسڵ بۆ ئاهەنگی دەرچوون و من هەر نەچووم. بەدرێژایی ئەو هاوینە کە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد بکرێینە سەرباز.

من ئەوکات زۆر ڕەخنەم لەو کەسانە دەگرت کە دەچوونە دەرەوەی وڵات و بە بیرکردنەوەی سەیر و سەمەرەی ئەوسام، ئەو کەسانەم بە کەسانی ڕووخاو و وردە بۆرژوا دەزانی. ئەو برادەرانەی پەیمانگا هەریەکە و بەجۆرێک چارەنووسی خۆیان دیاریکرد. زۆربەیان بوون بە سەرباز، دانەیەکیان دوای ئەوەی لە ماڵی خۆمان لە کەرکووک وتی کاکە من ڕووخاوم و وردە بۆرژوازیم و دەچمە خاریج، ئێوە چیم پێ ئەڵێن پێمبڵێن، من هەر ئەڕۆم. ئەوە بوو چوو بۆ ئێران و لەوێوە بۆ ئەوروپا. تەنها من و کاک نامیق کەلاری بڕیارماندا بچین بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ببینە پێشمەرگەی کۆمەڵە. من و کاک نامیق وا ڕێککەوتین کە ئەو لە سەرەتای مانگی یانزەوە لە کەلارەوە بە پێیان و بەناو هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی قۆناغ بە قۆناغ بێت بۆ دەشتی کۆیە و منیش لە گوندی باغەجنێر چاوەڕوانی بم لە مانگی دوانزە یەکبگرین و ئینجا لەوێوە پێکەوە بچین بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیست. ئەو هاوینە خۆم گەشتێکی سێ ڕۆژەم کرد بۆ گوندی باغەجنێر و سێ شەو مامەوە و سەرم لەو خزمانەمدا . شایانی باسە ئەو گوندە، گوندی ماڵی باپیرم بوو (باوکی دایکم). و خاڵۆزا و میمکزاکانم زۆربەیان لەوێ دەژیان. دوای ئەو گەشتە دڵنیا بووم کە جێگایەکی باش و گونجاوە، ئینجا لەگەڵ کاک نامیق ڕێککەوتین لەسەر ئەو شوێنە. لەو ڕۆژانەش حیزبی بەعس فشارێکی سیاسی زۆری خستبووە سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکووک و بەلێشاو دەستگیری دەکردن. هیچ دڵخۆشییەکم نەبوو، گەرچی لە زیندان ئازاد ببووم، بەڵام لە دڵەوە غەمگین بووم. مانگی هەشت بوو ساڵی ١٩٨٦ کاتێک زانیم حیزبی بەعس و دائیرەی ئەمنی کەرکووک دەستیان کردۆتەوە بە گرتنی هەموو ئەو زیندانیانەی کە پێشتر ئازاد کربوون، من ترسم هەبوو بمگرن. ئێوارەکەی لەگەڵ ماڵەوەمان باسی ئەو دۆخەم کرد و ماڵەوەم تێگەیاند کە سەدا سەد دەگیرێمەوە. باوکم گوتی خۆت مەدەرە دەستیان و خەمی خۆت بخۆ. منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و هەر بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ هەولێر و خۆم لە کەرکووک دوور خستەوە.

ئەو ڕۆژەی چووم بۆ هەولێر سەرلەبەیانییەکەی بوو، من نیوەڕۆ گەیشتمە هەولێر و چوومە ماڵی برام. کە لە مێژ نەبوو ماڵی چووبووە هەولێر. ئەو ڕۆژە دایک و باوکم و خوشکەکەم مات و غەمگین دانیشتبوون چونکە یەکەم ڕۆژیان بوو لەدوای ئازادکردنمەوە بە تەنها دابنیشن و بێ من نان بخۆن. دایکم گوتی غەمبار دانیشتبووین و کەسمان نانمان بۆ نەدەخورا. بەڵام دڵمان بەوە خۆش بوو کە سەلامەتیت و لەچنگ ئەو جەللادانە دوور کەوتوویتەوە و لای برای خۆتی. ئەو فەترەیە تا دووی مانگی دە، کاتی چوونە تەجنید، من یەکجار هاتمەوە کەرکووک و یەکسەر چوومە تەجنید و دەفتەر خدمەم تەئشیرکرا بۆ مەرکەز تەدریبی کەرکووک. بەڵام من ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەچوومە پێشەوە و نەچووم بۆ سەربازیی. فیرارم کرد. لە هەولێر بووم و هەر چاوەڕێی مانگی دوانزەم دەکرد بێت و لەگەڵ کاک نامیق بڕۆم ببمە پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لەبەر ئەوەی ماڵی براکەم نزیک بوو لە ماڵی خوشکێکم و ماڵی ئامۆزاکانم، بۆیە زۆربەی شەوان لە ماڵێک کۆدەبووینەوە و بە یاری کۆنکان کاتمان بەسەرمان دەبرد. ئەو ماوەیە کە چوار مانگ بوو تا مانگی دوانزە هیچ کتێبێکم لا نەبوو و دەتوانم بڵێم هیچیشم نەخوێندەوە. تەنها خەریکی ئامادەکاریی بووم بۆ ئەو سەفەرەم. سەرەنجام لە هەفتەی کۆتایی مانگی یانزە بە ناسنامەیەکی تەزویرەوە کە ناسنامەی کاک قاسمی ئامۆزام بوو و بە تەکسییە لادەکەی هاوڕێیەکی پەیمانگام کاک کوردۆ نەجمەدین کە خەڵکی هەولێر بوو و ماڵی لە گەڕەکی (حەی سەدام) بوو، سەفەرم کرد و چوومە ناحیەی تەقتەق. لە تەقتەق ماڵئاواییم لە کاک کوردۆ کرد و ئینجا چوومە ماڵی خزمێکم و لەوێشەوە لەگەڵ (ئاراس)ی میمکزام کە تراکتۆری هەبوو و ڕۆژانە لە تەقتەقەوە هاتوچۆی گوندی باغەجنێری دەکرد گەیشتمە گوندەکە. لەوێ لە ماڵی (کاکەمەند)ی میمکزام لامدا و مامەوە. چەند ڕۆژی یەکەم بەس زیاتر یەکترناسین بوو و بۆ من وەکو گەشت وابوو. فیرارەکانی (ئەو کەسانەی سەربازی هەڵاتوو بوون) شەوان لە ترسی جاشەکانی ئەسوەدی مەفرەزە خاسەی تەقتەق لەناو گوندەکە نەدەمانەوە

دەچوونە ناو کەپرە هاوینییەکان و یانیش دەچوونە ناو ئەشکەوتەکانی چیای ناسرئاغا. من و میمکزاکەم کە هەر گەنج بوو و هەروەها خاڵۆزاکەم (وەلی) ئەویش هەر لە تەمەنی ئێمە بوو، بووین بە یەک گروپ و ئیتر هەرسێکمان لێک دانەبڕاین. شەوی یەکەم چووینە ناو کەپر نووستین. کەپرێک بوو لە دار و حەسیر دروست کرابوو تا بڵێی نادڵگیر نەبوو. ئەو شەوە یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا لەژێر کەپر بنووم. شەو بەخەبەر هاتم هەستم کرد شتێک لەسەر دەموچاوم دێ و دەڕوا. بە ئاسپایی دەستم برد و گرتم. بینیم مشکێکە و تا توانیم فڕێمدا. بۆ بەیانییەکەی خاڵۆزا و میمکزاکەم (کاکەمەند و وەلی) بەسەرهاتەکەیان دەگێرایەوە و دەیانگوت ئەمەش تەجرەبەیە گوێی مەدەرێ. ئیتر من ڕۆژم دەژمارد و چاوم لە ڕێ بوو تا نامیق کەلاری بێت و بچین ببینە پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیست. ڕادیۆیەکی سانیۆم پێبوو. لەوێش ڕۆژانە گوێم لە ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیست دەگرت. چەند ساڵ بوو یەک هەفتە دەرسەکانی مارکسیزمم نەجات نەدابوو. تەنها ئەو ماوەیەی لە زیندان بووم نەمتوانی گوێی لێبگرم. ئەو ڕادیۆیە سەرچاوەی هەواڵ و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری من بوو. لەو دێیە پێشمەرگەی لایەنە جیاجیاکان دەهاتن، لەوانە (حسک- قادر عەزیز، حشع، یەکێتیی). یەکێتیی بەزۆری دەهاتن. ڕابەری سیاسیی تیپی ٩٣ ی کۆیە یەک دووجار هاتە ئەو دێیە و زۆر سەرنجی منی دابوو. چەند پرسیاری کردبوو هیچی دەست نەکەوتبوو. ڕۆژێکیان بانگی کردم و زۆر بەڕێزەوە پرسی دەتوانم پیاسەیەکت لەگەڵ بکەم. پیاسەمان کرد و لەسەر گردێک بەرامبەر ماڵی میمکزاکەم دانیشتین. پرسی تۆ کەرکووکیت، چی دەکەی لێرە؟

- فیرارم.
- ئەی بۆ لە دێیەکانی کەرکووک فیرار نەبووی.
- ئەم دێیە دێی ماڵی باپیرمە و ئێرە هەموو خاڵۆزا و میمکزامن.

ئیتر هەندێ قسەمان کرد کە گوێی لە زمانی سیاسی قسەکردنم بوو داوای لێکردم ببمە پێشمەرگە و لەگەڵیان بم. منیش ڕەتم کردەوە ببمە پێشمەرگە و ئارەزووی خۆم وا نیشاندا کە دەمەوێت هەر وا بمێنمەوە و چەکدار نەبم.
- بۆ؟
- چونکە بڕوام بە چەکداربوون لە ڕیزەکانی یەکێتیی و هیچ حیزبێکی سیاسی تر نییە.
- ئێمە کۆمەڵەین و کۆمەڵەش ڕێکخراوێکە دیفاع لە خەڵکی هەژار و ڕەنجدەران ئەکات.
- پێموا نییە.
کە وام وت خەریک بوو ڕووخساری تێک ئەچوو.
- چۆن؟
- ئەتوانم دەیان بەڵگەت پێ بڵێم کە دژ بە خواست و بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە.
 - دەتوانم دەیان بەڵگەت بۆ بێنمەوە کە بەرگری لە خەڵکی هەژار دەکات.
بەهەرحاڵ دیار بوو کاکەی ڕابەر سیاسی سەغڵەت بوو بوو، بەڵام کە زانی من پێشتر کۆمەڵە بوومە و وازم هێناوە و هەروەها هەموو دانیشتوانی گوندەکە خزمی منن، ئیتر هیچی تری نەوت. ئینجا ڕووم تێکرد:
- ئەگەر هەر کێشەیەکتان هەیە لەم گوندە نامێنم و ئەڕۆم بۆ جێگایەکی تر.
- نا بەپێچەوانەوە، کێشە نییە. تا لەم گوندەی چیت ویست بە برای خۆت بڵێ و ئازاد بە. کەس هەقی بەسەرتەوە نییە.
لەو گوندە تەنها یەک دوکانی تیا بوو ئەویش دوکانی کاکەمەندی میمکزام بوو. بۆیە چی خەڵک بهاتایە ئەو گوندە و چی هەواڵ هەبوایە لەو دوکانە بوو. منیش بەردەوام لەو دوکانە بووم. لەوێ بەردەوام جەمەدانیم دەبەست و ڕێک وەکو ئەوانم لێهاتبوو لە جلوبەرگ و شێوازی ژیان تەنها شتێک منی لەوان جیا دەکردەوە بیرکردنەوە و قسەکردنم بوو. لەو دێیە تەنها یەک پیاوی لێبوو کە

شیوعی بوو. مناڵەکانی هەموو ناو نابوو جیڤارا و کرێکار و شۆڕشگێڕ و تاد. یەکێتییەکان زۆر سەریان دەخستە سەری و تەنگاویان دەکرد. پاشان زانیم شیوعی بوونەکەی ئەو پیاوە جیددیە بۆ حیزبی شیوعی و پیاوێکی داخراویش نەبوو بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی خۆم نەبووین بە هاوڕێی. بەڵام چاوم لەسەری بوو هەرکات فشاری زۆر بهاتایە دەهاتمە قسە و دیفاعم لە شیوعییەت دەکرد بەو تێگەیشتنە پۆپۆلیستییەی ئەوسای خۆم. ڕۆژێک سەیرم کرد پێش نیوەڕوانێک باوکم پەیدا بوو. دوای چاک و چۆنی لەماڵی هاوڕێکەی خۆی کوێخا سابیر لایدا. منیش تا عەسر لەگەڵی بووم. ئیتر گوتم باوە لێرە شەوان لەترسی جاش و هێرشی سوپا لەناو دێ ناخەوین و ئەچینە ئەو دەشتە و ناو ئەشکەوت دەنووین. گوتی تۆ بڕۆ کوڕم خەمت نەبێ من لای سابیر دەمێنمەوە. ئێمەش من و کاکەمەند و وەلی ئەوشەوە گوتمان چەند ڕۆژە هیچ نەبووە و ئەمشەویش هیچ نابێ و ناچینە دەرەوە و لە ماڵەوە بە نهێنی ئەمێنینەوە. ئەوە بوو ئەو شەوە نەچووین بۆ ئەشکەوت و لە ماڵ ماینەوە. دەمەو بەیانی دنیا هێشتا ڕووناک نەبووبووە لە دەنگی جاشەکان بە ئاگا هاتین و بینیمان چواردەوری گوندەکە گیراوە و ئابلۆقە دراوین. ئەمە ئەو ساتە بوو کە هەرگیز ئاواتەخوازی نەبووین، بیبینین. دەنگەدەنگی جاشەکان تا دەهات ڕوونتر دەبیسترا و خۆشیان نزیکتر دەبوونەوە. گوێمان لە یەک دوو دەستڕێژ بوو. ئێمە لە ژوورەوە بێدەنگ دانیشتبووین. تەنانەت نەمان دەوێرا لە پەنجەرەی ژوورەکەشەوە پەردەکە لابدەین و تەماشا بکەین. ئەو ژوورەی لێی بووین بێجگە لە هەرسێکمان (من و کاکەمەند و وەلی)، خێزانی میمکزاکەم و منداڵێکی دوو سێ مانگەشی لێبوو (هەژار کە ئێستا تەمەنی بیست و چوار ساڵانە). شانسی ئێمە ئەو منداڵە نقەی لێوە نەهات. گوێمان لێبوو یەکێکیان دەیگوت (ها.. ئەوە چییە خۆتان مات کردووە و بۆ نایەنە دەرەوە؟) ترسێکی زۆرمان لێنیشت. ئێمە دامان نا کە گیراین. گوتمان چیمان بە خۆمان کرد، بۆ نەچووین بۆ ئەو دەشتە و ناو ئەشکەوت. چەندجارێک دەنگەدەنگ دەهات و زوو دەنگەکە نەدەما. کاکەمەند بە خێزانەکەی وت بە

ئاسپایی دەرگاکە بکەرەوە و بچۆ هەیوانەکە بزانە چی دەبینی. بەس بە هیچ شێوەیەک هەستت پێ نەکەن. ئەو خانمەش بە ئاسپایی چووە هەیوانەکە و چونکە هێشتا بوومەلێڵ بوو، پێی لە قاپێک نا و زرینگەی هات. بەپەلە هاتەوە ژوورەوە. گوتمان ها چیبوو؟ چیت دیت؟ بە چرپەوە وەڵامی دایەوە: هیچم نەدیت و پێم لەو قاپە هەڵکەوت. دووان لە جاشەکان بەسەر دیوارەکەوە سەرکەوتنە سەربان و بە دەنگی پێیان دەمانزانی وا لەسەربان دێن و دەچن. ئێمەش دڵمان لە سەد و بیست لێی دەدا. بە باشمان نەزانی پەردەی پەنجەرەکە لابدەین و بجووڵێنین نەوەک هەستمان پێبکەن و بزانن لەژوورەوەین، ئەوکات دەبینە نێچیرێکی چەور بۆیان. ئیتر دامان نابوو هەر دەقەیەک بێنە ژوورە، دێنە ژوورەوە. کاتیش تا دەهات هێواش و لەسەرخۆتر دەبوو. ڕەنگە سەعاتێک ئەبوو ئەو ماوەیەی خۆمان بێدەنگ کردبوو. تازە دونیا ڕووناک دەبۆوە هەستمان کرد ئەو دوو کەسەی سەربان دابەزین و دەنگیان نەما. جارجار دەنگی تەقە دەهات و لەدوورەوەش دەنگی دەستڕێژ دەهات. ئەمجارە دیسانەوە بەو خاتوونەمان گوت بە ئاسپایی بچێتە هەیوانەکە و بزانێت چی هەیە. ئەویش بە ئاسپایی ڕۆیشت و یەک خولەکی پێچوو هاتە ژوورەوە و گوتی لەسەر دیوارەکەوە سێ چوار جاشم بینی پشتیان لە من بوو و بەرەو قەراغ گوندەکە دەڕۆیشتن. بەڵام ئەوان منیان نەدی. تۆزێک ئومێدێکمان هاتەوە دڵ. لە ژوورەوە ماینەوە و بێدەنگ نەدەجووڵاین. دنیاش رووناکتر دەبۆوە. ئیتر هەستمان کرد جاشەکان دوور کەوتوونەتەوە و لە دەوروبەری ماڵی ئێمە نەماون. هێشتا نەمان دەوێرا بچینە دەرەوە. بەڵام کە پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەمان لادا و هیچ دیار نەبوو. ئەو خاتوونە چووە دەرەوە و سەیرێکی چوار دەوری ماڵەکەی کرد و دڵنیا بوو هیچ کەس لەو دەوروبەرە نییە و هاتەوە و مزگێنی داینێ. ئەوەندەی نەبرد یەک دوو کەسی دانیشتووی گوندەکە بەوێدا ڕەتبوون بەرەو کانییەکە دەچوون تا هەم خۆیان خاڵی بکەنەوە و هەمیش دەستنوێژ هەڵبگرن بۆ نوێژ. سروشتی گوندەکە وابوو دوو کانی لێبوو لەگەڵ چەمێک و چەند جۆگەلە ئاوێک. چەمەکە پڕ لە

دارهەنار بوو. خەڵک دەچوونە خوار کانییەکە و دەهاتنەوە. سبەینان پیرەمێردەکان هەر یەکە بە مەسینەیەکەوە بەرەو کانییەکە دەڕۆیشتن. چێشتەنگاوانیش ژنان بە تەنەکە لە کانی ژنانەوە ئاویان دەکێشایەوە. پیرەمێردێک بەویدا تێپەڕی و گوتی پێنج کەسیان گرت کە فیرار بوون. گوتمان ئەی چییان لێهات؟ گوتی بەرەو گوندی مخۆڕس چوون. گوندی مخۆڕس چەند کیلۆمەترێک لە گوندی باغەجنێرەوە دوور بوو. ئیتر دنیا تەواو ڕووناک بۆوە و خەڵک هاتنە دەرەوە و ئێمەش چووینە دەرەوە و خۆمان گورج کردەوە بۆ هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی تر. دەنگی تەقە لە گوندی مخۆرس گەرم بوو لەوێ شەڕ دەستی پێکرد. ئێمە وامان زانی گوندی مخۆرس پێشمەرگەی تیایە، بەڵام دوایی زانیمان هێزی پشتگیریی لێیان هاتبوونە دەست و (نافیز) برای سەرۆک جاش (ئەسوەد)یان کوشت. دوو تا سێ جاشی تر کوژران و هێزی پشتگیریش کوژراو و بریندارییان هەبوو. جاشەکان گەڕانەوە و بەرەو تەقتەق. لەکاتی گەڕانەوەیاندا جاشەکان بە دۆشکە کەوتنە تەقە لە گوندی باغەجنێر و ئێمە لە پەنا دیواری مزگەوتەکەوە تەماشای شەڕەکەمان دەکرد و گوللەکان بەر دیواری مزگەوتەکە کەوتن بەڵام بەرز بوون و نزم نەبوون و باش بوو هیچ زیانێکی گیانیی نەبوو. فیرارەکانی ئەو دەشت و هەڵەتەش نەیانوێرا تا درەنگانێ بێنەوە ناو ئاوایی. ئیتر لەوجارەوە دەستی خۆمان داخ کرد و بڕیارماندا جارێکی تر هەڵەی وا دووبارە نەکەینەوە. بۆ چێشتەنگاو باوکمم لە ماڵی کوێخا سابیری هاوڕێی بینی و وایزانی شەوی ڕابردوو لە دەرەوە بووم. باسی کرد کە:

– شەوی ڕابردوو چۆن جاش هاتن و باش بوو لە گوند نەبوون.

– ڕاستە لەبەر ئەم ترسەیە لەناو ئەشکەوت ئەخەوین.

کوێخا سابیریش نەیهێشت دوو ڕۆژ باوکم بڕواتەوە بۆ کەرکووک تا دۆخەکە تۆزێک هێمن بۆوە. ئەوە بوو ڕێگا گیرا و باوکیشم لەو گوندە گیری خوارد. کوێخا سابیر حەزی نەدەکرد باوکم بڕواتەوە و باوکیشم پەلەی بوو. ناچار گوێدرێژێکمان پەیدا کرد و من و وەلی خاڵۆزام بەپێیان و باوکیشم بە سواری

گوێدرێژ لە باغەجنیرەوە تا گوندێکی نزیک کۆیە بردمان و لەو گوندەوە سواری سەیارە بوو بۆ کۆیە و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ باغەجنێر. لەلایەکی تریشەوە لەو ڕۆژە بەدواوە شەوان بە بەردەوامی دەچووینە دەرەوە دەنووستین. لە چیای ناسرئاغا ئەشکەوتێکی لێبوو ناوی (ئەشکەوتی حوسێن)بوو. ئێمە ئەو ئەشکەوتەمان کردە مۆڵگای خۆمان. پاکمان کردەوە و جێگا و ڕایەخمان لەناو دانا لەگەڵ کترییەک و هەندێ چا و شەکر. زۆرجاریش بەشەوان فیرارەکانی ئەو بناری چیایە دەچوونە ڕاوە سوێسکە. چەند جارێک خزمەکانم دەرۆیشتن و من تاقەتم نەبوو. تا سەریان نا بەر سەرم و وتیان چون گەنجێکی و ناتوانی لەگەڵمان بڕ بکەی. منیش بڕیارم دا و شەوێکیان چووین بۆ ڕاو سوێسکە. ڕاو بە لایت دەکرا و کاتێک ڕووناکی لایتەکەت لەناو چاوی سوێسکەکە دەدا، ئیتر سوێسکەی بەستەزمان نەیدەتوانی جووڵە بکات و لێت دەدا یان دەتگرت. ئەو شەو سێ سوێسکەمان ڕاو کرد. دوانیان وەلی خاڵۆزام بە لایت گرتنی و دانەیەکیش من بە دارلاستیک لە قەدپاڵێکەوە هێنامە خوارەوە و بردمانەوە ئەشکەوت و برژاندمان و خواردمان. (گەر ئێستا بووایە دەمم لێ نەدەدا) ئەم ڕاوکردنەش تەجرەبەیەکی نوێ بوو بۆ منێک کە خەڵکی شار بووم و هەرگیز ڕاوم نەکردبوو. ئەو ڕۆژە ئاسایی تێپەڕی و بۆ سبەی شەو ئێمە لەناو ئەشکەوتەکە دانیشتبووین و خەریکی قسە و گفتوگۆ بووین، حکومەتی عێراق لە کۆیەوە کەوتە تۆپباران کردنی چیای ناسرئاغا. ڕەنگە ١٠ تا ١٥ تۆپی نا بە چیاکەوە. بۆ ڕۆژی دوایی بیستمان حکومەت وتبووی شەوان لەو چیایە لایت دەبینین بەردەوام لە جووڵەدان. ئیتر ئەنجوومەنی دێ بڕیاری دەرکرد شەوان ڕاوکردن لەچیای ناسرئاغا قەدەغەیە لەبەر سەلامەتی گیانی فیرارەکان. خاوەن بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیش بریاریان دا خواردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لەلایەن فیرارەکانەوە ڕێگەپێدراو بێت. ئیتر بە ئارەزووی خۆمان گیزەر و بیبەری سەوز و هەنار و توورمان دەخوارد. بەیانیانیش ڕادیۆی بەغدا بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری هەبوو، کە ئێستا ناوی بەرنامەکەم بیر نەماوە باسی لە ئەدەب و ڕۆشنبیریی و

هونەر دەکرد. بەیانیانێک بەدەم ڕێگاو لە ئەشکەوتەوە بەرەو دێ دەبوومەوە، گوێم لە بەرنامەکە دەگرت کە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند (شەماڵ سائیب)م بەرگوێ کەوت. چەند ڕۆژێکی تریش وا تێپەڕین و کاک نامیق هەر دیار نەبوو. خەریک بوو بێئومێد دەبووم لەوەی کاک نامیق بێت، بەڵام دڵی خۆم بەوە خۆش دەکرد کە کەلار دوورە و بە پێیان ڕەنگە مانگێک ببات تا دەگات بە کۆیە. ئیتر هەر چاوەڕوان بووم. ڕۆژێکیان لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کۆیە کۆپتەر تووشی دەبێت بە کۆمەڵە خەڵکێک و سیانیان چەکیشیان پێ دەبێت و هەر هەموویان دەکوژێت. ئەو ڕۆژە کارەسات بوو و دنیا وەک دەڵێن بۆنی خوێنی لێدەهات. چەند نەفەر لە باغەجنێر و دێهاتەکانی ترەوە چوون بۆ هاوکاری و گۆڕ هەڵکەندن. سبەینانێک کوڕێکی خزمی دایکم لە باغەجنێر منداڵێکی کوڕی سێ چوار ساڵانەی هەبوو سواری گوێدرێژێکی کردبوو و هەندێ زەخیرەیان پێبوو بەرەو ئەشکەوتێک دەچوون. سەرنجمدا منداڵەکە لەسەر پشتی کەرەکەوە ئەمەی دەگوت (دەچمە سەر ئەستێرەی سیوەیل، مردن هەق مردن هەقە). بەردەوامیش هەر ئەمەی دەوتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم تەماشا ئەم منداڵە بچووکە چ ترسێک چۆتە دڵییەوە؟!

ماوەی مانگێک و یەک ڕۆژ واتە ٣١ ڕۆژ لە گوندی باغەجنێر من چاوەڕوانی کاک نامیق کەلاری بووم و دیار نەبوو. ئەم دەرنەکەوتنەی کاک نامیق بووە هۆی ئەوەی نەخشەی چوونم بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵوەشێنمەوە و بە ناچاری لە عێراق بمێنمەوە . مانەوەش زۆر سەخت بوو. بۆیە دوای مانگێک چاوەڕوانی بە کاکەمەندی میمکزام و وەلی خاڵۆزام ڕاگەیاند کە:

- من دەمەوێت بگەڕێمەوە هەولێر.
- چۆن دەگەڕێیتەوە؟
- دەمەوێت بچمە دەشتی هەولێر.

ئەوانیش ئامادەکارییان بۆم کرد و عەسرانێک من و وەلی خاڵۆزام و کوڕێکی کوێخا سابیری هاوڕێی باوکم کە ناوی جەبار بوو بە پێیان خۆمان سازدا و

دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، کەوتینە ڕێ. مەغریب بوو دنیا تەواو تاریک بوو. دەبوایە بەو شەوە ڕێ بکەین و ئەو شەوە ڕێمان هەڵە کرد و بەرەو ڕووباری کۆیە ڕۆیشتین و پاشان ڕێیەکەمان دۆزییەوەو ئینجا بەلای چەند ڕەبایەیەکیش تێپەڕین.. ئەوان شارەزا بوون بەڵام من وەکو کوێر وابووم و شوێن پێی ئەوانم هەڵئەگرت. لەناکاوێک بینیم جەبار و وەلی خۆیان کوتا بە زەوییەکەدا و منیش وەکو ئەوان خۆم دا بە ئەرزەکە. من هیچم نەبینی. بەڵام ئەوان وریاتر بوون و تارمایی پیاوێکیان بینیبوو. ئینجا هەڵساینەوە و هەرچەندە هەرسێکمان دار و گۆچانمان پێبوو و من قەڵەمبڕێک و ئەوانیش خەنجەریان پێبوو بەڵام بێچەک بووین. ئەو شەوە تاریکییەکەی بێتام بوو و چاو چاوی نەدەدی. چەندجار کەوتین و هەڵساینەوە و تا سەرەنجام گەیشتینە دێیەک کە ناوی تاڵەبان بوو. تاڵەبانی خوارووو و ژووروو هەردووکیان ڕووخا بوون. بەڵام لەناو تاڵەبانێکیاندا کە نازانم کامەیان بوو و لەپەنای خانووە ڕووخاوەکانداماڵێکی نیمچەڕووخاو هەبوو دوو ژووری تیا بوو و ئاوەدان بوو. لە دەرگاکەمان دا و کابرایەک دەرگای کردەوە. داوامان کرد کە شەو ڕێمان بدەن لایان بمێنینەوە. خاوەن ماڵەکەش زۆر بەرێزەوە پێشوازی لێکردین. دیار بوو تازە زاواش بوو و چەند ڕۆژێکیش بوو هاوسەرگیریی کردبوو. ئەو شەوە لەو ماڵە ماینەوە و بۆ سبەێنێ زوو نانمان خوارد و بەری کەوتین بەرەو گوندی خەرابە. لە خەرابەش پێشمەرگە کۆبووبوونەوە و ڕابەر سەید برایم سەرتیپ بوو و کۆپتەر لە ئیلنجاغ هێزی پێشمەرگەی کردبووە ئامانج. جەبار و وەلی تراکتۆرێکیان بۆم تەرتیب کرد و تەئکیدیان لە کابرا کردەووە کە نەشارەزام و بە ئەمانەت بمبات و بمداتە دەستێکی ئەمین تا دەگەمە دەشتی هەولێر. ئەوە بوو ماڵئاواییم لە هاوڕێکانم جەباری کوێخا سابیر و وەلی خاڵۆزام کرد. ئەوان گەڕانەوە بۆ گوندی باغەجنێر و منیش بە سواری تراکتۆر و بە دۆڵی قەشقە و لێوار زێی بچووک شۆڕ بووینەوە بەرەو ئاراستەی پردێ. ئەو دۆڵە تا بڵێی دڵگیر و دڵڕفێنە. جادەکە بە تەریبی بە لێواری زێی بچووک ڕووە و باشووری ڕۆژئاوا دەکشا. زۆربەی

خاوەن کێڵگەکان کەپری هاوینەیان دروست کردبوو و شەوان لەژێر ئەو کەپرانە دەنووستن. عەسر تراکتۆرەکە لەلای کەپرێک لایدا و ئەویش منی سپارد بە خێزانێک کە لە ژن و پیاوێک و پیرەمێردێک پێکهاتبوون. هەرچەن لە دڵەوە تۆزێک دەترسام، بەڵام گەلێ لەجاران خۆم هەستیارتر و وریاتر کردبۆوە. ترسی ئەوەم هەبوو بکەومە دەست کەسێک و تەسلیمم بکاتەوە بە حکومەتی عێراق. کابرای خاوەن کەپرەکە شەو هەندێ پرسیاری کرد و دەویست بزانێت من چیم و کێم و بۆ کوێ دەڕۆم. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی خۆم ناساند کە کەسێکی ئاساییم و دەمەوێت سەردانی هەندێ خزمم بکەم لەدەشتی هەولێر. گوتی بەیانی زوو دەڕۆین. بەیانییەکەی زوو بەرێکەوتین. هەر من و ئەو بووین. تراکتۆرەکە ڕۆیی و لە دۆڵی قەشقە تێپەڕی بەرەو بەرزاییەکانی پردێ. لەوێ ترسام. گوتم بۆ کوێ دەڕۆی؟ گوتی جادەکە لەوسەرەوە دەسوڕێتەوە. واش بوو جادەکە سووڕایەوە و بەرەو دێهاتەکانی پشت شێراوە و ئینجا من هەوڵم ئەدا سوود لە هەموو شتێک وەبگرم. زۆرجار لەگەڵ باوکم سەفەری هەولێرم کردبوو و هەمیشە کە دەگەیشتینە لای گوندەکانی نزیک جادە لەنێوان پردی و قوشتەپە، بەتایبەتی گوندی دۆڵەبەکرە، باوکم دەیوت میمکزایەکم لەم گوندەیەی پشت دۆڵەبەکرەیە و خزمی خۆمانە. ئەوەبوو لە کابرای تراکتۆرم پرسی چەند لەو گوندەوە دوورین؟ وەڵامی دایەوە نزیکین. پاش ماوەیەک وەستا و گوتی لێرە دابەزە و بە پێیان برۆ ئەوە دێیەکەیە. بەو بەیانییە زووە بە تەنها و بەپێیان کەوتمە ڕێ بەرەو ئەو گوندەی کە نەمدەزانی نە ناوی چییە و نە کێی لێیە و بەو ئومێدەی کەسێک نان و چایەکم بداتێ و بەرەو گوندی ماڵی ئەو خزمەم ئاراستەم بکات.

کە لە تراکتۆرەکە دابەزیم زۆر سوپاسی کابرام کرد و بەپێیان زۆر بە گورجی و خێرا بەرەو گوندەکە هەنگاوم نا. ئەو خێراییەشم لەبەر دوو هۆ بوو. یەکەم لەترسی کۆپتەر نەوەک لەو دەشتە تووشم ببێت و تیا بچم. دووەم لەترسی ڕەوە سەگ، کە ئەو سەگانە زۆر دڕن و غەریبێک ببینن هێرشی بۆ دەبەن. خێرا

خۆم گەیاندە ماڵێکی قەراغ گوندەکە و لە دەرگام دا. دەرگاکە لە پلێت دروستکرابوو و دیوارەکە زۆر نزم بوو. ئافرەتێک دەرگای کردەوە و پرسیم مێوان ڕادەگرن بۆ یەک دوو سەعاتێک. بەڵێ مێوان لەسەرچاوان فەرموو وەرە ژوورەوە. ئافرەتەکە گەنج بوو تەمەنی لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵێک دەبوو. پێشم کەوت و بەرەو ژووری مێوان ئاراستەی کردم. کە چوومە ژوورەوە پیاوێکی لێبوو کە دیار بوو هاوسەری ئافرەکەتە بوو و پیرەژنێکی لێبوو و لەگەڵ کچێکی تر. پیاوەکە کە کوڕێکی گەنج بوو قاچی لەجێ چووبوو. بە دار شەقە ڕێی دەکرد. دانیشتم و ئەوانیش هەر دەستوبرد چاییان ئامادەکرد و ماستیان هێنا و کەوتینە نان خواردن. پرسیاری ماڵی ئەو خزمەم کرد لەو گوندەی کە لێی دەژیان و ئێستا لەم کاتەدا ناوی گوندەکەم لەبیر نەماوە. دیار بوو ئەو ماڵە ماڵی خزمەکەی منیان دەناسی. ئەوەبوو زۆر هەوڵیاندا بمێنمەوە و پشوو بدەم، بەڵام من پەلەم بوو و دەمویست بە زوویی بگەمە ماڵی ئەو ناسیاوەم. پیاوەکە بە دارشەقەکەیەوە لەگەڵم هات و تا دەرەوەی گوندەکە و ئینجا لە بەرزاییەکانی پشت گوندەکە ڕێگاکەی نیشان دام و ئەو گەڕایەوە ماڵەوە و منیش بە پێیان ملی ڕێم گرت و نزیک بە چل و پێنج دەقەیەک گەیشتمە گوندەکە. پرسیاری ماڵی ئەو ناسیاوەم کردو دۆزیمەوە. چوومە ماڵیان و نەمیان ناسی، دوای ئەوەی خۆم ناساند و ئیتر ئەو میمکزایەی باوکم ئەملا و ئەولای ماچ کردم و بە پەلە ئاویان گەرم کرد و داوایان لێکردم خۆم بشۆم و ئەوەبوو خۆم شووشت و جلەکانم شۆردران و نانێکی خۆشیان بۆم ئامادە کرد و لەهەمووی خۆشتر کارەبایان هەبوو و تەلەفیزیۆنیان هەبوو. ماوەیەک بوو تەلەفیزیۆنم نەدیبوو. ئەو شەوە لەماڵ ئەو خزمەمان بووم و بۆ سبەینێ ئەو میمکزایەی باوکم کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەبوو، دیار بوو لەگەڵ هێزێک قسەی کرد و ئەوانیش زۆر بە جیددی وتیان خەمت نەبێ ئێمە دەیگەێنینە گوندی سۆربەش. لەو گوندە دەمزانی ماڵی ئامۆزازایەکی باوکمی لێیە و ساڵی ١٩٨٠ کوڕێکی پێشمەرگەی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بوو

و لەگەڵ یانزە پێشمەرگەی تر، دەکەونە کەمینی جاشەکانی مەلا عوزێر قوشتەپەیی سەرجەمیان بە دیل دەگیرێن و یەک پێشمەرگەیان سەر بە موخابەراتی بەعس بوو، ئەویان ئازاد کرا و ئەوانیتر واتا ئەو خزمەم و ١٠ پێشمەرگەی تری هاوڕێی ئیعدام کران. ئینجا بۆ پرسەکەی چووینە سۆربەش. بەوە دەمزانی ئەو خزمەش لەوێیە. بەهەرحاڵ بۆ سبەینێکەی لەگەڵ فەرماندەی کەرت بە پیکابێکی تۆیوتا کە چوار پێنج پێشمەرگەی تیا بوو سوار بووم و چووینە دۆڵەبەکرە و قەدەرێ لەوێماینەوە تا عەسر داهات و ئینجا پێشمەرگەکان چوونە سەر جادەی هەولێر و دوای ماوەیەکی کورت پیکابێکی شینیان لە کەسێکی عەرەب سەند و هاوردیان. ئیتر بووینە دوو سەیارە و مەغریب لە جادەی گشتی بە تەنیشت ڕەبایەکەوە پەڕینەوە، دیار بوو ڕەبایەکە کە سەرباز بوون لەگەڵ پێشمەرگە تەنسیقیان هەبوو. بەبەرچاویان بە دوو سەیارەوە پەڕینەوە و بەرەو گوندی سۆربەش چووین. من لەپشتەوەی پیکابەکە لەگەڵ دوو پێشمەرگە سوار ببووم. پێشمەرگەکان پرسیان سەربازی هەڵاتوویت؟ وەڵامم داوە بەڵێ. هەندێ گاڵتەیان بە سەربازی هەڵاتوو کرد و بە ترسنۆکیان لەقەڵەم دا کە بۆچی نابنە پێشمەرگە. منیش گاڵتەم بە عەقڵیان دەهات و لەناو ئەو هەڵبەزە و دابەزەیەی پشتی پیکابەوە پێکەنیم و هیچم نەگوت. دوای مەغریب گەیشتینە گوندی سۆربەش. ئامر کەرتەکە خۆی بردمی بۆ ماڵی ئەو خزمەمان. لەمەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو میمکزایەی باوکم زۆر جێی متمانەی هێزی پێشمەرگەیە بۆیە کە تەکلیفی لێیان کرد، ئەوانیش بە جوانی ئیشەکەیان ڕاپەڕاند. چوومە ماڵی مام سلێمانی خزمم و فەرموویان کردم و نەمیان ناسی. دوای خێرهاتن ڕووم لە ئامۆزای باوکم کرد،

– مامە چۆنیت؟ کە گوتم مامە، مام سلێمان یەکسەر سەیری کردم و گوتی ناتناسمەوە، تۆ کێی؟ گوتم کوڕی فلان کەسم، ئیتر ماچی کردم و بەو ئێوارە درەنگە خواردنیان ئامادە کرد و شەو لەوێ مامەوە. شەو گەلێ قسەوباسمان کرد و پرسیاری هێزی پێشمەرگەی دەکرد بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی

سۆشیالیست و جەماعەتی قادر عەزیز. ئیتر من پێمگوت دەمەوێ بچمە ناو هەولێر. گوتی من ڕۆژانە مامۆستام هەیە و لەنێوان هەولێر و دەشتی شەمامک هاتووچۆمە. خەمت نەبێ بەیانی زوو دەتگەێنمە هەولێر. مام سلێمان قەمەرەیەکی تەکسی هەبوو، بەیانی زوو سواری کردم و چێشتەنگاو گەیشتینە گوندی قەتەوی لەبن هەولێر و ئینجا گوتی لێرەوە لەم ڕێیە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە کە بۆ کرێکاریی دەچنە هەولێر بەپشت سەیتەرەوە برۆ و کەس داوای هەویەت لێناکات. ئەو ڕۆشتەوە و منیش لەگەڵ کرێکارەکان بەپشت خاڵی پشکنینی حکومەتی بەعس چوومە ئەودیوەوە و خولەکێکی برد و نەبرد، تەکسییەک پەیدا بوو دەستم لێ ڕاگرت و چوومەوە ناو هەولێر. بە شوفێری تەکسییەکەم گوت بمگەێنێتە گەڕەکی حەی عومال کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (گەڕەکی کرێکاران). ئەو گەڕەکە لە خانووەکانی کارگەی نەسیجەوە دەستی پێدەکرد تا گردەکانی کلک مشک و لەولاشەوە لە جادەی گشتی هەولێر – مەخموورەوە تا لەمسەر دەگەیشتەوە بە گەڕەکی حەی عەسکەری کە ئێستا ئەمیش ناوەکەی گۆڕاوە بە گەڕەکی نەورۆز. چوومەوە ماڵی براکەم و جلەکانم گۆڕی و خۆم شووشت و ڕەنگ و ڕووم هاتەوە بەر. پیاسەیەکم بەناو کۆڵانەکاندا کرد و چوومە ماڵی یەک دوو خزم. بە کوردییەکەی خەڵک ماوەیەک بوو نەمیان بینیبوو، ئەوا بینیمیان. ماڵی کابرایەکی جاش چەند ماڵێک لەولای ماڵی براکەمەوە بوو، جاش خەفیفە بوو. ئەو جاشە چونکە ماوەیەک بوو لەو گەڕەکە بوو هەموومانی دەناسی بەتایبەتی ئامۆزاکانم و براکەم. بۆ شەوەکەی دوای ئەوەی هەموو نووستین، نیوەشەو کاتێکمان زانی بووە زرم و هۆڕ. دەنگی تەقە دونیای کاس دەکرد. گوێم لێبوو و هەورەها ئاگاشم لێبوو لەسەر بانی ماڵی ئێمەوە تەقەیان دەکرد. ئێمە نەمان وێرا بچینە دەرەوە تا بزانین چی گوزەراوە. بۆ نەگبەتی من ئەو شەوە مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی چالاکی دەکەن و هاتبوونە ناو شار و ئەو جاش خەفیفەیان کردبووە ئامانج و لە دوو سێ لاوە لێیان دابوو، ئەو جاشە بە بێجامەوە لەسەر دیواری پشتەوەی ماڵەکەی هەڵاتبوو و نەجاتی

ببوو. بەڵام سەیارە سوپەرەکەی و ماڵەکەی و خانووەکەی سووتان. بۆ بەیانییەکەی دەوروبەری سەعات هەشت و نۆ، حکومەت هاتن و کەوتنە کەشفکردن. منیش جگە لەوەی فیرار بووم و لەگەڵ کۆمەڵێ گەنجی تر کە ئەوانیش هەر فیرار بوون لەو سەری کۆڵانەکە وەستابووین و من تەسبیحێکم بەدەستەوە بوو. ئامۆزایەکم لەنزیک جاشەکەوە وەستابوو و گێڕایەوە و گوتی گوێم لێبوو جاشەکە دەیگوت (ها ها دەبینین پێشمەرگەی هێنایە سەرم و خەریک بوو بمکوژن و تەسبیحیش با ئەدا). ئامۆزاکەشم لێی دەپرسێت مەبەستت کێیە؟ جاشەکەش دەڵێ مەبەستم عەبدوڵای ئامۆزاتە. ئینجا ئامۆزاکەم دەڵێ (فلان گوێ بگرە عەبدوڵا ئامۆزامە و هیچی نەکردووە و ئاگای لە هیچ نییە. وەڵڵاهی بگێرێت یان ناوی بدەی خوا عالیمە یان من ئەبم یان تۆ ئەبیت. من وا ئەڕۆمەوە لەماڵی خۆم دائەنیشم و فەرموو ئەوە حکومەت و بەگرتی بدە) ئەو ئامۆزایەم کاتی خۆی چەندین ساڵ لەگەڵ ئەو جاشە پێشمەرگەی پارتی بوونە و پێکەوە دەیان چالاکیان ئەنجام داوە. ئامۆزاکەم هات و بانگی کردمە پەنایەک و مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە و گوتی بڕۆ هەفتەیەک خۆت ون بکە و نەیەیتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم بزانە من خەریکی چیم و بەنیازی چی بووم و تووشی چی هاتم؟ ئینجا وەرە دوو برا هەردووک فیرار و جاشێکیش گێچەڵتان پێبکات. ناچار چوومە ماڵی خزمێک و خۆم دوور خستەوە. بەڵام کابرای جاش وازی نەدەهێنا و بە شێخ عوبێدی دراوسێمان جوابی ناردبوو بۆ باوکم بۆ کەرکووک و گوتبووی کوڕە گەورەکەی نا، بەڵام کوڕە بچووکەکەی لە هەر شوێنێک ببینم دەیکوژم. باوکیشم بێمنەتانە وەڵامی بۆ ناردبۆوە و گوتبووی پێی بڵێن بێمنەت بێ. کوڕی من ئەو ئیشەی نەکردووە و ئەگەر پیاویشە با یەخەی کوڕەکان بگرێ نەک یەخەی من. باوکم بەو تەمەنە کەڵکی ئەوەی پێوە نەبوو. باوکم هات بۆ هەولێر و مەوزوعەکەی باس کرد و منیش نامەیەکی توند و بەزمانێکی لە ڕادەبەدەر زبرم بۆ جاشەکە نووسی و ئەوەم تیا باس کردبوو کە من ئاگام لەو شەو بەسەردادانەدا نەبووە و نییە و ئینجا تۆ چەکداری و ئێمەش چەکدارین و منەتت

نازانین و ئەگەر پیاویت وەرە شانشی خۆت تاقی بکەرەوە یان تۆ ئەبیت یانیش ئەتکەینە عیبرەتی زەمانە. نامەکەم دایە باوکم و باوکیشم نامەکەی برد و دایە دەستی شێخ عوبێد و شێخ گوتبووی بەشەرەفم حاجی سلێمان، عەبدوڵا مەرد و پیاوە و چاونەترسە. ئینجا شێخ ناوەڕۆکی نامەکە بە کابرای جاش ئەڵێ و ئیتر دوای ئەو نامەیە جاشەکە کپ بۆوە و دەنگی نەما و ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمزانی چی لێهات و کەوتە کوێوە. ئێمەش دوای دوو سێ هەفتە ماڵەکەمان گواستەوە و چووینە جێگایەکی تر و هەندێک لەو شوێنە دوور کەوتینەوە. ماوەیەک ئاوا تێپەڕی و هەستم ئەکرد وەزعەکە بەهۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە بەرەو خراپتر دەڕوات. ناسنامەیەکی پەیمانگای تەندروستیم تەزویر کرد کە ناسنامەی قاسمی ئامۆزام بوو. بەڵام چونکە تەزویرەکە باش نەکرابوو ، هەستت پێ دەکرد و کەسێکی زیرەک و شارەزا بیبینیایە یەکسەر دەیزانی ئەوە تەزویرە. هەرچۆنێک بێت بوونی ئەو تەزویرە باشتر بوو لە نەبوونی هیچ. چونکە زۆرجار مەفرەزەی موشتەرەکە هەبوو کە لە پۆلیس و ئەمن پێک دەهاتن و زۆرجار پۆلیسەکان خوێندەوارییان نەبوو. بۆیە بوونی ناسنامەیەکی لەمجۆرە دەیخوارد. شەوێکیان ژانی گورچیلەم گرت و ئازار خەریک بوو ڕوحی دەردەکردم. عەبدوڵای ئامۆزام لادایەکی تەکسی هەبوو و شەو سەعات یانزەی شەو بوو بردمی بۆ نەخۆشخانەی گشتی هەولێر. لەوێ پرسیان ئیشی چییە خزمەکەم وەڵامی دایەوە کە قوتابی زانکۆم. دوای پشکنین دەرکەوت گورچیلەم بەردی هەیە و هەندێ حەبیان بۆ نووسیم و چارەسەرەکانم وەرگرت و چاک بوومەوە. لەو سەردەمە واتە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بزووتنەوەی چەپ بریتی بوو لە چەند ڕێکخراوێک وەک یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران کە لەڕاستیدا ئەوکات کارگەران نەمابوو و ڕەوتێک هەبوو بەناوی (کۆمۆنیست) چالاکی دەکرد. ڕێکخراوی بەرزە هەبوو. گرووپی کار دەنگیان نەمابوو. ڕێکخراوی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست(کۆتک) و پرۆلیتاریای کۆمۆنیست و بڵێسە هەبوو. چەند نووسراوەیەک لەناو ئەو بزووتنەوەیە دەردەهاتن و بڵاو دەکرانەوە کە بەدەست

لەسەر کاغەزی تەنک دەنووسرانەوە. من پەیوەندیم بە هاوڕێ جەماڵ کۆششەوە زۆر لاواز ببوو و ماوەیەک بوو هیچ نووسراوەیەکم نەبینیبوو. خوێندنەوەم بریتی بوون لەوکتێبانەی کە لە ناو کتێبخانەکەی قاسمی ئامۆزام هەبوون. بەڵام فۆکسی من لەو کاتە بریتی بوو لە خۆپارێزی و خۆپاراستن لەوەی نەکەومە دەست بەعس و بگیرێم. ئەمە زۆر بنچینەیی بوو بۆم. من پێچەوانەی ڕەفتاری فیرارەکانی ئەوکاتی هەولێر کە لەپشت ماڵەکان کۆ دەبوونەوە تۆپێنیان دەکرد یان خۆیان سەرقاڵی یاری گولان دەکرد، من هەمیشە ئامادە و وریای چوار دەوری خۆم بووم و هەمیشە خۆم بۆ ئەگەرێکی نەخوازتراو ئامادە دەکرد. لەملاشەوە بە خشکەیی لەژێرەوە خەریک دڵداری بووم و بێ ئەوەی زەحمەتییەکی ئەوتۆی تیا بێت توانیم لەگەڵ کچێکی ناسیاومان سوهەیلە قادر ببمە هاوڕێ و تەنانەت هاوسەرگیریش بکەم. لەگەڵ ئەو کچە سەرەتا باسی سیاسەتمان کرد و ڕێککەوتین لەسەر بنەماکانی مارکسیزم و زۆرم هەوڵ لەگەڵدا و دەستم پێوە گرت و تەنانەت مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگڵسم بۆی کورت کردبۆوە و لە دەفتەرێکدا بە زمانێکی سادە بۆم نووسیبووۆوە. لەسەر تەواوی وردکاری تێکۆشان و خەبات کۆک بووین. چیرۆکی خۆشەویستی ئێمە لەوپەڕی سادەییەوە لەدایکبوو. دوو ئینسان بووین هەموو ڕێکارە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانمان بەلاوە بەهانە بوو. بەڵام ناچاریش بووین ئەو بەهانانە بببڕین بۆ ئەوەی بتوانین وەک دوو بوونەوەری کۆمەڵایەتی، وەک دوو خۆشەویست بژێین.. هەردوو بۆ مارکسیزم و چینی کرێکار تێدەکۆشاین و هاوڕێی یەکتر بووین. هەمیشەش باسی ئەوەمان دەکرد وەکچۆن بە چەپکە گوڵێک هاوسەرگیریمان کردووە و سبەینێ گەر جیاش بینەوە هەر بەو چەپکەگوڵە جیا دەبینەوە. هەرواشمان کرد، دوای نۆ ساڵ پێکەوە بوون، وەک دوو ئینسان و دوو هاوڕێ جیا بووینەوە. سوهەیلە جگە لە کاری دەرەوە کە لە کاگەی نەسیج کاری دەکرد، لەهەمان کاتیشدا زۆر لە من زیاتر ئاگای لە منداڵەکان بوو، گەرچی منیش درێغیم نەئەکرد لە یارمەتیدانی.بەڵام قورساییەکە

زیاتر لەسەر شانی ئەو بوو. کاری ئەو ببووە هۆی دابینکردنی ئەو هەموو ئیمکاناتە سیاسیی و داراییە کەلەو سەردەمەدا کەم نەبوو بۆ ئێمەی کۆمۆنیست کە بتوانین ڕەگ لەناو کارگەکاندا دابکووتین. سەرەتای هاوسەرگیرییەکەم تا بڵێی کەمدەرامەت بووم و لەماڵی براکەشم بەهۆی مەسەلەی ئەمنییەوە نەمدەتوانی بژیم و ماوەیەک لە ماڵی غەزوورم ژیام و هەندێکیش لەم ماڵ و ئەو ماڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوسەرگیرییە گەلێ سوودی پێگەیاندم. لەهەموویان گرنگتر لەو بێ جێگا و شوێنییە نەجاتم بوو و هەروەها هاوسەرەکەم لە کارگەی نەسیجی هەولێر دامەزرا و بەوەش مووچەیەکمان هەبوو کە ئیدارەی پێبکەین و لە هەمووشی خۆشتر کارگەی نەسیج خانووی دەوڵەتی داینێ و دوای ماوەیەکی کەم بە ٤٠٠ دینار خانووەکانی لەسەر تاپۆ کردین و بووین بە خاوەنی خانووی خۆمان. ئەمە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و گرنگ بوو لە ژیانم. ئەم جێگیربوونە بووە مایەی ئەوەی بتوانم لە ڕووی سیاسییەوە بەرچاو ڕوونییەکم هەبێ تا بزانم چی دەکەم و چی ناکەم. خانووەکەمان ژوورێکی دانیشتن و ژوورێکی نووستن لە خوارەوە بوون لەگەڵ دوو ژووری تر لەسەرەوە. واتا جێگا و ڕێگام زۆر بوو. لەم ڕێگەیەشەوە توانیم پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەگەڵ کرێکارانی کارگەی نەسیج دروست بکەم. ئەم مەوقیعیەتەم بووە جێگای سەرنجی ڕێکخراوەکانی چەپی ئەو سەردەمە و لەهەمووشیان زیاتر بووە جێی بایەخی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. ڕۆژێکیان هاوڕێ جەماڵ کۆششم بینی لەناو بازاڕی هەولێر. جەماڵ ئەوکات قوتابی کۆلیژی پزیشکی بوو لە زانکۆی سەڵاحەدین. کە بینیمی جگەرەیەکی دامێ و دوای ئەوەی زانی وەزعم زۆر خراپە هەندێ پارە (دە پازدە دینار)ێک کۆمەکی کردم. ئیتر لەگەڵ جەماڵ باسی ئەدەب و سیاسەتمان کرد و جەماڵ کۆشش چەند جارێک هات سەردانی کردم. هاوڕێ جەماڵ بە بۆنەی هاوسەرگیرییمەوە (نەوار) شریتێکی تازەی هونەرمەند (نەجمەی غوڵامی) بۆ کردمە دیاری. گفتوگۆکانی من و جەماڵ کۆشش لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و

مەسەلەکانی فۆرمی ئەدەبی و ئیستاتیکا و ئیلتزامی چینایەتی ئەدەب و نووسەر بوو. ئەم گفتوگۆیانە بوون بە هەوێنی دروست بوونی ڕێکخراوێکی ئەدەبی کە لە مێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان بە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) ناسرابوو، ڕێکخراوێک بوو لە مێژووی خۆیدا تا هەتایە لاپەڕەکانی جێی شانازین.

# چۆن حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات؟

ساڵی ١٩٨٧ هاوڕێ جەماڵ کۆشش زوو زوو سەری لێ دەدام و خۆشم زۆرجار ئێواران لەناو بازاڕی هەولێر لای ئەسواق سیروان و شەقامی باتا دەمبینی. قسەکانمان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی، نووسەرانی کورد، کتێبێ تازە، ئەدەبی کۆمۆنیستی... تاد بوو. جەماڵ تا بڵێی جیددی بوو بەڵام پەرت بوو، کەسێک بوو پاک و دڵسۆز و بەوەفا و هەمیشە حەزی دەکرد لە گفتوگۆ و تەنانەت لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش هەندێک لە سنووره تەقلیدییەکانی دابونەریت ببەزێنی. بۆیە قسەکردن لەگەڵیدا تام و چێژی خۆی هەبوو. ئەو گەرچی کێشەی هەبوو لەقسەکردندا لە ئەنجامی برینداربوونەکەی، بەڵام تا بڵێی ڕێکخەرێکی باش بوو. پەیوەندییەکی بڵاوی هەبوو لە ناوەندی زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جەماڵ زۆر گوێی بەلایەنی ئەمنی نەدەدا، یان باشتر بڵێم بایەخدانەکەی بەپێی پێویست نەبوو. بۆیە کە نووسینێکی دەنووسی و دەیدایە هاوڕێکانی بۆ خوێندنەوە، هەموو کەس دەیزانی جەماڵ خۆی نووسەرەکەیە. ئەو سەردەمە نووسینێکی لەسەر ڕۆمانی (شار)ی حوسین عارف نووسیبوو و کەم کەس هەبوو ئەو نووسینەی نەیبینیبێت. هاوڕێ جەماڵ سەرەتا بە ناوی (شۆڕش هیومانیست)ەوە شتەکانی دەنووسی و تەنانەت نووسینەکەی لەسەر ڕۆمانی شاریش هەر بەو ناوەوە ئیمزا کردبوو. بۆیە کاتێک کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند و ئەو نووسینە بڵاو بۆوە بە ناوی جەماڵ کۆشش، زۆر کەس دەیزانی جەماڵ کۆشش کێیە. هاوڕێ جەماڵ قسەوباسەکانی لەگەڵ من و لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەکرد کە ئەوکات هاوڕێ نەوزاد قوتابی بوو لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەشی زمانی عەرەبی. من جگە لەوەی پێشتر

هاوڕێ نەوزادم دەناسی و ئاگاداری پاشخان وباگکراوندی بووم، بۆیە لە نزیکبوونەوە لێی سڵم نەکردەوە و تەنانەت زۆریشم پێخۆش بوو کە پەیوەندییەکەمان گەیشتۆتە ئاسێک، قسە لەسەر پێویستی ڕێکخراوێکی ئەدەبی بکەین. ماوەی چەند مانگێک ئێمە یەکترمان دەبینی و چەندین شەویش ئەو هاوڕێیانە جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لەماڵی ئێمە مانەوە و شەوان تا بەرەبەیان گفتوگۆمان دەکرد تا سەرەنجام توانیمان لە مانگی شەش بگەینە فۆرلمۆڵبەندییەکی بنەڕەتی سەبارەت بەو ڕێکخراوە. ئەوە بوو ناوی ڕێکخراوەکەمان نا (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و بۆ دەرکردنی گۆڤارێکیش من پێشنیاری ناوی (ڕابەر)م کرد و پەسند کرا و کاردابەشکردنێکمان لەنێوان خۆماندا دانا. هەر لەو سەروبەندە من نازناوی (مەشخەڵ)م بۆ خۆم هەڵبژارد. مەشخەڵ یەکەمین نازناوی ئەدەبی کۆمۆنیستی منە و تا من بمێنم لە ژیان شانازی بەو مەشخەڵەوە دەکەم. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ بوونی خۆی ڕاگەیاند. یەکەم ژمارە لە گۆڤاری (ڕابەر) لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٧ وەک ئۆرگانی تیۆری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاو بۆوە. لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەردا پێشەکییەک هەبوو بەناوی (ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێت) کە جەماڵ کۆشش نووسیبووی و ئەو پێشەکییە بۆچوون و جیهانبینی ئێمە و حەلقەکەی نیشان دەدا. نووسینێکی تری جەماڵ کۆشش لەژێر ناوی (ئەناتۆمی لیبڕالیزمی چەپ لە دیدگای مەنتق و تەئریخدا) و هەروەها وەرگێڕانێکی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە لە نووسینی لینین بوو (ڕێکخستنی حیزبیی و ئەدەبی حیزبیی) و سروودی (پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم) نووسینی مەشخەڵ. نووسینەوەی گۆڤارەکە و ئیدیت و ئامادەکردن و دزاین و بەرگ لەسەر شانی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) بوو. بەرهەمەکانم دەگەیشتنە دەست و ئەوانەی پەسند دەکران لای من دەمانەوە و من لەسەر کاغەزی تەنک دەمنووسییەوە و دوایی لەشێوەی گۆڤار چواردە دانەم لێ دەردەهێنا و بڵاومان دەکردەوە. سنووری بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (ڕابەر)

زانکۆکانی سەلاحەدین و موستەنسرییە و بەغدا و موسڵ و هەروەها لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و بەغدا و هەولێر و زۆربەی شار و شارۆچکەکان دەستاودەستیان دەکرد و زۆری نەبرد ژمارەیەک نووسەر و شاعیر و پەخشاننووس لە دەوری گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کۆبوونەوە و بەرهەمیان تیادا بڵاو دەکردەوە.



موکەڕەم شوکور، جەماڵ کۆشش، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) و عوسمان غەریب هەولێر ١٩٨٧

لەگەڵ دەرکردنی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر وەک ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و بڵاوکردنەوەی لەناو بزووتنەوەی چەپدا، لەلایەکەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا و لەلایەکی تریشەوە ڕەخنەی لێگیرا. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

لە ڕۆژگارێکدا دروست کرا کە هیچ بڵندگۆیەک نەبوو، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک نەبوو بتوانرێت ئەدیبانی کۆمۆنیست دەنگی خۆیانی تیا هەڵبڕن. بارودۆخەکە بەجۆرێک بوو کە فەزایەکی سیاسیی سەرکوتگەرانەی بەعس باڵی بەسەر تەواوی عێراقدا کێشابوو. عێراق حەوت ساڵ بوو لە جەنگدا بوو دژ بە ئێران. ئاستی ناڕەزایەتی خەڵک تا دەهات زیاتر دەبوو. بەعس ژمارەیەک ئۆردووگای دروست کردبوو و خەڵکی ئەو دێهاتانەیان تیا نیشتەجێ دەکردن کە دێیەکانیان دەڕووخێنران. لەلایەکی تریشەوە گۆڤاری پێشەنگ هەبوو کە کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چاپ و بڵاوی دەکردەوە و تا بڵێی دوورە دەست بوو و نەدەگونجا هەموو کەس بتوانێت بەرهەمەکانی بگەیێنێتە دەستی ئەو گۆڤارە. گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراقیش هەر بەرهەمێک بۆنی یاخیبوون و ڕاپەڕین و دژە دەوڵەتی پێوە بووایە، بڤە و یاساغ بوو. ئێمە لەم هەلومەرجەوە دەستمان پێکرد. ئەمەش وای کرد ئەو کەسانەی مەیلی نووسینیان هەبوو و بەرهەمی ئەدەبییان هەبوو، لەڕێگەی پەیوەندییەکانی خۆیانەوە بەرهەمەکانیان دەگەیاندە دەستی ئێمە. شێوازی کارکردنمان دیموکراسییانە بوو. ئێمە هاوڕێیانی حەلقەکە بۆ ئامادەکردنی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان دادەنیشتین و ورد بەرهەمەکانمان دەخوێندەوە و دوای ئەوەی بە فلتەری جیهانبینی سیاسیی ئێمەدا تێدەپەڕی، ئەوسا بڵاو دەکرایەوە. جیهانبینی سیاسیی ئێمەش بریتیبوو لە جیهەتگیری کرێکاریی و کۆمۆنیستیی و تەکنیکی بەرزی بەرهەمەکە. بەچاوپۆشین لە کەموکوڕی و لاوازی ئیستاتیکی هەندێ بەرهەم و هەروەها دەستکاری کردنی هەندێ دەق لەئاستی وشە و دێر، دەتوانم بڵێم ئەو دەقانەی ئەو سەردەمە لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕابەر)دا بڵاو دەبوونەوە خراپ نەبوون و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست توانی لەماوەیەکی کورتدا دەنگی خۆی بگەیێنێتە هەموو کونجێکی کوردستان و تەنانەت بەغدای پایتەختیش. شێوازێکی تری کارکردنمان کە بەلای منەوە هەڵە بوو، ئەوە بوو کۆبوونەوە لەسەر کۆبوونەوە و پلینیۆم و شتی لەمجۆرەی کە هیچ پێویست نەبوون لەسەر

شانی خۆمان کردبووە بارێکی قورس و بێمانا. من دەڵێم کۆبوونەوە پێویستە بەڵام بۆ ڕێکخراوێکی سێ کەسیی پلینیۆم چ مانایەکی هەیە؟ حەلقەکەمان خۆی ڕێکخراوێکی ئەدەبیی بوو، واتا ڕێکخراوێکی جەماوەری نا حیزبی بوو، بەڵام ئێمە ئەم ئەرکە قورسەشمان خستبووە سەرشانی خۆمان و حەلقەکە. ئەمە ناڕۆشنی و تێنەگەیشتنی ئێمەی دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە کاری جەماوەریی و حیزبیی. ئەوە ڕۆشنە لەو سەردەمە بزووتنەوەی چەپی نوێی عێراق تازە خەریک بوو دەنگی هەڵدەبڕی و چالاکی سیاسیی ئەنجام دەدا و بێبەش بوو لە حیزبی سیاسی، بەڵام نەدەبوو ئێمە بچینە



نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش لە سەروبەندی دروستکردنی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست). ئەم وێنەیە لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لەشاری هەولێر گیراوە. بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ەوە وەرگیراوە.

پاڵ قسەکردن لەسەر ئاراستەی سیاسی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان. بەڵکو هەر بایەخمان بدایە بە ئەدەب و وەرگێران ڕەنگە زۆر کاری تری گەورەمان ئەنجام بدایە. ئێمە لێرەوە کەوتینە بەر ڕەخنەی بزووتنەوەی چەپ. چونکە هەستیان دەکرد کە شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە زۆر لە بیرکردنەوەی

ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نزیکە. بەڵام هیچ ڕەخنەیەک نەک هەر ساردی نەکردینەوە، بەڵکو سوورتر لە جاران بەرەو پێشەوە هەنگاومان نا و ژمارەی دووی گۆڤاری (ڕابەر)مان دەرکرد و زۆری پێنەچوو ژمارە سێی گۆڤارەکەشمان بڵاو کردەوە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕابەر)دا، دەنگدانەوەی زیاتری دەبوو و نووسەر وئەدیبی زیاتری لەدەور کۆ دەبۆوە. لەو ماوەیەی نێوان ژمارە یەک و ژمارە چوار، گفتوگۆیەک لەنێو هاوڕێیانی دەستەی دامەزرێنەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا هاتە ئاراوە کە تەوەرەی گفتوگۆکە بەمجۆرە بوو:

جەماڵ کۆشش دەیوست حەلقەکە هەرچی زیاتر لە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) نزیک بکاتەوە. هاوڕێ جەماڵ کۆشش خۆی ئەوسا ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، لەلایەکی تریشەوە هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) دەیوست گۆڤارەکە وەک هەر گۆڤارێکی ئەدەبی ئاسایی کار بکات و بچێتە پێش. واتە تا بکرێت نا سیاسی بێت و گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆتینی بێت. هاوڕێ هۆشەنگ لەوە دەترسا پێی بخزێتە نێو سیاسەتێکەوە کەخۆی ئامادە نەبوو ئیشی بۆ بکات. هەرچی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)یشە زیاتر مەیلی بەلای بۆچوونەکەی هاوڕێ جەماڵ کۆششدا هەبوو و ئارەزووی قووڵی مەشخەڵ بۆ سیاسەت و پراکتیکی سیاسەتی کۆمۆنیستی نەک هەر نەبووە ڕێگر، بەڵکە تەریب لەگەڵ پشتیوانی هاوڕێ جەماڵ کۆششدا کەوتنە ڕێ. هاوڕێ هۆشەنگ لەماوەی چوار ژمارەی گۆڤاری (ڕابەر)دا پێنج وتاری لینینی لە عەرەبییەوە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی کە چواریان لەسەر تۆلستۆی بوون و پێنجەمیان دەربارەی ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی بوو. هۆشەنگ ئەو دەم سەرقاڵی خوێندن بوو و وردە وردە لە حەلقەکە سارد بۆوە و ئیتر لەگەڵ ئێمە نەهات. ئێمەش لە ژمارە پێنجی گۆڤاری (ڕابەر) بە فەرمی حەلقەکەمان پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. ئەم پەیوەستبوونە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دانا و بە وتەی ڕابەرانی ئەوسای ڕەوتی

کۆمۆنیست توانی تەکانێکی باش بە ڕەوتی کۆمۆنیست و تواناکانی بدات. گۆڤارەکەمان لە ژمارە یەکدا ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو و لەدوای ژمارە دووەوە بووە بە ئۆرگانی تیئوری ئەدەبی حیزبی. ئەو سەردەمە ئێمە وەک دەستەی دامەزرێنەر سێ ئەرکمان لەبەردەم خۆمان دانابوو. یەکەمیان برەودان بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کە هاوڕێ جەماڵ کۆشش ئیشی لەسەر دەکرد و دووەمیان ئیستاتیکا بوو کە مەشخەڵ ئیشی لەسەر دەکرد و سێهەمیان واقیعەتی سۆشیالیستی بوو کە هاوڕێ هۆشەنگ ئیشی لەسەر دەکرد. ئەو سەردەمە ١٩٨٧ و ١٩٨٨ جگە لە ناوی مەشخەڵ بە نازناوی (دلاوەر حوسێن)یش بەرهەمی وەرگێران، بەتایبەتی شیعرەکانی برتوڵد برێختم لە عەرەبییەوە تەرجەمە دەکرد و بڵاو دەکردەوە. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەر چوار نووسینەکەی لینین لەسەر تۆڵستۆی کە هاوڕێ هۆشەنگ وەری گێرابووە سەر زمانی کوردی بەناملیکەیەک بڵاوکردەوە و هەروەها شیعرەکانی بریختیش بە ناملیکەیەک بە ناوی (دیوارەکان دەڕوخێنین) هاتە وەشاندن. هەروەها کۆمەڵێ پەخشانمان بۆ نووسەر ب.سۆلین لە ناملیکەیەکدا بڵاوکردەوە. لەناو بزووتنەوەی چەپدا ویستیان ڕێکخراوێکی ئەدەبیی دروست بکەن و کردیشیان و بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (زەنگ) بڵاوکردەوە و ڕەخنەیان لە ڕابەر و حەلقەی ئەدیبان گرتبوو بەڵام تەمەنی زەنگ لە دوو سێ ژمارە زیاتر هەڵنەکشا و دوای ئەو هەوڵانەی ئیتر زەنگی تری لێ نەدایەوە. عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) وتارێکی درێژی نووسی لەسەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بەناوی (دیماگۆجی شیرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا) و هەروەها نووسینێکی درێژی تری نووسی لەسەر تەکنیک و ئیستاتیکای شیعریی بەناوی (شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر؟). کە ئەمەیان ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە بوو لە شیعرێکی بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان شیعر و سروود و ئۆپەرێت. هاوڕێ جەماڵ کۆششیش جگە لە سەروتارەکانی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بەناوی (ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێ) و نووسینێک لەسەر

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و هەروەها نووسینێک لەسەر ڕۆمانی (شار)ی حوسین عارف و هەندێ نووسینی تری پێشکەش کرا.




بەرگی گۆڤاری ڕابەر، ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە نووسخەی دروستکراوە و نوسخە ئۆریجناڵەکە نییە.

بەوجۆرە گۆڤاری (ڕابەر) دەنگ و سەنگی سیاسی و ئەدەبی خۆی هەبوو و بژاری شاعیر و گۆران عەبدوڵا (سایتی دەنگەکان) و عارف کوردە (نەوزاد – ئاگرین) و بەرزان بابەشێخ (کاوە ئەحمەد) و ئەنوەری ڕەشی عەولا (ب. سۆلین) و حاجی عیسا (هەجیج) و خانا گەرمیانی و تاد بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری (ڕابەر)دا بڵاو دەکردەوە.
گۆڤاری ڕابەر بە تیراژی حەوت دانە بە دەستوخەت لەسەر کاغەزی تەنک و کاربۆنم دەخستە ژێریانەوە و دووجار دەمنووسییەوە و کە دەیکرد بە چواردە نوسخە و هەروەها چواردە بەرگیشم بۆیان دروست دەکرد و کەبسم لێدەدا و

هاوڕێ جەماڵ کۆشش دەیبردن و دابەشی دەکردن. بەڵام لە دوای ژمارە پێنجەوە کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، ڕێکخستنەکانی ڕەوت لە چەندین قۆڵەوە کەوتنەبەر نووسینەوەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر و بەمەش تیراژی گۆڤارەکە چەند بەرابەر بۆوە. هەرچەندە حەلقەکە ئەدیبانی زیاتری لەدەور کۆ دەبۆوە و گۆڤارەکەش سنووری بڵاوبوونەوەی فراوانتر دەبۆوە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕەخنە جیدییە کەم ناکاتەوە کە دەبێت بگیرێت. سەرەتا کاری سیاسیی و جەماوەریمان تێکەڵ کردبوو، ئینجا دەرکردنی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) لە حەلقەکە هەڵەیەکی کوشندە بوو. نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن سەبارەت بە دەقی کرێکاریی و پشتکردن لەو دەقانەی کە باسی خەبات و کرێکاری تێدا نەهاتبوو. هەروەها سنووربەندی لەگەڵ ئەدەبی بۆرژوازی دروست بوو بەڵام سنووربەندی لەگەڵ ئەدیبانی کوردا دروست نەبوو و هەروەها زاڵبوونی هەندێ بۆچوون وەکو ئەوەی فڵان نووسەر و فڵان هونەرمەند وردە بۆرژوازیین. بۆ هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گرنگ بوو پەیوەندی لەگەڵ کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ دابنێت. ئەوە بوو ڕۆژێکیان من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش لە هەولێرەوە سواری کۆستەر بووین بۆ سلێمانی بۆ مەقەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەو ئومێدەی هاوڕێیانی پێشەنگ ببینین. لەڕێگا لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ سوعبەتم دەکرد و دەموت (جەماڵ ئەگەر ئێستا ئەم کۆستەرە لەم لۆفانەی هەیبەت سوڵتان وەربگەڕێ، تەواوی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەنێو دەچێت.) ئەوە بوو لەشاری سلێمانی هەواڵی هەندێ کەسمان پرسی و لەوانە (موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)ی شاعیر و هیچ شتێکمان دەست نەکەوت و گەڕاینەوە هەولێر. ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و تەنانەت ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێر و کەرکووکی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە ماڵی من بوو. من تەواوی ساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ بە ناسنامەی کۆلێجی ئاداب بەشی زمانی عەرەبی کە ڕێک لەسەر ناسنامەکەی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد

ئەسوەد دروستم کردبوو، دەسوڕامەوە و هاتوچۆم دەکرد. لەوسەروبەندە بوو بەهاری ساڵی ١٩٨٨ کە کیمیاباران و جینۆسایدی هەڵەبجە بوو و من شیعرێکی درێژ یان داستانەشیعرێکم نووسی بەناوی (داستانی خەردەل) و دوای چەندین جار خوێندنەوە و موناقەشە لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە، پێمباش بوو وەکو نامیلکەیەکی سەربەخۆ و پاشکۆی گۆڤاری ڕابەر بڵاو ببێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ جەدەلی ئەکادیمیستی، یان وەک جەماڵ کۆشش بۆی نووسیبووم (ئێستا لەگەڵ وێنەکەت دەگەڕێمەوە بۆ کوران- خانووەکانی گەڕەکی نەسیج- و دەچینە ژوورەکەی سەرەوە و عەلادینێکی ئاگر سوور پێ دەکەین و دەست دەکەینە قسەوباس و دواتر تۆ داستانە شیعرێکم بۆ دەردەهێنی کە بەباڵای هەڵەبجەی شەهیدا تازە هێشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبۆتەوە، بۆم دەخوێنییەوە. دەستم شکێ نەمهێشت ئەوکات بڵاوی بکەیتەوە. وتم دەستکاری زۆری دەوێ.)[٣٣] بڵاو نەکرایەوە. لاوکی هەڵەبجەی ڕەفیق سابیریش هەر ئەو ساڵە گەیشتە دەستمان. ئێمە ئەوکات بە ئینێرژییەکی زۆرەوە و ماندوونەناسانە خەریکی بنیادنانی مێژوویەکی شکۆمەند بووین کە خۆی لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا دەبینییەوە. کاتێکیش لەم ئاستانەیەوە و دوای ئەو هەموو ساڵە لە تێکۆشان ئاوڕ لە خەباتی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەدەمەوە ئاوای دەبینم :

یەک: حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان سوننەت و شێواز و کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو. لەیەک کاتدا هەم کاری سیاسی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدا. خودی ئەم تێکەڵییەش بۆ خۆی نارۆشن بوونی دیدگای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی و ڕێکخراوی سیاسیی. ئەم تێنەگەیشتنە کاریگەری سلبی هەبوو و تەنانەت هەندێک لە شاعیر و نووسەرانی بزووتنەوەی

---

[٣٣] نامەی دەستنووسی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ٢٨-١١-١٩٩٧ .

چەپی ئەوکات هەڵوێستی بەرەنگارییان وەرگرت لە بەرامبەر گۆڤاری "ڕابەر" و "ڕێکخراوی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست".

دوو: مەسەلەی تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی گۆڤاری "ڕابەر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" کە خۆی لە "شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقعیياتی سۆشیالیستی" و "ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی" و "ئیستاتیکا" دا چڕ کردبۆوە. سەرباری هەنگاوی جدی و باش بۆی، بەڵام تاحەددێک بەهەدەردانی بەشێک لە وزە و توانایيەکانی حەلقەی ئەدیبان بوو بەم کێشانە کە لە ڕاستیدا گرفتی سەر ڕێگای ئەوسای ئێمە نەبوون.

سێ: خودی ململانێی نێوان نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) لەلایەک و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش لەلایەکی تر لەسەر وابەستەیی سیاسیی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەر و پاشان لەسەر مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبیی و هونەری لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێگەیشتنی دروستمان نەبوو لەسەر کارەکانمان، هەڵسوڕاویمان، مەسەلەی دەق و داهێنان، سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە بە بڕوای من هۆشەنگ لەبەشێک لە تێڕوانینەکانیدا دروست بوو.

چوار: گرتنەبەری شێوازی سیاسیی لە نووسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبوونەوە و پلینیۆم و کۆنگرە بەتایبەت بۆ حەلقەیەکی ٢-٣ کەسی، خۆی گەورەکردن و زهنگەرایی حەلقەکە بوو لە بواری ڕێکخستن و ئارایشت دانی خۆی و دەوروبەری.

پێنج: بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "ڕابەر" بەدەستنووس و لە موحیتێکی زۆر بەرتەسکدا (بە لەبەرچاو گرتنی دەسەڵاتی ئیستبدادی بەعس لەو سەردەمە)، کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەرانی چەپی ئەو کات.

شەش: لەگەڵ هەموو ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد، گۆڤاری "ڕابەر" و " حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە مێژووی بزووتنەوەی

چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنن و توانیان گەلێک هەنگاوی جیدی هەڵگرن لە دارِشتن و پتەوکردنی بناغەی ئەدەبێک کە پێی دەوترا "ئەدەبی کرێکاریی".[٣٤] لەجەرگەی ئەم مێژووە و ساڵی ١٩٨٨ بەعس درِندەتر و هارتر پەلاماری هەموو شتێکی دەدا. گوندەکانیان چۆڵ و خاپوور کرد و خەڵکەکەیان ئەوەی پێشتر لە ئۆردووگاکان نیشتەجێ کردن باش بوو، ئەوانی تر هەر ئەو ساڵە لەژێرناوە بەدناوەکەی ئەنفال بەرەو بیابانەکانی عەرعەر بران و بێسەروشوێن کران. من بە فەرمی ساڵی ١٩٨٨ بووم بە ئەندامی رێکخراوی رەوتی کۆمۆنیست. ئەو ساڵە کۆمەڵێ رووداو روویاندا. جگە لە جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران، جەنگی عێراق و ئێران وەستا و حکومەتی بەعس برِیاری (٧٣٦ و ٧٣٧) دەرکرد و لە خزمەتی سەبازی بەخشراین. ئیتر دەستم ئاوەڵا بوو و ئازادانە کەوتمە جووڵە و سەفەری شارەکان. سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ بوو ماڵی هاورِی سەمیر نووری کە خۆی و دادە مریەم و پەروین خانی خوشکی و هەردوو منداڵەکەیان سەهەند و رێباز هاتنە ماڵی ئێمە و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لەناو خانووەکەی کارگەی نەسیج لەگەڵ ئێمەدا ژیان. ئەو رۆژەی هاورێیان خالید محەمەد فاتیح (سەمیر نوری) و جەماڵ کۆشش هاتن بۆ ماڵ بۆ داواکردنی خانووەکە کە دوو ژووری سەرەوەی خانووەکەیان بە کرێ پێبدەین، یانیش من چۆنم پێخۆشە وا بێت، ئەوە بوو پێشوازیم لێکردن و بە بەبێ کرێ واتا بە خۆرایی دوو ژووری سەرەوەی خانووەکەمان بۆ ئامادەکردن. من پێشتریش چەندین جار هاورێ سەمیر نووریم بینیبوو، دەمزانی کەسێکی کۆمۆنیست و شۆرِشگێرە. بۆیە هیچ دوودڵییەکم نەبوو کە لەگەڵماندا بژین. بۆیە مەسەلەی خواردن و مەسرەفمان کردە هاوبەش. بەمەش برِێک قورسایی سەرشانم کەمتر بووەوە و کۆمەڵێ ئەرکم لەسەر شان سووک بۆوە. ئەو سەردەمە کاک لوقمان حەمەشەریف و کاک عەبدولکەریم برای جووتیاری فیدراسیۆن سەردانیان دەکردم، عەدنان عوسمان کە ئێستا

---

[٣٤] وتاری ئاورِدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٢ سایتی دەنگەکان.

گۆرانە و کامەران مەلا حەمید برای شەهید شوانە دوبزی[٣٥] و یوسفە سوور بەردەوام سەردانیان دەکردم و گفتوگۆمان دەکرد و نووسراوەی چەپمان دەگۆڕییەوە. بەڵام زۆربەی نووسراوەکانی بزووتنەوەی چەپ و هەروەها نووسراو و بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کتێبەکانی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس و لینینم لەڕێگەی هاوڕێ سەمیر نوورییەوە بەدەست دەگەیشت. ئەو ماوەیە زۆربەی ئەو کتێبانەی دەستم دەکەوتن، دەمخوێندەوە. بەردەوامیش گوێگری بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیزم بووم لە ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لەڕووی تیئۆرییەوە تا دەهات دەچوومە پێش و ڕەخنەگرتن لە نووسراوەکانی ڕێکخراوەکانی چەپ لام ڕوونتر و بەرجەستەتر دەبووەوە.

بۆ مێژوو دەڵێم لەنێو هەموو ئەو هاوڕێیانەی لەنێو بزووتنەوەی چەپدا ناسیومن، هاوڕێ سەمیر نووری تا بڵێی هاوڕێیەتی خۆش بوو، قسە خۆش و خۆش مەشرەب بوو، تا بڵێی جیدی بوو، تا بڵێی سیاسیی بوو، هەمیشە وەکو ڕابەرێک، وەکو خەمخۆرێک ڕەفتاری دەکرد کە هاوڕێ سەمیر نووری توانی بە کردەوەکانی، بە لێکدانەوە و جیدییەتی خۆی، ئەم وێنەیە لە زەینی مندا بەرجەستە بکاتەوە. هاوڕێ سەمیر نوری کاریگەری زۆری بەسەر مندا جێهێشت و خۆشبەختانە هاوڕێ سەمیر تا ئەم ساتەش کە ئەم یادەوەرییە دەنووسم خاوەنی هەمان ئەو وێنە جوانەیە و من وەک هاوڕێیەک و وەک دڵسۆزێک و وەک ڕابەرێکی سیاسی کۆمۆنیستی بەرجەستەی دەبینم وتا دوا سنوورەکانی وەفا خۆشم دەوێ. ئەگەر جەماڵ کۆشش بوو بەهۆی هەڵگیرانەوەیەکی فیکریی لەمندا، ئەوا هاوڕێ سەمیر نووری بوو بە تۆکمەکردن و بەهێزکردن و بەرجەستەکردنەوەم وەک ئینسانێکی کۆمۆنیست. من خۆم بە قەرزاری

[٣٥] کامەران مەلا حەمید دوبزی پیاوێکی قسەخۆش و مولتەزیم بوو. گەرچی ناسیاوییەکی دووربەدوورمان هەبوو بەڵام مارکسیزم لێکی نزیک کردبووینەوە،بەداخەوە لەکاتی پیاچوونەوەی ئەم کتێبەمدا کاک کامەران لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.

ڕێنماییەکانی ئەو هاوڕێیانە دەزانم بەتایبەت هاوڕێ سەمیر نووری. ساڵی ١٩٨٨ بۆ من ساڵی خوێندنەوەی چڕی مارکسیزم بوو، ساڵی ناسینی زیاتری بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان بوو، ساڵی بردنەپێشەوەی زیاتری خەباتی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو. بە کورتی تا دەهات من زیاتر دەچوومە پێش



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و سەمیر نوری باخچەی گڵەکەند  هەولێر ساڵی ١٩٨٩

و ئەو هاوڕێیانەی چەپم کە پێشتر دەمبینین و قسەباسمان هەبوو و وامدەزانی لەڕووی تیئۆرییەوە بەهێزن، بۆم دەرکەوت وانییە و من زۆر بە ئاسانی دەتوانم بەرپەرچی بۆچوونەکانیان بدەمەوە و پێچەوانەکەی بسەلمێنم. ئەمە بوو بە

دەستکەوتێکی گەورە بۆ من. لەم سەرمایە سیاسییەوە توانیم ئیتر جێ پێی خۆم قایم بکەم و وەک کادیرێکی بەرجەستەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەناو بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان هەڵبسووڕێم.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی کاک (محەمەد جەوهەر)ی ئامۆزازامەوە، کە لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر ئیشی دەکرد، بە کرێکاری کاتیی دامەزرام. ئیشەکەمان حکومی بوو لە بەشی ئەریاف محاویلە کارەبا و عاموودمان دائەنا و خەتی کارەبامان ڕائەکێشت. ئەو ئیشە زۆر گرنگ بوو چونکە حکومی بوو، زۆرجار بە کڵاوەکەی سەرمان و کەتەر و پلایسەکەی قایشی بەرپشتمان و بە سەیارەی کرێن (ڕافعة) بەناو مەفرەزەکانی موشتەرەکە[٣٦] دەهاتین و دەچووین و کەس داوای ناسنامەی لێ نەدەکردین. یەکەم ڕۆژم کاتێ چوومە سەر قادرمە و گڵۆپێکی درێژم بەسەر شانەوە بوو تا بیبەستم، چونکە پێشتر تەجرەبەم نەبوو قاچەکانم دەلەرزین، بەڵام دوای ئەوجارە ئیتر بووم بە ئاگر بەگیان کارەکە و تەواو فێری ئیشەکە بووم. برازایەکی مەلا ماتۆریش کە باوکی ڕەفیق حیزبی بوو و خۆیشی هەر لە ئیتحاد تەلەبەبوو، هاوینەکەی بە واستە هێنابوویانە لای ئێمە و دایان مەزراند.

ئیتر ئەو کوڕە هەرچەندە کوڕێکی باش بوو، بەس هەر زوو حاڵیمکرد من قوتابی کولێژی ئادابم بەشی زمانی عەرەبی. لە فەرمانگەی کارەبا جگە لە کاک محەمەد جەوهەر، کەس نەیدەزانی من فیرارم. ماوەیەکم بەمجۆرە گوزەراند و دواتر ژمارەی کرێکارەکان زیادی کرد و بووین بە نزیک بە بیست کرێکار. دائیرەی کارەبای هەولێر چەندجارێک دەیویست بە پارەی خۆمان کەتەر و پلایس بکڕین، لە کاتێکدا دەبووایە دائیرەی کارەبا پارەکەی بدایە و ملمان نەدا بەبڕیارەکەی و ئەوەبوو مانمان گرت و دوای دوو ڕۆژ سەرکەوتین و دائیرەی

---

[٣٦] موشتەرەکە، بەو مەفرەزانە دەوترا کە تێکەڵییەک بوون لە پۆلیس و ئەمن و بازگەیان لەناو شارەکاندا دادەنا و داوای ناسنامەیان لە خەڵک دەکرد و سەربازی هەڵاتوویان دەگرت.

کارەبا پێنج دینارەکەی بۆ سەرف کردین. من ڕۆڵی سەرەکیم گێرا لە گردکردنەوەی کرێکارەکان و هۆشیارکردنەوەیان و ڕێکخستنیانیش. تەنانەت دووان لە هەڵسوڕاوانی ئەو مانگرتنە کەناویان کاک خدر و کاک حوسێن بوو، دوایی پەیوەندیان کرد بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە و گەلێ چالاکی گرنگیان ئەنجام دا. بیرمە سروودێکم بۆ ئەو مانگرتنە نووسی بەناوی (سروودی کرێکارانی کارەبا) و دواتر لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕابەر) بڵاوم کردەوە، بەداخەوە نە سروودەکەم لەبیر ماوە و نە گۆڤارەکەش ماوە، جگە لەم دوو دێرە:

ئێمەی کرێکارانی کارەبا
خوێن ئەکەینە وزەی کارەبا و ڕووناکی
گۆرانی ئەڵێین بۆ ژیان
سروود بۆ مەرگی تاریکی

ئەو ساڵە من جگە لەوەی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووم، ئەندامی کۆمیتەی هەولێر و کەرکووکی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستیش بووم. لەناو کرێکارانی فەرماندەی کارەبای هەولێر و هەروەها لەناو کرێکارانی کارگەی نەسیجی هەولێر و کرێکارانی چاپخانەی پەروەردە ئامادەیی بەردەوامم هەبوو و خەریکی ڕێکخستنی کرێکاران بووم و ژمارەیەک شانەی حیزبیم لەناو ئەو کرێکارانە دروست کردبوو و سەرپەرشتیانم دەکرد وە ماڵەکەشمان ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ئەرشیفی ڕەوتی کۆمۆنیستی تیابوو. مەسەلەی ئەمنیمان زۆر بە جیددی لەبەرچاو گرتبوو. بە دەستپێشکەری هاوڕێ سەمیر نووری لەو بەکرانەی لە دائیرەی کارەبا دەمهێنانەوە، کتێبخانەیەکمان دروست کرد بۆ کتێبەکانمان. هەروەها لەژێر قادرمەکانی ژوورەوەش کاشییەکمان بە جوانی هەڵتەکاند و ئینجا کاشییەکانی

دەوروبەری و چاڵێکمان هەڵکەند بو قووڵی نزیک بە شەست سانتیمەتر و بە بەرینی ڕەنگە پەنجا سانتیمەتر دەبوو بۆ ماوەی نزیک بە چەند ڕۆژ بێئەوەی بهێڵین دەنگی کوتەکوتمان بێت چاڵەکەمان هەڵکەند و خۆڵەکەیمان دەکردە ناو سەتڵ و لە حەوشەی پشتەوەی خانووەکەمان هەڵدەڕشت بێئەوەی هیچ دیار بێت. ئینجا ناو چاڵەکەمان چەمەنتۆ کرد و سەرەکەیمان هێنایەوە یەک تا دەمی کونەکە بە ئەندازەی یەک کاشی مایەوە و لێوارمان بۆ ساز کرد و دوای ئەوەی وشکبۆوە بوو بە چاڵی نهێنی ماڵی ئێمە و ئینجا زۆربەی کتێب و نووسراوە قەدەغەکانمان لەوێ دەشاردەوە.  هەر بەوپێیەی سەربازی هەڵاتوو بووم و تەنها ناسنامەیەکی تەزویرم پێبوو، نەمدەتوانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەرێوە بەرم و تەنها هاوڕێ جەماڵ کۆشش ئەو کارەی دەکرد و دواتر منی لێ ئاگادار دەکردەوە. تەنانەت دانیشتنێکی وەکو نوێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەگەڵ نوێنەرێکی گۆڤاری (زەنگ) هاوڕێ حەسەن ساڵح ساز دابوو.[٣٧] هەر ئەمەش وایکردبوو سەرجەم بەرهەمە ئەدەبییەکان کە بۆ گۆڤاری (ڕابەر) دەهاتن لەلایەن جەماڵ کۆششەوە دەهێنران و دەگەیشتنە دەستم. لەولاشەوە لەلایەن هاوڕێ سەمیر نوورییەوە من و جەماڵ کۆشش ڕێکخرابووین وەک کۆمیتەی کەرکووک و هەولێری ڕەوتی کۆمۆنیست و مانگانە بەردەوام کۆبوونەوەمان دەکرد و نووسراوەکانی ئەوسای بزووتنەوەی چەپمان دەخوێندەوە و تاوتوێمان دەکردن و ڕەخنەمان لێ دەگرتن. تا ئەو شوێنەی لەبیرم مابێت لەو سەردەمە جگە لە ڕەوتی کۆمۆنیست، ڕێکخراوەکانی بلێسە و کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (کۆتک) و پرۆلیتاریای کۆمۆنیست و ئۆکتۆبەر هەبوون و نووسراویان دەردەکرد. هێشتا دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا دروست نەبووبوو. بەئاشکرا دووجۆر تێڕوانین لەناو بزووتنەوەی چەپی نوێ دەبینرا. تێروانینێکیان زیاتر هەڵپەی کارکردن و

[٣٧] ئەم زانیارییەم لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە گفتوگۆیەکی ماسنجەری نێوان من و هاوڕێ جەماڵ کۆششدا زانی و هاوڕێ جەماڵ بۆی باسکردم.

ئاکسیۆنیزم بوو و ئەوی تریان خەریکی خوێندنەوەی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس بوو و پێیان دەوت ئەکادمیست. ڕەوتی کۆمۆنیست پێی دەوترا ئەکادیمیست و هەر لە ژوورەوەن و خەریکی خوێندنەوەن و نا کۆمەڵایەتین. بزووتنەوەکەش بەهەموو ڕێکخراوەکانییەوە خۆیان بە واقیعی و کۆمەڵایەتی دەزانی. گرنگ نییە بزانین کامیان ڕاست و کامیان چەوت بوون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو ڕەوتی کۆمۆنیست لەڕووی تیئۆرییەوە بەهێز و ساغ و پتەو بوو و هەر کادیرێکی پلە دووی ڕەوت دەیتوانی ڕووبەڕووی بزووتنەوەکە ببێتەوە. ئەمە سکتاریزم نییە و ڕەوتی کۆمۆنیست نەماوە تا بەرگری لێبکەم، بەڵام ئەمە هەقیقەتێکە و ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت. هەر بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٨ من وەک کادیرێکی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیست بەرنامەی کاری ڕێکخراوی بڵێسەم بە شەوێک لەمیانەی گفتوگۆی چڕ لەگەڵ عەدنان عوسمان هەڵوەشاندەوە کە کاک عەدنان ئەوکات نوێنەری ڕێکخراوی بڵێسە بوو و منیش کادیرێکی پلە سێ بووم لەناو ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا. ڕەوتی کۆمۆنیست خاوەن ڕوئیایەکی جیاوازتر بوو لە جەستەی چەپی نوێی کوردستاندا. هەر بۆیە کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ڕەوتی کۆمۆنیست دەدەمەوە و سەیری واقیعی بزووتنەوەی چەپی ئەوسا دەکەم ئەم ڕاستییەم بۆ دەردەکەوێت. ڕێکخستنەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست تا دەهات فراوانتر دەبۆوە و لەهەمان کاتیشدا پێداگیری جیددی ڕەوتی کۆمۆنیست لەسەر مەسائیلە ئەمنییەکان تا دەهات دەچۆوە سەر. بەوجۆرە هەوڵمان ئەدا بچووکترین بۆشایی ئەمنی یان خاڵی لاواز نەدەینە دەستەوە. چونکە گیرانمان گەورەترین لێدان دەبوو لە ڕەوت و هەموو بزووتنەوەکەش. ئێمە خۆمان دەپاراست تا بزووتنەوەکەش بپارێزین. بەم تێگەیشتنە و بە پشت بەستن بە مارکسیزمی ئەرسەدۆکس، ڕەوتی کۆمۆنیست توانی تەکانی سیاسی چینایەتی جیددی بنێت و بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێت و ببێتە سەرقافڵە و پێشرەوی بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستان. ئەگەر ئەم وشانەم دڵی هەر هاوڕێیەک گران دەکات، یان کەسێک تومەتبارم بکات بەوەی هێشتا لە خەوی

غەفڵەتی ڕەوتی کۆمۆنیستدا دەژیم، یان هەر شتێکی تر، بەڵام هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ڕەوتی کۆمۆنیست هەمیشە دەست پێشخەر و لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارانە جووڵاوەتەوە و هەر ئەم بەرپرسیارەتییەش بوو وای لە ڕەوت کرد لە ڕێکخراوێکی بچووکی داخراوەوە ببێتە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بەرین و پانوپۆڕ و تەنانەت هەرچی چالاکی سیاسی ڕێکخراوەکانی تری بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان هەبوو، دەچووە گیرفانی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. من ئەو کات هەردوو نووسراوەکەی ڕەوتی کۆمۆنیست (کارگەران پۆپۆلیست و پرۆسەی بنبەستبوون) و (ناسیونال ڕیفۆرمیستی بۆرژوازی و مەسەلەی میللی گەلی کورد)م خوێندەوە و جگە لەم دوو نووسراوەیە کە هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد نووسیبوونی، ڕەوت هیچ نووسراوەیەکی تری نەبوو. بەس بە زارەکی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و تەنانەت بزووتنەوەی چەپیش دەبۆوە. دیارە ئەمەش بۆشاییەکی گەورە و کەموکوڕییەکی بەرچاوی بوو کە ڕەوتی کۆمۆنیست دەبوایە ئاوڕی لێ بداتەوە و حیسابی وردی بۆ بکات. خانووەکەی ئێمە ببووە ناوەندێکی گرنگی سیاسیی و وێستگەیەک یان پەناگەیەکی سیاسی. هەروەها خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگیش بوو لە ژیانی سیاسی ڕەوتی کۆمۆنیستدا. چونکە دەتوانم بڵێم لەو سەردەمە تاکە ماڵێکی کرێکاریی بوو کە ڕێکخراوێکی سیاسی هەیبێ و ڕووکەشێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی هەبێت و بەرچاویش نەبێت. تایبەتمەندی ماڵەکە ئەوە بوو کە لەناوجەرگەی گەڕەکێکی کرێکارنشینی شاری هەولێر بوو کە کەوتبووە نێوان سێ گەڕەکی زەحمەتکێشنشینی شارەکە ئەوانیش گەڕەکی کوردستان (حەی سەدام) و کوران و کرێکاران (حەی عومال) بوون. ڕەوتی کۆمۆنیست زیرەکانە کادیرێکی باڵای خۆیان (هاوڕێ سەمیر نووری) ناردبوو و لەو ڕێگەیەشەوە من و ئینجا تۆڕێکمان لە کرێکاران لە دەور کۆبووبوونەوە. (شادیە عەلی، نەزمیە عەلی، مەمەخان ڕەمەزان، زولەیخا، سوهەیلە قادر، بەیان و براکانی، سەید مەجید، غەنی و ڕوقیە و یادیان بەخێر..تاد) گەرچی مەحدودیەتێک هەبوو لە پەیوەندییەکان، بەڵام بەگشتی

کارگەی نەسیجی هەولێر شوێنی ئیشی سیاسی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو. لەملاشەوە ڕەوت بەهەموو جۆرێک لەپشت حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەستابوو و تەواوی تەشکیلاتی ڕەوت تەبلیغیان بۆ ئەکرد و بەرگرییان لێ ئەکرد. تەنانەت جارێکیان هاوڕێ سەمیر نووری چیرۆکێکی لە زمانی عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کرد و بەناوی (ڕەشید) ەوە لە گۆڤاری (ڕابەر) بۆیمان بڵاو کردەوە. گۆڤاری (ڕابەر) هەر دوو یان سێ مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاو دەبۆوە. لەو سەردەمە و لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕابەر) بەردەوام شیعر و سروود و ئۆپەریتی کرێکاریم بڵاو دەکردەوە. ڕۆژێک نامەیەکم لە هاوڕێیەکی شاعیرەوە (بەرزان بابەشێخ- کاوە ئەحمەد) بۆ هات و لە دێڕێکدا نووسیبووی (من وای دەبینم تۆ دەبیتە ڕێبواری کوردستانی عێراق). مەبەستی ئەوە بوو من دەبمە ڕێبواری شاعیری کوردستانی عێراق. هەرچۆنێک بێت ئێمە لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ڕەوتی کۆمۆنیستدا پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی ئەوسای بزووتنەوەی چەپ کە زوو پێک دەهاتن و هەر زووش هەڵدەوەشانەوە، جێی پێمان قایمتر و ڕاوەستاوتر بووین و بەهێزتر و بەگوڕتر دەچووینە پێش. ئەمەش جێگای ئومێد بوو. نەک هەر بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکان، بەڵکو بۆ کرێکاران و کۆڕە کرێکارییەکانش ببووینە مایەی ئەوەی حیسابی سیاسیمان بۆ بکەن و وەک ژمارەیەک بخوێنرێینەوە. پایزی ئەو ساڵە ١٩٨٨ دوای ئەنفالە بەدناوەکە و دوای کارەساتی هەڵەبجە، و هەروەها دوای هەشت ساڵ جەنگی ناڕەوا و بێمانای بۆرژوازی عێراق و ئێران، جەنگەکە وەستا. بوومەوە خاوەن هەویە و توانیم بجووڵێم و سەفەر بکەم. لەوماوەیەش چەندینجار سەیارەیەکی تەکسی بەرازیلی دەهات و سەمیر نووری نەیدەهێشت بیبینین و کەسێک دەهاتە ژوورەوە و هەندێ دادەنیشت و دەڕۆیشت. من بینیم ئەو کەسە کوڕێکی قژ لوول بوو، باڵای زۆر بەرز نەبوو، چاویلکەی لەچاو بوو. دواتر کاتێک لەناو ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیستدا ئەو کەسەم بینییەوە زانیم ئەو کەسە هاوڕێ (سادق عەزیز) بوو کە دەهاتە ماڵمان. هەرچی جارێکیش ئەو هاوڕێیە بهاتایە دوای ڕۆیشتنی هاوڕێ

سەمیر نووری کتێبی تازە و نووسراوەی تازەی لابوو پێی دەداین. ئەو جەوەی کە لە ماڵەوە هەمان بوو جەوێک بوو زۆر نزیک بوو لەئەتمۆسفیری سیاسی تەشکیلاتی ناو ڕۆمانی دایک و ڕۆمانی نینا. کۆمەڵی تێکۆشەری کۆمۆنیست بووین و ئامادەبووین بە روح و گیانی خۆمان لەپێناو ئەو مەسەلەیەی بڕوامان پێیەتی قوربانی بدەین.

ساڵی ١٩٨٨ میهرەجانی سێیەمی شیعری کوردیی لە هۆڵی میدیا بەڕێوەچوو. منیش هەرچەند سەربازی هەڵاتوو بووم، بەڵام یەکەم ڕۆژ خۆمم پیایدا کرد. سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی عێراق وتارێکی خوێندەوە.[38] سەرۆک قاتی سەربازی زەیتیوونی لەبەر بوو و دەمانچەیەکی بەقەدەوە بەستبوو، لەپڕ لەڕیزی پشتی منەوە گوێم لە کەسێک بوو بە چرپەوە (نەمانزانی خۆ شیعری موسەلەحانەشمان هەیە!) کە ئاوڕم دایەوە بینیم ئەوەی قسەکەی کرد شاعیری ناسراو دڵشاد مەریوانی بوو کە لەگەڵ شیرین کافی هاوژینی و یەک دوو کەسی تر دانیشتبوون. کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ جەنگ وەستا و تەسریح بووم لە سەربازی، دەستوپێم ئاوەڵا بوو. ئەم تەسریح بوونەم بە بڕیاری (٧٣٦ – ٧٣٧) ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بوو. بۆ ئەوەی تەسریح بم دەبوایە بچمە سەربازگەی (فایدە) بۆ دوو هەفتە. ئەوە بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە چووم و لە فیراری ڕزگارم بوو. چونکە من لەناو کۆمیتەی هەولێر و کەرکووکی ڕەوتی کۆمۆنیستدا دۆخی ئەمنیم باش نەبوو. دوای ئەوە پێم کرایەوە و چەندجارێک سەردانی کەرکووکم دەکرد بەڵام هەر بە مەیلەو نهێنی دەچووم و زۆر خۆم دەرنەدەخست و زۆربەی شەوانیش لەماڵی باوکم نەدەنووستم. چونکە هەر ترسی ئەوەم هەبوو دائیرەی ئەمن بمگرێت. زۆربەی جارەکان لە ماڵی خوشکەکانم و خاڵم دەمامەوە و جاربەجاریش لەماڵی باوکم دەبووم. ئەو ماوەیە ئەو کەسانەی ئیشی حکومییان دەکرد، بەپارەیەکی ئێجگار

---

[38] سەرۆکی ئەوکاتی یەکێتیی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق عبدالامیر معلە بوو نووسەری ڕۆمانی الایام الطویلة.

کەم تەلەفیزیۆنیان پێدەدان. ئێمەش چونکە هاوسەرم ئیشی حکومی هەبوو تەلەفیزیۆنێکمان لە سوق مەرکەزی وەرگرت. تەلەفیزیۆنەکە گەورە بوو ڕەنگاوڕەنگ بوو و نوێ بوو، هەرچەند زۆرمان حەز لێبوو بەڵام فرۆشتمان بە ٤٥٠ دیناری ئەوسا کە پارەیەکی زۆر بوو و ئەو پارەیەمان بەخشی بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بۆ ئەوەی دەزگای چاپ و پەخشەکەی چاک بکاتەوە و بیخاتە گەڕ. ئەوە بوو ڕەوتی کۆمۆنیست داوای لێ کردم بچمە بەغدا تا گڵۆپێک بۆ جیهازی ئیستینساخەکەی ڕەوت کە ناوی (مینۆڵتا) بوو، بکڕم. چونکە گڵۆپە ئەسڵییەکەی خۆی سووتابوو. گوتیشیان ئەگەر داوای ئیجازەی دوکانیان لێت کرد بڵێ دوکانی براکەمە و ئیجازەکە بەناوی ئەوەوەیە. ئەوە بوو چوومە بەغدا و دوو ڕۆژ گەڕام ئەو گڵۆپەم دەست نەکەوت و نائومێد گەڕامەوە. ماوەیەکی زۆری برد تاجیهازەکە کەوتەوە ئیش. ئەو سەردەمە ئەوەندە خەریکی کاری ڕێکخستنی کرێکاران و ڕێکخستنەکانی ڕەوت و گۆڤاری (ڕابەر) بووم ئاگام لە هیچ نەمابوو. زۆرجار من و سەمیر نووری و جەماڵ کۆشش دادەنیشتین و لە کاتی ئاساییدا دەمانکردە سوعبەت و لەجیاتی پۆستەرە شیعر دەمانگوت کۆستەرەشیعر دەڵێین بۆ نموونە دەمان وت:

هاتەوە لەلای مەخموور
پۆشیویە کراسی سوور
سەرخۆش بە بۆنی بخوور
تامەزرۆی کەوەر و توور...تاد

ئیتر بەوجۆرە پێدەکەنین و کاتێ خۆشمان دەگوزەراند. ئێمە ئەوکات وابووین بە هەموو ماناکانی هاوڕێیەتی هاوڕێی یەکتر بووین. دڵمان لای یەکتر بوو، بە خەمی یەکەوە بووین. هێندەش قاڵ بووبووینەوە لەناو سیاسەت و گفتوگۆ و مەسائیلی ئەمنی و نووسراوە بردن و کتێب هێنان و بەیاننامە بڵاوکردنەوە،

هەموومان ئەتگوت یەک جەستەین. مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و (اصل الرآسمال) و اصل العائلة و زۆر کتێبی تر وەکو ڕۆمانی (دایک) ی مەکیسم گۆرکی و ڕۆمانی (نینا)ی نووسەری ئازربایجانی ثابت ڕەحمان و ڕۆمانی (العقب الحديدية) ی جاک لەندەن و ڕۆمانی (ژەرمینال)ی ئەمیل زۆلا و ئەرنەست فیشەر و ڕیجی دۆبریە و جۆرج لۆکاش و حەنا مینە و سەلامە موسا و زۆری ترمان خوێندەوە. کۆمەڵێ کتێبم هەبوو لە کەرکووک کە کتێبی سیاسی بوون و لەناو چاڵێکدا و لە حەوشەکەماندا شاردبوومەوە، چوومەوە کەرکووک و ئێوارانێک دەرم هێنان و بۆ سبەینێکەی بردمن بۆ هەولێر. لەنێو ئەو کتێبانە ئەوەی لەیادم بێت (سەرمایە)ی کارل مارکس و (الموسوعة الفلسفية) بوون کە ئەمەی دواییان هی هاوڕێ لوقمان فەیزوڵا حەمە ڕەش بوو کەوتە لای من و دواتریش بەداخەوە فەوتا. کتێبخانەکەی ماڵمان تا دەهات کتێبی زیاتری لە خۆ دەگرت و کۆمەڵێ سەرچاوەی ئەدەبیاتی سۆشیالیستیمان هەبوو کە وێنەی کەم بوو. زۆربەشیان کتێبەکانی (دار التقدم)ی مۆسکۆ بوون. لەملاوە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست تا دەهات پانوپۆڕتر و گەورەتر و بەهێزتر دەبوو و ڕێکخراوەکانی تریش (پرۆلیتاریای کۆمۆنیست)ی لێ دەربچێت، ئەوانی تر لەژێر ناوی (دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا) بە نووسراوەی (ئەزمە) کە حەیدەر هیدایەت بزوێنەری سەرەکیان بوو، خۆیان نمایش دابۆوە و ململانێیەکی توند و بەهێز هەبوو لەنێوان ڕەوتی کۆمۆنیست و دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا. دەستە، پێی لەسەر بەرنامەی موشەخەس دادەگرت و ڕەوتیش پێداگری لەسەر بەرنامەی ئەنتەرناسیوناڵ دەکرد و هەردوو نووسراوەی (جیاوازییەکانمان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت) و (بەرنامەی موشەخەس یان بەرنامەی ئەنتەرناسیوناڵ، بەشی یەکەم و دووەم) بە تەواوەتی بۆچوون و ڕوئیای سیاسی و چینایەتی ئەو دوو بۆچوون و میتۆدەی دیاری کردبوو و ڕەوت توانی بەم سێ کتێبە کە بە چاپێکی جوان و دزاینێکی قەشەنگەوە هاتنە دەر، سورپرازێکیش بوو بۆ دەستە و ڕێکخراوەکانی تر کە تا ئەو دەم هەر بە کاربۆن و لەسەر

کاغەز بەدەست و خەت نووسینەکانیان دەنووسییەوە و بڵاو دەکردەوە، چەند هەنگاو بچێتە پێشەوە.
ساڵی ١٩٨٨ بووم بە باوک و کچێکی چاوگەش و جوانمان بوو و ناومان نا ئاڵا. هاتنی ئاڵا بۆ ناو خێزانەکەمان خۆشییەکی لەڕادەبەدی پێبەخشیم. پێمخۆش بوو بووم بە باوک و نۆبەرەکەشمان بوو بە هەڵگری ناوێکی سیاسیی. زۆر کەس دەیان گوت ئاڵا ناوێکی زۆر خۆشە مەبەستت (ئاڵای شۆڕش)ە؟ دەمگوت نەخێر مەبەستم (ئاڵای سووری کۆمۆنیزم)ە. ئاڵا هاتە نێو دونیایەکی پڕ لە کێشمەکێش و برسێتی و فیراری و ترس و نەگبەتی. بەڵام ئەو منداڵە چی دەزانیٚ؟ چی دەربارەی هەژاریی و خەبات دەزانیٚ؟ بەهەرحاڵ سەرباری ئەو هەموو قورسی و ناڕەحەتییەی ژیان، ئاڵاشی هاتە سەر. ئیتر بەوجۆرە شانمان دایە بەر ژیان. هەرچەندە دەستم کورت بوو، برسی بووم، باری ماددیم زۆر خراپ بوو، بەڵام شۆڕ و شەوقێکی ئێجگار زۆرم هەبوو بۆ سیاسەتی کۆمۆنیستی و بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ. لەپاڵیشەوە ئیش و کارەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ئەدەبی کرێکارییم ڕایی دەکرد. هەر ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار کتێبی (ادب الرفض السوڤیتی) ی سعید الغانم ١٩٧٠م بینی و خوێندەوە. ئەم کتێبە گەلیٚ پرسیاری لا وروژاندم. لەم کتێبەوە ئیتر زانیم گەلیٚ نووسەر کە دژ بە سیاسەتەکانی ستالین بوون، یان زیندانی کراون یانیش دوور خراونەتەوە. بەڵام پرسیارە گەورەکەی من ئەوە بوو ئەو ڕەتکردنە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتبوو کە کە ئەدەبی سۆڤیەتی کرێکاریی نییە، بەڵکو لەوە هاتبووکە ئەو نووسەرانە مەیلی لیبڕالییەتیان هەبوو و نەیان دەتوانی لەژێر چەتری ڕیالیزمی ستالینی ئیش بکەن. لەو سەردەمەش جارجار بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع نووسینیان لە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و ئاسۆ و پاشکۆی عێراق سەبارەی بە مۆدێرنە و مۆدێرنێزم و پۆست پۆدێرنیزم دەنووسی، ئێمە وەک (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) موتابەعەی ئەو بابەتانەمان دەکرد و قسەی خۆشمان هەبوو لەسەریان، بەڵام هێندە کاریگەر نەبوون و نەبووبوون بەو ناوەی کە ئێستا هەن

و ڕاپەڕینیشی بەسەردا هات، بۆیە تێڕوانینەکانی ئێمەش ڕووناکیان نەبینی. لە ئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا ئەوەندەی ڕەخنەی لە ڕەوتی کۆمۆنیست دەگرت، نیو ئەوەندە ڕەخنەی لە نیزامی سەرمایەداری نەدەگرت. ئەو ساڵە لە ١٩٨٨ تا ١٩٨٩ هەناسەیەکمان هاتەوە بەر. بەڵام عێراق کەوتبووە ژێر قەرزێکی زۆرەوە و باری ئابووری بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران داڕمابوو و دەرگیری ئەزمە بووبوو. عێراق بە سەدەها ملیار دۆلاری لە سندوقی بانکی نێودەوڵەتی قەرز کردبوو. چالاکی سەربازی حیزبە کوردییەکان تەواو قەتیس مابوون و لە سنوورەکان گیرسابوونەوە و هیچ پەیوەندییەکیان بە خەڵکی کوردستانەوە نەمابوو. ئەو سەردەمە چالاکی سیاسیی لە کوردستانی عێراق تەنها بریتی بوو لە چالاکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە گشتی و ڕەوتی کۆمۆنسیت بە تایبەتی. هەر لەو ماوەیە ئێمە لە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بەردەوام بووین لە بڵاوکردنەوەی گۆڤار (ڕابەر) و ژمارەکانی گۆڤارەکە تا دەهات بەرەو سەرەوە دەچوو. ساڵی ١٩٨٩ یادی یەکەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی ئالای کچم و سەهەندی هاوڕێ سەمیر نووریمان پێکەوە کردەوە هەرچەندە سەهەند یەک دوو مانگ لە ئالای کچم گەورەتریش بوو. من وا دەقم بە فیرارییەوە گرتبوو، تەسریحیش ببووم هەر وەک سەربازی هەڵاتوو ڕەفتارم دەکرد و زۆر ئاگاداری مەسەلە ئەمنییەکان بووم. ئەمەل عوسمان ئەو خانمەی کە لە ئەمنی کەرکووک لەگەڵ ئێمە گیرابوو، بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو و ئەو بەرەو چەپ هات و نزیک بوو لە پرۆلیتاریای کۆمۆنیستەوە و جارجار سەردانی دەکردین و ڕۆژێکیان ئێمەش چووین لە ئۆردووگای جدیدە سەرمان لێدا و شەوەکەی تا درەنگ قسەوباسمان کرد. لەناو هەموو ئەو کەسانەی گروپەکەی ئێمە کەلە ئەمنی کەرکووک گیرابووین، جگە لە من، تەنها ئەمەل عوسمان بەرەو چەپ وەرچەرخا و بوو بە کۆمۆنیست.

ساڵی ١٩٨٨ وەکچۆن گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئاوەڵا بوو، ئاواش تەواوی حیزبە کوردییەکان و بەرەی کوردستانی

لە سنوورەکان قەتیس مابوون. سەرکردایەتی یەکێتیی چووبووە قاسمەڕەش و و حیزبەکانی تریش لە ناوچە سنوورییەکان و پارتیش لە کەرەج و تاران بوون. هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسیی و سەربازییان نەبوو. کاتێک کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا، کۆمۆنیستەکان بەگشتی و ڕەوتی کۆمۆنیست بەتایبەتی ڕایان وابوو کە ناسیونالیزم ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەو ڕووداوە و تەنانەت ڕووخان و تێکدانی گوندەکانیش هەر بەو سیاسەتەی ناسیونالیزمەوە گرێ دەدرا. ئەگەر هەڵەبجە هەموو کۆمەڵگەی هەژاند و تاساند، ئەوا جینۆسایدی ئەنفال فرمێسکی ناخی کوردی باران. بیرمە کاتێک خەڵکی گوندەکانیان دەهێنایە ئۆردوگا زۆرەملێکانی وەک بەحرکە و کەورگۆسک و جدیدە و شاوێس و بنەسڵاوە و دارەتوو، خەڵکی بەشمەینەتی هەولێر بە تراکتۆر و عەرەبانە و پیکاب و سەیارەی تر هەر لە لانک و بەتانی و لێفە و تەندوور و دۆشەک و جلوبەرگ و خواردنەوە بگرە تا دەگاتە گسک و پێڵاو و تەنانەت قالبە بەفریان بۆ کۆمەکی ئەو خەڵکە کۆکردەوە و بەهانایەنەوە چوون. نابێت هەرگیز ئەو هەڵوێستە ئینسانییەی خەڵکی هەولێرمان بیر بچێتەوە کە جوانترین مێژوویان بۆ خۆیان و شارەکە تۆمار کرد. هەورەها بەعسیان واقوڕماو کرد کە چۆن ئەم خەڵکە وەک یەک بنەماڵە هاوکاری یەک دەکەن و لەڕۆژە تەنگانەکاندا فریای یەک دەکەون. سیاسەتی ڕەوتی کۆمۆنیست جگە لەوەی مەحکوومی بەعس و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی بەعسی

دەکرد، لەهەمان کاتیشدا پەنجەی تاوانی دژ بە ناسیونالیزمی کورد درێژ دەکرد و ئەوانیشی وەکو بەشێک لەو تاوانبارانە دەبینی. من پێموابوو سیاسەتی ڕەوتی کۆمۆنیست و بزووتنەوەی چەپیش ڕوون بوون سەبارەت بە کیمیاباران و کارەساتی ئەنفال. بەڵام ئەم هێزە چالاکە کە گۆڕەپانەکەی لەبەردەستدا بوو لەڕووی عەمەلییەوە جگە لە ئاستی تاک و گروپ نەیتوانی سیاسەتێکی عەمەلی ڕۆشنی هەبێت بۆ بەدەمەوە چوونی ئەو خەڵکە ستەملێکراوە. دیارە لەوەش نابێت ستەم و سەرکوتی بەعسمان بیر بچێتەوە و من ئێستاش دەڵێم هەر

ئەوەندە دەکرا و هێزی بزووتنەوەکەش هەر ئەوەندە بڕی دەکرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەوتی کۆمۆنیست ورد ورد تا دەهات پتەوتر و پانوپۆڕتر دەبۆوە. هەروەها لەڕووی ئیداری ڕێکخستن و بەرپرسیارێتی ئەمنییەوە تا دەهات دەچووە سەر و تواناکانی تەزویری ڕەوتی کۆمۆنیست هەر لە ئیجازەی سەربازییەوە تا ناسنامەکانی (وەزارة الصناعة و التصنیع العسکري) لە ئاستێکی بەرزدا بوو. هیچ موبالەغەی تیا نییە ڕەوتی کۆمۆنیست جگە لەوەی تەواوی کادیر و ئەندام ولایەنگر و هەوادارانی خۆی بە هەر جۆرە ناسنامەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ دۆخی ئەو کەسە دابین دەکرد، تەنانەت ناسنامە و کۆمەکی ناسنامەیی زۆری بۆ هەڵسوڕاوان و کادیرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرد و ئەم کارەی ڕەوتی کۆمۆنیست جێگای دەستخۆشییە. ئەو سەردەمە (گرووپی پرۆژە)ش پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە.[٣٩] ئیتر ڕەوت بە تواناتر و بەهێزتر لەمەیدان بوو. لە ڕووی تیئۆرییەوەش زۆر لە پێشبوو. پەیوەندییەکی باشیشی هەبوو لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لەگەڵ هاتنی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕەوتی کۆمۆنیست هەر زوو ئەو باسانەی قەبووڵ کرد و تەبەنی کرد و ئەو سیاسەتەی بەناو هەموو ڕێکخستنەکاندا شۆڕ کردەوە. تەواوی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی ئەو سەردەمە جگە لە پرۆلیتاریای کۆمۆنیست نەبێ، هەموو ئەو باسانەی هاوڕێیان (مەنسور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین، ڕەزا موقەدەم و کۆرش مودەڕسی)یان قەبووڵ کرد.

پەیوەندییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران زیاتر لە ڕێگەی (ڕەحمانی حوسێنزادە و مزەفەری محەمەدی)یەوە دەچوون بەڕێوە و ئەوانیش لەو کادیرە بەتوانایانە نەبوون کە بتوانن تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی کوردستان بخوێننەوە و

[٣٩] گرووپی پرۆژە کۆمەڵێ هاوڕێی کۆمۆنیست بوون کە لەساڵی ١٩٨٨ پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. کادیرە بەرچاوەکانی گرووپی پرۆژە بریتیبوون لە هاوڕێیان ئاوات سەعید، خەبات مەجید، دکتۆر ئەمین ، دکتۆر کامەران قەرەداغی و حوسێن عەقراوی.

سیاسەتی کۆمۆنیستی دەرهەق بەو بزووتنەوەیە پیادە بکەن. ئێمە وەک کادیرانی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیست گەلێ نیشانەی پرسیارمان لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەو هاوڕێیانە (ڕەحمان حسێنزادە و مزەفەر محەمەدی) بۆ دۆخ و ڕێکخراوەکانی ئەوسای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق هەبوو. سەرباری ئەمانەش پێ بەپێی چوونە سەری کار و چالاکی سیاسیمان، ڕەوتی کۆمۆنیست توانی لەڕێگەی توانستە تەزویرییەکانییەوە، ژمارەیەکی بێشوومار سەنەوەی سەیارەی پێکاب تۆیۆتا دروست بکات بەناو ئەندامەکانی و ئینجا شانە شانە بیان نێرێتە (شركة العامة للمواد الاحتياطية للسيارات) و هەر سەنەوییەک جووتێ تایەی وەردەگرت بە پارەیەکی زۆر کەم. لەولاشەوە هاوڕێیانێک بە پیکابەوە وەستابوون و ئێمە تایەکانمان وەردەگرت و ئەوان دەیان کردە ناو سەیارەکان و دەیان بردن بۆ فرۆشتن. شانەکانی هەولێر چووین بۆ سلێمانی و سلێمانی هاتن بۆ هەولێر و بەوجۆرە ڕەوتی کۆمۆنیست حەملەیەکی فراوانی سازدا و پارەیەکی باشی دەستکەوت. بەم دەستکەوتە لەناو دەست و چاوی بەعسەوە بێئەوەی ئەندامێک بگیرێت یان سەنەوییەک کەشف بێت، یان تەنانەت شانەکانی ڕێکخستنەکانی ڕەوت بەریەک بکەون، بایەخێکی سیاسیی زۆری هەبوو. من ئەوکات بڕوام وابوو ئەوەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەیکات، حیزبێکی سیاسیش هەر ئەوەندەی پێ دەکرێت، ئەویش ئەگەر پێی بکرێت. ئەم حەملەیە گوڕ و تینێکی ئابووری خستە بەر ڕەوتی کۆمۆنیست و تەنانەت بووە هۆی بەرزبوونەوەی وزەی شۆڕشگێرانە لەناو ئەندامان و کادیرەکان. لەهەمووشی پڕبایەختر (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەوتی کۆمۆنیست) بوو کە چاپووکانە کەوتە کار و بووە مایەی دڵخۆشی تەواوی ڕێکخراوەکە. جگە لەمەش ڕەوتی کۆمۆنیست ژمارەیەک کادیری موحتەریفی هەبوو کە کاریان نەدەکرد و بەردەوام خەریکی سیاسەت بوون. من خۆم یەکێک بووم لەو کادیرانەی لەسەر داوای ڕەوتی کۆمۆنیست خۆم تەرخان کرد بۆ سیاسەت و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست. گۆڤاری (ڕابەر) ماوە نا ماوە ژمارەی تازەی دەردەچوو و خوێنەری

زیاتری لەدەور کۆدەبووەوە. تا ساڵی ١٩٩١ ڕەوتی کۆمۆنیست کۆمیتەی هەولێر و کەرکووکی لەیەک جیا نەکردەوە و وەک یەک کۆمیتە خەریکی چالاکی و هەڵسوڕاو بوو. هەروەها بڵاوکراوەی پرۆلیتاری کە بەزمانی کوردی دەردەچوو و وەک ئۆرگانی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست هاتە بڵاوکردنەوە. پرۆلیتاری دەورێکی گرنگی گێڕا لە ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست سەبارەت بە مەسەلە ئابووری و سیاسییە گرنگەکانی کوردستان و عێراق. لەو ساڵە بوو ماڵی هاوڕێ سەمیر نوری لەخانووەکەی ئێمە باریان کرد و وەک پەیڕەوکردنێکی ئەمنی چوونە گەڕەکێکی تر و ئیتر دەبوایە من بەردەوام بچمە ئەوێ بۆ کۆبوونەوە. خانووەکەی کارگەی نەسیجیشمان کە دوو ساڵ زیاتر بوو هاتوچۆی لەسەر بوو و هەندێک ببووە جێی سەرنجی خەڵک و حکومەت، هەوڵماندا زۆر ئیحتیاتی خۆمان وەربگرین و ئاگامان لە خۆمان بێت. لەملاشەوە حیزبی بەعس و سەدامی خوێنمژ نەیدەویست عێراق بە ئارامی بمێنێتەوە و ئەو خەڵکە ماندووە هەناسەیەک هەڵمژن و پشوویەک بدەن. گرتن و هەڵکوتانە سەر ماڵان و سەرکوتی بەعس تا دەهات زیاتر و توندتر دەبۆوە. کاری سیاسیش لەژێر ئەو دۆخە پڕ لە سەرکووت و خەفەقانە ئاسان نەبوو و تەنانەت زۆریش زەحمەت بوو. ئیتر ئێمە لەو شەمەندەفەرە دەچووین کەبەناو توونێڵێکی تاریک و مەترسیداردا بڕوات. چواردەورمان ترس وبیم بوو. خەڵکانێکی زۆریش لە بێ ئەلتەرناتیڤیدا کە حیزبەکانیان لەو سنوورانە گیرسابوونەوە، نزیکایەتییان لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیستدا پەیدا کردبوو. هەندێک لەوانە لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیستدا هاتن و بوون بە کۆمۆنیست و هەندێکی تریشیان دەستیان لە باوەڕەکەیان بەرنەدا و دوای ڕاپەڕین پەیوەست بوونەوە بە حیزبەکانیان.

ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ماوەی نێوان ١٩٨٤ تا ١٩٨٨ خەریکی خوێندنەوەیەکی چڕی مارکسیزم بوو، دوایی ئەنجامی ئەو خۆ پەروەردەکردنەمان بینی کە بریتیبوو لە هاتنە دەرەوەی دەیەها کادیری بەتوانا لەڕووی تیئوری و عەمەلییەوە. ڕەوتی کۆمۆنیست توانی ڕەکیزە بنچینەییەکانی

خۆی بنیاد بنێت و بە هێزەوە لەسەر قاچی خۆی بوەستێت. سیاسەتیشی ڕێک و ڕۆشن بوو لەگەڵ ئاستی گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دۆخی عێراق و کوردستان و پەیوەستبوون بە چینی کرێکار و تاد. سیاسەتی ڕێکخستن و ئاستی تەبلیغی کۆمۆنیستی ئەو ڕێکخراوە بەپێی کات دەچووە سەر. لە سەرەتادا کە ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست بریتیبوون لە هاوڕێیان (موئەیەد ئەحمەد، ئەمجەد غەفوور و نادر عەبدولحەمید) و پاشان دوای ساڵی ١٩٨٩ چوار هاوڕێی تر بۆ ناوەند بەرز کرانەوە کە ئەم هاوڕێیانە بوون (موحیسن کەریم، سەمیر نووری، ئاوات سەعید، سادق عەزیز). ئیتر ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست، ناوەندێکی تۆکمە و پتەو و بەهێز بوو. ئەو ناوەندەش بە دەیان کادیری بەتواناوە دەورە درابوون. ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست جگە لە بڵاوکراوەی پرۆلیتاری کە موئەیەد ئەحمەد سەرنووسەری بوو، خەریکی شرۆڤەی پرسگەلێک بوو کە یەکێک لەو پرسانە بەهێزکردنی میدیا بوو و بەتایبەتی ڕۆژنامەیەک بۆ کوردستان. هەر ئەم پرسەش بوو دوایی بوو بەهۆی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە. کە سەرەتا ئەمجەد غەفوور سەرنووسەری بوو. لەملاشەوە من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش ژمارە دوای ژمارە گۆڤاری (ڕابەر)مان دەردەکرد و تەنانەت کتێبی گۆڤاری رابەریشمان هەبوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چوار کتێبی وەکو کتێبی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون:

یەک: چرای شۆڕش، شیعر، عبدولا سلێمان (مەشخەڵ) هەولێر ١٩٨٨، کە نزیک بە پانزە شیعری لەخۆ دەگرت.

دوو: لینین دەربارەی تۆڵستۆی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە نەوزاد ئەحمد ئەسوەد (هۆشەنگ) ١٩٨٨ هەولێر

سێ: دیوارەکان دەڕووخێنین شیعری برتۆڵد بریخت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دلاوەر حوسێن (عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ) ١٩٩٠ هەولێر

چوار: ژمارەیەک لە پەخشانەکانی ب.سۆلین ١٩٩٠ هەولێر.

جێی  ئاماژەیە ئەم نامیلکانە کە کتێبی گۆڤاری (ڕابەر) بوون، بە دەست و خەت دەنووسرانەوە و لەبەریان دەگیرایەوە و بڵاو دەکرایەوە.
لەلایەکی تریشەوە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی گرنگی بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون:
یەک: ئەناتۆمی لیبڕاڵیزمی چەپ لە دیدگای مەنتق و تەئریخدا، ڕەخنە لە ڕۆمانی شاری حوسین عارف، نووسینی جەماڵ کۆشش لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە بە دوو بەش.
دوو: دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا، نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، بە دوو بەش لە گۆڤاری رابەر بڵاو کرایەوە.
سێ: شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر، نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ). ئەمیش لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە.
بە بڕوای من ئەم سێ نووسینە بوون بە کۆڵەکەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. هەروەها جێی داخە کۆمەڵەشیعرێکی هاوڕێ عارف کوردە کە بە نازناوی (ئاگرین) ەوە گەیشتە دەستمان و بڵاومان نەکردەوە. ئێمە لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست شانبەشانی گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەنگاومان دەنا و توانیمان بەپێی ئاستی گەشە و توانا مەعریفییەکانمان، ئەدەبی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا پەرە پێبدەین و جێدەستیشمان دیار بوو.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، بەهۆی زۆری بەرچاوی ماڵەکەمانەوە، ماڵی هاوڕێ سەمیر نووری وایان بەباش زانی بیگوێزنەوە جێگایەکی تر. ئەوە بوو لە گەڕەکی (حي العسكري) خانوویەکیان گرت. ماڵەکەمان بۆ ئەوەی ئاسایی بێتەوە، دوو ژوورەکەی سەرەوەمان دا بەکرێ بە ماڵێکی ئاسایی کە خەڵکی گوند بوون و هاتبوونە شار، ماڵەکە لە ژن و پیاوێک و منداڵێکی ساوا و دایکی پیاوەکە

پێکهاتبوون. ئەم ماڵە چەند مانگێک لە ماڵمان بوون. جەوی ماڵەوەمان ئاسایی ببووەوە. من هیچ کارم نەدەکرد. ڕاستییەکەی مەعاشەکەی هاوسەرەکەم و ئەو کرێ کەمەی هەمان بوو بەشی مەسرەفی نەدەکرد. ڕۆژێکیان لەلایەن کەسێکەوە کە سووکە دەمەقاڵەیەکمان بوو، هەڕەشەی ئەوەم لێکرا کە کۆمۆنیستم و سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیستم و ئەچێت لای ساڵح بریفکانی ڕەفیق حیزبی کارگەی نەسیجی هەولێر شکاتم لێئەکات و ناوم ئەدات. ڕاستییەکەی من نەترسام بەڵام ئیحتیاتم وەرگرت و خێرا ئەو دۆست و هاوڕێیانەی ڕەوتی کۆمۆنیست (تەها قەلادزەیی و حوسێن بارام)م ئاگادار کردەوە و چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم چی ڕوو ئەدات. شەوەکەی لەماڵ نەنووستم و بینیم هیچ نەبوو و هیچیش ڕوووینەدا. ئیتر زانیم ئەو کەسە (ناوەکەی ئەپارێزم لەبەر هەندێ ئیعتباراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی) پەشیمان بۆتەوە و لەڕاستیدا نەیوێرابوو ئەو کارە بکات چونکە خۆشی تیا ئەچوو. بەهەرحاڵ دوای سێ مانگ بە کرێچییەکەم ڕاگەیاند ماڵەکەم سەری مانگ بۆ چۆڵ بکات. چونکە بەردەوام خەریکی ناوبژی بووم لەنێوان ژن و مێردەکە. ماڵی هاوڕێ سەمیر نووریش بەردەوام و زووزوو سەرم لێئەدا و کۆبوونەوەمان تیا ئەنجام دەدا. لەملاشەوە فشار بۆ سەر کرێکارانی کارگەی نەسیج بەتایبەتی هاوڕێیانی ڕەوتی کۆمۆنیست لە نەسیج دروست ببووبوو و بەڕێوەبەرایەتی کارگە و ڕەفیق حزبی کارگە (ساڵح بریفکانی) لەگەڵ بەڕێوەبەر (شێخ زیاد) دەیان ویست تۆمەتی دزی بدەنە پاڵ یەک دوو کرێکار بۆ ئەوەی فەسڵیان بکەن. ئێمەش ڕێنوێنی دروستمان دا بەو هاوڕێیانە و پیلانەکەی ئیدارە و بریفکانیمان پووچەڵ کردەوە. بەو جۆرە چەند جارێکی تر هاوڕێیانمان هەڕەشەیان لێکرا و توانیمان لەو هەڕەشانە قوتار بین و نەکەوینە بەر دەرکردن. خۆشم هێدی هێدی لەگەڵ کرێکارەکان پەیوەندیم دادەنا، لەنێویاندا سەید مەجید کە ڕابەرێکی عەمەلی کرێکاریی بوو. سەید مەجید پیاوێکی بەتەمن و لەسەرخۆ بوو. ئەوکات تەمەنی نزیک بە ٥٥ ساڵێک دەبوو. کرێکارەکان گوێیان لێ دەگرت و ئۆتۆریتەیەکی باشی هەبوو. زۆر گونجاو نەبوو هەروا لێی نزیک ببمەوە و

ماوەیەکی برد تا ناسیم و ئیتر دوای راپەڕین بووینە برادەر. ماوە نا ماوە دەمبینی و قسەوباسمان دەکرد. ڕەوتی کۆمۆنیست گەرچی گەشەی کردبوو و لیژنەی ئابووری هەبوو و وەزعی دارایی باشتر ببوو، بەڵام هێشتا ژمارەیەک لە کادیرەکانی لە دۆخێکی ماددی خراپدا دەژیان و من یەکێک بووم لەو کادیرانە. من لەم سیاسەتەیدا ڕەخنەی زۆرم لە ڕەوتی کۆمۆنیست گرت و پێموابوو سیاسەتەکەی دەرهەق بە کادیرە موحتەریفەکانی دروست نەبوو. هەرچەندە ڕەوتیش بەڵگەی خۆی هەبوو بۆ ئەو سیاسەتە. بەڵام من ئێستاش پێموایە ئەو سیاسەتە دروست نەبوو. بەڵام من نە برسێتی و نە دەستکورتی و نە ماندووبوونم نەدەزانی چییە و هەر منیش وا نەبووم چەندین کادیری تریش وابوون و ئەتوت فەرهادن (شۆڕشگێڕن)و خەریکی هەڵکۆڵینی کێوی بیستوونن (سەرمایەداری) بۆ ئەوەی بگەن بە دڵخوازەکەیان کە (سۆشیالیزم)ە. لەو ساڵە ١٩٨٩ و ١٩٩٠ دوو یا سێجار سەرم لە کەرکووک دا و منداڵی دووەممان لەڕێگە بوو. بێئومێدییەک باڵی بەسەر خەڵکدا کێشابوو. کۆمۆنیستەکان لە هەرکات زیاتر تێدەکۆشان وهەوڵیان دەدا دژ بەو بێئومێدییە بوەستنەوە و هانی خەڵکیان دەدا ڕوو لە سیاسەت و خەبات بکەن. ئەو دەمیش لەنێو توێژی قوتابیاندا مەیلێکی بەهێز بەرەو کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەبوو. کچان و ژنانێکی زۆر لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان هەڵدەسوڕان و چالاکی سیاسییان ئەنجام دەدا. لە هەولێر ڕێکخستنەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست پان و پۆڕتر بووبوون و چەندین خانەوادەی کرێکاریی هاتبوونە پێشەوە و کەوتبوونە خزمەت سیاسەتەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست. ماڵی هاوڕێ ئەکرەم مەحموود بە دایک و برا و خوشک لەخزمەت ئێمەدا بوون و نموونەی خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کرێکاریی بوون. گەلێ جاریش لەماڵی هاوڕێ ئەکرەم کۆبوونەوەمان ئەنجام دەدا. من پێشتریش بەر لە ڕەوتی کۆمۆنیست هاوڕێ ئەکرەمم دەناسی و پاشانیش پەیوەندییەکانمان بەهێز بوو. ساڵی ١٩٩٠ عێراق مرخی لە کوەیت خۆش کردبوو و کاتێکمان زانی شەوێک بەتایبەتی ٢ی مانگی ئابی ١٩٩٠ عێراق هێرشی سەربازی کردە سەر

کوەیت و داگیری کرد. ئەم کردەوەیە پەرچەکردارێکی سیاسی و ئابووری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. تا ئەو ڕۆژە هەموو شتێک لە بازاڕ دەست دەکەوت و پاش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری سزای ئابووری بەسەر عێراقدا سەپاند، ئیتر ئەو بازاڕە نە ڕۆن، نە برنج، نە شەکر، نە ئارد و هەر هیچ لەبازاڕدا نەما. عێراق ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی لێگیرا. سێ ڕۆژ دوای ئەو بەروارە کوڕێکی چاو گەشمان بوو و ناومان نا (ئاتین). ئەوناوەشم لە ڕۆمانی ئەمیل زۆلای ڕۆماننووسی فەرەنسییەوە وەرگرت کە لە ڕۆمانی کرێکاریی جەرمیناڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکە ناوی ئاتینە و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە خەباتی ئابووری کرێکارانی فەرەنسا لەسەدەی هەژدەهەم. من لە خۆشەویستی ئەو پاڵەوانە، کوڕەکەم ناونا (ئاتین). لەمملاشەوە لەڕێگەی هەوادارێکی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە کە کرێکاری دائیرەی کارەبا بوو، برایەکی لە چاپخانەی پەروەردەی هەولێر کاری دەکرد و منی بە براکەی ناساند و ئیتر ئەو برایەشی بوو بە لایەنگری ڕەوت. من لەڕێگەی ئەو کرێکارەی چاپخانەوە، دەستێکم لەناو کرێکارانی چاپخانەی پەروەردەی هەولێریش بوو. من خۆم هێڵێکم لەناو نەسیج بوو، هێڵێکی ترم لەناو کرێکارانی چاپخانە بوو، هێڵێکی تریشم لەناو کرێکارانی کارەبا بوو، لەناو خزم و دۆست و ناسیاوە گەنجەکانیشم زۆربەیان لایەنگری ڕەوت بوون و ئەدەبیاتی ڕەوتیان دەخوێندەوە و موناقەشەمان دەکرد. ئەوان یارمەتییان دەدام و لەپشتم بوون. خانوویەکی تریشمان هەبوو لە دارەتوو کە ماڵێکی هەژاری لایەنگری ڕەوت تێیدا بوون و زۆرجار هەستم بە مەترسی بکردایە دەچوومە دارەتوو و لەو ماڵە دەمامەوە. لە بنەسڵاوەش دوو ماڵم هەبوو لەگەڵ چەند هەوادارێکی ڕەوت. خەباتی کۆمۆنیستی لەو سەردەمە تامو چێژی تایبەتی خۆی هەبوو. زۆرجار لەلایەن خزم و کەس و کار و برا و خوشکەوە گلەیی ئەوەم لێدەکرا کە ئاگام لێیان نەماوە، هەرچەند ئەوان ڕاستیان دەکرد، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی هەواداران و لایەنگران و ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیست و هێڵی ڕێکخستنەکانم فریای کەسوکار نەدەکەوتم. ئەگەر غەدر لە خۆم نەکەم دەتوانم بڵێم وەک ڕەوتی

کۆمۆنیستیش هەموو جارێک دەیگوت زۆرترین ژمارەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی ڕەوت لە هەولێر لەڕێگەی منەوە بڵاو دەبوونەوە و دەگەیشتنە دۆست و هەوادارانی ڕەوت لە ئۆردوگاکان و ناو شاری هەولێر. شەو و ڕۆژ خەریکی ڕێکخستەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم و جگە لەوەش بەردەوام دەمخوێندەوە و هەروەها ئەرکگەلێکی زۆری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستیشم لەسەر شان بوو. بەڵی ئەمە ڕێک ئەوەیە کە دەڵێن گوڵی گەنجی و سەرتاپای ژیانی کردۆتە خزمەت سیاسەتی کۆمۆنیستی و ئەمە فیداکارییە و من تەنها نموونەیەکی ئەو شکۆ و شانازییەم و هەر لاپەڕەیەکی ژیان و خەباتی هەر هاوڕێیەکی کۆمۆنیست هەڵبدەیتەوە فیداکارێکی جەربەزە دەبینیت کە چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ڕوونی سبەینێیەک کە خاڵی بێت لە ستەم و چەوسانەوە.

بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هاوکێشە سیاسیی و عەسکەرییەکانی ناوچەکە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و نزیک بە سی دەوڵەت لە هاوپەیمانییەکی سەربازیدا یەکیان گرت دژ بە حکومەتی سەدام. لەملاشەوە ڕژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆری موالیدی ڕاکێشایەوە بۆ سەربازی و موالیدەکەی منیش یەکێک بوو لەوانە. چوومە تەجنید و نێردرام بۆ مەرکەز تەدریبی هەولێر. من هەرچەندەماڵیشم لە هەولێر بوو و چوون بۆ مەرکەز تەدریبی هەولێر ئاسان بوو بۆم، بەڵام نەچوومە پێشەوە و فیرارم کردەوە. هەرچۆنێک بێت نزیکەی مانگێک ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد و لای دەر و دراوسێ دەمگوت سەربازم و لای هەندێکیش دەمگوت گەڕاومەتەوە زانکۆ. ئیتر هەستم کرد وەزعم خراپە و تەقریبەن کەشفم کە فیرارم. بۆیە ڕەوتی کۆمۆنیست پێشنیاری بۆ کردم ماڵ بگوێزمەوە. ئەوە بوو چوومە گەڕەکی عەردی مەلایان (حي العلماء) کە گەڕەکێکی تازە و دوورە دەست بوو. خانوویەکم گرت لە پیاوێکی تا بڵێی ڕێکو پێک. ئەو خۆی ماڵی لە کەسنەزان بوو و ئەو خانووەی لە ئەوقاف وەرگرتبوو و هەروا تەواوی کردبوو . چوومە ناو خانووەکە و تا دوای ڕاپەرین هەر لەو خانووە مامەوە. خانووەکە گەورە بوو و ژووری زیادمان

هەبوو. دراوسێکانم زۆر باش بوون.ماڵی کاک نەجمەدینی دراوسێم، کەرکووکی بوون و سێ برا و دایکێک بوون. ئەو ماڵە بەداخەوە کوڕێکی گەنجیان لەو شەڕەی کوەیت کوژرا و پرسەکەیان لە ماڵی ئێمە دانا. کاک نەجمەدین زاوایەکی هەبوو بە ناوی مامۆستا سابیر. مامۆستا سابیر ماڵی لە گەڕەکی شورتاوا (حەی شورتە)ی هەولێر بوو. ئەو سێ ڕۆژە سەرباری جێبەجێکردنی ڕێ و ڕەسمی پرسەکە، بەردەوامیش گفتوگۆی سیاسیمان دەکرد. مامۆستا سابیر کە زانی باسی شیعر دەکەم و حەزم لە شیعرە و جێی متمانەم پێیوتم من برای جەمیل ڕەنجبەرم. منیش ئەم کۆپلە شیعرەی ڕەنجبەرم بۆ خوێندەوە:

ئاو و گڵی ئەم سروشتە
بۆ پێویستی خەندەی مرۆڤ
دەکەین بە هۆنراوەی ژیان
پێستی ئەسمەری ئێمەیە
بەرد و خشتی خانووی بەرز و
شەقامی شار دەشێلێت و
ئارەقەی خوێن
هەڵدەسوێ لە گیانی دیوار[٤٠]

کە شیعرەکەم لەبەر بۆ خوێندەوە فرمێسک زاییە چاوەکانی مامۆستا سابیر و دەستی بە گریان کرد. منیش لە لایەکەوە هەم ئیحراج بووم بە بینینی ئەو دیمەنەی مامۆستا سابیر و هەمیش خۆشحاڵ بووم کە لەگەڵ نزیکترین کەسی جەمیل ڕەنجبەر خەریکم باسی شیعرەکانی ڕەنجبەر دەکەم. چونکە جەمیل بۆ من ئایکۆنێکی ئەدەبی کرێکاریی و سۆشیالیستیی بوو و یەکێک بوو لە گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی، بۆشم گرنگ بوو وردترین زانیاریم سەبارەت

[٤٠] ئەم کۆپلەیە سەرەتای شیعری (زەنگی شۆڕشی کرێکاران)ی جەمیل ڕەنجبەری شاعیرە.

بە ژیان و شیعر و خەباتی ئەو شاعیرە هەبێ. بەهەرحاڵ دوای پرسەکەش جارێکی تر مامۆستام بینییەوە و ئیتر ئاگام لێی نەما. ئەم یادەوەرییەم لەگەڵ براکەی جەمیل ڕەنجبەر (مامۆستا سابیر) کاڵ نەبۆوە و لە نەستمدا بۆ خۆی دەژیا، تا لەم یەک دوو ساڵە جارێکی تر لە ڕێگەی پەیجی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بەمامۆستا سابیر شاد بوومەوە. بەوپێیەی جەمیل ڕەنجبەر بە هونەری شیعر لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەدوا و چونکە خۆشم ئەوکات ئەندامێکی کارای (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بووم، و شیعرەکانی ڕەنجبەرم بۆ گرنگ بوو، بۆیە چەند جارێک ئەم یادەوەرییەم لە لای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و تەنانەت هاوڕێیانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست باس کردووە.

دۆخی عێراق تا دەهات زیاتر خراپ دەبوو. مەسەلەی لێدانی عێراق بوو بە حەتمی. خەڵکێکی زۆر لەو بڕوایەدابوون کە سەدام هەرگیز ناڕووخێ بەس دەیانەوێ سەدام تەمبێی بکەن. لەولاشەوە بەرەی کوردستانی کە بریتیبوون لە کۆی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، خۆیان ئامادە دەکرد و چاویان لەوە بوو بزانن چی ڕوو دەدات. خەڵک زۆر بێزار بوو. زۆر نەبوو لە جەهەنمی شەڕی عێراق وئێران هاتبوونە دەرەوە، ئەم شەڕەشی بەسەردا هات. سەربازەکان دەستە دەستە هەڵدەهاتن و خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزییەوە. بە زمانێکی تر نەیان دەویست خۆیان بەکوشت بدەن و کورد واتەنی (لە تڕی سەگ بڕۆن). ئەوەبوو لێدانەکە بوو بە ڕاست و هاوپەیمانان توانیان بەلێدانی سەربازی، عێراق لە کوەیت دەربکەن و نەک هەر ئەوەش بگرە زیانێکی گەورەی سەربازییان لێدا و هێزە دڕەکەی سەدام گورزێکی سەربازی بەرکەوت و سوپا تۆزی چوو بە ئاسمانا. ئینجا هێرشی وشکانی دەستی پێکرد و لەگەڵ پێشڕەوی سوپای هاوپەیمانان، شارەکانی خواروی عێراق هەڵدەستان و شارەکەیان لە کاربەدەستان و لێپرسراوانی بەعس پاک دەکردەوە. ئەمە دڵخۆشکەر بوو. ڕەوتی کۆمۆنیستیش زۆر بە جیددی کەوتە ئامادەکاری و بۆ ئەو مەبەستەش ناوەند

لەگەڵ تەواوی ڕێکخستنەکان لە هەمانگیریدا بوو و هەروەها بڵاوکراوەی (ئەرکە دەستبەجێکانمان و داواکارییە کرێکارییەکان)ی چاپ و بڵاو کردەوە. ئەو ئەرکانە وەکو مانیفێستێکی سیاسیی و خەباتکارانە بوو بۆ دۆخی هەڵچوون و شۆڕش. بڕیاردرا ئەو ئەرکانە لە سەرتاسەری کوردستان بڵاو بکرێتەوە و هەرواش کرا بە خێراییەکی زۆر بڵاو بۆوە و گەیشتە هەموو شوێنێک. ڕەوتی کۆمۆنیست بەیاننەمەیەکی دەرکرد سەبارەت بە دۆخەکە و لە مانگی شوبات بوو کە هانی خەڵکی دەدا لەپێناو گەیشتن بە ئازادی ڕاپەڕن و شورای کرێکاریی خۆیان دابمەزرێنن. ئێمە دەبووایە ئەو بەیانامەیە لەناو خانووەکانی کارگەی نەسیجدا بڵاو بکەینەوە. ئەوە بوو من خەتی دائیرەی کارەبام هەڵبژارد (خۆم و هاورێیان خدر و حوسێن) ئەو ئەرکەمان گرتە ئەستۆ. زەرفی نامەم کڕی و دانە بەیاننامەکانمان خستە ناو زەرفی نامەکانەوە و هەر یەک کۆمەڵێک بەیاننامەمان پێبوو و چووین بۆ ناو خانووەکانی نەسیج. شەو بوو سەعات دەوروبەری هەشت و نیو یان نۆی شەو بوو. سەرەتا ویستمان بە جادە سەرەکییەکە بچینە ناو خانووەکانەوە، سەیرمان کرد پێنج تا شەش کەسی جەیش الشعبي ئاگریان کردۆتەوە و لە دەروازەی ماڵەکان دانیشتوون و ئێشکیان گرتووە. من ڕێنوێنیم دەکردن و پێمباش بوو بسووڕێینەوە لای دیوارەکانی پشتەوە و لەوێوە بچینە ژوورەوە. وامان کردوو و لەوێوە چووینە ناو ماڵەکان و هەر کۆڵانێک یەکێکمان نامەکانی لەژێر دەرگاکەوە دەخستە حەوشەوە و دوانەکەی ترمان وەک ڕێک کەوتبووین کە ئەگەر ئەو هاوڕێیە تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو بێت یەکسەر فریای بکەوین و بۆی دەرچین. ئیتر کۆڵانی تر، دەمان گۆڕییەوە و یەکێکی ترمان نامەکانی دەخستە ژێر دەرگاکانەوە و ئیتر بەوجۆرە لە ماوەیەکی کەمدا سەرجەم ماڵەکان بەیاننامەی ڕەوتیان پێگەیشت. تەنانەت بەیاننامەم خستە ماڵی هاورێکانی خۆشمانەوە تا گومانیان لێنەکەن. ئەو شەوە نەک هەر خانووەکانی کارگەی نەسیج بەڵکو خانووەکانی کارگەکانی جگەرە و مافوور و دەواجن و زۆر جێگای تر بەیاننامەکەیان تیا بڵاو کرایەوە. لەکاتی گەڕانەوەشمان بەنێو

کۆڵانی گەڕەکەکانی ئازادی و ڕووناکی و مەنتکاوەدا ژمارەیەک بەیاننامەمان زیاد بوو و هەر شوێنیکی گونجاومان ببینیایە، دامان دەنا و بڵاومان دەکردەوە. بۆ سبەینێکەی چوومە لای خانووەکانی نەسیج و بزانم دەنگۆی بەیاننامەکە چۆن بووە، کرێکارێکم بینی وتی (ئەمشەو ڕەوتی کۆمۆنیست بەیاننامەی بڵاو کردەوە و دانەیەکیان لەژێر دەرگاکەوە بۆ فرێ دابووینە حەوشەکەمانەوە و زۆر بەڕێزانە خستبوویانە ناو زەرفێک) منیش خۆم لە گێلیی دا و گوتم خوێندتەوە؟ باسی چی ئەکرد؟ ئیتر باسی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی بۆ کردم. ئەو بەیاننامەیە و هەروەها ئەرکە دەستبەجێکان بوون بەپڵاتفۆری ئەرکی عەمەلیی ئێمەی کۆمۆنیستەکان لەسەروبەندی ڕاپەڕیندا و هێندە بە بەرینی بڵاوبوونەوە کاریگەرییان بەسەر خەڵکی ئەوکاتی شارەکاندا دانابوو بەجۆرێک کە ڕاپەڕین ڕوویدا ژمارەیەک لە کۆنە شیوعییەکانی حیزبی شیوعی عێراقی مەقەرێکیان لە ئۆردووگای بنەسڵاوە کردبۆوە و لەسەر مەقەرەکەیان نووسیبوویان (مەقەڕی ڕەوتی کۆمۆنیست). بۆ ڕۆژی دوایی حیزبی شیوعی پێیان ئەڵێت ئێوە چی ئەکەن؟ ئێمە ڕەوتی کۆمۆنیست نین، ئێمە جیاین لەوان، ئینجا ئەوان ناوی مەقەرەکەیان گۆڕی بۆ مەقەڕی حیزبی شیوعی عێراقی.

# ڕاپەڕین و هەڵمژینی هەناسەی ئازادی

دۆخی عێراق بەرەو خراپتر دەچوو. ڕاپەڕینی خەڵکی باشوور تین و ورەی خستە بەر خەڵکی باکوور. لەملاشەوە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەدەم لێدانی سروودی (ئاسوودەبن ) حەماسی خەڵکی دەجووڵاند. ڕەوتی کۆمۆنیست ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕاپەڕین و تەنانەت لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی هەولێردا باسمان لەوە دەکرد کە ئەگەر ڕاپەڕین ڕوویدات، دەست بگرین بەسەر فەرمانگەی نفوس و ڕەگەزنامەی عێراقی و پەساپۆرت و تەنانەت بانقەکانیش. ئێمە باسمان لە گرتنە دەستی دەسەڵات دەکرد و دەمانگوت دەسەڵاتی شورایی بەڕێ دەخەین، کەچی فۆکسمان چووبووە سەر پەساپۆرت و نفوس و جنسیەی عێراقی. من نازانم ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست دەیزانی ناتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست یان نەء، بەڵام دەیزانی پەساپۆرت و نفوس و جنسیەی عێراقی دەتوانیت سوودی زۆری لێ ببینیت. بڵاچەی ڕاپەڕین لە ڕانیەوە دەستی پێکرد و وردە وردە گەیشتە شار و شارۆچکەکانی کوردستان تا سلێمانی لە ٧ی ئازار پاککرایەوە و ئینجا هەولێر لە ١١ی ئازار. ڕۆژی یانزەی ئازار بەیانییەکەی زوو دەوروبەری سەعات حەوتی بەیانی گوێم لە دەنگی تەقە بوو. یەکسەر لە ماڵ دەرپەڕیم و سەیرم کرد هەندێ کەسیش بەرەو خانووەکانی مجلس تەنفیزی و تەشریعی دەچن. هێشتا نەگەیشتبووینە ناو خانووەکان، سەیارەیەکی سۆپەر دوو سێ دەسترێژی لێکردین و تێی قووچاند. خەڵکەکە تا دەهات زۆرتر دەبوون وچوونە ناو خانووەکانی مەجلیس تەنفیزی. ماڵەکانیان هەروا جێهیشتبوو، سەیارەیان جێهێشتبوو. من بە تەنها بووم، واتا هیچ هاوڕێیەکی ڕەوتی کۆمۆنیست یان خزمێکم لەگەڵ نەبوو. ئەمە هەڵەیەکی من بوو. من دەبووایە

لەگەڵ هاوڕێیانی ڕەوت یان لانی کەم لەگەڵ خزم و کەسوکار دەرچوومایە. کەوتمە تەک خەڵکەکە و خەڵک ڕوویان لە فرقەی فاروق کرد. چواردەوری فرقەی فاروق گیرابوو. لە قاتی سەرەوە تەقەیان لە خەڵک دەکرد و چەند کەسیشیان بریندار کرد. ورده ورده لە دیوارەکانی فرقە نزیک بووینەوە و گەیشتینە دەروازەی فرقە. لەناکاو ئێمە شەش تا حەوت کەس دەبووین وتمان با بچینە ناو فرقە. کەسیشمان چەکمان پێنەبوو. ملمان نا و چووینە ژوورەوە. بینیم ژمارەیەک ڕەفیق حیزبی[٤١] ئەوانەی بەرگریان لە فرقەی فاروق دەکرد لە قادڵمەکانەوە هاتنە خوارەوە و کڵاشینکۆفەکانیان لەبان دەستیان دانابوو و تەسلیم بوون. خێرا پەلاماریانم دا و پێنج کڵاشینکۆفی مزەڵیم لە پێنجیان سەند و دوانم کردە شانێکم و دوانەکەی ترم کردە شانەکەی ترم و دانەیەکیشم گرتە دەست. ئەو نەفەرانەی لەگەڵم بوون ئەوانیش پێنج کڵاشینکۆفەکەی تریان لێیان سەند و خەڵکی تریش بە شوێن ئێمەوە هاتنە ژوورەوە و دوو سێ کەس کەوتنە قوربان و سەدەقەم و داوای کڵاشینکۆفیان کرد و منیش پێم دان. دواجار یەک کڵاشینکۆفم بۆ خۆم پێمایەوە. دوای ئەوەی فرقەی فاروق ئازاد کرا، هاتمە دەرەوە و لەسەر جادەی سی مەتری بەردەم فرقەی فاروق نزیک پردی سەیداوە تەماشام کرد قەرەباڵغییەک هەیە و چەند گەنجێک لە کەسێک دەدەن، خێرا چووم بۆ لایان گوتیان ئەم سەگبابە ڕەفیق حیزبی بوو، منیش یەکسەر ڕووم بەرەو فرقەی فاروق وەرچەرخاند. گوێم لە تەپە تەپ بوو ئاوڕم دایەوە کوڕێکی گەنجم بینی بەهەردوو قاچی لەسەر لاشەی ئەو ڕەفیق حیزبییە هەڵدەبەزایەوە. کە چوومە سەری چەناگەی دەجوولا و هێشتا ڕوحی تیا مابوو و ڕەنگە خولەکێک دواتر مردبێت. ئەو ڕەفیق حیزبییە (ئیبراهیم خانەقینی) بوو کە بەردەوام هێرشی دەکردە سەر دەستفرۆشان و عەرەبانەکانی شێخەڵلا. من و دوو کەسی تر

---

[٤١] ڕەفیق حیزبی بەو ئەندامانەی حیزبی بەعس دەوترا کە قاڵبووی ناو سیاسەتەکانی بەعس بوون و بەرەژوەندی بەعسیان خستبووە سەر هەموو بەرژەوەندییەکی تر و حیزبی بەعسیش دەسەڵاتی ڕەهای دابوونێ بۆ هەر کارێک کەلەخزمەتی بەعس بێت.

بووینە گروپێک و کەسمان یەکترمان نەدەناسی. پێکەوە ڕۆیشتین بۆ سەرجادەی هەولێر – کەرکووک. ماڵی سەرۆک جاشێک لەوێ بوو (نازانم کێ بوو) ویستمان ڕووی چەکەکانیان لێبکەین خێرا یەکێکیان هات بەرەو پیریمانەوە و گوتی برا ئێمە هەموو پەیوەندیمان کردووە بە شۆڕشەوە و لەگەڵ ئێوەین.
لە سووچی فندق زەیتوونەوە بەدەستەڕاست ڕۆیشتین بەرەو (الامانة العامة للبلديات و المصايف) دوو سێ پۆلیسی بە تەمەن لەوێ بوون و یەک دوو فیشەکیان ئاراستە کردین و ئێمەش دامانئه بەردەسترێژ. یەکیان هەڵات و دوانەکەی تر کلاشینکۆفەکەیان لە ئەرزەکە دانا. کە گەیشتین پێیان ئەو دوانە گوتیان کاکە ئەو پۆلیسەی ڕایکرد ئەو تەقەکانی کرد. ئێمەش گوتمان کاکە بڕۆنەوە ماڵەوە و سیلاحەکانیش بەرن. هەر لەوێ خۆیان گۆڕی و بەشەرواڵەوە سیلاحیان دایە شانیان و ڕۆیشتن. ئێمە خەمی ئەو نەفەرەمان بوو کە هەڵهات دەترساین لە پەنایەکەوە تەقەمان لێبکات، نەمانزانی حەوشەی تەنیشت دائیرەکە پێنج بیکاب تۆیۆتای لێیە. کاتێکم زانی کۆمەڵێ چەکدار لەولاوە پەیدا بوون و هێرشیان کردە سەر سەیارەکان. منیش خێرا چوومە لای سەیاریەک و گوتم ئەمە هی منە. کابرایەک کە دیار بوو یەکێتیی بوو زۆر هەوڵی دا سەیارەکەم بەرێت، نەمهێشت بیبا و ئەیوت من پێشتر گەیشتوومەتە سەری، تا تووڕە بووم و ڕووی چەکەکەم لێ کرد و گوتم دەست بۆ ئەم سەیارەیە بەریت ساردت ئەکەمەوە. گوتی ئینجا منیش چەکم پێیە یا تۆ ئەبیت یان من. دوایی بە سەیارەکەی خۆی قایل بوو و منیش بە سەیارەکەی خۆم. بەڵام کاتێ دەرگاکەم کردەوە سویچی تیا نەبوو و هەروەها یەک قەترە بەنزینیشی تیا نەبوو. نەمئەزانی چی بکەم. گەلێ چاوم گێڕدا کەسێکم نەبینی بیناسم. بەلێشاو خەڵک بەرەو مەنزومەی شیمالی دەڕۆیشتن و دەیانوت شەڕ لەوێ گەرمە. بیرم کردەوە من چی بکەم لەدیار سەیارەیەک کە بەنزینی تیا نییە و سویچی نییە. چەنێ لەناوی دانیشتم کەس دیار نەبوو و دڵم وەختبوو بتەقێ. ئینجا لە دڵی خۆمدا گوتم سندان لە سەیارە بدات، بڕۆ بەعس تەفروتوونا بکە و سبەی سەیارە خۆی

دەبێت. ئەوە بوو کۆڵمدا و وازم لە سەیارەکە هێنا و ملم نا بەرەو مەنزوومە. کە گەڕامەوە بەرەو لای فندق زەیتوونە، بینیم سێ کەس بە ماتە مات بەرەو بیناکەی نەقابەی کرێکاران دەڕۆن. پرسیم ئەوە چییە، گوتیان وا بزانین یەک دوو چەکداری تیایە. ئەو سێ کەسە لە تەمەن لە من گەنجتر بوون و گوتم با بڕۆینە ناو بیناکە و بزانین کێی تیایە. ئەوە بوو ئەوان بەقسەی من هاتن و پێکەوە بە ئاگادارییەوە چووینە ناو بیناکە و لەوێوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکان. دەرگاکانمان ترازاند و بینیمان چۆڵە. هەر یەکەمان لە قوڵێکەوە بووین و دانەیەکیش لە پشتەوە بوو. لەوێدا من بەرەو لای دەرگاکەی پشتەوە دەڕۆیشتم، دەنگێک هات و چەند فیشەکێک تەقین و منیش دەستم لەسەر پلاپیتکەکە بوو و لەگەڵ دەنگی تەقەکان کەنەمزانی لەکوێوە هات، دەستم بە پلاپیتکەکەوە ناو چەند فیشەکێکم تەقان. کاتێکم زانی گەرمایییەک گەیشتە قاچم و هەنگاوێک گەڕامەوە دواوە بینیم پێی ڕاستم خوێنی لێ فیچقە ئەکات. لەسەر کورسییەک دانیشتم و ئەو دوونەفەرەی لەملاو لەولام بوون خێرا هاتن و بەڕاکردن چوونە ژێر باڵمەوە و منیان لە بیناکە بردە دەرەوە. (ئێستا کە نزیکەی سی ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێئەپەڕێت، هەرچەند بیری لێدەکەمەوە دەزانم گوللەکەی سەر قاچم ڕەنگە فیشەکی خۆم بێت، بەڵام ئەو شەش گوللەیەی تر کە پانتۆڵی کابۆکەمیشی کون کون کردبوو و لەسەروو لاقم یان بان گۆزینگم بەرکەوتبوو و تیغی کردبوو بە هیچ شێوەیەک فیشەکی خۆم نەبوو. بۆیە نە من و نە ئەو کەسانەی لەوێ بوون نەمانزانی ئەو فیشەکانە لەکوێوە هاتن و بەرکەوتم!) بەهەرحاڵ لەسەر جادەکە سەیارەیەک لەولا هات پیکابێک بوو و هەڵمیان گرت بۆ نەخۆشخانە. گوتم هیچ نەبوو بریندارم و پێموابێت خۆم لە خۆم دا. ئیتر کە چوومە خەستەخانە لەسەر قەرەوێڵەیەک دایان نام و هەر ئەو سەعاتە قاوشەکە پڕ بوو. برینداری لای ڕاستم برینەکەی زۆر بوو و هەر ئەو ساتە مرد. برینداری دەستی چەپیشم هەروا ئەویش مرد. گوتم من ئەڕۆمەوە ماڵ. تەداوییەکی سەرەتاییان بۆ کردم و لە دەرەوە جیبێک هەڵی گرتم و بردمیانەوە ماڵەوە. لە ڕێگا کوڕێکی گەنج

دەیوسیت کلاشینکۆفەکەی بدەمێ و نەمداپێی. کە گەیشتمەماڵەوە سەعات نەبووبووە یانزەی سەرلەبەیانی. هەر ئەو ڕۆژە هاوڕێیانی کارەبا کاک خدر و حوسێن بە تاخم و چەکەوە هاتن و سەریان لێمدا. هەروەها هاوڕێ ئەکرەم مەحموود هات و لە باری تەندروستیمی کۆڵییەوە. بۆ سبەینێکەی خۆی بردمی بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر حوسێنی هاوڕێم برینەکەی بۆ شووشتم و خاوێن کردەوە و جوان تەداوی کرد. لەتاو ئازار هاوارم ئەکرد دکتۆر حوسێن ئەو هەموو ئازارەت لە کوێوە بۆ هێنام؟ کاتێک ناوەوەی برینەکەی پاک ئەکردەوە، هێندە ئازارم هەبوو لەتاوا گوتم دکتۆر وا ئەمرم، دەبێ تۆڵەی ئەم ئازارەت لێ بکەمەوە. ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی کێشە نییە کەی چاک بوویتەوە باسی ئەمرۆ دەکەین. هاتمەوە ماڵەوە و یەک دوو حەبیان پێدام و گوتیان دەبێ ماوەیەک پشوو بدەیت و وریا بە نەیکولێنیتەوە تا برینەکە دێتەوە یەک و چاک ئەبیتەوە. یەک دوو رۆژ دوای ڕاپەڕین، کرێچییەکەم خانووەکەی چۆڵ کردبوو. منیش چەند ڕۆژ دوای ڕاپەڕین ماڵەکەم بە لۆرییەک جارێکی تر هێنایەوە ناو خانووەکەی خۆمان لە گەڕەکی نەسیج. ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بەر لە ڕاپەڕین زنجیرەیەک چالاکی سیاسیی گرنگی ئەنجامدا. جگە لە بڵاوکردنەوەی (ئەرکە دەست بەجێکانمان و داواکارییە کرێکارییەکان) و بەیاننامەی ڕەوتی کۆمۆنیست و کۆمەڵێ پۆستکارد سەبارەت بە هەلومەرجی جەنگی هاوپەیمانان و عێراق، چەند ڕۆژێک بەر لە ڕاپەڕین ڕەوتی کۆمۆنیست بڕیاریدا شارەکان پڕ لە دروشمی سیاسی بکات و دیوارەکان بنووسێت. ئەو شەوە سەعاتی سفری سەرجەم شارەکانی کوردستان بوو کە بەعس فەرمانڕەوا بوو. من لای خۆمەوە سێ قووتوو بۆیەی سوورم کڕی و خۆم ئامادە کرد بۆ شەو. شەو کە بەداخەوە مێژووەکەیم بە وردی بیر نەماوە هەر سێ قووتووە بۆیەکەم کردە نایلۆنێک و کاتژمێر یانزەی شەو لەماڵ دەرچووم. لە گەڕەکەکانی شورتاوا و بەلاشاوا و مەنتکاوە تا دەگات بە گەرەکی مەلایان، هەموویم نووسی. دواجار نزیک ماڵی خۆمان ببوومەوە و سەعات نزیک بە سێی شەو بوو قووتوویەکم هەندێک بۆیەی

تیا مابوو. منیش ڕاستە دیوارێکم دۆزییەوە و نووسیم (ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاریی) و لەژێرەوە نووسیم ڕەوتی کۆمۆنیست. لەگەڵ نووسیندا قووتووەکەم دەشڵەقاند و لەپڕ گوێم لە دەنگی نقە نقی کابرایەک بوو کە لەودیو دیوارەکەوە خەریکی دەست بەئاو گەیاندن بوو. بە پەلە دوور کەوتمەوە و چوومەوە ماڵ. بۆ بەیانی سەرم لە شوێنەکان دایەوە و لە دوورەوە ئەو دوایین نووسینەم بینی کابرای شەو قووتووە بۆیەیەکی ڕەش و فڵچەیەکی بەدەستەوە بوو دەیکوژاندەوە. بەڵام زۆربەی دروشمەکانی تر تا ڕاپەڕینیش هەر بەسەر دیوارەکانەوە مابوونەوە. کاتێک کە ڕاپەڕین بەرپا بوو، کرۆنۆلۆژیای هەفتەی یەکەمی ڕاپەڕینم بەمجۆرە بوو. ڕۆژی یەکەم دوای بەشداربوونم و برینداربوونم و هاتنەوەم بۆ ماڵ بینیم ژمارەیەک لە ئامۆزا و ئامۆزازا و خزم وەک مەفرەزەیەک پڕ چەک هاتن و ماوەیەک لام دانیشتن و گەلێ یادگاری خۆشی ئەو ڕۆژەیان گێرایەوە. ئینجا هاوڕێ ئەکرەم مەحموود هات سەری لێدام و باسی ئەوەی کرد هاوڕێ سادق عەزیز هاتووە و پێی ڕاگەیاندووین کە هاوڕێیان دەبێت ئیش لەسەر شورا کرێکارییەکان بکەن. ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد ئەی من بریندارم و بۆچی هاوڕێ سادق لەگەڵ هاوڕێ ئەکرەم بهاتنایە و بۆ پێنج دەقیقە سەرێکیان لێم بدایە و قسە باسیشمان دەکرد. دەزانم بیانووەکەی هاوڕێ سادق مەسەلەی ئەمنی بوو، ئێ خۆ بەعس نەمابوو منیش کادیری ڕەوت بووم! ئەم گلەییەم لەدڵی خۆم هێشتەوە. هاوڕێ ئەکرەم زوو هەستا و ڕۆیی گوتی سبەی دەتبەم بۆ نەخۆشخانە. دووەم ڕۆژ هاوڕێ ئەکرەم بردمی بۆ خەستەخانە و نیوەڕۆ هاتمەوە. دوای نیوەڕۆ گوتی هاوڕێیانی کارەبا خدر و حوسێن هاتن بۆ لام و ماوەیەک لام مانەوە. ئەوان لەلام بوون هاوڕێ جەماڵ کۆشش کەناوی حەرەکی (قادر) بوو لەگەڵ مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست هاتن بۆ لام. سەیرم کرد هاوڕێ جەماڵ کۆشش شرە کلاشینکۆفێکی پێیە و دوو مەخزەنی خواروخێچ بەستووە. هەر لەوێ مزەلییەکەی خۆمم دا بە جەماڵ وەک بەرپرسی مەقەری ڕەوتی کۆمۆنیست و

ئینجا بە هاوڕێ خدرم وت کە تاخمێکی زۆر ڕێکی بەستابوو، گوتم تاخمەکە بدەرە ئەم برادەرە (مەبەستم کاک قادر یان جەماڵ کۆشش بوو). هاوڕێ خدر هەر لەوێ تاخمەکەی لە خۆی کردەوە کە شەش حەوت مەخزەن بوو دای بە جەماڵ کۆشش و بەرپرسی مەقەڕی ڕەوتی کۆمۆنیستمان پۆشتە کردەوە. بەڵام جەماعەتی ڕەوت نەیان زانی ئەو هاوڕێیانە هاوڕێی ڕەوتن و وایان زانی خزمی منن. من بەردەوام گوێم لە ڕادیۆ دەگرت و موتابەعەی هەواڵەکانم دەکرد و دەمزانی قوشتەپە و پردێ ئازاد کراون و خەمی ئەوەم بوو نەمدەتوانی بچمەوە کەرکووک. بەهەرحاڵ دوور و نزیک ئاگام لە خەتەکانم بوو هەندێکیان لە خەستەخانەکان خەریکی یارمەتی بوون و هەندێکیشیان خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکی تر بوون. بۆ نموونە هاوڕێ خدری کارەبا وەک دەرمانی چاو بەدوای تابیعە و ئیستنساخدا گەڕابوو و تابیعەیەکی دەست کەوتبوو و هاتە لام و گوتی چی لێبکەم و منیش ناردم بۆ مەقەڕی رەوتی کۆمۆنیست و گوتم بیدەرە هاوڕێ قادر. ئەوە بو ئەویش تابیعەکەی لە پشتەوەی پاسکیلەکەی بەست و بردی دای بە مەقەڕی ڕەوتی کۆمۆنیست لە هەولێر. پاشان هاوڕێ سەمیر نووری پەیدا بوو و باسی شورای کرێکاریی و مەڵبەندی شوراکرێکارییەکانی دەکرد. ئیتر منیش تەواوی هێڵە کرێکارییەکانم خستەگەڕ بۆ دروستبوونی شورا. مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان دروست ببوو. لە قوتابخانەیەک بوو لە پشت قەڵا. چوومە مەڵبەند و لەوێدا کۆمەڵێ هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستیم بینی. ئەرکی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان، پێکهێنانی شورا کرێکارییەکان بوو لە کارگەکان. لەولاشەوە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی تر خەریکی پێکهێنانی شورای خەڵکیی بوون. ئەم دوو ئاراستەیە گەرچی یەکتریشیان ڕەت نەدەکردەوە بەڵام یەکتریشیان قەبووڵ نەبوو. هەرچەند یەک سەرچاوەیان هەبوو ئەویش کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو، بەڵام دژایەتی یەکتریشیان دەکرد. لێرە ڕۆڵی هاوڕێیان مزەفەری محەمەدی و ڕەحمانی حوسێنزادە جارێکی تر دەرکەوت و بێئەوەی پشتیوانییەکی ئەوتۆ لە شورا کرێکارییەکان بکەن، خەریکی بەهێز

کردنی شورای خەڵک بوون. ئاخر ئەو هاوڕێیانە ڕەحمان و مزەفەر نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوون و زانیاری پێدەری مەنسووری حیکمەت بوون. من گومانم هەبوو و ئێستاش گومانم هەیە کە زانیاری دروستیان دابێتە مەنسوور حیکمەت و خۆشیان کردبووە دەمڕاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق و بەئارەزووی خۆیان بڕیاریان دەدا.
بەهەرحاڵ چەند ڕۆژێک بوو بریندار ببووم و حەبێکیان بۆ نووسیبووم تا ڕۆژانە ئەو حەبانە بخۆم تا چاک دەبمەوە. ڕۆژێکیان حەبەکانمان لەناو لێواری پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەمان دانابوو، لەپڕ ئاڵای کچم کە زۆر منداڵ بوو دانەیەکی خستە دەمییەوە و ئیتر ئەو کچە وەزعی تێکچوو و بەپەلە برینداری خۆم بیر چووەوە و ئاڵام خستە سەر دەستەکانم و بە تەکان بەرەو خەستەخانەم برد، باش بوو دوایی ئاڵاخانی کچم سەلامەت بوو و هیچی لێنەهات. هەرچۆنێک بێت، لە سەرەتای هەفتەی دووەمی ڕاپەڕین بۆ دووەمجار هاوڕێ سەمیر نووریم بینییەوە و کۆبوونەوەیەکم ساز کرد و تێڕوانینی ڕەوت بۆ پێکهێنانی شورا کرێکارییەکان ڕوون بوو، گەرچی من بریندار بووم و بە دارشەقە دەڕۆیشتم و دەبووایە نەعل لەپێ بکەم لەبەربرینەکان، بەڵام ئامادەییم نیشاندا بۆ کار و هەڵسوڕان. ئەوە بوو سەرەتا شانەیەکی کارگەی نەسیج کە پێکهاتبوو لە سوهەیلە قادر و تاڤگە ئیبراهیم، ڕۆژێک بۆ پشتیوانی کرێکارانی دەواجن چووین بۆ کارگەی دەواجن و ماوەی سەعاتێک لەوێ بووین و گەڕاینەوە بۆ مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان. لە کارگەی جگەرە کە بە ئامادەبوونی نزیکەی ٧٠٠ کرێکار کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام دا و شورای خۆیان دامەزراند. هاوڕێ سەمیر لەوێ وتارێکی پێشکەش کرد کە دەربارەی دەسەڵاتداریێتی چینی کرێکار بوو. هەورەها هەر ئەو ڕۆژە ئێمە تەبلیغێکی زۆرمان کرد بۆ کۆبونەوەی کرێکاران. ئەوە بوو لەناو قوتابخانەی سەرەتایی ناو خانووەکانی نەسیج کۆبوونەوەکەمان سازدا و ئەم کۆبوونەوەیەش بە سەرپەرشتی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکانی هەولێر بوو و لەو هاوڕێیانەی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی کرێکارانی نەسیجیان کرد

هاوڕێ سەمیر نووری و کاروان عومەر کاکەسوور ناسراو بە (حەیدەر) و گۆران عەبدوڵا و ژمارەیەک هەڵسوڕاوی تر کە بەداخەوە ناوەکانیانم بیر نەماوە، لەو کۆبوونەوەیە نوێنەرانی کرێکارانی نەسیج هەڵبژێردران کە بەیان، تاڤگە ئیبراهیم، سوهەیلە قادر، من، ڕوقیە، غەنی، نەزمیە، شادیە، عەبدوڵای نەسیج، تەهای نەسیج و تاد پێکهاتبوون. هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیە هاوڕێ حەیدەر وتارێکی خوێندەوە و هاوڕێ سەمیر نوریش وتارێکی دا و من سرووودێکم نووسیبوو بە ناوی (شەپۆلی دەریا) و خوازیاری خوێندنەوەی بووم و دوایی بەبیانووی درێژی سرووودەکە نەخوێنرایەوە. پاشان ئەو سرووودە بوو بە سرووودێکی خۆشی سەر زاری خەڵک و کۆمۆنیستەکان. بەهەرحاڵ دوای ئەم هەڵبژاردنە یەک ڕۆژ دواتر کۆبوونەوەیەکی بەست و باسی داخوازییە کرێکارییەکانمان کرد و داخوازییەکانی کرێکارانی نەسیجمان داڕشت. شێخ زیاد بەڕێوەبەری کارگەی نەسیجی هەولێر بوو لەسەردەمی بەعس، لەپەنای بەرەی کوردستانی خۆی شاردبۆوە و خەریکی سات و سەودا بوو. ئێمەش تەنها یەکجار چووینە ناو کارگە و لەوێ لەگەڵ چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی بووە دەمەقاڵێمان و ئیتر بەهۆی کەمی کات و هەڵسوڕاوی بەردەوامی ئەوکاتمان و بێهێزیمان بەتایبەتی لەبواری چەکداریدا ئەو دەرفەتەمان بۆ نەرەخسا تا بتوانین کارگەی نەسیجی هەولێر کۆنترۆڵ بکەین. لە سەرووی هەمووشیانەوە بێ ئەزموونیمان لەبواری کاری ئاشکرا. ئێمە تا ئەو ساتە ڕێکخراوێکی نهێنی بووین و هەر خەریکی نهێنی پارێزی بووین و قەت بە ئاشکرا هەڵنەسوڕابووین. بۆیە زۆر شتمان نەدەزانی. ئێمە دەبوایە هێزێکی زۆرمان چەکدار بکردایە و کارگەکانمان کۆنترۆڵ بکردایە و پاشەکشەمان بە بەرەی کوردستانی بکردایە، بەڵام لەبری ئەوە بە شتگەلێکەوە سەرقاڵ بووین کە وزە و توانابیەکی زۆری بردین بێئەوەی دەستکەوتێکی وای هەبێت. نە چینی کرێکار و نە ڕەوتی کۆمۆنیست ئامادەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیان نەبوو. بەرەی کوردستانی بە هەموو حیزبەکانییەوە خاوەنی مێژوویەکی درێژی یەکتر کوشتن

و شەڕ لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوون، ئێمە کۆمەڵی کۆمۆنیستی گەنج و پڕ حەماس و چاونەترس بووین و هیچی تر. تیئوری ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەکەڵک نەدەهات و دەبوایە لەبواری کردەییدا (عەمەلی)دا دەسکەوت بەدەست بهێنیت. ئێمە گەرچی وەکو ڕەوتی کۆمۆنیست و هەروەها تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بڕوای بەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە هەبوو و بە جیددیش ئیشیان بۆ کرد و قوربانیان بۆ دا، بەڵام بەداخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بەجۆرێ بوون کە لەماوەیەکی کەمدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان نەمان. شوراکان وەک بزووتنەوەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی گەرچی لەشاری سلێمانی هێز و قودرەتێکی تر بوو، بەڵام لە شاری هەولێر جۆرێکی ترو لاوازتر بوو. پاشان تەنسیقێکی باش لەنێوان شورای خەڵک و شورای کرێکاریی نەبوو. تاکە تەنسیقێک نمایشەکەی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ بوو لەبەردەم پارێزگای هەولێر و لەوێشەوە بۆ مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان.
شورای کارگەی نەسیج دوای دروستبوونی گەرچی زۆر لاواز بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەزۆر لاوە بەرەی کوردستانی ئەوکات دژایەتی ئەکرد و ئەندام و لایەنگرانی خۆیان ئاگادار ئەکردەوە بەشداریمان لەگەڵ نەکەن و تەنانەت ناو و ناتۆرەی قۆڕیان بۆ هەڵئەبەستین لەچەشنی کۆنە بەعسی و تابووری پێنجەم و کافر و بێئەخلاق . ئێمە هەوڵمان ئەدا کرێکاران لەدەوری سیاسەتەکانی ڕەوت ڕێکبخەین چونکە پێمان وابوو ئەو سیاسەتانەی ڕەوت گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەکات. تەمەنی شورای کارگەی نەسیج وەک باقی شوراکانی تری کوردستان تەنها دوو هەفتە بوو. داخوازییەکانی شورای نەسیج ئەوەندەی بێنەوە بیرم ئەمانە هەندێکیانن:
یەک: دەرکردنی بەڕێوەبەری کارگەی نەسیج شێخ زیاد.
دوو: بەڕێوەبردنی کارگە لەلایەن نوێنەرانی شورای نەسیجەوە.
سێ: وەگەڕخستنەوەی دەستبەجێی کارگە و بەرهەمهێنان.
چوار: بەهرەمەندبوونی کرێکاران لە قوماش.

پێنج: زیاد کردنی حەوافز و هەقدەست.
شەش: دیاریکردنی کرێ بەپێی بژێوی خێزانێکی پێنج کەسی.
حەوت: سی و پێنج سەعات کار لە هەفتە و دوو ڕۆژ پشووی لەسەر یەک.
هەشت: هەوڵدان بۆ باشترکردنی شوێنی کار و دابینکردنی دایەنگە و باخچەی ساوایان.
نۆ: چەندین داواکاری تر کە لەڕاستیدا من لەبیرم نەماون.

هەرچی بەڕێوەبەری کارگەی نەسیج، شێخ زیاد و کۆنە ڕەفیق حیزبییەکانی بەعس بوو، ناسنامەیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ کرابوو و وەک نە بایان دیبێ و نەباران بەو ناوە ئەسوڕانەوە. کۆنە ڕەفیق حیزبییەکان تەنها جلەکانیان ببووە جلی کوردی ئەگینا هەمان چەکی سەدامیان لەشان بوو. لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەردەوام خەریکی ئەوە بوون سکاڵایان لەشورای کارگەی نەسیج ئەکرد. هەر بۆ یادگاریش یەکێک لەو سکاڵایانە درابووە کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەگەڕەکی (حی عەسکەری) و ئەوسا و گەڕەکی نەورۆزی ئێستا لەڕێگەی ناسیاوێکمەوە بۆم باسکرا کەتێیدا هاتبوو: (ئەو عەبدوڵا سلێمانە کۆمەڵێ کرێکاری کارگەی نەسیجی داوەتە دوای خۆی و بەئارەزووی خۆی دێتە ناو کارگەوە و کۆبوونەوە بە کرێکار ئەکات.) مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لەکۆمەڵێ هەڵسوراوی چەپ پێکهاتبوون کە سەمیر نووری چالاکێکی بەرجەستەی ئەو مەڵبەندە بوو. لێرەدا ئەمەوێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە من بەحوکمی ئەوەی کادیری پێشکەوتووی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم و ئەندام کۆمیتەی شاری کەرکووک و هەولێر بووم، بۆیە زۆر بۆم مەبەست نەبوو دەربکەوم و خەڵک بناسم و بمناسن، ئەگەر چی ئەو

تێڕوانینە بۆ دۆخی ئیستبداد دروست بوو بەڵام من لە دۆخی ئازادیشدا هەر پەیرەوم کرد. لەبەر ئەم هۆیە تێکەڵی چەپەکانی ئەو کات نەبووم لەمەڵبەند، بۆیە نازانم بەدروست چەند کەس لەوێ بوون و چالاکییان دەنواند، بەڵام ئەزانم کە



هەڵسوڕاوانی شورا کرێکاریی و شورای خەڵک لە بەردەم باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە ٢١ی ئازاری ١٩٩١

بەڕێزان گۆران عەبدوڵا و عەبدولڕەحمان مەولود و کاروان عومەر کاکەسوور و سەمیر نووری و ئەکرەم مەحموود و ئاسۆ حامیدی و هیوا سلێمان و ئازاد ئارمان و شێروان مەولود و فەیسەڵ عەزیز و سەردار حەمید و دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا و کاک وشیاری لێبوون. ئەرکی ئەم مەڵبەندە کۆکردنەوەی کرێکارانی وشیار و ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران بوو. هەروەها هەوڵی دەدا شورا لە کارگەکان دروست بکات. مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لەسەر پێشنیاری (ساجیدە) کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی کرێکاریی کارگەی جگەرەی هەولێر، لە

نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ هاوتا لەگەڵ ڕابەرانی شوراکانی خەڵک کۆبوونەوەیەکی



جەماوەری شوراکانی شاری هەولێر نەورۆزی ١٩٩١

گەورەیان لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای هەولێر سازدا. لەو کۆبوونەوەیە گەلێ وتار و شیعری هەست بزوێن خوێنرانەوە. دواتریش ڕێپێوانێکی شکۆمەند سازکرا و ئەو ڕێپیوانە بەناو شاری هەولێر کەوتە جووڵە. وەک باسم کرد من بریندار بووم بۆیە شوراکان لە ڕاپەڕینەکەدا سەیارەیەکی تۆیۆتای ڕەفیق حیزبییەکیان گرتبوو و بەدەستمانەوە بوو. من سواری ئەو سەیارەیە بووم و لەپێشەوە دانیشتم. جا چونکە ئەوکات لەبەر دەستکورتی لەڕادەبەدەرم کۆنە جەمەدانێکی سوورم چنگ کەوتبوو و لەسەرم نابوو. کە ڕێپێوانەکە گەیشتە تەنیشت قەڵای شاری هەولێر فەرماندەیەکی سەربازی و کۆمەڵێ پلەداری نزمی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتن بۆ ناو ڕێپێوانەکە و یەکێک لەپلەدارە

نزمەکان کە وابزانم ملازم بوو وێنەیەکی مەلا مستەفای بەرز کردبۆوە و لەپێش سەیارەکەوە ئەڕۆیشت.

سەربازە پلەدارە گەورەکەش لەتەنیشت منەوە و بەپێیان دەستی بە دەرگای سەیارەکە گرتبوو و منی دەپاراست و ئەو دروشمەیان لەگەڵ خۆپیشاندەران دەگوتەوە (نەپۆلیس نە کیمیایی حکومەتی شورایی). دیارە بە عەقڵی ئەو بەڕێزانە مادام جەمەدانی سوورم لەسەرە ئەبێ من پارتی بم، بەڵام پاش ماوەیەک حاڵی بوون کە ئەوەی ئەوان تێیگەیشتوون وا نییە و ئەوسا ون بوون. خۆپیشاندەران ڕۆیشتن تا گەیشتنە مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان کە لەناو قوتابخانەیەک لەتەنیشت سینەما سیروان بوو و لەوێ ئاهەنگ سازکرا و گەلێ وتار و شیعر خوێنرانەوە. منیش لەوێ بەخۆم و دارشەقەکانمەوە ئەم شیعرەم کە دوو ڕۆژ بوو نووسیبوو، خوێندەوە.

### بانگ

لەوەتەی هەم
پێم دەڵێن نەزان و گەمژە!
پێم دەڵێن شایانی حوکم و دەسەڵات نیت!
"هەروابووە و هەرواش دەبێ
دەسەڵات و حوکم کردن
پیشەی زاناو گەورە پیاوە
کەی دەگونجێ
بۆرە پیاوێ
گێل و گەمژە حوکم بکات؟"
*
ئەی بروسکەی ڕاچەنین و ڕاپەڕین

من بووم بارانی هەستانم
بەسەر ورد و شۆمی ژیانا باراند و
خۆزگەی دڵم نابەسنگی ئازادییەوە.
دونیا بەرهەمی دەست ڕەنجمە
لەوەتەی هەم، ئەم دونیایە
بەرینتر و
جوانتر دەکەم.
خۆیشم ڕۆژ دوای ڕۆژ
پتر بەناخی مردندا ڕۆ دەچم.
من پیسترین دڕندەی سەردەمم تۆقان.
چۆن ناتوانم دەسەڵات وەڕێ بخەم
هەم ئازادی و هەم یەکسانی
تاج بن بۆ سەر سەری ئینسان.
*
ئەو کرێکارەم کە دوژمنانم بۆرە پیاوم پێ دەڵێن
پڕ بە پڕی زەوی و ئاسمان
تامەزرۆی دونیای یەکسانم
بۆ ئەو ڕۆژە لە ئێستاوە
شورای خۆم دادەمەزرێنم
بناغەی دەسەڵاتی خۆم
دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاری
هەر ئێستاکە پێک دەهێنم
دەسا دەستان دەنە دەستم
بۆ شورایەک
بێتە دی خەوی سەد ساڵە.

بن برڕتر کەین ئەو ژیانەی
چەشنی گوژاڵکی تەڕ تاڵە.

١٩ ی ئازاری ١٩٩١

لەگەڵ ئازادکردنی کەرکووک یان دروستتر بڵێم تاڵانکردنی کەرکووک لەلایەن بەرەی کوردستانی و هێزەکانی ئاڕ ئاڕەوە[٤٢] لە ٢١ ی ئازاری ١٩٩١، ئاوارەبوونی خەڵکی کەرکووک دەستی پێکرد، چونکە هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژئاوا گڵۆپی سەوزیان بۆ سوپای عێراق داگیرساند تا شارەکانی خوارووی عێراق کۆنترۆڵ بکەنەوە و خەڵکی ڕاپەڕیو سەرکوت بکەن. خەڵکی کەرکووکیش بەرەو هەردوو شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەڕێکەوتن. دیارە لە هەموو جێگەیەک و لەهەموو شار و شارۆچکەیەک کۆمەڵێ خەڵکی دڵسۆز و شۆڕشگێر هەبوون بەرگری بکەن و دژ بە هێرشی سوپاسی بەعس بوەستنەوە. لەم بەرگرییە کۆمۆنیستەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت. حکومەتی بەعس لەڕێگەی بەکرێگیراوەکانییەوە بەردەوام پڕوپاگەندەی بڵاو دەکردەوە کە دەگەڕێتەوە و ئەم دۆخە کۆتایی دێت. من ڕاستییەکەی ترسێکم لە دڵ بوو چونکە دەمزانی نە خەڵک ئەوەندە یەکگرتوو و یەکپارچەیە کە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و نە بەرەی کوردستانیش هی ئەوەیە پشتی پێ ببەستی و شوراکانیش بەو ئاستە بەهێز نین بتوانن بەرگەی ئەو هێرشە بگرن. ئەمە جێی نیگەرانی من بوو. ئێمە دژ بە پڕوپاگەندەکانی بەرەی کوردستانیی و حیزبی بەعس دەوەستاینەوە و لەهەمان کاتیشدا لە ئیش و کارە سیاسیی و ڕێکخستنەکانماندا بەردەوام بووین.

[٤٢] هێزەکانی ئاڕ ئاڕ بەو خەڵکە بێهەست و بەرژەوەند خوازانە دەوترا کەلەڕۆژەکانی ڕاپەڕین و ڕاماڵینی دام و دەزگاکانی بەعس لەبری کاری جوان و شۆڕشگێرانە کەوتبوونە دزی و تاڵانکردن. ئەم کەسانە تەنها بیریان لە گیرفانی خۆیان دەکردەوە و مەسەلە بنەڕەتییەکانی وەکو ئازادی و نەمانی ستەمیان لا جێی بایەخ نەبوو.

نازانم چ هەستێک بوو لەگەڵ پاشەکشەی بەعس لەشاری کەرکووک و بیستنی هەواڵەکە لە براکەمەوە، من لەناو حەوشەی خۆمانەوە سێ چوار دەستڕێژ فیشەکم تەقاند و خۆشحاڵی خۆم دەربڕی. ئێستا بووایە حەتمەن ئەو کارەم نەدەکرد و دەزانم چەند هەڵەیە، بەڵام ئەوکات ئەو کارەم کرد. من ئەو بیست و چوار ڕۆژەی هەولێر بە مانای وشەکە هەناسەی ئازادیم هەڵمژی و بۆ یەکەمجار لە ژیانم هەستم کرد ئازادم. ئەم هەستکردنە تاموچێژێکی خۆشی هەبوو. شاری هەولێر لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە، یانزەی ئازاری تا سی ئازاری ١٩٩١ بەردەوام لە کەش و هەوایەکی سیاسی ئاوەڵا (ئازادی) دەژیا. لە ئەتمۆسفیری شارەکەدا سەرباری لەبەینچوونی تەواوی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعسی خوێنمژ، بۆشاییەکی ئیداری گەورەش ئەبینرا. شار بێخاوەن بوو، ئەوەی هەبوو جگە لە ژمارەیەک بنکە و بارەگای حیزب و لایەنە سیاسییەکان، هیچی تر نەبوو. ئەو ڕۆژانە ماڵی دوو خوشکم لە کەرکووکەوە هاتن بۆ هەولێرو لەماڵی ئێمە بوون. ماڵمان زۆر قەرەباڵغ بوو. ئەمە جگە لە سەرقاڵی خۆشم لەولا بوەستێت. دۆخی کەرکووک ئارام نەبوو و تەنانەت حکومەتی عێراق لە سەربازگەی خالید واوەتر نەچووبوو و ئەمەش مەترسییەکی زۆر جیدیی بوو لەسەر ژیانی خەڵک. سیمای شارەکان گۆڕابوو و بزووتنەوەی ڕادیکاڵیزم و کۆمۆنیزم لە گۆڕەپانەکە ئامادەییان هەبوو. ئاشکرایە ئامادەیی ئەم هێزە و هەڵکردنی ئاڵای سوور لەسەر بینا و قوتابخانە و مەقەرەکان هەروا بە ئاسانی بۆ هاوپەیمانان و ڕۆژئاوا هەرس نەدەکرا، بۆیە باشترین ئەلتەرناتیڤ پێکردنی گڵۆپی سەوزی هێرشی سەربازی بوو. ئەوە بوو حکومەتی عێراق هێرشەکانی خۆی دەست پێکرد و کەوتە گرتنەوەی خورماتوو و کفری و کەلار و لەملاشەوە بە داقووقەوە هات تا دەگاتە تازەخورماتوو و ئینجا ناو شاری کەرکووک.

ڕۆژی ٢٨ ی ئازاری ١٩٩١ عەلی برام لە ئۆردوگای بنەسلاوەوە هات بۆ ماڵەوە بۆ لام. داوای لێکردم کە تا زووە بڕۆین بەرەو دەوروبەری ڕانیە چونکە بەعس هێرش دێنێ. خۆ ئەگەر هیچیش ڕوویندەدا، ئەوا دێینەوە. منیش بڕوام وابوو کە

شەرمە شار جێبهێڵین و ڕا بکەین، ئەگەر هێرشیش بکرێتە سەرمان ئەوا ئەبێ بەرگری لەخۆمان بکەین. لە ئەنجامی بریندار بوونم لە ناو باڵەخانەی یەکێتیی نەقابەی کرێکاران لە ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری هەولێر، ئەو ڕۆژانە من هێشتا بە تەواوەتی نەمئەتوانی بەپێیان ڕێبکەم، هەر بۆیەش نەمتوانی بچمە شاری کەرکووک. هەرجۆرێک بێ، براکەم بەنائومێدی گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. دایکم و ماڵی دوو خوشکیشم لە کەرکووکە هاتبوون بۆ هەولێر و لە ماڵی من بوون. تەنها حاجی سلێمانی باوکم (یادی بەخێر) چووبووە ماڵی برام لە بنەسڵاوە. لە بەرواری سی ئازاری ١٩٩١سوپای عێراق گەیشتە دەوروبەری شارۆچکەی قوشتەپە و لە هێڵی موسڵیشەوە ناحیەی ئەسکی کەڵەکیان تێپەڕاندبوو و لە هێڵی مەخموریشەوە لە دەوروبەری گوندی پیرداود بوون. ئەو ڕۆژە ڕەنگە سەدان ماڵ هەڵهاتن و ڕۆیشتن بەرەو دەرەوەی شاری هەولێر. پەیتا پەیتاش پڕوپاگەندەی درۆ و دژ بە خەڵک لەلایەن هەردوو لادا، ڕژێمی بەعس و بەرەی کوردستانی ئەوسا، بڵاو دەبوونەوە. دیارە تەمەنی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لەگەڵ هاتن و هێرشی سوپای دڕندەی بەعس و داگیرکردنەوەی شارەکان کۆتایی هات. لە سێ هەفتەی ئازادبوونی شاری هەولێر جوانترین شت بەلای منەوە ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیە بوو کە لە ژیانمدا ئەزموونم نەکردبوو. ئەو ئازادییە بۆ ئێمە گەلێ مانای لەخۆ هەڵگرتبوو. بۆ یەکەمینجار هەستکردن بوو بە خود و بەهای خود. هەستکردن بوو بە جووڵەی شار و تێکچڕژانە سەیر و سەمەرەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە، دەربڕینی بێ سانسۆری ناخ بوو، دواجار ئازادی ئەو تەزووە شادیهێنەرە بوو کە کۆمەڵگەی ڕاچڵەکاند.

وەکچۆن لە جەرگەی ئەو ئازادییە سێ هەفتەییەی شاری هەولێر شورا کرێکارییەکان دروست بوون و بە دەستپێشکەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەم بزووتنەوەیە بەڕێخرا، ئاواش بزووتنەوەکە بە سروشتی خۆی لەدوو ململانێی گەورەدا بوو.

یەک- ململانێ لەگەڵ برادەرانی شورای خەڵک. جیاوازی تاکتیکەکانی نێوان ئەو دوو مەیلە، بووە هۆی ناتەبایی و نابەهرەمەند بوونی ئەو بزووتنەوەیە لەتاک ڕیزی.
دوو- ململانێ لەگەڵ بەرەی کوردستانی و حیزبە کۆنەپەرستەکانی.
ئەم دوو ململانێیە لەو سێ هەفتەیەی ئازادیدا کاریگەری زۆریان دانا لەسەر ئەنجام نەدان و جێبەجێنەکردنی کۆمەڵێ ئامانج کە ئەبوو دەستیان بۆ ببردرایە وەک:
١-پێکهێنانی هێزی سەربازی بزووتنەوەی شورایی لەدەرەوەی بنکەی شوراکان لەچەشنی سوپای سووری سۆڤییەت.
٢-هەوڵدان بۆ دانانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی شوراکان کە کاریگەری زۆری دەبوو لەسەر بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی شوراکان.
٣-پێکهێنانی لیژنە و کۆمیتەی تایبەت بۆ بەدەستهێنانی ئیمکاناتی دارایی بەتایبەتی ئەو کاتانە ئەتوانرا سوود لە پاشماوەی کەلوپەلی بەجێماوی ڕژێمی بەعس وەربگیرایە. چونکە بزووتنەوەی شورایی زۆر دەستکورت و هەژار بوو لەبوارەکانی دارایی و لۆجستی و سەربازییەوە.
٤-دەستبردن بۆ کۆمەڵێ ئامڕازی حکومەتکردن لەچەشنی سازدانەوەی دەوامی قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەکورتی خۆ بەخاوەن کۆمەڵگە زانین و دەستبردن بۆ حکومەتکردن، وەک چۆن بەرەی کوردستانی دەستی بۆ برد.
لێرەوە ئەبینین بزووتنەوەی شورایی وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ بەڵام بێئەزموون ئەیڕوانییە بارودۆخەکە. مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان چاویان لەڕێنوێنییەکانی ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، بۆیە بەبڕوای من ئەم تێگەیشتنەی ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست بۆ بارودۆخەکە کاریگەری سلبی دانا لەسەر هەنگاوە عەمەلییەکانی ئەو بزووتنەوەیە. بە بۆچوونی من بارودۆخی ئەوسا و بزووتنەوەی شوراکان و تەنانەت کوردستانیش بەجۆرێک بوو کە

توانای پێشبینیکردنی لە رابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست و سەرجەم بزووتنەوەکەش سەندبۆوە. بۆیە دەکرێت دیمەنە سیاسییەکە بەمجۆرە ببینین:

**یەک**: کۆمۆنیست و چەپەکان پشکی شێریان لە راپەڕین بەردەکەوێ و ڕەوتی نەتەوەیی کورد و حیزبە سیاسییەکان بەتایبەتیش یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دەور و نەخشێکیان لە ڕاپەڕین نەبووە، جگە لە ڕادیۆکەیان. ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان ئەنجامیدا و هەو ئەوان خاوەنین. ئیتر منەت کردنی ڕاپەڕین و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لەو ڕاپەڕینە جگە لە درۆ هەڵبەستنی حیزبە سیاسییەکانی ناسیونالیزمی کوردی هیچی تر نین.

**دوو**: بزووتنەوەی چەپی ئەو کات و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ناشارەزا و بێئەزموون بوون لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و بەرەنگاربوونەوە و بردنەوەی ململانێکان لەگەڵ حیزبە کوردییەکان بەقازانجی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

**سێ**: بزووتنەوەی شورایی ئاسۆیەکی ڕۆشنی نەبوو بۆ هەڵسوڕان و خوێندنەوەی دروستی بارودۆخەکە و ناپارسەنگی هێزەکان و گەلێ شتیتر. واتە ئەو بزووتنەوەیە هەم لەڕووی تیئۆرییەوە و هەم لەڕووی پراکتیکەوە هەژار بوو. سەرچاوەی تیئۆری ئەسڵی ڕابەرانی شوراکان و چەپ بریتی بوو لە تێگەیشتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادیرگەلی وەک مزەفەری مەحەمەدی و ڕەحمانی حوسێنزادە کە بچووکترین ڕۆڵیان نەگێڕا لە لێکهەڵپێکرانی شوراکانی خەڵک و گەڕەکەکان و شورا کرێکارییەکان. لەبری ئەوە بۆشایی نێوان ئەو دوو جۆرە لەمۆدیلی شورایی گەورەتر بووەوە. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەلاوازی ململانێ لەگەڵ بەرەی کوردستانی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

**چوار**: هەوڵی ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوسا ئەوە بوو کرێکاران لەدەوری سیاسەتەکانی خۆیان کۆببنەوە، ئەمەش نارۆشنییەک بوو لە ئاسۆی ڕێکخراوبوونی ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستە بێئەزموونە. هەرچەند ڕەوتی

کۆمۆنیست جیاوازتر بیری دەکردەوە بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نەبوو کە کرێکاران لە دەوری بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێکبخات.

**پێنج**: شوراکان بۆ دەسەڵات وەک ئەلتەرناتیڤی چەپ  باسدەکران. بەڵام ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست جگە لە هاوڕێ سەمیر نوری، تەنها بۆ یەکجار بۆ مێژووش بووبێ زەحمەتی ئەوەیان نەخستە بەر خۆیان بێن سەردانی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان و شوراکانی خەڵک بکەن، یان ئێمەی کادیرەکان ببینن و بەئاشکرا بێنە ناو جەماوەری کرێکار. ئەم ترس و سڵەمینەوەیە لە سەرکوتی داهاتوو سەرباری بێئەزموونی، جێی پرسیاریش بوو.

**شەش**: نائامادەیی خەڵکی کوردستان لە قەبوڵکردنی ئەو شێوازە تازەیەی دەسەڵات چونکە بزووتنەوەی چەپ خۆی بزووتنەوەیەکی گەنجی تەمەن کەمتر لە بیست ساڵ بوو.

**حەوت**: چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لەخۆیان زۆر لەئاستێکی نزم بوو. خەڵکی کوردستان لەئەنجامی چەوسانەوەی چەندین ساڵەیان بەدەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق تووشی نائومێدییەکی گەورە ببوون و کلتووری بێدەسەڵاتی بەئاشکرا بەسەریاندا زاڵ ببوو، بۆیە چاویان لە لایەنە سیاسییەکان بوو شتێکیان بۆ بکەن نەک خۆیان شتێک بۆ خۆیان بکەن. بزووتنەوەی شورایی ئەیویست ئەو تێڕوانینەیان لەنێودا زاڵ بکات کە خەڵکی کوردستان ئەتوانن خۆیان خۆیان بەڕێوە بەرن. ئەم خاڵە بەبۆچوونی من زۆر جێگای وردبوونەوەیە و هۆکارێکیشە کە وای کرد بزووتنەوەی شورایی نەبێتە جێگای ئومێد و پشت پێبەستنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک. دیارە کە ئەمە ئەڵێم بەئیزافەی لەبەرچاوگرتنی مەیلی ناسیونالیزم کە دونیای بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانی تەنیبوو.

**هەشت**: بزووتنەوەی شورایی کوردستان موڵکی هیچ حیزب و لایەنێک نییە. ئەوە ڕاستە کە کادیرانی ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان ڕۆڵیان گێڕاوە لەو

بزووتنەوەیە, بەڵام ئەوە بەشداربووانی عەمەلی بزووتنەوەی شوراییین کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیەن.

**نۆ**: نادیموکراسی و میتۆدی یەکتر قەبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر، بەشێکن لەپرۆسەی تەسفیەکردنی سیاسی کادیرە بەرجەستەکانی ڕابردوو کەبەئەنقەست ئێستاش پەیڕەو دەکرێت. ئەم عەقڵییەتە و میتۆدە ئاو لەسەرچاوەکەی کە مەحفەلیزمی وردەبۆرژوازی ناکرێکارییە ئەخواتەوە. من ئێستاش سەیرم پێدێت کە دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەو هەموو ئەزموونەی دەرەوەی وڵات و فێربوونی زمان و ئاشنابوون بە سیستەمە دیموکراسییەکەی خۆرئاوا کەچی شێوازی بیرکردنەوەی هەندێ کادیری ئەو حیزبانە هێشتا لە ساڵەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودان و بەمیتۆدی ئەو سەردەمەوە ئیش ئەکەن بۆ نموونە کەلەنووسینێکدا بەناچاری ناوت ئەهێنن بە بێ بەکارهێنانی هیچ پێشگرێکی وەک " کاک، بەڕێز، هاوڕێ" ناوت دەبەن تەنها بۆ سڕینەوەی ڕابردووت و شاردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریت. ئەم کۆمیدیایە لەگەڵ ئەو بزووتنەوەی چەپە جمکەن و بێ یەکتر هەڵناکەن و ناژێن. لەلایەکی تریشەوە هێڵی ڕاست و چەپ هێنان بەسەر ڕابەرانی جەماوەری و هەڵسوڕاوانی دوێنێی خەباتی سیاسی و جەماوەریی لە کوردستان هەر بەو بیانووەی کە ئێستا لایەنگری سیاسەتەکانی ئەو هاوڕێیە نیت، خۆی لەبنچینەدا دەرهاویشتەی عەقڵییەتێکی دواکەوتووانە و کلتورێکی نا مارکسیستییە. ئەم عەقڵییەتە لەڕادەبەدەر زیان بەسەرجەم بونیادی فیکری ئەو بزووتنەوەیە ئەگەیێنێت.[٤٣]

[٤٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتاری لەیادی بیست ساڵەی ڕاپەڕین ئاوڕێک لە بزووتنەوەی شورایی یادەوەری و سەرنج، نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ٤-٣-٢٠٠١ سایتی دەنگەکان.

# هێرشی سەربازی بەعس و کۆڕەو

شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی ئازاری ١٩٩١ ئیتر دەنگی تۆپ بارانکردن لەناو شاری هەولێرەوە ئەبیسترا و بڵاچەی تۆپ بارانەکە لەسەربانەکانەوە ئەبینرا. ئەو شەوە هەرچۆنێک بوو بە ترس و نیگەرانییەوە نووستین. بەڵام بەرەبەیان ئیتر گومانی تێدا نەما کە بەعس هێرش دێنێ. ئەو سبەینێیە دەوروبەری شەشی بەیانی خوشکێکم کە یەک دوو کۆڵان دوور لە ماڵی ئێمە و هەر لە گەڕەکی حەی عومال ئەژیا، بەپرتاو هات و پێی ڕاگەیاندم کە بەعس هێرش دێنێ و وا خەڵکی بەلێشاو شار بەجێ ئەهێڵن و ئەڕۆن. خوشکم پێشنیاری کرد "با ئێمەش بڕۆین". من ڕەتم کردەوە کە بەعس بتوانێ هەولێر بگرێتەوە، بەتایبەتیش کە خەڵکی هەموو چەکدار بوون. ئەوە بوو خوشکم بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە و ئیتر تا نزیکەی مانگێ دوای کارەساتەکە نەمبینییەوە. ئەو سبەینێیە قاوەڵتییەکی سەرپێیمان خوارد، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەک: چونکە بێ دەرەتان بووین و جگە لە نان و چا هیچی ترمان لەماڵەوە نەبوو.

دوو: ترسی گەڕانەوەی بەعس سەرودڵی گرتبووین.

هێشتا خەریکی چا خواردن بووین، دەنگەدەنگ لە کۆڵانەوە تا دەهات بەرزتر ئەبۆوە و ئاپوورەی خەڵک ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان نەبوو، بەپرتاو دەستی منداڵەکانیان گرتبوو و بەبێ هیچ پلانێک و بێئەوەی بزانن چارەنووسیان بەرەو کوێیان دەبات، ملی ڕێگایان گرتبووە بەر. ڕوانین لەم دیمەنە هەر لەیەک ساتی خۆیەوە هێمای ڕۆژڕەشی و تراژیدیایەکی گەورە بوو. لەم ساتە وەختەدا، لێکدانەوەی من بۆ هەلومەرجەکە لە نێوان دوو جەمسەردا لە هاتوچۆ دابوو. جەمسەرێکیان خۆشباوەڕی من بوو بە بێتوانایی بەعس و متمانەی تەواوم بە

خەڵکی چەکدار و هاوڕێکانم بوو. جەمسەرەکەی تریان ورە بەردان و تێکشکان بوو لە بەرامبەر لەدەستدانی ئازادیدا. لەو چرکە ساتەدا ماڵی ئێمە تەواو خۆیان ساز کرد بۆ ڕۆیشتن. من خۆم ساغکردەوە و پێم ڕاگەیاندن کە ئەوان ئەتوانن بڕۆن و من خەمی خۆم ئەخۆم. هەرچەندە دایکم هەوڵیدا و خوشکەکانم تکایان کرد من سوور بووم لە سەر ئەوەی کە ئەبێ بەرگری لە ئازادی بکرێت. بۆیە ئەوان هەر هەموو بە منداڵەکانی خۆشمەوە کەوتنە نێو ئەو لێشاوە و ڕۆیشتن، منیش بە تەنها مامەوە و کەوتمە چاودێری کردنی بارودۆخەکە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ژمارەی خەڵکەکە تا دەهات کەمتر ئەبووەوە تا وای لێهات تاک و تەرا خەڵک ئەبینران، ئەوانیش یان وەکو من مابوونەوە یان پەلەپروزەی ئەوەیان بوو، شار بەجێبهێڵن. لەو گەڕەکەی ئێمە ماڵێک مابوونەوە و کەسیان دەرنەچووبوون. ئەو ماڵەش ماڵی کاک نەوزاد بوو. پەیوەندی ماڵی ئێمە و ماڵی کاک نەوزاد زۆر خۆش بوو. بۆیە سووڕمامەوە لای ئەوان و پاش وتوێژێکی کورت لەگەڵ کاک موحەمەدی برای کاک نەوزاد، بە نیازی بەرگریکردن و شەڕکردن لەگەڵ سوپای دڕندەی بەعس بەرەو دەرەوەی گەڕەکی حەی عومال (کرێکاران) ڕۆیشتین و نزیک بازگەی سەرەکی جادەی هەولێر – مەخموور بووینەوە. لەگەڵ چوونە پێشەوەماندا، کوڕێکمان بینی ئاڕ بی جییەکی پێبوو و ئەگەڕایەوە بۆ ناو شار و بەدەم نائومێدی و تەنکە ترسێکەوە دەستی بەرەو لای مەخموور درێژ کرد.

– ئەو کۆپتەرانە هەراسانیان کردووین و گوللە قازیفەمان پێنەماوە."

– ئەی دەنگوباس چییە؟

– لە پێشەوە شەڕە و گاردی کۆماریمان شکاندووە.

پێشەوەی چی؟ ئێمە پێشەوە بووین و کەس لەو دەوروبەرە نەمابوو. تا زیاتر دەچووینە پێشتر و هێرشی کۆپتەر و گوللەبارانی تۆپەکانی بەعس تا دەهات چڕتر ئەبۆوە. کاتێ گەیشتینە دوا ڕیزی خانووەکانی گەڕەکی حەی عومال، هەندێ چەکدارمان بینی کە خەڵکی دڵسۆز بوون و پێئەچوو سەر بەهیچ لایەک

نەبن، ئەگەڕانەوە بۆ ناوماڵەکان. من و مەحەمەد خۆمان لە پەنای خانوویەکدا حەشاردا و چاودێری باوردۆخەکەمان ئەکرد، تا ئەو چەند کەسەی لەپشت بازگەی هەولێر - مەخموور گولله قازیفەیان پێنەما و تەقەی کلاشینکۆفیش نە کار لە کۆپتەر ئەکا و نە زەفەر بە دەبابە ئەبات. لەو چرکەساتەدا، گولله تۆپێک هات نەمانزانی هی دەبابەکان بوو یان هی تۆپەکان بوو، چەند مەترێک لەولای ئێمەوە دای بەزەویدا و ئێمە لەوێوە ترسمان لێنیشت. تەقەکردنیش لە کۆپتەر لەو کاتەدا، دەبەنگی بوو. ئیتر بواری تەقەکردنمان نەما، بۆیە بەناچاری گەڕاینەوە بەرەو ماڵەوە. ئەم بەشدارییە کورتەی ئێمە دوو سەعاتی خایاند. لەگەڕانەوەماندا بە دەگمەن خەڵکمان ئەبینی. دەرگای ماڵەکان هەموو داخرابوون. وەختێ گەیشتینەوە ماڵ، کاک نەوزاد و کاک چەتۆ و ماڵەوەیان شپرزە دیار بوون. ئیتر بیرمان کردەوە چیبکەین، چی نەکەین؟ دواجار دوای ڕاوێژ و گەیشتن بەو قەناعەتەی کە مانەوەمان پڕ مەترسییە، بڕیارماندا ئێمەش هەوڵ بدەین شار بەجێی بهێڵین و خۆ قوتار بکەین. ماڵی کاک نەوزاد، هەموو لەگەڵمان هاتن. تەنها کاک محەمەد و کاک چەتۆ نەبێ کە ئەوان بەلایەکی تردا ڕۆیشتن. لەم ڕۆیشتنەدا، ئێمە ئەمانە بووین : ئەوەندی لەبیرم مابێ من، نەوزاد عەلی، سەنگەر عەلی برای کاک نەوزاد، شادیە عەلی خوشکی کاک نەوزاد، خاوەر عەلی خوشکی کاک نەوزاد، دایکی کاک نەوزاد، خێزانی کاک نەوزاد کە بە داخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە، منداڵێکی شیرەخۆرەی کاک نەوزاد، ڕوقیەخان، دراوسێی ماڵی کاک نەوزاد. ئینجا دەستمان بەڕۆیشتن کرد و لە خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێرەوە لەژێر تۆپبارانێکی چڕدا و لەوێوە بەرەو گەڕەکی کوران. شار وەک چەمکێکی شوێن هەڵگری کۆمەڵێ ئاماژەپێکراوی کۆمەڵایەتییە. قەرەباڵغی واقیعێکی سەرەکی شارە و لەوێشەوە دەنگ و هەرا و هاتوچۆ و کردارەکانی تری ژیان ئەبینرێن. ئەگەر شار لە دەنگ و جووڵە داماڵدرێت، ئیتر شار سیفەتی شار بوون لە دەست ئەدات. لەجیاتی ئەوە شار ئەبێتە پنتێکی جوگرافی چۆڵ وسامناک. ئیتر شار لە بری ئاوەدانی، سامناکییەک باڵ ئەکێشێ بەسەریدا. لە

شاری سامناک دڵنەوایی و ئاسوودەیی بوونی نییە. بەڵکە ترس و گومان لە هەر جووڵەیەک سێبەر ئەخاتە سەر ساتەکانی ژیان. هەولێر لە ٣١ ی ئازاری ١٩٩١ لە شارێکی پڕ لە هاتوهاوارەوە گۆڕا بۆ شارێکی سامناک، شارێک کە ئیتر ژیان تێیدا وەستابوو، شارێک هەستت ئەکرد هەناسە نادات، بەڵکو وا خەریکە لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و گوللە و باروتدا ئەخنکێت. من هەرچەندە هیچ مەشقێکی سەربازیم پێشتر نەبینیبوو، چونکە قەت سەربازیم نەکردبوو، بەڵام ئەوەم ئەزانی کە لە کاتی تۆپباراندا کاتێ دەنگی تۆپت لێنزیک ئەبێتەوە، باشترە خۆت بەزەویدا بدەی تا ساچمە وپریشکت بەرنەکەوێ. لەڕۆیشتنمان بە ناو گەڕەکی کوران هەمان شتمان پەیڕەو کرد. لە ڕێگادا بەحوکمی ئەوەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین گوللە بەر قاچەکانم کەوتبوو و بریندار ببووم، و لەو ڕێ ڕۆیشتنەدا برینەکانی پێم کولابوونەوە، ڕوقیەخان داوای لێم کرد کڵاشینکۆفەکەم هەندێ بۆ هەڵبگرێ. منیش چەکەکەم پێدا و بەشەلەشەل درێژەم بەڕۆیشتن دا. سەعات دوانزەی نیوەڕۆ ئەبوو وەختێ شەقامی شەست مەتریمان بڕی و بەناو غاباتەکەی کوڕاندا تێپەڕین. لەسەر جادەی شەست مەتری، هیچ ئۆتۆمبێلێکمان نەبینی. ئەو ڕۆژە چاو بڕوایی نەئەهات کە ئەوە هەولێرە بەم چۆڵی و سامناکییە. پیرە هەولێر لەو ڕۆژەیا لە جەستەیەکی بریندار ئەچوو کە نەیئەتوانی جووڵە بکات! کاتێ بەلای کارگەی ئەلبان (شیرەمەنی)دا تێپەڕین، ئەوسا هەستمان کرد چەند بەجێماوین. بۆیە لەهەوڵی ئەوەدا بووین هەرچۆنێک بێت دەرباز بین و بگەینە دەرەوەی شار. فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، تا دەهات زیاتر لە شار نزیک ئەبوونەوە و لە بۆردومانکردن بەردەوام بوون. هەستم کرد لە دەوروبەری سەعات یەک تۆپباران نەما. ئێمە دەبوایە بەوە بمانزانیایە کە سوپای بەعس هاتۆتە ناو شار، بەڵام لەو کاتەیا نە توانای تێگەیشتنی ئەو بارودۆخەمان مابوو و نەکەسیش گوێی لەکەس ئەگرت. هەموو هیوایەک لە دەوری چوونە دەرەوەی شار چڕ ببووەوە. بە دەم ڕۆیشتنەوە لە یادم نەماوە شتێکی ئەوتۆمان باس کردبێ، جگە لە چاوگێڕان لە فریادڕەسێک و پێ هەڵگرتنی

زیاتر تا بە زوویی بگەینە دەرەوە. دوای تێپەڕین بەلای خانووەکانی مەحەتە و نزیک بوونەوە لە گەڕەکی عەرەب، لە ناکاو لۆرییەکمان بینی یەک دوو خێزانی لە دەور بوو و شتیان بار ئەکرد و خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ چوونە دەرەوەی شار. ئێمەش وەک ئەوەی هەنگوینمان لە کونەداردا دۆزیبێتەوە، یەکسەر بەرەو لای لۆرییەکە ڕۆیشتین. من ئێستا لەکاتی نووسینی ئەم یادەوەرییە تاڵ و جەرگبڕەدا، نەڕەنگی لۆرییەکە و نە مۆدیلی لۆرییەکەم لەبیرنەماوە. بەڵام ئەوەم جوان لەبیرە کە چووین بۆ لایان و پرسیارمان کرد کە ئاخۆ بە نیازن بڕۆنە دەرەوەی شار، ئەوانیش گوتیان بەڵێ ئەڕۆینە دەرەوە و ئێمەش گوتمان ئایا ئەتوانین لەگەڵتانا بێین؟ ئەوانیش قەبووڵیان کرد. ئێمە نزیکەی بیست خولەک لەوێدا چاوەڕوانیمان کرد تا شتەکانیان بار کرد. ئەو شتانەی کە بارکران و لە یادم مابێ، بریتی بوون لە سەلاجەیەک و دوو سێ بوتوڵ غاز و دوو بەرمیلی گەورەی نەوت و فەردەیەک مەخزەنی کلاشینکۆفی پڕ لە فیشەک و جێگاوبان و کۆمەڵێ شتی تریش. پێش ئەوەی بەتەواوی ئامادە بن، گوێم لە شوفێری لۆرییەکە بوو باسی ئەوەی دەکرد کە تایەیەکی سپێری هەیە لە گەڕەکی ئیسکان، ئەچێ تایەکە هەڵ ئەگرێ و ئینجا ئەڕۆین بۆ دەرەوەی شار. منیش پێمگوت برا گیان نەڕۆی بەرەو لای ئیسکان چونکە حکومەت لەوانەیە ئەو گەڕەکانەی داگیرکردبێ. ئەویش گوتی باشە. من دڵم ئاوی نەخواردەوە و لە کاکی شوفێرم دووبارە کردەوە و ئەویش بەڵێنی دا کە نەچێتە لای ئیسکان. بێجگە لەمەش بە کاک نەوزادیشم گوت و ئەویش بە دەوری خۆی بۆ جاری سێهەم بە کاکی شوفێری گوت و کاکی شوفێریش بەڵێنیدا نەچێت بەلای گەڕەکی ئیسکاندا و یەکسەر بەرەو دەرەوەی شار لێبخوڕێ. ئەوسا هەموو سواری لۆرییەکە بووین. ئەوەندەی لە یادم مابێ، ئێمە کە دە نەفەر ئەبووین و ئەوانیش ژمارەیەک بوون کە نازانم بەتەواوەتی چەند ئەبوون. بەڵام ئەزانم شوفێری لۆرییەکە ناوی نازانم، خێزانی شوفێرەکە، منداڵێکی ساوا بە باوەشی خێزانی شوفێرەکەوە، پیرەمێردێک باوکی شوفێرەکە بوو، پیرەژنێک دایکی شوفێرەکە بوو، دوو کوڕی گەنج

تەمەنیان بیست ساڵان ئەبوو، پێموابێ برای شوفێرەکە بوون. پیرەژنێک و پیرەمێردێک، خێزانێکی تر ژمارەیان نازانم چەند کەس ئەبوون، چەند کەسی تر. ئەو کاتەی سواری لۆرییەکە بووین دەوروبەری کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی یەکشەممەی ٣١ی ئازاری ١٩٩١ بوو. شوفێرەکە و ژنەکە و منداڵە ساواکە و پیرەژن و پیرەمێردەکە لە پێشەوەی لۆرییەکە سوار بوون و دوو کوڕە گەنجەکەش لە سەر لۆرییەکە سوار بوون و ئێمەش هەموو لە دواوەی لۆرییەکە بووین. کاتێ لۆرییەکە کەوتە جووڵە، لە بری ئەوەی بە دەستی ڕاستدا با بداتەوە و بەرەو گەڕەکی تەعجیل بڕوات و لەوێشەوە بەرەو دەرەوەی شار، ئەو بەلای چەپدا سوڕایەوە و بەرەو لای مەحەتە (وێسگە) و بەرەو گەڕەکی ئیسکان لێیخوڕی بۆ ئەوەی بچێت تایە سپێرەکەی هەڵبگرێت. شوفێرەکە سەرباری دووجار ئاگادارکردنەوەی من و جارێکیش کاک نەوزاد، کەچی هەر بەڕای خۆی کرد و ئێمەی بەرەو ئیسکان برد. لە ناکاوێکدا هەر پاش تێپەڕبوونمان لە دووڕیانی (عەدنان خەیروڵڵا) ی ئەوسا بە چرکەیەک لۆرییەکە ئیستۆپێکی گەورەی گرت. لەگەڵ ئەو ئیستۆپە گەورەیەی لۆرییەکە، گیزە گیزی گوللە بە بان سەرمان و بە دەنگی تەقەی بەرکەوتنی لۆرییەکە بە گوللە، شڵەژاین. شۆفێرەکە لۆرییەکەی وەستان و هەوڵی گەڕانەوەی دا. گێڕەکەی دایە بەگ و دەستی بەلای ڕاستدا شکاندەوە و لۆرییەکە گەڕایەوە دواوە، بەڵام شوفێرەکە لەوە زیاتر نەیتوانی لۆرییەکە بجووڵێنێ. ئێستا لەوباوەڕەدام بۆیە نەیتوانی لۆرییەکە دوور بخاتەوە، چونکە لەوانەیە هەر ئەو دەمە شوفێرەکە گیانی لەدەست دابێ. دوو کوڕە گەنجەکە یەکسەر بە پشتدا کەوتنە دواوەی لۆرییەکە. لۆرییەکە لە سێ لاوە دەستڕێژی لێئەکرا. لەم کاتە دا لە ناو جەرگەی ئەو گوللەبارانەدا، هیچم پێنەکرا ئەوە نەبێ هاوار بکەم و بڵێم تەقە بکەن...تەقە بکەن...تەقە بکەن. من کلاشینکۆفەکەم بەرز کردەوە و لەسەر سەرمەوە کەوتمە تەقە کردن لەو گاردی کۆمارییانەی کە لە پەنا دیوارەکانی باڵەخانەی ئوتێل شیراتۆن و ئوتێل زەیتونە و باڵەخانەی یەکێتیی کرێکاران بوون. کاک نەوزادیش

میلی چەکەکەی ڕاکێشا و نازانم ئایا تەقەی کرد یان نا، لەو کاتەیا سەرێکم هەڵبڕی و بینیم سەربازێک ئاڕ بی جی  خستۆتە سەر شانی و لەناوەڕاست شەقامەکە دانیشتووە و وا سێرەمان لێئەگرێ. ئیتر زانیم تازە کارلەکار ترازاوە و هەر ئەوەندەم پێکرا هاوار بکەم خۆتان فڕێ بدەن. خۆتان فڕێ بدەن. کاتێکم زانی چوار دەورم ئاگرە. لەو چرکەیەدا ئەوەم هاتەوە یاد کە بەمنداڵی لە باوکم بیستبوو، ئەیگوت "ئەگەر کەسێک لە ناو ئاگر بێت و چاوەکانی بنوقێنێ و نەسووتێن، ئەوا نامرێ!" منیش چاوم نوقاند و دەستی ڕاستم درێژ کرد بۆ لێواری لۆرییەکە و تا بۆم کرا خۆم فڕێدا. لەوێدا لە ترسی ئاگرەکە و مردن نە بەرزی لۆرییەکەم بەلاوە گرنگ بوو و نەترسیشم هەبوو لەوەی جێیەکم ئازاری پێبگات. لەگەڵ کەوتنە خوارەوەم کە هێشتا لە هەوادا بووم، سووڕامە سەر تەنیشت و ڕێک کەوتمە سەر جادە قیرەکە. کە کەوتمە سەر جادەکە و ویستم هەستمەوە، دوو شتم بینی بەدەستەکانمەوە ،سەرەتا وام زانی عەلاگەی نایلۆنە و بە دەستەکانمەوە نووساون، بەڵام هەر زوو زانیم کە سووتاوم و ئەوە عەلاگەی نایلۆن نییە بە دەستەکانمەوە، بەڵکو ئەوە پێستی دەستەکانمە هاتوونەتە خوارەوە. تۆقینێکی لە ڕادەبەدەر گیانی تەنیبووم و لەو چرکەساتەدا بێجگە لە مردن و سێبەری مەرگ هیچی ترم نەدەبینی. ئیتر هەستامەوە بێ ئەوەی بزانم جەمەدانییەکەی سەرم و نەعلەکانم و کلاشینکۆفەکەم چییان بەسەر هاتووە، و چونکە پێڵاوم لەپێدا نەبوو، بە هۆی بریندار بوونم لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی شاری هەولێر لەیانزەی ئازاری ١٩٩١ بۆیە بە پێی پەتی لە لۆرییەکە دوور کەوتمەوە. ئینجا ڕامکردە پەنا دیوارێک و بینیم کاک نەوزاد و پیاوێک و منداڵێکیش لەوێن و ئەمە ئەو چوار دەرباز بووەی ناو لۆرییەکە بووین. لە کاک نەوزادم پرسی:

–نەوزاد ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟"

وەڵامی دایەوە:

– تۆش هەموو گیانت سووتاوە.

بۆ ساتێک لەوێ لەو پەنا دیوارە کە چرکەیەکمان لێبووبووە ڕۆژێک، دەنگی ڕەهێڵەی گوللەی دووژمن لەلایەک و فیزاح و گریان و هاواری ئەو مرۆڤانەی نێو کورەی ئاگری لۆرییەکەش لەلایەکی تر، وڕو گێژی کردبووم. لەو چرکە ساتە هەرە زەحمەت و قورسەدا، منێکی سووتاو نەمئەزانی چی بکەم. لەو سەروبەندەیا، هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتین و لە شوێنی کارەساتەکە دوور کەوتینەوە. ناخۆشترین شتیش ئەوەیە کە مرۆڤ ملی ڕێگایەک بگرێتە بەر و نەزانی بەرەو کوێ ئەڕوات. لەو نێچیرە بەستەزمانە ئەچووم کە ڕاوکەرەکەی خۆی بۆ مەڵاس داوە و هاکا لە پڕێکدا پەلاماریدا. کە لە کاک نەوزاد جیا بوومەوە، بە تەنیشت خانووەکانی مەحەتە (وێسگە)دا بەڕاکردن (بەڵام ڕاکردنێکی هێواش و بەشەلەشەل) هەوڵمدا دوور بکەومەوە. لە نزیک خانووەکانی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر (مەحەتە)، کوڕێکی گەنجی تەمەن لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵانم تووش بوو، لێمپرسی:

– ئەرێ کاکە بۆ کوێ ئەڕۆی؟ ئەتوانی لەگەڵم بمێنیتەوە و پێکەوە دەربچین؟

کوڕە گەنجەکە پرسی:

– ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟

– ئێستا لە ناو ئەو لۆرییە بووین و کەوتینە نێو کەمینی گاردی کۆماری و هەموو سووتاین، بەس من و سێ کەسی تر دەرباز بووین.

– بەسەرچاو لەگەڵت ئەبم، گوێی مەدەرێ برا، یان ئەبێ بکوژرێم یان قوتارت ئەکەم.

بە ڕاستی لەو کاتەیا منێکی سووتاو بێچەک، خوێن لە پێیەکانمەوە ئەڕۆیشت بەهۆی ئەو برینانەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین کە کولابوونەوە. هەستم ئەکرد تا ئەهات بێهێزتر ئەبووم. تینووتر ئەبووم. بەڵام ترسی مردن لە هەموو شتیک زیاتر زاڵ بوو بە سەرمدا. لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجە (هەزار سڵاوی منی لێ بێ بۆ ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی) بەلای خانووەکانی مەحەتەدا ڕۆیشتین و بەنێو کۆڵان و گەڕەکاگاندا تێپەڕین. کاتێک لەنێو گەڕەکی عەرەبدا بووین و بە بەردەم

خانوویەکدا ڕەت بووین. ئەو خانووە دەرگایەکی سپی دوودەری گەورەی هەبوو و لە ناوەڕاستی دەرگا سپییە گەورەکە، دەرگایەکی بچووک هەبوو و لە سەر پشت بوو. لە دیوی ژوورەوە و لەپشتی دەرگاکەوە، گەنجێک هاواری کرد، توخوا یارمەتیم بدەن و بەجێم مەهێڵن. من و کوڕە گەنجەکە گەڕاینەوە سەری و بینیمان لەسەر دەم (سک) درێژ بووە و دەستی بە سکییەوە گرتووە و خوێن لەبەری ئەڕوا و ناوسکی بەدەستەوەیە. منیش پێمگوت برا گیان زۆر حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵام من خۆم سووتاوم و بریندارم و کەسێکم ئەوێ یارمەتیم بدات. ئیتر ئەویش سەری خستە سەر زەوییەکە و لەو بڕوایە نیم توانیبێتی جارێکی تر سەری بەرز بکاتەوە. لەگەڵ کوڕە گەنجەکە درێژەمان بەڕۆیشتندا. لە لاکۆڵانێکی تردا پیرەمێردێکی عەرەبمان تووش بوو. کوڕە گەنجەکە بە خۆشییەکەوە هاواری کرد ئەرێ وەڵڵا ئەوە عەرەبێکە و ئێستا ئەیکوژم.

- مەیکوژە بۆ ئەیکوژی.

- ئەها نابینی چییان بەسەرت هێناوە؟

- کاکە ئەوەی بەسەر من هاتووە، ئەو کابرایە بەسەریدا نەهێناوم، بەڵکو ئەوە ڕژێمی بەعسە وای بەسەر هێناوم.

- ئینجا ئەی بەعس عەرەب نییە؟

- بەڵێ عەرەبە، بەڵام ئەم کابرایە بێگوناهە، لەوانەیە کوڕی بزر بووبێ، یان هاتبێ تەرمی کوڕی یان برازای بباتەوە. وازی لێ بێنە، یان منیش ئەکوژی یان دەستی لێنادەی. ئیتر هەرچۆنێک بێت ئەو کوڕە گەنجەم قایل کرد واز لەو پیرەمێردە عەرەبە بهێنێ. کابرای عەرەب لە ترسا ڕەنگی وەک پەلکە پیازی لێهاتبوو، کاتێ هێشتمان بڕوا لەخۆشیانا هەر دوعای بۆ ئەکردین. ئێمە لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین تا گەیشتینە سەر جادەی سی مەتری نێوان تەیراوە و گەڕەکی عەرەب. ئەو شوێنە قەرەباڵغ بوو. خەڵکی هەموو سەریان لێ شێوابوو، هەر کەس پەلەی بوو دەربازی بێ. لەگەڵ کوڕە گەنجەکە چاومان بە لاندکرۆزێکی سپی هێزەکانی (ی ن ک) کەوت  کە لەسەر جادەکەی سی

مەترییەوە لە ناو شارەوە بە ئاراستەی خۆرئاوا ئەڕۆیی. لاندکرۆزەکە، هێواشی کردەوە و لە ناو ئەو قەرەباڵغییە دە تا پانزە نەفەرە وەستا. لاندکرۆزەرەکە نزیکەی شەش چەکداری تێدا بوو و لە سەر دەرگاکانی پێشەوەی لای شوفێرەکە وێنەی ئەستێرەیەکی سوور نەخشێنرابوو و بە بازنەیش لە دەوری ئەستێرەکە نووسرابوو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. ئێمە لە لاندکرۆزەکە، نزیک بووینەوە و کەوتمە تکا و پاڕانەوە کە هەڵمان بگرن و لەگەڵ خۆیان بمانبەن بۆ دەرەوەی هەولێر. لێخوڕەکە (شوفێرەکە) گوتی:

- ناتوانین، ئیشمان هەیە!

- منیش زیاتر پاڕامەوە و گوتم ئەگەر کوردی بیکەرە خاتری کوردایەتی، ئەگەر ئیسلامی بیکەرە خاتری خوا و ئەگەر مارکسیت بیکەرە خاتری مارکس، بەس قوتارمان بکە و وا دەبابەکانی حکومەت دێنە ناو شار و سەعاتێکی تر نابات ئەکوژرێم. کابرا زۆر بێباکانە گوتی:

-لاچۆ کاکە ئیشی خۆمان هەیە و هەڵیان نەگرتم. ئینجا یەک دوو خولەکی تر ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی شین هات، دوو پیاوی چەکداری تێدا بوو. چەکدارە گەنجەکەی لەگەڵم بوو چووە پێشی سەیارەکە و بەرازیلییەکەی ڕاگرت. کوڕە گەنجەکە پرسیاری لێکردن بۆ کوێ ئەڕۆن؟ لەوەڵامدا گوتیان "بۆ دەرەوەی شار." گەنجەکە گوتی "زەحمەت نەبێ ئەم برینداره لەگەڵ خۆتان ببەن." گوتیان باشە با سەرکەوێ. منیش زۆر سوپاسی کوڕە گەنجەکەم کرد و سوار بووم. هەر دوو سێ خولەک لە هاژووژتن، نزیک بە مزگەوتی سپی، دوای ئەوەی دەنگی گوللە زۆر لە نزیکەوە ئەهات، ئەو دوو چەکدارە، منیان داگرت و لەو سەر جادەیە بە تەنها بەجێیان هێشتم. منیش ئاوڕێکم دایەوە و زانیم تازە کوڕە چەکدارە گەنجەکەشم لە دەست چووە. لەو ساتە وەختەدا، نە پێناسەم هەبوو بۆ مەرگ و نەهیواشم هەبوو بە ژیان. بەڵێ لەو ساتەیا، ژمارەیەک چەکدارم بینی لە جادەکە ئەپەڕینەوە. منیش دەستێکم هەڵبڕی و هاوارم کرد : تکایە من بریندارم و بە جێم مەهێڵن و لەگەڵ خۆتان بمبەن. چەکدارەکان هەموو هاتن بۆ لام. لە

نێویاندا بەڕێزان سەردار بابان و خالید و عەبدوڵای نەسیج و ئاسۆی حامیدی و شێروان هەولێریم ناسییەوە. بە هۆی سووتانی دەست و قاچ و دەموچاومەوە، کەسیان منیان نەناسییەوە. بەڵام من زۆربەیانم ئەناسی و بە ناوی خۆیانەوە بانگیانم کرد و ئەوانیش بە پرتاو بەرەو لام هاتن. من (عەبدوڵا سلێمان)م ئەوە بۆ نامناسنەوە؟ هاوڕێ ئاسۆی حامیدی زۆر مەردانە منی کردە کۆڵی خۆی و بردمیە ناو کۆڵانێکەوە. لەو کۆڵانەی گەڕەکی تەیراوە، ماڵێک مابوون نەڕۆیشتبوون و دەرگایان لە سەر پشت بوو. کاک ئاسۆ منی بردە ژوورەوە و لە هەیوانی ئەو ماڵە دانیام و دەرزییەکی لێدام و جلەکانی لەبەر داکەندم و کە قەمسەڵە سەربازییەکە و شەرواڵە سووتاوەکەم بوون، من تراکسۆتێکم لە پێدا مایەوە لەگەڵ کراسێک. کاک ئاسۆ حامیدی سروودی ئەنتەرناسیۆناڵی ئەچڕی و زۆر ورە بەرزانە بە سروودەوە بەجێی هێشتم و بەڵێنی دا ئەگەر بواری هەبێت، بگەڕێتەوە بۆ لام و دەربازم بکات. ئینجا کاک ئاسۆ ڕۆیی و منی لە حەوشەی ئەو ماڵە بەجێ هێشت.[٤٤] ئەو ماڵەی کاک ئاسۆی حامیدی منی تێدا بەجێهێشت، لە بەختی من مابوونەوە، ماڵێکی ئاوارەی کەرکووکی بوون و لە ترسی زوڵم و ستەمی بەعس لە کەرکووکەوە هەڵهاتبوون و لە گەڕەکی تەیراوە، گیرسابوونەوە. ئەو ماڵە لە چوار ئافرەت پێک هاتبوون کە ئەمانەن: ڕووناک خان، سۆیلەخان، مامۆستا کەژاڵ، دایکی ڕووناک خان. بێجگە لەمانەش، دوو ماڵی تریش هاتن بۆ ئەو ماڵە. یەکێکیان پیاوێکی پیر و ژنێکی گەنج و منداڵێکی ساوا بوون، ئەویتریشیان کوڕێکی گەنجی شەل بوو و خەڵکی گەڕەکی کوردستان (حەی صەدام) بوو. بوونی من لەو ماڵە مایەی ترس بوو بۆیان. دەنگی تەقە تا دەهات نزیکتر ئەبۆوە و دەنگی خەڵکیش کەمتر ئەبیسترا. کاتژمێر بەرەو چوارونیوی دوای نیوەڕۆ ئەڕۆیی. ئەو ڕۆژە هەرچەند خۆرەتاویش بوو، بەڵام من هەستم بە هەتاو نەدەکرد و خۆر زۆر زووش ئاوا بوو. ترس سەرتاپای

[٤٤] هاوڕێ ئەنەس (ئاسۆ حامیدی) هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان بوو و ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژێت.

جەستە و ڕوحی تەنیبووین. دایکی ڕووناک خان دیار بوو زۆر ئەترسا و حەقیشی بوو. کەوتە ڕاوێژ لەگەڵ کەژاڵی خوشکی و کچەکان، گوتی با ئەم کوڕە ببەینە ژێر پلەکانەکە و ئەگەر هاتنە سەرمان ئەڵێین ئێمە ئەم کوڕە ناناسین و خۆی لە سەربانەوە هاتووە. من کە گوێم لەو قسەیە بوو، گوتم دادە گیان من نامەوێ بەهۆی منەوە تووشی ئەزیەت و ئازار ببن یان بکوژرێن، من ئەڕۆم، سوپاستان ئەکەم. کەوام گوت، دایکی ڕووناک خان پێی ناخۆش بوو و کەژاڵیش گوتی بەخوا ناڕۆی بۆ هیچ شوێنێک لەگەڵ ئێمە ئەمێنیتەوە. ژیانت لەگەڵ ژیانی ئێمەیە.

من ئەو قسەیەم زۆر پێخۆش بوو، چونکە هەستم کرد من لە شوێنێکم لە ناو کۆمەڵێ مرۆڤم، هەستم کرد لە ماڵێکی میهرەباندام. ترسی مردنیش بۆ چرکەیەک چییە لێم جوێ نەئەبۆوە. لەگەڵ گەیشتنی تەقە بۆ ناو کۆڵانەکە، ئێمە بەپەلە هەموو چووینە ژوورەوە و دەرگای حەوشەمان داخست و دەرگای تاقە ژوورەکەی ئەو ماڵەشمان گرت، بەڵام تەواو دامان نەخست. ئەویش لێهاتوویی دایکی ڕووناک خان بوو وەک پێشبینییەک بۆ ئەوەی ئەگەر شەو چووینە دەرەوە دەنگی دەرگا کردنەوە و دەرگا داخستن نەیەت. من دواتر کە بیرم لە هۆی ئەو دەرگا دانەخستنە ئەکردەوە کە بووە هۆی نەجاتبوونمان لە مردنی مسۆگەر، بیرکردنەوەکەم ئەچووە سەر ئەوەی کە هەندێ جار ڕێکەوت چەند جوانە وەختێ ئەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ژیان و چەندیش ناشیرینە کە ئەبێتە هۆی مەرگ. من تا دەهات وەزعم زیاتر تێک ئەچوو، خوێنم کەمتر لێئەڕۆیی بەڵام ئاوم زیاتر لەلەش ئەهاتە دەرەوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە سووتابوون، دەموچاوم ئاوسان و تینوویەتی و برسێتیش فشاریان بۆ هێنابووم. کە لە ژوورەوە بووین، ئیتر هیچ گومانێکمان نەما لەوەی کە سوپای ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، لەناو شارن و تەنانەت گوێمان لە قسەکردن بەزمانی عەرەبیش بوو. من نازانم ئەو شەوە ئەو خەڵکەی لەو ماڵەیا بوو، چەند ئەترسان و چ هیوایەکیان بە ژیان مابوو، بەڵام من خۆم لەچاوەڕوانی گرتن و کوشتندا بووم. هەموو دڵمان لە ناو

مستمان بوو کە ئاخۆ چ چرکەیەک دەرگای حەوشە ئەشکێنن و دێنە ژوورەوە و ئەبینە خۆراکی مەرگ. من دڵنیام خوێنەری هێژا کاتێ ئەم دێرانەی من ئەخوێنێتەوە، هەستێک لە ناخیا پێی ئەڵێ مەشخەڵ بە چرکەساتی سەختدا تێپەڕیوە. ئەوە ڕاستە بەو چرکەساتانەدا تێپەڕیوم کە هیچ وشەیەک لە زمانی کوردیدا ناتوانێ پڕ بەپێستی ئەو هەستە بێت کە مرۆڤێک لە چاوەڕوانی مەرگێکی ئانوسات دایە. پراکتیک کردنی ئەو ترسە کە هیوادارم هیچ مرۆڤێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە دووچاری نەبێت، هێندە تاڵە کە زۆربەی جار مرۆڤ چەند بە هێزیش بێت، ئەیڕوخێنێت. هەرجۆرێک بێ، ئێمە لە ژوورەوە بووین و کاتیش زۆر لەسەرخۆ ئەڕۆیشت.
ئەو ئێوارەیە کەس هیچی نەخوارد، نە چا، نە جگەرە، نە نان، نە ئاو. هەموو لە ژوورەوە مەرگ ئەیخوێندینەوە. ئێستا ئیتر دونیا تەواو تاریک ببوو. هاتوچۆی سەربازانی سوپای عێراقی داگیرکەر لە کۆڵانەکەدا بە جوانی هەستی پێئەکرا، جا بۆ ئەوەی نەزانرێ ئێمە لە ژوورەوەین، جووڵەمان لەخۆمان بڕیبوو. خۆشبەختانە، ئەو شەوە ئەو منداڵە ساوایەی لە باوەشی ژنە جاحێڵەکە بوو، تا سبەینێ دەنگی لێوە نەهات. دیار بوو لەخەوێکی زۆر قوڵدا خەونی بە گەورەیی و ئازادی و ژیانێکی جوانەوە ئەبینی. ئەگەر ئەو منداڵە، لە ژیاندا بێت ئەوا ئێستا تەمەنی سی بەهارە. ئێمە بەچرپەوە لەگەڵ یەکتر ئەدواین. من لەبەر ئەوەی زۆر دڵنیا بووم کە دێنە ئەو ماڵە و ئەگیرێم و ئەشکوژرێم، ناوونیشانی خۆم هەڵدا و گوتم ناوم عەبدوڵا سلێمانە، خەڵکی شاری کەرکووکم و ماڵم لە خانووەکانی کارگەی نەسیجە و ماڵومنداڵم هەیە و تکایە ئەگەر گیرام یان کوژرام خەبەری من بگەێنن بە ماڵەوەم و بە ناوی منەوە، پێشیان بڵێن کە سوپاستان بکەن لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی ئێوەدا. دایکی ڕووناک خان ئەیگوت نەبەخوا کەسمان بەسەلامەتی دەرناچین. هەموومان تیا ئەچین. پیاوە پیرەکەش ئەیگوت "خوا کەریمە و هەر لەخوا ئەپاڕایەوە". شەو ڕادەشکا و دەنگی بە پێلەقە کوتانی دەرگاکان دڵی هەموومانی داخورپاند. لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان دەنگی

دەستڕێژی گوللە ئەهات و فیزاحی ژن و منداڵ ئەهاتە گوێ. وام لە مێشکی خۆم لێکدایەوە کە ژنەکە و منداڵەکانیان کوشت و هاڕەی گوللە و دەنگی شکانی شووشە و جامخانە و ئاوێنەی کەنتۆر تێکەڵی یەکتر ببوون. نزیکەی پێنج خولەک دواتر دیسانەوە دەنگی دەرگا و دەستڕێژو گوللە و هاڕەی شکانی شووشە تێکەڵ یەکتر بوون و فیزاحی ژن و منداڵ بەرز بۆوە و ئینجا بۆ هەمیشە خامۆش بوون. ئیتر کە بۆ دووەمجار ئەو دەنگانەمان بیست، گومانمان لەوە نەما کە سوپای دڕندەی بەعس، دەست ناپارێزێ و ئەوەی گیانلەبەر و زیندوو بێت ئەیکوژێ. لێرە بە دواوە ترسی ئێمە زیادی کرد و ئەمانگوت ئێستا نۆرەی ئێمەیە. ئەمانزانی لە هەر چرکەیەکدا بێت، دێنە ژوورەوە. بۆیە هەموو چوار پەلمان شکابوو. لەو مەڕە بەستەزمانە ئەچووین کە بە بینینی چەقۆی دەستی قەسابەکە چوار پەلی ئەشکێ. ئەوە بوو، لە چاوەڕوانی خەریک بوو دڵمان ئەتەقی. دایکی ڕووناک خان دۆشەکێکی پەڕۆی بۆ ڕاخستم و سەرینێکی کوردیشی بۆ هێنام. هەموو نیو کاتژمێری نەبرد بەهۆی ئەو ئاوەی لە دەستەکانم و پێیەکانم و دەموچاوم ئەهات سەرینەکە تەڕ تەڕ بوو. من پێشتر برینی سووتانم نەبینیبوو. بۆیە نەمئەزانی ئەم هەموو ئاوە چییە لە لەشمەوە دێتە دەرەوە و تینوێتیشم تا دەهات تەنگی پێ هەڵئەچینم. لەوەش سەیرتر هەستم ئەکرد چاوەکانم کز ئەبن بێ ئەوەی بزانم بۆ. توانای جووڵەشم کەم بووبۆوە و لە سەر دۆشەکە پەڕۆکە، درێژ ببووم. سەعات بەرەو هەشت و نۆی ئێوارە ئەڕۆیی. برسێتی و تینوێتی کاری خۆیان لێکردبووم. ئەوانی تریش بە هەمان ئەندازەی من برسی و تینوو بوون. بەڵام بە حوکمی ئەو هەموو ئاوە زۆرەی لەبەرم ئەڕۆیشت، من زیاتر لە فەلاکەت بووم. بۆ جاری سێیەم دەنگی کوتانی دەرگا و دەستڕێژ و دەنگی هاڕەی هاتنە خوارەوە و شکانی شووشە، دڵی ڕاچڵەکاندین. ئینجا ئەو پرسیارەمان لا دروست بوو. ئەوە چۆنە ئەو ماڵانەی تر ماونەتەوە و چۆنە نەچوونەتە دەرەوەی شار؟ تۆ بڵێی ئەوانیش وەکو ئێمە گیریان خواردبێ؟ ئێمە وامان ئەزانی تاقە ماڵین ماوین و نەڕۆیشتووین. بەڵام وا نەبوو. دەرکەوت هەر

لەو کۆڵانەی گەڕەکی تەیراوە چەند ماڵێکی تریش ماون. تێگەیشتن لە دەرەوە "ماڵ و کۆڵان و شار" لە گۆشەنیگای ژوورێکی قەرەباڵغ و تاریکەوە، زۆر ئەستەمە. ئاخر زۆر سەختە مرۆڤ لەو بارودۆخە دژوارەدا بژێت و ئاسۆی بیرکردنەوەشی ڕەش نەبێت. بۆیە هەموو بەناچاری خۆمان بەچارەنووس سپارد، ئەگەر چارەنووس وشەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەو بارودۆخە. ئێمە هەموو لە بەردەم چاوەڕوانییەکی ڕەشدا بووین، داهاتوویەکی تاریکی ڕەشمان لە بەردەمدا بوو. بێیەوەی بتوانین هیچ بکەین و هیچ بڵێین. لە هەمان کاتیشدا، ترسێکی تریشم هەبوو لەوەی کە ئەگەر بگیرێم بمبەنەوە بۆ ماڵەکەی خۆم و بیپشکنن، ئەوا کتێبخانەکەم پڕ بوو لە قاچاخ (دیارە قاچاخ بە دید و بۆچوونی بەعس ). من ئەو کات ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و هەروەها ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستم لا بوو. ئەمە بێجگە لەوەی ماڵەکە قۆنداغە تفەنگ، مەخزەنی بەتاڵ، شتی تریشی لێبوو. کلیلی دەرگای کتێبخانەکەشم پێبوو و لەگیرفانمدا بوو. لەگەڵ چل دینار و پێناسەکەم (هوية الاحوال المدنية). چاوەڕوانی تا دەهات زیاتر ئێمەی لەگەڵ خۆی ڕائەپێچایە بەردەم بیرکردنەوەی بێئومێدتر. من تینوێتی لە پەلوپۆی خستبووم. لەناکاو زرمە لە دەرگای حەوشەی ئەو ماڵەی لێیبووین هەڵسا. هەموو تۆقین. دەرگاکەیان شکاند هاتنە ژوورەوە. من پێموایە ئەوەی هاتە ژوورەوە، یەک کەس بوو. هاتە حەوشە و لەسەرەخۆ ئەهاتە پێشەوە و هاواری ئەکرد"اهل البيت منو موجود. منو موجود بالبيت؟ "ئێمەش نقەمان لەخۆمان بڕیبوو. هاتە هەیوانەکە و تەنانەت بەخشپەی پێی هەستمان کرد، هاتە تەنیشت دەرگاکەوە. ئێمەش بەو پێیەی دەنگمان لێوە نەئەهات و ژوورەکەش تاریک بوو و دەرگاکەش دانەخرابوون، سەربازەکە گەڕایەوە و چووە دەرەوە. من دواتر لێکدانەوەم بۆ هەڵوێستی ئەو شەوەی ئەو سەربازە ئەوە بوو کە ترسا دەرگاکە بخاتە سەر پشت لەوەی نەوەک کەسانێکی چەکدار لەو ژوورە بن و بیکوژن. بۆیە ڕۆیشتە دەرەوە. ئەمە ئەزموونێک و تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو. تاقیکردنەوەیەک کە ژیانی هەمووان

لەسەر دەنگێک، نووزەیەک، کۆخەیەک وەستابوو. بە چوونە دەرەوەی سەربازەکە، ئاهێکمان هاتەوە بەر. بەڵام ئەمە کۆتایی ترس نەبوو، چونکە دەنگی تەقە و گیزەی گوللە بەردەوام دەهات. شەو تا دەهات زیاتر ڕادەکشا و ئێمەش بێئەوەی خەو بچێتە چاومان، لەچاوەڕوانی کارەساتێکدا بووین. لەگەڵ ئەوەشدا من تا دەهات تینوێتی زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنیم. هەستیشم ئەکرد خولەک لە دوای خولەک، بێ هێزتر ئەبووم و تەنانەت نەمئەتوانی خۆم بەدانیشتنەوە بگرم. لەسەر پشت لەسەر دۆشەکە لۆکەکە درێژ بووبووم. ئەگەر کەسەکانی تر، ئەوانەی لەگەڵ من لە ژوورەکەدا بوون تەنها ترس ئۆقرەی لێبڕیبوون، ئەوا من ترس و ئازارێکی لە ڕادەبەدەر هەناسەی پێ تەنگ کردبووم. ئازاری سووتان، ئازارێکی بێئەندازە تیژ و توندە کەپەسنکردنی ئاسان نییە. من لەو ژوورە و لەو بارودۆخە ئەبوایە، نقەم لێوە نەهاتایە و تا کار گەیشتە ئەوەی لە تینووانا خەریک بوو ئەخنکام. داوای ئاوم کرد بەڵام ئاو لە ژوورەکە نەبوو و کەسیش جورئەتی ئەوەی نەئەکرد بەو شەوە بچێتە دەرەوە و ژیانی خۆی و ئێمەش بخاتە مەترسییەوە. ئیتر وەڵامی ئەوان ئەوە بوو کە ئاومان لا نییە و بۆڕی ئاو و تەنکی ئاوەکە کەوتبوونە نزیک دەرگای حەوشەوە. منیش بە ناچاری بێدەنگ بووم و دیسانەوە لە چاوەڕوانیدا هەموو بەبێدەنگی لەسیمای تۆقیوی یەکترمان ئەڕوانی و هەر بە چاو لەگەڵ یەکتر ئەدواین و سکاڵامان بۆ یەکتر ئەکرد. بەڵام ئەم سکاڵا کردنەش لە خولەکێک زیاتری نەدەخایاند و دەچووینەوە نێو ئەو بێهیواییەی کە باڵی کێشابوو بەسەرماندا. سەیر لەوەدابوو ئەو شەوە نە دەنگی وەڕینی سەگ ئەهات، نە زەڕینی کەر دەبیسترا، نە پشیلەش دەیمیاواند. ئەتگوت لە شارێکداین زیندەوەری تێدا نییە. بێجگە لە فڕوهۆڕی سەیارە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس هیچی تر نەئەبیسترا. کاتژمێر لە دوانزەی شەو تێپەڕی و ئیتر هەموو ئومێدمان بە سبەینێوە گرێدا چونکە لە دوای سەعات دوانزەی شەوەوە، تەنها تەقە و جاربەجار دەنگی تەقینەوەیەکیش لە دوورەوە ئەهات کە لە دەنگی خومپارە ئەچوو. ئیتر هیچی ترمان نەئەبیست. هەرچی منیش بووم سەعات لە

دوای سەعات شەکەتتر ئەبووم و ئازارم زیاتر ئەبوو و تینوویێتیش تا دەهات زیاتر بڕستی لێئەبڕیم. دایکی ڕووناک کە ژنێکی ژیر و بەڕێز بوو پێی گوتم، لەسەر ئەو دۆشەکە پشووبدە و ئەگەر میزت هات یان هەرچییەکی تر، گوێی مەدەرێ و ئێمە دوایی دۆشەکەکە چارەسەر ئەکەین. دیسانەوە کەوتمەوە داواکردنی ئاو. ئەو بالیفەی لە ژێر دەستیان دانابووم، تەڕ بوو و لایان برد و سەرینێکی تریان بۆ هێنام. ئەم ئاو لێ ڕۆیشتنە وشکی کردبوومەوە، بۆیە تکام لێیان کرد کە تۆزێ ئاوم بدەنێ و پێمگوتن وا لە تینووانا ئەخنکێم. ئەوانیش بەهەمان ڕیتمی جاری پێشوو، لەپێناو سەلامەتی هەموو لایەک، داواکەیان ڕەت کردمەوە و داواشیان لێکردم کە دان بەخۆمدا بگرم و هەر چەند سەعاتێکی ترە ڕۆژ هەڵدێ و ئەوسا تێر ئاو ئەخۆیتەوە. بەڵام من هێندەم بڕست لێبڕابوو، کە نەمئەتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو تینوێتییە بگرم و تکام لێکردن کە ئەگەر میزیان هەیە بمدەنێ تا بیخۆمەوە! چونکە وا ئەمرم. لێرەدا هەستیان کرد دۆخم زۆر خراپە. هەموو غەمبار بوون. لە ناکاو یەکێک لە کچەکان لە یادم نەماوە نازانم سۆیلە خان بوو یان ڕووناک خان، گوتی من ئەڕۆم ئاوی بۆ دێنم. گوتیان ئەوە شێت بووی یان خوا ئەجەلی هێناوی؟ دانیشە و ئێمەش تووشی گرفتاری مەکە. ئێستا بزانن ئێمە لە ژوورەوەین، دێن هەموومان ئەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە. هەرچی کچەکە بوو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە بچێ ئاو بێنێ و گوتی "بە هێواشی ئەڕۆم و لەسەر سک ئەخشێم بۆ ئەوەی کەس هەستم پێنەکات." هەرچۆنێک بوو، ئەو کچە لە درزی دەرگاکەی ژوورەوەوە چووە دەرێ و ئێمەش هەموو دڵمان لە ناو مستمان بوو. نازانم بە تەواوەتی چەندی پێچوو، کە گەڕایەوە مەسینەیەک پڕ لە ئاوی هێنا. هەر کە لوولەی مەسینەکەیان گەیاندە دەمم و ئاوم خواردەوە یەکسەر بەلادا هاتم و ئاگام لە دونیا نەما. ئەم بوورانەوە و لە هۆش خۆچوونە نازانم چەندی خایاند ،بەڵام کە بەئاگا هاتمەوە و ویستم چاو بکەمەوە، نەمتوانی. گوتم ئەوە چییە کوێر بوومە. چاوم نابینێ. گوتیان هیچ نییە و خوا ڕەحمت پێبکات، تۆ ئارام بە جارێ با بزانین تا بەیانی نەبێتەوە هیچ

نازانین. ئیتر خەمی کوێربوونیشمی هات بەسەردا. من لەو ساتانەدا کەوتمە بیرکردنەوە لە ڕابردوو، لە ژیانی ئازادی، لە ڕووخانی بەعس و گەڕانەوەی بەعس و منداڵەکانم و هاوڕێکانم و کەسوکارم و هەروەها بیرکردنەوە لە شوراکان و شورای نەسیج و لە پێکەنینی خەڵک و دلخۆشی جەماوەر و زۆر شتی تر. لە وتوێژی نێوان دایکی ڕووناک و مامۆستا کەژاڵ حاڵی بووم کە سەعات دەوروبەری پێنجی بەیانییە. دایکی ڕووناک گوتی من بە ئاسپایی ئەچمە دەرەوە بزانم هەواڵ چییە. ئەوە بوو ڕۆیی و دەرگای حەوشەی ترازاندبوو، یەکسەر سەربازانی گاردی کۆماریی پێیان گوتبوو ماڵتان تەفتیش کراوە؟ ئەویش گوتبووی بەڵێ. ئیتر پێیان گوتبوو دەباشە پەڕۆیەکی سپی لە دەرگاکە ببەستە و بڕۆ ژوورەوە.

دایکی ڕووناکیش فۆتەکە سپییەکەی[٤٥] لە سەری دەکاتەوە و لە دەرگاکەی ئەپێچی و ئەگەڕێتەوە ژوورەوە ودەسبەجێ ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندین. لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە، ئاهێکمان بەدڵدا هات. بەڵام ترسیش هەر بەردەوام بوو. من بۆ خۆم تروسکەیەک ڕووناکیم بە دڵدا هات، بەڵام چاوەکانم تروسکاییان تێدا نەمابوو. دیسانەوە کەوتینەوە چاوەڕوانی. پاش ماوەیەک چووە دەرەوە و هاتەوە ژوورەوە و لەگەڵ کچەکانی و کەژاڵی خوشکی کەوتنە قسەکردن. بە گوێرەی قسەکانیان دەرکەوت کە سەعات بەرەو حەوتی بەیانی ئەڕوات و دونیا تەواو ڕووناک بۆتەوە و لە کۆڵان خەڵکیان بینیوە. منیش هێڵێکی ڕووناکیم لەچاوەکانمەوە دەبینی و دوای ماوەیەک ئەو هێڵە ڕووناکییە گەورەتر بوو و هەستم کرد چاوەکانم وا ئەکرێنەوە. دوای کرانەوەی چاوەکانم، زۆرم بۆ خۆم هێنا و بەهەر شێوەیەک بوو هەستامە سەرپێ و لەو ئاوێنەیەم ڕوانی کە لە ژوورەکەی ماڵی دایکی ڕووناک بە دیوارەوە هەڵواسرابوو. ئەی خوا چی ببینم. سەر و دەموچاوی خۆم بینی بێئەوەی خۆم بناسمەوە. کەللەسەرم هێندە

[٤٥] فۆتە، پارچە قوماشێکی سپی تەنکە لە ژنان وەکو سەرپۆش دەیدەن بەسەردا.

ئەستوور ببوو بە ڕادەیەکی وا کە خەریک بوو ئەتاسام. بە هێواشی دانیشتمەوە. زۆر غەمبارانە کەوتمە نێو لێکدانەوە و خەیاڵاتەوە، مامۆستا کەژاڵ گوتی کاک عەبدوڵا، گوێی مەدەرێ ئینشاڵڵا چاک ئەبیتەوە و سەرت بۆیە ئاوساوە، هی سووتانەکەیە. ئێ خۆ منیش هیچ چارەیەکی ترم نەبوو جگە لەوەی چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم بارودۆخەکەبەرەوکوێ ئەڕوا. ئەمجارە باش لە یادم نییە سۆیلەخان بوو یان دایکی بوو کە ئەچێتە حەوشە و لەوێشوە دەرگای حەوشە ئەترازێنێ، دراوسێیەکی خۆیان ئەبینێت و پێی ئەڵێ کە حکومەت لێبووردنی دەرکردووە و ئیتر کەس ناگرن. ئەم هەواڵە خۆشە فێنکایی خستە دڵ و دەروونمان. بەڵام بۆ من مەسەلەکە کە لە دیدگایەکی ترەوە بۆم ئەڕوانی، بەو جۆرە نەبوو. من لام ڕوون بوو حکومەت لەو ڕۆژەدا بڕیاری لێبوردنەکەی لەبەرچاوی کاڵی خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من متمانەم نە بەڕژێم و نە بە بڕیارەکانی بوو. هەوڵیشم ئەدا سوودی لێببینم. بەبیستنی ئەم هەواڵە هاوکێشەی ژیانمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەمجا لەبری ئەوەی چاوەڕوانی مردنی حەتمی بکەین، ئومێدمان بە ژیان پەیدا کرد و لە هەوڵی ئەوە دابووین لەپێناو مانەوە و ژیان ململانێیەکی توند بکەین. ئەو کوڕە گەنجە خاوەن پیداویستییە تایبەتەی کەبەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە، هەر دوای بیستنی ئەو هەواڵەی لێبوردنی گشتییە، بڕیاریدا ئەو ماڵە جێبهێڵێ و بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان لە گەڕەکی (حەی عومال). منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و تکا و داوام لێکرد، مادام ئەڕواتەوە بۆ گەڕەکی حەی عومال ناوونیشانی یەک دوو ماڵی خزمم بۆ هەڵدا لەدۆخی من ئاگاداریان بکا. کوڕەگەنجە کە یەکێک لە خزمەکانمی ئەناسی، بەڵێنی پێدام کە ئەچێت بۆ ماڵی ئەو خزمەم و ئەگەر لەماڵ بن، هەواڵی منیان پێئەدا. ئەوە بوو کوڕە گەنجەکە ماڵئاوایی کرد و ڕۆیی.

دوابەدوای ئەویش هەریەک لە پیرەمێردەکە و ئافرەتە گەنجەکەی دایکی منداڵە ساواکە ڕۆیشتن. جا تەنیا من و دایکی ڕووناک و سۆیلەخان و ڕووناک خان و مامۆستا کەژاڵ ماینەوە. ئەو سبەینێیە چایان لێنا و دوو پاروو نانم خوارد.

ناشمەویٚ ئەوەم لەیاد بچێت کە ئەمزانی ئاوێکی زۆرم لەلەش دەرچووە، بۆیە ئاوم زۆر ئەخواردەوە بۆ ئەوەی بتوانم هاوسەنگی ڕێژەی ئاوی لەشم ڕابگرم. دایکی ڕووناک، ئەوەندە کۆمەکی کردم کە ئەگەر خوشکی خۆشم بوایە هەر ئەوەندەی بۆئەنجام ئەدام. دایکی ڕووناک پێیگوتم "کاک عەبدوڵا من وەک خوشکێکت ئامادەم چای بکەم بەدەمتا، خواردنت بۆ ئامادە ئەکەم و پاروو پاروو ئەیکەم بە دەمتەوە، جگەرەت بۆ دائەگیرسێنم و هەر پێویستییەکی ترت هەبێ بەسەرچاو تەنها و تەنها لە مەسەلەی دەست بە ئاو گەیاندن داوای لێبووردنت لێئەکەم ئەوەش نا شەرعییەو بۆ من ڕەوا نییە. بەڵام گرنگ نییە دۆشەکەکان پیس بکە و ئێمە ئەیانگۆڕین و پاکیان ئەکەینەوە. ئەم هەڵوێستە مرۆڤانەیەم هەرگیز لە یاد ناچێت و هەزار سڵاو لەو هەڵوێستە مرۆییەت ئەی دایکی ڕووناک، ئەی ئینسانە بەرز و مەزنەکە. بەهەرحاڵ کات وردە وردە تێئەپەڕی و بڕیاریان دا لە چێشتخانەی خانووەکەیان کە ژوورێکی بچووک بوو لای خوارەوەی حەوشەکە جێگایەکم بۆ چاک بکەن. ئەوە بوو دەمەو نیوەڕۆ، منیان گواستەوە ئەوشوێنە. گواستنەوەی من بۆ ئەوجێگایە ئەو سوودەی هەبوو، ئەوان کە هەموو ئافرەت بوون ئیتر ئەیانتوانی بەئاسوودەیی پشووبدەن و هەمیش دەیانتوانی بێئەوەی من ببیندرێم لە هەر کەسێک پێشوازی بکەن. دایکی ڕووناک بۆ نیوەڕۆ، شۆربایەکی دروست کرد و قاپێک لەو شۆربایەی بۆ هێنام و پێیدام کە بووە هۆی بووژاندنەوەم. بۆ دوای نیوەڕۆ، مامۆستا کەژاڵ بەحوکمی ئەوەی دەورەی فریاکەوتنی سەرەتایی (ئیسعافات ئەوەلیە)ی بینیبوو، لە تیمارکردنی برین هەندێک شارەزایی هەبوو. بۆیە کەوتە تیماکردنی برینەکەی پێم. سەرەتا بە ئاوی شلەتێن پاکی کردەوە و ئینجا نازانم سپرتۆ بوو یان چیتر بوو لێیدا و بە لەفاف بۆی پێچام. مامۆستا کەژاڵ چووە دەرەوە و منیش زۆر ماندوو بووم و حەزم ئەکرد سەرخەوێک بشکێنم. هەرچەندم کرد و کۆشام لەبەر ئازاری زۆری لەشم و دەستەکانم، نەمتوانی چاو گەرم بکەم. دەمەو عەسر بوو، دایکی ڕووناک و سۆیلە و ڕووناک و مامۆستا کەژاڵ لە هەیوانەکە دانیشتبوون و منیش لەسەر

جێگا تازەکەم لە چێشتخانەکە لە سەر تەنیشت ڕاکشابووم و لەو خێزانە دەستکورت و پاک و مرۆڤدۆستەم ئەڕوانی، لە ناکاودا بینیم هەر چواریان بەپەشۆکاوییەوە هەستانە سەر پێ و بەترسەوە بە زمانی عەرەبی فەرموویان کرد. ئەفسەرێکی حەرەس جمهوری هاتە ژوورەوە. ئەفسەرەکە گوتی (مەترسن..مەترسن..هیچ نییە. ئەوە بۆ شڵەژان؟) ئەفسەرەکە تەنیشتی لە دەرگای چێشتخانەکە و من بوو. ئەفسەرەکە دوو سێ کەسی تری لەگەڵ بوو و ئەوان لە ناو حەوشەکە ڕاوەستابوون. یەکێک لە کچەکان، سۆیلەخان بوو یان ڕووناک خان بوو بە ڕاکردن هاتە شوێنەکەی من و دەرگاکەی لە دیو ژوورەوە شیش دا (سوورگی دا). دوای ماوەیەک دایکی ڕووناک هات لە دەرگای دا و دەرگا کرایەوە. دایکی ڕووناک گوتی : ئەفسەرەکە پێیگوتم ئێوارە دێینەوە و خواردنمان بۆ دروست بکە. هەروەها پرسی بۆ ئەو کچە ڕایکردە ئەو غورفەیەوە. گوتی ئێمەش گوتمان ئێوارە خواردنتان بۆ دروست ئەکەین و خۆشحاڵ ئەبین بێن لەگەڵمان نان بخۆن و ئەو کچەش بۆیە چووە مەتبەخەکە، چونکە ترسا. ئەفسەرەکەش ئەڵێ"نا..نا.. لێمان مەترسێن. ئێمە دەستتان لێنادەین". ئەفسەرەکە و سەربازەکان ئەڕۆن گوایە ئێوارە دێنەوە بۆ نانخواردن. دایکی ڕووناک ترسی ئەوەی لێنیشت ئەگەر ئێوارە بێنەوە چی بکەین و ئەگەر کاک عەبدوڵا ببینن لێرە چیمان لێئەکەن؟ ئەم هاتنەی ئەو ئەفسەر و سەربازانە دووبارە ئاو و هەوای ماڵی دایکی ڕووناک خان و منی شڵەژاند. بۆیە بڕیاریان دا خواردنێکی سادە لێبنێن و پێیان بڵێن کە دەستیان کورتە و بێ دەرامەتن لەوە زیاتریان بۆ ناکرێ. هەورەها دەرگای چێشتخانەکەش بگرن و تا بکرێ نەهێڵن من ببیندرێم. بۆ ئێوارێ بەپێی ئەو نەخشەی دامان نابوو دەرگای چێشتخانەکەیان گرت و خواردنێکی هاکەزاییان لێنا. چاوەڕوان بوون ئاخۆ کەی ئەفسەر و سەربازەکان دێن بۆ نان خواردن. نوێژی شێوان تێپەڕی و جەنابی ئەفسەر و سەربازەکان دیار نەبوون. بووە عیشا و هەر دیار نەبوون. دوای عیشاش هەر دەرنەکەوتن. ئیتر دایکی ڕووناک هات هەندێ خواردنی پێدام و ئاوی لە تەنیشت دانام و

جگەرەیەکی بۆ داگیرساندم و ئەوسا ماڵی دایکی ڕووناک خان چوون بنوون و پێیان گوتم کە هەر چییەکم ویست بانگی دایکی ڕووناک خان بکەم. ئەو شەوە هەرچۆنێک بوو، درەنگانێ سەعاتێ یان دوو سەعات نووستم. بەیانییەکەی زوو بەخەبەر هاتم. دایکی ڕووناک بۆ نوێژکردن هەستا و هاتە لام و پرسی هیچم ناوێ. منیش داوای ئاوم کرد و ئەویش ئاوەکەی کرد بە دەممدا و جگەرەیەکیشی بۆ داگیرساندم و ئەوسا ڕۆیی بەلای کاری خۆیەوە. بۆ ڕۆژی دووی نیسانی ١٩٩١ کە دونیا ڕووناک بۆوە، ماڵی دایکی ڕووناک، لەخەو هەستان و چوونە دەرەوە تا بزانن چییە، تەماشایان کرد دوو سێ ماڵ لە گەڕەکەکەیان گەڕاونەتەوە و نیمچە ئاوەدانییەک پەیدا بۆتەوە. هەواڵیان هێنا گوتیان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە لای هاوینەهەواری سەلاحەدین، شەڕێکی قورس ڕوویداوە. ئەم جموجۆڵەی گەڕەک بووە مایەی بەهێزبوونی هیوا بە ژیان. بەڵام هێشتا چارەنووسی من نەئەزانرا بە کوێ ئەگات. خۆزگەم ئەخواست منیش هەر یەکەم ڕۆژ یان زووتر دەربچووومایە و ئێستا لە دەرەوەی شار بوومایە. بەڵام خۆزگە جگە لەخەم و ژانی زیاتر چی ئەگەێنی. بۆ نیوەڕۆکەی هەندێک نانمان خوارد و ئینجا مامۆستا کەژاڵ هات و کەوتەوە تیمارکردنی برینەکانی پێم. ئەوە لەفافە کۆنەکانی لێکردەوە و مەڵهەمی لێدا و لەفافی سپی تازەی لێ بەست و کە قاچی چەپم تەواو بوو، ویستی تیماری قاچی ڕاستم بکات، لە دەرگا درا. دایکی ڕووناک هات و پێیڕاگەیاندم خزمێکتان هاتووە و ئەیەوێ بتباتەوە بۆ ماڵی خۆیان. کاتێکم زانی ئەو خزمەم حاجی وەلی ئامۆزازامە هاتووە بە سۆراخمەوە بۆ ئەوەی بمباتەوە بۆ ماڵەوە. لێم پرسی حاجی چۆن زانیت لێرەم، لە وەڵامەکەیا بۆم دەرکەوت ئەو کوڕە گەنجە کە دوێنێ بە جێی هێشتین، خەبەری دابووپێی و ناوونیشانی ئەو ماڵەی هەڵدابوو بۆی کە منی لێم. حاجی وەلی تەمەن دەوروبەری شەست ساڵ بەتراکتۆرێک و عەرەبانەیەک گەیشتە لام و داوای بە تانییەکی کرد لە ماڵی دایکی ڕووناک خان و ئەوانیش بەتانییەکیان پێدان و دوای ئەوەی من و حاجی وەلی زۆر سوپاسیانمان کرد، ماڵەکەمان بە جێهێشت.

بەتانییەکەیان لە ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکە داخست من لەسەر پشت درێژ بووم. تراکتۆرەکە هی باوک و کوڕێک بوون کە تەمەنیان لە دەوروبەری پەنجا ساڵ و حەفتا ساڵ ئەبوو کە تەنها بۆ یارمەتیدانی من و لەبەرخاتر و تکای حاجی وەلی لەگەڵیا هاتبوون. هەر پێنج خولەکێک دوای بەجێهێشتنی ماڵی دایکی ڕووناک، تراکتۆرەکە لە ناکاو وەستا و داوای ناسنامەیان لە سایەقەکە و حاجی وەلی و کوڕی سایەقەکە کرد. وەختێ تەماشای ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەیان کرد، سەربازەکە هاواری کرد "ئەوە برینداریکە... ئەوە پێشمەرگەیەکە... ها ئەو پێشمەرگەیە بۆ کوێ ئەبەن؟" منیش گوتم پێشمەرگە نیم. ئەوە بوو حاجی وەلی و باوکە و کوڕەکەیان خستە عەرەبانەکە و لەلای منیان دانان و سەربازێک هاتە دیارمان وەستا و میلی چەکەکەی ڕاکێشایەوە و سەربازێکی تریش کەوتە لێخوڕینی تراکتۆرەکە و یەک دوو سەربازی تریش لە سەر تایەی تراکتۆرەکە دانیشتن و بەسەر شەقامی شەست مەتریدا لێیان خوڕی بەرەو باڵەخانەی (حوسێن سورچێ) کە لەو ڕۆژانە کرابووە دائیرەی ئەمن و دادگای عەسکەری. کاتێک گەیشتینە بەردەرگای دائیرەی ئەمن، لە سەربازەکانیان پرسی ئەمە چییە هێناوتانە؟

وەڵامیان دایەوە "پێشمەرگەمان گرتووە".

ئەوانیش گوتیان "هەی ئافەرین، دەستتان خۆش بێ"

منیش گوتم "من پێشمەرگە نیم"

پرسیان "ئەی بۆ وات بەسەر هاتووە؟"

گوتم : پریشکی ئاگرم بەرکەوت و سووتام"

ئەوە بوو ئێمەیان بردە ناو دائیرەی ئەمن و بەرەو ژێرزەمینێکیان بردین تاریک، سارد، نەدۆشەک، نە پەنجەرە، نە ڕووناکی نە گەرمایی و نە خواردن و نەهیچ. کە ئێمەیان بردە ژێرزەمینەکەوە، تەنها چوار پێنج کەسی تێدا بوو. لەو ژێرزەمینەدا بۆم دەرکەوت ئەوانەی لەوێ گیراون هەموو یان بەچەکەوە گیراون یان کەلوپەلێ سەربازییان پێگیراوە. بۆیە لام ڕوون بوو ئەمجارە قوتاربوونم

نییە. من لەوێدا خەریک بوو لە داخا ئەمردم، چونکە ئەمجارە سێ کەسی تر سەرباری کارچاکییان خەریکن بەهۆی منەوە تیا ئەچن. وردە وردە ژێرزەمینەکە قەرەباڵغ ئەبوو و نەفەریان لە هەر سووچ و لایەکەوە بگرتایە، ئەیانهێنان بۆ ئەوێ. لە ژێرزەمینەکەوە، جاربەجار دەنگی تەقەیەک یان دووان ئەبیسترا. من چیرۆکێکم لەخەیاڵی خۆم دانا و حاجی وەلیشم تێگەیاند کە ئەگەر پرسیاریان لێمان کرد قسەکانمان وەکو یەک بێ.

ئەو شەوە ژمارەی گیراوەکانی ئەو ژێرزەمینە، خۆی لەقەرەی شەست کەس ئەدا. من جارێکی تر سێبەری مەرگ هاتەوە بەر چاوم. بیرم ئەکردەوە، کارێک بکەم بە هەر شێوازێک بووە لەم مەینەتییە دەربچم. یەکەم شت کلیلەکانی کتێبخانەکەی ماڵەوەم کە پڕ بوو لە کتێب و بڵاوکراوە لەناو ژێرزەمینەکە فڕێ دایە گۆشەیەکی تاریکەوە. ئینجا بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەگەر وڕێنە بکەم و وا خۆم نیشان بدەم کە هۆشم لای خۆم نییە، لەوانەیە وازم لێبێنن و بەرەڵڵام بکەن. بۆیە هەندێ وڕێنەم کرد و لە وڕێنەکانیشما هەر ناوی کچ و کورەکەم ئەهێنا. ئەم وڕێنە کردنە سەعاتێکی زیاتر خایاند. من و هەموو ئەوانەی لەو ژێرزەمینە بووین، تینوێتی و برسییەتی فشاری زۆریان بۆ هێنابووین. یەکێ لە گیراوەکان بەرەفێکدا هەڵگژا کە هەندێ شروشیتاڵ و فەردەیەک نانەرەقی کەرواوی لێبوو. نانەرەقەکەیان داگرت و کەوتینە خرماندنی. من ئێستاش نازانم ئاخۆ دەبێ ماوەی چەند بووبێ ئەو نانەرەقە لەو ژێرزەمینە بووبێ؟ ئەو نانە رەقە هەندێک برسێتی رەواندینەوە، بەڵام تا دەهات زیاتر تینوومان ئەبوو. بە تایبەتی من کە بەردەوام ئاوم لێئەرۆیی. من ئێستاش ئەو دیمەنەم دێتەوە بیر کە لە سەر زەوییە کۆنکریتەکە (چەمەنتۆکە) راکشابووم و حاجی وەلی لە تەنیشتمەوە بوو و لەبەر خۆیەوە ئەیگوت "ئای خودایە، من ویستم چاکە و خێر بکەم و تووشی چی بووم". منیش بەردەوام هەر داوای ئاوم ئەکرد. یەکێک لە سەربازە ئێشکگرەکان، هاتە خوارەوە و بە زمانی عەرەبی داوای ئاوم لێکرد. ئەوە بوو سەربازەکە چووە سەرەوە و مەنجەڵێ فافۆنی پر لە ئاوی هێنا،

گیراوەکان هەر کە بینیان پاسەوانەکە بە مەنجەڵێ ئاوەوە گەڕایەوە، هەموو بەرەو سەربازەکە ڕایان کرد بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە. بەڵام سەربازەکە بە تووڕەییەوە کەوتە جنێودان پێیان و فەرمانی پێدان کە بکشێنە دوواوە. ئەوە بوو هەموو پاشەوپاش کشانەوە و هات ئاوەکەی کرد بە دەممەوە تا تێرم خواردەوە و ئینجا بەلادا هاتم و ئاگام لەخۆم نەما. من بە چاکی نازانم چەند بێئاگا بووم و بوورامەوە، بەڵام وەختێ لە دەنگی هاواری لێدانی دوو کەس بە ئاگا هاتمەوە کە بۆ ژێر زەمینەکەیان هێنان. بۆ بەیانی ٣ ی نیسانی ١٩٩١ جارنەجار ئەهاتن و ناوێکیان ئەخوێندەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکە، چاوی کەسەکەیان ئەبەستەوە و دەستیشیان لەپشتەوە ئەبەستەوە و ئەیانبرد. دوای ماوەیەک یان دەیانهێنانەوە و لە سەر پلەکانەوە بە شەق و لێدان فڕێیان دەدانە خوارەوە، یانیش نەدەهاتەوە. پاش ماوەیەک لە بردنی ئەو کەسانەی کە نەدەهاتنەوە گوێمان لە دەستڕێژی گوللە ئەبوو، ئەمەش وای لێکردین کە وای لێکبدەینەوە کە لەوانەیە گوللەباران بکرێن. ناوخوێندنەوە بەردەوام بوو تا دوای نیوەڕۆ. دەوروبەری سەعات دوو بوو، ناوی منیان لەگەڵ حاجی وەلی و باوک و کوڕەکە خوێندەوە. من ئەوکات  چل دینارم پێبوو و هەر ئەوەندە پارەیەشم شک ئەبرد و بەخشیمە زیندانییەکان چونکە دڵنیا بووم لەوەی کە زەحمەتە بە سەلامەتی قوتار ببم. کە بردمانیان بۆ سەرەوە، چاویان بەستینەوە، بەڵام دەستی منیان لەدواوە نەبەستەوە چونکە هەردوو دەستم سووتا بوون و خوێن و ئاویان لێ ئەڕۆیی. لەگەڵ سەرکەوتنمان لە ترسی ئەوە نەکا بکەوم، دووسەرباز ژێر باڵمیان گرتبوو، چونکە نەمئەتوانی بەباشی بڕۆم بەڕێدا و ناچاریشیان کردبووم بەو پێیە بریندارانەمەوە بەو پلەکانەدا سەرکەوم. ئەوان بەزمانی عەرەبی پێیان ئەگوتم بەلای چەپ یان بەلای ڕاستدا ڕاست بڕۆم یان چی بکەم. ئەو ساتانە نەمانئەزانی بۆ کوێمان ئەبەن، بۆ ڕەمیکردن یان بۆ شوێنێکی تر بۆ زیندانی کردنمان، یان بۆ دادگایی کردن؟ لە هەمان کاتدا ئاگام لێنەبوو حاجی وەلی و باوک و کوڕەکەیان لێم جیا کردۆتەوە. پاش ئەوەی سێ چوار قات سەرکەوتین،

لە میانی پەڕۆکەی چاومەوە ڕووناکیم بینی. کاتێکیش سەربازەکان سڵاوی سەربازییان کرد، حاڵی بووم من لەبەردەم ئەفسەرێکی پلە بەرزدام. ئەفسەرە پلە بەرزەکە بەزمانی عەرەبی لێی پرسیم:

ناوت چییە؟

منیش ناوی خۆم پێگوت.

عەبدوڵا پرسیارێکت لێئەکەم ئەگەر ڕاستم وەڵام بدەیتەوە ئەوا ئەتنێرم بۆ خەستەخانە و چارەسەرت ئەکەین، بەڵام ئەگەر بە ڕاستیش وەڵامم نەدەیتەوە ئەوا گوللەبارانت ئەکەم.

- قوربان ئەگەر مەجالم بدەیت دابنیشم ئەوا بە ڕاستی هەموو شتێکت بۆ ئەگێڕمەوە.

باشە دابنیشە. پێمبڵێ بۆ وات بەسەر هاتووە؟

قوربان ئەو ڕۆژەی سوپا گەڕایەوە خەڵکی هەموو هەڵهاتن و شاریان چۆڵ کرد.ماڵومنداڵەکەی منیش لەو چۆڵ بوونەی شار ترسان و کەوتنە شوێنی ئەو خەڵکە. منیش تکام لێیان کرد کە نەڕۆن و ماڵ بەجێ نەهێڵن، چونکە سوپا یارمەتیمان ئەدات خۆ نامانکوژێت. ئەوە بوو کەوتمە دوایان تا بیانگێڕمەوە. لە دەوروبەری گەڕەکی شۆڕش بووە تەقە، منیش چوومە پاڵ بەرمیلێک کە لەپێش ماڵێک دانرابوو. نەمزانی بەرمیلەکە نەوتی تیایە. گوللەیەک بەر بەرمیلەکە کەوت و ئاگری گرت و منیش سووتام. ئینجا دەبابەکان هاتن و تیماریان کردم و یارمەتیان دام.

لە ڕۆژی یانزەی ئازاری ١٩٩١ لە کوێ بووی و چیت کرد؟

ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانییەکەی کە بووە تەقە، لەناو شار بووم و نەموێرا بێمە دەرەوە، چونکە ئەترسام شار گەمارۆ درابێ بە دوای سەربازی هەڵاتوودا بگەڕێن. منیش سەربازی هەڵاتوو بووم، تا دەمەو ئێوارە گوتیان تێکدەرەکان شاریان بەدەستەوەیە و ئەوسا منیش چوومە دەرەوە.

لەو ماوەیە لە ١١ تا ٣١ ی ئازاری ١٩٩١چەکت پێبووە؟

بەڵێ چەکم پێبووە.
چەکت لەکوێ پەیدا کرد؟
براکەم دوو کڵاشینکۆفی کڕیبوو بە دە دینار و دانەیەکی پێدام.
لەم کاتەیا یەکێک هات تەماشای سەر شانەکانی کردم تا بزانن شوێنی قایشی (چەک) سیلاحی پێوەیە یان نا.
ئەی بۆ سەربازی هەڵاتوو بوویت؟
من لە ڕاستیدا سەربازی هەڵاتوو نەبووم. من سەرباز بووم لە (جەهراء) لە کوەیت. کاتێ سەرۆکی فەرماندە فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی دەرکرد، ئێمەش کشاینەوە و گەڕاینەوە ناو عێراق و ئینجا مۆڵەتمان پێدرا تا بگەڕێینەوە ناو ماڵ و منداڵمان. دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەم، نەمتوانی بگەڕێمەوە و بە یەکەکەمەوە پەیوەندی بگرم. چونکە لە باشوور بارودۆخی شارەکان ئاڵۆز ببوون.
لە چ یەکەیەکی سەربازی بووی؟
(ناو و ژمارەی وەحدە و لیوا و یەکە سەربازییەکانی ئەو کاتم بەباشی ئەزانی چونکە لە ڕێکخستنەکانماندا بەردەوام مۆڵەتی سەربازیمان بۆ کادر و ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان دروست ئەکرد) بۆیە ناو و ژمارەی وەحدەکەم پێگوت.
هیچ کەسێکت بینی موڵکی دەوڵەت تێک بدات؟
نەخێر.
چۆن نەتبینی؟
چونکە لە ماڵەوە دەرنەئەچووم.
ئینجا دوای نووسینەوەی وتەکانم منیان بەرز کردەوە و بردمیانە دەرەوەی ژوورەکە و لە ڕاڕەوێک دایان نام. گوێم لێبوو بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی قسەیان ئەکرد. یەکێک لێی پرسیم.
ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟
گوتم بە ئاگری بەرمیلی نەوت سووتام.
درۆ ئەکەی بە ئاگری دەبابەکانمان وات لێهاتووە.

نا وا نییە. (لە ناکاوێکدا یەک شەقی زۆر بەهێز لە قەبرغەی چەپم درا و هەناسەی لێبڕیم. هەرئەوەندە گوتم ئای باوە ئیتر وەخت بوو ببورێمەوە. گوێم لێبوو سەربازەکان جنێویان پێ ئەدام)

یەکێک بەزمانی عەرەبی و بە دەنگێکی بەرز گوتی دوای سەعاتێکی تر گوللەبارانت دەکەین.

منیش لەبەر ئەوەی ئەزموونی ژێر زەمینەکەم هەبوو، ئەمزانی ئەوانەی نایانگەڕێننەوە بۆ ژێرزەمینەکە ئەوا گوللەباران ئەکرێن. ئەوەندەم زانی حاجی وەلیشیان هێناو لەتەنیشتمەوە دایاننا. پرسیم ها حاجی چی بوو؟ گوتی تازە تەواو گوللەبارانمان ئەکەن. حاجی لەبەر ئەوەی کەسێکی خواپەرست بوو، هەر دوعای ئەکرد و لەبەر ئەوەی خانەنشینی سەربازی بوو زمانی عەرەبی بە باشی ئەزانی. کە حاجی وەلی گوتی گوللەبارانمان ئەکەن، من چۆکم شکا. گوتم حاجی داوای لێبووردن ئەکەم و ئیتر هیچ قسەیەکی ترم نەکرد. دیسانەوە گوێم لێبوو گوتیان ئەمانە گوللەباران ئەکرێن. ئیتر هیچ گومانێکم نەما لەوەی کە دەرچوونمان نییە. حاجی هەرلەخوا ئەپاڕایەوە و دوعای ئەکرد. نیو سەعاتێکی نەبرد، باوک و کوڕەکەشیان هێناو لەتەنیشت منەوە دایان نان. ئەو باوک و کوڕە، هەر کە وشەی گوللەبارانیان بیست. ئەوانیش وەزعیان تێکچوو. باوکە، ئەیگوت (وەرە خوایە من ویستم پیاوەتی و خێر بکەم و ئەجرەکەشم گوللەبارانە. خوایە ڕەحممان پێبکەی بەسۆزی خۆت). ئەمجا ئێمەیان هەستان و لە ڕاڕەوەکەیان دوور خستینەوە و بەرەو ئەو پەنا دیوارەی کە شوێنی ڕەمیکردنمانە، بردیانین. سەرەتا قاتێک چووینە خوارەوە. دڵم خۆش بوو گوتم بەرەو ژێرزەمینەکە ئەمانبەنەوە. کە قاتێکی تریش هاتینە خوارەوە ئیتر زانیمان بەرەو ژێرزەمینەکەیە. ئەوسا لە بری ئەوەی دەرگای ژێرزەمینەکە بکەنەوە و فڕێمان بدەنە ژوورەوە، بەلایەکی تریاندا بردین. لێرەوە ترسەکەمان زیادی کرد و وەک دواتریش لەگەڵ حاجی وەلی قسەم کرد، ئەویش پێی وابوو کە ئەمە دوا قۆناغە و گولەبارانکردنەکەمان مسۆگەرە. بەڵام ڕێکەوت سەیرە و زۆر جار

مرۆڤ ئەوەی پێشبینی ئەکات، شتێکی تر دەرئەچێت. دوایی زانیمان ئەم هەموو باسکردنە کە گوللەبارانتان ئەکەین، گوللەبارانتان ئەکەین.) بەشێک بوو لەو جەنگە دەروونییە کە دژ بە ئێمە بەرپا کرابوو. بەڵێ لەبری ئەوەی لەپەنا دیوارەکە ڕامان بگرن و گوللەبارانمان بکەن، ئێمەیان لەسەر شەقامی شەست مەتری دانا و چاویان کردینەوە و دەستیان کردینەوە و بەڕەڵڵایان کردین و گوتیان بڕۆنەوە بۆماڵەوە. ئەو چرکەیە، نە چاوم بڕوایی ئەهات و نە گوێم متمانەی بەو وشانە هەبوو کە ئەیبیستن. باوک و کوڕەکە، داوای تراکتۆر و عەرەبانەکەیان کردەوە، نەیان دانەوە. حاجی وەلی داوای لەو ئەفسەرە کرد کە ئێمەی ئازاد کرد، یارمەتیمان بدات لە گەیاندنەوەی من بۆ ماڵەوە. ئەوە بوو لەو کاتەیا پیکابێکی تۆیۆتای سپی بەسەر شەقامی شەست مەتریدا تێئەپەڕی. ئەفسەرەکە، ڕایگرت و پێیگوت کە ئێمە بگەیێنێتە گەڕەکی حەی سەدام. شوفێری پیکابەکە کە برای سەرۆک جاشی ئەو کات وەهاب عەیشێ بوو، گوتی قوربان بەنزینم نییە. ئەفسەرەکە بە تووڕەییەوە پێی گوت (گەواد..بەنزینم نییە چییە. دەی بیگەیێنەوە بۆ گەڕەکی حەی سەدام.) شوفێرەکەش ملکەچانە گوتی بەسەرچاو قوربان. ئەوە بوو، ئێمە سواری ئەو پیکابە سپییە بووین و بەرەو ماڵ. بەڵام هێشتا نەگەیشتبووینەوە نزیک ماڵ، شوفێرەکە سەیارەکەی ڕاگرت و گوتی بەنزینم نییە و لەوە زیاتر ناڕۆم. حاجیش بە ناچار ئەو مەسافەیە لە کۆڵی خۆی نام و بەرەو ماڵی خۆی بردمیەوە. کە گەیشتینە ماڵەوە، وامان زانی تازە لە دایک بووینەتەوە. لە یەکێک لە ژوورەکان، ماڵی حاجی وەلی جێگایەکیان بۆ ڕاخستم و چێشتیان لێنا و چایان بۆ هێناین و جگەرەیان داینێ. ئیتر دڵنیاییم وردە وردە بۆ گەڕایەوە و هەستم کرد لەجێگایەکی ئەمیندام بە تایبەتیش کە کاک سەڵاحی کوڕی حاجی وەلی کە لە شارەکانی باشوور سەرباز بوو و گیری خواردبوو گەڕابۆوە. خەڵکیش پەیتا پەیتا ئەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و هەستت ئەکرد، شار وەختە جموجۆڵی تێبکەویتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای ڕژێمی بەعس لە گەڕەکەکان و جادەکان و ناو شار بوون و بەردەوام داوای ناسنامەیان

لەخەڵک ئەکرد و شەوانیش ئەبووە تەقە و هەندێ جاریش ئەیاندایە سەر ماڵەکاندا. بۆیە ئەو ترسە برێک نیگەرانی کردبووم. بۆیە زۆر سوودم لە کاک سەڵاح بینی چونکە ئەو جلی سەربازی ئەپۆشی و ئەیتوانی بە ئاسانی بچێتە ناو شار. کاک سەڵاحم نارد بۆ ماڵەکەی خۆم تا بزانی دەروجیران هاتوونەتەوە یان نا، هەروەها ماڵەکەم ماوە یان نا؟ ئەوە بوو کاک سەلاح کە گەڕایەوە گوتی هەندێ لە دراوسێکانت هاتوونەتەوە. ماڵەکەشت هەموو لەشوێنی خۆیەتی، تەنها جل و بەرگی ناو کەنتۆرەکاتان فڕێ دراونەتە دەرەوە. پاش گوزەراندنی زیاتر لە ١٠ ڕۆژێک لە ماڵی حاجی وەلی، هاوژینی ئەوسام سوهەیلە قادر گەڕایەوە. کە ئاڵای کچم هاتەوە و قسەم لەگەڵی کرد، ئەو منداڵە تەمەن دوو ساڵە دەنگی ئەناسیمەوە بەڵام خۆمی نەئەناسییەوە. ئاڵا بە دەوری جێگاکەم دەسووڕایەوە و تووشی سەرلێشێوان ببوو. دەنگ دەنگی باوکی بوو و جەستەش شتێکی تر کە نەیئەناسییەوە. هەرجۆرێک بێ دواتر بە یارمەتی حاجی وەلی بەعەرەبانەیەکی دەستی منیان گەیاندەوە ماڵی خۆم. کە چوومەوە ماڵی خۆم، چونکە لە دەست کورتییەکی لە ڕادەبەدەردا ئەژیام، نە خواردنێکی باش هەبوو نە داو و دەرمان هەبوو بۆ چارەسەرکردن. منیش بێچارەسەری مامەوە. لە ڕێگەی دراوسێ و گەڕانی سوهەیلە قادر بە ماڵەکاندا، بۆ پەیدا کردنی داو و دەرمان، هەندێ دەرزیمان پەیدا کرد و هاوژینم ئەو دەرزییانەی لێی ئەدام. شتێکیش زۆر دەیترساندم ئەویش دەنگی دەرگا بوو. ئەو ترس و لە دەرگا کوتانەی یەکەم شەو تا ماوەیەکی زۆریش لەگەڵما مایەوە.

ڕۆژێکیان هاوژینمم نارد بۆ گەڕەکی نەورۆزی ئێستا و (حەی عەسکەری) جاران، بچێت تا بزانێ ماڵی هەمینی خوشکم (یادی بەخێر ئێستا چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە) لە ماڵەوەن. بۆ ئەوەی هەم هەواڵی منی پێ بڵێ و هەم ئەگەر دەرزی و دەرمانێکیش هەبوو بۆمی بهێنێ. کە گەڕایەوە و هەمینی خوشکیشم هات و پێی ڕاگەیاندم کە لێبووردنی گشتی هەیە بۆ ناچی بۆ مەعەسکەر و کاغەزێکت بۆ بکەن و بتنێرن بۆ خەستەخانە. منیش ڕازی بووم و

هەمینی خوشکم عەرەبانەیەکی هێنا و بەتانییەکیان لە سەر ڕاخست و بردمیان بۆ سەربازگە (مەعەسکەر). دووری نێوان ماڵی ئێمە و سەربازگە، نزیکەی چوار کیلۆمەتر ئەبوو. ئەو خوشکەم کەوتە پاڵنانی عەرەبانە و تا سەربازگە نەوەستا. من بەڕاستی جەرائەت و دڵسۆزی ئەو خوشکەم لەیاد ناچێت. لە تەنیشت سەربازگە، عەرەبانەکە شکا و تایەیەکی دەرچوو. هەر چۆنێک بێت ناوی خۆم نووسی و کاغەزێکیان بۆ نووسیم گوایە سەربازم و بریندارم و بۆ چارەسەر بمبەن بۆ موسڵ. لە ناو سەربازگەکەدا چوار پێنج پاسی درێژ وەستابوون و سەربازی برینداریان ئەگواستەوە بۆ شاری موسڵ، ئەو سەربازە بریندارانەی کە لە شەڕی کۆڕێ پێکرابوون. بۆیە منیشیان سواری پاسێک کرد و هەمینی خوشکم و سوهەیلە چاوەڕوان بوون پاسەکە بکەویتە ڕێ و ماڵئاوایم لێبکەن. منیش لەو ساتەدا بڕیارم دا لە پاسەکە دابەزم و نەڕۆم بۆ موسڵ. ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: من خۆم سەربازی هەڵاتوو بووم و پێش ڕاپەڕین فەرمانی گرتنم دەرچوو بوو، ترسام ئەو لیستەی ناوەیان لابێ و بێسەروشوێنم بکەن.

دووەم: من کورد بووم و لەو ڕۆژەیا کورد بەدەگمەن سەرباز بوو و ئەمەش لای دەسەڵاتدارانی ڕژێم جێگەی گومانە.

بۆیە لە پاسەکە دابەزیم و پێمگوتن با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. خوشکم پرسی ئەی بۆ ناچی بۆ چارەسەرکردن؟ گوتم هیچ متمانەیان پێناکەم. نامەوێ بڕۆم. ئەوە بوو کە گەڕاینەوە لای عەرەبانەکە بینیمان بەتانییەکەمان دزرابوو. بەهەر نرخێک بوو گەیشتینە ماڵی خوشکم و لەوێشەوە بە لۆرییەک لە پێشەوە سوار بووین و گەیشتینەوە ماڵی خۆم. لەم ڕۆیشتنە بۆ سەربازگە، یەک شتم قازانج کرد، ئەویش کاغەزێک بوو کە کیتابێکی فەرمی بوو لە سەربازگەی هەولێرەوە بۆ موسڵ وەک سەربازێکی بریندار بۆ چارەسەرکردن ئاماژەم پێکرابوو. من ئیتر لە ماڵ مامەوە و هەر بە دەرزی و مەڵهەم خۆم ڕاگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بیستبووم کە سووتان ئەگەر بکرێتە ناو سابووناوی شلەتێنەوە بەتایبەتی

سابوونی ڕەقی ئەوا ئەو سابووناوە لە گەشەکردنی بەکتریا، ڕێگری دروست ئەکات و نابێتە هۆی بۆگەن بوونی برین بە تایبەتی کە هیچ چارەسەرێک لە ئارادا نەبێت. ئەوە بوو سابووناویشم بەکار ئەهێنا. چەند ڕۆژێک بەم جۆرە تێپەڕی، ئەوەبوو لە ناکاو کاک قادر حەسەنی خوشکەزام کە لە هەڵمەتی گیرانی شاری کەرکووک لە لایەن (عەلی کیمیایی)یەوە گیرابوو و دوور خرابۆوە بۆ خوارووی عێراق، لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩١پەیدا بوو و هاتەوە. ئەوە بوو دوای یەک دوو ڕۆژ لە هاتنەوەی کاک قادر، باوکی کۆچکردووم لە قەڵادزێوە گەڕایەوە و ئیتر دەورم ئاوەدان بۆوە. دوای ئەویش زبێدەخانی خوشکیشم هاتەوە. بارودۆخی سیاسیش تا دەهات ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و وتووێژی نێوان بەعس و بەرەی کوردستانی ئەوکات زەمینەی گەڕانەوەی زیاتری خەڵکی بۆ ناو شار و بۆ ناو ماڵوحاڵیان خۆشتر کرد. لەگەڵ قەرەباڵغبوونەوەی زیاتری شار، ترسی هەڵکوتانە سەر ماڵان بە شەوان کەم بوەوە بەڵام کۆتایی پێ نەهات. خزم و کەس و کاریش وردە وردە پەیدا بوونەوە. کاک سەباح کە کوڕە خزمێکم بوو و یاریدەدەری پزیشک بوو، هاتە سەردانم و دەستەکانی بینیم و گوتی پێموابێ دەستەکانت تووشی گانگرین بوونە و ئەگەر نەیبڕنەوە باشە. ئەو ڕۆژە زۆر خەمبار بووم و بەپێویستمان زانی خۆم نیشانی دکتۆرێک بدەم. بەڵام بە من و باوکم و کاک قادر پانزە دینارمان لە گیرفاندا نەبوو تا بچین بۆ لای دکتۆر. ناچار نەڕۆیشتم و مامەوە تا لە ڕێگەی زبێدەخانی خوشکمەوە، کاک فەخرەدین عەزەددینمان دۆزییەوە کە ئەویش یاریدەدەری پزیشک بوو و بەڵام لە سووتان و برینی سووتان شارەزایی زۆری هەبوو. کاک فەخرەدین زۆر مەردانە هات و کەوتە چارەسەرکردنی دەستەکانم. چارەسەرکردنێک بێ بەنج و بێ حەبی ئازار شکێن. دوای ئەوەش هاوژینم مووچەی وەرگرت و توانیمان هەندێ شتی پێویست بکڕین و وردە وردە ئومێدم پەیدا کرد کە دەستەکانم چاک ئەبنەوە. جێی ئاماژەیە لەو ڕۆژانەدا من لەسەر مووچەیەکی لەئەندازەبەدەر کەمی هاوژینم و یارمەتی کەسوکار و دۆست و برادەر، ئەژیام و چارەسەری

دەستەکانم ئەکرد. کاک فەخرەدینی برینپێچ ئەو کارەی بۆ پارە نەئەکرد. ئەو وەکو کارێکی مرۆڤانە ئەرکی خۆی ئەنجام ئەدا. هەرچەندە کاک فەخرەدین نینۆکێکی پەنجەی گەورەی دەستی چەپمی هەڵکێشا، بەڵام دوای ماوەیەک هەستم ئەکرد دەستەکانم خەریکن پێستێکی سوور و پەمبەیی لە ژێرەوە دەهێنێتەوە. لەم کاتانەیا بوو ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بە بڕی ٣٥٠ دینار یارمەتی دام کە توانیم خواردن و پێداویستی داو و دەرمانی پێبکڕم. ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستی ئەوسا، تا ئەندازەیەک وەفادار بوون و هەوڵیان دابوو لەڕێگەی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵەوە لە ناو شارەوە دەرم بکەن و بمگەیێننە مەقەڕی کۆمەڵە بۆ ئەوەی لە ژێر دەستی حکومەت ڕزگارم بکەن و بشتوانن چارەسەرم بکەن. یەکەمجار کۆمەڵە ڕازی ببوو، بەڵام دواتر لە ترسی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعس ئەو کارەیان بۆ ڕەوت نەکرد. ئەوە بوو ڕەوت جارێک کاک سەمیر نووریان ناردەوە بۆ لام و جارێکی تریش کاک ئەکرەم مەحمودیان نارد. لەگەڵ کاک قادر و کاک ئەکرەم لە هەولێر بە سواری کۆستەرێک بە نەفەرات چووین بۆ دیانا و ڕانیە و لەوێشەوە بۆ دۆڵی گوڵان. ڕەوت لە نزیک مەقەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەتەنیشت ئێزگەی ڕادیۆی ڕێکخراوی وەحدەتی کۆمۆنیست، دوو چادری هەڵدابوو. من نزیکەی دوو سێ هەفتە لەو چادرە بووم و کاک ئەکرەم مەحمود خزمەتی ئەکردم. هەرچەندە کاک ئەکرەم، ئەو کارەی وەکو کاری ڕێکخراوەیی ئەکرد، بەڵام من سوپاسی ئەکەم و ڕێزم هەیە بۆ ئەو خزمەتەی کە کردی. من ڕۆژانە لە چادرەکەمەوە بۆ چارەسەرکردن ئەچووم بۆ مەقەری کۆمەڵە بۆ لای دکتۆر. وەزعم تا دەهات باشتر ئەبوو و چونکە خۆراکیشم گۆڕابوو و خواردنی باشم ئەخوارد. دەستەکانم برینەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر ئەبوونەوە. دوای سێ هەفتەیەک دووبارە گەڕامەوە بۆ هەولێر. جێ و شوێنی سوپا و حکومەتی عێراق تا دەهات لە هەولێر بەرتەسکتر ئەبۆوە. ڕۆژ نەبوو ئەمنێک نەکەوێتە بەر پەلاماری خەڵک و تەنانەت وای لێهات ئەمنەکان

نەیان ئەوێرا بێنە ناو بازاڕ. ژیانیش تا دەهات ئاسایی تر ئەبۆوە. هەروەها لە ڕێگەی هاوڕێی ئازیز کاک تەها قەڵادزێیی کە ئەو کاتماڵیان لە ڕانیە بوو، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە بڕی ٣٠٠ دینار یارمەتییان دام.
لەگەڵ هەرچی زیاتر ئاسایی بوونەوەی ژیان، وەزعی ئابووری بەرەو خراپی ئەڕۆیشت و نەمئەزانی چی بکەم و چۆن بەکارێک خۆم سەرقاڵ بکەم. بۆیە بەو دەستانەوە هیچ کارێکم پێنەئەکرا. ئیتر کاریگەریی ئەم سووتانە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، کاری خۆی لێمکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەستەکانم بەرەو چاکبوونەوە ئەچوون و ڕۆژێکیان لەگەڵ ماڵ ومنداڵ چوومەوە سەردانی ماڵی دایکی ڕووناک و سەرم لێیان دا و بەسەریانم کردەوە. ئەو کات بوو کە دایکی ڕووناک خان پێیگوتم کە ئەو ڕۆژەی لەگەڵ حاجی وەلی ڕۆیشتی، بۆ ئێوارە گاردی کۆماری هاتن و پرسیاری تۆیان ئەکرد و گوتیان کوا بریندارەکە لە کوێیە. منیش پرسیم چۆنیان زانی من لە ماڵی ئێوە بووم؟ گوتی "مەلای مزگەوتەکە- مەلای مزگەوتی سپی- خەبەری لێمان داوە گوایە ئێمە پێشمەرگەمان لە ماڵ بووە و چارەسەرمان کردووە". دایکی ڕووناک درێژەی دایێ و گوتی: "پیاوەکانی گاردی کۆماری گەلێ گەڕان و هیچیان نەدۆزییەوە و تەنها لەفافی خوێناویان دۆزییەوە، پرسیان ئەی بریندارەکە لە کوێیە؟ وەڵاممان دایەوە کە ئەوە هی ئێمە نییە و هیچ بریندارێکیش لێرە نەبووە.
ساڵی ٢٠٠٠ کاتێک بەسەردان لە کەنەداوە چوومەوە بۆ کوردستان، لەگەڵ کاک قادر حەسەن، چوومەوە ئەو خانووە بۆ ئەوەی سەر لە ماڵی دایکی ڕووناک بدەم، بەڵام بەداخەوە لەوێ نەمابوون و هیچ سۆراخێکیانم دەست نەکەوت و ئێستاش نازانم لە کوێ ئەژین و چییان بەسەر هاتووە. بەو هیوایەم هەموویان سەلامەت بن و لە هەر کوێیەکن سڵاوی منیان لێ بێت. هەرچی سووتانی لۆرییەکەشە وەکو ئەفسانەی لێهاتبوو. من ئەو ڕۆژانە لە ترسی بڵاوبوونەوەی پیاوانی ڕژێم لە ناو هەولێر و دەست نەپاراستن لە کوشتنی خەڵکی شەریف و شۆڕشگێڕ، چیرۆکی سووتانەکەم ئەگێڕایەوە بۆ سووتانی سەیارەکەم لە کاتی

بەنزین تێکردندا. ڕۆژێکیان سواری تاکسییەک بووم و کابرای لێخۆڕ لێی پرسیم دەستت بۆ وای لێهاتووە؟ منیش پێمگوت سەیارەکەم ئاگری تێبەربوو و سووتام. ئەویش گوتی: "برام شوکور بە. تۆ چیت دیوە. منیش پرسیم چۆن؟ باسی کرد لە ڕۆژی گرتنەوەی شاری هەولێر لۆرییەک لای فندق شیراتۆن نازانم تەیارە لێیدابوو، گووللە تۆپی بەر کەوتبوو. چل تا پەنجا کەسی تێدا سووتا و یەک نەفەری تێدا قوتار نەبوو. تۆ مەمنوون بە برام مەمنوون بە."
کە گەڕامەوە ناو شاری هەولێر، لەمانگی شەش یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی شاری هەولێری ڕەوتی کۆمۆنیستمان گرێدا. لەو کۆبوونەوەیە هاوڕێ سەمیر نوری و ڕزگار عەقراوی و من بووین. دواتر هاوڕێ ڕزگار عەقراوی گواسترایەوە بۆ کۆمیتەی دهۆک یان بادینان. من و هاوڕێ سەمیر و هاوڕێ ئەکرەم مەحموود بە فەرمیی کۆمیتەی هەولێر بووین. ئیتر هەموو هەوڵێکمان دەدا ڕێکخستنەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕێک بخەینەوە و بیان خەینەوە سەر قاچ. لەملاشەوە ڕەوتی کۆمۆنیست دوو بنکە (مەقەر)ی کردەوە لە شارۆچکەکانی ڕانیە و هەڵەبجە. من ئەو هاوینە خەریکی ڕێکخستنەکان و بەهێزکردنی کۆمیتەی هەولێر بووم. لەبەرئەوەی هاوڕێ جەماڵ کۆشش ببووە عەلەنی و خەریک پێشمەرگایەتی بوو و منیش سووتام و گیرام، ئیتر گۆڤاری ڕابەر وەستا و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بێ ئەوەی هیچ بەیاننامەیەک دەربکات یان خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بۆ هەمیشە لەکار و چالاکی وەستا. دوای سووتانم و بەربوونەکەم و قورتاربوونم لە زیندان و دادگایی بەعس، کاتێک هاتمەماڵەوە بینیم هەلومەرجەکە زۆر نالەبار بوو. من خۆم سووتا بووم و تاک تاک ماڵ هەبوون و ئێواران کۆڵان سامناک و ترسناک و تاریک بوو و حەرەس جمهوریش شەوان دەیان دایە سەر ماڵان. من زوو لە ماڵەوە دوو شتم کرد. یەک: هەرچی شتێک پەیوەندی بە چەک و فیشەک و مەخزەنەوە هەبوو لەگەڵ سەرجەم کتێب و نامیلکە سیاسیی و هەروەها نامیلکە ئەدەبییەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ڕەوتی کۆمۆنیست هەموویانم کردە چەند نایلۆن و

خستمە ناو بیری زێرابەکەی حەوشەکەمانەوە و سەریم دادایەوە. دوو: هەوڵم دا لە پەیوەندیدا بم لەگەڵ ئەو چەندماڵەی هاتبوونەوە و هەروەها خزم و کەس و کار تا ئاگامان لەیەک بێ و لەکاتی پێویستدا کە من نە دەستم هەیە و نە قاچ بتوانن فریام بکەون. پاشان کە وردە وردە کەسوکار پەیدا بوونەوە و باوکم هاتەوە، هەر باسی سەمیر نوری دەکرد. باوکم نەیدەزانی سەمیر نوری کێیە و هاوڕێ سەمیری بەو ناوەوە نەدەناسی و بەڵکو بەس دەیوت ئەو کوڕە خڕکەڵانەکەی برادەرت کە ناوی خالید بوو لە شارۆچکەی ڕانیە تووشم بوو و گەلێ خزمەتی کردم و بەڕاستی ئەو برادەرەت پیاوانە و مەرد بوو. باوکم دەیوت قەت بیرم ناچێ خۆی و خێزانی ببوونە خاک و خۆڵ لەبەر پێم. بەهەرحاڵ لێرەوە گەرچی ئەرشیفی ڕەوتی کۆمۆنیست و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستم فەوتاند لەپێناو سەلامەتی خۆم، چونکە مەعلووم نەبوو دەدەنە سەر ماڵی منیش یان نا. من وام دانابوو کە لە خراپترین حاڵەتدا دەدەنە سەرم و نابێت بەهۆی نامیلکەیەکەوە دوای ئەو هەموو دەردەسەرییە جارێکی تر بگیرێمەوە و بچمەوە پاڵ دیواری ڕەمی کردن. دەمزانی ئەو نامیلکانە و کتێبانە پەیدا دەبنەوە بەڵام ئەگەر (مەشخەڵ) بفەوتێ ئیتر هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکەی دەفەوتێ. بۆیە ئەو ئەرشیفەم کردە قوربانی خۆم. گەرچی ئێستا داخی زۆری بۆ دەخۆم و بە تایبەتی کە ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە تا ئەم ساتەش هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕابەر)م دەست نەکەوتۆتەوە، تازەش دوای ئەو هەموو ساڵە زەحمەتە هیچ دانەیەک لەو ژمارانەی ئەو گۆڤارە مابێت. بەڵام هەست ئەکەم هەرکەس لەجێی من بووایە هەر ئەو کارەی دەکرد. کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٩١ کاتێک بە تەواوەتی شار قەرەباڵغ بۆوە و خەڵک گەڕانەوە و کۆڵان ئاوەدان بوونەوە، سەری زێرابەکەم هەڵدایەوە و تەنها و تەنها یەک نایلۆنم بۆ دەرهات و وەختێ تەماشام کرد زۆربەی کاغەزەکان فەوتابوون تەنها دەفتەرێک نەبێت کە پانزە شیعری خۆمی تیا بوو دەخوێنرایەوە و پاشان ئەو شیعرانەم لە ساڵی

١٩٩٢ بەناوی (چاوم لێیە) دا بڵاو کردەوە. لەملاشەوە تا دەهات برینەکانی دەستم بچووکتر دەبوونەوە و بەرەو باشی دەچوون.
لەو سەروبەندە ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک قادر چووم سەردانی ماڵی کاکم کرد لە ئۆردوگای بنەسڵاوە و لەسەر جادەکە لەناو بازاڕەکەی بنەسڵاوە پیاسەمان دەکرد، لەناکاو منداڵێک بەسواری پاسکیلەوە بە خێرایی هات و خۆی بۆ نەگیرایەوە وملی پێمانەوە نا و بۆ نەگبەتی سەری ئیستۆپەکەی لە دەستمی دا و لایێ دەستی تازە قەتماغەبەستووی هەڵتلێشاند و خوێنێکی زۆری لێهات. منداڵەکە ترسا و وتی مامە بەخوا نەمزانی. قادر خەریک بوو لە منداڵەکە بدات، نەمهێشت و بە منداڵەکەم گوت تۆ بڕۆ. ئیتر خێرا چووینە لای (معاون طبی)یەک و دەستی بۆ تیمار کردم. برینی سووتانی دەستم تا چاکبوونەوە زیاتر لە چوار مانگی برد. ئەو ماوەیە جگە لەڕووی تەندروستییەوە خراپ بووم، لەهەمان کاتێشدا لەڕووی ئابوورییەوە (داراییەوە) وێران بووم و لەڕادەبەدەر دەستکورت بووم. ماڵی باوکیشم کە سەرچاوەیەکی بە پیتی یارمەتی من بوو، بە تەواوەتی تاڵان کرابوو و تەنانەت وەک دایک و باوکم دەیان گێرایەوە یەک پیاڵەشیان بۆیان جێنەهێشتبوون و کە گەڕابوونەوە کەرکووک دراوسێکان دوو پیاڵە و دوو کەوچکیان دابوونێ و بە تاق و تەنها و لەسەر ئەو ئەرزە دانیشتبوون. ئیتر لەناو ئەو نەهامەتییەوە جارێکی تر بە عەزمەوە هاتمە دەرەوە و هەموو ژیانم تەرخان کردەوە بۆ خەباتی چینایەتی و سیاسەتی کۆمۆنیستی و ڕێکخستنی کرێکاران. هاوینی ساڵی ١٩٩١ چەند ڕووداوی سیاسی گرنگ ڕوویاندا. لەوانە جێ لەقکردنی حکومەتی بەعس لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و لێدان لەو هێزانەی بەعس لەلایەن خەڵکی شۆڕشگێر و جەنگاوەرانی شوراکان. بەرەی کوردستانیش لە تەنسیقدا بوو لەگەڵ حکومەتی بەعس و لە بەعسییەکان زیاتر بەعس و ئەمنیان دەپاراست. ئەم جێ لەقبوونەی بەعس و دەرپەڕاندنیان لە شارەکانی کوردستان بایەخی سیاسی گرنگی هەبوو. ڕووداوی خۆپیشاندانەکەی

هەولێریش کە لەسەر بانگەوازی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان بەرپا کرا[٤٦]، ئەو خۆپیشاندانە بووە هۆی گیانبەختکردنی هاوڕێ (ئاراس) کە سەدمەیەک بوو بۆ ڕەوتی کۆمۆنیست و تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. هەروەها پشێوی نانەوەی ناو شارەکان و تیرۆری دکتۆر و کەسایەتییە سیاسی و ئەدیب و بازرگانەکان هەمیشە ترسێکی خستبووە ناو دڵی خەڵکی کوردستان.

لە هەولێر بە دەستپێشکەری هاوڕێیان ڕزگار عەقراوی و گۆران عەبدوڵا نامیلکەیەکیان بەناوی (ئاراس)ەوە بۆ یادی شەهید ئاراس بڵاو کردەوە و منیش وەک نەریتی هەمیشەییم بە شیعرێک هەستی خۆم بۆ ئەو جەنگاوەرەی ڕێگای ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کرێکاریی دەربڕی و ئەو شیعرەم لە نامیلکەی ئاراس بڵاوکردەوە. هاوڕێ ئاراس گەرچی لە نزیکەوە نەمدەناسی، بەڵام دوور بە دوور دەمزانی ئەو و تیمێک لە پێشمەرگەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست بە بۆیە و فڵچەوە دیوارەکانی ناو ڕانیە و پاشان شاری هەولێریان بە دروشمی سیاسی و چینایەتی کرێکاران ڕازاندبۆوە. ماوەیەکی زۆریش دوای گیانبەختکردنی هاوڕێ ئاراس، ئەو شیعارانە هەر مابوون تا بەرەی کوردستانی ڕەشی کردنەوە. ئەو دروشمانەی هاوڕێ ئاراس لەسەر دیوارەکانی شار نووسی، ببووە مۆتەکەی سەر دڵی قازانج پەرستانی سەرمایە. هەر ئەمەشە ئاراسی لە دڵی من و هەزاران کرێکاردا بە زیندوویی هێشتۆتەوە. ئەو سەردەمە چەند بابەتێک وتووێژیان لەبارەوە دەکرا. ئایا دەکرێ بزووتنەوەی شوورایی ڕاست بکەینەوە و دووبارە دەستی بۆ بەرینەوە؟ ئەی ئەگەر نەمانتوانی شوراکان بەری بخەین ئەلتەرناتیڤ چییە؟ لەلایەکی تریشەوە شارەکانی کوردستان خەڵکێکی ئاوارەی زۆری تێدا بوو بەتایبەتی ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان. لەلایەکەوە بەرەی کوردستانی دەیویست سوود لەو ئاوارەییە وەربگرێ و چەند ڕێکخراوێکی ئاوارەکانیان

---

[٤٦] کۆمیتەی شۆڕشگێڕەکان، بریتی بوو لە کۆمەڵێ کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست کە کۆمیتەی گەڕەکەکانیان پێکهێنابوو و بە شێوەیەکی کاتیی دروست بوو و هەوڵیاندا چالاکی سیاسیی ئەنجام بدەن.

دروست کردبوو و بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنا و جارجاریش شتێکیان دەدایە ئاوارەکان. لەلایەکی تریشەوە چەند گەنجێکی خوێن گەرمی دڵسۆز خەریکی سەرژمێری ئاوارەکان بوون و لە هەوڵی ئەوەدابوون خزمەتێک بە ئاوارەکان بکەن، ئەوانیش شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل و شوان داودی بوون. ئەمان لەدەرەوەی بازنەی بەرەی کوردستانی دەفتەرێکیان بەبن هەنگڵەوە بوو و لە ئۆردووگاکانی بنەسلاوە و جدیدە و دارەتوو و کەورگۆسک و بەحرکە و لە مەعەسکەر سەلامی سلێمانی و گەلێ جێگای تر ورد خەریکی ئاماری ئاوارەکان بوون و سەردانی ڕێکخراوە بیانییەکان و بەرەشیان دەکرد بۆ ئەوەی ئازووقە یان هەر یارمەتییەکی تر بۆ ئاوارەکان بەدەست بهێنن.

لە ساڵی ١٩٩١ و دوای گەڕانەوە بۆ شارەکان، ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بەشێوەیەکی گشتی خەریکی توندوتۆڵکردنەوەی ڕێکخستنەکانی بوو و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا ئەو بەشە عەلەنییەی کە لە بنکەکەنی هەڵەبجە و ڕانیە بوو بهێڵێتەوە و وەک ڕووبەندێک نەک هەر بۆ ڕەوت بەڵکو بۆ تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سوودی لێ ببینن. تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر لە ڕووی قەبارەوە بچوکتر و کەمتر ببوەوە بە بەراورد بە قۆناغی پێش ڕاپەرین. بەشێک لە هەواداران و لایەنگرانی ڕەوتی کۆمۆنیست لەگەڵ لێشاوی ڕوو بە حیزبەکانی کوردایەتی ڕۆیشتن و ئیتر خۆیان ساغ کردەوە. بەڵام توخمە کرێکارییەکان هەر لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیستدا مانەوە. ڕێکخستنەکان گرژ ببوونەوە، بەڵام ڕوونتر و پتەوتر بوون. من خۆم باشتر دەستم پێڕادەگەیشت و ئیشم لەسەر دەکردن. ئەو ماوەیە هاوینی ١٩٩١ تا بەهاری ١٩٩٢ زۆرترین سەرچاوە و کتێبم لەسەر خەباتی چینی کرێکاری عێراق و بزووتنەوەی کرێکاریی خوێندەوە. لە هەمووشی گرنگتر قانوونی کاری عێراق لە سەردەمە جیاوازەکان و بەتایبەتی قانوون کاری ژمارە ١ی ساڵی ١٩٥٨ و دواتر قانوون کاری ژمارە ١٥١ ی ساڵی ١٩٧١ و هەروەها قانوون کاری ژمارە ٧١ ی ساڵی ١٩٨٧ خوێندەوە. ئەم ڕۆچوونە بەنێو بزووتنەوەی کرێکاریی و مێژووی خەباتی

کرێکارانی عێراق ئەو دەروازەیەی بەڕوومدا کردەوە بە بتوانم وەک کادیرێکی حیزبیی لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریی هەڵسووڕێم. لەلایەکی تریشەوە بە سوود وەرگرتن لە تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیست توانیم پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی کرێکاریی لە باشووری عێراق دابنێم. ڕابەرایەتی ڕەوتی کۆمۆنیستیش ئەو ماوەیە بیریان لە بەهێزکردنی میدیای کۆمۆنیستی دەکردەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تاوتوێی ڕۆژنامەیەکیان دەکرد بەزمانی کوردی دەربچێت و شانبەشانی پرۆلیتاری بڵاو ببێتەوە. ئەوە بوو بڕیاریاندا ڕۆژنامەکە ناو بنێن (بۆ پێشەوە) و لە ژمارە یەک هاوڕێ ئەمجەد غەفوور سەرنووسەری بوو. بەڵام لەسەر ئاستی بزووتنەوەکە ڕەوت جگە لە بەشە عەلەنییەکەی، بەگشتی بێدەنگ بوو و خەریکی ساغکردنەوەی کۆمەڵێ مەسائیلی فیکریی بوو و نەگەیشت بە هیچ دەرەنجامێک. بۆیە ڕابەرایەتی ئەوسای ڕەوت ناچار دەبن بچنە دەرەوە و بگەن بە مەنسووری حیمکەت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە فیکرییانە. چوونە دەرەوەی سێ لە ڕابەرانی ڕەوت (موئەیەد ئەحمەد، ئەمجەد غەفوور و نادر عەبدولحمەید و تەسلیمکردنی تەواوی ڕابەرایەتی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیست بە هاوڕێیان (سەمیر نووری، ئاوات سەعید، موحسین کەریم و سادق عەزیز) ئەوەندەی تر ڕابەرایەتی ڕەوتی کۆمۆنیستی بۆ ماوەیەک سستتر و کەم جووڵەتر کرد. تەنانەت ئەم کەم جووڵەیە وای لە من و هاوڕێ ئەکرەم مەحموود کرد کە زۆرجار موناقەشەی ئەوەمان دەکرد کە ئەگەر ڕابەرایەتی ڕەوتیش نەتوانن بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵبسن، دەبێ ئێمە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرین. دواتر دەرچوونی ئەو هاوڕێیانەی ڕابەری بە تەشکیلاتی ڕەوتدا بڵاو بۆوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ ڕابەرە بەردەوام لە پەیوەندی دابوون بە ناوەوە و هەر سێ مانگ یان چوار مانگ جارێک یەکێک لە هاوڕێیانی ناوەندی دەچووە تورکیا و قسەیان لەگەڵ هاورێیانی دەرەوە دەکرد و دەهاتەوە و تەوجیهات و ڕێنوێنییەکانیان بە تەشکیلاتدا بڵاو دەکردەوە. تەشکیلاتی ڕەوت وردە وردە بووژایەوە و گەشەی کردو بەهێزتر بوو. هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد

نەک هەر لەناو ڕەوتی کۆمۆنیستدا، بەڵکو لەناو تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ئۆتۆریتەی هەبوو. ڕۆژێکیان برادەرێک دەچێتە مەقەری ڕانیەی ڕەوتی کۆمۆنیست و ناوی موئەیەد ئەحمەد دەبێ. دەڵێ هاتووم بەرپرسی مەقەر ببینم. یەکێک لە پێشمەرگەکان لێی دەپرسێ ناوی بەڕێزتان چییە تا بە مەسئول مەقەر بڵێم، ئەویش دەڵێ من موئەیەد ئەحمەدم. پەشێوییەک دەکەوێتە ناو مەقەرەوە وا دەزانن هاوڕێ موئەیەد هاتووە و دوایی دەردەکەوێ کە ئەو بەڕێزە ناوی موئەیەد ئەحمەد بووە و لەترسی ئەوەی بەرەی کوردستانی نەڵێن تۆ موئەیەد ئەحمەدی ڕەوتی کۆمۆنیستیت داوای کردبوو هاوڕێ موئەیەد ناوەکەی خۆی بگۆڕێت.

# لەکاری نهێنییەوە
# بەرەو کاری جەماوەریی و ئاشکرا

لە سـاڵی ١٩٩١ – ١٩٩٢ خەمی سـووتانی دەسـتەکانم و سـەقەت بوونیانم تا دەهات زیادی دەکرد. دەمویســت هەرچۆنێک بێت چارەســەریکیان بکەم، یان لانی کەم شـتێک بکەم دڵنەواییم بێتەوە. بۆیە بۆ چارەسـەری دەسـتەکانم چەند هەوڵێکمدا بەڵام لە هیچیان ســەرنەکەوتم. لە شــاری هەولێر دکتۆر محەمەد باجەلان گوتی ئەم دەستانەی تۆ چارەسەریان نییە تەنها دەتوانین دوو پەنجەی نووشــتاوەت ڕاســت بکەینەوە و هیچیتر. هەروەها دوای ماوەیەک بیســتم لە شــارۆچکەی پێنجوێن کلینکێکی ئەڵمانی هەیە و عیلاجیان بەخۆڕاییە و زۆر باش چارەســر پێشــکەش دەکەن. ئەوە بوو بەهەر حاڵێک بوو چووم بۆ پێنجوێن و خەستەخانەکەم دۆزییەوە و هیچ چارەسەریکیان پێنەبوو و گوتیان ئەم نەشــتەرگەرییە لێرە ناکرێت. ئەوانیش تەقریبەن هەمان قســەی دکتۆر محەمەد باجەلانیان کردەوە. بێئومێدانە هاتمەوە ســلێمانی و دوا نیوەڕۆ بوو زۆرم برســی بوو بەدوای چێشــتخانەیەکی هەرزان دەگەڕام شــلەو برنجێک بخۆم. لەناکاو چاوم بە کاک غالیب محەمەد نەجم کەوت، ئەو هاوڕێیەی لە پەیمانگەی تەکنەلۆجی کەرکووک، دائیرەی ئەمنی کەرکووک لەناو پۆل گرتیان و من چووم بۆ ماڵیان و خەبەرم پێیان دا و لە زۆر کێشە ڕزگارم کرد. کاتێک چاوی پێم کەوت گەشــایەوە و دوای یەکتر ماچکردن گوتی ئەرۆینەوە بۆ ماڵەوە. ئەوان ئاوارە بووبوون و لە سلێمانی گیرسابوونەوە و وەزعیان خراپ بوو. بەهەرحاڵ لەســەر ســووربوونی کاک غالیب شــەو چوومەوە ماڵیان و

ئێواره خواردنێکی باشیان بۆ ئاماده کردم و دایکه میهرەبانەکەی هەر دەیگوت دەستم بشکێ و چاوم کوێر بێ بۆ وات لێهاتووه. بەهەرحاڵ شەو گەلێ یادەوەری و قسەی خۆشمان کرد و نووستین و بۆ بەیانی دوای قاوەڵتی و لە پێش دەرگا لەکاتی خواحافیزی کاک غالیب ١٥٠ دیناری سویسریی بەزۆر و سوێند خواردنەوە خستە گیرفانمەوە. ئای غالیب گیان ئەوە تۆ چ فریشتەیەک بووی و بەو پارەیە گەلێ شتم بۆ ئاسان بۆوە. دواجار باسی خەستەخانەیەکیان کرد لە دیانا کە ئەویش یارمەتی برینداراني ڕاپەڕین دەدات و بەس گوتیان وەرەقەی پارتیت هەبێ یەکسەر هەموو شتێکت بۆ دەکەن. لەڕێگەی ئامۆزایەکمەوە ئەو وەرەقەیەمان پەیدا کرد. کاتێک لەگەڵ ئامۆزاکەم کە ئەو بەرپرسانی لقی دووی پارتی لەهەولێر لە نزیکەوە دەناسی، چووینە لق. وەختێ لەناو بینایەی لق دانیشتبووین و خەریکی ئامادەکردنی ئەو کاغەزە بوون بۆم، تا ببیەم بۆ لقی سۆرانی پارتی لە دیانا،بەرپرسی لق کە ناوەکەیم بیر نەماوە، باسی لە دیموکراسی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد و هەروەها جەغدی لەوە دەکردەوە کە پارتی دەبێت لە نووسراوەکانیاندا زۆر ورد و پرۆفیشنالانە بنووسێت و ڕێک وتی: ئێمە نابێت سبەینێ (کاروان)ی ئەندامی سەرکردایەتی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەو نووسراوەیە ببینێت و گاڵتەمان پێبکات و بڵێ کادیرانی پارتی دوواکەوتوون و هیچ نازانن.) کاتێک گوێم لەو قسانە بوو بۆم دەرکەوتکە ئەو کادیرانە لەگوێی گادا نووستوون. چونکە ڕابەرایەتی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست هیچ کاروان ناوێکیان تێدا نەبوو. من وەرەقەکەم وەرگرت و لەگەڵ ئامۆزاکەم هاتینە دەرەوە و ئینجا چوومە دیانا و خەستەخانەکەم دۆزییەوە و ئەویش هیچ دەرچوو. تەنانەت هاوڕێ ئەکرەم مەحموودیش گوتی دەستەکانت هیچ چارەیەکیان نییە و تەنها ئەو دوو پەنجەیەت ڕاست دەکرێنەوە و تەواو. ئەو وەرەقەیەی پارتیم لەناو ئەوراقەکانمدا هەڵگرتبوو و نەمزانی ڕۆژێک ئەو کاغەزە باش فریام دەکەوێ و دەبێتە هۆیەک بە ئاسانی سنووری عێراق - تورکیا ببڕم. ساڵ سووڕایەوە و بوو بە ساڵی

٩٢. من بەو دەستە سووتاوانەمەوە خەریک و سەرقاڵی خەباتی بێوچان بووم لە ناو یەکێتیی بێکاران و ڕەوتی کۆمۆنیستدا. بەڵام وەزعی ماددیم بێئەندازە خراپ بوو. دەستکورت بووم و کورد گوتەنی نانی ڕۆژم نەبوو. ئەو ڕۆژانە هاوژینەکەم لە کارگەی نەسیج کاری دەکرد و شفتی شەوان بوو. منیش بۆ ئەوەی بتوانم کاری سیاسیی و جەماوەریم لە ناو ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی بێکاران درێژە پێ بدەم عەسران ئاڵای کچم دەبردە ماڵی خەزوورم کە هەر نزیکی ماڵی خۆمان بوو. ڕۆژێکیان ئاڵام لەوێ دانا و خۆم چوومە دەرەوە بۆ بنکەی یەکێتیی بێکاران. شەو کە گەڕامەوە گێڕایانەوە بۆم کە دوای دەرچوونم ئاڵای کچیشم دێت بە شوێنمدا و لە دەرەوە دەکەوێتە ناو بۆڕی زێرابی گەڕەکەوە و بە ڕێکەوت ژنێک لەوێدا چاوی لێ دەبێت و خێرا فریای دەکەوێت و دەبینێت بەس قژی دیارە و دەگرێت بە قژیا و دەری دەهێنێت و لە خنکانی سەد لە سەد ڕزگاری دەکات. ئاڵا نۆبەرە و کچ بوو زۆرم خۆش دەویست. بەردەوام شیعرێکم ڕێکخستبوو و بۆیم دەوتەوە:

ئالوول ئالوول ئالووله
کراسەکەی بەری تووله
چاوی کاڵ قژی لووله
بەهێز وەک گەردەلووله
بیری باپیرەی قووله
جوانە وەکو پوپووله[٤٧]

ئیتر ئەم شیعرە هەموومان فێری بووبووین و تەنانەت کچێکی منداڵی پۆلی سێی سەرەتایی ماڵە دراوسێییەکمان فێری ئەو شیعرە بووبوو. ڕۆژێکیان مامۆستاکەی لە قوتابییەکان دەپرسێت

[٤٧] ئەم شیعرەم وەک بە ئاوازەوە دەگوت و خۆشەویستی خۆمم بۆ ئاڵای کچم تیا دەربڕیوە.

- کێ شیعری لەبەرە؟
ئەو منداڵەش پەنجە بەرز دەکاتەوە.
- ئادەی وەرە شیعرەکەمان بۆ بڵێ. ئەویش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دەڵێت.
- ئەو شیعرە هێ کێیە؟
- باوکی ئاڵا ئەم شیعرەی بۆ ئاڵا وتووە و منیش لەبەرم کردووە.
- ئاڵا کێیە؟
- کچێکی منداڵی دراوسێمانە.

ساڵی ١٩٩٢ دوای گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناو شارەکان، دوو نامیلکەی شیعریم بەناوی (چاوم لێیە) و پاشانیش (چەند گۆرانییەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە) بڵاو کردەوە. هاوڕێ جەماڵ کۆشش و چەند هونەرمەند و نووسەریتر ژمارە دوانزەی گۆڤاری (ڕابەر)یان بڵاوکردەوە، کە من هیچ بەشدارییەکم نەبوو لەو ژمارەیە. دواتریش هەر ئەو هاوڕێیانە جەماڵ کۆشش و وەفیق زامدار و ناڵە حەسەن و یوسف مەنتک و هەڵمەت و ..تاد کۆمەڵەیەک دروست دەکەن بەناوی (کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری شەبەنگ – نینا) و گۆڤارێک دەردەکەن بە ناوی (نینا). من لە گۆڤاری نینادا چەند شیعرێکم بڵاو کردەوە. ئیتر ڕێڕەوی هەنگاوە سیاسییەکانی من ملیان بەرەو ڕێکخراوی جەماوەری و خەباتی ئاشکرا گرت و لە کاری ئەدەبیی و ڕەخنەیی دوور کەوتمەوە. لە هەموو ئەو ماوەیە و دواتریش تا دوای دامەزراندنی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، تەنها و تەنها شیعرێکم لە ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و هەروەها شیعرێکی تریشم لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە بڵاوکردەوە. ئیتر لێرەوە چالاکی ئەدەبیی من سستی تێدەکەوێت و وەک هەڵسوڕاوێکی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دێمە پێشەوە. بەڵام لەلای خۆمەوە جاروبار هەر شیعرم دەنووسی و لە خوێندنەوەی ئەدەب دانەبرابووم. ئەو ڕۆژگارە سازدانی مەراسیمە کرێکارییەکان ببووە بەشێک لە چالاکی سیاسیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهەموو ڕێکخراوەکانەوە. سازدانی مەراسیمی یەکی

ئایار و یادی لینین و ڕۆژی شورا و مەرگی لێنین و هەشتی مارس و ..تاد، ببوونە نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان. لە یەکێک لە مەراسیمەکاندا (تیپی هونەری پێشرەوی چەوساوەکان) کە بەڕێز کامەران عەبدولڕەحمان سرووودی (شەپۆڵی دەریا) کە سرووودێکی منە و لە نامیلکەی (چاوم لێیە) دا بڵاوبۆتەوە، پێشکەش کرد. هەستێکی زۆر غەریب تەواوی جەستەی داگرتم و بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا بینیم سرووودێکم نووسیوە و ئاوازی بۆ دانراوە و کراوەتە سروود. بەڕاستی هەستێکی زۆر غەریب و خۆش بوو. دواتریش ئەو سرووودە و سرووودی تر و شیعری تری من لە کاسێتی هونەریی لە ڕۆژی دروستبوونی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) دا بڵاو بوونەوە.




یەکەمین نامیلکەی شیعریم کە بە تایپکراوی بڵاو بۆوە، ساڵی ١٩٩٢ هەولێر، تایپکردن و دزاینی ڕزگار عەقراوی.

ڕەوتی کۆمۆنیست و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی تر دوای ئەزموونی ڕاپەڕین و شوراکان و ئاوارەیی، خەریکی ئارایشتدانەوەی خۆیان بوون. یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کریکاریی و بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار و ڕەوتی کۆمۆنیست وەک سێ ڕێکخراوی ئەو کات ١٩٩٢ ، لە مەیدانی خەباتی کۆمۆنیستیدا دیار بوون و چالاکیان هەبوو. ڕەوتی کۆمۆنیست چالاک بوو و تەشکیلاتێکی گەورەتر و پانوپۆڕتری هەبوو و دوو بڵاوکراوەی دەردەکرد و جێدەستیشی بەسەر زۆربەی چالاکییە سیاسییەکانی ئەو کات دیار بوو، وەک مەراسیمە کرێکارییەکان، بەهێزکردنی میدیای کۆمۆنیستی، بەتایبەتی دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە بە ڤێرژنە نوێیەکەی چاپخانە)، بوونی هێزی عەلەنی و چەکدار، ئەمانە لەو ڕۆژانە بایەخی سیاسی و چینایەتی خۆیان هەبوو. هاوینی ئەو ساڵە کادیرانی ڕەوت کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڵام نهێنییان بۆ ماوەی یەک هەفتە لە شاری سلێمانی ئەنجامدا. لەو کۆبووونەوەیە من، هاورێیان سەمیر نووری، سادق عەزیز، موحسین کەریم، ئاوات سەعید، خەبات مەجید، دکتۆر ئەمین، نزار عەبدوڵا و ئاسۆ جەبار بەشدار بوون. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئێمە موناقەشەی دۆخی جیهان و وەزعیەتی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگە و کۆمۆنیزم و هەلومەرجی ئەوسا و پێشهات و لێکدانەوەکان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی حیزبی کۆمۆنیست و ..تادیمان کرد. ئەوکات بوو لەناو کۆبوونەوەکە بیستمان یەکێتیی نیشتمانی پەلاماری حیزبی سۆشیالیستی کوردستانی داوە. دوای ئەو کۆبوونەیە بە گوڕ و تینێکی بەهێزترەوە دەستمان کردەوە بە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی. دوای ماوەیەک کۆبوونەوەی دووەم بەسترا بەڵام من نەمتوانی بەشدار بم بەهۆی ئیش و کارەکانی ڕێکخراوەی جەماوەریی. لە کۆبوونەوەی دووەم و بە غیابی خۆم هەڵبژێردرام بۆ ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. خۆم بە ویستی خۆم ناوی (مارف عوسمان)م بۆ خۆم هەڵبژارد، بێئاگا لەوەی کە هاوڕێ ئەمجەد غەفوور ناوی عوسمانی حاجی مارفە. ئیتر بەناوی مارف عوسمان یەک دوو

وتارم لە ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە) دابەزاند و هەروەها نامیلکەیەکیشم بەناوی (با ئاوڕێک بۆ دواوە، تەکانێک بێت بۆ پێشەوە) کە لەسەر خەباتی چینایەتی کرێکارانی عێراق بوو لە چاپخانەی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) چاپکرا و لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کرایەوە. هاوینی ساڵی ١٩٩٢ کە ئەوکات هاوڕێ ڕەزا موقەدەم بڵاوکراوەی (کارگر امروز) دەردەکرد، نامەیەکم بۆ سەرنووسەر نووسی بەناوی (ئاکۆ عەزیز) گەیشتبووە دەستی هاوڕێ ڕەزا موقەدەم و بڵاو کرایەوە. دواتر ئەو نامەیە وەک نامیلکەیەکی بچووکیش بەناو تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیستدا بڵاو کرایەوە. دۆخی سیاسی ئەو ساڵە، بەعس پاشەکشەی پێکرابوو و شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بەدەست خەڵک و بەرەی کوردستانییەوە بوون. لەڕووی ئابوورییەوە وەزعی خەڵک باش نەبوو و برسییەتێکی لەڕادەبەدەر باڵی کێشابوو بەسەر ژیانی خەڵکی ستەمدیدەدا. لەلایەکی تریشەوە لەڕاپەڕینی خەڵک لە کوردستان و بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی شورایی خاوەن تایبەتمەندی و سوننەت و شێوازێکی جیاواز لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تری کوردستان، لەمەیدان نەمانی ئەو بزووتنەوە شوراییە و باڵادەستی زیاتری حیزبە سیاسییەکانی شاخ و بەدەستەوەگرتنی ئەجێندای دژایەتیکردنی ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵگە، هەروەها کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق و دانانی هێڵی ٣٦ و ناوچەی دژە فڕین، هەموو ئەم پارچانە ئەو دیمەنە دەنەخشێنن کە پێی دەڵێن هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەوسای کوردستانی عێراق لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. جا بە ڕوانین لەم گۆشەنیگایەوە دەبینین کوردستانێکی دابڕاو لە عێراق کەهەر لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دەچوو هیچ خەسڵەتێکی ژیاریی تێدا نەمابوو. شتێک نەمابوو بەناوی ژێرخانی ئابووری کوردستان. چەند سەرۆک حیزبێک هاتبوون و حوکمڕانی کوردستانیان دەکرد بەبێ ئەوەی بچووکترین بەرپرسیارەتی دەرهەق بەژیانی خەڵک بنوێنن، کەوتبوونە تاڵانکردنی کۆمەڵگە. لەهەلومەرجێکی ئاوادا بوو هەڵسوڕاوانی

شورای نەسیج بەڵام لەژێر ناوی کرێکارانی نەسیج مەراسیمی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ی بە سەربەخۆیی و لەناو خانووەکانی کارگەی نەسیج بەرپا کرد و من ڕێکخەری هەموو مەراسیمەکە بووم.



تاڤگە ئیبراهیم و تەها قەڵادزەیی لە حەفلەی یەکی ئایاری کارگەی نەسیج لە ئایاری ١٩٩٢

سەرباری تەبلیغاتی ژەهراوی بەرەی کوردستانی لە دژی ئێمە و مەراسیمەکە کەچی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران ئامادەی بوون و پێشموابێت دوای تراژیدیای ئاوارەبوون و گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناو شارەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لەناو ماڵە کرێکارییەکانی کارگەیەکی پیشەسازی شاری هەولێر، ئەوە یەکەمین

مەراسیمی کرێکاریی بوو ساز بدرێت. مەراسیمەکە بە سروودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکرد و دواتریش وتاری لیژنەی ئامادەکاری مەراسیم لەلایەن تاڤگە ئیبراهیمەوە خوێنرایەوە و ئینجا سوهەیلە قادر مێژووچەی یەکی ئایاری خوێندەوە و شیعرێکی مەشخەڵ لەلایەن عەبدوڵای نەسیج خوێنرایەوە. شایانی وتنە عەریف مەراسیم کاک تەها قەڵادزێیی بوو، من خۆم لە خوارەوە سەرپەرشتی هەموو جووڵە و مەسەلە ئەمنییەکانم دەکرد و کاتێکیش دوای تەواوبوونی پرۆگرامەکەمان، بەوجۆرەی رێککەوتبووین ئیشارەتێکم بۆ کاک تەها کرد و ئەویش سەرکەوتووانە کۆتایی بە مەراسیمەکە هێنا.

ئەو مەراسیمەی کارگەی نەسیجی هەولێر بووە ئەزموونێکی چاک و پتەو بۆ ئێمەی هەڵسوڕاوان و تەنانەت ڕەوتی کۆمۆنیستیش. بزووتنەوەی چەپ و ئەندامانی ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەوکات (ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی خەبات کۆمۆنیستی کرێکاری و بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار و خەڵکانێکی ڕادیکاڵی دەرەوەی ئەوانیش)، جگە لە بەرپاکردنی مەراسیمە کرێکارییەکان، لەهەمان کاتیشدا بەدوای باشترین ئامرازدا دەگەڕان کەبتوانن خەباتی جەماوەری خۆیان پەرە پێبدەن و بەرگرییەکیش لە بوونی خۆیان بکەن وەک بێکارێک. ئەوە بوو بێکاران و بەدەستەوەگرتنی ئامڕازی یەکگرتنی بێکاران وەک ئەڵقەیەکی بنەڕەتی خەباتی ئەو سەردەمە بایەخی خۆی پەیدا کرد. ڕۆژی دووی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ ئەم باسەم لای چەند هاوڕێیەک وەک سیروان عەلی و جەماڵ کرێکار باس کرد و ئەوانیش لەناو هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستیدا باسیان لەوە کرد کە کۆبوونەوەیەک ساز بدەین و ئەوە بوو یەکەمین کۆبوونەوەی هەڵسوڕاوان لە ٣٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ لە باخچەی کڵکەند بە ئامادەبوونی زیاتر لە پەنجا هەڵسوڕاو گرێدرا و یەکێتیی بێکارانی هەولێر هاتە دامەزراندن. لەو کۆبوونەوەیە، من کۆبوونەوەکەم بە باسکردن لەسەر دیاردەی بێکاری و ئاکامەکانی لەسەر ژیانی خەڵک دەست پێکرد و ئینجا لەلایەن

هاوڕێیانەوە قسەباسی لەسەر کرا و دوای لێکتێگەیشتن دەستەیەک بۆ پێکهێنانی یەکێتیی بێکاران دیاریکرا. دواتر دەستەکە لە باخی خانزاد کۆبووینەوە و لەوێ وردتر کەوتینە ئیش و لیژنەیەک دیاریکرا بۆ نووسینەوەی بەیاننامەی ڕاگەیاندن کە بریتیبوون لە من، جەماڵ چاوشین و عەبدولڕەحمان مەولود. من بەیاننامەکەم نووسی و بۆ شەوێ چووینە ماڵی هاوڕێ جەماڵ چاوشین و لەوێ دوای دەستکاری یەک دوو وشەیەک، بەیاننامەکە پەسندکرا و بردمانەوە بۆ لیژنەی کاتی و ئەوانیش پەسندیان کرد و ئینجا بەژمارەیەکی زۆر بڵاومان کردەوە. ئەمە دەقی ڕاگەیاندنەکەیە:

## ڕاگەیاندنێکی بزووتنەوەی بێکاری

*بێکاری؛ ئەو دیاردە شووم و کارەسات هێنەرەیە کە هەر ئەمڕۆ بەرۆکی زۆربەی هەرەزۆری ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووە و مەنجەنیقی برسیەتی و نزمی لە رادەبەدەری ئاستی ژیانی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێناوین. شەڕی چەند ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و پاشان کارەساتی خەلیج و دواتر گەمارۆی ئابوری ئیمپریالیستەکان لەسەر عێراق و هەروەها گەمارۆی ئابوری ڕژێمی بەعس لەسەر کوردستان هەرچی زیاتر زەمینەی بێکاربوونیان فەراهەم کردووە و بیانوویەکی گونجاویان داوەتە دەست دەسەڵاتداران بۆ شەرعیەت پیدانی ئەم دیاردە دژی ئینسانییە. بەم پێیە بەرداشی ئەزمەی بۆرژوازی، ژیانی هاڕیوین و باری قورسی سەرشانی ئێمەی بێکاریان بەسەدان جار زیاتر لەجاران قورستر و قورستر کردووە و ئاسۆیەکی ڕەش و تاریک، دڵ و دەروونی خەڵکی بێکاری داگرتووە، کارەسات دوای کارەسات کۆتایی بەژیانی ئینسانە برسی و بێکارەکان دێنێ.*

جەماوەری بەرینی بێکاران: لەپێناو سووککردنی ئەم بارە قورسەی سەرشانمان، وە لەپێناو بەرگرییەک لە ئینسانییەت و ڕێگا گرتنێک لەو کارەساتانەی کەڕۆژانە لەگۆشە جیاجیاکانی ئەم کۆمەڵگایەوە دەبینرێن و دەبیسترێن، با لە دەوری یەکتر کۆبینەوە بەشیعاری (تەئمینکردنی ژیانمان) لەڕێگەی دۆزینەوەی (کاری گونجاو) یان دەستەبەرکردنی مووچەی مانگانە بۆ تەواوی بیکاران تا کاتی دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لە دارایی کوردستان، هەروەها دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان لە خۆراک و سووتەمەنی و داو و دەرمان و ..تاد.

بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە کۆمەڵێک لە بێکارانی شاری هەولێر ساغ بووینەوە لەسەر پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی جەماوەری بێکاران کە لە ڕۆژی ٣٠-٦-١٩٩٢ زیاتر لە ٥٠ بێکار کۆبووینەوە و پاش قسەوباس و لێکۆڵینەوە لە پێویستییەکانی ڕێکخراوێکی جەماوەری بێکاران توانیمان لیژنەیەکی کاتیی دیاری بکەین و دەست بەکار بین بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە.

هەروەها پێتانی ڕادەگەیێنین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بانگەوازێک بڵاو دەکەینەوە بۆ بەرپاکردنی کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکەمان.

ژنان و پیاوانی بێکار، چاری ئێمە تەنها یەکگرتن و کۆبوونەوەمانە لەدەوری یەکتر و پشتیوانی کردنمانە لە یەکتر. با دەست لەناو دەست یەکگرتووانە بێینە مەیدان و ڕێکخراوێکی جەماوەری بێکاران پێک بێنین و لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ و لە مەیدانی کار و شوێنی کۆبوونەوەمان قسەوباس لەسەر ئەم ئەرکە بنەڕەتییەمان بکەین و لەدەوری داخوازییە ڕەواکانمان کە لانی کەمی ژیانێکی مرۆڤانەش نین کۆببینەوە و بتوانین هێزی کۆمەڵایەتیمان یەکپارچە بهێنینە مەیدان.

بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری بێکاران

*بە یەکگرتن و ڕێکخراوبوونمان داخوازییەکانمان دێتە دی.*

*لیژنەی کاتیی بزووتنەوەی بێکارانی هەولێر*
*١٩٩٢-٧-٥*[٤٨]

بناغەی یەکێتیی بێکاران بریتی بوو لە کۆبوونەوەی گشتی. ئەمە خاڵی جەوهەری میکانیزمی ڕێکخراوەییمان بوو. هەموو بڕیارێک لە کۆبوونەوە گشتییەکانەوە




کۆبوونەوەی بێکارانی قوشتەپە لەناو یەکێک لە قوتابخانەکان. ئەوەی
دەناسرێتەوە خالید، ڕیاز کاکەشین، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، گۆران عەبدوڵا.
بەڕێزەکانی تر ناناسمەوە. قوشتەپە ١٩٩٢

دەدرا. هەر دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی لیژنەی کاتیی بزووتنەوەی بێکارانی

---

[٤٨] لەکاتی نووسینەوەی ئەم ڕاگەیاندنە و سەروتاری دەنگی بێکاران دەستکاری ڕێنووسم کردووە.

هەولێر لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٩٢، لیژنەی کاتیی بڕیاریدا شوێنێک پەیدا بکات بۆ ناونووسی بێکاران. لەلایەکی تریشەوە چونکە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی بێکاران هەموویان هەڵسوڕاوی سیاسی و چالاکوانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوون، بەئاسانی درکیان بە پێویستی زمانحاڵێک دەکرد بۆ ئەو بزووتنەوەیە. لیژنەی کاتیی چالاک بوو و زوو زوو کۆبوونەوەی دەکرد. لە مانگی حوزەیران لە کۆبوونەیەکی لیژنەی کاتی ناوی بزووتنەوەی بێکارانمان بە کۆی دەنگ گۆڕی بە یەکێتیی بێکاران -هەولێر. بۆ پەیداکردنی جێگایەک کە لێی دابنیشین، ئەوە بوو توانیمان گازینۆی باکوور بەدەست بهێنین دوای ئەوەی هاوڕێیانی لێژنەی کاتی کە کاک گۆران عەبدوڵا (بەرپرسی سایتی دەنگەکان) ڕۆڵی سەرەکی تیا بینی لە زامنکردنی ئەو گازینۆیە. ئەوەبوو ڕۆژانە دەچووینە ئەو گازینۆیە و تابلۆیەکمان پێوەی هەڵواسیبوو و هەورەها کاک گۆران دەفتەرێکی کڕیبوو و ناوی بێکارانی تیا تۆمار دەکرد. هەرچەند سەرەتا ئەم کارەی ئێمە لەلایەن هەندێ کەسانی نا جەریئی بەناو کۆمۆنیستەوە جێی بایەخ نەبوو و کەسی وا هەبوو نەیدەوێرا بێتە ئەو گازینۆیە و تەنانەت بیستمانەوە وتبوویان یەک دوو ڕۆژی تر ئاسایش لەو بانەوە بەشەق دەیان هێننەوە خوارەوە. بەڵام عەزمی پۆڵایینی لیژنەی کاتی و هاوڕێیانی هەڵسوڕاو هەر زوو ئەو قسە بێ بنەمایانەیان پووچەڵ کردەوە و جێی پێی خۆیان قایم کرد و کار و هەڵسوڕاوییان وای کرد زۆرێکی وەکو هەر ئەو کەسانە پەشیمان ببنەوە و پەلەپرووزەی ئەوە بکەن بێنە ناو یەکێتیی بێکاران و چمکێک لە شانازییان بەرکەوێت. ئێمە هەموو ئێوارانێک لەو گازینۆیە بووین کە کەوتبووە سەر ڕاستەشەقامی نێوان باتا و ئەسواق سیروان لە خوار فلکەی ئاشتی. لێژنەی ئیعلامیش کە من و کاک گۆران و عەبدولڕەحمان و جەماڵ چاوشین بووین، توانیمان دەست بکەین بە ئامادەسازی بۆ دەرکردنی یەکەمین ژمارەی دەنگی بێکاران. من وەک سەرنووسەر دیاریکرام و دەستم کرد بە ئیش بۆ ڕۆژنامەکە. ئەوە بوو ژمارە یەکی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران وەک ڕۆژنامەی یەکێتیی

بێکاران- هەولێر لە مانگی ئابی ١٩٩٢ هاتە بڵاوبوونەوە. من گەرچی سەرنووسەر بووم، بەڵام نە ناوی سەرنووسەرمان لەسەر نووسی و نە بابەت و وتارەکانمان بە ناوەوە بڵاو کردەوە. ئەمەش خاڵی لاوازی ڕۆژنامەکە بوو. چونکە نەدەزانرا کێ چی نووسیوە و کێ چی دەڵێت. سەروتاری ژمارە یەکی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بەناوی (دەنگی بێکاران دەیەوێت چی بکات؟) لە نووسینی سەرنووسەر عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) بوو کە لەژێر ناوی (دەنگی بێکاران)دا بڵاو کراوەتەوە، کە سەرخەت و ستراتیژییەتی ڕۆژنامەکە و سیاسەتی ڕێکخراوەکەی دەستنیشان کردبوو. کە ئەمەی خوارەوە دەقی سەروتارەکەیە:

## *دەنگی بێکاران دەیەوێت چی بکات؟*

*یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بردنەپێشەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی بێکاران و وەڵامدانەوە بە گیروگرفتەکانی بەردەم گەشە و هەڵدانی جەماوەرییانەی یەکێتیی بێکاران بوونی ڕۆژنامەیە کە بەوپەڕی هەڵسوڕاوی جیدییەوە لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی لەشکری بێ ئەژماری بێکاراندا نەخشەدانەری فراوانتربوونەوەی خەباتی جەماوەری بێکاران بێت. دەنگی بێکاران ئەم هۆکارە سەرەکییەیە و دەیەوێ بەم کارە هەستێ. دەنگی بێکاران زمانحاڵی بزووتنەوەی بێکاران و دەنگی هەر بێکارێکە کە تیاچوون و توانەوەی ماددیی و ڕوحیی ڕۆژانە هەڕەشەیان لێ دەکات. ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران تێدەکۆشێ لەپێناو بەدەستهێنانی تەواوی داخوازییەکانی بێکاران و تەئمین کردنی ژیانیان، تێدەکۆشێ بۆ فراوانترکردنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستنی بێکاران و هەوڵ دەدات تەواوی بێکاران لە دەوری ئامانج و داخوازییە ئینسانییەکانی خۆیان کۆبکاتەوە، دەنگی بێکاران مینبەری واقعی و دیموکراتی هەر بێکارێکە و ڕێگا بە هەر بۆچوونێک دەدات لە تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیەوە لە هەوڵی*

*بەجێهێنانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی بێکاران بێ و ڕێ بەهەر (احتکار)ێکیش دەگرێ کە دەیەوێ لاپەڕەکانی بکاتە مەیدانی تەراتێنی سیاسەت و بۆچوونی سیاسییانەی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو و هەروەها ڕێ دەگرێ لەهەر بۆچوونێکی شەخسی و تاک مەیلی کە لەواقیعدا دەبێتە کۆسپ لەبەردەم بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکەمان. ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو ئاسۆیەک کە ئەم ڕۆژنامەیە بۆی دەڕوانێ و چوارچێوەی هەنگاوەکانی دیاری دەکات هەمان ئەو ئاسۆ و تێروانینییە کە بزووتنەوەی بێکاران لەڕاگەیاندنی ٥-٧-١٩٩٢ دا بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها دەنگی بێکاران لە هەوڵی بەردەوام بوونی کۆبوونەوەی گشتی بێکاران دەبێ و بە هەموو توانایەکییەوە تێدەکۆشێ ئەم شێوازە خەباتکارانەیە پەرە پێبدات و هەر ئێستاش لە هەوڵی خۆشکردنی زەمینەی کۆبوونەوەیەکی گشتی فراوان دەبێت. بەکورتی ئەم ڕۆژنامەیە دەیەوێ ڕەنگدانەوەی ژیان و خەباتی بێکاران بێ و سەرسەخترین هەڵسوڕاوی مەیدانی خەباتی جەماوەری لەشکری فراوانی بێکاران بێ. خاڵی سەرکەوتن لەم ئەرکەماندا بێجگە لە لایەنی تەکنیکیی و هونەری ڕۆژنامەکە، بەدەستەوەگرتنی تێروانینی ڕۆژنامەکەیە لەلایەن بێکاران و یارمەتیدانییەتی بە نووسین و هەر شێوازێکی تر بۆ زیندوو ڕاگرتنی. هەر بابەتێکیش ئەگەر لەگەڵ ئاسۆ و ئامانجی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی بێکاراندا نەیەتەوە مافی بڵاوکردنەوەی لەدەست دەدات. دەستەی نووسەران هەقی دەستکاریکردنی هیچ بەرهەمێکیان نییە، بەڵام ئازادن لەبڵاونەکردنەوەی هەر بەرهەمێک کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی بزووتنەوەی بێکاران.*

وەک چۆن سەرنووسەر دیاریکرابوو و ناوی لەسەر رۆژنامەکە نەنووسرابوو، ئاواش دەستەی نووسەران کە بێجگە لە من ئەم هاوڕێیانە بوون: گۆران عەبدوڵا،

جەماڵ چاوشین و عەبدولرەحمان مەولود، ناویان لەسەر ڕۆژنامەکە نەنووسرابوو. هەر لە ژمارە یەکی دەنگی بێکاران دوو دروشمی تیا بڵاو کراوەتەوە:

یەک: دابینکردنی تەعویزی بێکاری بۆ هەموو بێکارێکی ئامادە بەکار.
دوو: کاری گونجار بۆ هەموو بێکارێکی ئامادە بەکار.
بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا ئامانجەکانی ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لەکوردستان دەتوانم ئاوایان دەستنیشان بکەم:
یەک: دابینکردنی کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری بۆ تەواوی بێکارانی کوردستان لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم.
دوو: ڕێکخستنی جەماوەری بەرینی بێکارانی کوردستان.
سێ: هۆشیارکردنەوەی بێکارانی کوردستان بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان.
چوار: دروستکردنی پەیوەندی و لێکهەڵپێکرانی کرێکارانی لەسەر کار و بێکاران لەدەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان.
پێنج: بڕەودان بەکاری قانوونی و ئاشکرا لە کوردستان (کە تا ئەوکات ئەزموونی لەو چەشنەمان لەبەردەستدا نەبوو).
شەش: جێخستن و بەڕەسمیەت ناسینمان لەلایەن حکومەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی ئەوسای گۆرەپانی کوردستان.
حەوت: بڕەودان بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی ئاشکرا.
هەشت: پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دەرەوەی وڵات و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی.
هێندەی نەبرد وەک لیژنەی کاتیی هەوڵماندا جێگایەکی تر پەیدا بکەین وەکو بنکە چونکە بێکاران بەردەوام سەردانیان دەکردین. ئەوەبوو لە شەقامی شێخ چۆلی لە تەنیشت گەراجی خەبات، ژوورێکمان بەکرێ گرت و نووسینگەمان کردەوە.

لیژنەی عیلاقاتیش لە هەوڵی ئەوە دابوو پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازە بیانییەکان دابمەزرێنێت و لەمەشدا تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوو. ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانیش لە پەیوەندی دابوو لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و هەروەها لەگەڵ ڕێگای کوردستان و ئاڵای ئازادیش پەیوەندی هەبوو. دواتر ئەو پەیوەندییانە فراوانتر بوونەوە. ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لە دوای ژمارەی یەک ئیتر کەسەکان کەوتنە خۆ و هەر کەس بەناوی خۆی یان نازناو بەرهەمیان بڵاو دەکردەوە من خۆم بە سێ ناوی جیاوازەوە بەرهەمم لە دەنگی بێکاران بڵاو کردۆتەوە. شیعرم بەناوی (مەشخەڵ) و بابەتی تریشم بەناوەکانی (عەبدوڵا سلێمان) و (ئاکۆ عەزیز)ەوە بڵاو دەکردەوە. بێکارانی هەولێریش دوای ئەوەی زانیان یەکێتیی بێکاران ناونووسی دەکات بەردەوام دەهاتنە بنکە و ناویان دەنووسی و ئێمەش ناسنامەمان بۆیان دەکرد و دەبوونە ئەندام. هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی بێکاران- هەولێر بە هەموو کوردستاندا بڵاو بۆوە و هەر زوو هەڵسوڕاوانی شاری سلێمانی کەوتنەخۆ و چالاکانە هاتنە مەیدان و کۆبوونەوەی خۆیان گرێدا و نوێنەریان نارد بۆ هەولێر بۆ لای ئێمە و دوای چەندین کۆبوونەوە و قسەو باس لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ڕێکخراوەکە سەرتاسەری بکەینەوە کە ئەوە ئامانجی لیژنەی کاتی بێکارانی هەولێر بوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە. لە پرۆسەی سەراسەری بوونەوەی یەکێتیی بێکاران لیژنەی کاتی یەکێتیی بێکاران -هەولێر و سلێمانی زەحمەتییەکی وا نەهاتە ڕێ، چونکە مەسەلەکان ڕوون بوون و ناوی ڕێکخراوەکەمان بوو بە ( یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) و لیژنەیەکی باڵا هەبوو کە لە ژمارەیەک هەڵسوڕاو پێکهاتبوون: گۆران عەبدوڵا، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، عەبدولڕەحمان مەولود، جەماڵ چاوشین، وەستا سابیر، ئەنوەر سوور، حاجی ئەنوەر، ئەکرەم نادر چاوشین، ئازاد کەریم، سەردار حەمید، سیروان عەلی، دیدار، سەردار عەبدوڵا حەمە، فەرەیدوون، فرهاد

فەرج، ریاز کاکەشین، دڵشاد، شەماڵ عەلی و ...[٤٩] هەمئاهەنگییەکی جوان لەنێوان لیژنەی باڵادا هەبوو و یەکێتیی بێکاران لە هەولێر و سلێمانی قەتیس نەمان و پەلوپۆیان هاویشت بۆ ژمارەیەکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.
ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست هەر لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتیی بێکارانەوە لەپشت ئەم بزووتنەوەیە وەستا و پۆتانشیاڵێکی زۆری سەرف کرد




کۆبوونەوەی گشتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان / سلێمانی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣

لەپێناو سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە. یەکێتیی بێکارانیش تا دەهات لە شۆڕوشەوقدا بوو. گەشەی دەکرد و ئەندامگیری دەکرد. لێژنەی ئیعلامیش ژمارە لە دوای ژمارەی دەنگی بێکارانی بڵاو کردەوە. لیژنەی ئیعلام و لیژنەی عیلاقات دوو لیژنەی گرنگ بوون لەناو لیژنەی باڵادا. بەڕاستی ئەم دوو لیژنەیە

---

[٤٩] شایانی وتنە بەشێک لەم هاوڕێیانە بەردەوام ئەندامی لیژنەی باڵا بوونە و بەشێکی تریشیان تەنها لە دەورەیەکدا ئەندامی لێژنەی باڵا بوونە.

دیاریکەری سیاسەتی ڕێکخراوەکە بوون. بۆ لیژنەی عیلاقات یان پەیوەندییەکانی دەرەوە لەم گۆشەنیگایەوە بوو. بناغەی پەیوەندی ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە دوو ئاستی جیاوازدا دەچووە پێش. سەرەتا لەگەڵ ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەئاستی لێکهەڵپێکران و تێکچڕژانێکی سەیر بوو کە هەم ئێمە خۆمان بەخاوەن و پاڵپشتی ئەو ڕێکخراوانە دەزانی و هەم ئەوانیش ئێمەیان بە موڵکی بزووتنەوەکە لەقەڵەم دەدا. دەڵێم بەموڵکی بزووتنەوەکە نەک موڵکی چینی کرێکار. بەڵام هەرچی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی پاشکۆی دەسەڵات بوون ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا لە دیدگا و تێڕوانینی ئەوکاتمان بۆ خەباتی کاری قانوونی و عەلەنی دەبردە پێشەوە. ئێمە سڵمان نەدەکردەوە لەپەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی ئەوسای گۆرەپانی کوردستان ئەویش بەو دەلیلەی کە دەمانویست کۆمەڵایەتی ببینەوە و باشتر بناسرێین و هەروەها کۆمەک و یارمەتی بۆ ڕێکخراوەکەمان بەدەست بهێنین. ئێمە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ حیزبی شیوعی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسی و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە و ئاڵای شۆڕشی ئەوکات و پارتی کاری سەربەخۆ، بەرەی هاوکاری بۆ ڕزگاری گەل، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان. لیژنەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان  لەگەڵ هەر ڕێکخراوێک یان پارتێک پەیوەندی دابنایە دەبوو لەسەر دوو پرەنسیپ بوایە.

یەک: ئەو پارتە یان ڕێکخراوە دەبوایە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی لەگەڵ بەعس نەبوایە.

دوو: دەبوایە دەستی بەخوێنی جەماوەری کوردستان سوور نەبوایە.

یەکێتیی بێکاران لە کوردستان زۆر پێویستی بە پاڵپشتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەبوو و هەوڵیشمان دەدا ئەو پەیوەندییانە پەرە پێبدەین تا ئاستی کۆمەک پەیداکردن بۆ ڕێکخراوەکەمان بەڵام بەبێ هیچ موقابلێک. حیزبە سیاسییەکانیش، یەکێتیی بێکارانیان بەڕەسمی دەناساند و لەئاستی کۆمیتەی

ناوەندی و سەرکردایەتی دانیشتنمان لەگەڵیاندا ساز دەکرد و ئەوانیش هەندێکجار کۆمەکیان دەکردین و بەیاننامەکانی ئێمەیان لەڕۆژنامە و ئۆرگانە


دەنگی بێکاران
ڕۆژنامەی یەکێتی بێکاران ـ هەولێر
ژمارە (١)　ئابی ١٩٩٢　نرخی (٥٠٠) فلس

«دەنگی بێکاران» دەیەوێت چی بکات؟

بێکارکردنی زیاتر لە (١٠٠) کرێکاری (مجزرە)ی دواجنی هەولێر

دیاردەی بێکاری

ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران ژمارە یەک ئابی ١٩٩٢

حیزبییەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە. ئێمە ئەگەر چی ئەم پەیوەندییەمان دادەمەزراند، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا زمانی دایەلۆگ و لێک تێگەیشتنمان لاواز بوو. زمانی پەیوەندییەکانی ئێمە بەدەر نەبوو لەزمانی گوتاری

ڕێکخراوەکە. بۆیە لەدانیشتنەکانمان هەمیشە سێبەرە گومانێک لە پەیوەندییەکانمان هەبووە. با نموونەیەک بێنمەوە:
لەساڵی ١٩٩٣ دانیشتنێکمان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعیی عێراقی سازدا. مام ساڵح ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە باسی ڕابردووی حیزبی شیوعی دەکرد. کەچۆن پەنجا ساڵە خزمەت بەکرێکارانی عێراق دەکات. یەکێک لە قسەکانی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ئەوەبوو کە حیزبی شیوعی عێراقی پەنجا ساڵە خیانەت بە چینی کرێکاری عێراق دەکات. یان ئەو دانیشتنەی لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵای موهتەدی و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە گرێدرا، لەجیاتی جەختکردنە سەر بێکاران و گیروگرفتەکانمان (گەرچی باسی هەندێ گرفتمان کرد وەکو گرفتی دارایی) شەو تا درەنگانێ موناقەشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کرا. هێنانەوەی ئەم نموونانە بەبڕوای من بایەخی خۆی هەیە لەناسینی گوتاری ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و هەروەها زمانی گفتوگو.
هەرچۆنێک بێت، لەدوای بڵاوبوونەوەی دوو سێ ژمارەی دەنگی بێکاران، لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکارانی هەولێر بڕیاریدا کۆبوونەیەکی گشتی بێکاران لە هەولێر ساز بکات. ئەوە بوو کۆبوونەوەکە لە ١١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبییە بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٤٥٠ کەسی بێکار ساز درا. ئەو کۆبوونەوەیە یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی بێکاران/ هەولێر بوو. وتاری لیژنەی کاتی یەکێتیی بێکاران / هەولێر و لیژنەی کاتی یەکێتیی بێکارانی سلێمانی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕانیە و قەڵادزێ خوێنرانەوە، ئینجا ڕاپۆرتی گشتی کار و چالاکییەکانی شەش مانگی ڕابردووی یەکێتیی بێکاران/ هەولێر کە من نووسیبووی، لەو ڕاپۆرتەدا تەواوی کار و چالاکییەکانی یەکێتیی بێکاران / هەولێر خرایە بەر باس و هەڵسەنگاندن و ئەرکەکانی داهاتووی خۆشی بەم شێوەیە دەستنیشان کرد:
یەک: بەڕێخستنی گروپی تەبلیغی و پڕوپانگدەیی لە پێناو فراوان کردنی پایگای جەماوەریی.

دوو: پەیوەند گرتن لەگەڵ لایەن و حزبە سیاسییەکان.
سێ: پێکهێنانی لیژنە لە شارو شارۆچکەکانی دەروبەری شاری هەولێر.
چوار: گرنگیدان بە بزووتنەوەی بێکاری لە شار و شارۆچکەکان بە تایبەت سلێمانی.
پێنج: بەستنی کۆڕێک سەبارەت بە دیاردەی بێکاری.
شەش: درووست کردنی تراکت لەوحاتی هونەری لە سەر دیاردەی بێکاری و ئاکامەکانی.
حەوت: دارشتنی بەرنامە و پەیڕەو.
هەشت: گەشەپێدانی ڕۆژنامەکە و بەردەوام دەرچوونی کە لەو کاتەدا ژمارە سێی بڵاو ببووەوە.[٥٠]

بەمجۆرە بوو یەکێتیی بێکاران لە پشتیوانی و سەپۆرتێکی ناوخۆیی بەهرەمەند بوو کە بۆ ئەو کۆبوونەوە گشتییە دەیەها بروسکەی پیرۆزبایی پێگەیشت، وەک:
بروسکەی ئافرەتێکی بێکار بنەسڵاوە
بروسکەی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاریی
بروسکەی ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە لە هەولێر
بروسکەی کرێکارێکی نەسیج
بروسکەی بێکار فریاد گۆپتەپەیی
بروسکەی کرێکارێکی سەناعەی جنوبی
بروسکەی باغەوان عەبدولخالیق
بروسکەی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی دەرچووانی کوردستان
بروسکەی دەستەیەک لە دەستفرۆشانی هەولێر
بروسکەی دەستەیەک لە کرێکارانی دارەتوو

---

[٥٠] بروانە ڕاپۆرتی لیژنەی کاتی یەکێتی بێکاران/هەولێر بۆ کۆبوونەوەی گشتی بێکارانی شاری هەولێر نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران، ژمارە ٧ و ٨ سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٩٣ لاپەڕە ٧.

بروسکەی کرێکارانی کارەبای هەولێر
بروسکەی هاوکارانی پەیامی کرێکار لە هەولێر
بروسکەی سەرنجی کرێکار
بروسکەی گۆڤاری نینا
بروسکەی کۆمیسیۆنی ئاڵای شۆڕش
بروسکەی پاکەت فرۆشانی شێخەڵڵا
بروسکەی لیژنەی عەلەنی ڕەوتی کۆمۆنیست
بروسکەی چەند دەستە و کۆڕ و حەلەقاتی کرێکاریی لە سلێمانی
بروسکەی کرێکارانی مەیدان لە هەولێر[٥١]

لەو کۆبوونەوەیە دوای خوێندنەوەی کارنامەی یەکێتیی بێکاران بۆ خەباتی داهاتووی، لیژنەی یەکێتیی بێکاران هەڵبژێردرا کە بریتبوون لە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، گۆران عەبدوڵا، سەردار حەمید، سیروان عەلی، جەماڵ چاوشین، عەبدولڕەحمان مەولوود و جاسم شادی. ئیتر لەسەر هەمان ڕێچکە یەکێتیی بێکارانی سلێمانیش کۆبوونەوەی بێکارانی خۆیان لە ١٦ ی نیسانی ١٩٩٣ سازدا. ئەم ڕێکخراوە مەزنە وردە وردە گەشەی زیاتری دەکرد و زۆربەی شار و شارۆچکەکان هەڵسوڕاوانی بێکاران کۆبوونەوەی گشتیان دەکرد و یەکێتیی بێکارانی ئەو شوێنەیان دادەمەزراند، وەک دارەتوو، قوشتەپە، کەلار، دەربەندیخان، ڕانیە، کۆیە، سمود ...تاد. بەڵام ئەم گەشەکردن و بەرەوپێشچوونە هەروا بە ئاسانی بەڕێوە نەچوو. وەکچۆن ململانێی سیاسی لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەبوو، ئەو ململانێیە هێنرایە نێو ئەم ڕێکخراوەوە. ئیتر بەشێک لە کادیرە باڵاکانی ئەم ڕێکخراوە لەجیاتی ئیشکردن لەسەر ڕێگرییەکانی بەردەم

---

[٥١] بڕوانە ڕاپۆرتی لیژنەی کاتی یەکێتی بێکاران/هەولێر بۆ کۆبوونەوەی گشتی بێکارانی شاری هەولێر، نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران ژمارە ٧ و ٨ سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٩٣ لاپەڕە ٤ ی ٥.

خەباتی بێکاران، دەبوایە وەڵامی ئەو گرفتە زیهنییەی چەپی وردەبۆرژوازی بدەنەوە. یەکەمین شت دەیانویست ڕۆڵی دەستپێشخەری رابەران و دامەزرێنەرانی ئەو بزووتنەوەیە بخنە ژێر پرسیارەوە و ڕۆڵی ئەو ڕابەرانە لە یەکەمین هەنگاوەکانی دروستبوونی یەکێتیی بێکاران ڕەش بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جەماڵ چاوشین هەوڵی جییددی دەدا لەم بوارەدا و دەیوست موبادەرەی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) وەک یەکەمین دەستپێشکەری بەرپاکەردنی ئەو بزووتنەوەیە بسڕێتەوە. هەرچەندە لە ژمارە نۆ یان دەی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بە پیلانێک ئەم دەست پێشکەرییەی منی لەلایەن لیژنەی باڵاوە کە ئەوساش قەناعەتم بەو بڕیارە نەبوو، چونکە دەیانویست دەوری کادیرانی ڕەوت لە بەرێخستنی ئەو بزووتنەوە بسڕنەوە، لەژێر ناوی دەنگدانی دیموکراسییانە بۆیان چووە سەر، ئەویش لە ئەنجامی دەنگدانی ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیستیش بەو پیلانە. ئیتر ئەوانەی کە سەرەتا نەیاندەوێرا بەلای بنکەی یەکێتیی بێکاراندا ڕەت ببن، هاتن و کەوتنە ئەوەی کە دەنگی بێکاران لەدەست کادیرانی ڕەوتی کۆمۆنیست دەربکەن و بۆ ئەم مەبەستەش دەیانویست سوود لە دیموکراتییەتی شوورایی وەربگرن و عەبدولڕەحمان مەولوودیان دەهێنایە پێشەوە و کۆبوونەوەیەکیان دەکرد و بە زۆربەی دەنگ جەریدەکەیان دەبرد و دوای ماوەیەک ئێمە ڕۆژنامەکەشمان لێیان دەسەندەوە و ئیتر بەوجۆرە. ئەم گەمەیە، گەمەیەکی ناشرین بوو. ئێمە خۆمان تەجرەبەمان کەم بوو، خۆمان نارۆشنیمان هەبوو لەنێوان کاری ئاشکرا و نهێنیدا، کەچی ئەم کێشانەشی هاتبووە سەر. لە سلێمانیش وەزعەکە تا دەهات بەرەو گرفت و کێشەی زیاتر هەنگاوی دەنا. ئەکرەم میهرداد کە بە ئەکرەم فەوزا ناسرابوو و لەگەڵ حاجی ئەنوەر و فەرهاد فەرەج و چەند کەسی تر، گەرچی کۆمۆنیزمی کرێکارییان قەبووڵ نەبوو و ڕەخنەیان لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەبوو، بەڵام بەردەوام کۆمەڵێ گەنکەشەی نەزۆک و بێمانایان دەهێنایە بەرباس، کە هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکارانی سلێمانیان بڕست لێ بڕیبوو. موناقەشەکانیش لەسەر چۆنیەتی

ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی دژی بێکاری نەبوو، ئەوەندەی سیاسی بوو. ئێمە خۆمان کێشەمان هەبوو. دەبوایە میکانیزمێکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ ڕێکخستنی بێکارانی کوردستان و هەروەها دەبوایە یارمەتیمان پەیدا بکردایە بۆ بێکاران و کۆمەکی بێکارانمان بکردایە نەک شەڕی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، ئاخر ئەگەر سەرنووسەرەکەت کە تواناکانی لە ئاستێکی باش دایە و خاڵی لاوازی هەیە، وەرە لاوازییەکەی دەست نیشان بکە


دەنگی بێکاران
رۆژنامەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان
سەرنووسەر
عبدالله سلیمان
ساڵی دووەم ، ژمارە (١٦ ، ١٧) ناوەڕاستی دیسەمبەری ١٩٩٣ نرخی ٢ دینارە
پاشکۆ
گفتوگۆ
لەگەڵ
"ریبوار عارف"
هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی کرێکاری عێراق
لە دەرەوەی وڵات

پاشکۆی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران کە تایبەتە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار عارف ١٩٩٣

و دەست و پشتی بگرە و مەهێڵە بکەوێ، نەک پاشقوولی لێبدەی. ئەگەر عیلاقەت نەچۆتە پێش وەرە بزانە لیژنەی عیلاقات کێشەی چییە و یارمەتی بدە، نەک ببیە ڕێگر لەبەردەم ئیشەکانی لیژنەی باڵا. بەڕاستی لە کاتێکدا کە من ئەم یادەوەرییە دەنووسم دەزانم چ وزەیەکمان بەفیڕۆ چوو. من شەو و ڕۆژم گرێدا و جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆمم بۆ ئەم بزووتنەوەیە سەرف کرد و هیچ پەشیمان نیم.

بەڵام ئیتر ئەوەش واقیعیەتێک بوو و هەروەها ئاستی گەشە و تێگەیشتنی ئێمەش بوو بۆ ڕووداوەکان و ململانێکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. جێی داخە ئێمەی هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان زۆر بەچاوێکی کەمەوە تەماشای یەکترمان دەکرد و لە بایەخ و بەهای یەکتر حاڵی نەبووبووین. ئاخر سەیرە لەکاتێکدا ئێمە وەک لیژنەی باڵا لەسەر ئاستی کوردستان لەگەڵ سکرتێری حیزبە سیاسییەکان و مەکتەب سیاسی و پەرلەمانی کوردستان و وەزیر دانیشتمان دەکرد و لەو ئاستەدا بووین، کەچی نە خۆمان ئەو مەوقیعیەتەمان بەباشی دەناسی و نە ئەو بەناو رابەرە کۆمۆنیستانەش کە هاتبوونە ناو یەکێتیی بێکاران کە ئەوەندەی خەریکی جوانترکردنی (سی ڤی)یەکانیان بوون، نیو ئەوەندە خەریکی خزمەتکردنی یەکێتیی بێکاران نەبوون.

بەهەرحاڵ ئێمە بەوپەڕی دەستکورتییەوە لەو ڕۆژانە خەریکبووین بەرژەوەندی بێکارانی کوردستانمان دەپاراست و هەوڵمان دەدا ببینە هێزی فشار بۆ سەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی باری قورسی سەرشانی خەڵکی بێکار سووک بکەین. هەر لەو سەروبەندی گیرفان بەتاڵییەدا ڕۆژێکیان هاوڕێیان عەبدوڵا مەحموود و خەبات مەجید لە سلێمانییەوە هاتن بۆ هەولێر. منیش خوڵقیانم کرد کە مێوانی من بن. ئەوانیش لەکاتی چوونەوەمان بۆ ماڵ کیسەیەک سەموون و هەندێ سەوزەواتیان کڕی و لەگەڵ دەستی خۆیان هێنایان بۆ ماڵ. کاتێک گەیشتینە ماڵ دەمە و مەغریب بوو، دانیشتن و بە پەلەپەل ویستمان خواردنێک ئامادە بکەین و کارەبا نەبوو بە دیار فانۆسێکەوە دانیشتین. دە دەقیقەیەکی نەبرد گوتیان ئێمە دەڕۆین.

- بۆ کوێ دەڕۆن؟
- ئیشمان هەیە.
- نا شتی وانییە. ئەی ڕێکنەکەوتین شەو لێرە بن و کەنگەشەی کۆمەڵێ بابەت بکەین؟

- بەڵێ، بەڵام ئێستا هاتەوە بیرمان کە کارێکی زەروور هەیە و دەبێ بڕۆین.
من دەزانم ڕۆیشتنەکەیان نە کاری زەرووری بوو و نە هیچ شتێکیان لەیاد چووبوو، بەڵکو وەختێک وەزعی نالەباری منیان بینی، تەحەمولی ئەو هەژارییەیان نەکرد و چوونە ماڵی برادەرێکی تر. هەر لەو سەردەمە کە ژیانم هەمووی دەستەنگیی بوو، شەوێکیان ئاتینی کوڕم لە ئێوارەوە تا سبەینێ گریا بۆ شیر و پارەم نەبوو شیری بۆ بکڕم. ئیتر گەیشتە سەر لووتم و بڕیارماندا خانووەکەمان بفرۆشین. بۆ ئەوەی لەو میحنەتە قوتارمان بێ یان لانی کەم ئاهێکمان بێتەوە بەر. بە پارەی خانووەکە خانوویەکی بچووکم کڕی لە گەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر و هەروەها پاسێکی ڕیمم کڕی و لە خەتی مەنتکاوە ئیشم پێ دەکرد. ڕیمەکە ماوەیەک هاورێ عارف کوردە بوو بە شەریکم و ئەو




ناسنامەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان و کۆمیتەی هەولێر

سەرەتا شوفێر بوو و منیش سەکن بووم، تا دوایی منیش دەستم ڕاهات. گەلێ یادگاری خۆشمان لەگەڵ هاورێ عارف کوردە و ڕیمەکە هەیە. جارێکیان ڕیمەکە کاک عارف لێی دەخوڕی و منیش لە پێشەوە لەگەڵی بووم، لە چوارڕیانی سی مەتری و جادەی شۆڕش لە لادایەکی تەکسیمان دا. خەتای لاداکە بوو، من و

عارف یەکسەر یەکی داریکمان گرتە دەست و دابەزین. شوفێری تەکسییەکە ترسا و هەرچەند زیانی تەکسیەکە زۆر بوو بەڵام پێدەچوو مۆڵەتی شوفێری نەبوو، دەیخواست دەنگ نەکەین و وازی لێبهێنین. ئێمەش وازمان لێهێنا. دوای ماوەیەک کاک عارف لە شەریکی دەرچوو و ئیتر پیرە ڕیمم دەهێنا و دەبرد. تا دوای چەند مانگێک بە کۆمەڵێ زیان فرۆشتمەوە و ڕزگارم بوو لە دەستی. لەم وەزعیەتە نالەبارەم کە هەموو قورسایی خەباتم لەسەر یەکێتیی بێکاران و ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، هەڵسوڕاوانی ئاوارەکانیش تا دەهات بەرچاوڕوونتر و ڕادیکاڵانەتر دەردەکەوتن و بەتایبەتی هاوڕێ قابیل عادل کە ئینتمای بۆ ڕەوتی کۆمۆنیست هەبوو. ئەوانیش کەوتبوونە خۆیان و شوان چاوشین داودی وردە وردە لێیان دوور دەکەوتەوە و هاوڕێ شاپوور عەبدولقادریش تا دەهات لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی نزیکتر دەبۆوە. من لەو ڕێکخراوەش بووم بە ئەندام و کەوتمە چالاکی و لەلیژنەی ئیعلام بووم و دواتر کە "زەنگی ئاوارە"یان دەرکرد منیش ئەندامی دەستەی نووسەران بووم.

لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، کاتێ بنیادنەرانی کۆمەڵەی ئاوارەکان دەستیان دایە کارکردن، ئەو کات بوو کە تازە خەڵکی کوردستان لە ئاوارەیی ئێران و تورکیا گەڕابوونەوە و ئەو خەڵکانەی خەڵکی ناوچەکانی ژێردەستی حیزبی بەعس بوون نەیان دەتوانی بگەڕێنەوە جێوڕێی خۆیان لە ئەنجامی سیاسیی بوون یان چالاکبوون لەو فەزا سیاسییەی دوای لەنێوچوونی دەسەڵاتی بەعس هاتبۆوە ئاراوە. ئەم خەڵکە زۆربەیان دووجار ئاوارە ببوون، جارێک لە کەرکووک وخانەقین و خورماتوو و کفری و مەندەلی و داقوق و پردێ و قەرەهەنجیر و ..تاد ، جارێکی تریش لەگەڵ خەڵکی کوردستان چووبوونە ئێران و تورکیا. بەهەرحاڵ ئەم برادەرانە بریتیبوون لە (قابیل عادل و شوان داودی و شاپوور عەبدولقادر) سێ قۆڵی وەک سەرەتایەک بۆ ئەوەی بتوانن کارێک بۆ ئاوارەکان بکەن کەوتنە ناونووسینی ئاوارەکان لە ئۆردوگاکانی بنەسڵاوە و دارەتوو و جەدیدە و کەورگۆسک و بەحرکە لە هەولێر و چەند

جێگایەکی تر کەوتنە. بەڵام قورسایی ئەم دەستەیە کە بەدەستەی ئاوارەکان دادەنرا لە هەولێر بوو. ئەم دەستەیە دەفتەرێکی گەورەی وەک دەفتەری بەقاڵەکانیان بەدەستەوە بوو ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و ناو و ساڵی لەدایکبوون و ژمارەی سەرخێزان و هەندێ وردە زانیاری تریان کۆدەکردەوە، وەکو ناو وتەمەن و پلەی خوێندەواری و خەڵکی چ شارێکی و پیشەت چی بووە و تاد. ئەم دەستەیە دوای ماوەیەک ژمارەیان لە سێ کەسەوە بوو بە پێنج شەش کەس لەوانە حاجی چالاک و عەلی سیاسی. بەهۆی نزیکایەتی قابیل عادل لە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، ئەو ڕێکخراوە لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکی و نیاز و مەرامی ئەم دەستەیە بوو. ڕەوت پێی باش بوو یارمەتیان بدات. ڕەوت لەڕێگەی هاوڕێ قابیل عادلەوە هەوڵی دا ئەو دەستەیە لە دەستەیەکی پیشەییەوە بگۆڕێت بە دەستەیەکی شۆڕشگێڕ کە پابەندی بنەماکانی کاری شۆڕشگێرانە بێت لەوانە پشتبەستن بە کۆبونەوەی گشتی و گەڕانەوە بۆ ئاوارەکان و هەڵبژاردنی نوێنەر لە کۆبوونەوە گشتییەکان و لەهەمووی گرنگتریش داخوازییە ڕادیکاڵەکانی ئەو ڕێکخراوە بوو. دواتریش بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ من و گۆران عەبدوڵا و زۆری تر پەیوەست بووین بەو ڕێکخراوەوە و لە نزیکەوە کەوتینە کارکردن لەگەڵیان. بۆیە دەتوانین وای دابنێین کە دەستەکە ناوکی سەرەکی ڕێکخراوەکە بوو کە بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا. لەگەڵ گەشەی زیاتری ئەم ڕێکخراوە و بەدەستهێنانی ئازووقە بۆ ئاوارەکان و دەرکەوتنی نیازپاکی هەڵسوڕاوەکان، ئەوە بوو بەرەی کوردستانی سەرەتا ویستی بیان کرێت و دەستەمۆیان بکات. بەڵام هەوڵەکانی بەرە بێ ئاکام مایەوە و بۆیە بەرە هەستا بە دروستکردنی ڕێکخراوی ئاوارەکان لەسنووری پارێزگای سلێمانی و دابەشکردنی خواردن و ئازووقە و هەندێ پێداویستی بەسەر ئاوارەکان لەو دەڤەرەدا. لە هەولێریش ئەوەیان کرد بەڵام هەر زوو ماهیەتی سیاسی و حیزبیی و نادڵسۆزبوونیان بۆ خەڵکی ئاوارە

دەرکەوت. واتە ئەنجومەنی ئاوارەکانی بەرەی کوردستانی جێ ئومێدی خەڵک نەبوون.

بەڵام کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان تا دەهات جەماوەریتر و خۆشەویستتر



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) مانگرتنی ئاوارەکانی کوردستان لە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان شاری هەولێر ١٩٩٣.

دەبوو لەنێو ئاوارەکان. ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی ئاوارەکان سازدرا لە قوتابخانەی ئەیوبییە و لەوێوە باشتر و بەرچاو ڕوونتر هاتە دەرەوە و کەوتە کارکردن. بەڵام ڕاستی زۆربەی کارەکان هەر ئەو سێ هاوڕێیە دەیان

کرد (شوان داودی، قابیل عادل و شاپوور عەبدولقادر). ئیتر لیژنەی باڵا دیاریکرا و ڕۆژنامەیەک هاتە وەشاندن بەناوی (زەنگی ئاوارە). ئەوەندەی لەیادم بێت من و هاوڕێ گۆران عەبدوڵا بووین بە ئەندامانی دەستەی باڵا. شایانی باسە لەو کۆبوونەوە گشتییەدا کە کۆنترۆڵی کۆبوونەوەکە بەدەست کۆمۆنیستەکانەوە بوو، چەند کەسی ناسیونالیست و مەزهەبیی ویستیان خۆ هەڵبژێرن و خۆشیان هەڵبژارد. دکتۆر ئەمین بەرپرسی بەشی عەلەنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەنگەکانی دەژمارد و لە ژماردندا بەلای کۆمۆنیستەکان دەیشکاندەوە و ئێمە هەموو ئەوەمان زانی و بێدەنگیمان لێکرد. ئەم فێڵکردنە نە دەبوو بەسەرماندا




بنکەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان/هەولێر
لەڕاستەوە: سەردار حەمید ساڵح بابان، ئاڵا حەسەن، نەناسراو، گۆران عەبدوڵا، ڕێبوار عارف، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن هاوڕێ ڕێبوار عارفەوە نێردراوە.

تێپەڕبووایە. چونکە ئێمەی کۆمۆنیست بەوە دەناسرێینەوە کە سەرڕاست و دڵسۆزین، نەک فێڵ بکەین، بەڵکو دروست دەبێت لەپشت ڕاستییەکانەوە بین و ئەو واقیعەشمان قەبووڵ بێت کە ئەگەر دژی خۆشمان بێت بەتایبەتیش کە بە هەڵبژاردن و دەنگدان هاتبێتە بوون. هەر ئەو ساڵەش ڕێپێوانێکی شکۆمەندانەی ئاوارەکانی رابەرایەتی کرد کە خۆی لە چەند هەزار ئاوارە دەدا و چوونە بەردەم پەرلەمان. ئێمە عەلی مەحموود سیاسی، قابیل عادل، شاپوور عەبدولقادر و گۆران عەبدوڵا و من، دەوری بەرچاومان هەبوو. لەو ڕێپیوانە کاتێ گەیشتینە بەردەم پەرلەمان، کۆسرەت ڕەسوڵ سواری سەیارەکەی بوو و لەگەڵ ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی تر باڵەخانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەجێهێشت و هەڵات. بیرمە بڵندگۆکەم بەدەستەوە بوو و هاوارم دەکرد شەرمە کۆسرەت ڕامەکە وەرە بزانە ئاوارەکانی کەرکووک چییان دەوێت. دواتر چوار کەس بوونە نوێنەری خۆپیشاندەران: شاپوور عەبدولقادر، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، عەلی سیاسی و حاجی چالاک و چووین لەگەڵ فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان قسەمان کرد و دوای ئەوەی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز هەندێ بەشان و باڵمانیان هەڵدا، بەڵێنیان دا ئەو داخوازییانەی کە نووسیبوومان و دامان پێیان، بەرز بکەنەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەمەش یەکێک لە شکۆمەندترین خۆپیشاندانەکان لەمێژووی شاری هەولێر بە بێ زیان کۆتایی هات. ئەو ڕێپێوانە نیشانەی ئاستێک لە ئاگایی ڕێکخەران و نوێنەرەکانی نیشاندا کە تا چەند پابەندن بە پاراستنی هێمنی و ئاسایش و سەلامەتی خۆپیشاندەران و چ دیمەنێکی مۆدێرن و ڕادیکاڵیان نیشانی کۆمەڵگەدا.

من خۆم جارێکیان دوای ئەو ڕێپیوانە لە گەڕەکی ٩٢ بە کۆڵانێکدا ڕەت بووم، ژنێکی ئاوارە و زەحمەتکێش پەنجەی بۆم درێژ کرد و بە ژنانی تری وت ئەم پیاوە لە ئاوارەکانە و لە موزاهەرەکە لەگەڵمان بوو و نوێنەرمان بوو. بەڕاستی ئەو دیمەنە زۆر دڵی خۆش کردم و وەک مەدالییەکی شانازی هەردەم لەبەرۆکی خەبات و تەمەنی خۆمی دەدەم.

جێی ئاماژەیە کە لەگەڵ هەر هەنگاوێک بەرەو ڕادیکاڵتر بوونەوەی کۆمەڵەی ئاوارەکان، شوان داودی زیاتر دوور دەکەوتەوە. کۆمەڵەی ئاوارەکان شانبەشانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و ڕێکخراوی کارگە ئەهلییەکان و کارمەندانی تەندروستی و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و کانوونی هونەری ئەدەبی شەبەنگ – نینا، بەشداری مەراسیمە کرێکاریی و ڕادیکاڵەکانی دەکرد، تا گەیشتە ئاستی پەیوەستبوون بە فیدراسیۆنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان.

لەبواری بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەریش هاوڕێ جەماڵ کۆشش دوای ڕاپەرین و بەئاشکرا کارکردنی لەبواری سیاسیدا، دیار بوو دەست و پێی ئاوەڵا ببوو هەر لە هەوڵی ئەوەدابوو لە بواری ئەدەب و هونەر شانبەشانی بواری سیاسی چالاک بێت. دوای دەرکردنی ژمارە ١٢ ی گۆڤاری ڕابەر بە تایپکراوی، کە بەداخەوە من بەشدار نەبووم تیایدا، هاوینی ساڵی ١٩٩٢ دەست دەکەن بە کردنەوەی بنکە بۆ کۆمەڵەی شەبەنگ - نینا و دەرکردنی گۆڤاری نینا. بە داخەوە ئیتر هیچ یەک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر، گۆڤاری نینا، گۆڤاری شەبەنگ، ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و ڕۆژنامەی زەنگی ئاوارە دەست ناکەون و نە پارێزراون. ئێمە بەرهەممان هەبوو، بڵاوکراوە و ڕۆژنامەمان دەردەکرد و بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئەرشیفمان نەبوو. بیری ئەرشیفکردنمان زۆر لاواز بوو. ئەو عەقڵییەتەی کە دەبێ ئەو زەخیرەیە بپارێزێت، نەمان بوو. لەئاستی ئەفراددا ئەم عەقڵیەتە لاواز بوو و لەئاست ڕێکخراو و حیزبیش نازانم ئایا هیچ هەوڵێکی لەو بارەوە هەبووە یان هەیە یان هەر نەبووە. تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم ڕێکخراو و حیزبەکانیش ئەو ئەرشیفەیان نەپاراستووە. ئەمە خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراقە. گەر بهاتایە ئەرشیفێکی مارکسیستیمان هەبووایە، ئێستا بەئاسانی دەستمان دەگەیشت بە سەرچاوەکان و دەمانتوانی بەئاسانی لاپەڕەکانی ئەو مێژووە پرشنگدارە هەڵبدەینەوە. من لەناو یەکێتیی بێکاران زۆر

سەرسامی هاوڕێی گیانبەختکردوو فەرهاد فەرەج بووم،[٥٢] (*) کە واقیعییەتی کۆبوونەکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستانی ورد ورد لە دەفتەرێکدا تۆمار دەکرد و هەر کەسێک هەر قسەیەکی کردبێت لەناو ئەو دەفتەرەدا تۆماری کردبوو. بەداخەوە دەستی ڕەشی کۆنەپەرست هاوڕێ فەرهاد فەرەجیان تیرۆر کرد و نەیان هێشت نە لەگەڵ خەونەکانیدا بژێت و نە ئەو وردکارییەی ئەو بزووتنەوە مەزنە تۆمار بکات. ئەوەشی تا ئێستا پارێزراوە هیچ لایەنێک خۆی بە خاوەنی نازانێ و ئامادە نییە ئەرشیفیان بکات. مەترسی زۆریش هەیە لەسەر فەوتانیان. جا هەر کەس و لایەنێک بەوکارە هەڵبسێت، خزمەتێکی زۆر گەورە بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەکات لە کوردستانی عێراق. ئەمڕۆ هەموو شتێک داتاو دۆکیومێنتە. تۆ ئەگەر فرسەتێکی ئەو بەداتاکردنەت لەبەردەستدا بێت و نەیکەی (جا بەهەر بیانوویەکەوە بێت) لەڕووی سیاسی و مێژووییەوە بەرپرسیار دەبیت لە ئاست بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چینی کرێکار. بەهەرحاڵ لەساڵی ١٩٩٢ کە بە قووڵی ڕۆچووبوومە نێو مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکاری عێراق و لاپەڕەکانی ئەو مێژوویەم هەڵدەدایەوە، دەستم کرد بە یاداشتکردنی مانگرتنە کرێکارییەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی چینی کرێکارەوە تا ڕاپەڕین. ئەو مانگرتنانەم لە دەفتەرێکدا تۆمار کردووە و پاراستوومە. ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ ئەم بڵاوکراوانە لە کوردستانی عێراق بڵاو دەبوونەوە:

بڵاوکراوەی پرۆلیتاری، ڕەوتی کۆمۆنیست

بڵاوکراوەی پەیامی کرێکار، یەکێتیی خەباتی کۆمۆنسیتی کرێکاری

بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار، هەستەی کرێکارانی سۆشیالیست

ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران، یەکێتیی بێکاران لە کوردستان

بڵاوکراوەی هاوپشتی، کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەکان

---

[٥٢] هاورێ فەرهاد فەرەج خەباتگێڕێ کۆمۆنیست ساڵی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لەلایەن دەستی ڕەشی ئیسلامی سیاسی تیرۆر کرا.

بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار، کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ
بڵاوکراوەی ڕێگای کرێکار، کرێکارانی بیناسازی
ڕۆژنامەی زەنگی ئاوارە، کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان
ڕۆژنامەی یەکسانی، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
گۆڤاری نینا، کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری شەبەنگ – نینا

ئەمە جگە لە ژمارەیەک بڵاوکراوەی تر بێ هیچ مەبەستێک کە ناویان لێرەدا نەهاتووە هۆیەکەی ئەوەیە بەداخەوە بیرم نەماون. ئێمە وەختێک ئاوڕ لەو


سەبارەت بە قانونی
جەمعیاتی
حکومەتی هەرێم
لێدوانی رابەران و هەڵسوڕاوانی خەباتی جەماوەری
لە کوردستان

کاژاو جمال ، صابر محمد ، سردار حمید ، خالد ، ئاشتی ، کەژال ، پرشنگ ، د . پشتیوان ، شەهلا ، سکۆ ، مظفر ، شاپوور ، سهیلە قادر ( دایکی ئالا ) ، گۆران عبداللە .

عبداللە سلیمان
ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە

نامیلکەی قانوونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم ئامادەکردنی عەبدوڵا سلێمان
(مەشخەڵ) ۱۹۹۳ هەولێر

ڕابردووە دەدەینەوە و لە یادەوەریەکانماندا وەک ئەستێرەی ئاسمان

دەدرەوشێنەوە، ئینجا دەزانین چ وزەیەکمان هەبوو، چ توانایەکمان هەبوو، چ ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانەمان هەبوو، چەند جەربەزە و عەزم پۆڵایین بووین و چەند جوان مێژووی خۆمان نەخشاندووە بەڵام بێ ئەوەی ئەو مێژوویە بپارێزین و ئەرشیفی بکەین. من بەجیددی ڕەخنە لەخۆم دەگرم کە بۆ ئەوکارەم نەکرد، بەڵام لەو ڕۆژەوەی ئەم درکەم لا دروست بووە، دەستم پێکردووە و ئێستا دەتوانم بڵێم ئەرشیفێکی بچکۆلانەم دەست پێکردووە بەوهیوایەی بتوانم ئەم ئەرشیفە گەورە و فراوان بکەمەوە و لە داهاتوودا ببێت بە بناغەی کتێبخانەیەکی سۆشیالیستی هاوچەرخ بەزمانی کوردی. من لەو ساڵانەدا هەموو بڵاوکراوە و نووسراوەکانم دەست دەکەوت و دەخوێندەوە. گەرچی ئەرشیفەکەی کۆمیتەی هەولێری ڕەوتی کۆمۆنیست و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەلای من بوو، لە سەروبەندی گیران و سووتان و بەربوونەکەمدا لەترسی تیاچوونی خۆم فەوتانم، بەڵام دوای ئەو مێژووە و بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ ەوە دەبوایە هەوڵێکم بدایە و ئەوەشی هەمبوو لە ژمارەیەک مەراسیمی کرێکاریی کە زارەکییانە وتارم داوە و قسەم کردووە و کە بریتیبوون لە نزیک بە ١٠ – ١٢ وتار و هەروەها ژمارەکانی دەنگی بێکاران و کۆمەڵێ نووسراوەی تر لە تورکیا لەکاتی چوونم بۆ کەمپی سلۆپی، تەسلیمی ئاکام محەمەدی پەیامنێری ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)م کرد تا پۆستیان بکات بۆ ئەنوەری ڕەشی عەوەڵای برای بۆ فینلاند و دوایی لەوی وەربگرمەوە. بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نە هاوڕێ ئاکام پێی گوتم چی لەو شتانە کرد و نە ناردنی بۆ ئەنوەری ڕەشی برای و نە چارەنووسی بۆ ڕوون کردمەوە. لەناو ئەم شتانەی دام بە دەستی کاک ئاکام کۆمەڵێ شیعری تازەی خۆم بوون کە دانەیەکیانم بۆ شەهید بەکر عەلی نووسیبوو. ئیتر چارەنووس وا بوو کە بەو شێوەیە ئەرشیف و کۆکراوەی شتەکانم بفەوتێن و تیا بچن. بەو ئومێدەی ئەوە دوا فەوتانی ئەرشیف و کۆکراوەکانم بێت.

لەبەر ئەوەی دیاردەی بێکاری سەرتاپای کۆمەڵگەی گرتبۆوە، یەکێتیی بێکاران لە کوردستان جگە لە سەراسەری بوونەوەکەی، توانی بەهەمان نەفەس، بوونی خۆی نەک هەر لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی، بەڵکو لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕابگەیێنێت. لەهەر کوییەک کۆمۆنیستەکان، چەپەکان بوونیان هەبوو، یەکێتیی بێکاران دەستی بۆ بردرا و هاتە دامەزراندن. چونکە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئەوەی یەکێتیی بێکارانی دروست کرد خودی خەڵکی بێکاری سەر شۆستەو شەقامەکان و کونجی ماڵە تەنگەکان و خێزانە دەستکورتەکان نەبوون، بەڵکو هەڵسوراوانی کۆمۆنیست بوون هاتن ڕۆڵی پێشڕەویان گێرا و وەک بەشێکی پێشرەوی بێکارانی کوردستان ئەو ڕۆڵە ڕابەرایەتییەیان لەو هەلومەرجە و لەو برگە مێژووییە قۆستەوە و مۆری پێشڕەوایەتی خۆیان نا بەو ساتە وەختە پڕ لە برسێتییەی کۆمەڵگەی کوردستان. بەڵام نابێت ئەو ئەڵقە ونبووەمان لەبیر بچێت کە ئەویش چۆنیەتی ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی ئەو لەشکرە لە خەڵکی برسی بوو لەلایەن ئەو ڕابەرانەوە. ڕابەرایەتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان نە ئیعلامێکی بە هێزی هەبوو، نە تەلەفیزیۆنی هەبوو، نە ڕادیۆیەکی هەبوو، نە گۆڤارێکی هەبوو. هەیبوو نەیبوو ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بوو کە چەند لاپەڕەیەک بوو و مانگی جارێک یان درەنگتر دەردەچوو. نە قاعەیەکی بەدەستەوە بوو، نە ئیمکاناتی ماددی هەبوو. بەکورتی پێشرەوانێکیٚ تا بڵێی بیٚ ئیمکانات و بیٚ سەپۆرت و پشتیوانیی، چلۆن دەتوانیٚ ئەو لەشکرە ڕێک بخات با میکانیزمی ڕیکخستنی گونجاویشی هەبێت. هەرچەندە ئەو رابەرایەتییە پشتیوانی حیزبیی هەبوو و ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی خەبات و سەرنجی کرێکار و تەنانەت پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشی هەبوو و هەروەها تا ڕادەیەکیش بەرچاو ڕوون بوو لە کارەکانی، بەڵام بوون بە هێزێکی ماددی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردستان هەروا بەو ئاسانییە نەبوو و دواتریش بینیمان چ ململانییەکمان کرد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئاسایشە سەرکوتگەرەکەی. بەرخورد کردن لەگەڵ

حکومەت دوو جەمسەرە بوو. سەریکیان یان جەمسەریکیان کە دەچووین لەگەڵ بەرپرسان دادەنیشتین بەجۆریک بوون. بۆ نموونە یارمەتیدانی وەزیری رۆشنبیری یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان شێرکۆ بێکەس بە دەنگی بێکاران، وە لەخوارەوەش هەرەشە و چاوسورکردنەوەی رێباز و سەفین مەلاقەرە و گرتنی هەڵسوڕاوانمان ببووە رۆتینیاتی ژیان. حکومەتی هەرێم وەڵامی داخوازییەکانی بێکارانی کوردستانی نەدەدایەوە. لێژنەی پەیوەندییەکان (عیلاقات) بەردەوام لەهەوڵەکانی خۆیدا دەکۆشا لەلایەکەوە رێکترین و باشترین پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و لایەنەکان و حیزبەکان دابنێت و لەلایەکی تریشەوە هەوڵی دەدا سەپۆرتی زیاتر بۆ داخوازییەکانی بێکاران بەدەست بهێنێت. بەڵام ملهوڕیی حکومەتی هەرێم و بێدەربەستی لەبەرامبەر ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگە، یەکێتیی بێکارانی گەیاندە قەناعەتێک کە رۆژی ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٣ بکاتە رۆژی خۆپیشاندانی گشتی و سەرتاسەری دژ بە دەسەڵاتی بێدەربەستی هەرێم لەپێناو داخوازییەکانی بێکاران. هەرچەند هەلومەرجەکە لەبار بوو بۆ ئەو بڕیارە، حکومەتی هەرێم وەک دژەکردارێک شاری ملیتاریزە کرد و ئابلۆقەی یەکێتیی بێکارانیدا و سەربانەکانی باڵەخانەکانی پڕ لە چەکدار کرد. ئاکسیۆنی ١٩ ی شەش دەرخەری هێز و توانا و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێ بابەت بوو. حکومەتی هەرێم دژ بەو بڕیارەی لێژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران بوو، گەلێ تەبلیغاتی ژەهراوییان دژ بە یەکێتیی بێکاران و هەڵسوڕاوان ئەنجامدا. هەروەها وەزارەتی ناوخۆ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بۆ جەماوەری شاری هەولێر کە بەشداری هیچ ئاکسیۆنێک نەکەن و ئەوانەی بانگەوازی ئەم کارەیان کردووە ئەڵقەلەگوێی رژێمی بەعسن. رۆژنامەکانیش بەتایبەتی (کوردستانی نوێ) حەملەی تەبلیغی خۆی دەست پێکرد و چەندین تەشهیر و تۆمەتی لەچەشنی (ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێن و دەستی بەعس) هەڵبەست دژ بەم کارەی ئێمە لە یەکێتیی بێکاران لە کوردستان. سبەینانێک تازە دەرگای یەکێتیی بێکارانمان کردبۆوە لە هەولێر. من و هاوڕێیان سیروان عەلی و سەردای حەمید ساڵح

لەوێ بووین ، دوو ئاسایش هاتن و منیش کەوتمە قسەکردن لەگەڵیان، ئیتر داوایان لە من کرد کە بچم لەگەڵیان بۆ ئاسایش. منیش پێیانم وت من سەرقاڵم و ئەم دوو برادەوە واتا هاوڕێیان سەردار حەمید بابان و سیروان عەلی دێن لەگەڵت. ئەوەبوو هاوڕێیان سەردار حەمید و سیروان عەلی لەگەڵ ئاسایشەکان چوون بۆ ئاسایشی هەولێر و منیش خێرا دەرگام داخست و بەپەلە چوومە خوارەوە بەرەو ناو بازاڕ. لە نزیک ئاسایشی هەولێر چاوم بە هاوڕێ دکتۆر


FOR WARDS

بۆپێشەوە

عبدالله سلیمان

سەردار حمید صالح

سیروان علی عبدالله

رابەرانی یەکێتی بێکاران لە هەولێر بۆ "بۆپێشەوە" دەدوێن

ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەی ڕەوتی کۆمۆنیست و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان سەبارەت بە ئاکسیۆنی ١٩ی شەشی ١٩٩٣.

ئەمین کەوت کە ئەویش هەر بە نیازی سەردانی ئاسایش بوو تا چەند هاوڕێیەکی کۆمۆنیست کە لەکاتی پۆستەر دابەشکردن گیرابوون، بەربدا. ئەوە بوو من و دکتۆر ئەمین چووین بۆ ئاسایش و ڕێباز و سەفین مەلاقەرە لەوێ بوون. گوتمان

هاتووین ئەو هاوڕێیانەمان کە دەستگیرکراون بەر بدەن. سەفین وتی نا ئێمە کەسمان دەستگیر نەکردووە بەڵکو ئەو برادەرانەی ئێوە خەڵک پەلاماریان داون و ئێمە لەدەست خەڵک ڕزگارمان کردوون. ڕێبازیش لە ژێرەوە هەر مۆڕەی دەکرد و چاوی لەسەرمان دانەدەگرت و وەیدەزانی موشتەری چەوری ئەوین تا بە دوو فیشەک ساردمان بکاتەوە. بەهەرحاڵ برادەرانیان ئازاد کرد و دەستمان کردەوە بە خەباتی خۆمان دژ بەو هەمەجییەتەی حکومەتی هەرێم و



کۆمەڵێ لە هەڵسوڕاوانی چەپ و مارکسیست لە مەراسیمی ڕۆژی ٨ی مارس یادی رۆژی جیهانی ژنان ،سالی ١٩٩٣ / هۆلی ڕۆشنبیری جەماوەر، هەولێر، سەر ڕێگای کەرکووک

کۆنەپەرستان. دیارە ئەمەی دەینووسم هەر تەنها گۆشەیەکی بچووکی پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتی کوردایەتییە لە هەولێر، ئەگینا لە

سلێمانی چەندین هەڵسوڕاوی بێکارانیان ڕفاند و ویستیان تیرۆریان بکەن و دەیانیان دەستگیر کردن و سەرکوتی بێپەردە بەرێوە چوو. بەڵی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەگەڵ حکومەتێکی خاوەن سوپایەک لە شەقاوە و پیاوکوژ و تاوانبار و دالدەرانی تاوانباران و هەروەها لەشکرێک لە قەڵەم بەدەستی ژەهرپڕژێن بەرەو ڕوو بوو، سەرباری ئەمەش مەترسی حیزبی بەعس و گەڕانەوەی، ئەو دۆخە پڕ لە تەنگەژە و کێشمەکێشە بوو کە دواجار لەبەر بەرژەوەندی بێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران بڕیاریدا ئەو خۆپیشاندانە نەکات و بزووتنەوەیەی بێکاران تووشی هیچ زیانێک نەبێت.

ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لە ژمارەکانی سەرەتا بە گوڕ و تینێکەوە هاتە مەیدان. جگە لە هەواڵ و خەباتی بێکارانی کوردستان، ئەوەتا ڕۆژنامەکە لە ژمارە ٢ ی ئەیلوولی ١٩٩٢ لە دوا لاپەڕە بانگەوازێک بڵاو دەکاتەوە کە ئیتر لە گۆشەیەکی تایبەتی دەبیت بەناوی (لاپەڕەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی) بۆ تیشک خستنە سەر مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی و نەقابەی عێراقی و زیندووکردنەوەی دەستکەوت و ئەزموونەکانی خەباتکارانەی ئەم چینە کە لەشکری فراوانی بێکاران بەشێکی دانەبڕاوە لەم چینە شۆڕشگێڕە. ئەم گۆشەیەش هەر خۆم جگە لە سەرنووسەریی ڕۆژنامەکە و وتارەکانی تر دەمنووسی و ئامادەم دەکرد. هەر لە لاپەڕە ٤ شیعرێکم بڵاو کراوەتەوە بە ناوی "پەڵەی خوێن"[٥٣]:

زەلووی بێکاریی
پڕ بە ئارەزووی خودای سەرمایە
دەم بە بەهاری ژیانم دەژنێ
کارەساتی نوێ

---

[٥٣] ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران، هەولێر، ژمارە ٢ ، ئەیلوولی ١٩٩٢ لاپەڕە ٤.

هەتا دێ پتر بە باڵای ژینی دەستەنگیم دەزنێ
کە سفرەم لەگەڵ نانێک نامۆ بێ!
لەتاو ناسۆری ژانی بێکاری،
تۆپەڵێ ڕق و خەم و نەفرەتم
لە دووتوێی دڵی خوای قازانجکەران
پەڵەیێ خوێنی ڕەشی حەسرەتم!
١٩٩٢-٧-٣٠

دەنگی بێکاران جگە لە ئەدەب، بایەخی زۆری دەدا بە هونەر و لە دوو توێی ژمارەکانیدا ژمارەیەک تابلۆی هونەری کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە کە بەڕاستی ڕۆژنامەکەیان ئەوەندەی تر جوانتر و پرۆفیشناڵانەتر دەرخستووە. لالێکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەڕووی مێژووییەوە بایەخی خۆی هەیە چونکە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەک بوو، وەک:

**یەک:** دەنگی بێکاران دروست زمانحاڵی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بوو و تێدەکۆشا لە پێناوبردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.

**ئەلف**: سەرتاسەری کردنەوەی یەکێتیی بێکاران و پەلوپۆ هاویشتن بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

**بێ**: جێ خستنی سوننەتی کۆبونەوەی گشتی وەکو شێوازێکی گونجاو و خەباتکارانە لە ڕێرەوی خەباتی چینایەتی بێکاران.

**جی**: وشیار کردنەوەی جەماوەری بێکارانی کوردستان بە ئاسۆ و ئامانجی ئینسانیی و خەباتکارانە و یەکخستنیان لە یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.

**دوو** – دەنگی بێکاران تێدەکۆشا هەواڵ و خەباتی کرێکاران و بێکارانی عێراق و ناوچەکە و جیهان بڵاو بکاتەوە.

١-دەنگی بێکاران تێدەکۆشا مەودا (فاسیلە)ی نێوان بێکاران و کرێکارانی لەسەر کار، نەهێڵێ و یەکێتییەکی چینایەتی هاوبەش پێک بێنێ.
٢-دەنگی بێکاران تێدەکۆشا دەرس و ئەزموونەکانی ڕابردووی چینی کرێکاری عێراق بڵاوبکاتەوە.
٣-دەنگی بێکاران تێدەکۆشا ڕوانین و بۆچوونی سیاسی خەباتکارانەی خۆی لەسەر کێشەو مەسەلە سیاسی و هەنووکەییەکانی ڕۆژ بڵاو بکاتەوە.
٤-دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بەش بەحاڵی خۆی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەر (شیعر...کاریکاتێر)ی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە.
٥-دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بۆ قانون کارێکی کرێکاریی و دیموکراتی کە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بپارێزێ و سەنگەرێک بێت لە بەرامبەر هێرشەکانی بورژوازی و خاوەن کاران.
٦- دەنگی بێکاران تێدەکۆشا بۆ جێکەوتە بوونی لە نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی و بە ڕەسمی ناسینی لە نێوەندە سیاسی و ڕەسمییەکانی کوردستان.
هەر بۆیە لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی: ڕێگای کوردستان، ئاڵای ئازادی، بۆ پێشەوە، پەیامی کرێکار، سەرنجی کرێکار، گۆڤاری دیموکراسی و تاد.
هەرچی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانە بەمجۆرە بوو کە ئاستی هونەری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لاواز بوو. ئەمەش هۆکارێک بوو کە لەئاستی دەرەوەدا مامڵەیەکی جیددی لەتەکدا نەدەکرا و تەنانەت لەبەر زۆر وردی نووسینەکان و ئیستنساخی کاڵ نەیدەتوانی بەئاسانی جێبکەوێ:
یەک - دەنگی بێکاران بە ڕووپەڕی لاپەڕەی فۆڵسکاپی چوار لاپەڕەیی و بە تیراژی ٥٠ تا ١٠٠ نوسخە بڵاو دەبۆوە و دواتریش لە شارەکانی تری کوردستاندا لەبەری دەگیرایەوە (ئیستنساخ دەکرایەوە)، دیارە ئەمە وەک سەرەتا بەڵام دواتر لاپەڕەکانی دەنگی بێکاران زیاد کرا.

دوو – دەنگی بێکاران تایپ دەکرا و دەردەهێنرا و هیچ ئیمکاناتێکی کۆمپیوتەری لەبەردەستدا نەبوو.
سێ – مۆنتاجی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران زۆر سادە و لاواز بوو، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لەمەیدان نەبوونی کادیری ئەکادیمی و پسپۆڕان لەو بوارەدا و کارنەکردنیان لە لیژنەی ئیعلامی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.
چوار – نەبوونی پلانێکی ڕێک بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان لە کاتی دیاریکراودا.
پێنج – لەئارادا نەبوونی تۆڕی پەیامنێری چالاک کە بتوانێ ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران زیندوو ڕابگرێ و پێ بە پێی ڕووداوەکان ئەویش ئامادەیی خۆی هەبێ[٥٤].

دیارە هەموو ئەم خاڵە لاوازە هونەرییانە دەتوانرا بە بوونی ئیمکاناتێکی ماڵی گەورە و بەهێز زاڵ بین بەسەریدا. بەڵام ئیتر ئەوە واقیعەکە بوو و تەنانەت هەڵسوڕاوان و ئەندامانی لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لە سەختترین وەزعی ماڵی و تاڵترین ژیاندا ئەم مێژووە پڕ لەشانازییەیان تۆمار کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یەکێتیی بێکاران لە کوردستان تا دەهات جەماوەریی تر و ناسراو تر و ڕۆژنامەکەشی لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بڵاودەبۆوە. ڕێگرییەکانی بەردەم ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران" لەو قۆناغەدا بەبڕوای من ئەمانەن:
١–تەبلیغ و هێرشێکی بەربڵاو و نەوەستاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو نەریتێکی کۆنەپەرستانەی خۆی دژ بە هەڵسوڕاوان و کادیرەکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و تاوانبارکردنیان جارێک بە (ڕەوتی کۆمۆنیست) و جارێکی تر بە دەسیسەی حکومەتی بەعس و تابووری پێنجەم، کە ئەمەش

[٥٤] بڕوانە وتاری "ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران، ئەزموون و مێژوو"، نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ڕۆژنامەی هاوپشتی کریکاری ژمارە یەک خولی چوارەم ١٥ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

کاریگەری خراپی هەبوو بەسەر زەینی جەماوەردا و لە هەندێ حاڵەتدا دەبووە تەکاندنەوەی خەڵک لە یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.
٢-سیاسەتە نادروست و نارۆشنەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوسای کوردستان، ڕەوتی کۆمۆنیست، سەرنجی کرێکار، یەکێتیی خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست و دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە بەرخوورد بە خەباتی جەماوەریی و یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و ئاراستە کردنی ئەندامەکانیان لەپێناو خزمەت کردن بە ڕێکخراو و مەحفەلە سیاسییەکانیان و فەرامۆش کردنی بەرژەوەندی جەماوەری بێکاران و دەست خستنە نێو کاروباری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و بەلاڕێ دابردنی.
٣-نەبوونی هیچ پێشینەیەکی خەباتکارانە و مێژوویی لە سەر خەباتی عەلەنی و قانونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بەتایبەتی لەبواری ڕۆژنامەوانی و


یەکێتی بێکاران و ئاکسیونی
١٩٩٣/٦/١٩

چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی . سەرنجی کرێکار ، لەگەڵ
هەڵسوڕاوانی یەکێتی بێکاران لە کوردستان .

جەمال . حاجی انور . عبدالله سلیمان . دیدار
انور صالح . شەمال . فرهاد فرج

کوتایی حزیرانی ٩٣

بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان سەبارەت بە ئاکسیۆنی ١٩ی شەشی ١٩٩٣.

دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەکو دەنگی بێکاران. ئەم نارۆشنی و ناشارەزاییە لە بواری ڕۆژنامەگەری بووە هۆی بەرجەستە نەبوونی ئەو جەسارەتەی کە ڕابەر

و کادیر بەرجەستە بکرێنەوە. بۆ نموونە ئاشکرا نەکردنی سەرنووسەر لە ژمارە سەرەتاکانی دەنگی بێکاران، لەکاتێکدا (عەبدوڵا سلێمان) بە عەمەلی سەرنووسەر بوو یان سەروتار و ڕاپۆرت و بانگەواز و هەندێ نووسینی تر بەناوی شەخسی بڵاو نەدەبوونەوە.

٤-گۆڕینی دەنگی بێکاران بەشوێنی ململانێی مەیل و تێڕوانینە سیاسییە جیاوازەکانی دەرەوەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و فەرامۆش کردنی ئەڵقەی ئەسڵی خەباتی بێکاران.

٥-نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی و لەئارادا نەبوونی هیچ پاڵپشتێکی ماددی بەردەوام لەدەرەوەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان. ئەم خاڵە کاریگەرییەکی جیددی هەبوو لەچارەنووسی خەباتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران و زۆر جاریش دەبووە هۆی دواکەوتنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە.

٦-نەبوونی تێگەیشتنێکی دروست لەمەڕ پەیوەندی سیاسی و دۆستانە و هاوکاری دەنگی بێکاران و ڕۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمە و زاڵبوونی ئەو دیدگایەی کە نزیک بوونەوە لە ڕۆژنامە ئاشکراکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە مانای بورژوازی بوونە و چوونە دەرەوە لە ئەڵقەی ڕادیکاڵیەتە!

٧-تێکەڵکردنی کاری ئاشکرا و کاری نهێنی و تێنەگەیشتن لە میکانیزمی ئەم پەیوەندییە کاریگەری نێگەتیڤی دانا لەسەر بەشێک لە هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران.

٨-کێشمەکێش و گۆڕینی سەرنووسەری دەنگی بێکاران و هاتوچۆکردنی ڕۆژنامەکە لەنێوان عەبدوڵا سلێمان و عەبدولڕەحمان مەولود دەبووە هۆی ئەوەی کەنەخشە و کار و چالاکییەکانی سەرنووسەر لە بواری بردنە پێشەوەی دەنگی بێکاران سستی تێبکەوێ و تەنانەت بوەستێ.

یەکێتیی بێکاران لە کوردستان سەرباری ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی پیایدا تێپەڕی و سەرباری هەر ناڕۆشنی و هەر ڕێگریەکیش لەبەردەمیدا بوو، توانی ببێتە خاڵێکی درەوشاوە و پڕ لەشانازی خەباتی ڕادیکاڵیزم و بێکارانی

کوردستان و ڕۆژنامەی دەنگی بێکارانیش ببێتە ئەستێرەیەک لەئاسمانی خەباتی ئاشکرا و جەماوەری کوردستان. ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی بزووتنەوەی کرێکارانی کوردستان:

- ببێتە یەکەمین زمانحاڵی ڕێکخراوێکی جەماوەری و ئاشکرای وەک یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.

- ببێتە یەکەمین بڵندگۆ بۆ لێکهەڵپێکرانی خەباتی بێکارانی کوردستان لەژێر دروشمی"کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری".

- ببێتە یەکەمین ڕۆژنامەی ئاشکرای جەماوەری بێکاران کە بەرهەڵستی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

- ببێتە یەکەمین مینبەر بۆ ئینسیجام پێدانی هەڵسوڕاوان و کادیرانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

- ببێتە یەکەمین تاقیکردنەوە و ئەزموون و بناغەیەک کە دواتر لەسەر ئەزموونە کەڵەکەکراوەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، ڕێکخراوی لە چەشنی (اتحاد العاطلین عن العمل فی العراق) دابمەزرێ، کە ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان[٥٥].

بەهەرحاڵ دوای ١٩ ی شەشی ١٩٩٣ کێشمەکێشی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و حکومەتی هەرێم کۆتایی نەهات. لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەلایەکەوە دەرگیری ئەو ژمارە زۆرەی بێکاران بوو کە ڕوویان لە بنکەکانی یەکێتیی بێکاران کردبوو، لەلایەکی ترەوە دەرگیری کێشمەکێشێک بوو کە لە بنچینەدا ڕەنگدانەوەی کێشمەکێشی نێوان ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کات بوو بەتایبەتی ڕەوتی کۆمۆنیست لەلایەک و ڕێکخراوە کۆمۆنیستی و چەپەکانی ئەو سەردەم لەلایەکی تر. کێشمەکێشە سیاسییەکان هەندێکجار

---

[٥٥] بڕوانە وتاری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران ئەزموون و مێژوو نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لەڕۆژنامەی هاوپشتی کرێکاری ژمارە یەک خولی چوارەم ١٥ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

دەگۆڕا بە شەخسی و من ئێستا کە بیر لەو کێشمەکێشانە دەکەمەوە ڕەخنە لە خۆم و لەو هاوڕێیانەش دەگرم، کە نەدەبوو بەوجۆرە بەرخوردمان لەتەک یەکتر بکردایە. جارێکیان لیژنەی ڕاگەیاندن (ئیعلام) لە ماڵی هاوڕێ گۆران عەبدوڵا کۆبووینەوە. عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، گۆران عەبدوڵا، جەماڵ چاوشین، عەبدولڕەحمان مەولوود و سالار ڕەشیدیش وەک میوان لەوێ بوو، شەو لەو ماڵە بەدەم خواردنەوەوە خەریکی گفتوگۆ بووین. جەماڵ چاوشین قسەیەکی کرد و منیش پێمگوت ئاستی خۆم ناهێنمە خوارەوە و وەڵامی ئەم قسەیەت نادەمەوە. ئیتر دەممان لەیەک گیر بوو و هەردووک دەستمان دایە بوتڵە بیرە و خەریک بوو بیکەینە شەڕ. ئەوە بوو هاوڕێیان گۆران عەبدوڵا و عەبدولڕەحمان مەولود و سالار ڕەشید کەوتنە بەینەوە و نەیانهێشت شەڕ بکەین. ئێمە وەک لێژنەی باڵا لە هەولێرەوە چەند جارێک سەردانی شاری سلێمانیمان کرد و من خۆم لە زۆربەی ئەو چوونانەی بۆ شاری سلێمانی ئەنجامدرا، بەشدار بووم. دەڵێم زۆربە نەک هەمووی. کۆبوونەوە نەبوو قسەی تێدا نەکەم. هەتا تەنانەت لە زۆربەی مەراسیمەکاندا وتارم زارەکییانە پێشکەش کردووە و وتارەکان بە شریتی ڤیدیۆ هەن. لە گەرمەی ئەم واقیعیەتەدا ساڵڕۆژی یەکێتیی بێکاران هاتە پێشەوە و بڕیارماندا ئەو یادە بکەینەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هۆڵی (گەل)مان گرت و هەموو ئامادەکارییەکمان کرد. گەرچی دەسەڵاتی کوردایەتی دەیویست پەلارمان بدات بەڵام لەژێر هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە ئێمە جەربەزانە ئەو یادەمان کردەوە.

بیرمە، گەلێ لایەنمان بانگهێشتی ئەو ئاهەنگە کرد و ڕەوتی کۆمۆنیست و ئاڵای شۆڕش (مەلا بەختیار) ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. ئاهەنگەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە برد.

یەکێتیی بێکاران لە کوردستان گەلێ کاری گرنگی ئەنجامدا کە هەم بۆ بزووتنەوەی خەباتی جەماوەری و هەم بۆ ڕێکخراوە سیاسی و چەپەکانی ئەوسا بەهای سیاسی و ڕێکخراوەییان هەیە. با لە گۆشەنیگای هەریەک لەم لایەنانەوە

بڕوانینە کار و خەباتی یەکێتیی بێکاران لەکوردستان. بۆ بزووتنەوەی جەماوەری ئەوە یەکەمینجار بوو لەمێژووی نوێی عێراق و کوردستاندا ڕێکخراوێکی بێکاران پێک بێت لەدەرەوەی کارگە و کارخانەکان. بە لە بەرچاوگرتنی لەبەردەستدا نەبوونی هیچ ئەزموونێک، یەکێتیی بێکاران لە کوردستان توانی ئەم کارانە ئەنجام بدات:

**یەک:** دروستکردنی ڕێکخراوێکی جەماوەری پانوپۆڕی بێکاران لەسەرئاستی کوردستان.

**دوو**: کردنەوەی بنکەکانی یەکێتیی بێکاران لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەک کەلار، دربەندیخان، پیرەمەگروون، ڕانیە، دیانا، قوشتەپە، دارەتوو، سمود، شۆڕش، تەوێڵە، کفری، شەقڵاوە، قەڵادزێ، چەمچەماڵ، جدیدە، کۆیە.

**سێ**: ڕێکسختنی ژمارەیەکی گەورە لە بێکاران و ناونووس کردنیان لە بنکەکانی یەکێتیی بێکاران.

**چوار**: وەرگرتنی یارمەتی لە ڕێکخراوە بیانیی و خێرخوازەکان و دابەشکردنیان بەسەر بێکارانی کوردستان. وەک ڕێکخراوی هێڵپ HELP .

**پێنج** : دەرکردنی زمانحاڵێک وەکو (دەنگی بێکاران) کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری چەپ و کۆمۆنیستی وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەمێنێتەوە کە ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە سەرتاسەریکردنەوەی ڕێکخراوەکە و ڕێکخستنی بێکاران.

**شەش**: یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بوو بەچەترێک و پاڵپشتییەک بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی کرێکارانی کارگە ئەهلییەکان و کارمەندانی نەخۆشخانە و کۆمەڵەی ئاوارەکان و کرێکارانی بیناسازی و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و هتد.

**حەوت**: برەودان بەکاری قانوونی و ئاشکرا و ڕچەشکین بوون لەو بوارەدا.

**هەشت**: بەشداریکردن لە بابەتە هەستیارەکانی ئەو سەردەمە و کارکردن بۆیان وەک ڕەتکردنەوەی قانوونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ

یاساکارێکی دیموکراتی کرێکاریی و ڕەخنەگرتن لە شێوازی ٥٠ بە ٥٠ ی دەسەڵاتی هەرێم و ئازادییە سیاسییەکان و زۆر شتی تر.

**نۆیەم**: دەستبردن بۆ ئەزموون و وانەکانی خەباتی چینی کرێکاری عێراق و خستنە بەردەستی بێکارانی کوردستان بە مەبەستی فێربوونی وانە لێیانەوە.

وە بۆ ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوساش ئەزموونێکی نوێ بوو کە چەپی ناچار کرد شێوەکاری عەلەنی و قانوونی فێربێت و بەدەستییەوە بگرێت (دیسانەوە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبواری کاری ئاشکرا و قانوونی چەند فرسەخ لەپێش بزووتنەوەی چەپەوە بوو). یەکێتیی بێکاران بۆ ڕێکخراوە چەپەکان ببووە شوێنی نمایشی توانا و هێز و سەنگەرێکی پێشەوەی کاری سیاسی ئەو



هاوڕێ دڵشاد و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) - کۆبوونەوەی گشتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان/ سلێمانی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢

ڕێکخراوانە. بۆ ناسیونالیزمی کوردیش کە حیزبەکانی تازە لە شاخەکانی کوردستانەوە هاتبوونە خوارەوە و پێشتر سەروکاریان لەگەڵ بارودۆخی وادا نەبوو بوو، شتێکی تازە و نوێ بوو. گەورەترین شارەزاییەک کەئەو حیزبانە هەیانبوو گرتنی ڕەبایەی سەربازی و کەمین دانانەوە و شەڕ و کوشتنی یەکتر بوو. حیزبە سیاسییەکانی ئەوسا فێربوون کەسەردەمی شاخ کۆتایی هات، فێربوون کە ئیتر لەجیاتی شەوکردنەوە لەئەشکەوتەکان دەبێ وەڵامی خەڵک بدەنەوە. فێر بوون زمانی شاخ بگۆڕن و فێریش بوون چۆن بزووتنەوەی خەڵک سەرکوت بکەن.

کێشمەکێشی ناو یەکێتیی بێکارانیش تا دەهات چڕتر و خەستتر دەبۆوە. باڵی ناسیونالیزمی عەبدوڵا موهتەدی و کۆمەڵە لەڕێی چەند ئەندامێکی لیژنەی باڵای بێکارانەوە (فەرهاد فەرەج و حاجی ئەنوەر و.. تاد) دەیانویست یەکێتیی بێکاران بەرەو لای خۆیان بەکێش بکەن. لەملاشەوە ڕەوتی کۆمۆنیست توووند دەستی لەو ڕێکخراوە گیر کردبوو و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەرچەند لەناو خۆشیاندا پڕ کێشەو ململانێ بوون، هەریەک دەیویست هەژموونی خۆی بەسەر ڕابەرایەتی ڕێکخراوەکەدا جێگیر بکات. عەبدوڵا مەهتەدی دەعوەتێکی لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران لە کوردستانی کرد و لەو سەردانە فەرمییە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، عەبدولڕەحمان مەولوود، جەماڵ چاوشین، حاجی ئەنوەر، فەرهاد فەرەج و ئەنوەرە سوور بەشدار بوون. چووینە زڕگوێز و شەو تا دەرنگانێ لەگەڵ عەبدوڵا موهتەدی قسە و باسمان کرد. ئەو گەرچی ڕووبەڕووی توووندی ڕەخنەی ئێمە بۆوە، بەڵام خوانێکی چاکی بۆ ڕازاندینەوە کە عەیامێک بوو مریشک و کەبابمان نەخواردبوو. هەروەها بە سێ هەزار دینار و ئامێرێکی چاپکردنیش کۆمەکی یەکێتیی بێکارانی کرد. چەند جارێکیش لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان و حیزبی شیوعی عێراقی دانیشتنمان کردووە و پەیوەندیمان هەبووە. ئەوان بە ئێمەیان دەگوت ئێوە توووندن و ئێمەش دەمانگوت ئێوە حیزبی غەیرە کرێکاریین. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیمان خۆش

بوو. بیرمە ئێوارانێک لە بارەگای سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشان دانیشتبووین کە لە ناو شاری هەولێر بوو بە تەقە. قادر عەزیز دەیگوت کاکە ئەوە وەزعەکەیە و نازانین چیمان بەسەر دێت! لەملاشەوە کێشمەکێشی نێوان ڕەوتی کۆمۆنیست لەلایەک و ڕێکخراوەکانی تر لەلایەکی تر گەیشتبووە لووتکە. بیرمە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی هەولێری ڕەوتی کۆمۆنیست تەواوی سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی خەبات و سەرنجی کرێکار و ئەوانی



وتاری عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، هۆڵی گەل شاری هەولێر حوزەیرانی ١٩٩٣.

تریشمان ڕەت دەکردەوە و بە کۆمۆنیستمان نەدەزانین. کەچی لەناکاو ڕابەرایەتی ڕەوتی کۆمۆنیست بەیاننامەیەکی بە ئیمزای هاوڕێیان (سادق عەزیز، سەمیر نووری، موحسین کەریم، ئاوات سەعید) بەناوی بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بڵاو کردەوە. ئەم بەیاننامەیە وەک ئاوێک وابوو بکرێت بەسەر

ئاگردا و زۆر شتی خامۆش کرد. من بەیاننامەکەم قەبوڵ کرد. من ڕەخنە لە خۆم دەگرم و دەڵێم نەدەبوو ئەو بەیاننامەیەم قەبووڵ بکردایە و ئاخر ئەو هەموو کێشمەکێشانەی لە چەند ساڵی ڕابردوو کە هەمانبوو و بڕوامان وا بوو ئەو ململانێیە چینایەتین و ئەو ڕێکخراوانە وردە بۆرژوازین، ئەی عەجەب ئەوە چۆن بوو بە ئاماژەیەکی هاوڕێ مەنسوور حیکمەت لە وردە بۆرژوازییەوە بوون بە کۆمۆنیست و هەموو شت گۆڕا و ئێمەش دەبێت پەیڕەوی ئەو ئاماژەیە بکەین. ئەمە هەڵەیەکی تاکتیکیی نەبوو ئەوەندەی هەڵەیەکی سیاسیی بوو و بۆیەش ئەو ململانێیە هەر لە سنووری دروستکردنی حیزبدا (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) نەمایەوە و دوای دروستبوونی ئەو حیزبەش ململانێکان نەتوانەوە و مانەوە و بە شێوازی جیا جیا درێژەیان بەخۆیاندا. لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەم دوو نموونەیە ڕادەکێشم:

**یەک**: دوای دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕێ نادر عەبدولحەمید کە ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو و دواتریش بوو بە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە دانیمارکەوە بە سەردان هاتەوە کوردستان و هەموو هاوڕێیانی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیستی لە سلێمانی لەسەرخوانێک کۆکردەوە. کە من خۆم هەرچەند ئەو خوانەم پێخۆش بوو و وەک دوا دیداری هاوڕێیانی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، بەڵام هیچ پێویست نەبوو.

**دوو**: کاتێک حیزب بڕیاریدا لیژنەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پێک بێنێت، ئەوەبوو لیژنەیەک پێکهات لە هاوڕێیان تاهیر حەسەن و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، خەبات مەجید، دکتۆر ئەمین و هیوا. هاوڕێ تاهیر حەسەن هەر پێشنیارێکی دەکرد بۆ هەر کەسایەتییەکانی یەکێتی خەبات و سەرنجی کرێکار ڕەتمان کردەوە و ناچار کۆبوونەوەکە بە بێ هیچ ئەنجامێک کۆتایی پێهات. ڕەتکردنەوەکانیشمان بەهەموو باوەڕێکەوە ئەڵێم لە ڕوانگەی مەحفەلیزمەوە بوو.

سەرباری ئەم هەموو کێشە و تەنگەشە و کۆسپانە، دەزگا سیخورییەکانی بەرەی کوردستانیش ورد چاودێری ئەکردین. من هەستم ئەکرد ورد لەژێر چاودێریدام. ڕۆژێکیان لەناو شاری هەولێر لای شەقامی باتا بەرەو لای باڵەخانەی پارێزگا دەڕۆیشتم و تەنیا بووم، لەپڕ سێ کەس چەکی کلاشینکۆفیان لەشان بوو و بەرەو ڕووم هاتن و ماوەی چەند هەنگاویان مابوو بگەنە ئاستم یەکێکیان بە پەنجە ئیشارەتی بۆم کرد و بەوانی تری وت (ئا ئەمەیە) و ئیتر ڕەت بوون لێم و منیش پێم هەڵگرت و سوڕامەوە بەرەو چایخانەی باکووری و لای فلکەی کۆتری ئاشتی تووشی کۆمەڵێ برادەری کۆمۆنیست بووم کە هەموویان ئەندام و کادیری حیزبی کۆمۆنیست بوون. دوای چاک و چۆنی حاڵەکەم بۆیان باس کرد و بە لاموبالاتی گوتیان هیچ نییە و هەر خۆشیان تێک نەدا. ئیتر تێگەیشتم کە ئەو کادیر و ئەندامانە هی ئەوە نین پشتیان پێ ببەستم و ڕۆڵەی تەنگانە نین. ئەوە بوو داوام لە خزمێکم کرد (سەعدوڵا ڕەحمانی ئامۆزام) کە کلاشینکۆفەکەیم ماوەیەک بداتێ بۆ پارێزگاری خۆم ئەگەر حاڵەتیکی نەخوازراو ڕوویدا. ئەوەبوو دوو مانگ من بە کلاشینکۆفەوە شەوان دەنووستم و وەک بەرگرییەک لە خۆم ئەو چەکەم لە ماڵەوە بە پێویست دەزانی. دوای ئەو دوو مانگە جارێکی تر چوومەوە دۆخەکەی جارانی خۆم کە بریتیبوو لە ململانێ و کێشمەکیشی سیاسی و بێمتمانەیی بە چەپ. تا دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەو دۆخە درێژەی کێشا. بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە مانگی تەمموزی ١٩٩٣ بە ئیمزای پەنجا کادیری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە عێراق کە منیش یەکێک بووم لەو ئیمزاکەرانەی دامەزراندنی حیزب، چاوڕەوان دەکرا ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی هەم لە هاوسەنگی ململانێی چینایەتی و هەمیش گەشەی بەرچاوی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق ڕووی بدایە. لەڕۆژی ئیعلانکردنی حیزبدا شۆڕ و شەوقییەک هەبوو لەنێو کادیران و ئەنداماندا. بەڵام ئەوەی لەو ڕۆژە ئاگایەکی لەو حیزبە و دروستبوونی نەبوو چینی کرێکار و بەشمەینەتانی عێراق بوو. لە شاری هەولێر لە باخچەی گڵکەند

مەراسیمی ئاهەنگی دامەزراندنی حیزب بەڕێوە چوو و لەو مەراسیمە کاسێتێکی سروود و شیعر بەدەنگی هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان بڵاو بۆوە.[56] لەو کاسێتە دوو شیعری من کرابۆوە سروود و هەروەها شیعرێکی تریشم بە دەنگی هاوڕێ پشکۆ تۆمار کرابوو. کامەران عەبدولڕەحمان هونەرمەندێکی کەرکووکی بوو، کوڕێکی دڵسۆزی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو. لە کەرکووک ئاوارە ببوو و لەشاری هەولێر گیرسابۆوە. کامەران تیپێکی هونەریی دروست کردبوو بەناوی (تیپی هونەری پێشڕەوی چەوساوەکان) و کۆمەڵێ چالاکی هونەرییان لە مەراسیمە کرێکارییەکان ئەنجامدا. کامەران باری دارایی زۆر خراپ بوو. چەندینجار ڕازی دڵی خۆی لای من دەکردەوە و داوای کۆمەکی دەکرد، بەمنی ڕاگەیاند کە بە ڕێکخراوی رەوتی کۆمۆنیست بڵێم کە یارمەتی بدەن. منیش ئەو مەسەلەیەم لە کۆمیتەی هەولێر باس کرد و داواکەم گەیاند بە ڕەوتی کۆمۆنیست، بەڵام ڕەوتی کۆمۆنیست نەیتوانی ئەو داوایە جێبەجێ بکات. بەو هۆیەی کە کادیرە موحتەریفەکانی خۆی پێویستییان بە یارمەتییە و ئیمکاناتی مالی لاوازە، بۆیە داواکەی کامەران ڕەت کرایەوە. لەملاشەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەتایبەتی لە شاری سلێمانی چەند برادەری چەپ لەبری ڕێزگرتن لەم هونەرمەندە، کەوتنە قسەوقسەلۆک و تومەتی بێبنەمای وەک (جاسوس) بوونیان دایە پاڵی و دڵی ئەو هونەرمەندە جوانەیان شکاند و ئەویش بەناچار چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق مەقەری کردەوە و ژمارەیەک چەکداری خۆبەخش لە مەقەڕی هەولێر بوون. دروستبوونی حیزب نەبووە چارەسەری گرفت و کێشەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاریی و جەماوەریی، بەڵکوو ئەو کێشانە هەر مانەوە و تەنانەت قووڵتر بوونەوە. هەڵسوڕاوانی جەماوەریی بە عەقڵییەتیکی جەدەلییەوە ئیشیان نەدەکرد

---

٥٦ هونەرمەندی سروودبێژ کامەران عەبدولڕەحمان بەداخەوە لە سەروبەندی نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە ٣٠-١٢-٢٠٢٠ ژیانئاوایی کرد.

و زیاتر مەحفەلیزم سێبەری خستبۆوە سەر ململانێ و کێشمەکێشەکان. بێکارانی کوردستان کێشە و گرفتیان تەنها ئەوە بوو کاریان دەویست یان بیمەی بێکاری، ئەوە هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی بوون لەنێو خۆیاندا کێشە و گرفتیان هەبوو. ئەم گرفتانە یەکێتیی بێکارانی لە کوردستان تووشی ماندووبوونی زۆر کرد و وزەیەکی فیکری و فیزیکی زۆر بەخۆرایی چوو. لەملاشەوە حیزب لەبری ئەوەی ئەو کێشانە شیکار بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و دەست و پێی هەڵسوڕاوان ئاوەڵا بکات بۆ خەبات، هات ئەوەندەی تر گۆمەکەی قووڵتر کردەوە



کۆبوونەوەی گشتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان – سلێمانی
وتاری عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) سەبارەت بە ئازادی سیاسی ١٦ ی نیسانی ١٩٩٣
لەڕاستەوە بۆ چەپ: ئەنوەرە سوور، وەستا سابیر، ئەکرەم چاوشین، عەبدولڕەحمان مەولود، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

و کورد وتەنی قوڕاوەکەی خەستتر کردەوە. باڵی حاجی ئەنوەر و فەرهاد فەرەج بە ئاشکرا بانگەوازیان بۆ لێکترازان دەکرد. لە دانیشتنێکدا لەشاری سلێمانی کە

هەردوو تەرەف دەمانویست کۆ ببینەوە و قسەوباس بکەین و هەموو شتێکمان ئامادە کردبوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، لەپڕ لەبەردەم ژووری کۆبوونەکە کاژاو جەماڵ پەیدا بوو کە ناوی لە لیستی ئەو هاوڕێیانەدا نەبوو کە بۆ کۆبوونەوە دەستنیشان کرابوون و گوتی دەمەوێت منیش بەشداری بکەم. پێم ڕاگەیاند هاوڕێ ئێمە هەموو شتێکمان ئامادە کردووە و تۆ لەو لیستەیا نیت و پێویست ناکات بەشدار بیت. دەستی کردە باخەڵی و نامەیەکی مەکتەبی سیاسی دەرهێنا و گوتی فەرموو ئەوە نامەی مەکتەبی سیاسی حیزب کە گوتویانە دەبێ من بەشدار بم. منیش نامەکەم خوێندەوە و خستمەوە ناو دەستی و گوتم نەخێر بەشدار نابیت و تەواو. ئیتر نەمهێشت بەشداری بکات. کۆبوونەوەکە کرا و بێ ئەنجام بوو. ئەو باڵە بە دنەی هەر لایەن و کەسێک بووبێت، جیا بوونەوە و ملهوڕانە ژمارەی "ژمارە ١٦ دەنگی بێکاران"یان بە سەنووسەری حاجی ئەنوەر و بە لۆگۆی فەرمی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، بڵاو کردەوە. منیش وەک سەرنووسەری فەرمی دەنگی بێکاران بەیاننامەیەکی توندم لە ٢٧ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ لە دژیان نووسی و بڵاو کردەوە. ئیتر ئەوان دەستبەرداری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بوون و بڵاوکراوەی (خەباتی کرێکاری)یان بڵاو کردەوە. تەمەنی ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییە خاوەن نەریتە شۆڕشگێڕانەیە تا کۆتایی دەیەی نەوەدەکان درێژەی کێشا و لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی بیست ئەویش کۆتایی پێهات. بەهەرحاڵ کوژانەوەی گڕی تەمەنی بزووتنەوەی بێکاران لە کوردستان دەتوانم بەم شێوەیە بخەمە بەرچاو:

**یەک**: کۆچی بەلێشاوی هەڵسوڕاوان و چالاکوانی یەکێتیی بێکاران لەکوردستان بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، ئەمەش کاریگەری زۆری دانا لەسەر کەمبوونەوەی ماتریاڵی مرۆیی بزووتنەوەکە نەک تەنها لەسەرئاستی یەکێتیی بێکاران بەڵکو لەسەر ئاستی سەرجەم بزووتنەوەی سیاسی کرێکاران.

**دوو**: بەردەوامی هێرشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەڵسوڕاوانی بێکاران.

**سێ**: شەڕی ناوخۆ یەکێک بوو لەفاکتەرە سەرەکییەکان بۆ کۆتایی هاتنی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.


FAZIL-ABDLA A

F. A. . A

دەنگی بێکاران

ڕۆژنامەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز

حاجی ئەنوەر

ساڵی دووەم    ژمارە ١٤    شاوەراستی ٣ کانونی یەکەم ١٩٩٢    نرخی ٢ دینار

تاکە (دەنگی بێکاران)ەکەی باڵی حاجی ئەنوەر و فەرهاد فەرەج کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ بڵاو بۆوە.

**چوار**: وشکبوونی سەرچاوەی یارمەتی دارایی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان.
**پێنج**: لەتوپەت بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاریی دابەشبوون بەسەر چەندین باڵ و ڕێکخراو حیزب بێهیوایی لەدڵ و دەروونی هەڵسوڕاوان چاند بەتایبەتیش کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەعێراق بەهەمان شێوە دووچاری لەبەریەکترازان هات.[57]
من بەر لەو بەرواره نیازی دەرچوونم هەبوو بۆ دەرەوەی وڵات کە هەم وەزعی ئەمنیم ڕێک نەبوو و هەمیش چارەسەری دەستەکانم بیانووم بوون. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٣ لەڕێگەی برادەرێکەوە کاک (یوسف مەنتک) گوایە بە قاچاغ ئەمنێریتە تورکیا و ٣٥٠ دینارم دا و بەس بگەمە شەمزینان. کاتێک بە ماڵ و منداڵەوە چووم گوندەکانی سەر سنوور، شەری نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا دەستی پێکرد و باش بوو بەسەلامەتی گەڕامەوە هەولێر. دوای گەڕانەوەشم جارێکی تر تێهەڵچوومەوە و یەک ڕۆژ دانەنیشتم و بەنووسین و بە کردار لەناو ئەو بزووتنەوەیە بووم و ئامادەی گیانبازی بووم.
دوا وتارم لە ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران لەسەر دروستبوونی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بوو، چونکە پێشنیاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو کە ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکاریی و ڕادیکاڵەکان لەژێر چەتری فیدراسیۆنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کۆبکاتەوە. بەهەرحاڵ لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٩٤ ئەمجارە بە دوانزە هەزار دیناری سویسری لە بەغدا لەڕێگەی هاوڕێ (ئاوات سەعید)ەوە ڤیزەم کڕی و دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە دهۆک لەماڵی قاسم ئیبراهیمی ئامۆزام، سنووری نێوان عێراق و تورکیام بڕی و گەیشتمە ئەنقەرە.

[57] بڕوانە دەقی چاوپێکەوتنی دەستەی ئامادەکاری نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، سایتی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان ٢٠١٠

# تاراوگە و
# ڕۆیشتن بەرەو چارەنووسێکی نادیار

بەر لە دەرچوونم بۆ تورکیا، کێشمەکێشی نێوان هەروو باڵەکەی یەکێتیی بێکاران و ڕێکخراوی بێکاران گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. باڵی فەرهاد فەرەج و حاجی ئەنوەر جیا بوونەوە و یەکێتیی بێکاران لە کوردستانیش لەسەر ڕێباز و ڕێڕەوی خۆی بەردەوام بوو. ڕۆژێکیان لە شاری سلێمانی بووم و دەبوایە سەرباری کۆبوونەوەکانی یەکێتیی بێکاران، لە کۆبوونەوە حیزبییەکانیش ئامادە بم. ئیتر ئێوارەیەکیان لە کۆبوونەوەی حیزبی بووم و شەوێ لە ماڵی هاوڕێ خەبات مەجید بووم، بیستم ئەکرەم فەوزا (ئەکرەم میهرداد) لەکاتی قسەوباسەکان و لێکگیربوونەکانی لەگەڵ وەستا سابیر شەقێکی هاویشتووە و بەر وەستا سابیر کەوتووە. من زۆرم پێناخۆش بوو، هەر بۆیە ئەو ساتە دەمانچەیەکم لە هاوڕێ خەباتی مەجید خواست و لەگەڵ خۆم هەڵمگرت و سبەینێ زوو چووم بۆ بنکەی یەکێتیی بێکاران تا ئەگەر ئەکرەم فەوزا بێتە بێکاران و بە دەمانچەکەیەوە سنووری خۆی ببەزێنێ، ئەوا سنووری بۆ دابنێم. بەڵام ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم و هەموو ڕۆژێک لە بنکەی یەکێتیی بێکاران بووم و ئەکرەم فەوزا دەرنەکەوت . من ئەم کارەی خۆم ئەوکات بڕوای تەواوم پێی هەبوو، بەڵام ئێستا پێموایە تا سەرئێسقان جێی ڕەخنەیە. ئاخر چۆن دەبێت من وەک رابەرێکی بزووتنەوەی دژی بێکاریی و هەڵسوڕاوێکی خەباتی جەماوەریی پەنا بەرم بۆ چەک یان توندوتیژی. ئەو ڕۆژانە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق زۆر سەرقاڵ بوو و دەیوست هەیکەلە و بەدەنەی خۆی دروست بکات، بەرپرسی لێژنە جەماوەرییەکان کە هاوڕێ سەمیر نووری بوو لەسەر داوای حیزبی

کۆمۆنیست دەیوست لەگەڵ ڕابەران و هەڵسوڕاوانی جەماوەری شاری هەولێر کۆ ببێتەوە تا بۆردی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پێکبێنن، منی ڕاسپارد تا بە هەڵسوڕاوان بڵێم و منیش لە ئاهەنگی هاوسەرگیری شاپوور عەبدولقادر کە ئەتوانم بڵێم سەرجەم هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و جەماوەریی لەو ئاهەنگە بوون، ئاگادارم کردنەوە و جگە لە عەبدولڕەحمان مەولوود کە ڕەفزی کردەوە بێت، ئەوانی تر هەموویان هاتن. کۆبوونەوەکە لەو خانووە بوو کە ماڵی من و جاسمی تیا بوو. ئەوەی لە یادم بێت من، شاپوور عەبدولقادر، قابیل عادل، سەردار ساڵح، جاسم محەمەد، دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا، ..تاد، بەشداری ئەو کۆبوونەیە بوون. لە مەراسیمەکانیش کە بە مەراسیمە کرێکارییەکان ناوزەد دەکرا، یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تر و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پێکەوە مەراسیمیان ساز دەدا. دوا مەراسیم کە بەشداریم کرد تیایدا مەراسیمی یادی مەرگی لینین بوو لە ٢٤ی کانوونی دووەم. لەو مەراسیمە کە لە هۆڵی میدیا سازکرا، وتاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکانم بە زارەکییانە پێشکەش کرد. لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ هاوڕێ ڕێبوار عارف بەسەردان هاتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ هەڵسوڕاوان و لێژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران لە کوردستان سازدا. لەو کۆبوونەوەیە باسی دۆخی چینی کرێکاری لە فینلاند کرد و ئینجا باسی بایەخ و گرنگی مانەوەی هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرد لە کوردستان. بیرمە کە زۆر باسی ئاستی خراپی دەرامەتی کرێکارانی فینلەندای دەکرد کە چۆن خواردنی پەتاتە وەک خواردنی هەمەڕۆژەی خێزانە کرێکارییەکانی فینلەندی لێهاتووە. بەهەرحاڵ لەگەڵ نزیکبوونەوە لە مانگی شوبات، سەفەرەکەم نزیک بووبۆوە. ئامێرێکی چاپکردنم لەلا بوو کە هی حیزب بوو و بە نامەیەکی فەرمی کە لە هاوڕێ موحسین کەریمەوە هاتبوو ئامێرەکەم تەسلیم بە جاسم محەمەد کرد. ئیتر دوای ماڵ فرۆشتن، بەیانیانێک زوو جگە لە قاسمی خوشکەزام، کەسێک نەبوو بەڕێم بکات. ئەوەبوو دوای لەباوەش کردن و ماچکردنی قاسم، سوار بووم بەرەو

دهۆک. له دهۆکیش له ماڵی قاسمی ئامۆزام مامەوە. قاسم خەڵکی دەناسی و هەوڵی بۆمدا بە زوویی دەرم بکات. ئەوەبوو بە کاک قاسمیان گوتبوو بەیانی با بێت بۆ ئیبراهیم خەلیل و بەڕێی دەکەین. بەیانییەکەی چووم و بەڵێنەکەیان فشە بوو. بە نائومێدی هاتمەوە. بۆ دووبەیانییەکەی کاک قاسم خۆی لەگەڵم هات و پێیان گوت بەسەرچاو دەینێرین بەس یەک کیتابی پارتی هەبێت. قاسمیش دەیزانی کە من حیزبیم، بەس پێم گوتبوو کاتی خۆی ناوچەی هەولێری پارتی وەرەقەیەکیان بۆ نەخۆشخانە بۆ کردووم. لەوێ کاغەزەکەی ناوچەم نیشانیاندا و یەکسەر ئیشەکەیان بۆم جێبەجێ کرد و لەبەر خاتری قاسم بە سوپەرێک کە بازرگان بوون، ١٠٠٠ دۆلاریان دامی بیکەمە گیرفانم چونکە ئەگەر پارەی پێویستیت پێ نەبوایە، جەندرمە نەیدەهێشت بچیە ئەودیوی سنوور. ئەوەبوو بەو سۆپەرە تا جزیرە ڕۆیشتم و لەوێش سایەق سۆپەرەکە بەڵام بەپارەی خۆم بیتاقەی بۆ کڕیم و سواری پاس بووم تا ئەنقەرە. لە تەرمیناڵ تەکسییەکم گرت بۆ کارشیاکە بۆ ماڵی سەلام محەمەد برای نادر عەبدولحەمید. ماڵیان ئاوا بیت کاک سەلام و هاوژینەکەی و مام ڕەحیمیش لەوێ بوون زۆر ڕێزیان لێناین و ماوەیەک لە ماڵیان مامەوە تا خانوویەکم بەکرێ گرت. کاتێک گەیشتمە ئەنقەرە لە شوباتی ١٩٩٤ تەنها ١٠٠ دۆلارم پێ بوو و هەر ئەوەندەشم لە گیرفان بوو. ئەوکات وردم کردەوە وا بزانم کردیە سەد لیرە. تازە بووم چوومە ماڵی برادەرێک سەیرم کرد وەزعی زۆر خراپ بوو منیش ٥٠ دۆلارم دا بەو خێزانە و بۆ خۆم پەنجام بۆ مایەوە. ماوەی دوو هەفتەیەک لەماڵی کاک سەلام مامەوە و دواتر چەند ڕۆژێکیش ئەم ماڵ و ئەو ماڵمان کرد تا دوو ماڵ بە قاچاخ دەرچوون بۆ ئەوروپا و شورای پەناهەندەی عێراقی لە تورکیا کە کاک مزەفەر عەبدوڵا سەرپەرشتی دەکرد وتی ماڵێک ئامادەیە و ئیتر شتە زەرووریيەکانی داپێم و لە گەڕەکی کارشیاکە خانوویەکم بە کرێ گرت نزیک بووم لە ماڵی وەفیق زامدار و جەماڵ چاوشین. کاک تەهای قەڵادزەیش هاتە لای من و پێکەوە دەژیان. بەڵام چونکە کاک تەها پێشتر لەلایەن چەند هاوڕێیەکەوە ئازار درابوو،

دەیگوت نابێت ئەو کەسانە هاموشۆمان بکەن و منیش وەک کاری حیزبی دەبوایە ئەو هاوڕێیانە بهاتنایە ماڵ بۆ لام. لەبەر ئەوە دڵی کاک تەهام لێڕەنجا و جیا بووەوە. ماوەی دوو مانگێک لەو خانووە بووم و لەو ماوەیە کاک زێدان حوسینم دۆزییەوە کە لە گەرەکی ئولوس دەژیا و خەڵکی ڕەحیماوە بوو. لەڕێگەی کاک زێدانەوە هەواڵی کاک محەمەد کەرکووکیم زانی و زانیم لە کەنەدا دەژێت و ئەدریسەکەیم وەرگرت. ئیتر کەیسم دانا و چوومە (نەتەوە یەکگرتووەکان) بەشی پەناهەندەیی و دوای دوو مانگ قەبووڵ بووم. کە قەبووڵ بووم ماڵم بار کرد بۆ گەڕەکی کیچیۆران و ئیتر لەوێ ژیام تا مانگی یانزە (تشرینی دووەم) چوومە کەمپی سلۆپی. تورکیا بۆ من وەکو دۆزەخ وابوو، چونکە قاچاخ بووم و دەترسام بگیرێم، خۆشییەکم لێ نەبینی. بەڵام بە جیدی خەریکی فێربوونی ئینگلیزی بووم و وشە و ماناکانم دەخوێند و قاموسێکم لابوو خۆم پێوەی خەریک کردبوو. وەک کاری حیزبیش بووم بە لێپرسراوی کۆمیتەی هاوپشتی کرێکارانی عێراق لقی تورکیا. وەک بەشی عیلاقاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش سەردانی گەلێ حیزب و نەقابە و یەکێتیی کرێکاریمان کرد، جارێکیان چووینە بارەگای ڕۆژنامەی گویندەم و ئەوان لە دۆخێکی خراپدا بوون و دەیان گوت هەر دەقەیەک بدەنە سەرمان دەدەنە سەرمان. مەحفەلیزم لە تورکیا بەهێز بوو و ئەندامانی ڕەوت لێک نزیک بوون و هەروەها ئەندامانی یەکێتیی خەباتیش بەوجۆرە. لەوێشدا عەقڵییەتی مەحفەلیزم سێبەری خستبووە سەر بڕیارەکانی حیزب.

لە تورکیا هاوڕێ مزەفەر عەبدوڵا لێی پرسیم کەست هەیە لە دەرەوە؟

- نەخێر، برادەرم هەن.

- نامە بۆ هەموویان بنووسە و داوایان لێبکە یارمەتیت بدەن چونکە لە ١٠ هاوڕێ ڕەنگە یەک هاوڕێ یارمەتیت بدات. منیش نامەم بۆ ژمارەیەک برادەر نووسی. ئەو برادەرانەی کە پێموابوو یارمەتی دەدەن، بە هیچ شێوەیەک یارمەتییان نەدا و هەندێکیان هەر وەڵامیشیان نەدایەوە. بەڵام هاوڕێیەکی

سەردەمی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووکم هاوڕێی هونەرمەند (سەمیر تاهیر) لە نەرویج بوو یارمەتی دام و هەروەها هاوڕێم محەمەد کەرکووکی (کاروان) ئەویش لە کەنەدا بوو یارمەتی دام. ئەو دوو یارمەتییە بڕێک باش بوون و ئیتر لە نەتەوە یەکگرتووەکان قەبوڵ بووم و مانگانە ۲۰۰ دۆلارم وەردەگرت. ۱۰۰ دۆلارم دەدا بە کرێی خانوو و سەدەکەی تریشم مەمرە و مەژی دەخوارد. من پێش دروستبوونی حیزب، ڕەوتی کۆمۆنیست بووم و گەلێ کۆشابووم ڕەوتی کۆمۆنیست بەرەو پێش بچێ. ڕەوتی نوێنەرێکیان دانابوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەگشتی پێی دەڵێن یو ئێن، ئەو نوێنەرە (دارا مونزیر) خەڵک دەچوو بۆ ماڵیان و کەیسی بۆ خەڵک و هەڵسوڕاوان دادەنا و منیش دوای ئەوەی چوار هەفتە لەماڵ کاک سەلام بووم، سێ ڕۆژیش لەماڵی ئەو نوێنەرەی ڕەوت بووم. ئەوکات هێشتا خانووم نەگرتبوو. سێیەم ڕۆژ لە ماڵی برادەرێک کاک ئەمیر قادر دەعوەت بووم و دکتۆر ئەمینیش هات بۆ ئەوێ. کاتێک بۆ سبەینێکەی هەڵساین بڕۆین، دکتۆر ئەمینیش لەگەڵ من هەستا و ماڵئاواییمان کرد و سوپاسیانم کرد بۆ ئەو دەعوەتە، لەڕێگا دکتۆر ئەمین پرسی: بۆ کوێ ئەڕۆن؟

- بۆ ماڵی نوێنەرەکەی حیزب دارا مونزیر.
- مەچۆ بۆ ئەوێ.
- بۆ؟
- پێی ڕاگەیاندووم کە پێت بڵێم حەز ناکات بچیتەوە بۆ ئەوێ. تووشی شۆک و نائومێدی بووم. ئاخر بۆچی؟ دوایی زانیم جەنابیان شەوان تا سەعات سێی بەیانی سەیری تەلەفیزیۆنیان دەکرد و سبەینان دوای سەعات دوانزەی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستان. ئێمەش نوێ بووین و ئێواران سەعات یانزە دەنووستین و بەیانیان سەعات هەشت لەگەڵ منداڵەکان هەڵدەستاین. ئەو دوو ڕۆژە هەستانمان ئەوانیان ئیزعاج کردبوو. ئیتر دڵم شکا. وتم بزانە من بەخوێنی خۆم ڕەوتی کۆمۆنیستم بەهێز کردووە و ئەم نەفەرانەش لێی سوودمەند بوونە چونکە ڕەوت یارمەتی دارایی دەدان و بەکورتی بەخێوی دەکردن. واتە لەسەر حیسابی ئێمەی

دڵسۆز و بەوەفای ئەندامانی ڕەوت ئەو کەسانە پیاسەی ئێوارانی پارک و شەقامە ڕەنگاوەڕەنگەکانی تورکیایان پێ دەکرد. کورد گوتەنی عوزێرم نەما. بەڵام ئیتر ببڕای ببڕ نەچوومەوە بۆ ئەوێ تەنها یەکجار بەناچار بۆ کۆبوونەوەیەکی حیزبی نەبێت. کەوتمە گەڕان بەدوای خانوودا یەکەمجار لە گەڕەکی کارشیاکە خانووم گرت و دواییش بە کۆمەک و یارمەتی هاوڕێ جەماڵ کرێکار خانوویەک ترم گرت و بە خاوەن خانووەکەمان گوت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری وەرگێڕان دەکەم. دوای خانووگرتنم ڕۆژێکیان هاوڕێ جەماڵ کرێکار هات و گوتی خێزانێک لەسەر جادە کەوتوونە و کەس نایان گرێتە خۆ. تکایە شوێنیان بکەوە با نەکەونە دەست پۆلیس و دیپۆرت بکرێنەوە. منیش گوتم باش. جێی ئەو خێزانەم کردەوە و یارمەتیم دان. بەڵام وەک مەسەلەی ئەمنی پێم گوتن زۆر هاتوچۆ مەکەن، با خەڵک کەم هاتوچۆتان بکات. زۆر پێویست نەبوو مەچنە بەردەم دەرگا و شتی لەمجۆرە. گوتیان باش. دوو ڕۆژی پێنەچوو خێزانی ئەو کابرایە تەشتێ جلی شووشت و چووە دەرەوە و جلی هەڵدەخست. دواتر چووە کۆڵان و کەوتە حیکایەت. من لای دراوسێکان گوتبووم عەرەبی سووریم، ئەویش گوتبووی نەوەڵا ئێمە کوردین و عێراقین. ئیتر دوای ماوەیەک داوام لێیان کرد جێگایەک بۆ خۆیان دابین بکەن و گوتم نامەوێت ببمە قوربانی تێنەگەیشتنی ئێوە. ئەوانیش دڵیان لێم ڕەنجا و ڕۆیشتن و دوای ماوەیەک هەواڵم بۆ هات وەستا سابیر و ئاشتی خان هاتن و چووم بە شوێنیان و لای خۆم جێم کردنەوە. بەڕاستی دڵم بە وەستا سابیر دەکرایەوە. ئەو هاوڕێیە بەمانای وشەکە دڵسۆز و قوربانی بوو. لە تورکیاش ڕووبەڕووی هەندێ بەرخوردی ناشرین بۆوە لەلایەن کادیرە باڵاکانی حیزبی کۆمۆنیستەوە،

ئەوەندەی تر دڵی ئەم هاوڕێیەیان شکاند. پاش ماوەیەک ماڵی وەستاش دوای ئەوەی بڕێک چاویان کرایەوە و شارەزا بوون، پێیان باش بوو جێگایەکیان هەبێت و بۆ خۆیان ڕۆیشتن. لەو سەروبەندە ململانێکانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان زیاتر ببوو. کاژاو جەماڵیش هاتە تورکیا. ئیتر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران کەوتە هەوڵی ئەوەی من وەک نوێنەری یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، جەماڵ چاوشین و کاژاو جەمالیش وەک نوێنەری ڕێکخراوی بێکاران قسەوباس بکەین. من ئەو داوایەم ڕەت کردەوە.
هاوڕێ مزەفەری مەحەمەدی لە تورکیا هەوڵی بۆ ئەوە ئەدا لە بڵاوکراوەی "کارگر امروز" میزگردی من و کاژاو  و جەماڵ چاوشین بڵاو بکاتەوە.[٥٨] ئەوان




ناسنامەی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان

ئامادە بوون بەڵام من ڕازی نەبووم. چەند داوایان کرد، من ملم نەدا و پێمراگەیاندن کە ئەوان نوێنەری بێکاران نین و ئامادە نیم لەگەڵیان دابنیشم. دواتر هاوڕێ خەسرەو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بوو و لەڕێی

---

[٥٨] کارگر امروز بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو بایەخی بە مەسائیلە کرێکارییەکان دەدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بە هەردوو زمانی فارسی و ئینگلیزی لە دەرەوەی ئێران بڵاوی دەکردەوە. سەرنووسەری بڵاوکراوەکە هاوڕێ ڕەزا موقەدەم بوو.

برادەرانی ڕەوتەوە داوای لێم کرد ئەو کارە بۆ حیزب و یەکێتیی بێکاران بکەم. من وەک ئەندامێکی حیزب ڕێزم بۆ ئەو هاوڕێیە دانا و میزگردەکەم قەبووڵ کرد. تەقریبەن زیاتر لە دوو سەعات ئێمە قسە و باسمان کرد، بەداخەوە هاوڕێ مزەفەری محەمەدی زیاتر لە نیوەی قسەکانی منی قرتاندبوو و هەندێکیشی وا دۆبلاج کردبوو هەر لە قسەی حاجی ئەنوەر ئەچوو نەک عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ). کاتێک قسەکانمان لە بڵاوکراوەی کارگەری ئیمرۆز بڵاو بۆوە بە گاڵتەپێکردنەوە تورەم هەڵدا و گوتم ئەوە قسەی من نییە.

هەڵسوڕاوانی یەکێتیی بێکارانیش لە کوردستان کاتێک ئەو میزگردە دەخوێننەوە ئەڵێن ئەوە چییە، عەبدوڵا سلێمان ئەم قسانە چییە ئەیکات؟ هەرچەندە من سەرنجم لەسەر هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوی بێکاران هەندێک گۆڕابوو و ئیتر ئەوانیشم وەک هەڵسوڕاوی کرێکاریی دەبینی و تەنانەت لە نامەیەکم بۆ هاوڕێ سیروان عەلی کە ڕەخنەی لەو میزگردە گرتبوو، دێتەوە بیرم نووسیبووم (هاوڕێ من لێرە سەردانی ئیتحادییە کرێکارییەکانی تورکیام کردووە، بڕوا بکە ڕادیکاڵترینیان بەدەق حاجی ئەنوەر ڕادیکاڵ نابن). دوای ماوەیەکی کورت لەو میزگردە جارێکیان بۆ ڕاندۆم لەگەڵ ئەبو جاسم برای دکتۆر ئەمین چووین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. لەبەردەم باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووین سەیارەیەک هات و سێ کەس لێمان نزیک بوونەوە و یەکێکیان دەستی منی گرت و یەکێکی تر دەستی ئەبو جاسمی گرت. داوای ناسنامەیان لێکردین. وتمان دەستمان بەردەن تا ناسنامەتان بدەینی، هەر کە دەستیان بەرداین من بەلایەکدا تێم قووچاند و ئەبوجاسم بەلایەکی تردا تێی قووچاند. نەفەرێکیان کەوتە دوام. بەڵام چونکە من سووکەڵە و جووتێ کاڵام لە پێبوو و زۆر خێرا ڕام کرد و ئەمنەکە یان میتەکە فریام نەکەوت. بەڵام ئەبوجاسم کە بەلاکەی تردا ڕووو بە هەورازییەکە ڕای کرد کەوتنە دوای و دوو سێ کۆڵان لەولاتر گرتبوویان. من هەر ئەو دەمە تەکسییەکم گرت و چوومە ماڵی دکتۆر ئەمین و هەواڵەکەم پێیاندا تا ڕێ و شوێنی پێویست بگرنەبەر. خۆشم دوو سێ ڕۆژ چوومە ماڵی هاوڕێیەک

تا بزانم دۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات. دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە ماڵی ئەو هاوڕێیەم و دڵنیابوون لەوەی کە ئەمنییەت و میت نەچوونەتە سەر ماڵەکەم، گەڕاینەوە ماڵ. ئیتر چارەنووسی ئەبوجاسم دیار نەبوو و نەمان دەزانی چی بەسەر هاتووە. تا نزیک مانگێک دوای ئەو ڕووداوە، ڕۆژێکیان نامەیەک لە ئەبوجاسمەوە لە زاخۆوە دێت و دەگات بە دەستی دکتۆر ئەمینی برای. ئەبو جاسم لە نامەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە ئەو ڕۆژە لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان بووین و لەدەست ئەمەنییەت ڕامان کرد و ئەو قوتاری بوو و من گیرام، لە ئەمنیەت گەلێ ئەشکەنجە درام، تەنانەت مووەکانی سینگمیان دەرکێشا و دەیانگوت ئەو کەسە کێبوو لەگەڵت؟

-کوڕێکە دوور بە دوور دەیناسم.

-ناوی چییە؟

-ناوی عەبدوڵا سلێمانە.

- ماڵی لە کوێیە؟

- نازانم.

ئەبو جاسم نووسیبووی هەرچەندم کرد نەمتوانی ئەدریسی ماڵەکەی بدەم بە ئەمنییەت. ئیتر بەوجۆرە ئەشکەنجە درام تا دوای بیست و قسور ڕۆژ دیپۆرتی عێراقیان کردمەوە و وا لە زاخۆم. دوای ئەم نامەیە ئینجا زانیمان چی گوزەراوە و من خۆم بەڕاستی هەڵوێستی ئازایانە و جەسوورانەی ئەبو جاسم بەرز دەنرخێنم کە بووە هۆی پاراستنی من لە تورکیا. بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە و قاچاخ بوونم، نەمدەتوانی هیچ ئیشێک بکەم. وەزعی ماددیم زۆر خراپ بوو. نەتەوە یەکگرتووەکان (یوئێن) من و پەنجا و حەوت خێزانی تری دا بە سەفارەتی ئەمریکا. دوای دوو چاوپێکەوتن لە ئەستەنبوڵ هەر هەمووومان ڕەت کراینەوە. ئینجا دوای ماوەیەک دراینە نیوزیلەند. ئەویش هەر قەبوولی نەکردین و دواجار یوئێن دامی بە کەنەدا و کەنەدا وەری گرتم و مامەڵەم دەست پێکرد و فەحسی پزیشکیم کرد و چاوەڕوانی ئەوە بووم ڤیزام بێت و دەربچم بۆ کەنەدا. بەڵام

کێشەی سەرەکیم ئەوە بوو خروجییەم نەبوو. واتە مۆڵەتی مانەوەم نەبوو لە تورکیا. لەو ماوەیە کە نزیک کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بوو، حکومەتی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد کە هەر خێزانێک یان کەسێک لە ئوئێن قەبووڵ بووبێت و قەبوولی وڵاتی سێیەمی هەبێت ، دەتوانی بچیتە کەمپی سلۆپی و هەرکات ڤیزەی هات خروجییەی دەدەینێ و لە کەمپیش ژیانی مسۆگەر دەکەین. ئەوەبوو من بریارم دا بچم بۆ کەمپی سلۆپی. پێش چوونم بۆ کەمپی سلۆپی وەزعی ماددیم زۆر خراپ بوو. هەر دوو سێ بەتانی و دۆشەک و هەندێ شڕە جلی منداڵەکانم لەناو ژوورەکە دانابوو و چاوەڕوانم بوون بچم بۆ سلۆپی. بیستم هاوڕێ ئەمجەد هاتۆتەوە و لە ئەنقەرەیە. گوتم نامەوێت کەس ببینم و کەس بمبینێ. زانیان زۆر توورەم و بێتاقەتم، هاورێیان ئەمجەد غەفوور و ئاوات سەعید هاتن بۆ ماڵ بۆ لام و کاتێک هاوڕێ ئەمجەد غەفوور وەزعەکەی بینی ٥٠ دۆلاری وەک یارمەتی پێدام. منیش لە ناچارییەکی لەڕادەبەدەر کە کرێی پاسم نەبوو بچم بۆ کەمپی سلۆپی وەرم گرت و سوپاسیم کرد. ئەوان دە دەقیقەیەک دانیشتن و ڕۆیشتن و منیش ئەو ڕۆژە ئاکام محەمەد پەیامنێری ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)م بینی و بەسەردان هات بۆ لام و خانووەکەم دا بەوان تا تیایدا نیشتەجێ بن، لەهەمان کاتیشدا ئەرشیفێکی باشی ئەدەبی و سیاسییم لابوو لەگەڵ ژمارەیەک لە شریتی ڤیدیۆ، ژمارەکانی دەنگی بێکاران، نووسراوەکان، بەیاننامەکان، هەموویانم دا بە ئاکام و داوام لێکرد پۆستیان بکات بۆ ئەنوەری ڕەشی عەولای برای لە فینلاند. تا من هەرکات بگەمە کەنەدا ئەو شتانە لە ئەنوەر وەربگرمەوە. ئیتر بەیانییەکەی زوو سوار بووم چووم بۆ کەمپی سلۆپی. کەمپێکی سەربازی بوو، بەشی باشووری کەمپەکەیان تەرخان کرد بۆ ئێمە و چادریان داینێ و چادرمان هەڵدا و هەر هەموومان چەند ماڵێک دەبووین. ماڵێک لە تەنیشتمەوە ژن و پیاوێک بوون لە کچێک و سێ کور منیش نەمدەناسین و خەریکی چادر هەڵدان بوون و کەوتمە یارمەتی دانیان. دواتر زانیم ئەو ماڵە ماڵی کاک عومەرە یادی بەخێر ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی دانیمارک کۆچی دوایی کردووە و ئێستاش

مناڵەکانی هەر لەوێ دەژین. ئیتر ماڵی خەبات مەجید، ئەنوەرە سوور، دلاوەر مونزیر، سۆران و بەیان، کاک ماجید کەرکووکی هاتن و قەرەباڵغ بووین. لەوێش ڕۆژانە چەند سەمونێکیان دەداینێ و پێداویستییەکانی تر وەکو شەکر و چا و ڕۆن و برنج و هەفتەی جارێکیش مریشکیان دەداینێ ئەمە جگە لە پێداویستییەکانی وەک دۆشەک و بەتانی و سۆپا و لۆکس و تاد.. بەکورت وەزعی من لە کەمپی سلۆپی زۆر باشتر بوو بەبەراورد بە ئەنقەرە. لەهەمووشی خۆشتر ئەوە بوو ئازاد بووم و ترسی دیپۆرت کردنم نەمابوو. لەویشدا شەوان بە کۆنکانکردن و هەندێکجار بە خواردنەوە بەسەر دەبرد و زۆرجاریش نەجمەدین ئاوارەی گۆرانیبێژ تا درەنگانێ گۆرانی بۆ دەوتین. هەرچەند ژیان لە کەمپی سلۆپی تاڵی خۆی هەبوو، بەڵام لەڕوی روحییەوە ئاسوودەتر بووم. بەڵام موچەی نەتەوە یەکگرتووەکانم نەمابوو. بۆیە پارەم نەبوو. زگەڕۆ لەو کەمپە دەژیاین و ڕۆژانە چیمان دەست بکەوتایە دەمانخوارد. جارێکیان لەناو کەمپەکە لەگەڵ کوڕێکی هەولێریی کە هەڤاڵی ناو بوو، پیاسەمان دەکرد و لەناو کەمپەکەش ئۆتۆمبێلێکمان بینی ساردەمەنی دەفرۆشرت. ماوەیەکی زۆر بوو پێبسیم نەخواردبۆوە. هەڤاڵ وەزعی ماددی باش بوو و ماڵی باوکی لە سوید بوون. وەک دڵی خەبەر بدات و بزانێت حەزم لێیە و پارەم نییە بیکڕم، پێشنیاری کرد کە دوو پێبسی بکڕین. ئەوە بوو دوو پێبسی کڕی و سەرودانەمان هەڵقوڕاند. من ئەوەی خۆم نا بە سەرەوە، بەجۆرێک بە گەروومدا چووە خوارەوە دەتووت تینوویەکم و ماوەیەکی زۆرە ئاوم نەخواردۆتەوە. لەگەڵ قرقێنەیەک هەستم کرد گازەکەی لە لووتمەوە هاتەوە. چێژی ئەو پێبسییەم تا هەتایە لەبیر ناچێت. هەروەها لە سەروبەندی سەفەرم بەرەو کەنەدا هەر ئەو کاک هەڤاڵە قەمسەڵەیەکی زەیتوونی گەرمی خۆی پێشکەش کردم کە بەڕاستی ئەو دوو هەڵوێستەی ئەو ئینسانەم لەبیر ناچێت. جارێکیان هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد، خەبات مەجیدی ڕاسپاردبوو کە ئەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات، منیش نەموسیت بچم قسەی لەگەڵ بکەم، دواتر لەسەر پێداگری هاوڕێ خەبات مەجید

چووم و لەویٚ هاوڕیٚ موئەیەد باسی لە نووسین دەکرد و کە بنووسین بۆ بڵاوکراوەی (الشيوعيه العمالية). گوتم هاوڕیٚ بەم برسێتی و دەست کورتییەوە ناتوانم حەرفێک بنووسم. هاوڕیٚ موئەیەد ئەحمەد ماڵی ئاوا بێت ١٠٠ دۆلاری بۆ ناردم. لە کەمپدا گەلیٚ یادەوەری و دەردەسەریم بینی و گۆشەیەکی بچووکی توانیومە لەم شیعرەدا دەربخەم.

## چیرۆکی ڕەش

لەدەشتە پان و پۆڕەکەی باکوور خاپوور
لەسەربازگەکەی سلوپی
چەند چادرێک لامل خواری
ڕەزا قورسی نێو چەوان گرژ
هەریەک کێویٚک بێزارییان بە کۆڵەوە
ئاڵای چیرۆکێکی ڕەشیان هەڵکردووە و
پشت کۆم پشت کۆم
چاو لە بڕیاری (UN) و عەتف و بەزەیی ئەمنیەت
پەناهەندەش کۆیلەکانی چاخی بەردین بەدیار قوتیلە چرایەک
شەوەهای شەو خەون بە فڕینەوە دەبینین
گشت ڕۆژێکیش لەحزەحزە دەمارەکانیان گرژتر
چاوەکانیان داچەقیوتر
سکی برسی و ئاسۆ لێڵتر
بە وشکە بەیانی باشێک پەڕەیەکی تری تەمەن بەڕووی ژین هەڵدەدەنەوە
وەک بڕوا بە خۆ نەهاتنێک زوو زوو ئاوڕ لەرابردوو دەدەنەوە
گشت ڕۆژەکەش بەو هیوایەی بڵندگۆکەی مامە (UN)
قسەی خێری بەزارا بیٚ

ئاخۆ کێ بێ ئەمجارەیان جووتە باڵی لێ بڕسکێ و
بۆ خۆی  بفڕێ ؟

خۆت خواردەوە دار کرمی خۆی هەناوی ئەخوا
کرمی خەفەت کوێری کردی
ئازار دڵ و دەروونت ئەشوا
بە ئومێدی دەست گەیشتن بە خەونەکان
وشک هەڵدێیت و
چرکەچرکە و سەعات سەعات
ماڵئاوایی لەو ساتەوەختە ڕەشە ئەکەی
ئەمجا ئیتر وەک مەلێکی دیل و کەنەفت چاو لێک ئەنێی
تاسبەینێ لەگەڵ گزنگ چاوی خەفەت هەڵگلوفی و
ئۆخەی دڵت تێرو بکات
بزە بێیتەوە سەر لێوت و
(UN) بڕیاری گەشتت دات.

سەرەتای   ١٩٩٥کەمپی سلوپی - تورکیا

ئیتر لە کەمپی سلۆپی مامەوە تا ڤیزاکەمان هاتەوە و لە ١٠ ی نیسانی ١٩٩٥ بەرەو فرۆکەخانەی ئەستەنبوڵ سوار بووین و لە یانزەی نیسانی ١٩٩٥ سوار فڕۆکەی (کەی ئێڵ ئێم)ی هۆڵەندی بووین بەرەو ئەمستردام و لەوێشەوە بەرەو شاری کالگەری کەنەدا و ئینجا لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٥ دەوروبەری سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی شاری ڤانکووڤەر. لە فڕۆکەخانە خانمێک کە نوێنەری فەرمانگەی پەنابەریی (ئیمیگرەیشن)ی کەنەدا بوو، چاوەڕێی دەکردین و هەر لەوێ جلوبەرگ و پێڵاویان داینێ و سواری



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) دووەم ڕۆژ لە کەنەدا، خانەی پێشوازی پەنابەران (وێڵکەم هاوس) ڤانکووڤەر١٤ ی نیسانی ١٩٩٥.

تەکسییان کردین بەرەو شوێنی حەوانەوەمان. کە گەیشتین پەنجا و چوار دۆلاریان داینێ تا هەندێ وردە شتی پێبکڕین. هەر کە چوومە ژووری خانووی حەوانەوە ئۆخەیەکم کرد و ئینجا چوومە خوارەوە و لەسەر دووڕیانەکەی خوارەوە کە ئەوکات نەمدەزانی ناویشیان چییە و دواتر زانیم شەقامەکان ناویان (سیمۆر و درەیک)ن، بەدەم جگەرەکێشانەوە کەوتمە بیر کردنەوە لە ژیانی نوێ لە کەنەدا.

# گیرسانەوە لە وڵاتی کەنەدا

کە گەیشتمە ناو شاری ڤانکووڤەرتەنها ١٠ دۆلارم لە گیرفان بوو، ١٠ دۆلاری ئەمریکیی کە دوو پێنج دۆلاری بوو. لە ناخی دڵمەوە هەستم بە خۆشییەک کرد. هەستم کرد ئیتر لانی کەم ئازادم و کەس نایەت داوای ناسنامەم لێبکات یان شەوان هەڵبکووتنە سەرم یانیش دیپۆرت بکرێمەوە. لەلایەکی تریشەوە حکومەتی کەنەدا بۆ ماوەی ساڵێک یارمەتی ماددی دەدات و لە هەمووشی گرنگتر داهاتووی مناڵەکانم (ئالا و ئاتین) بوو کە ئیتر دڵنیا بووم داهاتوویان جیاواز دەبێت لەو داهاتووەی گەر لە عێراق بوونایە. بەکورتی خەمی نانی سبەینێم نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆگونجاندن لە وڵاتێکی نوێ هەروا ئاسان نییە و ڕەنگە هەندێجار قورسیش بێت. لەنێو هاوڕێیانی چەپ و کۆمۆنیستی عێراقدا بەر لە من تەنها ماڵی وەستا جەلال هاتبوون بۆ ڤانکووڤەرو هەروەها هەردوو برا محیدین و عیسامیش لێرە بوون. سێ هەفتە نەبوو لە کەنەدا بووم مەراسیمی یەکی ئایار هاتە پێشەوە و ڕێپێوان ساز کرا و منیش بەشدار بووم لەو مەراسیمە. دوای منیش ماڵی تر وردە وردە هاتن و تا دەهات ژمارەمان زیاتری دەکرد. ئەوە بوو کۆمیتەی ڤانکووڤەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقمان پێکهێنا و ماوەیەک وەستا جەلال بەرپرسی کۆمیتە بوو و دواییش من بۆ ماوەی ساڵێک بەرپرسی کۆمیتە بووم. لە ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەوەی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی هاتنە پێشەوە، دوای دڵشکانێکی گەورە، من و هاوژینەکەم بێ هیچ کێشە و گرفتێک وەک دوو ئینسان لێک جیا بووینەوە و هەر یەک ڕێگەی خۆمان گرت. بەم هۆیەشەوە ماوەیەک جگە لە بێتاقەتی، وەزعی ماددیشم زۆر خراپ بوو و نەمدەتوانی یارمەتی دایک و باوکیشم بدەم، لەو کاتەدا هاوڕێ

ئەکرەم مەحموود کادیری ناسراوی حیزب لە ئێرانەوە پەیوەندی پێوە کردم و داوای برە پارەیەکی زۆری کرد بۆ دەرچوون بۆ خاریج ٣٠٠٠ دۆلار. منیش گوتم گەر برە پارەکە چەند سەد دۆلارێک بێت دەتوانم بۆت قەرز بکەم و تەرتیبی


یەکێتی بێکاران لە کوردستان
or
suitable work    Idleness Compensation
Executive Body
( High)
Date : 22/2/1994
No. : Private
اتحاد العاطلين عن العمل في كردستان
UNEMPLOYERS UNION IN KURDISTAN

To : All International Labour Organizations in
TURKEY & WORLD

We, the Higher Committee of ( KURDISTAN UNEMPLOYERS WORKERS' UNION - K.U.W.U), would like to inform you that Mr. (Abdullah Sulleiman Muhammed Amin ) is an active member in our UNION'S HIGHER COMMITTEE. He is one of its pioneers, He is the union's envoy and representative in any talks and negotiations concerning unemployment.

With best regards.

Members of (K.U.W.U) :

1. Goran Abdulla
2. Jasim Muhammed Amin
3. Abdullah Sulleiman Muhammed Amin
4. Serwan Ali Abdullah
5. Sardar Hameed Salih
6. Sabir Muhammed
7. Salam Arif
8. Akram Muhammed
9. Sardar Abdullah
10. Azad Kareem

نامەی لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بۆ ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تورکیا و جیهان بۆ پشگیریی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) کە وەک نوێنەری (ی ب ک) بناسن.

بکەم، بەڵام چەند هەزار دۆلارم نییە و کەسیش بەقەرز نامداتێ و تازەم لەم وڵاتە و بەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەخوازراودا ڕەت دەبم و ئیش ناکەم بەڕەسمی و بانقیش بە قەرز نامداتێ. ئیتر لەوەوە ئەو هاوڕێیەم لێم ڕەنجا و ئێستاشی

لەگەڵدا بیت هەر بەڕەنجاوی مایەوە. ساڵی ٢٠٠٧ لە سویسرا لەماڵ هاوڕێ عەلی سیاسییەوە تەلەفۆنم بۆ کرد و قسەم لەگەڵ کرد و بەس ئەو دیار بوو دڵی ئێشا بوو و منی بە هاوڕێی تەنگانە دانابوو و کە نەشمتوانی یارمەتی بدەم. بەهەرحاڵ ساڵی ١٩٩٧ هەر خەمی ئەوەم بوو وەک نوێنەری یەکێتیی بێکاران لە کوردستان چۆن پەیوەندی بکەم بە ئیتحادیە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان؟
جارێکیان بەشداری کۆبونەوەییەک بووم گوایە کۆبوونەوەی بێکارانی ڤانکووڤەرە، بەو شرە ئینگلیزییە دووکەڵاوییەی ئەوسام هەندێ قسە و باسم کرد. بۆ مەراسیمی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٧ یش من و نادیە عەلی نوێنەری حیزب بووین و بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری مەراسیمەکە بووین. نادیەخان ئینگلیزییەکەی باش بوو و قسەی دەکرد. منیش لەو کۆبوونەوەیە هەندێ باسی هاوپشتی کرێکارانی عێراق و کەنەدام کرد. سەرۆکی یەکێ لەو ئیتحادییە کرێکارییانە گوتی ئێمە ئەو شتانە دەزانین و ئەو شتانەمان پێشتر بیستووە. ئیتر تێگەیشتم کە بەم زمانە ئینگلیزییە خراپەوە هیچ ناکرێ. هەر ئەو ساڵە بوو ژمارە سێی گۆڤاری هانا دەرچوو و گەیشتە دەستمان و منیش پەیوەندیم پێوە کردن و وەکو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا دەست بەکار بووم. گۆڤاری هانا لە سوید دەردەچوو و سلێمان قاسمیانی سەرنووسەری بوو. لە ژمارە پێنج تا پانزە ئەندامی دەستەی نووسەران بووم و گەلێ بابەتی ئەدەبی و ڕەخنەییم تیایدا بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٩٧ ژمارەی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە ڤانکووڤەرخۆی دەدا لە سەرووی بیست کەسەوە. لەو ساڵە دوو مەسەلەی سیاسی گرنگ هاتە نێو باسەکانی حیزبەوە. یەک مەسەلەی ئیستقلالی کوردستان و دوو مەسەلەی سێکسی ئازاد. من ڕەخنەم لەم سیاسەتانەی حیزبی کۆمۆنیست گرت و زۆر بەجیددی هەڵوێستم گرت. گەرچی حیزبیش لەبەرامبەر ئەو ڕەخنانەم هەڵوێستێکی نا هاوڕێیانەیان گرتە بەر و لەبری وەڵامدانەوە بە ڕەخنەکانم هاتن کەوتنە تەشهیر و قسەی بێمانا. سەیر لەوە دابوو ئەوانەی لە کۆمیتەی ڤانکووڤەرزۆر تەشهیریان بە من

دەکرد و دژم بوون، هەر زوو دوای من وازیان لە حیزب هێنا و خۆیان کەوتنە پاساو هێنانەوە بۆ هەڵوێستە ناشیرینەکانیان. ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێپیوانی یەکی ئایار بەشدار بووم بەڵام بە دڵێکی غەمبارەوە. شەوی سەری ساڵی ١٩٩٦ - ١٩٩٧ ئەو شەوە من و فاتیح بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران تا بەرەبەیان دانیشتین و قسەوباسمان کرد لەسەر ڕەخنەکانم لە حیزبی کۆمۆنیست و سیاسەتە نادروستەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. تا بەرپرسی کۆمیتەی ڤانکووڤەری حیزب بووم، جگە لە کۆبوونەکانی مانگانە، جگە لە ئابوونەی ئەندامێتی، جگە لە بەشداری لە مەراسیمەکان، چالاکی کلتووریشمان هەبوو وەک یادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەشمان کردەوە. لەگەڵ ڕێکخراوی دەربازبووانی ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی پەیوەندیمان باش بوو. خاتوو فرانسیس بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە بوو. چەند جار پشتگیری ئەو ڕێکخراوەمان بەدەستهێناوە بۆ بەرگری لە حیزب بەتایبەتی بۆ بەرگری لە ڕێبوار ئەحمەد کاتێک فتوای کوشتنی درا لەلایەن حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کوردەوە. لە مانگی نیسانی ١٩٩٨ بە فەرمی نامەی دەست لەکار کێشانەوەم نارد بۆ کۆمیتەی کەنەدای حیزب کە هاوڕێ سەمیر عادل بەرپرسی بوو و ئەویش هەر ئەو دەقەیە قەبووڵی کرد بێئەوەی نقەی لەدەم بێتە دەرەوە. ئینجا هەستم کرد چ بارگرانییەک بوومە بەسەر حیزبەوە و ڕەنگە خواخوایان بووبێ لە کۆڵیان ببمەوە. هە رچەند ڕۆژێ دوای ئەوە هاوڕێیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل تیرۆر کران و مەراسیمێک سازکرا و لەو مەراسیمە شیعرێکم بۆیان نووسیبوو و خوێندەوە. دواچالاکیشم لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بریتیبوو لە خۆپێشاندان دژ بە قەتلوعامی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠.




ژمارە یەکی گۆڤاری هانا خولی یەکەم ١٩٩٥ - ٢٠٠٣

کاتێک لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٨ وازم لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هێنا، وامزانی وازم لە خەونەکانم هێنا. چونکە ساڵەها بوو خەونم بەوەوە دەدی کە حیزبێکی کۆمۆنیستی پتەو و بەهێز دروست بکەین و ببێتە سەنگەری خەباتی چینی کرێکار لەدژی بۆرژوازی. کاتێکیش واز لە حیزب دەهێنیت لەلای

ئەندامانی ئەو حیزبە تەواوی مێژووی خەباتت یەکسان دەکرێت بە سفر. ئەمە سوننەتێکی زۆر نادروست و لەبنچینەدا نەریتێکی بەلشەفی نییە. دەکرێت کەسێک واز لە حیزبێکی سیاسی بهێنێت، بەڵام واز لە باوەڕەکەی، لە مارکسیزم، لەچینی کرێکار و خەبات نەهێنێت بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم.ڕەنگە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی حیزبێک بۆ کەسێکی چالاک، بەرتەسک بێت، یانیش ئەو حیزبە تاکتیک و ڕێڕەوێکی نادروست بگرێتە بەر، بەڵام ئەمە مانای بە سفرکردنی خەباتی کادیرێک نییە کە دەچێتە ئەودیو ئەو تاکتیکەوە و لەوێوە درێژە بە خەباتی خۆی دەدات. من ڕەخنەکانی ئەوسام لە حیزب دەتوانم لە چوار خاڵدا چڕ بکەمەوە کە ئەمانە بوون:

**یەک**: ڕەخنە لە ئیستقلالییەتی کوردستان بەو تەرحەی حیزب کردبووی.
**دوو**: ڕەخنە لە سێکسی ئازاد کە تا بڵێی تەرحێکی بێمانا بوو.
**سێ**: سەربەخۆنەبوونی ڕابەرایەتی حیزب و وابەستەبوونی ئەو ڕابەرایەتییە بە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران.
**چوار**: ڕەخنە لە نائینسیجامی و شلوشێواوی ڕابەرایەتی حیزب و ئۆپۆرتۆنیست بوون و لاوازی ئەو ڕابەرایەتییە و پشتکردن لە کادیرە هەرە چالاک و هەرە مارکسیسیتەکانی ناو بزووتنەوەکە و درێژەدان بە عەقڵی مەحفەلیزم لە ژێرەوە تا مەکتەبی سیاسی.

ئەمە جگە لە دەیەها ڕەخنەی سیاسی کە ڕۆژانە لە بەیان و نووسراوە و بڵاوکراوەکانی حیزب دەمبینی. وەک باسیشم کرد کە نامەی دەست لەکارکێشانەوەم نارد، یەکسەر قەبووڵیان کرد. ئەم خێرا قەبووڵکردنەی وازهێنانەکەم ئەو هەستەی لام دروستکرد کە من چ بەربەستێکی کۆنکریتی بووم لەبەردەمیان. فڕێدانی کادیرانی مارکسیست و کۆمۆنیست وەک جسمێکی نامۆ بۆ دەرەوەی حیزب، تەنها و تەنها لە عەقلییەت و سوننەتی حیزبە دژە مارکسییەکاندا بوونی هەیە. ئینجا بۆرژوازی ئاسا ئەو کادیرانەی کە ڕۆژگارێک

من له ڕەوتی کۆمۆنیستدا له ئاست هەوادارێکی ڕەوتی کۆمۆنیست دامنەدەنان، کەوتنه قسەلۆکی بێبنەمای وەک که عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) کۆمۆنیست نییەو دژه مارکسییه و ماندوو بووه و تاقەتی نەماوه و شتی لەو بابەته. بەهەرحاڵ هەر دوای وازهێنانم زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی ئەو قسه بێ بنەمایانەیان دەکرد وازیان له حیزب هێنا لەسەر بناغەی هەر ئەو ڕەخنانەی من لەحیزبم دەگرت. ئەوەبوو جارێکیتر ویستمان خۆ گرد و کۆ بکەینەوه. هاوڕێ ئەحمەد موعینیش وازی له حیزب هێنا و دواتر هاوڕێ ئەحمەد موعین کەوته قسەباس لەگەڵ هاوڕێیانی فراکیسۆن که هاوڕێیان نەزار عەبدولا و ئاسۆ غەریب، سەلام مارف ..تاد ڕابەرایەتییان دەکرد. لێرەش له ڤانکووڤەر من و وەستا جەلال و سەردار حەمید بابان و کاوه جەباری و کاک حیسام و کاک عەتای مەحامیش خۆمان جموجۆر کردبوو. ئەوه بوو هاوڕێ ئەحمەد موعین هات بۆ شاری ڤانکووڤەر و لێره چەند کۆبوونەوەیەکمان بەست و من ناوی (حیزبی مارکسیستی عێراق) م پێ باش بوو بۆ ئەو ڕێکخراوه تازەیه، بەڵام دواتر لەسەر ناوی (بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) که ئەو ناوەش هەر هاوڕێ ئەحمەد موعین تەرحی کرد، ڕێککەوتین. هاوڕێ ئەحمەد موعین لەگەڵ ناوەوه بەتایبەتی لەگەڵ هاوڕێیان نەزار عەبدولا و ئاسۆ غەریب قسەباسیان کردبوو و ویستمان لێره جگه له هاوڕێ ئەحمەد خۆی، ئێمه وەک دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیه کەسێکمان خۆی هەڵبژێرێت بۆ ناوەندی. ڕۆژی کۆبوونەوه دیاریکرا و هەموو ئامادەبووین جگه له کاک حیسام. هاوڕێ ئەحمەد موعین ڕایگەیاند کاک حیسام دەنگەکەی خۆی داوه به من و که من دەنگ به هەر کەسێک بدەم واتای دوو دەنگه. ئیتر من و وەستا جەلال خۆمان هەڵبژاردبوو و وەستا دەرچوو بۆ ناوەند. دوای کەمتر له ساڵێک لەبەر ئەو هۆیەی که ئەم ڕێکخراوه ناتوانێت له کار و پراکتیکی خۆیدا یەک هەنگاو له حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق واوەتر بچێت، دەستبەرداری ئەو

ڕێکخراوەش بووم و ئیتر دوای ئەوە بە تەواوەتی لە کاری ڕێکخستن و حیزبایەتی دوور کەوتمەوە.



خوێندنەوەی وتارێک سەبارەت بە بەرگری کۆبانێ، ڤانکووڤەر ٢٠١٤

لەلایەکی تریشەوە نایشارمەوە هەر ئەو ساڵە کتێبێکم دەست کەوت بە ناوی (چوار کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد) کە چاوپێکەوتنێکی درێژە و لە پرسیارێکدا لە ئیبراهیم ئەحمەد دەپرسێت کە ئایا ئەگەر تەمەن بگەڕێتەوە دواوە و گەنج بیتەوە لە کوێوە دەست پێدەکەیتەوە، ئەدەب هەڵدەبژێریت یان سیاسەت؟




عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) نارەزایەتی دەربڕین لەگەڵ ڕەوەندی کوردی شاری ڤانکووڤەردژ بە سیاسەتی ئیعدامی جمهوری ئیسلامی ئێران. ٢٠٠٩

ئیبراهیم ئەحمەد وەڵام دەداتەوە: بە ئەدەب دەست پێدەکەم و خەریکی ئەدەب دەبم و سیاسەت ناکەم. ئەم وەڵامە کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو. دیارە سیاسەت و ئەدەب بە پێناسەی ئیبراهیم ئەحمەد و من جیاوازن. من لەکاری سیاسیی و چالاکی کلتووری و ئەدەبی نەک هەر دوور نەکەوتمەوە، بەڵکو شێلگیرانە لەجاران زیاتر پەرەم بەم لایەنەدا و لە دەیان چالاکی سیاسی بۆ قوربانیانی کارەساتی جینۆسایدی هەڵەبجە و بۆ بەرگری لە ئازادی و ئازادی نووسین و کەمپینی دژ بە تیرۆری نووسەران و زیندانیکردنی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان و ..تاد بەشدار بوومە و بە شیعر و وتار خوێندنەوە بوونی سیاسی خۆم سەلماندووە. ئێستا لە کاتێکدا ئەو حیزبەی دروستمان کرد بۆتە چوار پارچەوە و هەر پارچەیەک لە ئاوازێک دەخوێنێت و سەرجەم پارچەکان خۆیان بە دروست دەزانن، منیش لە داهێنانی ئەدەبی کرێکاریی خۆم بەردەوامم و تا ئەم ساتەی ئەم دێرانە دەنووسم دەیەها کتێبم نووسیوە و چاپ کردووە و

دەیەها وتاری فیکریی و ئەدەبیی و ڕەخنەییم نووسیوە و هاوڕێیەتیم لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیانی هەر چوار پارچەکەی حیزب خۆشە و بە هاوڕێی خۆمیان دەزانم و ڕێزیان لێدەگرم و گەرچی رەخنەشم لێیان هەیە. لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ دوای ژمارە پانزە وازم لە گۆڤاری هانا هێنا لەبەر چەند ڕەخنەیەک. دواتریش گۆڤاری هانا لە وەشاندن وەستا. لە بواری خوێندنیشەوە دەمتوانی بخوێنم بەڵام هەژاری و دەستکورتیماڵی باوکم و کەسوکار وای لێکردم پڕۆژەی خوێندنەکەم دوا بخەم تا بتوانم ئیش بکەم و یارمەتی ئەوان بدەم. بە کردەوەش وام کرد و تا دایک و باوکم مابوون بەردەوام یارمەتیم دان و نەمهێشت بەتایبەتی لە دواساڵەکانی تەمەنیان کێشەی داراییان هەبێت.
ساڵی ٢٠٠٠ یەکەم سەفەرم کردەوە بۆ کوردستان. بەداخەوە باوکم نەمابوو و لە ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردبوو، تەنها دایکم مابوو لەگەڵ خوشک و برا. هەرچۆنێک بێت ئەو سەفەرە بۆ من زۆر گرنگ بوو. ئەوە بوو کە دەبوایە بیرێک لە دووبارە خۆ سازدانەوە بکەم و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆم جموجۆر بکەم. بەر لە چوونەوەم نەخشەی ئەو مەسەلەیەم دانابوو و لەڕێگەی کاک قادری خوشکەزامەوە توانیبووم کەم تا زۆر ئاشنا بم بە نێرگز هاوسەری ئێستام. گەرچی بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەک کردبوو بەڵام دەبوو یەک ببینین. جەوێکی زۆر خۆش بوو، زۆربەی کات لەماڵی هەژارترین خوشکم بووم لە بنەسڵاوە. هەم قەرەباڵغی بوو بۆ ئەوان و هەمیش کۆمەک بوو بۆیان. دایکیشم لە کەرکووکەوە هات و خوشکەکانی تریشم کۆبوونەوە. بەڕاستی خۆش بوو. هاوسەرەکم (نێرگز) هات بۆ هەولێر بۆ لام و لە پڕ یادگاریترین شوێنی هەولێر (باخچەی گکەند) دانیشتین و لەسەر هەموو شتێ ڕێککەوتین. ئەو ڕۆیشتەوە بۆ کەرکووک و منیش لە هەولێر مامەوە. دوای مانگێک لە ٨ ی ئەیلوولی ٢٠٠٠ هاوسەرگیریمان کرد و ئەوا بیست ساڵی ڕەبەقە پێکەوە دەژین. گەرچی ناڕەحەتییەکی زۆرم هاتە ڕێ تا (نێرگز) گەیشتە لام، بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتنی نێرگز، ئیتر ناڕەحەتییەکانیش کەم بوونەوە. دوای ماوەیەک واتە ساڵی ٢٠٠٤

دایکیشم کۆچی دوایی کرد. دواتریش منداڵەکانم گەڕانەوە بۆ لام و ئاڵاخانی کچم لە ٢٠١١ هاوسەرگیری کرد و ئێستا کوڕێکی جوانی هەیە و ئاتینی کوڕیشم لە ٢٠١٧ زانکۆی تەواو کرد و لە ساڵی ٢٠١٨ هاوسەرگیری کرد و هەردووکیان وەک سەرەتا پێشبینیم کرد چارەنووسیان زۆر جیاوازتر بوو لەوەی گەر لە کوردستان بوونایە. ئیتر شتێکی وا نەما خەمی لێ بخۆم و دەستم کرد بە خوێندن و لە سەرەتاوە دەستم پێکرد و لە ٢٠٠٦ دبلۆمی ئامادەییم وەرگرت و ساڵی ٢٠٠٧ چووم کۆرسێکم لەسەر شیعری فەرەنسی لە زانکۆی سایمۆن فرەیزەر وەرگرت و ئیتر وەستام. لەملاتریش ژمارەیەک کۆرس و دەوراتی ترم وەرگرت لە بوارەکانی بیناسازی و سەلامەتی کارکردن و سێکیوریتی. من لەکەنەدا لە قاپ شۆرییەوە دەستم پێکرد، ئینجا پیتزا دلیڤەری، تەباخی، سێکیوریتی، فڕۆکە خاوێن کردنەوە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی تا دەگات بە سایەق پاسی. زۆربەی ئیشەکانم تاقیکردەوە و گەلێ بواریشم بۆ هەڵکەوتووە لەبەر زمان لەدەستم چووە. گەرچی شتێک ئینگلیزی دەزانم بەڵام لەئاستی پێویستدا نییە. خۆشم لە بواری وەرگێڕان داوە و تا ئێستا چەندین بابەتم لە شیعر و شانۆنامە و گفتۆگۆ لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. من بە جیددی خەریکی کاری ئەدەبیم. ساڵی ٢٠٠٧ سەفەرێکی کوردستانمان کردەوە و پاشان لە ٢٠١٢ جارێکی تر سەفەرمان کردەوە و دوا سەفەرمان ٢٠١٩ بوو. ساڵی ٢٠١٦ لەسەر داوای هاوڕێیان دەستمان کردەوە بە دووبارە دەرکردنی گۆڤاری هانا (خوولی دووەم) و تا ئێستاش شەش ژمارەمان لێ دەرکردووە. لەم ماوانە لەگەڵ هاوڕێم جەماڵ کۆشش دەستمان کردووە بە ئامادەکردنی بانیژەی ئەدەب و کلتوور لە ڕۆژنامەی ڕەوت تا ئەم ساتەش بەردەوامین. تا ساتی نووسینی ئەم دوابەشەی بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەرهەمم لە زیاتر لە بیست و پێنج ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤاری جیا جیا بڵاو کردۆتەوە چ لەدەرەوەی کوردستان یان ناوەوەی کوردستان. دەیەها چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجامدراوە و چەندجارێکیش لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن دیداریان لەگەڵ ئەنجام داوم. جگە لە نامیلکە سیاسیی و

شیعرییەکانی بەر لە دەرچوونم بۆ کەنەدا کە حەوت دانە بوون، سیانزە کتێبی ترم لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە بۆ چاپ کراوە و دوو دانەشم لەسەر ئەرکی خۆم چاپ کردووە و دانەیەکیش لە سەر ئەرکی هاوڕێیەک (ئەحەشوان) چاپ کراوە و هەروەها کتێبی ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردیشم لەساڵی ٢٠٢١ لەسەر ئەرکی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا چاپ و بڵاو بۆوە. هەروەها کتێبی حەمەزەکی شاعیرێکی عاشق و تێکۆشەرێکی یاخی هەر لە ساڵی ٢٠٢١ لەسەر ئەرکی کۆمەڵێ هاوڕێ چاپ و بڵاو بۆوە. ئەمە جگە لەوەی چەندین کتێبیشم ئامادەن بۆ چاپ کە یەکێکیان ئەم یادەوەرییانە دەبێت، کە کتێبی تەمەن و مێژووی خەباتی منە وەک ئینسانێک لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک ژیاوم و بەو پەڕی هێزی عەقڵمەوە بڕوام بە مارکسیزم هەبووە و هەیە و پێشموایە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەتوانێت کۆتایی بە بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداری بێنێت و سۆشیالیزم دابمەزرێنێت. پێموایە ئەو ئەدەبەی لەژێر ناوی نەتەوە و میللەت و ئیندیڤیجواڵ و ئایین بڵاو دەبنەوە ئەدەبی بۆرژوازین و هیچ خزمەتێک بە ئینسانییەت ناکەن. وەحشیگەری سەرمایەداری گەیشتۆتە چڵەپۆپە. یان ئەوەتا گۆی زەوی وێران دەکات وەک کردوویەتی، یانیش مرۆڤایەتی ڕزگاری دەبێت. ئەمەش لەسەر هەوڵ و کۆششی ئێمەی مارکسیستەکان وەستاوە.